





# کۆمەڵێک وتار و قسەکان - نامە و پەیامی

## هاوڕێی تێکۆشەر خالید عەزیزی

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

---


* کوردستان لە گەمەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.................................. نووسینی خالید عەیزی ................ ١٠


---

## وتار و قسەکان


### ساڵی: ٢٠٠٨... لاپەڕەی: ١٩

١- سمینارێک بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی و ...

٢- کۆبوونەوەی خالید عەزیزی لە ناو کادرو پێشمەرگەکانی حدک...

٣- کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی پێک هات...

### ساڵی: ٢٠٠٩... لاپەڕەی: ٣٦

٤- قسەکان لە ریورەسمی ٢ی ڕێبەندان، ٦٣هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ...

٥- کۆبوونەوەیەک لەمەڕ پرسی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆکۆماری لە ئێران شی کردەوە...

٦- دیدارێک لەگەڵ ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حیزب و کوردانی دانیشتووی شارەکانی باکووری بریتانیا...

٨- سیمینارێکی سیاسی لە وڵاتی سوئێد پێکهێنا...

٩- لە سمیناری فینلاند: ئەرکی کوردایەتی ملکی هەموو گەلی کورد...




سەرچاوە Serchawe

١٠- وتار لە ڕێورەسمی٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ...

## ساڵی: ٢٠١٠... لاپەڕەی: ٥٦

١١- وتار لە ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ...

١٢- بۆ ئاگاداریی رای گشتی دەربارەی کۆبوونەوەی ناوەندی ئولوف پاڵمە، ستۆکهۆلم...

١٣- وتەکانی سیمناریک سەبارەت بە ژێنۆسایدو کێشەی کورد  لە پارلمانی نۆرویژ...

١٤- کۆبوونەوە لەگەل ئەندامان ولایەنگرانی حیزب لە شاری هەولێر...

١٥- لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی دا کە دوابەدوای دوایین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ...

١٦- وتاریک لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کریکاری بریتانیادا...

١٧- کۆڕێک بۆ ژمارەیەک لە کوردەکانی  شاری ناشفیلی لە ولایەتی تەنسی لە ئامریکا...

١٨- لە کۆبوونەوە لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە دەڤەرەکانی بتوێن و پشتدەر...

١٩- لێدوانێک بۆ :(voa)قسەکانی ئەحمەدی نژاد لە نیوخۆی ولاتیش گاڵتەیان پێ دەکری...

## ساڵی: ٢٠١١... لاپەڕەی: ٧٧

٢٠- پشتیوانیی لە کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەلاتی ئاشتیی نۆبێل...

٢١- لە کۆبوونەوەیەک بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر وپێشمەرگەکانی حیزب لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی حیزب...

٢٢- بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەک بۆ باس لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی حیزب...

٢٣- ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان پێویستە زۆرتر بەشداریی خەباتی مەدەنی بکەن...

٢٤- وتەکانی بە بۆنەی تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان...

٢٥- بەیانییە بە بۆنەی کۆچی دوایی موهەندیس عیزەتوڵلا سەحابی یەوە...

٢٦- لە کۆبوونەوە لە گەڵ ئەندامانی لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ئێران...

٢٧- دەبێ شەڕی خۆبەخۆ حەرام رابگەیەندرێ...

٢٨- کۆبونەوە لە گەڵ خوێندکارانی رۆژهەلاتی کوردستان لە شاری هەولێر...

## ساڵی: ٢٠١٢... لاپەڕەی: ١٠٤


٢٩- قسەکانی لە ڕێورەسمی یادی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەولێر...

٣٠- قسەکانی لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیونال سۆسیالیستدا...

٣١- تیرۆری د. قاسملوو لە راستیدا تیرۆری بیر و ئەندیشەی قاسملوو بوو...

٣٢- لە ڕێورەسمی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی...

٣٣- لە سمینارێکی سیاسی دا لە وڵاتی دانمارک...

٣٤- وتار لە ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان...

٣٥- وتەکان لە ڕێوڕەسمی دەست پێکردنی سێهەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان...

٣٦- وتەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب، لەڕێوڕەسمی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب...

٣٧- لە ڕێوڕەسمی دەست پێکردنی سێهەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان...

٣٨- لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان...


## ساڵی: ٢٠١٣... لاپەڕەی: ١٣٦


٣٩- وتەکان لە سمیناری ٦٧ ساڵ بەردەوامیی رۆژنامەی « کوردستان»...

٤٠- کۆبوونەوی لە گەڵ هەر دوو ڕێکخراوی لاوان و خوێندکاران...

٤١- قسەکانی لە ڕێوڕەسمی یادی ١١٣ ساڵەی دایکبوونی پێشەوا ...

٤٢- قسەکانی لە ڕێوڕەسمی یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزب...

٤٣- قسەکانی لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە...


## ساڵی: ٢٠١٤... لاپەڕەی: ١٦٠


٤٤- ١٠ی خاکەلێوە رۆژی بەرزڕاگرتنی ئەندێشەو بیری بەرزی پێشەوا قازی محەممەدە...

٤٥- پەیامی خومەینی و گوتاری دوکتور قاسملوو دوو بیرکردنەوەی تەواو لێک جیاواز بوون...

٤٦- لە ڕێوڕەسمی ٢٥ ی گەلاوێژدا: پاراستنی هەرێمی کوردستان ئەرکمانەو...




سەرچاوە
Serchawe

٤٧- وتەكانی كاك خالید عەزیزی. لەڕێوڕەسمی ٦٩ ساڵەی دامەرزانی حیزب...
٤٨- خالید عەزیزی: كێشەی سیاسیو ماف بە وتووێژو لێكحاڵیبوون چارەسەر دەكرێ...

## ساڵی: ٢٠١٥... لاپەڕەی: ١٨٠

٤٩- لە كۆبوونەوەیەكی گشتیی دا، پرسی "یەكگرتنەوەی دێموكراتەكان" تاوتوێ دەكات...
٥٠- لە كۆبوونەوەیەكی سیاسی دا بایەخەوە لە چالاكیو جموجۆڵی چالاكانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆ دەڕوانین...
٥١- بەڕیوەچوونی سمینارێكی گشتی لە ولاتی سوئید...
٥٢- لە كۆڕێكدا لە ستۆكهۆڵم: بەهۆی دووربوون لە كۆمەڵگە، كەوتووینەتە نێو حەماسەتێكی ناخۆش...
٥٣- لە ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان ...
٥٤- كۆبوونەوەیەكی گشتیی كادرو پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان ...

## ساڵی: ٢٠١٦... لاپەڕەی: ٢٠٢

٥٥- بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێك یادو بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی كۆماری كوردستان...
٥٦- ڕێورەسمی كۆتایی سەركەوتووانەی كۆنگرەی ١٦...
٥٧- بەڕێوەچوونی كۆبوونەوەی تەشكیلاتیی سكرتێری گشتیی حیزب...
٥٨- گوڵبژێرێك لە ڕاپۆرتی كۆمیتەی ناوەندی بۆ كۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموكراتی كوردستان...
٥٩- پێكهێنانی سمینارێكی تەشكیلاتی لەو ولاتی سوید...
٦٠- كۆبۆنەوە لە گەڵ كوردانی نیشتەجێی فینلاند..
٦١- بەڕێوەچوونی سیمینارێكی سیاسی لە كۆڵن، ولاتی ئاڵمان...
٦٢- لە سمینارێكدا لە واشنگتۆن، پێتەختی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا...
٦٣- لە ڕێورەسمێكی پڕشكۆدا یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی حیزب...
٦٤- لە ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی...
٦٥- قسەكانی لە ڕێورەسمی پرسەی شەهیدانی شەوی یەڵدا...
٦٦- وتەكانی لە كۆبوونەوەی حیزبەكانی هەر چوارپارچەی كوردستان...

# نامە و پەیامەکان

## ساڵی: ٢٠١٠... لاپەڕەی:٢٤٣


١- پەیام بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا...

٢- نامەی هاودەردیی بۆ باڵوێزخانەی لەهێستان لە ئیسپانیا...

٣- نامەی سەرئاوەڵای بۆ ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزەری ئەمنییەت و مافەکانی مرۆڤ...

٤- نامەیەکی پێزانین دەست پێشخەریی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان...

٥- پەیامی پیرۆزبایی بۆ سەرکۆماری عێراق بەڕێز مام جەلال...

٦- پەیامی بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەزەوە ڕۆژی خوێندکار...

٧- پەیامی پیرۆزبایی بۆ بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان!...

٨- پەیامی پیرۆزبایی بۆ کاک نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان!...


## ساڵی: ٢٠١١... لاپەڕەی: ٢٥٥


٩- داواکاری لە عەبدولکەریمی لاهیجی بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند...

١٠- نامە بۆ کۆمیتەی هەموو پارتەکانی پارلمانی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا...

١١- پەیام بۆ کۆبوونەوەی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە پارلمانی بریتانیا...

١٢- نامە بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خانمی هیلاری کلینتۆن...

١٣- نامە بۆ وەزیری دەرەوەی سوئێد بەڕێز کارل بیلد...

١٤- پەیامی هاودەردیی بۆ سەرۆک وەزیرانی نۆروێژ ڕێزدار یەنس ستۆلتێنبەرگ...

١٥- پەیامی سەرەخۆشیی بۆ ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزیان...

١٦- هێرش بۆ سەر سەفارەتی بریتانیا لە تاران مەحکووم دەکەین...




سەرچاوە Serchawe

## ساڵی: ٢٠١٢... لاپەڕەی: ٢٦٣


-١٧ پەیام بۆ سەرکۆماری ئەمریکا بە بۆنەی دەست پێکردنی دەوری دووهەمی سەرکۆماریی ئەو وڵاتە...

-١٨ پەیامی نەورۆزیی بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی ١٣٩٢ەوە...

-١٩ پەیامی بۆ مامۆستا محەممەد فەرەج بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان...

-٢٠ پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی ٣٧ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان...

-٢١ بانگەوازێکی بە پەلە (گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە، دەبێ بە پەلە فریای بکەوین)...

-٢٢ پەیام بۆ دوکتور کەمال شاکر بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی شیوعیی کوردستان...

-٢٣ پەیامی سەرەخۆشیی بۆ ڕێزدار د. بەرهەم ساڵح. بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزیان...

-٢٤ پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانەوە...

-٢٥ نامە بۆ بەرێز جان بەیرد وەزیری دەرەوەی کانادا...

-٢٦ پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە...

-٢٧ پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنی مەولوود...

-٢٨ پەیامی پیرۆزبایی جێژنی خاوەنکار لە پەیرەوانی ئایینی یاری ...

-٣١ پەیامی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی فەلەستین ڕێزدار مەحموود عەباس!...

-٣٠پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشی بە بۆنەی مەرگی دووکەس لە قوربانییەکانی کارەساتی ئاگرکەوتنەوەی قوتابخانەی شیناوێ...

-٣٢ هیوای چا کبوونەوەی هەر چی زووتر بۆ مام جەلال سەرکۆماری عێراق...


## ساڵی: ٢٠١٣... لاپەڕەی: ٢٨٤


-٣٣ پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی هاتنی سالی نوێی زایینی (٢٠١٣)...

-٣٤ پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی هەڵبژێرانەوەی باراک ئوباما بە سەرکۆماری ئەمریکا...

-٣٥ پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانەوە...

-٣٦ پەیامی پیروزبایی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە...

-٣٧ پیرۆزبایی لە پەیرەوانی ئاینی یاری بە بۆنەی جێژنی خاوەنکار...




سەرچاوە Serchawe

٣٨- پەیامی بۆ سەرکۆماری ئەفریقای باشوور بە بۆنەی مەرگی نێلسۆن ماندێلا...

## ساڵی: ٢٠١٤... لاپەڕەی: ٢٩١

٣٩- پەیامی نەورۆزیی ساڵی ٢٠١٤...
٤٠- پێزانینو سوپاسی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان...
٤١- بەیاننامە: لەبارەی نوێترین قسەکانی دوکتور ئیسماعیل بێشکچی لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٤٢- پەیامی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکایەتیی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان...
٤٣- پەیامی پیرۆزبایی و بەخێرهاتنەوە بە بۆنەی گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان...
٤٤- پەیامی پیرۆزبایی بۆ ڕێزدار د.فواد مەعسووم سەرکۆماری نوێی عێراق...
٤٥- پەیامی بە بۆنەی جیژنی ڕەمەزانەوە...
٤٦- پەیامی پیرۆزبایی بۆ بەڕیز ئۆردوغان بە بۆنەی هەڵبژێرانی بە سەرکۆماری تورکیا...
٤٧- پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنی قوربان...
٤٨- پەیامی بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی مەولوود...
٤٩- سەرەخۆشیی لە کاک حەمەی حاجی مەحموود...
٥٠- پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی. (٢٠١٥)...

## ساڵی: ٢٠١٥... لاپەڕەی: ٣٠٨

٥١- پەیامی هاوخەمیی لەگەڵ فرانسوا ئۆلاند، سەرۆک کۆماری فەرانسە...
٥٢- پەیامی بەبۆنەی جێژنی مەولوود...
٥٣- پەیامی بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان...
٥٤- پەیامی سپاسو پێزانینی خالید عەزیزی بەبۆنەی هاوخەمیی خەڵک لە پرسەو سەرەخۆشیی باوکیدا...
٥٥- نامەی بۆ جێرمی کۆربین...
٥٦- پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی قوربان...
٥٧- پەیامی هاودەردیی بۆ دەوڵەتو گەلی فەڕانسە سەبارەت بە هێرشە تێرۆریستییەکانی پاریس...
٥٨- سپاسنامە بۆ لوئیس ئەیالا لە پێوەندی لەگەڵ وەرگیرانی حیزب وەک ئەندامی ئەسلیی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیت...
٥٩- پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی مەولوود...

٦٠- پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی ٢٠١٦...

## ساڵی: ٢٠١٦... لاپەڕەی: ٣١٩

٦١- پەیامی سەرەخۆشیی لە مام جەلال بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ جەنگی تاڵەبانی...
٦٢- پەیام بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...
٦٣- پەیامی نەورۆزیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان...
٦٤- پەیامی سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی سمایلاغای ئێلخانیزادەوە...
٦٥- نامەی بۆ ئەلکساندر واندێبێلن، سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی وڵاتی ئوتریش...
٦٦- نامەی بۆ ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی کەبودوەندددا...
٦٧- پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی کۆتایی کۆنگرەی ٧ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان...
٦٨- پەیام بەبۆنەی ڕاگرتنی مانگرتنی کەبودوەند...
٦٩- پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی ڕەمەزان...
٧٠- پەیامی هاوخەمیی بۆ فرانسوا هۆلاند لە پێوەندی لەگەڵ هێرشە تێرۆریستییەکەی شاری " نیس"دا...
٧١- پەیام بە بۆنەی ١٢ی ئاگۆست، ڕۆژی جیهانی لاوان...
٧٢- پەیامی کوردستان بەبۆنەی جێژنی قوربان...
٧٣- پەیامی پیرۆزبایی بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان...
٧٤- نامەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی سکرتێریی حیزبەکەی...
٧٥- پەیام بەبۆنەی سەری ساڵی ٢٠١٧...



سەرچاوە
Serchawe

# کوردستان لە گەمەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا



نووسینی: خالید عەزیزی

## پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی بەکورتی

ساڵی ١٩١٨، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ویلسۆن سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئەمریکا پڕۆژەیەکی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و هێمنایەتی لە جیهاندا پێشکێش کرد. ئەو پڕۆژەیە کە بە گەلاڵەی چواردە خاڵی ویلسۆن ناوبانگی دەرکرد، لەسەر بنەمایەکی ئیدەئالیستی و خێرخوازانە دارێژرابوو و باسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانیشی دەکرد. کۆنفرانسی وێرسای لە ساڵی ١٩١٩ دا گەلاڵەکەی ویلسۆنی وەبەرچاو نەگرت و نەی کرد بە بنەمای ڕێککەوتنی پەیماننامەی وێرسای، بەڵام دیسان کەم و زۆر شوێنی لەسەر ئاکامەکانی ڕێککەوتنی سێور لە ساڵی ١٩٢٠ دانا. دواتر بەگوێرەی کۆمەڵێک ڕێککەوتن نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە پێی بەرژەوەندی و پرینسیپەکانی کۆڵۆنیالیستی دیاری کرا.

زەمینە و دەرئەنجامەکانی شەڕی دووەمی جیهانی کۆتایی بە ئیدەئالیزمی ویلسۆن هێنا و پارامیترێکی نوێی لە تێگەیشتن لە عیلاقاتی نێودەوڵەتی لە سەردەمی نوێدا هێنایە گۆڕێ و ڕوخسارێکی واقیعی بە ڕیئالیزم بەخشی. بەو مانایە کە جیهان بەو جۆرەی کە هەیە دەبیندرێت نەک بەو جۆرەی کە ئارەزوو دەکرێت. لە سیناریۆی ڕیئالیزمی پێوەندییەکانی نێودەولەتیدا سەنگ و سووکی فاکتۆر و لایەنەکانی بەشدار تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەوە سەیر دەکرێن و هەڵدەسەنگێندرێن و جێگەیان پێدەدرێت، یان بە مانایەکی دیکە جێ پێ بۆ خۆیان دەکەنەوە.

دروستبوونی UN لە ساڵی ١٩٤٥ دا بە بەشداری ٥٠ وڵات، ئامراز و میکانیزمێک بوو بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە و بەو جۆرە فاکتۆرێکی نوێ بە ناوی ڕێزگرتن لە سەروەریی وڵاتانی ئەندام بە پارامیترەکانی پێشوو زیاد بوو. ئەوە خۆی هەوڵ و تێکۆشانێکی فرەلایەنە بوو بە مەبەستی دامەزراندنی میکانیزمێکی چەند جەمسەری کە بتوانێت لەو



سەرچاوە Serchawe

سەردەمەدا کەم و زۆر تەوازونێکی نیسبی لە جیهاندا سەقامگیر بکات. ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانی و دروستبوونی دوو زلهێزی وەک سۆڤیەت و ئەمریکا کۆتایی بە سیستەمی لەرزۆکی چەند جەمسەری هێنا و دابەشبوونی دنیای بەسەر ئەو دوو بلۆکەدا کرد بە ئەمری واقیع. لەو کاتەوە هێمنایەتی و بەرژەوەندیی و سەروەریی وڵاتەکان و لەسەریەک میکانیزمی پێوەندیی نێودەوڵەتیش کەوتنە ژێر سێبەری سیاسەتەکانی ئەو دوو بلۆکەوە.

لە سەردەمی کۆن و نوێ و لە سیستەمی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا قانون و یاسا و ڕێساکان لە بنەڕەتدا میکانیزمێک بوونە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتەکان بە تاک و بەرژەوەندیی هاوبەشیان بە یەکەوە. دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەمنیەتی نێودەوڵەتی بوو بە پێداویستییەکی گرینگ لە سیناریۆی فرەلایەنی ئەم میکانیزمەدا. زۆربەی زۆری یاساکانی پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی لەژێر ڕووناکایی سەقامگیرکردن و پاراستنی هێمنایەتی لەلایەک و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی وڵاتەکان لەلایەکی دیکەوە تەنزیم کراون. بەپێی قانونی ئەو گەمەیە تەنیا دەسەڵاتە کە دەتوانێت لەنێو گۆڕەپانێکی بەربەرینی کێبڕکێ پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا یارگیری بکات. دەسەڵاتی سۆڤیەت و ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی سارد و ئاشتیی ساردا چوارچێوەیان بە هێمنایەتی و بەرژەوەندی دەدا و سنووریان بۆ دیاری دەکرد و دەبوایە زۆربەی زۆری لایەنەکانی دیکە خۆیان لەگەڵ ڕێکخستبایە. هەرەسهێنانی سۆڤیەت لە ١٩٩٠ بەولاوە بوو بە هۆی ئەوە کە سیمای سیاسیی جیهان گۆڕانی بەسەردا بێت و بەتاڵایی و کەلێن و کولێنێکی زۆر دروست بکات و لە ئاکامدا کۆمەڵێک دەسەڵاتی ناوچەیی دیار و نادیار فۆرم بگرن. ئەم بارودۆخە و بەتایبەت ڕووداوەکەی ١١ی سێپتامبر بوو بە هۆی ئەوە میکانیزمێکی دیکە لە ئەمنیەت و کۆنترۆڵ لە لایەن ئەمریکاوە بێتەگۆڕێ. ئەو میکانیزمە بە سەپاندنی هێژموونیی ئەمریکا خۆی پێناسە دەکات. بەپێی تێگەیشتنێکی کلاسیک لە جەمسەر و دەسەڵات، ئەمریکا تەنیا زلهێزی نیزامییە و لە زۆر شوێن توانای یەکلاکردنەوەی کێشەکانی هەیە و قسەی ئاخر دەکات. بەڵام ئەمە بەو مانایەش نییە کە جیهان بەتەواوی یەکجەمسەرە و بەرەو شێوەیەکی تر لە چەند جەمسەری ناڕوات؛ بەتایبەت کە ئێستا پرۆسەی بەجیهانیبوونی ئابووری و تێکنۆلۆژی و... لە پەرە ئەستاندندایە.

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەمریکا

تا شەڕی دووەمی جیهانی ئینگلیز و فەرانسە دەسەڵاتداری سەرەکیی ئەم ناوچەیە بوون و نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان بە شێوەی بنەماکان و میکانیزمی تێگەیشتنی کۆلۆنیالیستی داڕشتبوو. ئاکامێکی بەرچاوی شەڕی دووەمی جیهانی ئەوە بوو کە ئەمریکا وەک زلهێز هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەڵام حوزور و سەقامگیربونی ئەمریکا ئەوە نەبوو کە گۆڕانکارییەک لە نەخشەی سیاسی و فۆرمی ئیداری ئەم ناوچەیەدا پێکبهێنێ. چونکە:

**یەکەم**، ئەمریکا وەک دەسەڵاتێکی تازەکار ئەزموون و ڕابردووی شێوەی کۆلۆنیالیستی لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ فاکتۆرەکانی سیاسیی، مەزهەبی، نەتەوەیی و ئیداریی پێکهاتەکانی ناوچەکە نەبوو. بیرەوەرییەکانی ئارچی ڕۆزوێلت کە ئەفسەرێکی لێوەشاوەی کاروباری ئەمنییەتی و نەوەی تێئودۆر ڕۆزوێلت، سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا، بوو تا ڕادەیەک ئەم ڕاستییە دەردەخات. ناوبراو لە کاتی شەڕی دووەم و دوای شەڕیش سەفەر بۆ زۆربەی شوێنەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا و بەشێک لە ئاسیا دەکات و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ئەنجام دەدات و تاڕادەیەکی زۆر تیشک دەخاتە سەر ستراتیژیی داهاتووی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

**دووەم**، ستراتیژیی ئەمریکا دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەگشتی ئەوە بوو گە بەرگری لە پەرەئەستاندنی دەسەڵات و هێژموونی سۆڤیەت بکات و تاکتیکەکانیشی لەژێر ڕووناکایی ئەم بۆچوونەدا تەنزیم دەکرد. لە سیناریۆیەکی ئەوتۆدا هێشتنەوەی شێوەی کۆلۆنیالیستی ئیدارەی ئەم ناوچەیە پتر بە قازانجی ئەمریکا بوو تاکو گۆڕانکارییەک، کە لەوانە بوو جێ پێی زیاتر بۆ سۆڤیەت دروست بکات. بۆوێنە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە کودتای دژی موسەدیق لە ساڵی ١٩٥٣ لە ئێراندا، و پشتگرتنی هەموو دەوڵەت و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و دژایەتیکردنی جووڵانەوە ئازادیخوازییەکان لە ناوچەکەدا.

پاش هەرەسهێنانی سۆڤیەت مەترسیی دروستبوونی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ نەکراو وەک ئێران و عێراق لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ببوو بە واقعیەتێک. شەڕی کەنداو و دەرکردنی عێراق لە کوەیت سەرەتای ستراتیژیی نوێی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو کە نەهێڵن دەسەڵاتی کۆنترۆل نەکروا لەو ناوچەیەدا دروست بێت. هەڵبەت سروشت و چەند و چۆنی فاکتۆرەکانی بەشدار لە ڕەوتی ئەم ستراتیژییەدا تا ڕادەیەکی زۆر لێل و ناڕوون بوون. ئەرتەشی عێراق لە کوەیت دەرکرا بەڵام سەددام و ڕێژیمەکەی لەسەر دەسەڵات مانەوە! و کورد لەسەر داوای بووشی باوک ڕاپەڕینیان کرد بەڵام واشنگتۆن پشتیوانی لی نەکردن. یەکێک لە هۆیەکان ئەوە بوو کە دوای ڕووخانی سۆڤیەت ئەمریکا ئامادەیی پێویستی بۆ گێڕانی دەوری تاکە زلهێزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبوو و بەم جۆرە نەیدەتوانی کەلێن و بەتاڵاییەکان وا بە ئاسانی پڕ بکاتەوە. ئەو ڕاستییە لە کاتێکدا بوو کە بیر و بۆچوونی فەناتیک و ڕێگەچارەی مەزهەبی وەک ئاڵترناتیڤ بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەرەئەستاندندا بوون. سیاسەتی ئەمریکا لە سیناریۆی شەڕ و ئەمنییەتدا بێجگە لە شەڕی ویێتنام و هێندێک کێشەی ناوچەیی کە کردەوەیەکی ئاکتیڤ و لە پرۆژەی داڕێژراوی دژی کۆمونیزم و سۆڤیەتدا بوون، ئەوانی دیکە زۆرتر کردەوەیەکی ڕیئاکتیڤ بوونە تا ئاکتیڤ، بەو مانایە کردەوەیەک دژی ئەمریکا ڕووی داوە جا ئەوجار ئەویش دژکردەوەی لە خۆی نیشان داوە. بۆ وێنە لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی ساڵی ١٩١٧ کاتێک ئەمریکا ڕاستەوخۆ چووە نێو شەڕ کە لەلایەن ئاڵمانیا هێرش کرابووە سەر هێزە دەریاییەکانی. لە شەڕی دووەم لە ساڵی ١٩٤١ کاتێک ژاپۆن لە پڕل هاربر هێرشی کردەسەر ئەمریکا، ئەمجار ئەمریکا شەڕی دژی ئاڵمان و ژاپۆن ڕاگەیاند. لە قەیرانی کوبا ساڵی ١٩٦٢ کاتێک سۆڤیەت موشەکی ئەتۆمی لە کوبا و ١٠٠ کیلومەتری ئەمریکا دامەرزاند، ئەمجار ئەمریکا کردەوەی توندی لەخۆ

نیشاندا و مەترسییەکەی لەسەر وڵاتەکەی لابرد. لە ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ دیسان پاش ئەوەی ئەمریکا لە نیویۆرک و واشنگتۆن لەلایەن ئەلقاعیدەوە هێرشی کرایەسەر، دژکردەوەی گەورە و بەربەرینی نیزامی لە ئەفغانستان و دواتر لە عێراق نیشاندا.

سیاسەتی ڕیاکتیڤی نیزامیی ئەمریکا بەتایبەت پاش ١١ی سیپتامبر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەگەڵ کۆمەڵێک پارامێتری سیاسی و مەزهەبی ڕوبەڕو بۆتەوە کە لە فازی نیزامیدا یان لەبەرچاو نەگیرابوون یان لە پەراوێز خرابوون. تێکشکاندنی ئەرتەش و ڕووخاندنی ڕێژیمەکانی تالیبان و سەددام کاری چەند حەفتە بوون. بەڵام گرفتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو جۆرە وڵاتانە کە ڕیشەی لە دەیان و سەدان ساڵدایە، چۆن دەکرێ بە جێگۆڕکێیەک و لە ماوەی چەند ساڵدا جێبەجێ بێت؟ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سیناریۆی ئەمنییەت و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی تاکو شەڕی عێراق تەواو سنووردار کرابوو و تەنیا بە کێشەی ئیسراییل و فەلەستین پێناسە دەکرا. ستراتیژیی ئەمریکا لەسەر ئەساسی پاراستنی ئیسراییل و ئەمنییەتی بازرگانی نەوت دارێژرابوو. باشی و خراپی ڕێژیمەکانی ئەم ناوچەیەش لەژێر ڕووناکایی و بەرژەوەندیی ئەم ستراتیژییەدا بڕیاریان لەسەر دەدرا نەک بە پێی ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیان. سەددام وەک ناسیۆنالیستێکی عەرەب و پشت ئەستوور بە داهاتی نەوت، و ئێران وەک مەزنیخوازی مەزهەبی پشت ئەستوور بە داهاتی نەوت وخەڵکی ئایینی، ڕاستەوخۆ مەترسییەکی مەزن بوون بۆ ئەمنییەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسراییل. ڕووخاندنی سەددام و گوشار سەرخستن بۆسەر ئێران پێداویستێکی گرینگی تەمەندرێژی ئەم ستراتیژییە کلاسیک و کۆنەی ئەمریکا بوو.

گیروگرفتی سیاسیی و ئیداری عێراق، مەیدانداری ئێران، بەدناوی زۆربەی دەسەڵاتدارە نادیموکراتیەکان و نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکە و دەوری بەرچاوی مەزهەب لە ڕووداوەکاندا، ڕەنگدانەوەیەکی بەپەلەی لەنێو هێندێک کۆڕ و کۆمەڵی کۆنسێرڤاتیڤی ئەمریکا دروست کرد و ئیدەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی لێکەوتەوە. ئەم ئیدەیە دەخوازێت فرەلایەنە سەیری ڕێگەچارەکانی گرفتی ئەم ناوچەیە بکات و دیهەوێت بێژێت کە هەموو لایەک، بەتایبەت خەڵکی ئازادیخواز، دەتوانن دەور و بەشدارییان لە ئەو پرۆژەیەدا هەبێت. ئەو پرۆژەیە جۆرە لاسا کردنەوەیەکی گەڵاڵەکەی ویلسۆنە لە ساڵی ١٩١٩ دا بەو جیاوازییە کە گەڵاڵەکەی ویلسۆن زۆر شەفاف بوو بەڵام ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی نوێ - کۆنسێرڤاتیڤەکان شتێکی زۆر ناڕوونە. لەسەریەک، تەنیا لە قسەدا باسی گۆڕانکاری دیموکراتیک و شتی لەو بابەتە دەکات، هەرچەند تا ئێستا لە چوارچێوەی هیچ گەڵاڵە و پرۆژەیەکی ڕوون و شەفافدا پێشکێش نەکراوە، بەڵام دیسانیش هێندێک خەڵکی ئومێدەوار کردووە و هێندێک دەسەڵاتداریشی نیگەران کردوون. ئاسۆی لێڵی عێراق و ئەفغانستان و مەیدانداریی سیاسی مەزهەب بۆتە هۆی ئەوە کە پەیام و گوتاری سیاسیی کاربەدەستانی ئەمریکا لەو پێوەندییەدا تووشی هەوراز و نشیو بێت. بۆ وێنە ئێستا زۆر کەم و بە دەگمەن باسی سێکولاریزم دەکەن و تەنانەت لەجیاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە ئەوجار بەتایبەت دوای قەیرانی لوبنان، باسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ دەکرێت.

بۆ ئەوەی ئەمریکا بە سینگفراوانییەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات و پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیەش خۆیان لە پرۆژەکانی ئەودا ببینەوە، وا باشە کە ئەمریکا چیتر لە دووگما کۆنەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم و شەڕی سارددا نەمێنێتەوە و لە کردەوەدا کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا بە کێشەی ئیسراییل و فەلەستین پێناسە و سنووردار نەکات. بۆوێنە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ساڵی ١٩٤٧ مارشاڵ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا گەڵاڵەیەکی بەربەرینی یارمەتی ئابووری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەورووپای شەڕلێدراو پێشکێش کرد. مارشاڵ تەنانەت داوای لە سۆڤیەت کە بە تەواوی لە بەرەی دژی ئەمریکا دابوو کرد کە بە مەرجێک ریفۆرم لە سیستەمی سیاسیی خۆیاندا پێکبێنن دەتوانن پارە وەرگرن و بەشداری ئەم پرۆژەیە بن. مەبەست ئەوەیە کە ئەمریکا دەبێت لەلایەک لە پرۆژەکانی خۆیدا شەفاف بێت و لەلایەکی تر میکانیزمی گونجاو بۆ پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە کە لە ڕەوتی گۆڕانکاری و دیموکراتیزاسیۆندا دەتوانن دەوریان هەبێت پێکبێنێت. هێنانەگۆڕی سیناریۆیەکی لەو بابەتە کارێکی وا سووک و ئاسان نییە و کۆمەڵێک پرسیار و ئەگەر و مەگەر دێنێتە گۆڕێ و لەگەڵ فرەئاستەنگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

بۆوێنە: بۆچوونێکی لیبراڵ دیموکرات لە ئەمریکا و ئەورووپا پێیان وایە کە نوێ - کۆنسێرڤاتیڤەکان لە واشنگتۆن و توندئاژۆکانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خوڵقێنەری فەزای شەڕ و ناکۆکین. جیاواز لە بۆچوونی لەو بابەتە، ئایا کردەوەی نیزامی بەڕاستی ڕێگا تەخت دەکا بۆ جێبەجێبوونی پرۆژەی سیاسی؟ میکانیزمی هەڵسوکەوتی ئەمریکا لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەم ناوچە ئیسلامییە کە فەرهەنگ و ئەزموونی دیموکراسیی نییە چۆن دەبێت؟ ئەگەر لە هەڵبژاردنی ئازاد لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا هەر بەو شێوەیەی کە بە چاوەدێری لایەنی ئەورووپی و ئەمریکی حەماس لە فەلەستین زۆربەی دەنگی هێناوە، ئەو کاتە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی هەڵبژاردەی ئیسلامی دەکرێت؟ هەرچەند ئەمریکا ئاپاراتێکی نیزامیی زۆر بەهێزی هەیە بەڵام ئەم توانایەش سنووردارە. ئەمریکا دەبێت ئەم پەیامە بدات بە دونیای دەرەوە کە مەبەستی ئەو داسەپاندنی هێژمونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا نییە، بەڵکو کارو تێکۆشانی هاوبەشە بۆ چارەسەری گرفتەکان.

## دوو تیۆری و بۆچوون

### تیۆریی دەسیسە

ئەم تیۆرییە بۆچوونێکی کۆن و کلاسیکە و ڕابردووی مێژوویی دەگەڕێتەوە سەردەمی جووڵانەوەی دژی کۆلۆنیالیزم. دەکرێت بڵێین بۆچوونێکی ڕەشبینانەیە و پێی وایە کە زلهێزەکان هەمیشە لەپشتی دەرگای داخراو خەریکی پلان و پرۆژە دارشتنن دژی گەلانی ستەملێکراو لە جیهانی سێیەم بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی. ئەو بۆچوونە لە ئاستی نێوخۆییدا بژێوی ئایدۆلۆژیکی خۆی لە ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم و مەزهەب وەردەگرت. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە سەردەمی



سەرچاوە Serchawe

جیهانی دوو جەمسەری واتا سۆڤیەت - ئەمریکادا تا ڕادیەکی زۆر لەژێر تەئسیر و کارتێکەری سۆڤیەت و بیری کۆمۆنیستیدا بوو. بەڵام دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران و دواتر هەرەسهێنانی سۆڤیەت، بە ئایین خۆی پێناسە کرد و بەم جۆرە مەزهەب وردە وردە بوو بە دیاردەیەکی سیاسی و حاشاهەڵنەگر لە جیهانی چەند جەمسەری ئەم ناوچەیەدا. ئەم بۆچوونە تەنانەت لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی دەسەڵاتداری سێکۆلەر و تێکنۆکرات و ڕووناکبیر و ئاکادمیسینی ئەم وڵاتانەشدا باوە و تاوانی گیروگرفتی سیاسی - ئابووری و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی خۆیان دەخەنەسەر ئەستۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەم جۆرە پاساو بۆ گەشە نەکردن و سەرنەکەوتنی خۆیان دەهێننەوە. ئەم بۆچوونە لە شکڵ و شێوەی سێکولار لەنێو کۆمەڵگەی ئەم ناوچەیەدا لە بەرانبەر بۆچوونی مەزهەبیدا زۆر لاوازە. ئەم ڕەشبینییە ئێستا لەنێو زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی سێکولاری کورددا برەوی نەماوە، بەڵام لەنێو نەیاران و کۆمەڵگەی داگیرکەرانی کوردستاندا بەهێزە. ئەم بۆچوونە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا مەجالی مانۆر و یارگیری بەرتەسکە. دژایەتی بەهێزی ئەم بۆچوونە لەگەڵ هێژمونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بۆتە هۆی ئەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زەمینە و ئیمکانی خۆڕێکخستن و بەدەسەڵات گەیشتن و خۆ لە دەسەڵات هێشتنەوەی زۆر بێت. تیۆریی دەسیسە گەلێک پشت ئەستوورە بە هاروژاندنی کۆمەڵگەی وڵاتانی ئیسلامی لە دژی ڕۆژهەڵات و پێکهێنانی زەمینە بۆ کەشوهەوای شەڕ و کێشە لە ناوچەکدا.

## بۆچوونی گەشبینی

ئەم بۆچوونە تێڕوانینێکی خۆشباوەڕانەیە و پێی وایە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان دەتوانن گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروست بکەن و تەنانەت نەخشەی سیاسی ناوچەکەش بگۆڕن. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە دوای سەقامگیربوونی نیزامیی ئەمریکا لە عێراق و قسە و باس و دەنگۆی جۆراوجۆر سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە، لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی و ڕووناکبیری ناوچەکە بەگشتی و کورد بەتایبەتی زۆر باوە. بڕیوی سیاسی ئەم تێڕوانینە لە نیگەرانی پەرەئەستاندنی دەسەڵاتی مەزهەبی لە ناوچەکە و پڕوپاگەندەی کەسایەتی و مێدیاکان و حوزوری ئەمریکا لە عێراق سەرچاوە دەگرێت. ئەم ڕوانگەیە پێی وایە کە جیهانی ئێستا یەک جەمسەرییە و ئەویش ئەمریکایە کە دەتوانێت گۆڕانکاریی بەربەرین لە ناوچەکەدا پێکبێنێت و دیموکراسی دابمەزرێنێت. زەمینەی عەمەلی ئەم بۆچوونە لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە سەر:

**یەکەم**: سەقامگیر بوونی نیزامیی ئەمریکا لە کوردستان و عیلاقاتی باشی دەسەڵاتی کوردی و ئەمریکا.

**دووەم**: بەهێز بوونی سێکولاریزم لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردستاندا.

**سێیەم**: نیگەرانی لە کار و کردەوە و پرۆژەی داگیرکەرانی کوردستان. ئەم بۆچونە لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بۆ وێنە: لە نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێجگە لە کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی جووڵانەوەیەکی بەهێزی ئیسلامی دژی هێژمونی ئەمریکا، ئاسۆی ئەم گەشبینییە زۆر لێڵ و تارماوی دەبیندرێت. پرسیار ئەوەیە چەندە دەکرێت ڕەوتی ڕوداوەکان و ئەزموون و گەشە و داهاتووی کوردستان نەکەوێتە ژێر سێبەری بارودۆخی خەراپی ناوچەکە؟ لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە وەزعی عێراق و ئەفغانستان بۆتە هۆی ئەوە کە دونیای دەرەوە بە دردۆنگی و نیگەرانییەوە بڕوانێتە حوزوور و پرۆژەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە. لە باری مەیدانییەوە زەمینەی جێبەجێبوونی ئەم گەشبینییە فرە کەمە؛ چونکە:

**یەکەم**: فەرهەنگی دیموکراسی و سێکولاریزم لە وڵاتانی ئیسلامی ئەزموون و ڕابردوویەکی نییە.

**دووەم**: دەسەڵات و مەیدانداری سیاسی و نیزامی ئەمریکا لە ناوچەکەدا سنووردارە.

**سێیەم**: پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەڵاڵەی گرووپێکە لە ئەمریکا نەک بەرنامەی کاری دەوڵەت.

**چوارەم**: سیناریۆیەکی هەرە گرینگی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەردوو خانەی گەشبینی و ڕەشبینیدا کێشەی ئێران و ئەمریکایە کە ئێستاش روون نییە چی لێ بەسەردێت. ئایندەی ئێران بە باش و خەراپ، فاکتۆرێکی گرینگی گۆڕەپانی سیاسیی ئەم ناوچەیەیە.

## کورد لەنێو بازنەی ئەم کێشەیەدا

ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی لە سەردەم و قۆناخی جۆراوجۆردا هەوڵیانداوە کە سیمایەکی نێودەوڵەتی بە قەزیەی کورد بدەن و لە ڕادەی توانایی خۆیاندا کاری دیپلۆماتیکی پێویستیان بۆ ئەو مەبەستەش کردووە. تا ئێستا سێ جار لە مێژوی سەردەمدا کێشەی کورد لە بواری نێودەوڵەتی و لە مەیدانی سیاسەتی گەورە و بەرژەوەندیی زلهێزەکاندا هاتۆتە گۆڕێ. هەر سێ جاریش دوای شەڕی گەورە هێزەکان و لەژێر ڕووناکایی یان سێبەری دەرئەنجامی شەڕەکاندا هەلومەرج بۆ هاتنەگۆڕی قەزیەی کورد ڕەخساوە:

**یەکەم** جار دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی مەسەلەی کورد ئاستێکی نێودەوڵەتی بەخۆوەگرت. بەڵام لەو سەردەمەدا ڕادەی پێگەیشتن و خۆ ڕێکخستنی کورد بەو قۆناخە لە توانایی و ئامادەیی نەگەیشتبوو کە بتوانێت دەسەڵاتداری بکات، دەرفەتی مامەڵە بۆ خۆی پێکبێنێت، وەک فاکتۆرێک بێتە نێو کێبرکێی دەسەڵات و کێشەکان و داکۆکی لە بەرژەوەندیی خۆی بکات. بەو جۆرە ئەوەی کە لەژێر ڕووناکایی ئیدەئالیزم و گەڵاڵەی ویلسۆن لە پەیمانی سێور لە ساڵی ١٩٢٠ دا بە پێی بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ بە کورد درابوو، دوای گۆڕانی بەرەکانی شەڕ بە قازانجی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ لە پەیمانی لۆزاندا لێی ئەستێندراوە.

**دووەم** جار لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیدا بزووتنەوەی کورد چەند قۆناخ بەرەوپێش چوو و دەسەڵاتی دامەزراند و لە ڕادەی توانایی خۆیدا مەیدانداری سیاسی کرد. کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی دیفاکتۆ و هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورت و لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا کەوتەنێو بازنەی مامەڵە و کێشەکانی نێودەوڵەتی پێوەندیدار بە ئێران. بەو جۆرە هەنگاوێک بەرەو سەرووەری واتە دەسەڵاتی سیاسیی حکومەتی کوردی ڕۆیشت. ستراتێژی دیپلۆماسی کۆمار ئەوە بوو کە دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لە هەڵسوکەوتی وڵاتانی بەشداری کێشەکەدا مسۆگەر بکات. یەکەم کاری پێشەوا ئەوە بوو کە ڕووسەکان و



سەرچاوە Serchawe

ئازەرییەکان بە ئەم قەناعەتە بگەیەنێت کە حکومەتی کوردی ناوچەیەکی خودموختاری ژێردەسەڵاتی ئازەربایجان نییە، بەڵکو کۆماری کوردستانە. لەڕاستیدا سۆڤیەت و ئینگلیزو ئەمریکا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە لە ئێراندا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کۆمار دەکرد. لە سیناریۆی بەرژەوەندیی ئەواندا کۆمار شتێکی زۆر بچووک بوو. سۆڤیەت بەدوای ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران پاشەکشەی کرد و کۆماری بە چارەنووسی خۆی ئەسپارد. ستراتیژیی ئەمریکا و ئینگلیز ئەوە بوو کە بە لەبەرچاوگرتنی گرینگی سیاسی و ئابووری ئێران، نەهێڵن ئەم وڵاتە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت. ئەمریکا ساغ ببۆوە کە لە درێژخایاندا ئێران بکات بە هی خۆی. دەسەڵاتی تاران لەو کێشانەدا زۆر ژیرانە ڕەفتاریان لەگەڵ لایەنەکانی بەشداری کێشەکان کرد، لەلایەک سۆڤیەت و ئینگلیزیان لەکۆڵ خۆیان کردەوە و لەلایەکی دیکە زەمینەیەکی باشیان بۆ نفوزی ئەمریکا ڕەخساند و بەم جۆرە کۆماری کوردستان لە سیناریۆی سیاسەت وبەرژەوەندیی گەورەدا هیچ جێگەیەکی پێ نەدرا.

**سێیەم** جار دوای شەڕی کەنداو و ڕووخانی ڕێژیمی سەددام، ئەو جار بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو کورد خۆی لەنێو کێشەکەدایە و بەشێکە لە زەمینە و دەرئەنجامەکانی ئەو ڕەوتە و مەجالی مامەڵەی باشی هەبوو و هەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام زیاتر لە هەموو ناوچەیەکی تری فیدڕالی جیهان حوزووری لە عیلاقاتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی پێوەندیدار بە خۆیەوە هەیە. ڕەخسانی ئەم دەرفەتە جیاواز لە سێکولار بوونی دەسەڵات و ئەزموونی چەند ساڵەی حکومەتی کوردستان و گرینگی ئەم لە عێراق، بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە سەر ڕەفتار و شێوەی دیپلۆماسی کورد لەگەڵ سیاسەتی گەورە و بچووک لە ئاستی جیهانی و ناوچەکەدا. دەسەڵاتی کوردی پێویستە لەسەر بنەمای "ریالیزم و واقیعبینی" و بێ ئەوەی بکەوێتە خانەی ڕەشبینی لەلایەک و گەشبینی لەلایەکی ترەوە زەمینەی گونجاو بۆ جیبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆی ئامادە بکات. دونیا بەو جۆرەی کە هەیە ئەشێ چاو لێ بکات و ناتوانێت بەرانبەر بە فاکتۆرەکانی نێو گەمەکە بێ تەفاوەت بێت و لەبەرچاویان نەگرێت هەر بەو جۆرەی کە لایەنەکانی تریش ناتوانن ئەو نادیدە بگرن. ڕووخانی ڕێژیمی سەددام نەتیجەی هاوبەرژەوەندیی کورد و شیعە و ئەمریکا لەو سەردەمدا بوو. بەڵام ئەم هاوبەرژەوەندییە سەردەمی ئۆپۆزیسیون و خەبات لە دژی سەددام گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە و هەر لایەنەی بیر لە بەرژەوەندیی خۆی دەکاتەوە. ئەگەر گیروگرفتی ئەمنییەتی لە ئیدارەی عێراقدا نەبوایە، ئەمریکا ئەو پێویستییەی کە ئێستا بە کوردی هەیەتی ئەو کات نەیدەبوو. لەبەرئەوە پێویستیی کورد و ئەمریکا بە یەکتر لە کەشوهەوای ئێستای عێراقدا ڕۆژ بە ڕۆژ زەقتر دەبێتەوە. لەبەرئەوە داهاتووی پرۆژەی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوەسەر ستراتیژیی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی و بەتایبەت حوزوری نیزامی لە کوردستاندا.

ئەمریکا هەمیشە بەگوێرەی بەرژەوەندیی و عیلاقاتی خۆی بەرانبەر بە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریە سەیری مەسەلی کوردی کردووە و پێی وا بووە قەزیەی کورد شتێکی نێوخۆیی ئەم وڵاتانەیە و لە باشترین حاڵەتدا داکۆکیان لە مافی شارومەندی بۆ کورد کردووە. ڕیگەچارەی مەسەلەی کورد بەگشتی هەرگیز لە دەستوری کاری ئەمریکادا نەبووە. لەبەرئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

ئەمریکا لە ڕابردودا هیچ بەرژەوەندییەکی لە چارەسەربوون و نەبوونی قەزیەی کورددا نەبووە. دیارە ئەم سیاسەتە شتێکی سەیر نییە، چون هەر وڵات و نەتەوەیەک و دەسەڵاتێک بەپێی بەرژەوەندیی خۆی کار دەکات. دەسکەوتەکانی ئێستای کورد لە کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی ئاکامی هەلومەرجێک و هاوبەرژەوەندییەکی ڕەخساوی کورد و ئەمریکایە نەک پرۆژەیەکی لە مێژساڵەی لەپێشدا داڕێژراوە. بەڵام ئێستا هاوبەرژەوەندیی و ئەزموون و دەور و دەسەڵاتی کورد لە عێراق بۆتە هۆی ئەوە کە ئەمریکا تێگەیشتنێکی تازە و مەیدانی لە کۆمەڵگە و ئیمکاناتی کورد لە ناوچەکەدا وەدەست بێنێت و پێداچوونەوەیەک بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی بەرانبەر بە کورددا بکات.

دەسەڵاتی کوردی دەبێ تێبکۆشێت کە سیناریۆی پێداویستیی هاوبەرژەوەندیی کورد و ئەمریکا لای موئەسیسات و کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆری دەسەڵات و نیزیک بە دەسەڵات لە ئەمریکادا بەهێز بکات. لە هەمان کاتدا هاوبەرژەوەندیی دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ ئەمریکا نابێت ئەم قەناعەت و تێگەیشتنە لەنێو کورددا دروست بکات کە جیهانی ئەمڕۆ یەکجەمسەرییە و ئەویش ئەمریکایە. سەنگ و سووکی قورسایی فاکتۆرەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی پێوەندیدار بە بەرژەوەندی گەلێک سنووردارن. تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەی کورد لەو ناوچەیەدا هەیە، دەکری بڵێین کە جیهانی ئەم ناوچەیە چەند جەمسەرییە و لەبەرچاو نەگرتنی ئەم ڕاستییە گیروگرفتی بەدوادا دەبێ.

لەسەریەک، دەسەڵات بلیتی چوونە ژووری نێو گەمەی نێودەوڵەتییە و تەنانەت لە ژوورەکەشدا هەر بەپێی دەسەڵات شوێنی دانیشتن دیاری دەکرێت. گەیشتن بە دەسەڵات خۆی هونەرە، بەڵام هونەر تر ئەوەیە چۆن دەسەڵات ڕابگری و بیپارێزی. پاراستن و ڕاگرتنی دەسەڵاتی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوە بە وەزعی نێو ماڵی کوردی و یەکگرتنەوەی ئیداری و نیزامی و یەکدەستکردنی ئەم دەسەڵاتە. کەمایەسییەکی مەزنی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکانی پێشوودا ئەوە بوو کە لە کاتی زۆر پێویست و ئەستەمدا لەبەر ناکۆکی نێوخۆیی نەیتوانیوە یەکدەنگ و یەکرەنگ و بە پێناسەیەک بەهێزی نەتەوەیی سوود لەو دەرفەتە نێودەوڵەتییە وەربگرێت کە بۆی ڕەخسابوو. دەسەڵات بە هەموو فۆرمەکانی سیاسی و ئابووری و نیزامی و بە هەموو شێوەکانی دیموکراتیک و نادیموکراتیک، مادام لەژێر میکانیزمی کونتڕۆڵ و لێپرسینەوەدا نەبێت تووشی گەندەڵی دێت. گەندەڵی ئیداری لە کوردستانیش وەک هەمو کۆمەڵگەیەکی تر کەم و زۆر شتێکی سەیر نییە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کوردستان ڕەنگە ئەم گەندەڵییە زەمینە و فەزای دەستتێوەردان بۆ دراوسێکان دروست بکات و ئاکامی نائاسایی و زیانباری لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مانگی ١٠ی ٢٠٠٦

# ساڵی: ٢٠٠٨

----------------------------------------------------------------

## سمینارێک بۆ بەرێز کاک خالید عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی و ...

سمینارێک بۆ بەرێز کاک خالید عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی و وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کاتژمێر دوو و نیوی دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ / ٤ / ٢٠٠٨ سمینارێک بۆ هاوڕێی تێکۆشەر کاک خالید عەزیزی،

وتەبێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە سەر نێوەڕۆک و ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزب، لە سالۆنی "شیستاترێف"ی شاری ستۆکهۆڵم پێکهات.

سەرەتا لە لایەن کۆمیتەی سوێدی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بەرێز کاک نەبەز عەلیدووست ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی سوێد بەخێرهاتنی میوانانی کرد و ئەوجار شێوەی بەڕیوەچوونی بەرنامەی سمینارەکە ڕاگەیەندرا.

سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب سیمینارەکە دەستی بەکاری خۆی کرد و دوای سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە شەهیدانی سوورخەلاتی گەل ڕاگەیەندرا، بەشداربووان هەستانە سەر پێ و ڕێزیان لە شەهیدان گرت.

پاشان بەرێز کاک خالید گەردی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سوێد بەخێرهاتنی گشت لایەکی کرد، سەبارەت بە ڕەوتی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوا، کورتە ئاوڕێکی لە خەبات و تێکۆشانی حیزب دایەوە و بە تایبەت باسی لە کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد و پاشان داوای لە هاوڕێی تێکۆشەر کاک خالید عەزیزی کرد کە بێت و باسەکانی خۆی لە سەر کارەکانی کۆنگرە و ئاکامەکانی پێشکەش بکات.



سەرچاوە Serchawe

دوای قسەکانی بەڕێز کاک خالید گەردی، بەڕێز کاک خالید عەزیزی لە شوێنی دیاریکراو ئامادە بوو. کاک خالید سەرەتا بەخێرهاتنی بەشداربووانی سێمینارەکەی کرد و لە هەمان کاتیش دا سوپاسی گشت لایەکی کرد بۆ ئامادە بوونیان لەو سیمینارە دا.

لە دەقی باسەکە دا بەڕێزیان ئاماژەی بە کار و ئەرکەکانی کۆنگرە کرد و گرتنی کۆنگرەی وەک لێککۆبوونەوەیەکی گرینگ و مۆدێرنی حیزبی ناوبرد و گوتی دوای کۆتاییهاتنی کونگرە، باسەکانی کۆنگرەی چاردە بە شەفافیەتەوە لە کوردکانالٚ بلاو بوونەوە و ئەوە بۆ ئاگاداریی کۆمەلانی خەلٚک پێویستە. هەروەها گوتی زۆر باش دەبوو کە هەلومەرج بە شێوەیەک با توانیبامان گوفتوگۆکانی کۆنگرە و بە گشتی کاری ڕۆژانەی کۆنگرەمان ڕاستەوخۆ هەر لە سالۆنی کۆنگرەوە بۆ ئاگاداریی خەلٚک بلاو کردبایەوە، چونکە ئەوە کە تا ئەمرۆ کۆنگرەکان بە دوور لە چاوی ماسمێدیا بەرێوە چوون، بۆتە هۆی ئەوە کە خەلٚکی کوردستان شتێکی ڕوونیان لەو باسانە نەدرێتە دەست.

بەڕێز کاک خالید ئەوجار لە سەر چالاکانی مەدەنی و خەباتی نەپساوەی خەلٚکی ئێران و بە تایبەت کوردستان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها چوونە سەری پلەی زانیاریی خەلٚک و شعووری سیاسیی خەلٚک باسی کرد و ئەوجار هاتە سەر گرتنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باسەکەی بە پێداچوونەوە لە سەر لەتبوونی حیزب و پێکەوە نەحاوانەوە درێژە پێدا و ئاماژەی بەوە کرد کە بەرنامە و پێرەوی نێوخۆ نەبوونە هۆی لەتبوون و ئەوە فەرهەنگی پێکەوە نەحاوانەوە بوو، کە بۆتە هۆی لەتبوونی حیزب، هەر بۆیە ئێمە لەو کۆنگرەیە دا تیشکمان خستە سەر کۆمەلێک کار و ئەرک بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە چۆن بتوانین ئەو کەموکووڕیانە لابەین و بۆشاییەکان پڕ بکەینەوە.

کاک خالید لە بەشێکی دیکە دا باسی دێموکراسی نێو حیزبی کرد و گوتی بە پێی عادەت بۆچوون لە سەر دێمۆکڕاسی ئەوەبووە کە مادام دەسەلاتێک بە پێی هەلبژاردنێکی دێمۆکڕاتی دێتە سەر کار، ئەوە دیمۆکڕاسی هەیە، بەلام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە گرینگ ئەوەیە بە تایبەت دوای هەلٚبژاردن لایەنی هەلٚبژێردراو چۆن چاو لە دێموکراسی دەکا، چونکە لەو شوێنە ڕا دێموکراسی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئێمە بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە کۆنگرەدا زەمانەتمان بە تاکەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب دا کە بۆ خۆیان، ئەگەر بخوازن، بە ئاشکرا گرووپ و فراکسیۆنی فیکری و سیاسی لە نێو حیزب دا پێک بێنن و بە ئاشکرا باس و خواستەکانی خۆیان باس بکەن. ئەوە مافی هەموو ئەندامەکانە کە شەخسیەتی حقووقیيان لە نێو حیزب و لە دەرەوەش کەسایەتیی خۆیان پارێزراو بێت، واتە ئەندام ئەگەر لە دەرەوەی حیزبیش، ڕاو بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەبێ، ئەو کەسایەتی و ماف و حقوقە پارێزراو دەبێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەوارەی سانترالیزم هاتۆتە دەر و ئۆرگانەکان بە شێوەی ئاسۆی کاریی خۆیان دەکەن.

بە نیسبەت دەرەوەی حیزب هاوڕێ وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی گوتی: ئێمە باوەڕمان بە کاروچالاکیی کۆمەڵانی خەڵک هەیە و ئەوەندی پەیوەندیی بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە هەیە، ئێمە هەموو لایەک بە دۆست و هاوخەباتی خۆمان دەزانین و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئێمە هەوڵ دەدەین کە فەزایەکی سالم و دروست بۆ خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی پێک بێنین و پشتیوانی لە خەباتی فەرهەنگی، مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین. هەر بیروڕای ئازادی خەڵک بوو لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەنگی دابۆوە و دەوڵەمەندی کرد بوو و حیزبی ئێمەی بەرەو نەتەوەیی بوونی زیاتر برد.

بەڕێز کاک خالید سەبارەت بە ڕوانگە و بۆچوونی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان گوتی: کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دیدی ئەمنیەتییەوە دەڕواننە داواکارییەکانی خەڵک، تەنانەت ئەگەر ئەو داواکاریانە دابینکردنی نەخۆشخانە و زانکۆ و ئیسفاڵت کردنی جادەکانیش بگرنەوە، ئەوان هەر بە چاوی ئەمنییەتییەوە لێیان دەڕوانن.

سەبارەت بە حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کاک خالید گوتی کە هەموویان لەبەر پرشوبڵاویان نەیانتوانیوە کە فاکتۆرێکی گرنگ بن بۆ دونیای دەرەوە، هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا باسمان لە میکانیزمی لێک نێزیکبوونەوە کردووە و بڕوامان بە یەکگرتن و بە خۆداچوونەوە هەیە.

سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرم، کاک خالید گوتی: ئەوە شتێکی کۆمەڵایەتییە و دەکرێ زۆر کەس و لایەن لەبەرچاویان بێت. هەر بۆیە حیزبەکەی ئێمە بە شێوەیەکی نوێ بۆ داڕشتنەوەی قەوارەی حیزب کاری کرد. کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی حیزب پێک هاتبوو و ژنان بە ڕێژەیەکی چاک بەشداری کۆنگرە بوون. لاوان و نوێنەرانی کۆنفرانسەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و لە باشووری کوردستان بەشداری کۆنگرە بوون و هەر ئەو جۆراوجۆرییەش وای کرد کە کۆنگرە کۆمەڵێک بڕیاری جۆراوجۆری دان و لە هەڵبژاردنی ڕێبەریش دا ئەو جۆراوجۆرییە دەبیندرێ. ئەمڕۆ حیزبەکەی ئێمە مافی تاکەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی سەبارەت بە دەربڕینی بیرورای ئازاد و پێک هێنانی گرووپی فیکریی ئاشکرا لە نێو حیزب دا دابین کردوە.

هاوڕێی تێکۆشەر کاک خالید لە درێژەی قسەکانی دا ئیشارەی بە هێندێک خاڵی گرینگی دیکەش سەبارەت بە ئاکامەکانی کۆنگرەی چاردەی حیزب کرد ڕوونکردنەوەی پێویستی لە سەر ئەو خاڵانە دا.

دوابەدوای باسەکانی بەرێز کاک خالید پشوویەکی نیو سەعاتی رەگەیاندرا. لە ماوەی پشوودان دا لە لایەن هاورێیانی کۆمیتەی ستۆکۆڵمەوە بە قاوە و چا پەزیرایی لە بەشداران کرا.
پاشان لە بەشی پرسیارکردن دا ١٠ کەس لە بەشداربووان پرسیارەکانی خۆیان لە کاک خالید عەزیزی کرد و بەرێزیان وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دواتر بە نوێنەرایەتی لە لایەن کۆمیتەی ستۆکۆڵم، خاتوو شیرین عەبباسی و کاک محیەدین شەریفزادە چەپکە گوڵێکیان پێشکەش بە کاک خالید عەزیزی کرد.

سیمینارەکە لە کاتژمێر پێنج ونیوی ئێوارە دا کۆتایی پێهات.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی سوێد

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠٠٨

---

## کۆبوونەوەی خالید عەزیزی لە ناو کادرو پێشمەرگەکانی حدک

خالید عەزیزی لە کۆبوونەوەیەک دا بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، ئاکامی سەفەرەکەی خۆی بۆ دەرەوەی وڵاتی تاووتوێ کردو گەشبینی خۆی بۆ بەرەو پێش چوونی دیپلۆماسی حیزب لە ئورووپاو ئەمریکا دەربڕی.

کوردستانو کورد: کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی ئەوڕۆ یەکشەممە خالید عەزیزی لە کۆبوونەوەیەک دا بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکامی سەفەرەکەی خۆی بۆ دەرەوەی وڵاتی تاووتوێ کرد. عەزیزی باسەکەی خۆی بەسەر سێ تەوەری وەزعیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پاش کۆنگرەی ١٤ لە نێو کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات، دیپلۆماسی حیزب لە گەڵ حیزبو کۆڕو کۆمەڵە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتو دیپلۆماسی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی دەرەوەدا دابەش کرد.

وتەبێژی کومیتەی ناوەندی حدک لە تەوەری یەکەمی باسەکەی خۆیدا رایگەیاند کە بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ١٤ لە نێو کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات دا پێشوازییەکی باشی لێ کراوە. ئەو لەمبارەیەوە وتی: حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە نێو كوردانی دەرەوەی وڵات بە حیزبێک ناسراوە كە بە شێوەیەكی جیددی‌و چالاكانە كار بۆ لێک نزیكبوونەوەو كۆدەنگی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دەكا، هەر بۆیەش چاوەڕوانییەكان لە حیزب زیادی كردووە ئێمە دەبێ بە كار كردنی زیاترو بەردەوام تر هەوڵ بدەین لە ئاستی ئەم چاوەڕوانیانەدا بین. هەر لەم پێوەندییەدا عەزیزی ڕایگەیاند كە زۆر كەسایەتی‌و لایەن هەبووە كە پێشتر بە هۆكاری جۆراوجۆر پێوەندییان بە حیزبەوە نەما بوو، یان هەر هیچ كات پێوەندییان بە حیزبەوە نەبوو، لە دوو مانگی پاش كۆنگرەدا بە بڕیارەكانی كۆنگرە گەشبین بوون‌و پێوەندییان بە حیزبەوە گرتووە.عەزیزی لە تەوەری دووەمی باسەكەیدا وتی: ئەگەر چی لێژنەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵات لە دوای كۆنگرەوە هێشتا خۆیان ڕێک نەخستۆتەوە، بەڵام لە ئاستی كۆمیتەكان دا هەوڵی زۆر باش دراوە بۆ لێک تێگەیشتن‌و لێک نزیكبوونەوە لە گەڵ ڕێكخراوەكانی سەر بە گەلانی دیكەو حیزبە سەراسەرییەكان‌و لە زۆر ڕووەوە دەستكەوتی باشمان هەبووە.

عەزیزی هەر لەم تەوەرەی باسەكەی خۆیدا ڕایگەیاند كە بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵات كۆبوونەوەكانی خۆیان بۆ سەر لە نوێ ڕێكخستنەوەو دابەشینی ئەركو لێپرسراوێتیەكان دەست پێ بكەن‌و بەم جۆرەش لاپەڕەیەكی نوێ لە كارو چالاكی دەرەوەی وڵات دەست پێ دەكات.

وتەبێژی كومیتەی ناوەندی لە دوایین تەوەری باسەكەی خۆیدا لە پێوەندی لە گەڵ دیپلوماسی حیزب لە گەڵ وڵاتانی دەرەوەدا گەشبینی خۆی بۆ پێشوەچوونی هەر چی زیاتر لەم بارەیەوە دەربڕی‌و وتی: لەم سەفەرەدا هاوڕێ لە بەرپرسانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات سەردانی زۆر كەسایەتی‌و دامو دەزگا دەوڵەتییەكانی دەرەوەمان كردو لە بارودۆخی بزووتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان ئاگادارمان كردنەوەو ئەوانیش پێشوازییەكی باشیان لێ دەكردین.

عەزیزی بە ئاماژە كردن بە هێندێ لە كەندو كۆسپەكانی سەر ڕێگای دیپلۆماسی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دەرەوەی وڵات وتی: دەتوانین بڵێین یەكێک لە گەورەترین كۆسپەكان پرش‌و بڵاوی هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆنی كوردە‌و زۆر جار لێمان دەپرسن كە بۆچی هێزە كوردییەكان ئاوا پرش‌و بڵاون‌و داوای كۆدەنگیمان لێ دەكرێ.

هەر لەو كۆبوونەوەیەدا كەماڵ كەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموكراتی كوردستان باسێكی كورتی سەبارەت بە چۆنییەتی بەرەو پێشچوونی كارەكان لە دوای كۆنگرەوە لە كوردستان پێشكەش كراو داوای لە تێكڕای ئەندامانی حیزب كرد كە لە پێناو بەرەو پێشچوونی هەر چی باشتری كارەكان دەبێ ڕۆڵی ڕاوێژكارانەیان بۆ ڕێبەری تازە هەبێ‌و لەو ڕووەوە هاوكاری تەواوی دەفتەری سیاسی بكەن.

شایانی باسە لە بەشی كۆتایی كۆبوونەوەكەدا بەشداران ڕاوچۆچوون‌و پرسیارەكانی خۆیان پێشكەش كردو لە لایەن هەر دوو بەڕێزان خالید عەزیزی‌و كەماڵ كەریمی وەڵامیان درایەوەو كۆبوونەوەكە پاش زیاتر لە ٢ كاتژمێر كۆتایی هات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٢ی جوونی ٢٠٠٨

## کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی پێک هات

کوردستان و کوردنیوز: وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا تیشکی خستە سەر بڕیار و راسپاردەکانی دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب.

پێش نیوەڕۆی ئەمرۆ یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی سەرماوەز بە بەشداری سەدان کادر و پێشمەرگە و ئەژمارێکی بەرچاو لە ئەندامانی رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە مەبەستی تیشک خستنە سەر بڕیار و راسپاردەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی . کە چەند رۆژ پێشتر، بۆ ماوەی دوو رۆژ بەرێوەچوو . لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی دا، کۆبوونەوەیەک بۆ بەرێز خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هات.

لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا کاک خالید عەزیزی بە کورتی راپۆرتێکی لەسەر بڕیارو راسپاردەکانی دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش بە بەشداربوان کردو پاشان سەبارەت بە هەرکام لە باسە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات و هەڵوێستەکانی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر هەر کام لەم باسانە بۆ بەشداربووان دووا.

وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەڵوێستی رێبەرایەتی حیزب لەسەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و دژکردەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بە تایبەت هەرێمە یەکگرتووەکانی ئامریکا سەبارەت بە ئێران رایگەیاند کە لەگەڵ ئەوەیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە بەشێک لە کێشەی نێوان ئێران و ئامریکا نازانێت، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵ دەدات لە دەرئەنجام و ئاڵوگۆڕەکانی بە قازانجی بزووتنەوەی کورد کەڵک وەرگرێ.

عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پەرژایە سەر باروودۆخی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە چالاک بوونی بزوتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان و رایگەیاند کە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا لە روانگەیەکی واقعبینانەوە خوێندنەوەی بۆ کردوون و بە ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی زانیوە کە پێویستە لە پێناو بە هێزکردنی ئەم بزوتنەوانە دا هەرچی زیاتر هەوڵ بدات.



سەرچاوە Serchawe

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا خالید عەزیزی سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرانبەر بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی باسی لە دوو ئاڵترناتیو بۆ خەبات کرد و رایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەهێزکردنی جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی کوردستان و بزوتنەوەکانی ژنان و خوێندکاران و.. هتد، لە هەمان کات دا بە پێی ماهییەتی سەرەڕۆیی و گوێ نەبیستیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی گۆڕینی بنەڕەتی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دا دەدات و ئەم حیزبە پێکەوە، هەرکام لەم دوو شێوازە خەباتە رەچاو دەکات.

سەبارەت بە شەڕی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێز کاک خالید عەزیزی قامکی خستە سەر ئەو شەڕە کۆمەڵایەتییەی کە رێژیمی تاران دەرهەق بە خەڵکی کوردستان گرتوویەتی پێش و وتی: شەڕی رێژیم لەگەڵ نەتەوەی کورد تەنیا شەڕی سیاسی نیە، بەڵکو رێژیم لە رێگای بە هەژار هێشتنەوەی ناوچەکانی کوردستان لە رووی ئابوورییەوەو پەرەپێدان بە بڵاوکردنەوەی مادەسڕکەرەکان و هەروەها تەبلیغ و پەرەپێدان بە دیاردەی جاش و هەوڵی بە بەسیج کردنی لاوان، شەڕێکی کۆمەڵایەتی بەربەرینی دژ بە کۆمەڵگای کوردستان رەچاو کردووە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا کاک خالید عەزیزی سەبارەت بە چۆنیەتی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ پیلانەکانی رێژیم و هەروەها چۆنیەتی دەستراگەیشتنی نەتەوەی کورد بە ئامانجە بەرزەکانی تیشکی خستە سەر پێوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و، هاوکاری و لێک نزیک بوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی بە مەرجی سەرەکی سەرکەوتن زانی.

سەبارەت بە رۆڵ و نەقشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم پێوەندییەدا، وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە بە رەچاو کردنی سیاسەتی لابردنی ناکۆکییەکان، زۆر راشکاوانە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان دا بکەوێتە دانیشتن و دیالۆگەوە، بە شێوەیەک کە دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی بەرچاویش یارمەتیمان بە کەم کردنەوەی ناکۆکییەکان کردووە.

لە برگەی دووهەمی کۆبوونەوەکەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی سەبارەت بە کەم و کوڕییەکانی نێوخۆی حیزب و پێوەندی کاری نێوان ئۆرگانەکانی حیزب بە گشتی بڕیار و راسپاردەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی لەم پێوەندیيانەدا خستە روو.

لە دوایین بەشی کۆبوونەوەکەدا وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی وێڕای تیشک خستنە سەر چالاکییە دیپلۆماسییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و نزیک بوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەوڵەت و



سەرچاوە
Serchawe

ناوەندە بەرچاوەکانی دنیای رۆژئاوا، راوبۆچوونی کۆمیتەی ناوەندی حیزب سەبارەت بە چالاکی و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی لە ناوخۆی ولات لە ماوەی چەند مانگی رابردوو دا خستە روو.

بەرێزیان لەم پێوەندییەدا وێڕای رێزو سلاو ناردن بۆ گیانی شەهیدانی ئەمسالی حیزبی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند کە رێبەری حیزب لە دوایین کۆبوونەوەی خۆی وێڕای هەلسەنگاندنێکی وردی هەمە لایەنەی حەرەکەتی ئەمسالی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوخۆی ولات، بە چاوی رێزەوە دەروانێتە کار و تێکۆشانەکانیان.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

---

# ساڵی: ٢٠٠٩

---

## دەقی قسەکانی خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حدک، لە ریورەسمی ٢ی رێبەندان، ٦٣ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

خوشک و برایانی بەرێز! میوانانی خۆشەویست!

نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان!

لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە، پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەی بیرەوەری ٦٣ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆماری کودستان، پێشەوای نەمر پێشەوا قازی محەممەد.

ئاوڕدانەوە بۆ کۆماری کوردستان، فەلسەفەی پێکهاتنی چۆنیەتی دامەزراندنی، ماوەی حکوومەتەکەی و چۆنیەتی تێکشکانی یەکێک لەو سەنەدە زیندووە مێژوویانەی نەتەوەی کوردە کە وەک دیکۆمێنتێک لە مێژوودا دەمێنێتەوە. زۆر نەتەوە هەن دوای سەدان ساڵ لە ژێر لێکۆڵینەوەی گەڕان بە دوای هۆوییەت دا ئاوڕ دەدەنەوە بە رابردووی خۆیان، زۆر زلهێزی دنیا هەن

کاتێک بە بۆنەیەکی مێژوویی کۆدەبنەوە مەراسیمێکی نەوتەوەیی و دەوڵەتی پێک دێنن ئاوڕ دەدەنەوە بە رابردووی خۆیان و بە ئیفتخارەوە لە پایتەختەکانیان ئەو رۆژە وەبیر دێننەوەو بەرزی رادەگرن و ئەو رۆژە بە وەبیر هێنانەوە بۆ نەسلی داهاتووی خۆیان رەد دەکەن و پێیان دەسپێرن. کۆماری کوردستان و بیرەوەریی کۆماری کوردستان لەو بەشەی کوردستان بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی، دەسکەوتەکان و ئەو پرۆژەو بەرنامانەی کە بووی، ئەو ئاڵایەی کە کۆماری کوردستان پێناسەی دەکرد، کابینەی کۆماری کوردستان و چۆنیەتی پەیامێک کە لە پێک هاتنی خۆی و لە دوای خۆیدا بۆ نەتەوەی کوردی بە جێیهێشتووە یەکێک لەو رۆژانەیە بە خۆشییەوە لە مەیدانی بیرەوەری نەتەوەیی ـ سیاسیی کورد بەگشتی و پارچەکانی کوردستان دا بەرز دەنرخێندرێ و ئاماژەی پێ دەکرێ. کۆماری کوردستان لە زۆر لایەنەوە دەکرێ ئێمە هەڵیسەنگێنین و لێکی بدەینەوە و لە زۆر بارەوە دەکرێ دەرسی لێوەربگیرین و ئەو دەرسانە دوای ٦٣ساڵ لە زۆر بوارەدا ئێستاش پڕ نرخن بۆ داهاتوی ئێمە بۆ رێگاچارەو بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەڵێک لە گرفتەکان. کۆماری کوردستان لە لایەک بەرهەمی شعوری نەتەوایەتی نەتەوەی کورد بوو کە لە ئیدامەی خەباتێکی دوورودرێژ لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان، لە مەنتەقەی موکریان و لە مهاباد لە لایەن کۆمەڵێک لەو کەسانەی بە تێبینییەکی نوێ و مۆدێرن لە سەردەمی خۆیاندا خوێندنەوەیەکیان لە تەسبیت و بەجێ گەیاندنی هۆوییەتی نەتەوایەتی کورد کرد، بڕیاری لە سەر درا.

ئەگەر پێش کۆمار جموجۆڵی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش فیداکاری زۆری بۆ کردبوو کۆماری کوردستان ئەو دەسکەوتەی یان ئەم تەجرەبەیەی نەهادینە کرد، بە شێوەی نوێ لە چوارچێوەی دەوڵەت کۆمارو سەرۆک کۆمارو وەزیر و ئاڵا دای مەزراند. مەودای مەحدودی جوگرافیای کۆمار کە لە ناوچەیەکی زۆر بچوکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو هیچ شتێک لە بایەخ و ئەهمییەتی نەتەوایەتی ئەم دەسکەوتە کەم ناکاتەوە. لایەنی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆمار بوو نەتیجەی گەشەی شعوری نەتەوایەتی بوو کە لەم مەرحەلەیەدا دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ ک، ئەم حیزبەی لە سەر دامەزرا. ئەگەر لەو سەردەمدا لە دنیایەکی تەواو دوو قوتبی لایەک سۆڤییەتی پێشوو، لە ژێر بیر و بۆچوونی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی دا بەشێک لە دنیای کردبوو بە هی خۆی، لە لایەکی دیکە دەسەڵاتی ئینگلیس و ئامریکا بە خوێندنەوەیەکی غەربی بەشێکی دنیای کردبوو بە ئی خۆی، زۆر هونەر بوو لەو مەیدانەدا کەسێک بە ئیستقلالی فکری و دێموکراتانە بتوانێ لەم گێژاوەیە دا بێتە پێشێ و ئاڵای ئیستقلالی فکری ـ سیاسی خۆی هەڵ بکا، ئەم شعوورە لە سەرۆک کۆمار پێشەوا قازی محەممەد دابوو. قازی محەممەد بە مانۆرێکی واقعبینانە لە سیاسەت دا، واقعبینانەتر لە دیپلۆماسی دا توانی لەم گێژاوەدا کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر حیزبی دێموکراتی کوردستان و فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەم کۆمارەی پێک هێنابوو فەلسەفەیەکی مەدەنی بوو، فەلسەفەیەکی دوور لە شەڕ بوو، فەلسەفەیەکی مەدەنی بوو، فەلسەفەیەکی شارستانی بوو، لە نێو رێبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا نەهادینە ببوو، ببوو بە فەرهەنگ، دەنا لە ماوەیەکی کورت دا ئەم شعورە نەیدەتوانی وا بە ئاسانی دوای چەند مانگ کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان و دروست بوونی کۆماری کوردستان بەرهەمی شەڕی چەکداری دەستەیەک پارتیزان نەبوو، ئەوەی کە پێشوو لە دنیای رزگاریی نەتەوەکان دا



سەرچاوە
Serchawe

سوننەت و باو بوو، بەرهەمی شعور و عەقلییەتی خەڵک لە شارو گوندەکانی کوردستان بوو. هەربۆیە مەدەنییەت لە ئیدارەی کۆماری کوردستان لە ئاستی بەڕێوەبردنی دێموکراسی نێوخۆیی، لە ئاستی پاراستنی مافی تاکەکان، لە ئاستی چۆنییەتی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر، لە ئاستی ڕێزدانان بۆ ژنان و بەشداری ژنان لە کارو باری سیاسی و خوێندن زۆر بەرز بوو. دامەزرانی ئەم دەسکەوتە تێکەڵاو لەگەڵ شارستانییەتێک بوو کە شوێنەوارێکی باشی دانا لە سەر چۆنیەتی خوێندنەوەی کۆماری کوردستان.

پێشەوای کورد سەرۆک کۆماری کوردستان دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و قازی محەممەد، لە لایەک بە دەستێک هەوڵی دەدا بە شێوەیەکی مۆدێرن بنەماکانی نەتەوەیی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی کۆماری کوردستان و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان و دانانی کابینەو شەخسییەت پێدان بە حکوومەتی کوردی ڕابگرێ‌و جێی بخاو تەجروبەی بکاو بەو جۆرە بە نەسلی داهاتوو بڵێ کە دەکرێ کورد خاوەنی شتی خۆی بێ، مەگەر داگیرکەران بە شێوەی جۆراو جۆر پلانی بۆ دارێژن. لە لایەکی دیکە هەوڵی دەدا بە کۆمەڵگای دەوروبەری، خۆی بە فاکتۆرەکانی نێو نەتەوەیی، بە فاکتۆرەکانی بەشدار لە سەحنەی ئێران بڵێ: کۆماری کوردستان و ڕێبەری کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی واقعبینی سیاسی و سەرۆکی ئەم کۆمارە قازی محەممەد ئینسانێکی واقیعبینی سیاسی بوو. تێدەکۆشا بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدا گرفتەکانی دەوروبەری خۆی کەم بکاتەوە، لە هەمان کاتدا کە حکوومەتی کوردستان لە بەشێکی چوکەی کوردستان لە موکریان بە پایتەختی مەهاباد دادەمەزرێ، قازی هەموو هەوڵی خۆی دەدا لەگەڵ دامودەزگای تاران لە ڕێگای وتووێژو موزاکەرە گرفتی ئەم ڕۆژە چارەسەر بکات. ئەو سیگناڵەی کە لە کۆماری کوردستان دا لە سەر بنەمای نەتەوەیی، کە کورد لە سەر پرەنسیبە نەتەوەییەکانی خۆی تێدەکۆشێ بۆ جێبەجێ کردن و داسەپاندنیان و بە واقعییەت جێبەجێ کردنیان و لە لایەکی دیکەش واقعبینی سیاسی ئێستاش بەردی بنەمای حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە سیاسەت کردن دا.

دۆستانی خۆشەویست!

٦٣ ساڵ دوای کۆماری کوردستان هەم لە سەحنەی سیاسی کوردستان چ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەم لە مەیدانی سیاسیی ئێران و هەم لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆمەڵێک ئاڵوگۆر هاتونەتە پێشێ، کۆمەڵێک بیر و بۆچوون و پرۆژەی جۆراوجۆری سیاسی لە مەیدانی نێودەوڵەتی و سیاسی و ناوچەیی و نەتەوەیی دا لە ئارا دایەو کایە دەکا. ئێمە لە ژێر ڕووناکایی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی تێدەکۆشین وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرس وەرگرتن لە هەمووی ئەم دەسکەوتانە و لە ژێر ڕووناکایی ئاڵوگۆڕەکان دا لە دنیا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی و کوردستان ئەم پرۆژە نەتەوەیی و دێموکراتیکە بەڕێوەبەرین و جێبەجێ بکەین. بنەمای مەدەنییەت و سیڤیل لە عەقلییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای کوردستان و لە کۆماری کوردستان دا لە سیاسەتگوزاری حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنانەت دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان و ڕووخانی ئەم کۆمارە بەردەوام لە ئارا دا هەیە.

ئێمە هەمیشە پێمان وابووە باشترین و کەم زەرەرترین واقعبینانەترین ڕێگاحەل بۆ چارەسەری قەزیەی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان لەگەڵ ئەوانەی کە لە پێتەختەکان دا دەسەڵاتیان هەیە هەردیالۆگەو هەر دیالۆگە، تەنیاو تەنیا لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەکرێ گرفت و موشکلەی سیاسی جێبەجێ بکرێ و بەردی بناغەی سیاسەتی سەرۆک کۆماری کوردستان بوو ٦٣ ساڵ پێش ئەمڕۆ لەو پەڕی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی لە مەنتەقەکەی دا هەمیشە هەوڵی دا لە ڕێگای دیالۆگەوە ئەم موشکلەیە لەگەل تاران چارەسەر بکا. ٦٣ ساڵ تێپەر بوون بە سەر ئەم ڕۆژە ئەهمییەتی ئەو مەنتیقەی لە لای ئێمە نەتەنیا لە دەست نەداوە بەڵکو بە قووەتی کردووە و ئێمە ئەوەمان نەهادینە کردووە. ٦٣ ساڵ دوای کۆماری کوردستان نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بەلانی نەتەوەیی، هووییەتی نەتەوەیی خۆی پەرە پێدەدا. ئەگەر کۆماری کوردستان لە مەنتەقەیەکی زۆر گچکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە مەنتەقەیەکی زۆر چووکەتری موکریان دامەزرا بیری نەتەوایەتی و بەهێز بوونی بۆچوونی نەتەوەیی ئێستا لە سنووری ئەو کاتی کۆماری کوردستان تێپەریوەو بە خۆشییەوە بەشی زۆری ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگرتووە، ئەگەر ئەو وەختە بە هۆی دابەش بوونی نا عادڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەینی دەسەڵاتی ئەو کاتی سۆڤییەت و ئینگلیس، کۆمار نەیتوانی پەلوپۆی خۆی باوێتە خوارووی کوردستان یان بلێین باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا بە خۆشییەوە شعوری نەتەوایەتی لە مەنتەقەی کرماشان و ئیلام توانیویەتی ئەو سیگناڵەی کە کۆمار ئەو کات بۆینارِدوون کاری لە سەر دەکەن نەهادینەی بکاو جێبەجێی بکا. ئەگەر داگیرکەرانی کوردستان پێیان وابوو بە لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان جووڵانەوەی کورد تێدا دەچێ و بیری نەتەوایەتی نامێنێ بە پێچەوانە، ئەگەر دەسەڵاتی کۆمار ئەو کات ناوچەیەکی بچووکی موکریان بوو بیری نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا گەیشتۆتە خوارەوەی ئیلام و هەموو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. ئەم تەجروبەیە بۆ جارێکی دیکە ئەم مەنتیقە یان ئەو سیگناڵە دەدا بە داگیرکەرانی کوردستان کە توندو تیژی، ئیعدام و تیرۆر کردنی ڕێبەرانی کورد، وێران کردنی کوردستان، ئەنفال و لە بەین بردن و هەڵەبجەو هەمووی ئەو کارەساتانە نەتەنیا ئەو نەتەوەیە بە چۆک دا نایەنێ، بگرە لە ئێستا و لە داهاتوو دا بە بڕیارتر بە شعوری زۆرتر بە مەدەنییەتی بە قووەتتر بە خۆ ڕێکخستنی مودێرنتر، لە داهاتوودا تەواوی ئەو ئارەزوویانەی تەبدیل بە واقعییەت دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ ئەو پەیامەی کە کۆماری کوردستان دابووی بە ئێمە ئەم پەیامە لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهادینە بکەین، مەعنای نەهادینە بوونی ئەم پەیامە ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەکی بە مانایەکی سڤیل و مەدەنی دوور لە شەڕ دامەزراوە و پێی وایە ڕێگای کێشەی سیاسی ڕێگەی دیالۆگ و مەدەنییەت و خەباتی مەدەنییە ئێمە هەر ئەوە بە قووەت دەکەین، هەموو موئەسسەساتی ئێمە، ئۆرگانەکانی حیزبی، دیپلۆماسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خزمەت ئەو مەبەستە دایە کە کاتی خۆی بەو مەدەنییەتە کۆماری کوردستانی لە سەر دامەزرا. ئێمە پێمان وایە کە پرۆژەی کۆماری کوردستان پرۆژەیەکی نەتەوەیی بوو، ئەگەر لەو وەخت دا ئەو ئیفتخارە بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هاتە گۆڕێ وبەو بڕا ئەو کۆمارە

دابمەزرێنێ، لە ئایندە دا ئیفتخاری دامەزراندنی کۆمارێکی دێمۆکراتیکی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرک و وەزیفەی هەموو تاکەکانی کوردستان بە ژن پیاووەیە.

ئەگەر وایە ئەم ئەرک و وەزیفەیە خۆ دەگۆزێتەوەو دەخسرێتە ئاستی قۆناخ و وەزیفەیەک بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیواداریین وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەک لە کۆنگرەی ١٤ی خۆمان ئەو بریارەمان پەسەند کردووە کە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە جەماوەری کردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە مەدەنییەت کردنی ئەم خەباتە ئەرکی تاکە حیزبێک نیەو پرۆژەیەکی فەراحیزبی دەوێ. هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم بۆنەیەوە تێبکۆشین کە خۆمان لەو مەبەستانە کە مەبەستی کۆماری کوردستانیش بوو نزیک بکەینەوە.

بەشدارانی خۆشەویست!

هونەرێکی گەورەی پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆک کۆمارێکی گەورە ئەوە بوو چۆن تەنەوەعاتی جۆراوجۆری بە شاری و گوندی، بە بیرو بۆ چوونی جۆراو جۆر، بە ژن و پیاو، بە سەرۆک عەشیرەت و بازاری، بە خوێندەوارو دێهاتی، لە نێو کۆماری کوردستان خڕ کردبۆوە. ئێمە پێمان وایە ئەم هونەرە یان ئەو سەنعەتەی پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆک کۆمارێکی سەرکەوتوو لە وەختی خۆی دا ئێستاش دەکرێت ئێمە کەڵکی لێوەرگرین مادام بە ڕوحێکی بەرزی نەتەوەیی و فەراحیزبی چاو لە گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو مەسەلەی کورد بکەین. ئەگەر لەو سەردەم دا بەشداری هاووڵاتییان و هاوزمانانی کورد لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی نەمر مەلا مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان دا بۆ یەک جاری دیکە تەئکیدی لە سەر ئەوە کردەوە کە دەسکەوتی نەتەوەیی و ئیمکانی نەتەوەیی لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە تەبیعەتی هاونەتەوەبوونی ئێمە سنوور لە بەین دەبا بۆ جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی پابەند بەوە بینیوە، ئیمە لە تەواوی ژیانی سیاسی خۆمان دا تێکۆشاوین بە مەبەستی جێبەجێ کردنی تەعەهوداتی نەتەوەیی خۆمان لە حەدی توانای خۆمان دا ئەگەر یارمەتییەکمان بە گەشەی نەتەوایەتی چارەسەر کردنی گرفتی کورد لە پارچەکانی دیکە نەدابێ بە هیچ جۆر گرفتێک بۆ پارچەکانی دیکە دروست نەکەین.

هەر لەو پێوەندییە دا ئەو دەسکەوتەی کە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان یان لە کوردستانی عێراق لە نەتیجەی خەباتێکی دورودرێژو شعورو کەسایەتی وپێگەیشتوویی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەم پارچەیە بەدەستی هێناوە ئێمە پێمان وایە ئەو دەسکەوتە دەسکەوتی هەموو نەتەوەی کوردە. پاراستنی ئەم دەسکەوتە بە هێز کردنی ئەم دەسکەوتە بە مەدەنیت کردنی ئەو دەسکەوتە، بە کەمکردنەوەی گرفت و موشکلەکانی ئەم دەسکەوتە، دڵنیاین لە داهاتوودا گرفتی ئێمە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان کەمتر دەکاتەوە. ئەگەر بێت و دەسکەوتی چارەسەری فیدراڵیزم لە باشووری کوردستان و لە عیراقێکی فیدراڵ و دێموکراتی دا نەهادینە بێت و قانوونی بێ و جی بکەوێت و گرفتەکانی مەنتەقەی کوردستان هەمووی

چارەسەر بێ و بە تەواوی جێ بکەوێ، دڵنیام ئەم دەسکەوتە هەم بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و مێدیای کوردستان و هەم هیوادارم بە هۆی عەقلییەتی حکوومەتی تازەی عێراق ببێ بە پەیام و سیگناڵێک بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ دەوڵەتەکانی دیکەی کوردستان کە دەکرێ لە سەردەمی ئێستادا فکر لە ڕێگا چارەیەکی ئاواش بکرێتەوە کە بە شێوەی دیالۆگ و گفتوگۆ ئەو دەسکەوتەو ئەو ڕێگاحەللەی کە لە باشووری کوردستان دا هەیە ببێ بە ڕێگا چارەیەک لە ئێران و تورکیەو سووریەش. بۆیە پاراستنی ئەو دەسکەوتە بە قووەت کردنی ئەو دەسکەوتە، مەدەنییەت کردنی ئەم دەسکەوتە نە تەنیا بۆ پارچەیەک گرینگە بۆ پارچەکانی دیکەش گرینگی خۆی هەیە.

بەشدارانی خۆشەویست!

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێک کە ئیفتخاری دامەزراندنی کۆماری کوردستانی پێ بڕا، ئەو ئیفتخارە ئەرک و مەسئولییەتیشی بۆ دادەنێ قەبوڵی ئیفتخارات ئیلزامات دروست دەکا، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی چاردەی خۆماندا بە پێداچوونەوەیەک بۆ چۆنیەتی سیاسەت کردنمان لە ڕابردوودا و هەڵسەنگاندنێک لە ئایندەدا خوێندنەوەیەکمان لە داهاتووی ئێران کردووە. ئێمە لە هەموو پەیام و بۆچوونەکانی خۆمان دا لە هەموو مەیدانی دیپلۆماسی خۆماندا لە هەموو تەنزیم کردنی عیلاقاتی خۆمان دا لە گەڵ لایەنەکانی دیکە بە تایبەت لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی ئەو سیگناڵە شەفافەمان داوە ناردومانەو کاری بۆ دەکەین. ئێرانی داهاتوو چ بەشێوەی ئاڵوگۆر لەنێوخۆی دا دروست بێتەوەو یا ئەو حکوومەتە عاقڵ بێ و مەسئوول بێ و گوێرایەڵ بێ بۆ ویستی خەڵک، نابێتە ئێرانی ڕابردوو. مەبەست لە ئێرانی ڕابردوو چ بوو؟ ئێرانێک بوو لە سەردەمی شا بە لە پەراوێز خستنی نەتەوەکان بە تایبەت نەتەوەی کورد و ئێرانێکە لە سەردەمی حکوومەتی ئێستا دیسان بە ئیدامەی ئەو سیاسەتە بە بەشداری نەکردنی نەتەوەکان بە تایبەت نەتەوەی کورد لە سیاسەت دا بنەمای خۆی داناوە. ئێرانێک کە لە داهاتوو دا دروست دەبێ چ بە سوڵح دروست بێ کە ئەوە بەردی بناغەی سیاسەت کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە ڕێگەی دیالۆگ ومەنتیق و گفتوگۆ، چ بە شەر دروست بێ کە ئەوە ئێمە نین ئەگەر خەڵکی دیکە بیکا دەبێ ئێرانێک بێ لە سەر بنەمای ڕەعایەت کردنی هەموو تەنەوەعاتی سیاسی و فەرهەنگی ئێران دروست بێ، ئێرانێکی فرە نەتەوە بێ کە مانای وجوودی نەتەوەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت بەشی کورد لەو ئێرانە دا دیار بێ، ئەگەر ئێران ئەوە نەبێ نابێ بەو ئێرانە کە کورد خۆی تێدا موتمەئین ببینێ و هەست بکا کە مافی پارێزراوە و ئەو ئێرانە نابێتە ئێرانێکی ئارام و موتمەئین. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر شەفاف بە ڕوونی ئەم پەیامەی هەم داوە بە حیزبەکان و سازمانە سیاسییەکانی ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی و تا ئەو جێیەی نوێنەرانی ئێمە دەستیان بە کارو باری دیپلۆماسی دەگا ڕایانگەیاندووەو لە نێوخۆی وڵاتیش دا ئێمە تێکۆشاوین لە مەیدان و کوچەو کۆڵان و بازارو دانیشگاو شوێنی خوێندەواری ئێران ئەو پەیامەیان پێ ڕابگەیەنین ئێرانی داهاتوو دەبێ ئاوا دروست بکرێتەوە کە هەموو لایەک تێی دا بەشدار بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ جیاواز لەو ئەرکانەی کە بە نیسبەت رۆژهەڵات لە سەر شانێتی لە ئاست پارچەکانی دیکەی کوردستانیش تا ئەو جێگایەی بەلانی عەمەلی ئیمکانی سیاسی بۆ ئێمە گونجابێ تێبکۆشین لە دەرەوەو لە ژوورەوە بە تایبەت لە بوارە نێو نەتەوەییەکاندا کۆمەک بکەین بە کۆدەنگییەک، کۆمەک بکەین بۆ ئەوەی کە دنیای نێودەوڵەتی تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە ئیمکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە تێگەیشتنێکی شەفاف و باش و واقعبینانەی لە مەسەلەی کورد بە گشتی هەبێ. ئێمە لە رابردووش دا هەوڵمانداوە بە گوێرەی توانای خۆمان ئەو ئەرکە لە ئاستی نێونەتەوەیی بە جێ بگەیەنین و لە ئایندەش دا حیزبی ئێمە تێدەکۆشێ کە ئەوانە جێبەجێ بکا. بۆ جارێکی دیکە لە لایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕ بە دڵ بە خێرهاتنتان دەکەم و لە هەمان کاتیش دا هیوادارم کە بیرەوەرییەکانی داهاتووی رێز گرتن لە کۆماری کوردستان هەر چەند ئێمە لێرە لە بەشێکی رزگار کراو ئازادی وڵاتەکەمان ئەو بیرەوەرییە دەگرین و بە بەشداری هەموو لایەک ئەو بیرەوەرییە دەگرین و بە خۆشییەوە جەوهەری نەتەوەیی ئەو بیرەوەرییە لانی کەم لەو مەیدانە دا سنوری بەزاندووە، هیوادارم ئەو بیرەوەرییە لە ئایندەدا لە شارو گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بگیرێ و ئەو شوێنەی راستەوخۆ کۆماری کوردستانی لێ دامەزرا بۆ جارێکی دیکە شاد بێتەوە بە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان.

هەر بەرز و بەرێز بێ یادی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوای نەمر قازی محەممەد
پڕ رێبوار بی رێگای رزگاری کورد و رێگای کۆماری کوردستان، رێگای هەموو ئەو رێبوارانەی بۆ رزگاری نەتەوەی کورد و دامەزراندنی دێموکراسی کار دەکەن.

گەلێک سپاس بۆ ئێوەش .

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی : ٥ی فێبریوری ٢٠٠٩

## عەزیزی: هانی چالاکانی نێوخۆ دەدەین بەقازانجی کورد لەهەموو مەجالەکان کەڵک وەرگرن

کوردستان و کوردنیوز: لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی روانینی رێبەرایەتی حیزبی لەمەڕ پرسی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆکۆماری لە ئێران شی کردەوە.

پێشنیوەڕۆی ئەمرۆ دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٨ی بانەمەڕ لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا کە بە سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی تێدا بەشدار بوو، بەڕێز خالید عەزیزی، وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ بڕیارو پەسندکراوەکانی دوایین کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دا قسەی بۆ بەشداران کرد.

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەکانی دا لە پێوەندی لەگەڵ بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی بەیاننامەی ٨ مادەیەکەی کەڕووبی، یەکێک لە کاندیداکانی پۆستی سەرکۆماری لە ئێران دواو رایگەیاند کە بە خوێندنەوەیەکی دروست و نوێ کە ڕێبەری حیزب بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری وەک مەجالێکی سیاسی هەیبووەو هەروەها تاوتوێ کردنی بەیاننامەکەی کەڕووبی لە بارەی "مافی کەمایەتییە قەومی و ئایینییەکان" و بە موسبەت هەڵسەنگاندنی لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبەوە، ئەم هەڵوێستەی دەفتەری سیاسی ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لە ئاستی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای سیاسی ناوخۆی ئێران و کوردستان دا هەبووە.

هەر لەم پێوەندییەدا وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتی: ڕەنگدانەوەی ئەرێنی بەیاننامەکەی دەفتەری سیاسی حیزب لە ئاستی ڕاگەیاندن، ئێران و کوردستان دا دەریخست کە بەختەوەرانە ڕێبەریی حیزب توانیویەتی خۆی لە فەزای واقعی سیاسی ناوخۆی ئێران و کوردستان نزیک بکاتەوەو کاریگەری لە سەر فەزاکە هەبێ و وتیشی: دەنگدانەوەی هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم یەک دوو ساڵەی رابردوودا دوو هۆکاری لە پشتە، یەکیان ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان روانینی بۆ جۆری سیاسەت کردن لە حاڵەتی تەک بوعدی گۆڕاوە بۆ نەهادینە کردنی هەموو ڕێگایەکی گونجاوو، ئەوەی دیکەیان بە هەوڵ و هیمەتی کەسایەتییەکانی نێو حیزب و بەشێک لە کادرەکانی ڕێبەری، حیزبی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی خۆی لە کۆڕو کۆمەڵەی جۆراوجۆری ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەسایەتییەکانی ناوخۆ نزیک بکاتەوەو ڕێگایەکی نوێ لە خەبات و خوێندنەوەی مەجالەکان بگرێتە پێش.

خالید عەزیزی، کەسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەریی بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لە بارەی بەیاننامەی ٨ مادەیەکەی مێهدی کەڕووبییەوە وتی: لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لەو بەیاننامەیەدا تەنیا باسی بەیاننامەکەی کەڕووبیان کردووە هێشتا هەڵوێستی کۆتایی خۆمان ڕانەگەیاندوە، بەڵام لەم ڕێگایەوە توانیومانە چالاکان و کۆڕو کۆمەڵە کوردییەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هان بدەین ڕاشکاوانەتر لە جاران ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ کاندیداکان لە تاران بێننە گۆڕێ.

بەڕێز عەزیزی وێرای ئاماژەدان بە هەڵوێستی چەند ڕۆژی ڕابردووی میرحوسێنی موسەوی، یەکێکی دیکە لە کاندیداکانی پۆستی سەرۆکۆماری لەمەڕ مەسەلەی نەتەوەکانی ئێران و دەرکردنی بەیاننامەیەکی ١٢ خاڵی وتی: بەخۆشییەوە کوردەکان لە ناوخۆی وڵات خەریکن هێندێک شت بە سەر کاندیداکان دا بە قازانجی مەسەلەی کورد فەرز دەکەن کە پێویستە

پشتیوانیان لێ بکرێ و ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لەو هەوڵانە دەکەین و بیر لە ئاکامەکانی ئەم هەوڵانە لە ساڵانی داهاتوودا دەکەینەوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێز خالید عەزیزی باسی لە پەسەندکراوێکی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ چۆنیەتی هەڵوێست و روانینی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردو رایگەیاند کە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب وێڕای تەئیدکردنەوەی هەڵوێستی رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسووکەوت و پێوەندی لەگەڵ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە سەر بنەمای لێک نزیکبوونەوەو پێکهێنانی کۆدەنگی بووە، لە پەسەندکراوێکی تازەدا زیاتر لە جاران دەستی هاوکاری و لێک نزیک بوونەوەی بۆ لای هێزو لایەنەکانی کوردستان و بە تایبەت هاوڕێیانی پێشوومان (لایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) رادەکێشێ.

دوایین بەشی قسەکانی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان تایبەت بوو بە هێندێک مەسەلەی تەشکیلاتیی ناوخۆی حیزب کە راوبۆچوونی رێبەریی حیزبی لەم پێوەندییانەدا خستە روو.

دوابەدوای قسەکانی بەڕێز کاک خالید عەزیزی ژمارەیەک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە فەزایەکی تەواو دیموکراتیک دا بیروبۆچوون و رەخنەکانی خۆیان لە سەر مەسەلە پێوەندیدارەکان خستە روو کە دواتر لە لایەن بەڕێز خالید عەزیزی‌یەوە وڵامیان درایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠٠٩

---

## سمیناری کاک خالید عەزیزی لە بریتانیا

رۆژی شەممە ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ی زایینی لەشاری هوودێرسفیلد، بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرتی کوردستان، لە دیدارێکی گشتی دا لەگەڵ ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حیزب و کوردانی دانیشتووی شارەکانی باکووری بریتانیا باسێکی لەسەر وەزعییەت و جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەل و مەرجی سیاسی کوردستان بە گشتی و رۆلی حیزبی دێمۆکرات لەو ململانێ سیاسیانە دا کرد.

سکرتێری گشتی حیزب بە ئاوڕ دانەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییانەی سەرۆک کۆماریی لە ئێران، باسی لە چۆنیەتی بەشداری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کرد و وتی: هەڵوێستی ئێمە وەکوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زۆر بەجێ و یەکگرتوو و هەماهەنگ لەگەڵ ویست و داواکانی ئێستای خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بوو مەبەست ئەوە بوو چۆن لە هەلومەرجی جۆراوجۆر و ئەو دەرفەتانەی دێنە پێش کەڵکی پێویست وەربگیرێ. دوای ورد بوونەوەیەکی زۆر و باس‌وڕاوێژ لەگەڵ زۆر کەس و لایەن ئەو هەڵوێستە گیراوە و دەریش کەوت کە ئێمە دروست و بەجێ هەنگاومان ناوە. ئێمە وەکوو حیزبی سیاسی دەبێ خوێندنەوەی ورد بۆ ڕوداوەکان و ئاڵ وگۆڕەکانی وڵاتی خۆمان و دەور و بەرمان بکەین و لەگەڵ بازیەکان، دروشمەکان و هەنگاوەکان بڕۆینە پێش و بتوانین تەئسیرمان هەبێ. ئەگەر وا نەکەین ناتوانین ئەو تەئسیرە پیوێستەمان هەبێ. ئێمە ئەگەر دوور و لەو واقعییەتانە بین، ئەو ڕەوتە کە ئێستا دەستی پێ کردووە و ڕوو لەگەشەیە، ئەگەر ئینقلابی دیکەشی لێ بکەوێتەوە، بەو مانایەیە کە ئینقلابێکی بێ خوێندەوە و موتالعەیە و هەروەکوو ئەوەی ڕابردوو دەستکەوتێکی باش و درووست و بەکەلکی بۆ خەڵک بەدواوە نابێ و بە گشتی بۆ ئەوەکە کاریگەری باش بە پێی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی خۆمان هەبێ، دەبێ پێ بە پێی هەنگاوەکان لەگەڵ ئاڵ و گۆڕەکان دابین.

کاک خالید عەزیزی باسێکی لە شێوەکانی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دا کرد و لەو بارەوە وتی: هەموو شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی میللەتێک دروست و بەجێیە، هەر کام لەو شێوانە دەبێ بخرێنە خانەی گونجان و نەگونجان و هەل ومەرج و ئەو قۆناغانەی کە لە جولانەوەی ڕزگاری میللەتێک دا لە گۆڕێ دان. بۆ وێنە خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێران لە سەردەمێک دا وەسیلەیەک بوو کە میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی دیفاع لە خۆی بکا. هەروەها زۆر جار خەباتی چەکداری میللەتێکی لە چەوسانەوە ڕزگار کردووە و تەنانەت سەربەخۆیشی لێکەوتۆتەوە. لە ڕوانگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خەبات مێتۆد و شێوەی کارە نەک ستراتیژی، ئەگەر وایە بەدرەوام دەکرێ لە ئاڵوگۆر دابێ. بۆیە کەم زەرەرترین مێتۆد لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بە باشترین شیوە دەزانێ. سەرەڕای خەباتی جەماوەری، تەشکیلاتی، دیپلۆماسی، میدیا وەکوو تەلەفزیۆن، ئینتێرنێت و مۆبایل لە خەبات دا دەورێکی زۆر گرینگ دەبینێ و ئێمە دەتوانین بە کەلک وەرگرتن لەو کەرەسانە لە مەیدانێکی بەر بەرین دا کۆماری ئیسلامی بە چاڵش بکێشین.

هەروەها ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەلو مەرجێک بڕەخسێنی بۆ ئەوە کە لەگەڵ ئێمە بکەوێتە وتوویژ، لەگەڵ ئەوە دا کە دەبێ هەموو ئەگەرەکان لە بەرچاو بگرین و بە وردی بزانین کە ئەو ڕێژیمە مەبەستی لە وتوویژچیە. دەبێ بە وردی لێی بڕوانین و لێی تێی بگەین. بەڵام ئەوە زۆر گرینگە ئێمە بە کردەوەکانی خۆمان و تێکۆشانمان کۆماری ئیسلامی بکێشینە سەر مێزی وتوویژ. بە باوەڕی ئێمە چارەسەری کێشەی کورد ڕێگای نیزامی نیە و حیزبی دێموکرات هەمیشە ئامادەگی ئەوەی هەبوە کە لەڕێگای دیالۆگ و گفت و گۆ ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.



سەرچاوە
Serchawe

لە بەشێکی دیکەی وتەکانی سکرتێری گشتی حیزب دا ئیشارە بە بەشداری خەڵکی کوردستان لەو ئاڵۆزیانەی ئێران دا کرا وتی: خەڵکی ئێمە بە درێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دیفاعی لە خۆی کردوە و لەو ماوەیە دا بە هەزاران شەهید و زیندانی و شکەنجە و ئازار و ئەزیەتی دیوە. ئەگەر قەرارە تەسویە حیسابێک لەگەڵ ڕێژیم بکرێ، نابێ تەنیا لەسەر حیسابی کورد بکرێ. کورد ناتوانێ بەتەنیا ڕێژیم بە چۆک دابێنێ و تەوسویە حیسابی لەگەڵ بکا. ئێمە پێویستیمان بە خەڵکی ئێرانە و ناچارین لەگەڵیان لە پێوەندی وهاوکاری دابین و دەبێ لەگەڵ ئەو ڕەوتە کە ئێستا ناوی ڕەوتی سەوزی لێنراوە، هەنگاوەکانمان بەرەو پێش بەرین. ئێمە لەو ماوەیە دا ئەو کارەمان کردوە و ستراتیژیشمان بووە. دەبێ لەو ڕێگایەوە زۆر وردتر و باشتر و جیددیتر مەسەلەی کورد لەگەڵ خەڵکی ئێران باس بکرێ، دەبێ خەڵک ئێران بە گشتی لە مەسەلەی ئێمە تێبگەن، دەنا ڕەنگە لە داهاتوو دا توشی کێشەیەکی زۆرتر بین لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە داهاتووی ئێران دا دەسەڵاتی ئە وڵاتەیان بەدەستەوە دەبێ .

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی دا باسی لە پێویستیی یەکگرتوویی لایەنە سیاسیەکان کرد وتی: ئەگەر لەو سناریۆ یانە دا هاودەنگ لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بچینە پێش تەئسیرمان زیاتر دەبێ. ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە لەو ماوەیە دا کە بتوانین لە دەوری یەک کۆبینەوە و بە فکری جیاوازەوە دەنگێکی یەکگرتوومان هەبێ بۆ مەسەلە گشتیەکانی تایبەت بە مەسەلەی نەتەوەکەمان. ئێمە لەهەنگاوەکانمان دا لەو بارەوە تا ڕادەیەک چووینە پێش کە خاڵێکی بە هێزە، بەڵام نەگەیشتوینە قۆناغێکی دڵخواز. هەرچەند بە داخەوە ئەو هەوڵانە بە ئاکامی تەواو نەگەیشتوون بەڵام ئێمە لێی سارد نەبوینەوە و ئەو سیاسەتە درێژە پێ دەدەین. ئەگەر ئەو کێشە و ناکۆکیانەی ئێمە درێژە بکێشن جێگەو پێگەی مەسەلەی کورد لە کێشەکانی نێو خۆی ئێران کزتر و لاوازتر دەبێ.

سەبارەت بە هەنگاوەکانی حیزب بۆ پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە کاک خالید وتی: ئێمە لە پێوەندەی بەردەوام و فەعال داین لەگەڵ دنیای دەرەوە ، بەتایبەت، ئەمریکا بریتانیا یەکێتی ئوروپا، ئەنترنا سیۆناڵی سۆسیالیست و ئەو جێگایانەی کە پێمان وایە تەئسیرێکیان بۆ بەرەو پێشبردنی هەنگاوەکانی ئێمە هەیە. ئێمە پێمان ڕاگەیاندوون کە کورد لەسەر ئێران بێ تەفاوەت نیە. لەهەر ئاڵوگۆرێک کە پێوەندی بە داهاتووی ئێرانەوە هەیە دەبێ کورد وەکوو فاکتۆرێک لە کێشەکان دا سەیر بکرێ و بە بێ ئێمە هیچ چارەسەرێکی جیدی ناکرێ. بە گشتی دنیای دەرووە تێگەشتنیان لە هەڵوێست و بۆچوونی ئێمە بۆ حەللی کێشەکان لە ئێران دا هەیە. لە هەمان کات دا ئاماژەی بەو ڕاستیەش کرد کە دیپلۆماسی کوردی ئێران زەمانێک دەتوانێ شوێنی کاریدەر دابنێ ئەگەر کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە نێو خۆی وڵات دەنگ و ڕەنگێکی بەرچاویان لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران دا هەبێ. هەروها لە بە شێکی دیکەی قسەکانی دا سکرتێری گشتی حیزب ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر ئو ڕوتە درێژەی هەبێ، هان بدرێ و بەرەو پێشەوە بچێ کۆماری ئیسلامی زیاتر بە چاڵش دەکێشرێ. لە درێژەی ئەو حاڵەتە دا یا حکومەت ئەو وەزعییەتە تەحەممول ناکاو زۆرتر لە مێتۆدەکانی نیزامی و کودتایی کەڵک

وەردەگرێ  کە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی وشیار و ئاڵ وگۆرخوازی ئێران بەرەوڕوو دەبێتەوە یان ڕێژیم ناچار دەبێ گوێ بۆ خواستەکانی خەڵک ڕابگرێ. لە هەر حاڵ دا جمهوری ئیسلامی لە درێژخایەن دا سیستمێکی بێ ئایەندەیە. ئێمە وەکوو کورد دەبێ لەو مەیدانە دا بە هۆوییەتی خۆمانەوە بچینە ناو ئەو گەمەیە. مەبەست ئەوەیە وێڕای ڕاگرتنی هاوکاری و هەماهەنگی و لێک تێگەیشتن لەگەڵ جوڵانەوەی ئێستای تاران و شوێنەکانی دیکە، ئێمە زەمینەی مناسب و گونجاو دروست بکەین بۆ هاتنە گۆڕی ویست و داواکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران.

هەروەها سکرتێری گشتی حیزب ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە نابێ لە خانەی مێژوویی کێشەکان دا بمێنینەوە و فکر لە ئایەندەی بەرژەوەندی کوردستانی ئێران بکەینەوە، ئەویش بە مانایە کە دەبێ سیاسەت لە خانەی تۆڵە ئەستاندەوە و دوژمنایەتی بێنینە دەرێ و زۆرتر هاندەری ئەوە بین لە ناو سیستمی کۆماری ئیسلامی دا یارمەتی بەو لایەنە و جوڵانەوە جەماوەریە بکەین کە دوای هەڵبژاردن لە دژی دەسەڵاتی ئەحمەدی نژاد و خامنەیی بە بۆنەی جۆراوجۆر لە شەقامەکانی ئێران دا دێنە مەیدان.

لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ دنیای دەروە دا کاک خالید وتی: سروشت و ویست و داخوازی دنیای دەرەوە سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ جمهوری ئیسلامی بە جۆرێکە کە ئیمکانی سازش و تەوافوق بە دوور نابیندرێ. بۆیە تەواو بوونی کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ دنیای دەروە دەتوانێ هاندەرێک بێ بۆ هاتنە گۆڕی زیاتری مەسائیلی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە دژی ئەو ڕێژیمە. هۆیەکەشی ئەوەیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کێشەی ئەتۆمی وەک کارتێکی مەزنیخوازی لە و ناوچەیە کەلک وەردەگرێ و گەمەی پێدەکات و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەخۆیەوە مەشغوڵ دەکا و سەرنجیان لە مەسائیلی ناوخۆی ئێران بەلارێ دا دەبا.

کۆتایی وتەکانی سکرتێری گشتی تەرخان کرابوو بە وەزعییەتی سیاسی گەلی کورد لە  پارچەکانی دیکەی کوردستان و لەو بارەیەوە ئیشارەی بە ئاڵ و گۆڕەکانی ئەو دواییەی تورکیە کرد و پشتیوانیی حیزبی جارێکی دیکە بۆ چارەسەری ئاشتیی کێشەی کورد لەو وڵاتە دووپات کردەوە، هەروەها هیوای خواست کە ئەو ڕەوتەی ئێستای تورکیە نهادینە بکرێ و لە نهایەت دا سوریەش بگرێتەوە و وەکوو عێراق قانوونی بکرێ و وردەوردە ئەو شێوە تێگەیشتنە لە مەسەلەی کورد لە کۆمەڵگای ئێرانیش جێ بکەوێ و هەم کۆمەڵانی ئێران و هەم دەسەڵات خۆی مولزەم و متعهد بە چارەسەری مەسەلەی کورد بزانێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ  /  ڕێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

## پێکهێنانی سیمینارێکی سیاسی بۆ کاک خالید عەزیزی لە وڵاتی سوئێد

کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی سیاسی بۆ بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ڕوانگە و بیروبۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاست مەسەلە گرینگە پەیوەندیدارەکانی بە کێشەی کورد لە وڵاتی سوئێد پێکهێنا.
کاتژمێر ۱۰:۳۰ی بەیانی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ۱٤ / ۱۱ / ۲۰۰۹ سمینارێکی سیاسی بۆ بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بەشداری نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و هەروەها دەیان کەس لە کەسایەتیە سەربەخۆکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ژمارەیەک میوان، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان بەڕێزان کاک محەممەد ئیسماعیلی و کاک حەمەدەمین ڕەشیدی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕیوەبەری حیزب لە سوئێد چەند وتەیەکی کورتیان لە سەر کارەکانی ئەم سمینارە بۆ بەشدارن باسکرد و داوایان لە کاک خالید عەزیزی کرد کە وتەکانی خۆی پێشکەش بکات.

سەرەتا بەرێز کاک خالید عەزیزی هەموو لایەکی بەخێرهاتن کرد و ئەوجار تەوەری باسەکانی خۆی لەگەڵ بەشدارن باس کرد. کاک خالید عەزیزی باسێکی سیاسی و پرنێوەرۆکی لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و ئێرانی و هەروەها بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، پێشکەش بە بەشدارانی ئەم سمینارە کرد. لەبەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەرێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی ۳۰ ساڵە بە دژی کۆماری ئیسلامای ئێران بەربەرەکانی دەکا، کاک خالید لە درێژەی باسەکەی دا گوتی: گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشێک لە هیزە سیاسی‌یەکانی دیکەی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بە شێوەی ئاشتی و دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە لە ئاست مەسەلە پێوەندیدارەکانی کورد و حکوومەتی ناوەندی ئێران بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانمان هەڵس و کەوت بکەین، بەڵام بە داخەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە وەڵامی شەڕ درایەوە و گەلی کوردیش بەناچار ڕێگای بەرنگاربوونەوەی هەڵبژارد.

بەرێز کاک خالید عەزیزی لە بەشێکیتری وتەکانی دا ئاماژەی بە هاوکاری و کۆدەنگی هێزە و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و وتی پێویستە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادی‌یەکانی خۆیان بە مکانیزمێکی نوێ و سەردەمیانە و بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن لە ئاست بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی، لە بەرانبەر یەکتر دا بجووڵێنەوە و هەروەها بەرێزیان لێکنزیک بوونەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە پێویستی‌یەکی هەنووکەیی و مێژوویی ناوبرد و بیروبۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ئاست ئەم پرسە گرینگەدا بۆ گشت لایەک بە ڕوونی باس کرد.



سەرچاوە
Serchawe

سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی نێوخۆی ئێران دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆککۆماری لە ئێراندا بەڕێزیان ووتی کە: ئەم خۆپێشاندانانە کە ئەمڕۆ بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکردووە و کەلێنی خستۆتە نێو دەسەڵاتی ئێران، زۆر پێویستە کە ئێمە هێزە سیاسییەکان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆستنەوەی ئەم هەلە، ئامانجە بنەڕەتییەکانی خۆمان بگەیێنە گوێی هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ ئازادی تێدەکۆشن و لەهەمان کاتدا لە بەرامبەر بە کێشە و ئاڵوگۆڕەکان لە تاران بێ تەفاوەت نەبین و مەجال بۆ خۆمان درووست بکەین کە مەسەلەی کورد لە ئێراندا بێتە گۆڕێ و لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ئێران زۆرتر لە قەزیە کورد تێبگەیێنین و خەباتەکەمان زیاتر بە نەتەوەکانی بن دەستی ئێران بناسێنین. دوای تەواو بوونی وتەکانی کاک خالید بەشداران بە گشتی بە هێنانە گۆڕێ پرسیار و تێبینییەکانی خۆیان باسەکەیان چڕوپڕتر کرد و کاک خالیدیش بە پێی پێویست وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە و سوپاسی گشت لایەکی کرد کە لە باسەکاندا بەشداریان کردووە، سیمیناری سیاسی بەڕێز کاک خالید دوای سێ سەعاتونیو باسی هەمەلایانە بە گۆرانییەکی خۆش لە لایەن کیژۆڵەی دەنگخۆشی کورد شنۆ ئەحمەدی لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران کۆتایی پێهات. دوای سیمینارەکە بەڕێز کاک خالید چاوی بە نوێنەری زۆربەی هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشدار لەم سیمینارەدا کەوت و بۆ ماوەیەکیش بەم شێوەیە ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکان و نوێنەری حیزبە کوردستانییەکان کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی سوئێد

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

---

## خالید عەزیزی: ئەرکی کوردایەتی مڵکی هەموو گەلی کورد

### وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
### لە سمیناری فینلاند

**حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ شەڕ دانەمەزرا**

ڕەنگە ئەو باسەی من کە ئێستا پێشکەشتانی دەکەم بە هۆی ئەوە کە ماوەیەکی زۆرە لە میدیاکانی حیزبی و لە کۆڕ و کۆمەڵ و سیمینارەکان دا بڵاو دەبێتەوە، لە زۆر بابەتەوە زۆر تازە نەبێ بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشین و سیاسەتمان ئەوەیە کە لە سیمینارەکاندا، چ سیمیناری حیزبی و چ سیمیناری گشتی،

دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک، لە گەڵ روناکبیران و لە گەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشن چەند و چۆنیی جوڵانەوەی کوردستانی ئێران بەهێزتر بکەن و لەو پێوەندیەدا، لە دەورانێکدا کە بە داخەوە تا رادەیەکی زۆر لەتبوون و ئینشعابات و ئینشقاقات باڵی بە سەر بزوتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشاوە، ئێمە کەڵکی لێ وەربگرین. بەشبەحاڵی خۆمان هەوڵمان داوە لە گۆفتمان و وتار و بۆچوونی دوو ساڵی رابردووی خۆمان دا کۆمەک بەو عەقڵێەتە بکەین لە چۆنیەتی پێوەندیی حیزب لە گەڵ جەماوەر.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کاتی خۆی کە کە لە سەر دەستی پێشەوا، شێست و چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ دامەزرا، بە فەلسەفەیەکی مەدەنی دامەزرا. حیزبێک نەبوو بەرهەمی شەڕی چەکداریی چەند چەکدار یان چەند پێشمەرگە کە لە شاخ کردبێتیان و بێن حیزب دامەزرێننەوە. حیزبێک بوو دوور لە شەڕ، دوور لە چەک، بە عەقڵێەتی شار، لە مەهاباد، بە بەشداریی هەموو کۆمەڵانی خەڵک، کەم و زۆر بە چین و توێژی جۆراوجۆر دامەزرا. کەوابوو مەدەنیەت و هەوڵدان بۆ ئەوە کە حیزبی دێموکرات لە مەجالی قانوونی کەڵک وەربگرێ و ئیستیفادەی لێ بکا، لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دا سیاست نییە، تاکتیک و شوعار نییە بەڵکو نەمایە و جەوهەر و فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەو حیزبە کاتێک دامەزرا، رێبەرانی چەکیان لە شاندا نەبوو و دەمانچەیان بە قەدیەوە نەبوو و لە مەقەراتی پێشمەرگەدا دانەمەزرا. لە شار و بۆ ئیدارەی وڵاتیان دامەزراند و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەوە بوو.

### کێشە ناوخۆییەکان حیزبی دێموکراتیان لە رەساڵەتی خۆی دوور خستەوە

بەڵام بە داخەوە رەوتی زەمان و ئاڵوگۆڕەکان و گۆڕانی هاوسەنگیی هێزەکان لە ئێران و لە کوردستان ئەو مەجالەی بە حیزبەکەی پێشەوا و حیزبەکەی کۆماری کوردستان نەدا کە بتوانێ لە سەر بنەمای ئەوە، بە تێکەڵاوی لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک سیاسەت بکا و بتوانێ پرۆژەیەکی باش بۆ ئیدارەی وڵات لە ئایندەدا جێبەجێ بکا. شەڕی داسەپاو، دەربەدەری و هەروەها تا رادەیەکی زۆر لە سی ساڵی رابردوودا و هێندێک پێشتریش، ئینشعابات و ئینشقاقات و کێشەی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتیش بەش بە حاڵی خۆی کۆمەکی بەوە کردووە کە ئێمە نەمانتوانی یان ئەو مەجالەمان بۆ هەڵنەکەوتووە تا پرۆژەکەی کۆماری کوردستان و ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی لە سەر دامەزرا، درێژەی پێبدەین. ئێمە تێدەکۆشین ئێستا و دوای سی ساڵ شەڕ لە دژی جمهوری ئیسلامی، کە پێموایە حیزبەکەی ئێمە و حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانیش لانیکەم لەو مەیدانەدا دەبێ بە تەجروبە بن، (ئێمە تازەکاری سیاسی نین، لانیکەم حیزبەکەمان و رێبەرانی ئەم حیزبە و کادر و

ئەندامانی ئەم حیزبە) بۆیە دەبێ تا ئەو جێیەی پێوەندی بە ئیمکان و توانای حیزبەکەی ئێمەوە هەیە، وڵاممان بۆ زۆر شت پێ بێ. لە هەمان کاتیشدا ئەو واقعیەتە دەبێ لە بەرچاو بگرین کە ئەگەر حیزبێک زۆریش بە توانا بێ و مەجالی باشیشی بۆ هەڵبکەوێ و ئەندامانیشی زۆر کار بکەن، بەڵام گۆڕانکاری لە ئێران و گۆڕانی سەحنەی سیاسیی ئێران هەمووی بە حیزبەکەی ئێمە ناکرێ. بۆیە لە هەمان کاتدا کە ئێمە تێدەکۆشین لە هەموو مەجالەکان و عەقڵییەت و توانایی ئەندامان و کادرەکانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەڵک وەربگرین، ئەو واقعیەتەش لە بەر چاو دەگرین کە گۆڕانکاری و هێنانە گۆڕی سیناریۆیەکی گونجاو کە بتوانێ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەر بکا، هەر بە تەنیا کاری ئێمە نییە. من تێدەکۆشم بە کورتی لەو چوارچێوەیەدا تیشک بخەمە سەر هێندێک خاڵ:

## خەڵکی کورد بەپێی هەلومەرجی ژیانیان دەبێ زیاتر بێنە مەیدان

یەکەم؛ ئێستا ڕەنگە بۆ زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە فکر لە داهاتووی ئێران و کوردستانی ئێران دەکەنەوە، شتێک کە زۆر پێیەوە بناڵێن ئەوەیە کە لە ئێراندا بارودۆخەکە چی لێ دێتەوە و ئەگەر ئاڵوگۆڕێک هاتە ئاراوە ئایا کورد لە کوردستانی ئێران بە لەبەرچاو گرتنی واقعیاتی سەحنەی سیاسیی کۆمەڵگای ئێران، مەجال و دەرفەتی بۆ بازیگەرێکی باش لەو مەیدانانە چییە؟ ئامادەگی ئێمە چۆنە؟ ئەو لەتبوون و ئینشعاباتە چۆنی بۆ دەچین و تا کەی ئیدامە پەیدا دەکا؟ هەر ئاوا دەڕوا و ئوسولەن چۆن دەکرێ ئێمە ڕێگا چارەیەکی بۆ ببینینەوە؟

ئێران وڵاتێکی پان و بەرینی حەفتا میلیۆنیە. کوردیش بە حەشیمەتێکی دەوری هەشت تا دە میلیۆنی. (ناکرێ لێرە لە سەر ئامار شتێکی موشەخەس بڵێم، چونکە تا ئێستا ئەو مجالە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵنەکەوتووە بڵێین حەشیمەتی کورد چەندە. سنووری جوغرافیایی کوردستان، ڕادەی حەشیمەتی کوردستان و بەشێک لەوانە با بیئەسپێرین بە داهاتوو) لە سەر یەک ئەگەر ئێمە بمانهەوێ لە ئەگەرەکانی داهاتوودا پێگەی کورد هەڵبسەنگێنین، پێش هەموو شت دەبێ بزانین ئێمە وەک کورد قورساییمان لە پانتایی و لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا چییە. ئێران وڵاتێکە تەنەوعات و جۆراوجۆری تێدا هەیە. بەڵام ئەو تەنەوعاتە بە مانای ئەوە نییە کە جێ کەوتبێ و لە سەر بنەمای ئەو تەنەوعاتە قانوون دامەزرابێ و داهاتووەکەشی وا بە ئاسانی جیبەجێ بکرێ. ئێران وڵاتێکە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر بنەمای حوزوری فەعالی فارس و ئازەری پێکهاتووە. نەتەوەکانی دیکە وەک کورد و تورکمەن و عەرەب و بلوچ دەورێکی زۆریان لە دروست کردن و ڕوخاندنی حکومەتەکان لە ئێراندا نەبووە. بەڵام کاتێک دێینە سەر ڕێگا چارە، ئێمە فێدرالیزم پێشنیار دەکەین. فیدرالیزم لە باری قانونمەندیەوە بۆیە نوسخەیەکی باشە بۆ ئەوەی ئێران موتەمەرکیز نەبێ و بە تەبەعیەتی ئەوە کە لە دنیای ئەمڕۆدا لە زۆر شوێن تەجروبە کراوە، مەقبولیەت و پەزیرشی هەیە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کارەکە تەواوە. فیدرالیزم ئەگەر لە باری تیئۆریکیشەوە قەبوڵ بکرێ، کە داوای ئێمەیە و شتێکی گونجاوە بۆ داهاتووی ئێران، بەو مانایە نییە کە سەحنەی سیاسیی ئێران وا بە ئاسانی ئەو فیدرالیزمەی کە ئێمە مەبەستمانە بە خۆیەوە دەبینێ.

قورسترین کار یا گەورەترینی کێشەکان یا پیچیدەگی سیاسی داهاتووی قەزیەی ئێمە ئەو کاتە دەست پێدەکا کە ئێمە چۆن لە چوارچێوەی ئێراندا دەکەوینە نێو کۆمەڵێک کێشەی قانوونی، کێشەی سیاسی و کێشەی هاوسەنگیی هێزەکان و سازش کردن و رێککەوتن لە گەڵ یەکتر. بۆیە ئاماژەم بەوە کرد، خەباتی ئێمە لە ئاستی موبارزە لە دژی جمهوری ئیسلامی و هەموو ئەو شەهیدانەی کە داومانە و ئەو فیداکاریەی کە نەتەوەی کورد کردوویەتی، لە حەدی توانای خۆماندا ئێمە کەممان نەهێناوە. بەلاّم هەموو ئەو رابردوو و تێکۆشان و خەباتی سی ساڵەیەمان، کاتێک کە دێینە سەر چۆنیەتی تەعامول لە گەڵ تاران لە سەر داهاتووی کوردستان، بۆ ئێمە وەک کورد کارنامەیە. بۆ بنەماڵەی کوردەکان کارنامەیە، بۆ فەرهەنگ و کۆمەڵگای کورد و ناسنامەی کوردی کارنامەیە بەلاّم لە سەر ئەساسی ئەو کارنامەیە ناتوانین لە تاران معامەلە لە گەڵ میللەتەکانی دیکە بە تایبەت فارس و ئازەری بکەین و لە سەر ئەساسی ئەو کارنامەیە بێنین قانوونمەندی بکەین. لە مەیدانی سیاسەت و سەحنەی سیاسەت دا رادەی حوزور و رادەی توازن قوا و رادەی ئەوە کە ئێمە لەو گۆڕەپانی ئاڵوگۆڕانەدا چەندە فاکتۆرین، ئەوە دەیباتەوە. دەنا رابردووەکە شتێکە کارنامەی خۆمانە. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا تێکۆشاوین لە ژێر روناکایی ئەو بۆچوونەدا رادەی حوزوری خۆمان لە هەنگاوی یەکەمدا لە رۆژهەلاّتی کوردستان بە هێز بکەین. بەو مانەیە کە تێبکۆشین خەڵکێکی زیاتر هان بدەین لە مەیدانی جموجۆڵ و فەعالیەت کە لە گەڵ وەزع و ژیانی ئەوان گونجاو بێ و لە چوارچێوەی قانوونەکانی جمهوری ئیسلامی بەو لانیکەمەی کە دەگونجێ، هەوڵ بدەین و هانیان بدەین کە کار بکەین.

## پێناسەی ئەمنییەتی بۆ کوردستان کۆماری ئیسلامی و پان ئێرانیسم بەهێز دەکا

هەنگاوی دووهەممان بە تەبعیەتی ئەوە کە ئێمە باوەڕمان بەوویە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا حەل دەبێ و لەو قەناعەتە داین کە روخاندنی جمهوری ئیسلامی تەنیا بە کورد جێبەجێ ناکرێ، ئەگەر قەرار بێ جمهوری ئیسلامی بڕوخێ دەبێ لە مەیدانێکی بەر بەرین، بە بەشداریی هەموو لایەک بڕوخێ. ئەگەر وایە ئێمە لەو مەیدانەدا ئیحتیاجمان بە دوو شت هەیە؛ یەکەم کۆمەڵگای غەیرە کوردی ئێران کە شێست میلیۆنەکەی دیکەیە، دەبێ دەرکی کێشەکەی ئێمە بکا. ئەو کۆمەڵگایە ئەگەر لە ئێمە نەگا و مەسەلەکەی ئێمە دەرک نەکا و ویست و داخوازی ئێمە و کێشەکانی قەزیەی کورد دەرک نەکا، ئێمە لە باری ڕەوانیەوە سبەی لە گەڵ سیناریۆیەک رووبەرو دەبین کە ئەگەر بەشێک لە بژاردەکانیش لە تاران ئامادەگیان بۆ چارەسەری کێشەکەی ئێمە هەبێ ، کۆمەڵگاکە ڕەنگە ئەو مەجالەیان پێ نەدا. ئەوە پرۆژە یان بەرنامەی دووهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە تێبکۆشێ لە حەدی توانای خۆیدا مەسەلەی کورد بباتە نێو کۆمەڵگای ئێران. پرۆژەی سێهەمی ئێمە دەبێ ئەوە بێ کە بە حوکمی ئەوەی حیزبەکان و بژاردەکان لە گۆرەپان و پانتایی سیاسیی ئێراندا دەور دەگێڕن و دەتوانن تەئسیریان لە سەر سیاسەت هەبێ، چۆن پێوەندی بەو کەسانەوە بگرین، (بە خەڵکی سیاسی، نووسەران، چالاکانی فەرهەنگی، حقوقی، مافی مرۆڤ و تەنانەت ئەوەی لەم دواییانە بە ناوی بزوتنەوەی سەوز ناوی

دەرکردووە) و لەو فورسەتەی هاتۆتە گۆڕێ، مەسەلەی کوردیان لە گەڵ باس بکەین. ئەوەش یەکێکی تر لە پرۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا لە پەراوێز نەکەوێ و نەکەوێتە خانەی کێشەیەکی نیزامی و ئێمە مەجال بە جمهوری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد و ویلایەتی فەقیهـ نەدەین لە سەر ئیدامەی سیاسەتی تا ئێستای خۆیان قەزیەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا تەنیا لە خانەی ئەمنیەتیدا پێناسە بکرێ. مادام لە خانەی ئەمنیەتیدا پێناسە بکرێ، بەرژەوەندی جمهوری ئیسلامی ئێران بە گشتی و پان ئێرانیزم بە هێز دەبێ و لە ئاکامدا بەربەرەکانی لە دژی میللەتی کورد بە هێزتر دەبێ و مەجالەکان بۆ ئێمە کەمتر دەبنەوە. ئەوە کۆمەڵێک پرۆژە بوون کە ئەو ماوەیە ئێمە حەولمان داوە لە تەبلیغات و لە دیپلۆماسی و لە چۆنیەتی عیلاقات و پێوەندیمان لە گەڵ ئەو خەڵکەی ئێستا لە تاران بە دوای هەڵبژاردن دا فەعالیەت و جموجۆڵیان هەیە، ئەو پەیامەیان پێ رابگەیەنین.

## خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان مەحدوود بە حدک و تەنانەت هەموو حیزبەکانیش نییە

بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی خۆمان بگەیەنین و کورد بکەین بە فاکتۆرێکی بەرچاو تا لە ئەگەرەکانی داهاتوودا بتوانێ لە ئێراندا یاریکەرێکی باش بێ، تەنیا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان مەجال و دەرفەت و ئیمکانی خۆی هەیە بەڵام مادام باس لە جوڵانەوەی کوردی ئێران بە گشتی دەکەین، کوردستانی ئێران مەیدانێکی بەرباڵاوە بە تەنەوعاتی جۆراوجۆر (سوننی، شیعە، یارسان. تەنانەت ئایینی بچوکی دیکەش رەنگە هەبێ و من ئێستا نەیانزانم، هەروەها تەنەوعاتی دیالێکتیک و ناوچەیی و هەمووی ئەوانە.) لە سەر بنەمای ئەو تەنەوعاتە ئەگەر کورد بیهەوێ سبەینێ لە ئێران یاریکەرێکی بەهێز بێ، دەبێ ئەو هەستە نەتەوایەتیە بە هێز بکەین. هەستی نەتەوایەتی یان چۆنیەتی بەهێز کردنی بنەمای نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێراندا، ئێمە تەنیا لە دروشمدا نابیین. ئێمە ئەگەر خەباتی نەتەوایەتی دەکەین و وەک نەتەوەیەک هاتوینە مەیدان، دەبێ قەواعیدی یاریەکەشی بۆ دیاری بکەین. لە روانگەی حیزبی دێموکراتەوە هەستی نەتەوایەتی دەبێ لە نێو هەموو ئەو تەنەوعاتە دا بە هێز بێ بۆ ئەوەی بتوانین لە کوردستانی ئێران ئەو یەکدەنگیە بە هێز بکەین. ئێمە لانیکەم لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا تێکۆشاوین بۆ درێژەدان و جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەش سەرمایەگوزاریەکی زیاتر لە سەر پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام بکەین. لە کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەوە باسێکی جیدی بووە کە چۆن ئێمە سەرمایەگوزاری لەو ناوچانە بکەین تا ئەوان زیاتر لە جموجۆڵەکەدا بەشدار بن.

جیاواز لە پانتایی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە روانگەی ئێمەوە ئەرکی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران مەحدوود بە حیزبێک نییە، ملکی یەک حیزب و بە بەژن و باڵای یەک حیزب نەبڕاوە. لە هەمان کاتدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازیی دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستانی هەبووە، تەمەنی شێست و چوار ساڵە و حیزبێکی ناسراوە، بنەمایەکی بە هێزی نەتەوەیی هەیە، لە زۆرێک لە شار و گوندەکانی کوردستان و لە زۆرێک لە بنەماڵەکانی کوردستاندا حوزوری هەیە،

لە ئاستی نێودەوڵەتی ئیعتبار و شەخسیەتێکی باشی هەیە، بەڵام دیسانیش گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەنیا ملکی حیزبی دێموکراتی کوردستان نییە و پێمانوایە لەم مەیدانەدا ئەحزابی دیکەی کوردستانیش تێیدا بەشدارن.

## سڕینەوەی ئاسەواری لەتبوون بەرنامەی سەرەکیی حدکە

ئێمە لانیکەم تا ئەو جێیەی پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە کە دەنگ و ڕەنگی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی ئێران بە هێزتر بێ، حەولمان داوە بە دوای ئەو ئینشعابات و ئینشقاقات و لەتبوونانەی هاتوونەتە گۆڕێ، لە گوفتمان و لە سیاسەت کردن و لە قسە کردن و لە وتوێژ و لە هەڵوێستی ڕەسمیی هەموو ڕێبەران و بەرپرسانی حیزبدا بە جۆرێک تەعامول لە گەڵ حیزبەکانی دیکە و لایەنەکانی دیکە بکەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو مەیدانەدا تێکۆشاوە و تێبکۆشێ زیاتر یارمەتی بەوە بکا. ئەوەی ئێمە دەیکەین دیپلۆماسی نییە، دروشم نییە. ئەوە باوەڕە. لە کۆنگرەی چواردەوە تا ئێستا بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ئێوە هیچ گوفتمان و هیچ وتار و هیچ وتوێژێک لە هیچ ڕێبەر و بەرپرسێکی حیزبی ئێمە نابینن لە چۆنیەتی عیلاقاتی ئێمە لە گەڵ حیزبەکانی دیکە بە تایبەت هاوڕێیانی پێشوومان بە جۆرێک عەمەل کرابێ کە ئێمە ئێستا دێینە سەر مەیدانی موعامەلە لەو بابەتەوە لێی پەشیمان بینەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشاوین و تێدەکۆشین حیزبایەتی وەک ئامراز و ئەبزار چاو لێبکەین. حیزبایەتی لەو حاڵەتە تەقەدوس و مەزهەبیە بێنینە دەرێ و تێدەکۆشین کە حیزب بتوانێ گوێڕایەڵی ڕەخنە و پێشنیار و بۆچوونی کۆمەڵگا و خەڵک بێ. مادام ئێمە ئاوا بیر لە حیزبایەتی دەکەینەوە، پێمانوایە نابێ بە پەلە قەزاوەت لە سەر کێشەکان بکەین. بە داخەوە تەبیعەتێکی ئێمەی کورد ئەوە بووە کە کاتێک تووڕە دەبین، لەحزەیی بیر دەکەینەوە و لەحزەیی بڕیار دەدەین. کەمتر داهاتووی قەزیەکە دەبینین. بۆیە ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە جۆرێک هەڵوێستمان گرتووە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوومان یا هەر لایەنێک لە سەر چۆنیەتی پێکهاتن، تەوافوق و کرانەوەی بەرەیەکی بە هێز دانیشین، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو مەیدانەدا دەستمان ئاوەڵایە و بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەڵوێست و بۆچوونێکمان نەبووە کە لانیکەم لەو خانەیەدا ئەسبابی ڕەخنە و ئینتقادێکی جیدی بێ. بۆیە ستراتژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەمدا تێبکۆشین کۆمەک بکەین بە ڕەواندنەوەی شوێنەواری ڕەوانی کێشەکان. ئەوەمان وەک بۆچوون هێناوەتە گۆڕێ کە عومری ئینسانیەت زۆر لە عومری حیزبایەتی گەورەترە. بەشێکی زۆرمان پێش ئەوەی بێینە نێو حیزب، تەنزیمی عەلاقات و ڕەوابیت دەکەین.

کۆنترین حیزبی کوردی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانە، شێست و چوار ساڵ تەمەنیەتی بەڵام تەمەنی ئینسانیەت لە کوردستانی ئێران زۆر لەوە زیاترە و پێمانوایە ڕەوابیتی ئینسانەکان لە ڕەوابیتی حیزبایەتی گەورەترە. ئێمە پێمانوایە ئینسان دەتوانێ حیزب بگۆڕێ بەڵام ناتوانێ بنەمای ڕەوابیتی ئینسانیەت بگۆڕێ. ئەوە شتێکە لە گەڵی گەورە بووە. هەموو ئەوانە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی نوێ لە حیزبایەتی بکەین و لە حەدی خۆماندا کۆمەک بەوە بکەین.

## حەول دەدەین فەرهەنگی حیزبایەتی لە نێو خۆماندا بگۆڕین

بۆ ئەو مەبەستە ئێمە حیزبەکەی خۆمان وا تەیار کردووە یا وای ئامادە دەکەین یا وای پەروەردە دەکەین کە ئەندامانی خۆشمان لە هەڵسوکەوت لە گەڵ یەکتر و لە گەڵ ئەندامانی حیزبەکانی دیکە ئاوا بڕۆنە پێشێ. هۆیەکەشی ئەوەیە چۆنیەتی دروست کردنی کۆدەنگیەک یا یەکگرتوویەک لە نێوان حیزبەکاندا زەمانێک دەکرێ کە ئەو فەرهەنگە بگۆڕێ، ئەو فەرهەنگی پاوانخوازی بگۆڕێ، ئەو فەرهەنگی لە پەراوێزخستنی یەکتر بگۆڕدرێ و فەرهەنگی نەتەوەیی و گشتگیر بوونەکە جێ بکەوێ. ئێمە پێمانوایە بەشێک لەو کێشانەی بۆ ئێمە دروست بووە و تەنانەت حیزبەکان لە سەری لەت بوون، ژیانی چەند ساڵەی یەکنەواختی ئێمە و تا رادەیەکیش دوور بوونەوەی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئاشکرا و ڕێبەرانی ئێمە لە نێوخۆی وڵات بووە. بۆیە هەوڵمان داوە تێبکۆشین بە پێوەندی لە گەڵ نێوخۆی وڵات، شتی نێوخۆی کوردستان بێتەوە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئێمە. پێمان وایە لە هەمان کاتدا کە ڕێزێکی زۆرمان بۆ خەباتی ئەندامانی ئاشکرای خۆمان لە ئوروپا و ئەمریکا و لە دەرەوە بە گشتی هەیە، بەڵام دوور بوونەوەی ئێمە ڕەنگە لە زۆر بابەتەوە کەمایەسی بێ بۆ دەوڵەمەندکردنی سیاسەتەکانی حیزب.

بۆیە ئێستا تەشکیلاتی نهێنیی و بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزب مەئموریەتمان پێ داون لە ناوخۆی وڵات ڕۆژانە بیرورا و بۆچوونی خەڵک وەربگرنەوە و ئەو بۆچوونانە بێتەوە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبی. مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە بەشێک لەو کێشانەی حیزبی تا زەمانێک لە ئاستی کێشەی حیزبایەتیدا بمێنێتەوە، لە دەرێ بمێنێتەوە، ڕەنگە قازیەکی باش پەیدا نەبێ یەکلایی بکاتەوە. تا کاتێک قازی لە سەر کێشەی حیزبەکان ئەندامانی حیزبن، ناتوانن قازیەکی مونسیف بن. ئەندامانی حیزبێک زیاتر لە چوارچێوەی بەرژەوەندی حیزبەکەی خۆیاندا قەزاوەت دەکەن و بڕیار دەدەن. بەڵام ئەگەر حیزبەکان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژێک لە ئینتخاباتی ئازاد دا، لە فەعالیەتی ئازاد دا، لە نێو سندوقەکانی دەنگدان دا نمرەیان پێ بدرێ، ئەو وەختە خەڵک قەزاوەت دەکا هەر کام لەو حیزبانە مەوقعیەتی چۆنە و چ نمرەیەکیان بۆ دەبێ.

## حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێویستیان بە دەنگی خەڵک نییە

بەڵام بە داخەوە بە حوکمی ئەوەی سی ساڵە ئەو مەجالە بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوەتەوە، دەنگی خەڵک و ڕەنگی خەڵک و ئینتقادی خەڵک لە نێو ئێمەدا لاواز بووە و ڕەنگە بەشێکی زۆر لە ئێمە وەک حیزبەکان، لە ژیانی سیاسی خۆماندا پێویستیمان بە دەنگی خەڵک لە نێوخۆی وڵات نەبێ. مادام حیزبێک ئیحتیاجی بە ڕەئی خەڵک لە نێوخۆی وڵات نییە، بڕێک بە بێ منەتی سیاسەت دەکا. چونکە زۆرتر ڕووی لە ئەندامانی خۆیەتی و ئەندامانی خۆیشی تەئیدی دەکەن. لە ئوروپای دێموکراتیک و لە ئەمریکای دێموکراتیک و لە سەرجەم وڵاتانی دێموکراتیک دا حیزبێک جاری وایە تێدەکۆشێ،



سەرچاوە Serchawe

دەچێ کۆڵانان دەگەڕێ، دەرگای ماڵان لێدەدا، لە شەقامان کۆبوونەوە دەکا، دەزانێ ئەگەر ئەمجارە بۆ وێنە لە جیاتی ٣٥%، ٣٦%ی دەنگەکان بێنێتەوە، مەجالی دروست کردنی دەوڵەتی هەیە و رەنگە ئەو 1% تەقریبەن دە هەزار دەنگ بێ. حیزب لە وڵاتی دێموکراتیک دا ئیحتیاجی بە دەنگی خەڵک هەیە. ناتوانێ بەرامبەر بە دەنگی خەڵک بێ تەفاوەت بێ.

بۆیە حیزب ناچارە وەک بنەمایەکی دێموکراتیکی رابیتەی نێوان حیزب و دەسەڵات هەمووی ئەوانە لە بەر چاو بگرێ. بەڵام بە داخەوە ژیانی سیاسیی ئێمە وای لە ئێمە کرد کە ئاوا نەبین. بۆیەش لەو ئینشعابات و لەتبوون و ئینشقاقاتانەدا خەڵک تێیدا بەشدار نەبوون. زۆرتر کێشەی نێوخۆی حیزبی بووە کە بەو ئاقارەدا رۆیشتووە. لانیکەم ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشین کە لەمەو بەدوا ئەو عەقڵیەتە زۆرتر لە کاروباری ئێمەدا بەشداریی بێ.

## تا فارس و تورک رازی نەبن فیدرالیزم جێگیر نابێ

لە پێوەندیی لە گەڵ رێگا چارەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا، ستراتژی ئێمە فیدرالیزمە. بەڵام هەر وەک ئاماژەم پێکرد، فیدرالیزم شتێکی گشتگیر و قابیلی بەحسە. ئەوە ویستی ئێمەیە، سەحنەی سیاسیی داهاتووی ئێران چۆنی قەبوڵ دەکا، هاوسەنگیی هێزەکان چۆن دەبێ، ئازەری چۆن تێیدا بەشدار دەبێ، فارس چۆن تێیدا بەشدار دەبێ، پرسیاری زۆری لە سەرە. ئێمە پێمان وا نییە نەتەوەکانی ئێران بە سەر نەتەوەکانی زۆرلێکرا و نەتەوەی دەسەڵاتداردا دابەش بکەین. ئەوە ناتوانێ بنەمایەکی مەنتقی و مەعقول بێ بۆ فیدرالیزم. لە فیدرالیزم دا میللەتی دەسەڵاتدار و میللەتی ژێر ستەمی تێدا نییە. فیدرالیزم ئیعتراف بە تەنەوعاتە. هەر نەتەوەیەک بە پێی وەزن و پێوانەیەک کە بە دەلیلی حەشیمەت و مەوقعیەت هەیەتی، بەشداریی لەو پرۆسەیەدا دەکا. بۆیە ستراتژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە پێش هەموو شتێک دەبێ تێبکۆشین فارسەکان زیاتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە قەناعەت بەوە بێنن کە ئێرانی داهاتوو ئەگەر بە شێوەی فیدرالیزم ئیدارە بکرێ بۆ ئەوانیش باشترە. دەبێ قەناعەت بە ئازەریەکانیش بێنین. ئەگەر قەرار بێ لە ئێرانی داهاتوودا فارس و ئازەری نەیەنە سەر ئەو قەناعەتە کە لە ئێرانی فیدراڵ دا بەشداریی بکەن، فیدرالیزمی ئێمە هەرەس دێنێ و لە گەڵ موشکیلاتی جیدی بەرەوروو دەبێ.

## بڕیاری حیزبەکان دەبێ لە گەڵ ژیانی خەڵک لە ناوخۆ گونجاو بێ

جیاواز لەو ستراتژیە، هەدەفێکی دیکەی ئێمە ئەوەیە مادام باوەڕمان بەوە هەیە کە جمهوری ئیسلامی تەنیا بە میللەتی کورد ناڕوخێ و میللەتی کورد ٣٠ ساڵە لە خەباتێکی دوور و درێژدا، لە خانەی ئەمنیەتی دا و لە ژێر فشاری ئیقتسادی دایە، مەحرومیەتی ماڵی چێشتووە، مەحرومیەتی فەرهەنگی چێشتووە، مەحرومیەتی خوێندنی چێشتووە و خەباتی ئێمە

جۆرێک بووە کە جمهوری ئیسلامی کردویەتی بە بیانوو بۆ سەپاندنی ئەو مەحرومیەتانە، ئێمە تێدەکۆشین لە داهاتوودا، لەمەو بە دوا لە دەرفەتەکان ئیستیفادە بکەین. ئێمە تێدەکۆشین قەزیەی کورد لە کوردستانی ئێران یان قەزیەی کورد لە ئێران جۆرێک لێ بکەین کە ئەو قورساییە لە سەر کورد کەم بێتەوە.

ئەگەریش بمانهەوێ ئەو قورساییە لە سەر کورد کەم بێتەوە دەبێ هەوڵ بدەین لە تاران تێمان بگەن. ئەو جوڵانەوانەی ئێستا کێشەیان هەیە لە گەڵ حکومەتی خامنەیی و ئەحمەدی نەژاد، بە جۆرێک بچینە نێوی، تەشویقی بکەین، تەقویەتی بکەین، قسەی خۆمانی تێ بخەین. ئێمە لەو باوەڕەدا نین لە ماوەی سی ساڵی رابردوو ئەگەر بەشێک لەوانە لە دەسەڵاتیش دا بوون، وەک یەک چاویان لێ بکەین. ئێمە پێمانوایە هونەری حیزبێکی سیاسی، هونەری میللەتێک و هونەری رێبەرێکی سیاسی ئەوەیە دوژمن کەم کاتەوە و دۆست دروست بکا. ئەگەر ئەو ستراتژیە نەگرین و فەرق و جیاوازیی ئینسانەکان لە تاران نەکەین، تەنیا بەو عەقڵیەتی رووخان و بەو عەقڵیەتی هەموو کێشەکانی جمهوری ئیسلامی لە یەک خانە دابنێین، ناتوانین لەو مەیدانەدا لەو شکافانە ئیستیفادە بکەین و دۆست بۆخۆمان پەیدا بکەین. هەروەک ئاماژەم پێکرد، ئێمە ئیحتیاجمان بەوەیە مەسەلەکەی خۆمان بەرینە ئەوێ. ئێمە وتومانە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا حەل دەبێ، جا ئەگەر قەرار بێ خەڵکی ئێران لە ئێمە تێنەگا، قەرار بێ ئەوانەی لە سیاسەت لە کێشە دان و کێشەکان دێننە گۆڕێ و ئێمە مەسەلەکەی خۆمان نەبەینە نێو ئەوان، داهاتووی ئەو چارەسەریەش دەتوانێ داهاتوویەکی ناروون بێ. ئەوە ئەرکی ئێمە و ئەرکی حیزبە کوردیەکان و ئەرکی عەقڵیەتی سیاسی لە کوردستانی ئێرانە کە بچێتە نێو ئەو کێشانە. سیاسەتی ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردندا دەقیقەن ئەوە بوو و باشیش هاتە گۆڕێ کە چۆن ئێستا بەحسێک لە ئێراندا هاتۆتە گۆڕێ حیزبی دێموکراتی کوردستان بچێتە نێو بەحسەکە. ئێمە لەو باوەڕە داین لە سیاسەت دا خۆمان لە خانەیەکدا قەتیس ناکەین. یەک بوعدی چاوی لێ ناکەین. ئەبعادی جۆراوجۆری بۆ دەکەینەوە، ئیحتمالاتی جۆراوجۆری بۆ دەکەینەوە.

کێهەیان گونجا، لەوێدا بازی دەکەین. کامیان خانەی داخراو بوو، خۆی لێ دوور دەکەینەوە. لە کوێدا دەرفەتمان بۆ دروست بوو دەچینە ئەوێ. ئەوە بەردی بنەمای ستراتژی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانە و لە سەر ئەو بنەمایە دەچینە پێشێ. ئەو ستراتژیە لە باری سیاسیەوە هیچ دژایەتی و تەزادێکی لە گەڵ ئوسول و پرەنسیپەکانی ئێمە نییە وەک حیزبێکی نەتەوەیی، وەک حیزبێک کە دیفاع لە مافی مرۆڤ و دێموکراسی دەکا و لە چوارچێوەی ئێراندا دەچێتە نێو یاریەکە. هەر وەک وتم حیزبێکی سیاسی دەبێ قەواعیدی بازی سیاسی خۆی هەبێ و ئێمە بەرەو ئەوە دەڕۆین.

## عەقڵیەتی کورد لە تورکیا و حیزبە کوردیەکان دەبێ پارتەکەی ئەردۆغان تەشویق بکەن

لە پێوەندی لە گەڵ نێوخۆی ئێراندا، ئێمە پێمان خۆشە ئەو عەقڵیەتە پەرە بستێنێ، ئەوەی کە ئێستا لە تورکیادا هەیە بە شتێکی باشی دەزانین. ئێمە لەو باوەڕە داین لە زەمانێکدا کە کەمالیزم بەردی بنەمای دروستکردنی فەرهەنگی تواندنەوە

و ئینکاری کورد بووە و لە سەر بنەمای تواندنەوەی کورد یەک کۆمەڵگای دروست کردووە، دوای تەقریبەن زیاتر لە ٧٠ ساڵ، ئێستا لەو وڵاتەدا پرسیار دروست دەبێ، لەو وڵاتەدا باس لە گۆڕێدا هەیە، لە پارلمانی کەمالیزم دا باس لە سەر مەسەلەی کورد دەکرێ. حیزبێک بە بۆچوونێکی دیکە هاتۆتە گۆڕێ. نەک بڵێم ئەو حیزبە خودموختاری بە کورد دەدا یا مەسەلەی کورد بەو ئینتزاراتەی کە عەقلیەتی نەتەوەیی کورد هەیەتی، جێبەجێ دەکا بەڵام ئەو حیزبە هەوڵ دەدا کۆمەڵگای تورکیا بە نیسبەتی کورد بڕێک بکاتەوە. بنەماکان بڕووێنێتەوە.

شوێنەواری ڕەوانیی کەمالیزم بڕووێنێتەوە. ئێمە ئەوە بە شتێکی باش دەزانین و پێمانوایە عەقلیەتی کوردی لە کوردستانی تورکیا و حیزبە کوردیەکان و تەنانەت حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان تەشویقی حیزبەکەی ئەردۆغان بکەن. تەشویقی بکەن و بڵێن ئەو هەنگاوەی ئێوە هەڵیدێننەوە باشە. نابێ ئینتزارمان ئەوە بێ کاتێک بۆ یەکەم جار لە پارلمانی تورکیەدا لە سەر مەسەلەی کورد قسە دەکرێ، بە گوێرەی بنەمای نەتەوەیی ئێمە و ئینتزاراتی ئێمە قسە بکرێ. حیزبی سیاسی دەبێ تێبکۆشێ مەجال دروست بکا. پێمانوایە ئەگەر ئەو ڕەوتە لە تورکیا هەروا بچێتە پێشێ و ئەو تابویە بشکێ، یارمەتی دەکا بە شکانی ئەو تابویە تەنانەت لە ئێرانیش. کۆمەک دەکا بە شکانی ئەو تابویە تەنانەت لە سوریەش. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بە شتێکی باش دەزانین. تەنانەت حیزبی ئێمە هەوڵی داوە بە پێوەندی گرتن لە گەڵ حیزبەکەی ئەردۆگان لە وڵاتانی جۆراوجۆر، ڕاستیەکەی تەشویقی ئەو سیاسەتەیان بکەین. پێیان بڵێین ئەوە کارێکی باشە، شتێکی چاکە، پێمان خۆشە ئەو شێوە بۆچوونە لە تورکیا نەهادینە بێ و وردە وردە ئەوە ببێ بە ڕێگاچارەیەک لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا هەیە. ئەوە کۆمەک دەکا بە مەجالەکانی زۆرتر.

لە پێوەندی لە گەڵ ئێمە و دنیای دەرەوە و ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن لە مەجالەکانی دنیای دەرەوە بۆ پرۆژەکانی خۆی ئیستیفادە دەکا، ئێمە لەو بوارەشدا دوو ستراتژیمان بووە؛ ستراتژیەک ئەوە بووە کە چۆن تێبکۆشین لە هەمووی ئەو شوێنانە، لە سەر ئیدامەی سیاسەتی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسی – مەدەنی کە باشترین مەجال بۆ فەعالیەتی سیاسی خۆی لە قانونمەندی دا دەبینێ، وەک حیزبێک کە خشونت و تیرۆر و شتی وای هەمیشە ڕەد کردۆتەوە، دۆست بۆخۆمان پەیدا بکەین و تێبکۆشین لەو مەجالانەی بوومانە ڕایەڵەیەک دروست بکەین. لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی ئەو کێشانەی بە دژی ئێران لە گۆڕێدا هەیە، ویستوومانە مەسەلەی مافی مرۆڤ و مەسەلەی دێموکراسی و مەسەلەی کورد زۆرتر بێنینە گۆڕێ و بە دنیای دەرەوە بڵێین ڕەنگە ئێستا لە خانەی ئەمنیەتیدا پرۆژەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئێوە زۆر مەوزوع بێ، ڕەنگە ئەمنیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست زۆر مەوزوع بێ، بەڵام تەواوبوونی کێشە ئەتۆمیەکانی ئێران لە گەڵ دنیای دەرەوە بە مانای تەواوبوونی کێشەکان نییە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە کێشەی دنیای دەرەوە لە گەڵ ئێران بە کێشەی ئەتۆمی پێناسە نەکا.

چون کێشەی ئەتۆمیی ئێران دەکرێ تەواو بێ، دەکرێ تەوافوقی لە سەر بکرێ، زیاتر لە خانەی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و ئێران و ناوچەکە دایە. بۆ ئەوەی ئێمە لەو کێشەیەدا سەرمان بێ کلاو نەمێنێتەوە، هیچ چاوەڕوانیی هەڵەمان لە ناو خەڵکدا دروست نەکردووە و قەت ئەو سیاسەتەمان نەبردۆتە پێشێ کە کێشەی ئەمنیەتیی دنیای دەرەوە لە گەڵ ئێران دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕی دنیای دەرەوە لە دژی ئێران و لە ئاکامدا ئەوە بە ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و مەسەلەی دێموکراسی دابنێین. هەرچەند ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیی ئەوەمان هەیە هەر حاڵەتێک لە کێشەی دنیای دەرەوەی لە دژی جمهوری ئیسلامی بێتە پێشێ، کەڵکی خۆمانی لێ وەربگرین و ئیستیفادەی خۆمانی لێ بکەین. کام حاڵەت گونجاو بوو لە پێناو بەرژەوەندیی میللەتی کورد، خۆمان لە گەڵ ئەو حاڵەتە تەتبیق دەدەین. حاڵەتی نیزامیش بێ، ئێمە دەبێ خۆمانی لە گەڵ تەتبیق بدەین. دەی باشە ئێمە سی ساڵ لە کێشە لە گەڵ جمهوری ئیسلامی دا بووین. حاڵەتی دیپلۆماسی بێ، دیپلۆماسی ئێمە بە نیسبەت وەزنی خۆمان و وەزنی مەسەلەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەم و زۆر باشە. حاڵەتی تەبلیغاتی بێ، ئێمە هەر دەبێ ئامادەگیمان بۆی هەبێ. بۆیە لە کێشەی ئێران لە گەڵ دنیای دەرەوە، ئێمە ئاوای بۆ دەچێن کە وێڕای بەهێزکردنی ئەو بۆچوونە ئەو ئامادەگیە لە خۆماندا پێک بێنین.

## ئەرکی کوردایەتی مڵکی هەموو گەلی کوردە

من چیدیکە بە قسەکانی خۆم وەختتان ناگرم. هیوادارم ئەو کورتە باسەی کە هێنامە گۆڕێ، دەرگا و دەرفەتی بۆ کۆمەڵێک دیالۆگ و پرسیار کردبێتەوە. چونکە بە قەولی سوقرات باشترین کۆبوونەوە یا باشترین سیاسەت یا باشترین بۆچوون ئەوەیە کە بە قسە و ئیستدلالەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا پرسیار دروست بکا. وە ئەوە دەقیقەن بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئێمە کۆمەڵگایەکمان پێ باش نییە کە کاتێک ئەو کۆمەڵگایە گوێ لە قسەی ڕێبەران و بەرپرسەکانی دەگرێ، یەکجێ قەناعەت بێنێ. پێمانوایە دروستکردنی فەزایەکی باشی دیالۆگ و ڕەخنە و گفتوگۆ دەتوانێ کۆمەڵگا دەوڵەمەند بکا. بۆیە ئێمە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئێستا ئەو فەرهەنگە بە هێز دەکەین. لە پێوەندی خۆمان لە گەڵ ئەندامان دا ئەو فەرهەنگە بە هێز دەکەین. ئێمە لە ژێر سێبەری کێشەکانی ڕابردوو دەمانهەوێ ڕوناکاییەک بدەین بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ یەکتر، لە چۆنیەتی چارەسەریی کێشەکان. هەروەها ئەگەر ئێمە تێبکۆشین ئەو فەرهەنگە لە حیزبەکەی خۆماندا نەهادینە بکەین، کە بێگومان لە گەڵ ئاستەنگیش ڕوبەڕوو دەبێ، ئەو حیزبە دەتوانێ کۆمەک بکا بە دروستکردنی ئەو فەرهەنگە لە گەڵ حیزبەکانی دیکە. ئێمە پێمانوایە لە سیاسەت و هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆماندا حیزبێکین هەڵەشمان کردووە، ڕەخنەشمان لە سەرە و پێمان وایە لە حیزبێکی سیاسیدا کە شت دەڵێ و شت دەکا و بڕیار دەدا و دەچێتە نێو کۆمەڵێک بازی سیاسی، ئیبتکارات دێنێتە گۆڕێ، ئیشتیبا عەیب نییە بەڵام هونەرە کە ئیعتراف بە هەڵەکانی خۆی بکا. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشین لە داهاتوودا، لە پێوەندی لە گەڵ چ ئەندامانی خۆمان و چ لە گەڵ کۆمەڵگا و چ لە گەڵ لایەنەکانی دیکە، ئەگەر هەڵەیەکمان کرد،



سەرچاوە
Serchawe

رەخنە لە خۆمان بگرین. پێمانوایە ئەوە کۆمەک دەکا بە رابیتەیەکی سالم لە گەڵ کۆمەڵگا. یەکێکی دیکە لە بۆچوونەکانی ئێمە لەو پێوەندیەدا ئەوە بووە کە ئەو ئیعتمادە لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بە هێز بکەین ئەویش ئەوە بووە کە کاری سیاسی و تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات نەکەین بە ملکی حیزبێک و تاکەکەسێک. ئێمە کۆمەکمان بەوە کردووە کە لە ناوخۆی وڵات خەڵک بە فەعالیەتی جۆراوجۆر بێنە مەیدان و نیگەرانی ئەوە نەبن پێیان بڵێن ئەوانە سازشکارن، یا ئەوانەی لە ناوخۆی وڵات لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆر یا لە پارلماندا فەعالیەتیان کردووە و فەعالیەت دەکەن، کە دەورانێک گوتویانە کە لە سیستمی جمهوری ئیسلامی دان و رەنگە خائین بن یا لە گەڵ جمهوری ئیسلامین. ئێمە پێمانوایە ئەرکی کوردایەتی ئەرکێکی پان و بەرینە. لە شارەکانی کوردستان بە شار و گوندەوە و لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان، ملکی هەمووی میللەتی کوردە. تاک تاکی کورد بە شێوەی خۆیان و بە گوێرەی توانایی خۆیان دەتوانن تێیاندا بەشدار بن. چۆن گلەیی لە ئێمە هەیە، ئێمەش دەتوانین گلەییمان لە وان هەبێ و چۆن ئێمە لەو خەباتەدا خۆمان بە حەقدار دەزانین، ئەوانیش حەقی خۆیانە خۆیان بە حەقدار بزانن. پێمانوایە ئەوانیش دەتوانن لە زۆر رابیتەدا لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان گلەیی و گازندەیان هەبێ. ئێمە پێمان وا نییە دەورانێک کە حکومەتمان کردووە، ئیدارەی وڵاتمان کردووە، کاری کۆمەڵایەتیمان کردووە، بڕیارمان داوە، بێ هەڵە و ئیشتیبا بووین. پێمانوا نییە کەسێک کە دەسەڵاتی هەبێ، بێ هەڵە و ئیشتیبا دەبێ. بۆیە سیاسەتی حیزبی ئێمە ئەوویە کۆمەک بەوە بکەین لە دیالۆگ بەینی خۆمان و ئەندامان، وە لە دیالۆگ بەینی خۆمان و کۆمەڵگا ئەو مناسباتە بێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی حیزبەکان مەجبوور بن بەرامبەر بە کۆمەڵگا وڵامدەر بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

---

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا

خوشک و برایانی خۆشەویست، هاوڕێیانی حیزبی و هاوڕێیانی پێشمەرگە!

رۆژی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگە ئەو ناوەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ دامەزراندنی سوپای میلیی کوردستان، هاتە گۆڕێ، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئێوەو لە هەموو هاوڕێیانی حیزبی و لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم .

بەتایبەت جێی خۆیەتی لەو رۆژەدا پیرۆزبایی رۆژی پێشمەرگە لە بنەماڵەی دەیان و هەزاران پێشمەرگەی کوردستان بکەین کە رۆڵەکانیان لە رێگای رزگاریی کوردستاندا گیانیان بەخت کردوە.

پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ بنەمایەک تێکەڵ بووە، واتە ئەوەڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ فەرهەنگ و فەلسەفەی حیزبایەتی، پێڕەوو پرۆگرامی حیزب کە بەرنامەیەکی وەسیع و بەربڵاوە بۆ ئاوەدانی، بۆ ئیدارەی وڵات، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە لەو کۆمەڵگەیەدا تاکەکان مافیان پارێزراوە، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە لەو کۆمەڵگەیەدا بەردی بنەماو بۆچوونەکانی کۆماری کوردستان کە کاتی خۆی کاری بۆ کراوەو، بەڵام بەداخەوە بە هۆی تەمەنی کورتی کۆمار جێبەجێ نەبووە، هەر ئیدامەی ئەو ڕێبازە بووە. پێشمەرگە لە چەندو چۆنی خوێندنەوەی ئەرک و وەزیفەی لە کوردستانی ئێران هەمیشە کەوتۆتە خانەیەک کە ئێمە وای پێناسە دەکەین کە خانەی پارێزگاری لە ژیان و ماڵ و هۆوییەتی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران و لە هەمان کاتیشدا پێشمەرگە بە تەفسیری نیزامیی خۆی حافزی ئەمنییەتی کۆمەڵگەیە، حافزی ئەمنییەتی تاکەکان بووە لەو کۆمەڵگەیە.

ئەگەر سەرەڕای سیاسەتێکی واقع بینانەو ئەوەکە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پێی وابووە کێشەی کوردستانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی وەک کێشەیەکی سیاسی، دەبێ لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتگۆ چارەسەر بکرێ، لە هەمان کاتیشدا لە تەنیشت ئەم سیاسەتەدا بە تەبیعەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ئێران و ئەوەکە دەوڵەتی مەرکەزی وڵامی داواکانی گەلی کوردی نەداوەتەوە، ئێمە مەجبوور بووین بۆ دیفاع لە خۆمان و، پێشمەرگەی کوردستان بۆ دیفاع لە کوردستان مەجبوور بە شەڕێکی نەخوازراو بێ لە دژی کۆماری ئیسلامی، قەت لە تەبیعەتی فەلسەفەو باوەڕو بۆچوونی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی نەگۆڕی. هەر لە سەردەمی کۆمارەوە لە تەنیشت ئەوەکە کۆماری کوردستان بە گوێرەی توانای خۆی سوپای میلیی کوردستانی دامەزراند، بەڵام هەموو کاتێک ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بەتایبەت شەخسی پێشەوا، لە هەموو بۆچوون و لە هەموو ڕاگەیاندن و لە هەموو مەجالێکی دیپلۆماتیکدا، پێی وابوو ڕێگای چارەی کێشەی کورد لە ئێران لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دەبێ لە ڕێگای دیالۆگ و گفتگۆ بێ. بۆیە لێرەدا من تەئکید لە سەر ئەوە دەکەمەوە کە فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەوە بووەو بە تەبەعییەت لەو واقعییەتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، پێشمەرگەی ڕێکخراوێکی سیاسییە، پێشمەرگەی حیزبێکە کە لە چوارچێوەیەکی سیاسیی ئاوا چاو لە چەندو چۆنی مەسەلەی کورد لە ئێران و چەندو چۆنی تەسفیە حیسابی قەزیەی کورد لە ئێران لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دەکا. بۆیە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەورانێکدا کە کۆماری ئیسلامی هێرشێکی بەربەرینی کرد بۆ سەر کوردستانی ئێران و، ئێمە لە مەیدانی شەڕێکی نەخوازراودا بووین بە پێچەوانەی هێزەکانی جمهووریی ئیسلامی کە لە کوردستان و لە خاکی کورداندا خەڵکیان ئێعدام دەکرد، دیلیان ئێعدام دەکرد، لە هیچ شتێک کە تەنانەت بە پێچەوانەی چوارچێوەکان و یاساکانی نێونەتەوەیی بوو خۆیان نەدەپاراست، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەعیان کردووە هەوڵیان داوە تەنانەت لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنانی خۆشیاندا وەک پێشمەرگەی ڕێکخراوێکی موتەمەدین ڕەفتار بکەن. لەمێژووی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سی ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە چۆنیەتیی تەعامول لەگەڵ دیلەکان و لەگەڵ هێزەکانی جمهووریی ئیسلامی کە لە بەرەکانی شەڕدا بەدیل گیراون یا بە



سەرچاوە Serchawe

برینداری گیراون، دەقیقەن لە چوارچێوەی هەمووی ئەو جاڕنامەو هەمووی ئەو قانوونانەدا بووە کە مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەییدا جێبەجێی کردووەو حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمایەک بۆ ئەوە ئێحترامی بۆ داناوە. بۆیە مێژووی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکەڵاوێکە لەگەڵ ئەو ئینسانییەتەو لەگەڵ دیفاع و لەگەڵ پاراستنی ئەمنییەت بۆ خەڵکی کوردستان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە هەمان دەوراندا کە حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە زۆربەی شوێنەکانی کوردستانی ئێرانیان بە دەستەوە بووە و ئیدارەیان کردوە لە دەورانێک دا کە ئێمە تا رادەیەکی زۆر دەسەڵاتمان هەبووەو هێزی پێشمەرگەمان بە هەزاران کەس بووە، هەر لەو دەورانەدا ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی رامان گەیاندوە کە چارەسەرکردنی کێشەی سیاسیی کورد لە ئێران تەنیا لە رێگای دیالۆگ و گفتگۆوە دەبێ. جا ئەگەر وایە بۆ جارێکی دیکە پێشمەرگەی ئێمە لەو مەیدانەدا، پێشمەرگەی جێبەجێ کردنی رێبازو بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات بووە، پێشمەرگەی بەئاکام گەیاندن و بەئەنجام گەیاندنی پەیامی ئاشتیی حیزبی دێموکرات بووە. ئەگەر ئێمە شەڕمان بە سەردا تەحمیل بووەو هێزی پێشمەرگەی ئێمە فیداکارییەکی زۆری کردوە بۆ ئەوەی بوو کە سوڵح لە ئێران تەحمیل بکا، بۆ ئەوەی بووە کە مەجالێکی ئاشتیخوازانە بۆ نەتەوەی کورد لە ئێران بێنێتە گۆڕێ و بیانوو لە جمهووریی ئیسلامی ببڕێ و کێشەکەی خۆی بخاتە ئاستێکی مەدنی و لە چوارچێوەی قانووندا جێبەجێی بکا. بەڵام بە داخەوە لە تەواوی ئەو سی ساڵەدا پەیامی ئێمەو فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی ئێمە لە موقابیل هێرشی جمهوری ئیسلامیدا، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەمیشە بە شەڕ وڵامی دراوەتەوە. ئەگەر فەلسەفەی دامەزراندنی پێشمەرگە، واتە ناوی پێشمەرگە بگەڕێتەوە سەر مێژووی کۆماری کوردستان و دامەزراندنی سوپای میلیی کوردستان و، بەو مەبەستە پێشمەرگە داندراو ئەو ناوە هەڵبژێردراو دوایی بیرۆکەی ئەوە لە ئەدەبیاتی حیزبی و راگەیاندنەکانی حیزبی و سەنەدەکانی حیزبی شکڵی گرت لە سەردەمێکدا بوو کە خەڵکی کورد لەو بەشە کەمەی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا تا رادەیەکی زۆر کۆدەنگ و یەکدەنگ بوو و خەڵک خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان پێناسە دەکرد. ئەگەر ژیانی حیزبایەتی بە دوای کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو پارچەکانی دیکە کەوتە قۆناغی دروستکردنی حیزب و، پێشمەرگە لە باری سازمانی یەوە تەعەللوقی حیزبایەتیی بە خۆوە گرت و تا رادەیەکی زۆر لە هەمان کاتیشدا خەڵکی کوردستان کوڕو کچەکانی خۆیان دەنارد بۆ پێشمەرگایەتی، بۆ رزگاریی کوردستان بوو ، بەڵام بەداخەوە دەورانێکی زۆر لە مێژووی کێشەو بەربەرەکانیی بەینی حیزبەکان وا هەبووە، دیسان بەداخەوە کە پێشمەرگەی کوردستان کە بۆ رزگاریی کوردستان و وەدیهێنانی ئەو خەون و ئارەزووانەی کۆماری کوردستان هاتۆتە مەیدان، لە شەڕو کێشەی نێوخۆی حیزبیدا فیدا بووە. ئێمە هیوادارین بەو گۆڕانکارییانەی کە لە دنیادا دەکرێ و لە ئاستی عەقڵییەت و فەرهەنگ و بۆچوونی تەعامولی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر لە داهاتووی پەیوەندیدار بە کوردستانی ئێران دەکرێ، هەرگیز بۆ جارێکی دیکە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە کە بە مەبەستی رزگاریی کوردستان و بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانی کۆماری کوردستان چەکی هەڵگرتووە بۆ رزگاریی کار دەکا، هەرگیزو هەرگیز نەکەوێتەوە قۆناغی کێشەی حیزبی و کوڕو کچی کوردی کوردستانی ئێران لەو پێناوەدا زەرەرمەند نەبن. تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە

حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە ئێمە تێدەکۆشین هاوڕێیانی پێشمەرگەی خۆمان ئاوا پەروەردە بکەین و لە ژێر بنەماو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە رزگاریی کوردستان و جێبەجێ کردنی ئەرکی نەتەوەیی و ئەوەکە پێشمەرگە وەک هێزێکی نیزامی حافزی ئەمنییەتی خەڵکی کوردستانە هەرگیز نەکەوێتە ئەو کێشە ناخۆشانەی کە ئێمە لە رابردوودا تەجروبەمان کردوون. هیوادارین لەم رۆژە پیرۆزەدا، لە رۆژی پێشمەرگەدا هەموو حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران بە تێکڕایی، ئەو پەیامە بکەینە بنەمای کاری خۆمان کە ئەگەر لە کێشەی نێوخۆیی‌دا بە هەر دەلیلێک بە جۆرێک ئێستا ئێمە شوێنەواری رەوانیی لەتبوونەکان تەجروبە دەکەین، پێشمەرگەی کورد نەکەوێتە نێو شوێنەواری ئەو کێشانەو پێشمەرگەی کورد بەو رووحە پەروەردە نەکەین کە لە داهاتووی ناڕوونی ئێراندا خوای نەخواستە تەعەللوقی حیزبایەتییەکەی ئەوەندە گەورە بێتەوە کە لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی‌دا ئامادە بین ئێمە دیسان وەکوو رابردوو تووشی کێشەیەکی نەخوازراو بین. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر دڵخۆشین بەوە، کە شعووری سیاسی لە کوردستان ئەو گۆڕانکارییەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیەو ئەو گۆڕانکارییەی کە لە فەرهەنگی سیاسیی حیزبایەتیی ئێمەدا هەیەو ئێمە پەرەی پێدەدەین، سێناریۆیەکی لەو بابەتە تێکرار نابێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیش‌دا ئەوە ئەرکی هەموو پێشمەرگەکانە بە پێشمەرگەی هەموو حیزب و رێکخراوێکی سیاسی و لەوان گرینگتر ئەرکی دایک و باوکانە لە کوردستانی ئێران کاتێک کوڕو کچیان دەبێتە پێشمەرگە ئەو رووحیاتەیان تێدا پەروەردە بکەن پێیان بڵێن ئێوە لە هەمان کاتدا کە حەقی خۆتانە ئەندامی حیزبێکی سیاسی بن بەڵام لەبیرتان نەچێ ئێوە پێشمەرگەی کوردستانن و پێشمەرگەی کوردستان هەرگز، هیوادارین، لە سەر ئەو تێبینی دایک و بابانەش لە ئایەندەدا نەچێتەوە نێو خانەی، خوای نەخواستە، تەسفیە حیسابی حیزبی. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ئەو باوەڕە سوورین و تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە حیزبەکەی خۆمانەوە هەیە کاری بۆ دەکەین.

**هاوڕێیانی پێشمەرگە!**

ئێمە کە کۆدەبینەوە، زۆربەی زۆری ئێمە لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەدا دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە لە حیزبی دێموکرات دا بەرگی پێشمەرگایەتی و ئەرکی پێشمەرگایەتی سنووری پلەی حیزبیی تێپەڕاند، بە چ مەعنایەک؟ بەو مەعنایە رەنگە وا تەسەور کرابا کە هێزی پێشمەرگە هێزێکی نیزامی بووە بە بەراوەرد کردن و لاساکردنەوە لە شەڕو ئەرتەشەکانی دنیا، راستە لە مەیدانی شەڕەکاندا ئەوە زۆرتر هێزی پێشمەرگەیە فیدا دەبێ. بەڵام لە حیزبی دێموکرات لە حیزبەکەی ئێوەدا سکرتێرەکانیشی بەرگی پێشمەرگەیان لەبەردا بوو. سکرتێرەکانی کە بەرگی پێشمەرگەیان لەبەردا بوو هەر بە ناوی پێشمەرگەی دێموکرات و هەر لە رێگای رزگاریی کوردستان، سکرتێرەکانیشی تێرۆر کران و شەهیدکران. لە حیزبی دێموکراتدا دەیان کادری کومیتەی ناوەندی لە مەیدانەکانی شەڕدا شەهید کراون. چەندین کادری کومیتەی ناوەندی تێرۆر کراون. بۆیە ئێمە لە نێو حیزبی دێموکراتدا هەموومان پێشمەرگەین. لەهەمان کات دا ئێمە پێشمەرگەی پێڕەوو

پرۆگرامێکین، پێشمەرگەی بەرنامەیەکین کە حیزبایەتی و بنەمای حیزبی و جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە بۆ ئێمە ئەسڵەو پێشمەرگایەتی بۆ ئێمە دەقیقەن ئەو مەبەستەی هەیە.

ئەگەر ئێمە ئێستا لێرە کۆبووینەتەوەو ڕێز لە ڕۆژی پێشمەرگە دەگرین لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێزو قەدردانیمان هەیە بۆ تەواوی ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە بە دەیان ساڵ لە ڕیزی پێشمەرگەدا چالاکی و فەعالییەتیان بووە. ڕەنگە بنەماڵەی زۆر لەو پێشمەرگانەی کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا شەهیدبوون، ئێمە ئێستا مەجالی ئەوەمان نەبێ لە شارو گوندەکانی کوردستان لە دەوریان کۆبینەوەو لەگەڵیان دابنیشین و ئاوا ڕووبەڕوو لە کۆڕو کۆمەڵێکی ئاوادا قەدردانییان لێ بکەین بەڵام هەمیشە ئەوەیان لەبیر بێ کە ئەو بنەماڵانە لای ئێمە ناویان هەیەو زیندوون. ئەگەر ئێستا بۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ڕێکخراوو تەشکیلاتەکانی ئەم حیزبە مەجالی ئەوە نیە لە نێوخۆی وڵات، لە نێو ئەو بنەماڵانە دا حزووریان هەبێ، ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات. خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات دەبێ بەشداری جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە بن. ئەوە ئەرکی ئەوانە دراوسێکانیان کە بنەماڵەی پێشمەرگەن، کوڕو کچیان لە ڕێگای ڕزگاری کوردستاندا شەهید بووە، ئاوڕیان لێ بدەنەوە، بەشداری ژیان و خەم و خۆشییان بکەن. ئەو ئەرکە تەنیا داوایەکی حیزبی نیە، ئەوە ئەرکی نەتەوایەتییشە. ئەگەر بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران دەیان هەزار پێشمەرگە گیانی خۆی داناوە، بەرهەمی ئەو ڕزگارییە و، چەندو چۆنی داهاتووی ئەو ڕزگارییە ئەگەر لە ژێر ڕووناکایی فیداکاری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە، ئێستا نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە خۆشییەوە تووشی بووژانەوەیەک بووەو کۆماری ئیسلامی وا بە ڕاحەتی، سەرەڕای هەموو زوڵم و زۆرێک، ناتوانێ بە کەیفی خۆی ڕەفتار بکا، ئەوە بە مەعنای ئەوەیە ئەم جمهوری ئیسلامییە دەزانێ کە پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەی دێموکرات ڕۆژێک لە ڕۆژان دەسەڵات بووەو کاری کردووە فەعالییەتی بووە و دەزانێ کە کوردستانی ئێران ئەگەر پێویست بێ لە ئایەندەشدا دەتوانێ مەیدانێکی بەربەرینی دەیان و هەزاران پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە بێ. بە تەفسیری ئەو واقعییەتە بۆ جارێکی دیکە ئەرکی هەموو خەڵکی کوردستانە کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕۆژەکانی مێژوویی، لە موناسبەتی جۆراوجۆردا ئاوڕ بدەنەوە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان. ئەوە ئەرکێکی کوردایەتییشە. بۆیە ئێمە هەموومان لە ڕۆژێکی پیرۆزی وەک ڕۆژی پێشمەرگەدا کە خۆی بیرەوەریی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ویادی سەرکۆماری کوردستان و حکوومەتی کوردستانە، ئەو ئەرکە دەکەین بە ئەرکی هەموو لایەکمان لە شارو گوندەکانی کوردستان کە پشتیوانی پێشمەرگە بین، کە لەگەڵ پێشمەرگەدا بین، کە لەگەڵ کەسوکاری پێشمەرگەدا بین. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دەتوانێ پەیامێکی گشتگیر بێ بۆ ئەوەی کە ئێمە لە کێشەیەکی بەربەرین لە دژی کۆماری ئیسلامی وزەو توانای خۆمان زۆرتر نیشان بدەین.

**هاوڕێیانی پێشمەرگە!**

لە کەشو هەوایەک دا ئێمە رێز لە رۆژی پێشمەرگە دەگرین کە ئێران لەگەڵ کێشەیەکی بەربەرین و کۆمەڵێک قەیران رووبەڕووە. ئێمە هەمیشە گوتوومانە باشترین حاڵەت و باشترین سێناریۆو باشترین رێگاچارە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و هەمووی ئێمە بە ئارەزووی پێشمەرگانەی پێشمەرگەکان بگەین، کە رزگاریی کوردستانی ئێران و سەقامگیرکردنی ئەمنییەت بۆ کوردستانی ئێرانە، ئەوەیە کە جمهووریی ئیسلامی نەمێنێ و پێمان وایە نەمانی جمهووریی ئیسلامی باشترین فورسەتە بۆ ئەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە تەنیشت ئەو بۆچوونە ئەوەش رادەگەیەنین بۆ ئەوەی کە لە نەمانی جمهووریی ئیسلامیدا ئێمە تووشی سێناریۆو حاڵەتێک نەبینەوە کە لەم سێناریۆو حاڵەتەدا ئایەندەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ناڕوون بێ و بە تەبەعییەت لەو ناڕوونیەو ئەوەی کە نازانین ئێران چی لێ بەسەر دێ، تووشی کێشەیەک نەبینەوە کە دوای ئینقلابی ئێران تووشی بووین، بۆ ئەوەکە بتوانین لە کێشەکانی داهاتووی ئێران کە زۆر ناڕوونە، چۆن موعامله بکەین و چۆن کورد وەک فاکتۆرێکی قورس و قایم بێتە پێشێ، ئەوەیە ئێمە هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تێبکۆشین لێک نزیک بینەوە، یەکگرتوو بین، پەیامێکی واحیدمان هەبێ و لە هەمان کاتیشدا سەیر نیە هەموو لایەکمان کار بکەین پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان یا پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستان، ناویان پێشمەرگەی کوردستانی ئێران بێ یا ناویان پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ. هەمووی ئەوانە عەمەلییە بە شەرتێک ئێمە هەموو لایەک بتوانین ئەو واقعیاتەو ئایەندەی ناڕوونی ئێران و چۆنیەتی دەوری کورد لەو ئایەندەیە لە پێش خۆمان دانێین و کاری بۆ بکەین.

جێی خۆیەتی ئاماژە بە شتێکی دیکەش بکەم ئەویش ئەوەیە دوای سی ساڵ تەجرووبەی شەڕێکی خوێناوی کە جمهووریی ئیسلامی بە سەر ئێمەیدا سەپاند و لە تەواوی ئەو سی ساڵەدا پێشمەرگە رەمزی دیفاع لە کوردستان و لە هوویەتی کوردی و رابردووی خۆی بووە زۆر جار ئەو باسە دێتە پێشێ کە سەردەمی خەبات چەکداری نەماوە. زۆرجار ئەو باسە دێتە پێشێ کە ئێمە خەباتی چەکداری ناکەین، زۆر جار ئەو باسە دێتە پێشێ کە سەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتی نەماوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر رێزدانان بۆ بنەماکان و جاڕنامەکانی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە کێشەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دا، هەموو مێتۆدەکان و شێوەکانی خەبات بە حەقی خۆی دەزانێ. خەباتی پێشمەرگانەو شەڕی چەکداری ئەگەر پێویست بێ و هەڵبگرێ و رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات تەشخیس بداو لە کەشوهەوایەکی ناڕوونی داهاتووی ئێراندا ئێمە ئەوەش بە دروست دەزانین. حیزبی دێموکرات لە رابردووشدا مەجبوور بە خەباتی چەکدارییان کردوە، بەڵام گرینگ ئەوە بووە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنەماکانی ئوسوولی قانوونی شەڕو قەواعیدی شەڕو بازیی شەڕ تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە مافی ئینسان هەیە لای نەداوە. بۆیە ئێمە لە خەباتی خۆمان دژی جمهووریی ئیسلامی هەموو مێتۆدەکان و هەموو شێوەکانی خەبات بە حەقی خۆمان دەزانین. خەباتی دیپلۆماسی، خەباتی مەدەنی، خەباتی تەبلیغاتی، خەباتی راگەیاندن، ئەگەر پێویست بوو لە داهاتوودا کەشوهەوایەکی وا هاتە گۆڕێ خەباتی پێشمەرگانەو خەباتی چەکدارییش. بەڵام هەر وەک پێشتر ئاماژەم کرد فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەلسەفەیەکی سیاسی و مەدەنی

بووە. بۆ ئیدارەی وڵات دامەزراوە بۆ جێبەجێکردنی ژیانێکی خۆش و لەبار بۆ تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردستان دامەزراوە.

لە کۆتاییدا ڕۆژی پێشمەرگە لە هەمووی ئێمە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هەموو پێشمەرگەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران پیرۆز بێ. هەروەها ئەم ڕۆژە لە هەمووی ئەو بنەماڵانەی کە کوڕو کچیان لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستاندا فیدا کردوە پیرۆز بێ. هیوادارم هەموو لایەکی ئێمە لە ئایەندەدا لە کەشوهەوایەکی موناسب بۆ وەزعی کوردستانی ئێران بە یەکەوە ڕۆژی پێشمەرگە لە جلوبەرگی پێشمەرگایەتیدا بکەین بە جێژن، لە شارو گوندەکانی کوردستان بە یەکەوە کۆبینەوەو بنەماڵەی شەهیدانیش لە تەنیشتمان بن ئەگەر کوڕو کچی شەهیدبووی پێشمەرگەیان لەوێ نین بۆ خۆیان لەگەڵمان دا دەبن.

پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەعیان کردووە هەوڵیان داوە تەنانەت لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنانی خۆشیاندا وەک پێشمەرگەی ڕێکخراوێکی موتەمەدین ڕەفتار بکەن.

ئێمە هیوادارین بەو گۆڕانکارییانەی کە لە دنیادا دەکرێ و لە ئاستی عەقڵییەت و فەرهەنگ و بۆچوونی تەعامولی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر لە داهاتووی پەیوەندیدار بە کوردستانی ئێران دەکرێ، هەرگیز بۆ جارێکی دیکە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە کە بە مەبەستی ڕزگاریی کوردستان و بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانی کۆماری کوردستان چەکی هەڵگرتووە بۆ ڕزگاریی کار دەکا، هەرگیزو هەرگیز نەکەوێتەوە قۆناغی کێشەی حیزبی و کوڕو کچی کوردی کوردستانی ئێران لەو پێناوەدا زەرەرمەند نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

---

# ساڵی: ٢٠١٠

---

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان دا

كۆمەڵانی خەڵكی خەباتكار، مافخواز، ئازادیخوازو سوڵحخوازی كوردستان!

هاوڕێیانی حیزبی!

خوشك و برایانی خۆشەویست!

ئەمڕۆ شێست و چوار ساڵ بەسەر دامەزرانی كۆماری كوردستان لە سەر دەستی حیزبی دێموكراتی كوردستان و بە رێبەرایەتی پێشەوای نەمر، پێشەوا قازی محەممەد رادەبڕێ. بیرەوەریی كۆماری كوردستان، لە راستیدا بیرەوەریی رۆژێكی مێژووییە كە لە باری كۆمەڵایەتی، سیاسی، حیزبی، نەتەوەیی، بۆ كۆمەڵانی خەڵك لە رۆژهەڵاتی كوردستان، ئاوڕ لێ دانەوەی، پڕ بە پێستی خۆیەتی و، ئەركی هەموو لایەكی ئێمەیە بە ئەندامانی حیزب و هەروەها بە كۆمەڵانی خەڵك لە نێوخۆی وڵاتەوە، ئاوڕ لەم رۆژە بدەینەوە. باشترین یادكردنەوە لە كۆماری كوردستان وێڕای بەرزنرخاندنی ئەركی بەڕێوەبەران و دامەزرێنەرانی كۆماری كوردستان، لە هەمان كاتیشدا ئاوڕدانەوەیەكە لە دەسكەوتەكان و ئیفتخاراتی ئەم رۆژە. تەبیعەتەن دامەزرانی كۆماری كوردستان لە لایەن حیزبی دێموكراتی كوردستان لە هەمان كاتیشدا ئیلزامات و تەعوهوداتی ئەو حیزبە بۆ ئێستاو بۆ داهاتوو زۆرتر دەكاو دڵنیام ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستان و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان، هەموو پشت بە پشتی یەكتر دەتوانین لە داهاتوودا دەسكەوت و سەركەوتنی لەم جۆرە كە كاتی خۆی كۆماری كوردستان بە رێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو لە سەر دەستی حیزبی دێموكراتی كوردستان تۆماری كرد، دیسان تۆمار بكەینەوە. بە شەرتێك هەر بەو شێوەیە كە كاتی خۆی لە كۆماری كوردستاندا هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگاو رێبەرایەتیی ژیری ئەو كاتی حیزبی دێموكراتی كوردستان توانیان لەگەڵ رووداوەكان هەڵسوكەوت بكەن، ئێمەش لە ئێستاو لە داهاتوودا ئاوا واقعبینانە لەگەڵ رووداوەكان هەڵسوكەوت بكەین.

بیرەوەریی كۆماری كوردستان، بیرەوەری سەركەوتنە، یادكردنەوەی دەسكەوتێكی مێژووییە، بیرەوەریی كارو نەتیجەی خەباتی تێكۆشانی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانە كە ئەو كاتە كۆماری كوردستانیان دامەزراند. ئەگەر وایە بیرەوەریی سەركەوتن بەو مەعنایەیە كە ئێمە بە دوای كۆماری كوردستانیشدا ئاوڕێك لە سەركەوتنەكان بدەینەوە، لە ژێر رووناكایی هەمووی ئەو سەركەوتنانەو ئەزموونانەدا تێ بكۆشین لە داهاتوودا سەركەوتنی گەورەتر بە هەموو لایەكمان مسۆگەر بكەین. ئەگەر ئەو كات لە بەتاڵاییەكدا كە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی یا لە كاتی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئێران هاتە گۆڕێ بە شێوەیەكی زۆر ژیرانەو وریایانە، رێبەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان و بەتایبەت پێشەوا قازی محەممەد لە دەرفەتەكە كەڵكی وەرگرت و دەرفەتەكەی قۆستەوەو واقعبینانە لەگەڵ هەلسوكەوتەكان موعاملەی كردو كۆماری كوردستانی دامەزراند، ئێمە دوای كۆماری كوردستانیش دەرفەتی وامان بۆ هەڵكەوتەوە. كاتی خۆی كە لە ئێران شۆڕش كرا، شۆڕشی كۆمەڵانی خەڵكی ئێران بە گشتی و خەڵكی كوردستانیش تێی دا بەشدار بوون دوای ئینقلاب دیسان كۆمەڵانی خەڵك لە رۆژهەڵاتی كوردستان و یەكێك لەوانە حیزبی

دێموکرات هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی هێنا گۆڕێ کە لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرێ و ئەو هەلومەرجەی کە هاتبووە پێشێ، بۆ جارێکی دیکە (سی و چوار ساڵ دوای ئەو رۆژە) دیسانەکانە بە شێوەیەکی دیکە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان دوای ئینقلابی ئێران تۆمار بکاتەوەو لە کوردستانی ئێران فەزایەک دروست بکا کە کۆمەلانی خەڵک هەموو بە یەکەوە لە ژێر رووناکایی بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە بتوانن کۆمەڵگایەکی موتەمەدینانەو قانوونی دابمەزرێنن و لەمەو بەدوا دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان پتر نەهادینە بکرێ. ئەگەر بە داخەوە ئەو وەختی سەرەڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە، سەرەڕای هەموو بۆچوون و ڕێگاچارەکانی واقعبینانەی ئێمە دەوڵەتی مەرکەزی لە ڕێگای وتووێژو دیالۆگ مافەکانی ئێمەی ئێعتراف پێ نەکردو بە شەڕ وڵامی داوە کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە خەبات رانەوەستان و خەباتیان بە شێوەی جۆراوجۆر دژی کۆماری ئیسلامی ئیدامە پێدا.

سی ساڵ دوای ئەو سەردەمە، واتە شێست و چوار ساڵ دوای کۆماری کوردستان، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا تا ئەو جێی پێوەندی بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستانەوە بێ، بە شێوەی جۆراوجۆر لە مەیدانی خەباتدا بوون و هەوڵیان داوە لە تەواوی مافەکانی خۆیان دیفاع بکەن و تێ بکۆشن بە شێوەیەکی زۆر موتەمەدینانە حکوومەتە مەرکەزییەکان بەوە قەناعەت بێنن مادام قسە لە ئێرانێکی فرەڕەنگ و هەمەلایەنەیە، گەلی کورد فاکتۆرێکی حاشاهەڵنەگرەو دەبێ بەشێک بێ لە چۆنیەتیی ئیدارەی وڵات و، لە هەمان کاتیشدا لە تەنیشت ئەو واقعییەتە، مافی نەتەوایەتییەکانی قانوونی بکرێ و بچەسپێندرێ. ئێستا ئێمە لە هەلومەرجێکدا، یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە لە ژێر رووناکایی تەجروبەی ئەو سی ساڵەو لە ژێر رووناکایی ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چۆتە پێشێ، لە هەمان کاتدا شعوورو هەستی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران رۆژ بە رۆژ لە حاڵی گەشە ئەستاندندایەو، کۆمەڵگەی ئێران بە دەیان قات بە بەراورد لەگەڵ رابردوو پێشکەوتوو بووە، دەرفەتەکان لە ئێستاو لە داهاتوودا . ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی موناسب و ژیرانەو هەماهەنگ کار بکەین ـ دەکرێ کەڵکی باشتریان لێ وەربگیرێ.

بەشێک لە ئەرکی سیاسیی حیزبێکی سیاسی ئەوەیە لە هەمان کاتدا کە تێدەکۆشێ بە خەباتی بێ وچانی خۆی بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو مێتۆدەکانی خەبات هەلومەرجی رەخساندنی جێبەجێکردنی پێڕەوو پرۆگرامی خۆی لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکا ئەوەیە کە چۆن بتوانێ لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرێ. هەر ئەو کەڵکوەرگرتنە لە دەرفەتێک کە شێست و چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ شەخسی پێشەوا قازی محەممەد بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە هێنایە گۆڕێ، لە مێژووی نەتەوەی کورددا بۆتە سەنەدێکی حاشاهەڵنەگر کە ئەمڕۆ ئێمە ئاوڕ لە رابردوو دەدەینەوە.

لە سەردەمی ئێستادا، ئێمە لە ئێران دا لەگەڵ سەحنەیەکی سیاسی رووبەڕووین کە مافەکانی کۆمەلانی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی لە سیستمی جمهووریی ئیسلامی دا نەتەنیا سەرنجی نەدراوەتێ بەڵکوو رۆژ بە رۆژ ئەو رێژیمە لە بەرامبەر ویست و داخوازی کۆمەلانی خەڵکدا هارتر دەبێ و تێدەکۆشێ بە مێتۆدو بە شێوەیەک رەفتار بکا کە

لەگەڵ سەردەمی دنیای ئەمڕۆدا نایەتەوە. ئێمە لە سەردەمێکدا بۆ جارێکی دیکە بیرەوەریی کۆماری کوردستان دەژێنینەوەو نوێی دەکەینەوە کە ئێران لەگەڵ قەیران و بوحرانێکی یەکجار زۆر بەرین و جیددی ڕووبەڕوو بووە. هەمیشە کە ئێران لەگەڵ بوحران و قەیران ڕووبەڕوو دەبێ دەرفەتی گونجاو دێتە گۆڕێ کە کورد چۆن بتوانێ لەو موعادلات و موعاملاتەدا لەگەڵ واقعییەتەکان ڕووبەڕوو بێتەوەو ڕێگاچارەکان بێنێتە گۆڕێ. لە قۆناغی ئێستادا ئێمە دەتوانین بەشێک بە کەڵک وەرگرتن لە بیرەوەرییەکانی کۆماری کوردستان و ژیریی پێشەوا قازی محەممەدو ڕێبەرایەتیی ئەو وەختی کۆمار لەگەڵ بەشێکی ئەو وەزعیەتە تەعامول بکەین. ئەویش ئەوەیە تا زەمانێک کۆمار تێدەکۆشا کە یەکگرتوویی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و لە نێو ڕێبەرایەتیی کۆمارو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا بەهێز بکاو لە ژێر ڕووناکایی ئەو واقعیەتەدا توانی لەگەڵ چۆنیەتیی ڕووداوەکانی ئێران تەعامول بکاو تا ڕادەیەک خۆی وەک فاکتۆرێک جێ بخاو لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا کەم و زۆر وەک ئەمری واقع بێتە گۆڕێ. ئەگەر ئێمە بمانهەوێ لە سەردەمی ئێستادا بە جۆرێک تەعامول لەگەڵ ئەو قەیران و وەزعییەتە بکەین، دەتوانین لە چەندین ناحیە ئاوڕ بدەینەوە سەر ڕووداوەکان. ناحیەی یەکەم ئەوەیە، مادام ئێمە قسە لە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران دەکەین، لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا بە دوای ڕێگاچارەو دەرفەتەکان دەکەوین، قەزیەی کورد لە کوردستانی ئێران مەحدوود بە حیزبێکی سیاسیی نابێتەوە بەڵکوو قەزیەو مەسەلەو موشکلەی سیاسیی کۆمەڵانی کورد لە کوردستانی ئێران بە تێکڕایە. لەو خانەیەدا ئێمە کاتێک دەتوانین بە شێوەیەکی باش لە ئێرانێکی ئاڵۆزدا، لە ئێرانێک دا کە نازانین ئێستا بە ڕاستی داهاتووەکەی بە چ لایەک دا دەشکێ موعامله بکەین، کە ڕیزەکانی نێوخۆی خەڵکی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمدا حیزب و سازمانە سیاسییەکان یەکگرتوو بن و، ئێمە بە دەرکی ئەو واقعییەتە کە داهاتووی ئێران تا ئەو جێی پێوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە ناڕوونییەکی تێدا هەیە بتوانین بە هاوکاری و هەماهەنگی لە بەینی خۆماندا بە گوێرەی توانای خۆمان قورسایی بە قەزیەی کورد لە ئێران بدەین و بۆ ئەوەی کە لە ئیحتمالاتی داهاتوودا کورد بتوانێ لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا بە گوێرەی ئیمکان و وەزنی خۆی بێتە گۆڕێ.

کاتێک ئێمە قسە لە گۆڕان لە ئێراندا دەکەین، قسە لە پاشەکشەی جمهووریی ئیسلامی دەکەین یا قسە لەوە دەکەین جمهووریی ئیسلامی نەمێنێ، ئەوە بەشێکی قەزیەیە. ئینتقاد گرتن لە سیستمی جمهووریی ئیسلامی و نەقدکردنەوەی جمهووریی ئیسلامی لە پێناو ئێحترام دانەنان بۆ مافی مرۆڤ و مەسەلەی کوردو ئێعدام و زیندانی و کوشتن و ئەوەی کە حکوومەتێکی سەرەڕۆیە لە دنیای ئەمڕۆدا بۆتە بەدیهیات. یەعنی شتێکە دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆری وڵاتان لە دنیادا، کۆڕو کۆمەڵی جیاواز، کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران، خەڵکی کوردستانی ئێران و هەموو حیزب و سازمانەسیاسییەکان بە تەواوی لێی ئاگادارین و شارەزاین کە ماهییەتی جمهووری ئیسلامی چیەو ئەو حکوومەتە چۆن تەعامول لەگەڵ خەڵک دەکا. ئەگەر وایە ئەرکی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە لە هەمان کاتدا کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان دەدەین، جمهووریی ئیسلامی مەجبوور بە گۆڕان بێ یان نەمێنێ، و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە چنگ ئەم حکوومەتە ڕزگاریان بێ شتی گرنگترو مەوزوعی سەرەکیتر بۆ ئێمە کە بە دەیان قات گرنگە ئەوەیە کە دوای جمهووریی ئیسلامی، ئێران چی لێ دێتەوەو ئێمەی کورد چیمان وەگیر دەکەوێ؟ یا ئەگەر جمهووری ئیسلامی لە موقابیل ئیعترازی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵک ئێستا لە نێوخۆی ئێران

مەجبوور بە پاشەکشە بووە ئەوەی کە ئێستا دەسەڵاتیان هەیەو مەجبوور بە جۆرێک سازش و تەعامول لەگەڵ ئەوەی کە پێی دەگوترێ جووڵانەوی سەوز بن، دیسان ئێمەی کورد لەو موعادلەو موعاملەیەدا چین و چیمان وەگیر دەکەوێ. یا نەخێر ئەگەر جمهووریی ئیسلامی لە ئیدامەی سەرکوتی خۆیدا بۆ ماوەیەک کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران مەجبوور بە پاشەکشە بکا ئێمە چۆنی تەعامول لەگەڵ دەکەین. لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیەکە بوحران و قەیرانێک کە ئێستا جمهووریی ئیسلامی لە ئێراندا لەگەڵی ڕووبەڕوو بووە لە باری ئابووری، لە باری سیاسی، لە باری کۆمەڵایەتی، لە باری مافی مرۆڤەوە بوحرانێکە کە وا بە ئاسانی ناتوانێ لێی بێتە دەرێ یا مەجبوور دەبێ و پاشەکشە دەکاو تەسلیمی داواو ویستی خەڵک دەبێ کە ئەوە جمهووریی ئیسلامیی ئێستا نیەو شتێکی دیکەیە یا نەخێر ئەو حکوومەتە دەبێ بڕوا. وەلحاسڵ حکوومەتی جمهووریی ئیسلامی لە سەردەمی ئێستادا وەڵامدەری کۆمەڵگەی ئێران نیە بە هەر لێکدانەوەیەک بێ ئەو ڕێژیمە نامێنێ و دەبێ بڕوا یا دەبێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ و عاقلاً بێ و ملکەج بێ بۆ ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵک. بۆیە بۆ ئێمە گرنگە کە چۆن تەعامول لەگەڵ وەزعی نارۆونی داهاتووی ئێران دەکەین. ئێمە شۆڕشی سی ساڵ پێش ئەمرۆمان تەجروبە کرد. لە شۆڕشی ئەو سەردەمدا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتێکڕایی، بە شارو بە دێ، بە چین و توێژەکانی جۆراوجۆر، بە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر بەشداریی شۆڕشیان کرد. بەڵام ئەو لایەنەی کە ئەمری لە ژێر سازماندەهیی ئیمام خومەینی و سازماندەهیی مزگەوتەکانی ئەوان وەردەگرت و وردەوردە شۆڕشیان قەبزە کرد، هەموو لایەنەکانی دیکەیان وەلانا. ئەزموونی شۆڕشی پێشوو بە ئێمەی گوت کە ئینقلاب کرا بەڵام پاش ماوەیەک ئێمە وەک نەتەوەی کورد، وەزعییەتی میللەتی کورد لە حکوومەتێک دا کە تازە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو، بە دەیان قات لە حکوومەتەکەی پێشوو خراپتر بوو. ئێمە کە ئێستا بەرەورووی ئاڵوگۆڕێک لە ئێران دەبینەوەو حکوومەتی ئێران لەگەڵا قەیرانێک ڕووبەڕووە ئەگەر سی ساڵا پێش ئەمرۆ ئەو تەجروبەیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر کەم بوو، تەنانەت ڕەنگە بەشێک لە ڕێبەرانی ئێمەش زۆر بە باشی ئاگاداری نەبوون، ئێستا ئێمە بە تێکڕایی هەموو حیزب و سازمانەکان و کۆمەڵگەی ئێران و ڕێبەرایەتیی حیزبەکان دەبێ ئەو تەجروبەمان هەبێ و بۆمان گرنگ بێ کە ئێرانی داهاتوو چی لێ دێتەوەو بۆمان گرنگ بێ کە دەچینە نێو کێشەو موعادلات و موعاملاتدا، بزانین بەش و سەهمی ئێمە لەو ئاڵوگۆڕانە چییە. بۆ ئەوەی کە لەو خانەیەدا ئێمە سەرمان بێ کڵاو نەمێنێتەوە بە قورس و قاییمی بێینە گۆڕێ و دەرسمان لە ڕابردوو وەرگرتبێ، ئەوەیە بەرانبەر بە هیچ ئاڵوگۆڕ و کێشەو ناکۆکییەک لە تاران بێ تەفاوت نەبین. مادام حەلی مەسەلەی کوردستانی ئێران لە سەردەمی ئێستا لە نێوخۆی ئێراندا دەبینین، دەبێ هەمووی ئەو ڕووداوو ئاڵوگۆڕانەش لە نێوخۆی ئێراندا [هەن] بە تەواوی بایەخیان پێ بدەین. تا ئەو جێی پێوەندی بە جووڵانەوەی ئێستای بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە کە چین و توێژی جۆراوجۆر تێی دا بەشدارن و دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر جمهووریی ئیسلامی بە چالش کێشراوەو ڕۆژ بە ڕۆژ ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵک دێتە نێو ئەو جووڵانەوەیەو، ڕادیکاڵا دەبێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند مانگی ڕابردوودا زۆر واقێعبینانە لەگەڵا وەزعییەتەکە تعامولی کردووە هەوڵی داوە لە حەددی خۆیدا تێ بکۆشێ دەنگ و ڕەنگی کورد لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا لە پەراوێز نەخرێ و بێتە گۆڕێ. بۆیە ئێستاش بۆ ئێمە گرنگە لە موقابیل ئەوەی لە ئێستادا بە نێوی جووڵانەوەی سەوز ناوی دەرکردووە، ئێمە دیسانەکانە بەو قورس و قاییمیە بەشدار بین، بەو قورس و



سەرچاوە Serchawe

قاییمیە کۆمەڵانی خەڵک هان بدرێن بەشدار بن، پشتیوانییان لێ بکەن، بۆچوونی خۆیان بەرنە نێو ئەو جووڵانەوەیە، ماف و داخوازییەکانی خۆیان مەترەح بکەن، رادیکاڵی بکەن، بە گوێرەی وەزعییەتێک کە هەیە مەسەلەی کورد لە نێو ئەو جووڵانەویەدا دیار بێ. یەکێک لە هونەری سیاسەت بۆ ئێمە وەک کوردو بۆ ئێمە وەک حیزبە سیاسییەکان ئەوەیە کە هەمیشە لە ناکۆکی و کێشەکان کە لە دەسەڵات و لە مەرکەز دێتە گۆڕێ بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆمان کەڵک وەرگرین. زەمانێک ئێمە دەتوانین ویست و داخوازەکانی خۆمان بە سەر رێبەرانی ئەو جووڵانەویەدا ـ چ ئێستا چ ئەگەر لە داهاتوودا ئەوان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت و بە شێوەیەکی دیکە خوێندەوەیان لە جمهووریی ئیسلامی کردو بە قەولی خۆیان جمهووریەکی ئیسلامیی بڕێک ئارام وموتەعارفیان هێنا گۆڕێ ـ [بسەلمێنین] لە ئێستاوە ئەو مەوزوعانەمان باس کردبێ. ئەگەر ئێمە لەو کێشانەدا بە وەزن نەیەینە گۆڕێ، [ئەوان] بۆ خۆیان بە وەزن و توانای خۆیان بتوانن سەحنەی سیاسیی ئێران بکێشنەوەو بڕیاری لە سەر بدەن، ئێمە لە پراوێزدا ببین، ئەو وەختە درەنگە، رەنگە ئێمە نەتوانین تەئسیر دابنێین. لە سیاسەت و کێشەی سیاسی و موعادلات و تەوازوندا زۆر جار بە رادەی بەشداری و وەزنی خۆت بەشت پێ دەدرێ. جا بۆ ئەوەی کە ئێمە لەو کێشانەدا ئەوەی کە بەراستی بەشی ماڤی نەتەوەی کوردو سەهمی میللەتی کوردە بتوانین جێی بخەین هەر ئەوەیە کە ئێمە بەرامبەر بە رووداوەکانی ئێران بێ تەفاوەت نەبین و تێ بکۆشین کە لەو مەیدانەدا فەعال بین. بۆ ئەوەی کە ئەو بۆچوونە لە مەیدانی عەمەلدا ببێ بە ئەمری واقیع و ئێمە بتوانین لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران بە هەر لایەکدا بکەوێ و دوانەکەوین ئەوەیە کە حیزب و سازمانەکانی کوردستانی ئێران بە دەرکی وەزعییەتی مەوجوودو بە ئێعتراف کردن بە پیچیدەگیی ئەوزاعی ئێران و بە دەرس وەرگرتن لە شۆڕشی پێشوو و لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە ویستی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران چۆتە سەرێ و شعووری سیاسیی خەڵک چۆتە سەرێ، ئێمە تێ بکۆشین حیزبەکان هەماهەنگییەکی زۆرتر لە نێو خۆمان دا دروست بکەین و رێگاچارەیەکی موناسب بێنینە گۆڕێ نەوعێک هەماهەنگی و هاوکاری لە گۆڕێدا هەبێ کە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا نە تەنیا وەپاش نەکەوین بەڵکوو بە قورساییەکی زۆرتر بچینە نێو چەندو چۆنی هێنانە گۆڕی نوسخەی جۆراوجۆرو چەندوچۆنی ئیدارەی داهاتووی ئێران و، لەو پێوەندییەدا [بزانین] مافەکانی ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوێ قەرار دەگرێ. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان عەقیدەمان بەوەیە، باوەڕمان بەوەیەو لە رابردووشدا رامان گەیاندوە کە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران لە ئێرانێکی ئاڵۆزدا مەسەلەی گشتیی هەمووی نەتەوەی کوردە بە هەموو شارو گوندەکانی کوردستان، بە هەموو ئوستانەکانی کوردستان، بە هەموو تەنەووعاتی ئایینی و تەنەوعاتی لەهجەیی کە کورد هەیەتی. مادام ئەوە ئەمری واقیعە ئیلزامی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە بە شتێکی باش دەزانین، بە شتێکی مەسئوولانە دەزانین و ئێمە بۆ خۆمان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە ئێمەو سیاسەتی ئێمە هەیە هەمیشە هەوڵمان داوەو لەمەو بەدوا تێ دەکۆشین زۆرتریش هەوڵ بدەین، بە هێنانە گۆڕی ئەو باسەو هێنانە گۆڕی وەزعییەتی واقعیی ئێران، ئەهەمییەتی لێک نزیکبوونەوەو بە جۆرێک گوزەشت لە موقابیل یەکتر لە پێناوی بەرژەوەندی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران هێندەی دیکە بە قووەتتر بکەینەوە.

هیوادارم بۆ جارێکی دیکە هەموو لایەکمان تێ بکۆشین بۆ ئەوەی کە سێناریۆی لێک نزیکبوونەوەی هەموو لایەکی ئێمە پرۆسەیەکی سەریعتر بپێوێ، ببێ بە ئەمرێکی واقع، و بە ئێعتباری ئەو ئەمرەو ئەو واقیعە هیواو ئۆمێدێکی زۆرتر بە هەموو لایەکمان، بە کۆمەلانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بدەین کە ئێمە حیزبەکان بە ئامادەگییەکی زۆرترەوە هەموو لایەکمان بە پشتیوانیی ئێوە دەچینە نێو هەر ئێحتمالاتێک کە لە ئێراندا بێتە پێشێ و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک تێ دەکۆشین لەو مەیدانەدا هەموو لایەکمان باش لە ئاو بێینە دەرێ و بتوانین دەستەبەری جێبەجێ کردنی مافەکانی سیاسیی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە هەر بەرزو پیرۆز بێ بیرەوەریی شێست و چوار ساڵەی کۆماری کوردستان کە سەنەدێکی گەورەی مێژوویی لە چۆنیەتی تەسبیتی هۆوییەتی نەتەوەیی شێست و چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ لە کەشو هەوایەکی زۆر ئاڵۆزی نێودەوڵەتی و لە ژێر واقعیینی و زیرەکیی ئەو وەختی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەتایبەت شەخسی پێشەوا، کە بوحران لە ئێراندا هاتبووە پێشێ قۆستیەوە. هیوادارم ئەو دەرسە دوای شێست و چوار ساڵ بۆ جارێکی دیکە لە نێو کۆمەڵگای خەڵکی کوردستان و حیزبەکاندا جێ بکەوێ کە ئێمە بە واقعبینییەکی دیکە دیسان هەلومەرجەکە بقۆزینەوەو بتوانین بە یەکگرتوویەکی بەقووەتتر لاپەڕەیەکی دیکە زیاد بکەین لەو لاپەڕانەی کە لە مێژووی بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و شعووری سیاسیی ئێمە لە رابردوودا هاتوتە گۆڕێ. بە هیوای سەرکەوتن، هەموو لایەکتان هەر خۆش بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی فێبریوری ٢٠١٠

## بۆ ئاگاداریی رای گشتی دەربارەی کۆبوونەوەی ناوەندی ئولۆف پالمە، ستۆکهۆلم

ڕۆژانی ٤ - ٥ی مانگی فێوریەی ٢٠١٢ کۆبوونەوەیەک لە لایەن ناوەندی ئولۆف پاڵمە، لە ژێر ناوی «اتحاد برای دموکراسی در ایران» (یەکیەتی بۆ دیموکراسی لە ئێراندا) بۆ کۆمەڵێک لایەن و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێک هات.

پێشەکی، ئەم کۆبوونەوەیە لایەن ناوەندی ئولۆف پالمە کە ناوەندێکی بێلایەنە پیک هاتوە. ئەو ناوەندەش تەنیا بە مەبەستێکی خێرخوازانە ، بۆ ئەوەی کە لایەنە ئێرانییەکان وێڕای تەمرینی دیموکراسی، هەوڵ بدەن لە سەر شتە هاوبەشەکان ڕێک بکەون و سازش بکەن، ئەرک و زەحمەتی پێکهێنانی ئەم کۆبوونەویەی گرتبووە ئەستۆ. دیارە من بەش بەحاڵی خۆم زۆر سپاسیان دەکەم بۆ زەحمەت و میوانداریيان.

ئەم کۆبوونەوەیە هەر لەو کاتە دا کە کۆمەڵێک لە لایەن و کەسایەتیی موخالیفی کۆماری ئیسلامیی تێدا بەشدار بوو، بە داخەوە جێگەی زۆر لایەن و کەسایەتیی دیکەشی تێدا بەتاڵ بوو. ئەوە بەو مانایە نییە کە لە گرنگیی ئەو کۆبوونەوەیە کەم کەینەوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە لە داهاتوو دا ئەو بۆشاییە باشتر پڕ بێتەوە و ئاڵقەی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بەرینتر بکرێت.

ئەم کۆبوونەویە هەر لەو کاتە دا کە چەند لایەنی کوردی تێدا بەشداربوو، بەڵام بێ گومان جێگەی لایەن و کەسایەتیی کوردی دیکەشی تێدا دەبوێوە. هیوادارم لە داهاتوودا ئێمە لایەنە کوردییەکان بە ئەزموون و ئامادەیی و هەماهەنگیی باشترەوە بەشداری ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بین. دیارە، لایەنە کوردییەکانی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە، لە ڕادەی توانا و مەجالی خۆیاندا چالاک بوون و دەوری باش و بەرچاویان هەبوو.

هەرچەند لە باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و فیدرالیزم بە شێوازی جۆراوجۆر باسی لێکراوە، بەڵام دەستوری کار و مەبەستی کۆبوونەوەکە ئەوە نەبوو کە لە سەر دارشتنی چەند و چۆنی چوارچێوە و سیاسەتی کەلان ساغ بێتەوە.

چاوەڕوانی لەم کۆبوونەوەیە دەبێ لە چوارچێوەی دەستوری کارەکەیدا بێت کە بریتی بوو لە وەزعی ئێستای ئێران، هەڵبژاردن،

هاوکاریی لایەنەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەم جۆرە کۆبوونەوانەدا خۆپێناسە کردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارە و میکانیزمی هاوکاری، باسێکی پڕ کێشەیە کە دەبێ وەک ڕاستییەک ئاماژەی پی بکەین. لە هەمان کاتیشدا، قەبووڵی ئەو واقعییەتە کە ئێمە جیاوازین، ڕێگاچارەش دیالۆگە و دەبێ لە سەر شتە هاوبەشەکان سازش بکەین، هەنگاوێکی باش بوو بۆ ئەوەی فەرهەنگ سازی و گوفتومانسازیی باشتر بکرێ بۆ درێژەی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە لە داهاتوودا.

لە ڕاگەیەندراوی کۆتایی ڕووبەدەرەوە دا، وێڕای داوای یەکگرتوویی و بەردەوامبوونی دیالۆگ و بانگەواز بۆ پەیوەستبوونی لایەن و کەسانی دیکە، خاڵی «پێویستیی چاوەدێریی نێونەتەوەیی»، «جیایی دین لە حکوومەت» و «نەهێشتنی هەرجۆرە هەڵاواردنێک» وەبەرچاو دەکەون.

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**



سەرچاوە
Serchawe

٦ی فێورییەی ٢٠١٢

١٧ی ریبەندانی ١٣٩٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد کاناڵ - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوری ٢٠١٢

## وتەکانی کاک خالید عەزیزی لە پارلمانی نۆرویژ

سەرەتا سەبارەت بە پێکهێنانی ئەو سیمینارە زۆر سوپاستان دەکەم، هەروەها سپاستان دەکەم کە ئەمنیشتان بۆ ئەم سیمینارە بانگهێشت کردوە. من زۆر خۆشحاڵم کە لە پارلمانی نۆرویژم، پارلمانی ولاتێک کە بە ولاتی جایزەی سوڵحی نۆبێل بەناوبانگە، ئەو ولاتەی کە شانازیی ئەوەی پێبرا کە ڕێکەوتننامەی ئاشتی ئیسرائیلو فەلەستینیەکان، کە بە ڕێکەوتننامەی ئۆسلو ناسراوە، وەرێبخات.

دیارە ئەم سیمنارە سەبارەت بە ژێنۆسایدو کێشەی کورد پێکهاتوە، بۆیە من وەک کەسایەتێکی سیاسی کە سەرو کارم لە گەڵ مەسائیلی ئێرانو کوردستانی ئێران هەیە تێدەکۆشم کە باسەکەشم زۆرتر سەبارەت بە ئێرانو کوردستانی ئێران بێ.

مەسەلەی ژێنۆساید واباشە بۆ مێژونووسانو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بمێنێتەوەو هەرگیز لەبیر نەکرێن، لە سەرتاسەری جیهان دا، ژێنۆساید پێوەندی بە ئینسانییەتو ئینسان هەیە، کاتێک لە سەردەمی نوێ دا مادام دەوڵەتان دەسەلاتو شەرعییەت لە خەڵک وەردەگرن، دەبێ بەرپرسیار بن بەرامبەر بەکردەوەی خۆیان. کاتێک دەوڵەتانو دەسەلاتەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن ئیتر ئەوکات ژێنۆساید دووپات نابێتەوە .

مەسەلەی هەڵەبجە، بۆسنیو هۆلۆکاستو ئەو شتانە هەموویان بەرهەمی کێشەو ناکۆکین ، لەو حاڵەتەداو بە تەبیعەتی کێشەکان ئێمە دەبێ لە ڕیگا چارە بگەڕێین، کێشەی کوردیش لە خانەی کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا پێناسە دەکرێ، تا ئێستا کێشەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست زۆرتر بە مەسەلەی ئیسرائیلو فەلەستینییەکان پێناسە کراوە، کاتێک ئێمە لە

پانتاییەکی گەورەدا چاو لە رۆژهەلاتی ناوەراست بکەین ئەو وەختە گرفتی گەورەتر هەیە، ئەویش کێشەی کوردە، ئەمن لەو قەناعەتە دا هەم کە چارەسەر کردنی کێشەی فەلەستینو ئیسرائیل یارمەتی بە سوڵحو ئاشتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست دەدا، بەلام ئەوە چارەسەر کردنی تەواوی کێشەکە نیە، چونکە بەبێ چارەسەر کردنی کێشەی کورد، مەسەلەی سوڵحی رۆژهەلاتی ناوەراست وەک پرۆژەیەکی نیوە تەواو هەر دەمێنێتەوە. من لەو باوەڕەدام کە لە سەردەمی بەجیهانی بوونی کێشەکانو ماسمیدیا دا کێشەی کورد وا بەهاسانی بە فەرامۆشی ناسپێردرێو دیزە بە دەرخۆنە ناکرێ.

من دیسان تێدەکۆشم بگەڕێمەوەسەر مەسائیلی ئێران، دوای شۆڕشی ئیران لە ساڵی ١٩٧٩دا ئێمە وەک کوردو زۆر لایەنی دیکە تێدەکۆشاین کە ناسنامەیەکی سیکۆلارو دێموکراتیک بدەین بە دەسەلات لە تاران، کوردەکانو حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان تێکۆشاین تا بەڵکوو مافە دێموکراتیکیەکانی خەڵکو مافەکانی ژنانو بنەماکانی مافی مرۆڤ لە یاسادا بگونجێن، بەلام بەداخەوە مەجالو مەودای کورد بە تەنیا زۆر مەحدوود بوو کە بە ئەندازەی پێویست شکڵ بە دەسەلات بدا، چەند مانگ دوای شۆڕش بەداخەوە سەرەرای هەڵویستی دیمۆکراتیکو ئاشتیخوازانە، دەسەلات لە تاران مافەکانی ئێمەی قبووڵ نەکردو بەرەسمی نەیناسین، سەرەرای گفتوگۆو سیاسەتی ئاشتیخوازانەو کارکردن بۆ ئەوەی شەڕمان پێنەفرۆشن، دیسان هێرشیان کردەسەر کوردستان، بۆ جارێکی دیکە تەواوی هەوڵو تێکۆشانی ئێمە بۆ بەرگری لە شەڕی نەخوازراو بێئاکام مایەوەو هێرش کرایەسەر کوردستان .

هەر لە سەرەتاوە ئێمەی کورد بۆ بەرگری لە وەرێخرانی شەر هەوڵێکی زۆرمان دا، تەنانەت رێبەرانی کورد لەگەڵ ئایەتوڵلا خومەینی کە ببوو بە رێبەری کۆماری ئیسلامی پێوەندیان گرتو هەڵیاندا کە نەهێلن شەر لە کوردستان دەست پێبکات، کەچی بەداخەوە ئایەتوڵلا خومەینی نەک هەر هەولی بۆ چارەسەری کێشەکان نەدا، بەڵکوو بە راگەیاندنی فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کوردستان راوەستا، لە دژی خەلکێک کە وەک ئەو موسوڵمانن.

لەراستی دا سەرچاوەی بەشی هەرە زۆری قەلاچو، کۆمەڵکوژیو ئیعدامەکان دەگەڕێنەوە سەر ئەو قەناعەتەی کە خومەینی لە دژی مەسەلەی دیمۆکراتیکی کورد لە ئێران دروستی کردبوو. بەوجۆرە دەوڵەتی مەرکەزی دەستی ئاواڵە کرابوو لە دژی ئێمە.

دوای شۆڕش ئێمە هەر لە ئیدامەی سیاسەت سیویلو دیمۆکراتیکی خۆماندا هەوڵماندا کە بە پەیوەندی لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێران بنەمایەک دروست بکەین کە ئێران نەکەوێتە دەستی توندئاژۆکان، بەلام دەوڵەتی ئێران سیاسەتی هێرش بۆسەر کوردستانی هەڵبژاردو مەجالی بە لێکحاڵی بوونی ئێمەو خۆیان نەدا، شەڕی چەکداری بەسەر ئێمە دا داسەپا، لە راستیدا سروشتی شەڕی چەکداری کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەسەر ئێمەدا سەپێندرا تەواو دیفاع لەخۆکردن بوو، ئێمە نە ئەوکاتو نە ئێستاش لەو باوەڕە دانین کە کێشە سیاسییەکان لە رێگای نیزامییەوە چارەسەر

دەکرێن، ئێمە تێکۆشاوین بەشێوەی جۆراوجۆر لە نێوخۆی ئێرانو دەرەوەی ئێران زەخت و فشار بخەینە سەر ڕێژیم کە واز لە کردەوەی نیزامی بێنێ، بەڵام بێوەڵام ماوینەوە، سەرەرای هەمووی ئەوانە ئێمە دیسانیش سیاسەتی دیالۆگو گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەکانمان وەلا نەنا .

تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە قانوونی ئەساسیو ئێرانەوە هەیە، ئەو قانوونە لەکاتی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا ئاڵوگۆڕێکی بەسەر دانەهاتووە ئەگەر لێرەوە لە پارلمانی نۆرویژ را چاو لە قانوونی ئەساسی ئێران بکەین دەکرێ بڵێین قانوونی ئەساسی ئێران لەسەر بنەمای هەڵاواردنو وەلانان دانراوە، بۆ وێنە کوردێک ناتوانێ ببێ بە سەرۆک کۆمار. هەر ئەو قانوونی ئەساسییە مەنعی کردووە کە ژنێک ببێ بە سەرۆک کۆمار . قانوونی ئەساسی ئێران لەجیاتی دروستکردنی مەجال بۆ بەیەکەوە ژیان، بەپێچەوانە سەرچاوەی کێشەو ناکۆکییە. لە خانەی ئەگەری کۆمەڵکوژیو ئێعدامیشدا ئەو قانوونی ئەساسییە کە بەرهەمی سەردەمی خومەینییە دەستی حکوومەتی بۆ هەموو کارێکی دژی ئینسانی ئاواڵە کردوە.
لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوچەیەکی پڕکێشەیەو ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەمەزهەبە، ئەگەر بنەماکانی مافی مرۆڤو دیمۆکراسی بەهێز نەبنو بەمجۆرە نەبن بە فاکتۆرێک لە مەیدانی سیاسیی ئێران، ئێمە دەبێ چاوەڕوانی زۆر شت بکەین، زۆر ئاساییە کە لە وڵاتانی ئورووپای ئازادو ئەمریکای دیمۆکراتیک کە قانوونو دیمۆکراسیو ماف نەهادینە بووە، شتێک بەناوی ژێنۆسایدو ئێعدام ڕوونەدا، بەڵام ئەو مەترسیە ئێستاو لە داهاتووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەر هەیە .هەر ئێستا جموجۆڵو خەباتێکی بەربڵاو لە ئێراندا لە گۆڕێدایەو خەڵک ڕایانگەیاندوە کە ئەو ڕێژیمەیان ناوێ. ئێمە وەک کورد تێدەکۆشین کە لایەنی دیمۆکراسیو مافخوازیی ئەم جووڵانەوەیە بەهێز بکەینو پێیان بڵێین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا نەیتوانیوە کێشەی کورد چارەسەر بکا، ئەوە ئەرکی ئێوەیە کەبە شەهامەتەوە باسی دیمۆکراسی، مافخوازیو مەسەلەکانی دیکە بکەن.

تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە کیشەی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە، ئێران تێدەکۆشێ ئەو بابەتە وەک کارتێک کەڵکی لێوەرگرێ. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کێشەیە تەواویش بێ، کێشەی سەرەکی ئێران کە دیمۆکراسیو مافی مرۆڤە هەر لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە، چونکە پاشەکشەی ئێران لە کێشە ئەتۆمییەکەی بەمانای ئەوە نیە کە ڕێژیمی ئێران عاقڵ بووەو گۆڕانی بەسەر دا هاتووە، بۆیە پێمانوایە کە ئەرکی ئێوە وەک پارلمانی نۆرویژ ئەوەیە کە بەشێوەی جۆراوجۆرو یەک لەوان بەهۆی یەکیەتیی ئورووپاوە زەختو فشار لەسەر ئێران رانەگرنو بەو جۆرە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش هان بدەن کە مەسەلەی مافی مرۆڤو دیمۆکراسی لە ئێراندا نەکەوێتە پەراوێز.

لەکۆتایی دا هیوادارو گەشبینم، لەسەردەمێک دا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەتی فشاری خستۆتەسەر ئێرانو تکنێکی ماسمێدیا لە گەشەو پەرەسەندن دایەو مەسەلەی دیمۆکراسیو مافی مرۆڤ وەک مەوزووعێکی حاشا هەڵنەگر ڕۆژبەڕۆژ پەرەدەستێنێ، چاوەڕوان دەکرێ کە ئێوە لەم بوارەدا زیاتر ئەرک وەخۆ بگرن وزیاتر کاری بۆ بکەن .



سەرچاوە Serchawe

زۆر سپاس بۆ ئێوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠١٠

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پارلمانی نۆروێژ پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی وروژاند

ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵات: رۆژی چوارشەممە، ١٧ی مارس بە دەستپێشخەریی رێکخراوەکانی س. و. س. راسیسمە و کەمپەینی بە جیهانی ناساندنی ژینوساید دژ بە گەلی کورد بە هاوکاریی پەرلمانتارانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ لە پەرلمانی ئەو وڵاتە سمینارێک لە سەر پرسی کورد پێکهات. لەو سمینارەدا کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پارلمانتارانی نۆروێژی، کەسایەتیە حیزبی و سیاسی و نوێنەرانی رێکخراوە مەدەنیەکان لەو وڵاتە، نوێنەرانی حیزبە کوردیەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و کەسایەتیەکانی کوردی نیشتەجێی وڵاتی نۆروێژ پێکهات، هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وتارێکی پڕنێوەڕۆکی لە بابەت پرسی کورد بە گشتی و باروودۆخی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، بە زمانی ئینگلیسی پێشکەش کرد.

سمینار لە کاتژمێر ٣٠ : ١٧ی ئێوارە بە وتاری بەخێرهێنانی بەشداران لە لایەن بوورد ویگارسوولیل سەرۆکی فراکسیونی حیزبی سوسیالیستی چەپ لە پارلەمانی نورویژ کە سەرجەم ١١ ئەندام پارلەمانن، دەستی پێکرد. ئەم جاربەڕێوەبەری سمینار یرموند سکار، بەرپرسی کاروباری رۆژهەڵاتیناوەراست لە حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ، ویرای رێز و بەخێرهاتنی بەشداران، بەشێک لە بەرنامەکانی کاری سمینارەکەی راگەیاند.

"مورتن هۆلتر" لێکولەری نورویژی و شارەزا لە کاروباری رۆژهەلاتی ناوەراست وەک یەکەم وتاربێژ باسیکی وردو بەنێوەرۆکی لەسەر کورد و کوردستان لە ماوەی ٣٠ خۆلەک دا پێشکەش بە بەشداران کرد. پاشان داوا لە هاوڕێ خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا تا وتاری خۆی لە بابەت پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بکا.

ڕێزدار عەزیزی لە سەرەتای باسەکەیدا سپاس و پێزانینی پێشکەش بە ڕێکخەرانی سمینارەکە کرد و هاوکات وڵاتی نۆرویژی وەک وڵاتی ئاشتی و پەیامهێنەری ئاشتیخوازی بەناو کرد. پاشان بە کورتی ئاوڕی لە دۆخی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دایەوە و دواتر بە تایبەتی هەڵوەستەی لە سەر بارودۆخی ئێران و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند وڵاتانی رۆژئاوا دەبێ بزانن کە کێشەی ئێران تەنیا کێشەی دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی نییە. کێشە کوشتاری بە کۆمەڵ و قەتڵوعامی گەلانی ئێران، کێشە هەڵاواردنی نەتەوەیی، ئایینی و جنسی و هەروەها ژێر پێنانی یاساکانی مافی مرۆڤە.

بەڕێز عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاوڕی لە سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دژ بە گەلی کورد دایەوە و وتی: لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران دا، ئاغای خومەینی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران نەک هەر ملی بۆ دیالۆگ و وتویژ لە گەڵ گەلی کورد رانەکێشا تەنانەت دژ بە کوردان ئیعلامی جیهادی کرد. واتە فەرمانی کوشتاری میللەتێکی خۆی دەرکرد. نەتەوەیەک کە وەک ئەو موسوڵمان و ئێرانی بوون.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا کاک خالید عەزیزی باسی لە هەڵاواردنە جۆراوجۆرەکانی ناو یاسای بنەڕەتیی ئێران کرد و وتی: یاسای ئێران بە جۆرێک داڕێژراوە کە ئەگەر کەسێک کوردی سوننی مەزهەب یان ژن بێ، بۆی نییە خۆی بۆ سەرکۆماری بپاڵێوێ.

ڕێزدار عەزیزی دیالۆگ و وتویژی بە سیاسەتی حیزبەکەی زانی و وتی خەباتی ئێمە لە چوارچێوەی یاسا نێونەتەوەیەکان دایە.
لە بەشێکی دیکەی کاری سمیناردا بەڕێز عبدول باسیت سیدا پروفسور لە رشتەی جوغرافیا و ماموستای زانستگای ئوپسالای سوئێد باسیکی تیرو تەسەلی لە سەر بارودۆخی کوردەکان لە ڕۆژئاوی کوردستان (کوردستانی سوریە) و کومەلکوژی و زۆلم و زۆری ڕێژیمی بەعسی سوریە پێشکەش کرد. بە دوای ئەو دا بەڕێز بەنگین یەلدز سەرۆکی گروپی کوردی لە حێزبی ب.ت.پ لە پارلەمانی تورکیە بە وردی لە سەر کوردی باکوری کوردستان و پەنابەرانی کوردی سوریە دوا.

خاتوو فرشتە حەسەن دەرچووی زانستگای لوندی سوئید و لیکۆڵەر لە سەر گیروگرفتەکانی درێژخایەنی ڕۆحیی کەسو کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان یەکێکی تر لە ئاخێوەرانی سمینارەکە بوو کە بە وردی باسی هەڵەبجە و بابەتگەلی گرینگی دیکەی لەو پێوەندیە داکرد.

بەشی کۆتایی سمینار پرسیار و بەشداریی ئامادەبووان لە باسەکان دا بوو کە دواتر لە لایەن هەر یەک لە بەڕێزان خالید عەزیزی، عەبدولباست سیدا، بەنگین یەڵدز و فریشتە حەسەن وڵامی پرسیار و سەرنجەکان درایەوە.

بەرنامەکە بە پێشکردنی گول بە ئاخێوەرانی سمینارەکە کۆتایی هات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٠

## کۆبوونەوەی سکرتیری گشتی حدک لەگەل ئەندامان ولایەنگرانی حیزب لە شاری هەولێر

دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی چوارشەممە ٨ی بانەمەڕ بە بەشداریی دەیان کەس لە خوێندکاران و ئەندامان و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێرکۆبوونەوەیەکی بۆ کاک خالید عزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا، کاک عومەر باڵەکی نوینەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێتەختی هەرێمی کوردستان لە وتەیەکی کورت دا وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان ئامانجی کۆبوونەوەکەی ڕوون کردەوە.

کاک خالیدعزیزی لە سەرەتای باسەکەی دا ئاماژەی بەوە کرد کە دوای بە تاڵان برانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلانی ئێران لە بنەڕۆخوازانەوە، بەو یاسایانەی کە ئێستا لە ئێران کاری پێ دەکرێ، ئەم سیستەمەی ئێستای ئێران ولامدەری ویست وداخوازییەکانی کۆمەلانی خەڵکی ئێران نیە و ئەو جموجوڵەی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران هاتە ئاراوە، بوو بەدەرفەتێک بۆ هاتنە ئارای ویست و داخوازییەکانی خەڵک.

سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕوونی کردەوە کە ئیمە پێمان وایە کە ئەو ڕاپەڕین و جموجوڵانە دژکردەوەیەک بوو لە بەرامبەر کردەوەی دەسەلات دا، بەلام ئیستا تەنیا لە دژکردەوەیەکی کاتی دە قەتیس نەماوەتە و

باس و خواسی جۆراوجۆری هێناوەتە ئاراوە و لە ئێستا دا راستە کە مەیدانی پێ نادەن، بەلاّم ئەم بزوتنەوەیە دانەمرکاوە و تێک نەشکاوە.

سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەی دا ئاماژەی بەو کۆدەنگیانە کرد کە پێویستە بەرامبەر بە رژیم بێنە ئاراوە. بەوەی کە هەر هێزێکی سیاسی دەبێ بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی خەبات، مێتود و شێوازی گونجاوی خەباتیان بۆ قوناغەکان هەبێ .

کاک خالید لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد کە حزووری ئیمە و چۆنیەتیی کاری ئیمە لەگەڵ رووداوەکان کاریگەری هەیە لە سەرداهاتووی سیاسی ئیمە و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باوەڕە دایە کە ئەگەر بمانەوێ ئاسو و دوورەدیمەنی چارەنووسی نەتەوەی کورد دارێژین، دەبێ هەوڵ بدەیێن لە داهاتوودا دۆستی زۆرتر و هاوپەیمانی زیاترمان هەبی.
سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەی دا ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ هێزێکی سیاسی کە 30 ساڵە،
رێگای جۆراوجۆر و مێتودی جیاوازی خەبات و تێکۆشانی بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی تاقی کردوەتەوە، دەبێ مەیدان بۆبەشداریی زیاتری خەڵک لە رووداوەکان دا دروست بکا.

کاک خالێد عزیزی کە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بە مەبەستی زیاتر ئاگادار بوون لە سەر هەڵویستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە داهاتووی ئێران و جموجولەکانی بزوتنەوی سەوز، باسی لە پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی سەوز کردو ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ رایبەرایەتیی بزوتنەوەی سەوز لە نێوخودا ودەرەوە پێوەندیمان هەیە بەلاّم حیزبی دیموکراتی کوردستان بەراشکاوی روانگەکانی خۆی لە مەرِ کێشەکانی ئێران پێ راگەیەندوون و بۆ ئەوانی روون کردۆتەوە کە ئێرانی داهاتوو جیاوازی دەبێ لەگەڵ ئێرانی ئیستا و دەبێ لە ئێرانی داهاتوودا فرەنەتەوەیی و کێشەسیاسی و فەرهەنگی و ئابوریەکان و هەموو تەنەوعاتەکانی دیکە لە بەر چاو بگرین.

شایانی باسە کە پاش تەواو بوونی باسەکەی کاک خالیدعزیزی بەشدارانی کۆڕەکە پرسیار و روانگە و بۆچوونەکانی خۆیان لەگەڵ سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایە ئاراوە کە بەشێکیان رەخنەو تێبینی بەشداران لە سەر روانگە هەلویستەکانی حدک و ئەو رەخنانە بوو کە بە گشتی بەرەورووی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی رۆژهەلاّت دەبنەوە و کاک خالیدی عزیزی ویرای بەرز نرخاندن و بە پێویست زانینی بەشداری زیاتری ئەندامان ولایەنگران حیزب لە سەر باس و پرسە سیاسییەکان و چالاکتربوونیان، وەلاّمی راو سەرنجی بەشدارانی دایەوە.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٣٠ی ئەپریلی ٢٠١٠

## خالید عەزیزی: ئێمە لە سیاسەت کردن و هەڵوێست گرتن دا پشت بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان دەبەستین و دژی دوگماتیزم و چەق وەستانین

کوردستان و کورد نیوز: کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی دا کە دوابەدوای دوایین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا گیرا، تیشکی خستە سەر دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لە گەڵ هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژی شی کردەوە.
کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیە دا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢ی گەلاوێژ بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەری و سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک دا بەڕێوەچوو، پێی لە سەر ئەوە داگرتەوە کە بۆچوون و تێڕوانینەکانی حیزبی دێموکڕات لە سیاسەت کردن دا لە سەر ئەو بنەمایانە بیچمی گرتوە کە حدک وەک حیزبێکی نەتەوەیی هەموو مامەڵە و سیاسەت کردن و هەڵسوکەوتەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دا لە سەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەییمان لە کوردستانی ئێران پێناسە دەکا.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی قسەکانی دا بە ئاماژە بە بارودۆخی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە لە ئێستا دا کۆماری ئیسلامی تەنیا لە ڕێگەی کۆمەڵێک موئەسیسە و بنیاتی چەکداریی وەک سپای پاسدارانە کە توانیویەتی بە هەر جۆرێک بۆ بەرگری لە مان و مەوجودییەتی خۆی بکا، ئەگینا لە ئێستا دا گشتییەتی سیستم و نیزامی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی چۆتە ژێر پرسیارەوە.

کاک خالید عەزیزی ساڵی ڕابردووی لە مێژووی سیاسیی ئێران دا بە ساڵی ڕێنێسانس و لە دایکبوونێکی سیاسیی دیکە لە مێژووی هاوچەرخی سیاسیی ئێراندا لە قەڵەم دا کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری خوێندنەوەی نوێ بە عەقڵییەتی جیاواز لە چەمک و کێشەگەلێکی وەک کێشەی نەتەوەکانی ئێران و کەمایەتییەکان و پرەنسیپەکانی وەک فرە نەتەوەیی و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگای ئێران کراوە.

سکرتێری گشتیی حیزب لەو پێوەندییەدا رایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە زەبروزەنگ و سەرکوتی توند و تیژانە ئیزن و دەرفەتی دەرکەوتەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە سەر شەقام نادا، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە لە عەقڵییەتی خەڵکی ئێران دا بەردەوام روو لە هەڵکشان و گەشە کردن دان.

بەڕێزیان بە ئاماژە بە جوڵانەوەی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵک کە بە جووڵانەوەی سەوز ناسراوە، گوتی کە ئەو جوڵانەوەیە لە یەک ساڵی رابردوودا توانیویەتی لە یەک شوێن و تەوەر دا خۆی رێک بخا، ئەویش ئەوە کە بە دنیا بسەلمێنێ کە خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامییان ناوێ و ئەو رژیمە شەرعیەتی قانوونی و گەلیی نیە. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ویستوومانە لەو دەرفەتە بە قازانجی نەتەوەی کورد کەڵک وەرگرین و وا بکەین کە فاکتۆری کورد لەو گۆڕانکاریانەدا تۆخ و پڕدیار بێ.

سکرتێری گشتیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ دارشتنەوەی قەوارەی سیاسی و موزائیکی سیاسیی داهاتووی ئێران ئاماژەی بە رۆڵی دوو نەتەوەی فارس و ئازەرییەکان کرد و روونی کردەوە کە حزووری ئەو دوونەتەوەیە لە دارشتنەوەی سیاسیی ئێرانی فرەنەتەوەی داهاتوودا زۆر گرینگە و لە ئێرانی ناسانترالی داهاتوودا بەشداریی سیاسیی هەموو نەتەوەکان زۆر پێویستە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا رایگەیاند کە ئێمە لە سیاسەت کردن و هەڵوێست گرتن دا پشت بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان دەبەستین و دژی دوگماتیزم و چەق وەستانین. ئێمە کە ئەزموونی لانیکەم ٣٠ ساڵ کێشە و ملمانێمان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە و رابردووی زیاتر لە ٦٠ساڵ خەبات و سیاسەت کردنمان لە گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانمان پەنا بۆ دروشم نابەین و هەموو هەوڵەکانمان لە چۆنیەتی هەڵوێست گرتن دا لە سەر ئەو بنەمایەیە کە سیاسەت و هەڵوێست گرتنەکانمان ژیرانە بێ و بۆ ئەوە ببێ کە لە هەموو کاتێک دا بتوانین بەرگریان لێ بکەین.

سکرتێری گشتیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ مانگرتنەکەی ٢٢ی پوشپەڕ و مانگرتنەکەی پێشووی یادی ئێعدامکراوانی ١٩ی بانەمەڕ رایگەیاند کە جووڵانەوەی گەلی کورد و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان ئیستعدادێکی یەکجار زۆری بۆ پشکووتن و چالاکتر بوون هەیە و ئەوەش هاودەنگی و کۆدەنگی و زیاتر لێک نیزیکبوونەوەی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی پێویستە.

دوایی بەشی کۆبوونەوەکەی کاک خالید عەزیزی بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیار و سەرنجی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی : ٢٤ی جووڵای ٢٠١٠

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیادا

کوردستان و کورد نیوز: ڕۆژی دووشەممە،٦ی ڕەزبەرخالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا(لیبر پارتی) لە کۆڕی بەشدارانی کۆنفرانسەکەدا وتارێکی لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی کورد و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا پێشکەش کرد.
خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە سەر بانگهێشتی فەرمیی حیزبی کرێکاری بریتانیا بەسەرۆکایەتیی هەیئەتێک بەشداری لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی دەسەڵاتدار بریتانیا کردوە، دوێنێ دووشەممە لە یەکەم ڕۆژی بەشی نێونەتەوەیی ئەو کۆنفرانسەدا سەبارەت بە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی ئێران ڕایگەیاند کە ئێران بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێ دەپەڕێ و نابێ دونیای دەرەوە کێشەکانی ئێران تەنیا لە مەسەلەی چەکی ئەتۆمیدا چڕ بکاتەوەو پێویستە گرنگی بە پرسی دیموکراسی لە ئێران بدرێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاماژە بەوەی کە ئێران مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کۆمەڵگای جیهانی، پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوە بندەستەکانی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە پێشێل کردنی پرنسیپ و یاسا نێونەتەوەییەکان لە قەڵەم داو گوتی: پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوە بندەستەکان ئەمڕۆ بۆ کۆماری ئیسلامی وەک بابەتێکی ئاسایی لێهاتووە و ئەمەش گەورەترین مەترسییە بۆ سەر پرۆسەی سەقامگیرکردنی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لە ئێران بە تایبەتی.

خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوەی کە نەتەوەی کورد سێ دەیەیە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لەئێران خەبات دەکا دووپاتی کردەوە کە بێدەنگی کۆمەڵگای جیهانی بەرامبەر بە پرسی نەتەوەکان لە ئێران هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو دیموکراتیزە بوونی ئەو وڵاتە گرێدراوی قبووڵکردنی هەموو جیاوازییەکان و بەشداری سەرجەم نەتەوەکانە لە بەڕێوە بردنی وڵات دایە.سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی قسەکانیدا داوای لە سەرجەم کەسایەتی، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە بەشدارەکان لەو کۆنفرانسەدا کرد کە ڕێگا لە پێشێل کردنی زیاتری مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بگرن و گرنگی زیاتر بە مەسەلەی دیموکراسی لە ئێراندا بدەن، هەروەها هەوڵ بدەن کە سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی بۆ لای ئەم بابەتە ڕابکێشن.



سەرچاوە Serchawe

كۆنفرانسی ساڵانەی پارتی كرێكاری بریتانیا كە ئێستا دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بە دەستەوەیە رۆژی ٢٧ی سێپتامبر لە شاری توریستیی برایتۆن دەستی پێ كردوە و لەسەر بانگهێشتی فەرمیی ئەم پارتە هەیئەتێک لە حیزبی دیموكراتی كوردستانەوە بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، سكرتێری گشتیی حیزب لە بریتانیا رۆژانی ٢٨ و ٢٩ی سێپتامبردا بەشداری بەشی نێونەتەوەیی كاری ئەم كۆنفرانسە بووە.جێی ئاماژەیە، لە ناو حیزبەكانی رۆژهەلاتی كوردستاندا تەنیا "حیزبی دیموكراتی كوردستان" بانگهێشتی ئەم كۆنفرانسە كرا بوو و لەوێ بەشدار بوو.

سەرچاو: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێكەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

## خالید عەزیزی لە لێدوانێكی دا بۆ :(voa)قسەكانی ئەحمەدی نژاد لە نێوخۆی وڵاتیش گاڵتەیان پێ دەكرێ

رۆژی یەكشەممە، ١١ی رەزبەر لە شاری ناشڤیلی ولایەتی تەنسی لە ئامریكا كۆڕێک بۆ كاک خالید عەزیزی، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان سازكرا و ژمارەیەک لە كوردەكانی ئەو ولایەتە بەشدارییان تێدا كرد.

ڕەوشی ئێستای كوردستانی ئێران و ئەزمونی هەرێمی كوردستانی عێراق و ڕەوشی ئێران بە گشتی تەوەری باسەكان بوو.

بەشی كوردیی رادیۆ دەنگی ئامریكا بەو بۆنەیەوە وتووێژێكی لە گەڵ كاک خالید عەزیزی پێک هێناوە و بۆچوونەكانی سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكڕاتی لە سەر ئەو كۆڕە و ئامانجی سەردانەكەی بۆ ئەمەریكا و بۆچوونەكانی ئەحمەدی نەژاد لە سەر پەلامارەكانی ١١ی سێپتامبر وەرگرتوە.

كاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ ئیدیعاكانی ئەحمەدی نژاد لە مەڕ ١١ی سێپتامبردا رایگەیاندوە كە پێم وا نیە ئەوەی ئەحمەدی نەژاد دەیلێ هیچ ڕاست بێت. ئەحمەدی نەژاد وەک سروشتی خۆی زۆر دەلێ و شتی جۆراوجۆر دەلێ و شتی وا دەلێ كە جاروبار ئەو باسانەی لەسەر ساز ببێ. لە ڕاستیدا قسەكانی ئەحمەدی نەژاد و هەڕەشە و گورەشەكانی كە دەیكات هەوڵدەدات كە دونیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمەریكا و وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆرتر بخاتە باری بەرگرییەوە.

سکرتێری گشتیی حدک هەر لەو پێوەندییەدا ڕایگەیاندوە کە من پێم وایە ئەو قسانەی ئەحمەدی نەژاد لە نێوخۆی ئێرانیشدا گاڵتەیان پێ دەکرێ.

سکرتێری گشتیی حدک هەروەها گوتویەتی کە  هەموو ئەو هەڵوێست و بۆچوونانە نیشانەی ئەوەن کە لە نێو خۆی ئێران لەگەڵ قەیران ڕووبەڕوو و کێشەیەکی سەنگینی هەیە و خەڵکی ئێران ناڕازین بەرامبەر بەو حکومەتە و ئەو حکوموتەش زۆر لە ژێر فشاری دەرەوە دایە، بۆیە هەوڵ دەدات وەها نیشان بدا کە لە نێو خۆی ئێراندا شتێکی سەیر لە گۆڕێدا نیە و ئەوە دونیای دەرەوەیە کە کێشەیان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## خالید عەزیزی: یەکگرتوویی و پێکەوە کارکردنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە گەڵ یەکتری زامنی ئاشتەوایی و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی خەڵکی کوردە

خالید عەزیزی: ئێمە هیچ کێشەیەکمان لە گەڵ ئەو لایەنە ئیسلامیانە نیە کە بە پێی ویستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراون و سەر بە خەڵکی کوردستانن و بەرانبەر خاک و نیشتمانی کوردستان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن. جێی خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاستییە بکەینەوە کە خەڵکی کوردستان چ ئێستا چ لە داهاتوودا هیچ ڕەوتێکی دەسکردی دەرەوەی ئیرادەی خۆیان قبووڵ ناکەن.

لە کۆبوونەوە لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە دەڤەرەکانی بتوێن و پشتدەر، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێداگری لە سەر پێوەندیی زیندووی نێوان خەڵک و حیزب کردو ڕایگەیاند کە هەر حیزبێک لە بەرانبەر بیروڕای گشتی خەڵک دا کەمتەرخەم بێت زۆر ناخایەنێت کە لە بیر دەکرێ.

لە درێژەی کۆبوونەوەکانی دا لە گەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشتەجێ  لە شارو ناوچەکانی باشووری کوردستان، بەرێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، دوانیوەڕۆی هەینی،٢٥ی سەرماوەز لە شاری ڕانیە لە گەڵ بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە دەڤەرەکانی پشتدەرو بتوێن کۆبووە.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا جەعفەر تووژەڵی بە نوینەرایەتی کۆمیتەکانی حیزب لەم دوو ناوچەیە بە خێرهاتنی سکرتێری حیزب و هەیئەتی هاوڕێی کردو پاشان کاک خالید عەزیزی قسەی بۆ بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کرد. بەڕێزیان لە سەرەتای قسەکانی باسی لە پێوەندی خەڵک و حیزب کرد لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد.

لەم پێوەندییەدا کاک خالید پێوەندیی نێوان حیزبێکی سیاسی و خەڵکی بە ئەسڵێکی گرینگ و جێی بایەخ ناوبردو ڕەنگدانەوەی بیروڕای گشتیی خەڵک لە کارو چالاکیی حیزبێکی سیاسی دا بە پێویستییەکی لە بیر نەکراوە وەسف کرد.

سکرتێری حیزبی دێموکرات لە درێژەی قسەکانی دا لە پێوەندی لە گەڵ خوێندنەوەی بیروڕای خەڵک لە لایەن حیزبەوە وتی: ئەو کاتە حیزبێک دەتوانێ چاوەڕوانی ئەوەی هەبێ کە سیاسەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دا ڕەنگ بداتەوە کە قودرەتی ئەوەی هەبێ بیروڕای خەڵکەکەی بە هێند بگرێ. ئەگەر حیزبێکی سیاسی لە بەرانبەر بیروڕای گشتیی خەڵک دا بێ تەفاوەت بێ، زۆر ناخایەنێ کە لە بیر دەکرێ.
هەر لەم پێوەندییەدا بە نیسبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، سکرتێری حیزب وتی: حیزبی ئێمە حەولی داوە لە گەڵ خەڵک ڕاستگۆ بێت و کێشەو گرفتەکان ئینکار نەکات. حیزبی دێموکرات نە تەنیا لە ڕەخنەی خەڵک ناترسێ، بەڵکوو بۆ خۆی کردۆتە وەزیفە کە گوێ لە ڕەخنەی خەڵک بگرێ و هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکان بدات کە بە خۆشیەوە خەڵک ئەم فەرهەنگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەست پێکردووە دەرکی دەکا.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێز خالید عەزیزی بە باسکردن لە بارودۆخی ئێستای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و داهاتووی ئەم وڵاتە، وەک هەمیشە جارێکی دیکەش بە پەرۆشەوە باسی لە ڕۆڵ و داهاتووی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

بەڕێزیان بە هێنانەوە بەر باسی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی و چۆنیەتی بەشداریی کورد لە داهاتووی ئێران دا وتی: بە سەرنجدان بە دوارۆژی ئێران ئەو سناریو ناڕوونانەی کە لەم پێوەندییەدا لە ئارادان ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە وەزن و قورسایی قەزیەی میللەتەکەمانە. ئێمە نابێ ئیزن بدەین بۆ جارێکی دیکەش ئینکار بکرێین و، بۆ ئەوەش دەبێ ڕاشکاوانە و بە شەهامەتەوە لە گەڵ لایەنە ئێرانییەکان ویستەکانی خۆمان بێنینە گۆڕێ.

لەم پێوەندییەدا سکرتێری حیزبی دێموکرات بە ئاماژەدان بە خوێندنەوەی هێنێدک لایەنی ئێرانی کە بە شوعار وەعدەیان داوە کە پرسی کورد چارەسەر دەکەن وتی: زۆر لە لایەنە ئێرانیانەی کە بە دانی شوعار، سی ساڵە وەعدەی چارەسەر کردنی پرسی کوردیان داوە، هەر بە چاوی هەڕەشەوە لە قەزیەی کورد دەڕوانن و تۆمەتی جیاییخوازیمان دەخەنە پاڵ. ئێمە

دەبێ شەڕی ئیستدلال و قانوونیان لە گەڵ بکەین و راشکاوانەو بە شەهامەتەوە لە گەڵ مەترەح کردنی داواکانی تا ئێستامان، پێیان بڵێن کە ئەگەر قەرار بێ کورد هەر وەک پێشوو بخوێندرێتەوە و وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیری بکرێ، ئەوا ئێمە مافی خۆمانە بیر لە رێگا چارەی دیکەش بکەینەوە.

هەر لەم کۆبوونەوەیە دا بەڕێز خالید عەزیزی لێبڕاوانەتر لە جاران یەکگرتوویی و پێکەوە کارکردنی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لە گەڵ یەکتری بە زامنی ئاشتەوایی و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان زانی و بە ئاماژەدان بە خەسارەکانی پێشووی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وتی کە چیدیکە نابێ ئەو قۆناخانە دووپات ببنەوە.

لەم پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان راشکاوانە ئاماژەی بە چەند ئەزموونێکی تاڵ لە دیاردەی براکوژی نێوان هێزو لایەنەکانی کوردستان کردو پێی وابوو کە وشیاری و تێگەیشتوویی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی سیاسیی کورد ناخوازێ چیدیکە ئەم ئەزموونە دووبارە بێتەوە.
لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان وتی: هەر کەس و لایەنێک دژایەتی لە گەڵ ئەفکاری شەڕی ناوخۆیی و براکوژی نەکات، لە گەڵ خەڵک بەرەوروویە.

لە دوایین بەشی قسەکانی دا لە وڵامی یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکەدا لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هێزو لایەنە ئیسلامیانەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەن، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی وتی: ئێمە هیچ کێشەیەکمان لە گەڵ ئەو لایەنە ئیسلامیانە نیە کە بە پێی ویستی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراون و سە بە خەڵکی کوردستانن و پێشمان وایە کە خەڵکی کوردستان چ ئێستا چ لە داهاتوودا هیچ رەوتێکی دەسکردی دەرەوەی ئیرادەی خۆیان قبووڵ ناکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ٢٠١٠

## ساڵی: ٢٠١١

---

## پشتیوانیی حدک لە کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک پشتیوانیی حیزبەکەی لە کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ڕاگەیاند.

ئەوەی خوارەوە دەقی بەیاننامەی پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاندیداتۆریی بەڕێز محەممەد سدیق کەبودوەندە:

پشتیوانی لە کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەکەین

ڕۆژی ١٠ی دیسامبری ٢٠١٠، بنەماڵەی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە بانگەوازێک دا، ڕووی قسەی خۆیان کردە ویژدانە بەخەبەرەکانی جیهان و کۆمەڵێک لە وەرگرانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل. لەو بانگەوازەدا وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی دڵتەزێنی ئەو تێکۆشەرەی بواری مافی مرۆڤ لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا، داوا کرابوو پشتیوانی لە پێشنیاری کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ بکەن.

بەدوای ئەم بانگەوازەی بنەماڵەی کەبوودوەند دا، کەمپەینێک بۆ پشتگیریی پێشنیاری کاندیدکردنی سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل وەڕێ کەوتوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە گۆڕی ئەم پێشنیارەوە، لە ڕاگەیەنەکانی خۆیدا پێشوازی و لایەنگریی لەم پێشنیارە کردوە و تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، پشتی ئەو کەمپەینەیان گرتوە.

وەک ڕێزگرتن لە هەوڵە بەنرخەکانی ئاغای کەبوودوەند بە دیفاع لەمافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و بە نیشانەی بەرز نرخاندنی تێکۆشانی مەدەنی و مرۆڤدۆستانەی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان ، هەر وەها بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بیرورای گشتیی جیهان بۆ لای پێشێلکردنی هەموو مافێکی نەتەوەیی و ئینسانیی خەڵکی کوردستان و ستەم و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و خەڵکی سەراسەری ئێران، بە ڕەسمی ڕادەگەیەنم کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە پێشنیاری کاندیدکرانی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ دەکا. هەوڵیش دەدەین تا ئەو جێگایەی دەگونجێ تواناو ئیمکاناتی ڕیکخراوەیی، میدیایی و دیپلۆماتیکی حیزب بۆ بردنەپێشی ئەم پێشنیارە، بەکار بێنین.



سەرچاوە
Serchawe

هیوادارم پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و سەرانسەری ئێران بەگشتی و بەتایبەتی پێشنیاری کاندیدا کردنی ئەو
تێکۆشەرە کوردو ئێرانییەی بواری مافی مرۆڤ ببێتە هەوێنی لێک نزیکبوونەوە، هاوهەنگاوی و کاری هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران و هەموو چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١٥ی بەفرانباری ١٣٨٩

٥ی ژانویەی ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ٥ی جانێویری ٢٠١١

## خالید عەزیزی: جووڵانەوەی ئێستای ئێران جووڵانەوەی هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی ئێرانە

ڕۆژی ٥ شەممە، ١٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٩ هەتاوی لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەربە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کورستان کۆبوونەوەیەک بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کورستان بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر وپێشمەرگەکانی حیزب پێک هات. ئەوە دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز خالید عەزیزییە:

ئەمڕۆ لە کاتێکدا لێرە کۆ بووینەتەوە هەر وەک زۆربەی ئێوە ئاگادارن و ڕۆژانە تەعقیبی ڕووداوەکان دەکەن جمووجۆڵ و جووڵانەوەیەکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکردووە و ئەو ڕووداوانە هێندە بە خێرایی و بە دوای یەکدا ڕوو دەدەن و تەبیعەتی ڕووداوەکانیش بە لە ڕووی سیاسییەوە ئەوەندە دەوڵەمەندە و لە سیاسەتی گەورەی جیهانیدا دەوریان ئەوەندە زۆرە، کە نە تەنیا ئێمە کە بە عەلاقەوە تەعقیبی ئەو ڕووداوانە دەکەین و لەو پەیوەندییەدا چاوەڕانی ئەوە دەکەین شوێنەواری ئەو ڕووداوانە لە ئێران چەندە کاریگەری دەبێ، لە وڵاتانی دیکەش لە هەموو شوێنێک ئەو ڕووداوانە و ڕەوتی ڕووداوەکان کەوتۆتە بەر تێبینی و بۆچوون و فۆکۆسی مێدیاکان و تەنانەت بۆتە مەشغەڵەی جیددیی دەسەڵاتدارانی دنیا و لەسەر مێزی دانیشتنەکانیان و دەستووری کاری ڕۆژانەیان ناتوانن لە بەرچاوی نەگرن. بۆ ئێمە بە دەیان قات گرینگترە و

لە ژێر ڕووناکایی ئەو ڕووداوانەدا دەبێ بزانین چۆن تەحلیلی ئێران دەکەین و چۆن ئێران لە بازنەیەکی گەورەتری ئەو ناوچەیەدا چۆن دەبینین.

لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەو ڕووداوانە هەیە. لێکدانەوەیەک پێی وایە خورسکە و دەستی پێکردووە و کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی عەرەبی وەزاڵە هاتوون و یەک بە دوای یەکدا دەیانهەوێ لەگەڵ دەسەڵات تەسویە حیساب بکەن و دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و حکوومەتێکی وەڵامدەر دابمەزرێنن. بۆچوونێکیش دەڵێ: ڕووداوەکانی ئێران، تەبیعەتی دەوڵەمەندی کێشەکانی ئێران هەر لە دوای ئینقلابەوە بە تایبەت لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا، بێ تەئسیر نەبووە لەسەر نەوعێک غیرەت دان و شەهامەت دان بە کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی دراوسێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بەو جۆرە دەست پێبکەن. هەر دووی ئەو لێکدانەوانە دەتوانن دروست بن. بەڵام بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە لە لێکدانەوەی خۆمان و هەڵسەنگاندنی خۆمان و دەرسێک کە لەو ڕووداوانە وەری دەگرین، چۆن کەڵکی لێ وەردەگرین لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا.

ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی کە ئێستا کۆتایی نەهاتووە و لە هەر وڵاتەی بە تەبیعەتی پێکهاتەی دەسەڵات لەو وڵاتە و چۆنیەتی جموجۆڵی جەماوەر لەو وڵاتەدا شێوەی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە. زەمانی تەسویە حیسابی کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ دەوڵەت لە میسر جۆرێک بوو، لە توونیس جۆرێکی دیکە بوو، لە لیبیش ئێستا بە ئاقارێکدا دەڕوا، لە یەمەن بە شێوەیەکی دیکە دەستی پێکردووە. هەروەها لە وڵاتانی دیکەی دەوروبەریش پرسیارێکی زۆری دروست کردووە. ئێمە لەو باوەڕەداین و پێشتریش ئەوەمان ڕاگەیاندووە و تەئکیدمان لەسەر کردۆتەوە کە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو ژمارەی وڵاتانی دیکتاتۆر و ئیستبدادی کەم دەبێتەوە. مادام ئێستا ڕێژەی ئەو دەسەڵاتانە کەم دەبێتەوە، زۆر سرووشتییە هەمووی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە بەو سیستمە ئیدارە دەکرێن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕەوتەی کە بە گشتی لە دنیادا دەستی پێکردووە. لە دنیای ئێستادا دەسەڵاتی ئیستبدادی و دیکتاتۆری قابلی قبووڵ نیە و زۆر بە ڕاحەتی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ڕەنگە لێرە بڕێک زەمانێکی زۆرتر بکێشێ.

لە یەک ڕووەوە کێشە لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران وەک یەکە. ئەویش ئەوەیە هەم لە ئێران و هەم لە وڵاتانی عەرەبی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆمەڵانی خەڵک لە بەرەیەک دان و ئیستبداد و دیکتاتۆری لە بەرەیەکی دیکەدایە. کۆمەڵانی خەڵک دێموکراسی و ئازادییان دەوێ، حکوومەتێکی وەڵامدەریان دەوێ، بەڵام دەسەڵاتی ئیستبداد و دیکتاتۆری جوابیان ناداتەوە. بەڵام لە یەک شتدا جیاوازن، جیاوازییەکە لەوەدایە لە توونیس و لیبی و میسر و بەشی زۆری وڵاتانی عەرەبی یەک وڵات بە قەوارەیەکی یەک ڕەنگ کێشەی لەگەڵ دەسەڵات هەیە. لە تونیس و لیبی و میسر و یەمەن و سوریە و ئۆردۆن و ئەوانە یەک نەتەوە بە یەک زمان و تەقریبەن بە یەک مەزهەب لەگەڵ یەک هاودەنگ و هاوڕەنگن و کێشەیان لەگەڵ دەسەڵات هەیە. ئەوە ئێران لەو وڵاتانە جیا دەکاتەوە. ئێمە لە ئێراندا شاهیدی پانتاییەکی گەورەی جوغرافیایی ئێران هەین کە تەنەوعاتێکی جۆراوجۆری لە نەتەوەکان تێدا هەیە و هەرکام لەو نەتەوانە بە تەبیعەتی حەشیمەتی خۆیان و

رادەی حەشیمەتەکەیان و مەوقعییەتی خۆیان لە چەندوچۆنی دامەزراندنی دەسەڵات لە ئێران و چۆنیەتی تەعاموول لەگەڵ دەسەڵات لە ئێران ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە ئێمە تەحلیلی ڕوداوەکانی ئێران بکەین، دەبێ ئێمە قورسایی بدەین بەو لێکدانەوەیە بە تەبیعەتی ئەوەیکە ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە پانتایی سیاسی ئێران، لە جوغرافیای سیاسی ئێران لەگەڵ کێشەیەک بەرەوڕووین و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد و داخوازی خۆمانەوە تەعاموول لەگەڵ تاران دەکەین. لەو ڕوانگەیەشەوە ئێمە تەعاموول لەگەڵ جووڵانەوەی سەوز، تەعاموول لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە لەسەر چەندوچۆنی داهاتووی دەسەڵات لە تاران کێشە دەکەن، دەچینە نێو مەیدانی کێشەکان. ڕووداوەکانی ئێران گەیشتۆتە ئاستێک کە ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر دنیای دەرەوە گرینگی بە کێشەکانی ئێران دەدەن. ئەگەر لە سەردەمێکدا بە تەبیعەتی مەترسی ئەمنییەتی ئێران بۆ ناوچەکە و بەرزەفڕی ئێران لە مەیدانی کێشەی ئەتۆمیدا دنیای دەرەوەی نیگەران کردبوو، دواتر جمووجۆڵەکانی دوای هەڵبژاردن ڕەنگێکی دیکەی بە سرووشتی کێشەکان بەخشی. فاکتۆری ناڕەزایەتیی خەڵک و ئەوەیکە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە ئێراندا جمهووری ئیسلامیان ناوێ، بەو مەسەلەیەی زیاد کرد و ئەوەش یارمەتی کرد کە دنیای دەرەوە خوێندنەوەیەکی دیکەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ئێران هەبێ. کە نەخێر ئەگەر لەگەڵ ئەو سیستمە و ئەو دەوڵەتەش لەسەر مەسائیل و کێشەی ئەتۆمی بە جۆرێک لە جۆرەکان بە سازش بگەن، کێشەکە تەواو نابێ. هاتنە گۆڕی ئەو فاکتۆرە بە باوەڕی من یارمەتی بەوە کرد کە دنیای دەرەوە لە تەنیشت ڕوانینی ئەمنییەتی خۆی بەرامبەر بە ئێران، بپرژێنە سەر مافی مرۆڤ و وردەوردە لەو پێناوەشدا فشار بۆ ئێران بێنن ئەو مەوزوعە زیاتر لەسەر مێزی دەسەڵات و دەستووری کاری ئەواندا باسی لێ بکرێ. لانیکەم لەو دواییانەدا ئێمە هەڵوێستی ئەمریکا و هەڵوێستی یەکیەتی ئورووپامان بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو شەفافتر بینی.

فاکتۆرێکی دیکە کە بۆ جارێکی دیکە تێبینییەکی زۆری لەسەر ئێران هێناوەتە گۆڕێ و دیسان لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا ئێرانی خستۆتەوە ژێر فۆکۆس، ئەویش ئەوەیە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەتایبەت لە ڕێبەندان و سەرەتای ڕەشەمەدا جمووجۆڵی جۆراوجۆری کۆمەڵانی خەڵک لە شەقامدا هەرچەند دەسەڵاتی نیزامیی مەجالی پێ نەدان، ئەوەی نیشانداوە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەهەر فورسەتێک بۆیان هەڵکەوێ لەگەڵ ئەو ڕێژیمە تەسویە حیسابی خۆیان دەکەن. چۆنیەتی هەڵسووکەوتی دەسەڵات لەگەڵ کەڕووبی و مووسەوی لە دنیای دەرەوە بۆ جارێکی دیکەش فاکتۆرێکی دیکەشی پێوە زیاد کردووە. ئەگەر جاران باسی دەسەڵاتی ئیستبدادی و دیکتاتۆری لە وڵاتێک دەکرا، دنیای دەرەوەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە هەمیشە لە سۆنگەی ئەمنییەتی و سیاسەتی گەورەوە تەنزیمی سیاسەتی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەکرد، ڕەنگبێ بەدوای ئۆپۆزیسیۆندا گەڕابا. کاتێک کێشە لەگەڵ دەسەڵاتێکی ئیستبداد و دیکتاتۆری دەکرێ، کێشەکە کە تەبیعەتی خەیابانی خۆی هەیە، سەرچاوەی گرتووە لە ئیحساساتی دژی دەسەڵاتی خەڵک و ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی، ناڕەزایەتی ئابووری، بێ مافی. بەڵام یەک شت هەمیشە پرسیارە لە چەندوچوونی ئەو کێبرکێیەدا، ئەویش ئەوەیە ئەو تەزاهورات و خۆپیشاندانانە کە ئێستا بەرەو ئەوە دەڕوا نەتیجەیەک بدا، کێ جێی دەگرێتەوە، لە تونیس پرسیار ئەوە بوو. باشە ئەوە سەرۆکی توونیس دەڕوا، ئەی دوای ئەو کێ؟ لە میسر پرسیار ئەوەبوو موبارەک دەڕوا، ئەی کێ؟ لە لیبی ئەم پرسیارە هەیە قەزافی

نەمێنێ ئەی کێ؟ بۆیە لە کێشەی دەسەلات و لە ئینقلاباتەکاندا جیاواز لە تەبیعەتی ئینقلاب ڕۆژێکە و دە ڕۆژە و مانگێکە و سالێکە، گەورەترین پرسیار ئەوەیە ئالتێرناتیو چیە؟ ئەو «کێ»یە هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی دژی جمهووری ئیسلامی و هەم لە نێو کۆمەلگای نێودەولەتی وەک پرسیارێکی گەورە لە گۆڕێ دایە. بۆ ئەوان کە لە دەرەوە دوراودوورن، بۆ کۆمەلانی خەلکی ئێران کە ڕۆژانە لەگەلی دەژین و ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی کە بێ تەفاوەت نین و بە بەرنامە بۆی دەچین. ئەو پرسیارە بۆ ئێمە دەبێ گرینگتریش بێ. ئێستا لە نێوخۆی ئێران ئێمە لەگەل پانتاییەکی سیاسی ڕووبەڕووین، لەلایەک دەسەلات گەیشتۆتە قۆناغەکانی ئاخری خۆی. لەو حالەتەدا دوو ڕێگا هەیە: یان پاشەکشە دەکا و وردەوردە لە مەیدان دەچێتە دەرێ. یان نەخێر بە ئاسانی مل نادا و وەک ئەوەی کە ئێستا لە لیبی دەیبینن. بە تەبیعەتی دەسەلاتی نیزامیی جمهوری وا دیارە دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی میکانیزمی پاشەکشە و گوێدان و پاشەکشەی مەرحەلە بە مەرحەلەی هەلنەبژاردوە تەنانەت نەک بلێم لە بەرامبەر ئێمەدا کە بە هیچ جۆر وەک سیستمی جمهووری ئیسلامی فکر ناکەینەوە و بۆچوونێکی دیکەمان هەیە لەسەر چۆنیەتی ئیدارەی ولات و دیموکراسی و فرەنەتەوەیی و مافەکانی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لە ئێران، ئەوان بەرامبەر بەوانەیکە دەورانێک «خودی» بوون،. لە دەسەلاتدا بوون، بەرامبەر بەوانیش حازر نین پاشەکشە و سازش بکەن. ئەوە بۆچوونی دەسەلاتە. لە بەرامبەردا ئێمە لە نێوخۆی ولات جوولانەوەیەکی بەربەرینی کۆمەلانی خەلکمان لە پێشدایە. ئەو جوولانەوەیە لە ماوەی دوو سالی ڕابردوودا، بە تەبیعەتی مەجال و دەرفەت لە سیستمێکی زۆر نیزامی ئێران ئیدارە دەکا، هەولی داوە بە مناسبەتی جۆراوجۆر بە پێی توانای خۆی بە کۆمەلانی خەلک و بە دەسەلات و بە دنیای دەرەوە بلێ کە زۆربەی هەرە زۆری خەلک لە نێوخۆی ئێران جمهووری ئیسلامیيان ناوێ و ڕۆژبەڕۆژ ئالقەی «خودی»یەکانی جمهووری ئیسلامی بەرتەسکتر دەبێتەوە. شکلی سیاسی ئەو جوولانەوەیە و نارەزایەتی ئێستا کە لە نێوخۆی ئێران بە نێوی جوولانەوەی سەوز ناسراوە، جوولانەوەی سەوز لە ڕوانگەی ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبێکی سیاسی نییە.

جوولانەوەی یەک میللەت لە میللەتانی ئێران نیە. جوولانەوەی موخالیفینی جمهووری ئیسلامی تەنیا لە نێوخۆی دەسەلات نیە. بەلکوو بەرەکی بەربەرینی جەماوەرییە کە چین و توێژی جۆراوجۆر بە بۆچوونی جیاواز لە هەموو نەتەوەکانی ئێران لە بۆچوونەکانی جۆراوجۆر، لە دانیشگاکان و شوێنی کارەوە بگرە هەتا گوند و شاری تێیدا بەشدارن. بۆیە ئەو جوولانەوە ئی هەموو خەلکی ئێرانە. بەلام سرووشتییە هیچ جوولانەوەیەک بێ ڕەهبەر و بێ سەمبوول نابێ. ئەگەر ئەو جوولانەوەیە لە نێوخۆی ئێراندا شکلی گرتووە و هاتۆتە گۆڕێ و خۆی پێناسە کردووە، زۆر ئاساییە ڕێبەران و سەمبولەکانی ئەو جوولانەوەیە کەسانێک بن کە لە نێوخۆی ئێران دا هاتوونەتە گۆڕێ و بە تەبیعەتی ئەو کێشانەی کە لەگەل دەسەلات بوویان بەتایبەت دوای هەلبژاردن، هەر ئەوانە بناسرێن. خۆ زۆر ئاسایی نەبوو ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات یان ئەو حیزبانەی لە دەرەوەی ولاتن بێنەوە و بچنەوە نێو خەلک و ئەوان بە ڕێبەر بناسێندرێن. هۆیەکەی ئەوەیە ئێمە ئەو حیزبانەین یان غەیرە قانوونین یا مەجالی ئەوەمان نیە.



سەرچاوە
Serchawe

چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیە دەکەین؟ مادام ئێمە لە مەرحەلەی یەکەمدا پێناسەی خۆمان لەو جووڵانەوەیە کرد و ئەوەیکە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەش چۆن ساز بوونە، ئێستا ئێمە چۆن لەگەڵی دەجووڵێینەوە؟ سیاسەتی ئێمە تا ئێستا بەرامبەر بەو جووڵانەوەیە ئاوا بووە: جووڵانەوەیەک لە نێوخۆی ئێران لە گۆڕێ دا هەیە، جمهووری ئیسلامی بە چالش کێشاوە، لە نێو ئەو جووڵانەوەیە درووشمی جۆراوجۆر هەیە، هەمووی ئەو دروشمانە حەقی خۆیانە و لە جێی خۆیدان. چوون کۆمەڵگای ئێران لە رووی نەتەوەییەوە، فرەنەتەوەییە و لە رووی سیاسییەوە فرەبۆچوونە، لە رووی تەشکیلاتییەوە فرە ڕێکخراوەییە. تەبیعەتی موتەنەوعی ئەو درووشمانە لە شەقامی ئێرانی زۆر زۆر ئاسایی یە و ئێمە قەت نابێ حساسیەتمان بەرامبەر بەوە هەبێ. بۆ ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی، هونەرەکەمان دەبێ لەوەدا بێ کۆمەگ بەو عەقڵییەتە بکەین لە سەحنەی سیاسی ئێران، هەموو لایەکمان بە حیزبە سیاسییەکان و لایەنەکان ئەو واقعییەتە دەرک بکەین. بە جۆرێک تەعامول بکەین کە ئەو گردبوونەوەیە، و ئەو بەرە بەرینەی دژی جمهوری ئیسلامی تووشی لێک پچڕان نەبێ. تووشی لەت بوون نەبێ. ئێمە لە مەرحەلەی ئێستادا، هەمووی ئێمە بە سەوز و بە موخالیفینی سێکۆلاری جمهووری ئیسلامی و بەوانەیکە دروشمی رووخانی جمهووری ئیسلامی دەدەن و بەوانەیکە دروشمی فیدرالیزم دەدەن، هەموومان ئێستا پێویستیمان بە یەکە لە بەرەی دژی جمهووری ئیسلامیدا بین.

ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆچوونەکانمان ئاوا بووە. ئێمە تێدەکۆشین لە هەر شوێنێک قسە و بۆچوون و هەڵوێستێکی واقیعبینانە و مەنتیقی لە دژی ئەو سیستمە هاتە گۆڕێ وەلەو تەواو لەگەڵ ئێمەش نەبێ، تەشویقی بکەین. لەو شوێنانە بە جۆرێک هەست دەکەین پاشگەز بوونەوەی تێدا هەیە و بۆچوونێکی غەیرە رادیکاڵ و بۆچوونێکی کە بڕێک بیهەوێ لە جووڵانەوەکە سووئیستفادە (سوءاستفادە) بکا، بە قازانجی خۆی، لە قاو بدەین. دەقیقەن واتای سیاسەتیش هەر ئەوەیە. کەڕووبی و مووسەوی تەبیعەتەن وەک ئێمە بیر ناکەنەوە کە ئێمە چۆن لە سی ساڵی رابردوودا باسی رووخانی جمهووری ئیسلامی دەکەین، وەلە لێکدانەوەی خۆماندا دەڵێین جمهووری ئیسلامی وەک سیستمێک ناتوانرێ بگۆڕدرێ، ناتوانێ دیموکراتیک بێ و ناتوانێ مافە دیموکراتیکەکان، مافی ژنان، مافی نەتەوەکان چارەسەر بکا، ئەوان بۆچوونێکی دیکەیان هەیە. ئەوان بە بۆچوونێکی ئیسلاح تەڵەبی لە دژی دەسەڵاتی جمهووری ئیسلامی دەجووڵێنەوە. ئێمە لەو مەنشوورانەی کە تا ئێستا ئەوان دەریانکردووە، مەنشووری یەک و دوو، هەمیشە تەعقیبمان کردوە، و هەوڵمان داوە لەو شوێنانەی لە پێوەندی لەگەڵ دیموکراسی، کە رەنگە وەک ئێمە فکر نەکەنەوە، لە پێوەندی لەگەڵ مافەکان کە رەنگە وەک ئێمە فکر نەکەنەوە، بەڵام بە جۆرێک ئەو بەحسانە دێننە گۆڕێ، لە پێوەندی لەگەڵ قانوونی ئەساسی کە باس لەوە دەکات لە داهاتوودا تەنانەت لە کەش و هەوایەکی موناسبدا دەستی تێوەربدرێ، لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی زیندانیانی سیاسی، لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی کۆبوونەوە، لە پێوەندی لەگەڵ زۆر شت کە شتی رۆژانەی ئێمەیە بەڵام ئەوان بە ئەدەبیات و زمانێکی دیکە دەیڵێن، ئێمەش بە ئەدەبیات و زمانێکی دیکە دەیڵێین. لە هەمووی ئەوانەدا، پرد لە بەینی خۆمان و ئەوان دروست بکەین لە عەینی حاڵێشدا تێدەکۆشین پێیان بڵێین بۆ ئەوەیکە ئەو کۆمەڵگایە زۆرتر لەگەڵ ئێوە بێ، ئێوە دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بچنە پێش.

ئێستا ئەو دوو نەفەرە لە ئاستی نێو دەوڵەتیشدا، وەکی زۆرێک لە رێبەرانی ئەو وڵاتانەی کە لە زیندان دان، وەک رێبەری ئازادیخوازانی بێرمە و وڵاتانی دیکە، نێویان هاتۆتە نێو نێوان و وڵاتی ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپا و شوێنە جۆراوجۆرەکان داوای ئازادیيان دەکا. باسەکەی من لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین بەرامبەر بەو دوو کەسە بێ تەفاوەت بین. مادام ئەو دوو کەسە لە مەیدانی سیاسییدا هەن و مادام ئێمەش ناتوانین بێ تەفاوەت بین، بنەمای بۆچوونەکانی خۆمان لەسەر ئەوە دادەنێین کۆمەگ بەوە بکەین کە ئەقلییەت و بۆچوونی ئەوان رادیکاڵتر بێتەوە،وەک گرینگیدان بە دیمۆکراسی و مافی نەتەوەکان و زۆر شتی دیکە. ئەوەیکە ئێستا بگونجێ، بەهێزتری بکەین. وە چۆن ئەوەیان لەگەڵ باس دەکەین و چۆن ئەوە لەگەڵ رێبەرانی دیکەی جووڵانەوەی سەوز باسی دەکەین، دەلیلمان بۆ ئەوە هەیە، لە تەبیعەتی جووڵانەوەکانی میسردا کاتێک جووڵانەوەکان دەستیان پێ کرد و خەڵک هاتنە سەر شەقام، رۆژ بە رۆژ دەسەڵات مەجبوور بە پاشەکشە بوو، رۆژ بە رۆژ داخوازییەکانی خەڵک بەرزتر دەبووەوە. لە جووڵانەوەی ئێراندا کە وەسیعتر بێتەوە و مەجال زۆرتر بێتە گۆڕێ، و خەڵک بێنە سەر شەقام و بۆچوونی جیاواز بچێتە نێو شوعارەکان. دڵنیام لەوێشدا زۆر لەو شتانەی کە ئێستا ئێمە ناتوانین پێشبینی بکەین و تەنانەت بەڕێوەبەرانی سەوزیش ناتوانن پێشبینی بکەن، رەنگە ئاڵوگۆڕەکان لە ماوەی حەوتوو، دوو حەوتوودا وای لێ بێ کە ئەو دروشمانەی ئەوڕۆ دراوە، حەوتویەکی دیکە نەدرێتەوە. لە مەنشوورو خوێندنەوەو تەوافوقەکاندا ئەوەیکە مانگێک پێش ئێستا نووسراوە، بە جۆرێکی دیکە باسی لێبکرێتەوە، یانی مەبەستم ئەوەیە ئەو شتانە کە بە مرووری زەمان ئێمە دەیخەینە سەر شەقام و نێو خەڵک جێبەجێ بکرێ.

کۆماری ئیسلامی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیەدا ستراتژییەکەی ئەوەیە، یەکەم تێ بکۆشێ ئەو بەشە لەو جووڵانەوەیە کە مەزهەبین و لەسەر بنەمای ئیسلاحات دەچنە پێشێ و لەوێدا ناسراون بە شێوەی جۆراوجۆر، یەکەم زیندانییان بکا. لە ماسیمیدیا و راگەیاندندا مەحدوودیان بکاتەوە و نەهێڵێ دەستیان بە دەرەوە بگا، ئەوە چۆنییەتی تەعامول لەگەڵ نوخبەکانیانە. لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکیش سەرکوب و خشوونەتی هەڵبژاردووە واتە پاشەکشەی سیاسی ناکا، ملکەچ نابێ بەرامبەر بە داخوازییەکان، یا دەبێ سەرکوب و خشوونەت ئیدامە بدا تا دەڕووخێ، دەنا رێگای دیکەی بۆخۆی نەهێشتۆتەوە. وادیارە ئێستا ئەو رێگایەی هەڵبژاردووە کە لە لیبی دەیبینین و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک هەر دەبێتە ئەو چارەنووسەی کە لە شەقامی لیبی دا دەبینرێ یا بە شێوەیەکی تر.

فاکتۆرێکی دیکە کە لە ماوەی رابردوودا زۆری یارمەتی داوە بە هوشیاری کۆمەڵانی خەڵک لە هەمووی ئەو وڵاتانە، ئەوەیە کە دەوترێ بەجیهانیبوونی هەموو شتەکانە. سەردەمانێک ئینقلاب دەکرا لە وڵاتێکدا، وڵاتی دراوسێی نەیدەزانی لەو وڵاتەدا چ دەگوزەرێ. نەقڵێک دەگێڕنەوە دەڵێن لە سەردەمی ئیستالین دا بوومەلەرزەیەک لە ئەرمەنستان هات ١٥ تا ٢٠ هەزار کەسی تێدا کوژرا بەڵام دراوسێکانی ئەرمەنستان نەیاندەزانی. لە سەردەمی گۆرباچۆفیش بوومەلەرزەیەک هاتەوە تەواوی دونیای تێ گەیشت. ئێستا ئەگەر شتی لەوە بچوکتر روو بدا، هەمووی دونیا بە ماوەیەکی کورت دەیزانێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەبێ تێبکۆشین لە تەبلیغات و لە سازماندەهی و لە تەشکیلاتی خۆمان لەنێوخۆی وڵاتدا

بایەخێکی زۆرتر بەو تێکنۆلۆژیە بدەین و زۆر لەو تێکنۆلۆژیە لە پێناو مەبەستەکانی خۆمان دا کەڵک وەرگرین. ڕۆژهەلاتی کوردستان لەو ماوەیەدا بە لێکدانەوەی ئێمە بە موناسبەتی جۆراوجۆر لە چەند مانگی ڕابردوودا نیشانی داوە کە لە مەیدان دا هەیە. نیشانی داوە کە لە فورسەتی موناسب کە بۆی دەگونجێ و مەوقعییەتی ئەمنییەتی ئێران ئیجازەی پێدەدا، نارەزایەتیی خۆی دژی جومهووری ئیسلامی نیشان بدا و لە حەددی توانای خۆیدا ئیعترازاتەکەی بێنێتە گۆڕێ و ئیعترازاتی کوردستانی ئێران هەم لە نێوخۆی ولات و هەم لە دەرەوەی ولات تا ڕادەیەکی زۆر مونعەکیس بۆتەوە، بۆیە مەسەلەی کورد لە داهاتووی ئێراندا شتێکی ئینکار ناپەزیرە و هەروا بە ڕاحەتی ناکرێ پشت گوێ بخرێ و ئێمە وەک حدک هەوڵمان داوە بە شێوازی جۆراوجۆر تێبکۆشین ئەو ئیعتیماد بەنەفسە لە نێوخۆی وڵاتدا بەقووەتر بکەین و کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات زۆرتر گرینگی بدەن بە خەبات و جموجۆڵی مەدەنی. بۆیە دەڵێم خەبات و جموجۆڵی مەدەنی، جمهوری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک تێدەکۆشێ ئەو کێشانە بکشێتە مەیدانی خشوونەتەوە و ئیبتکارەکە بە دەستەوە بگرێ کە کێشەکان بە خشوونەتەوە وڵام بداتەوە.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە، کە باشترین شت کە تەزمینی ئەوە دەکا کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتووی ڕووداوەکانی ئێران دا بتوانێ بە باشی لەگەڵ چەندو چۆنی ڕووداوەکان تەعامول بکا، ئەوەیە ئەو نەتەوەیە بە جیاوازی لەگەڵ هەموو تەنەوعاتێکی ناوچەیی، زاراوەیی و مەزهەبی، یەکگرتوو بێ و لە سەرەوەی ئەوانەدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتوو بن. دڵنیام ئێمە ئەگەر ئەو یەکگرتووییەمان هەبێ و لێک حاڵیبوونەمان هەبێ و یەکتر تەحەموول بکەین لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دا، ڕووداوەکانی ئێران بەرەو هەر ئاقارێک بڕۆن، بە هەر شێوەیەک بڕۆن، ئێمە دەتوانین لەوێ دەورێکی باشمان هەبێ و مافەکانی نەتەوەیی و دێموکڕاتیکی خۆمان باشتر مسۆگەر بکەین. بە هیوای ئەو ڕۆژە هەر سەرکەوتوو بن .

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٣ی مارچی ٢٠١١

---

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەک بۆ سکرتێری گشتیی حیزب بۆ باس لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچە

ڕۆژی ٥شەممە، ١٢ی ڕەشەممەی ١٢ی هەتاوی لە یەکێک لەساڵۆنەکانی سەربە دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کورستان کۆبوونەوەیەک بۆ بەرێز کاک خالید عەزیزی،

سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر وپێشمەرگەکانی حدک پێک هات.

کاک خالیدعزیزی لە سەرەتای باسەکەیاندا تیشکی خستە سەر ئەوەی  کە ئاڵووگۆڕەکانی ناوچە بوونەتە جێگای سەرنجی زۆربەی وڵاتانی جیهان و میدیاکان و  کاریگەری و کارتێکەریی ئەم رووداونە بۆ ئێمە زۆر گرینگترە و ئێمە ناتوانین بە وردی ئەو ئالوگۆڕانە لە بەر چاو نەگرین و دەبێ بایەخی زیاتریان پێ بدەین بۆئەوەی هەڵسەنگاندنی خۆمان بۆ ئاراستەکانی ئەو رووداوانە هەبێ و لە جێشدا کەڵکی پێویستیان لێ وەرگرین.

دواتر بەرێزیان ئاماژەیان بەوەدا کە، ئەو رووداوانەی لە وڵاتانی عەرەبی دەستی پێ کردوە کۆتایی پێ نەهاتووە و هەر وڵاتەو بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەستی بەو سەرهەڵدان و گۆرانکارییانە کردوە وئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە رێژەی وڵاتانی دیکتاتۆرو سەرەڕۆ کەم دەبنەوە و درەنگ یا زوو شەپۆلی ئەو رەوتە  پێی کۆماری ئیسلامیش دەگرێتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بە رووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران باسی لەوە کرد کە، یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی نارەزایەتییەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی لەوە دایە کە خەڵکی ئازادیخواز لە بەرەیەک دان و دیکتاتۆرەکانیش لەبەرەیەکی دیکە دان و لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان ئەو ولاتانە وئێران دا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەبی وەک یەک نەتەوە ویەک زمان لە هەر کام لەو وڵاتانە دا لە دژی سیستەمی سەرۆرەیەکانیان راوەستاون، بەڵام فرەچەشنی ئێران لەباری نەتەوەیی، زمان و مەزهەب سروشتێکی تەواو تایبەت بە خۆی هەیە و بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستیە دەبێ ئێران وەک خۆی ببینین و رێگا چارەکانیشی هەر لەو بازنەیە دا  پێناسە بکەین.

کاک خالید لە بە شێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژەدان بە رووداو پێشهاتەکانی ئێران باسی لەوە کرد کە، رووداوەکانی ئێران گەیشتۆتە شوێنێک کە لە ئاستی جیهانیدا سەرنجی تایبەتی پێ دەدەن و چەندین فاکتۆر هەن بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بکەوێتە سەر ئێران. ئێستا لە تەنیشت زەخت وفشار بۆ سەر ئێران سەبارەت بە  پرۆژەی ناوکی، باس کردن لە مافی مرۆڤ ورەوشی نالەباری زیندانیانی سیاسی و شیوەی رەفتاری کۆماری ئیسلامی  لە گەڵ خەڵکی ئێران سەرنجێکی زۆری پێ دەدرێ.

سکرتێری حیزبی دیموکرات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە دەربڕینی نارەزایەتیەکان لە شەقامەکانی ئێران لە 25ی رێبەندان دا بۆ جارێکی دیکە ئەو راستیەی سەلماندووە کە خەلکی وەزاڵە هاتووی ئێران لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان برەخسێ لە دژی سیستەمی کۆماری ئیسلامی کەلک وەردەگرن و لە بەرانبەردا رێژیم یا دەبێ پاشەکشە بکا

وتەسلیمی ویست و داخوازی کۆمەلانی خەلک بێ، یا ئەوەی کە درێژە بە سەرکوت و توندو تیژی بدا. بەلام دەبینین کە کاربەدەستانی ئێران سەرکوت وتوند وتوژیان هەلبژاردوە و چارەنوسیان هەر ئەوە دەبێ کە دیکتاتۆرەکان بوویانە.

بەرێزیان لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هەلسووکەوتانەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە خەلکی نارازی و رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز گرتویەتە پێش باسی لەوە کرد کە، کۆماری ئیسلامی دوایین شێوازەکانی خۆی لە گەڵ ئەم رووداوانە بەکاردێنێ و ئەوان تەنانەت لەگەڵ خودییەکانی خۆیان بە توندی دەجووڵێنەوە و رۆژ بەرۆژ ئالقەی خودییەکان بەرتەسکتر دەبێتەوەو غەیرەخودییەکان زیاد دەبن.

کاک خالید لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە لە روانگەی ئێمەوە بزووتنەوەی سەوز کە بزووتنەوەیەکی جەماوەریە وبە هیچ حیزب و لایەنەکی سیاسی پێناسە ناکرێ، بەشێوەی خۆی کۆماری ئیسلامی بە چالش کێشاوە. لە نێو ئەو بزووتنەوەیە دا کە بەربەرین و جەماوەرییە، کۆمەلێک دروشمی جۆراوجۆر کە کەم و زۆر ئاوێنەی فرەچشنی سیاسی کۆمەلگای ئێرانە دەدرێ وبەرز دەبنەوە. ئێمە دەبێ تێ بکوشین خالە هاوبەشەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە دژی کۆماری ئیسلامی لەسەردەمی ئێستا دا بەهێز بکەین و لە هەمان کاتیش دا بەحەوسەلەو وتێبینی یەوە ویست و داخوازەکانی نەتەوەیی خەلکی کوردستانی ئێران بخەینە نێو ئەو بزووتنەوەیە. ئێمە دەبێ تێ بکوشین بەرامبەر بەو رووداوانە بێ تەفاوت نەبێن و دەورێکی بەرچاومان هەبێ.

سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە مووسەوی و کەرووبی باسی لەوە کرد کە ئێمە دەبێ دەرکی هەلومەرجی سیاسیی ئەوان بکەین. لە کاتێکدا هاوکار وهاورێکانیان لە بەندیخانەکان دان و خۆیان لەژێر فشاردان وتەنانەت بە جۆرێک دەست بەسەر کراون، ناکرێ ئەو چاوەروانیمان لەوان هەبێ، کە وەک ئێمە بیر بکەنەوە وریگا چارەو هەلویستەکانیان هەر وەک ئیمە بێ. ئێمە دەبێ تێ بکوشین خالە هاوبەشەکانمان لە پێناو جێگر کردنی دێموکراسی ومافی مرۆڤ لە ئێران دا لەگەل ئەوان بەهێز بکەین. ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئیران پێویستیمان بەو هەیە کە خەلکێکی زۆرتر لە نێو کۆمەگای غیرە کوردی ئێران دا لە ویست و داخوازیەکانی ئێمە تێ بگەن و بە گویرەی توانای خۆیان دیفاعی لێ بکەن.

کاک خالید عەزیزی لە کۆتایی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زۆرمان هەوڵ داوە کە، گرینگی زیاتر بدەین بە خەباتی مەدەنی. لە بەر ئەوەی پێمان وایە خەباتی مەدەنی لە هەمان کات دا کە جەماوەرێکی زۆرتر لەگەل خۆی دەخا، کۆمەلانی خەلکیش فێری لێک تێگەیشتن و دۆزینەوەی ریگا چارەیەکی گونجاو هەمە لایەنە بۆ داهاتوی ئیران دەکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی دا پێی لە سەر پێویستیی یەکیەتی ویەکگرتووی نێوان هێزە کوردییەکانی کوردستانی ئێران کردەوەو ئاماژەی بەوەدا کە جێگە وپێگەی کوردستانی ئێران لە سێناریو ناروونەکانی داهاتووی ئێران دا بە یەکریزی و هاوپێوەندی و هاوکاری نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران ویەکگرتووی جولانەوەی کوردی ئیران گرێدراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١١

## خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٨ی مارسدا:

## ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە زۆرتر بەشداریی خەباتی مەدەنی بکەن

هاورێیانی ژن و پیاوی حیزبی لە رۆژی ٨ی مارس رۆژی ژنان!

یەکیەتی ژنانی کوردستان و هەموو ژن و پیاوەکانی نێوخۆی ولات و هەموو کچ و کورەکان کە لە پێناوی ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگادا بە یەکەوە کار دەکەن! پیرۆزبایی ٨ی مارس لە هەمووی ئێوە دەکەم.

رەنگە جاروبار ئەو پرسیارە بکرێ لە سێسەدو شێست و پێنج رۆژی ساڵدا بۆ ژنان هەر رۆژێکیان وەبەر کەوتوە کە ئەمرۆ 8ی مارس بە رۆژی ژنان دادەنێن. بەلام لە روانگەی هەموومانەوە هەموو رۆژەکانی ساڵ رۆژی ژنانە و هەموو رۆژانی ساڵ رۆژی پیاوانە و هەموو رۆژانی ساڵ رۆژی هەمووماننە بە یەکەوە بۆیە ٨ی مارسیش یەکێک لەو رۆژانەیە و رۆژێکە هی هەموو ژن و پیاوەکان بە یەکەوە، چونکە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی و بەرابەری، بێ هاوکاریی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا دروست نابێ. مێژووی جوولانەوەی ژنان ئەوەی تا ئێستا سەنەدییەتی پەیدا کردوە، لە دەوری سەد ساڵە. بەلام دیسان لەو سەد ساڵەدا هەرچەند لە زۆربەی زۆری ولاتەکان دێموکراسی سەقامگیر بووە، حکوومەتی قانوون دامەزراوە، بەلام بە

مانای ئەوە نییە عەدالەت لە کۆمەڵگادا واتا بەرابەریی ژن و پیاو لە هەموو مەیدانەکاندا جێ کەوتووە. ئەوەی کە لە کۆمەڵگادا بێ عەدالەتی هەیە، ژن دەچەوسێتەوە و زۆرجار لە لێکدانەوەکاندا باسی کۆمەڵگای پیاوسالاری دەکرێ، تەنانەت رەخنە لە ئێمە پیاوەکان دەگیرێ کە لە کۆمەڵگادا هەوڵ نادەن کە ئازادی و بەرابەری و مافی هاوبەش جێ بکەوێ، لە روانگەی منەوە نە خەتای ژنە و نە خەتای پیاوە بە شێوەی راستەوخۆ. هەم ژنان و هەم پیاوان بە یەکەوە ئەسیری کۆمەڵێک گیرو قەید و بەندی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیین کە بە سەدان ساڵە لە کۆمەڵگادا دروست بووە. دڵنیام بە هەزاران هەزار پیاو لە کۆمەڵگایەکدا پێیان خۆش نییە چەوسانەوەی کۆمەڵایەتیی لەسەر ژنان هەبێ. رەنگە بە هەزاران ژنیش هەبێ کە ئێستا مافەکانی خۆیان بۆوەی کە چۆن هەوڵ بدەن کۆمەڵگایەکی یەکسان درووست بێ بە تەواوی نەزانن.

ئێستا ئێمە لە سەردەمێک دا باسی بیرەوەریی ۸ی مارس دەکەین کە لە دنیادا مافی ژن تا رادەیەکی زۆر لە بوعدی قانوونی دا نەهادینە بووە، مونتەها لە ئێراندا کە جموجۆڵێکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵک دژی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێ دا هەیە، بەتایبەت لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، ژن بە دوو قات زوڵمی لێدەکرێ. دەبینین کە لە کۆمەڵگای ئێراندا، ژنان چەندە بە حەشیمەتێکی زۆر بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە لە جموجۆڵ و فەعالییەت و تێکۆشان دژی کۆماری ئیسلامی دەوریان هەیە. ئەگەر ئێمە موقایسەی خۆپێشاندانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە چەند مانگی رابردوو و تەنانەت هێندێک پێشتر لە کۆمەڵگای ئێران بکەین لە دوو ساڵی رابردوودا، بۆ تەواوی دنیا روون بۆتەوە کە ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا زۆر بەرچاو بەشدارن. لە جووڵانەوەکانی دوو ساڵی رابردوودا ئەگەر دیسان چاو لە سەنەدەکان بکەین، دەوری ژن یەکجار زۆرە. بۆیە بە خۆشییەوە لە ئێراندا هەر گۆڕانێک بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا بێتە گۆڕێ، حکوومەتی قانوون و دێموکراسی دابمەزرێ، هەر حکوومەتێکی دێموکراتیک بێتە سەرکار، بەهۆی روشدی سیاسیی کۆمەڵگە و ژنان، ئێرانی داهاتوودا ناتوانێ بەرامبەر بە مافی ژنان بێ تەفاوەت بێ و ژنان دەتوانن بە قورساییەکی زۆر مافەکانی خۆیان لە قانوون و لە هەموو سیستمی ئێراندا جێ بخەن. زەمانێک دەکرێ ماف جێبەجێ بکرێ و ئەکسەرییەتێک مەجبوور بکەی ئیعتراف بە حەقت بکا، کە تۆ لەگەڵدا بی و بەشدار بی و، لەگەڵدا بوون و بەشدار بوونی ژنانیش یەکێک لەو فاکتۆرانەیە لە هەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و حیزبیدا. زەمانێک ئەو بەشدارییە دەستەبەر دەکرێ یا تەزمین دەکرێ، کە ژنان لە نێو خۆیاندا ئیعتماد بەنەفسیان زۆرتر بێ. ژنان لە نێو خۆیاندا باوەڕیان بە خۆیان زۆرتر بێ. ئەگەر ئەو باوەڕ بەخۆبوون و ئیعتیماد بەنەفسە لە نێو ژنان دا بەهێز بێ، ئەو شەهامەتەیان زۆرتر بێ کە لە شوێنە قانوونییە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات، لە کاری حیزبی و کاری دەوڵەتی دا بەشدار بن دڵنیام بە مرووری زەمان ئەو شوێنەوارە رەوانییەی کە لە جیاوازی ژن و پیاو لە گۆڕێ دا هەیە، دەسرێتەوە و لەبەین دەچێ.

لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا شێوازی جۆراوجۆر بۆ چۆنییەتیی فەراهەم کردنی زەمینە بۆ حزووری ژنان و مافی ژنان لە گۆڕێدا هەیە کە یەکێک لەوانە مەسئەلەی تەبعیزی موسبەت بووە. رەنگە تەبعیزی موسبەت واتا ئەوەی کە جاروبار لە

شوێنێک باسی هەڵبژاردن لە پارلمانێک دەکرێ یا سیستمی ڕێبەرایەتیی حیزبێک دەکرێ زیاتر بۆوە بووە کە ئەو کۆسپانە بشکێندرێن کە ئیعتماد بە ژنان بکەن کە بە حزووری خۆیان کۆمەڵگا و پیاوان و هەمووی کۆمەڵگا فێر بکەن کە ژن و پیاو بە یەکەوە دەتوانن لە تەنیشتی یەکتردا کار بکەن، قانوون بنووسن، ئیدارەی وڵات بەڕێوە بەرن و بە یەکەوە بڕیار بدەن. کاتێک ئەو هەمە ڕەنگییە لە هەموو بەشەکانی ژیاندا هاتە گۆڕێ، حەتمەن کۆمەڵگا بە ئیعتماد بە نەفسێکی زیاتر دەتوانێ لە ئیدامەی خۆیدا هەمووی قانوونەکانی دیفاع لە بەرابەری و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە پێناوی بەرابەریی ژن و پیاودا زۆرتر نەهادینە و جێبەجێ بکا. بۆیە دیار بوونی ژنان لە هەموو بەشەکانی ژیان و دەسەڵات و قانوون دا، ئەو کۆمەکەیە کە لە درێژخایەندا کۆسپە ڕەوانییەکان دەڕەوێنێتەوە و ئیعتماد بەنەفس لەنێو خودی ژنان دا بەهێز دەکا.

ئێمە نابێ پێمان وابێ کە لە وڵاتێک دا کە دێموکراسی تێدا هەیەو تەنانەت دێموکراسی گەیشتۆتە مەرحەلەی هەرە بەرزی خۆی، دیسان ژنان و پیاوان بە شێوەی بەرابەر لە هەموو سەتحەکانی ئیدارەی وڵات دا بەشدارن. ئێستاش زۆر وڵاتی دێموکرات لە دنیادا هەیە کە تەمەنی دێموکڕاسی تێیاندا ڕەنگە نزیک بە سەد ساڵ و زیاتریش بێ، بەڵام ئێستا لەو کۆمەڵگایەشدا دا بە تەواوی حەل نەبووە کە سەرکۆماری ئەو وڵاتە ژن بێ. لە زۆر وڵاتدا کە ئێستاش ڕەقابەت بە شێوەیەکی ئازاد لە چۆنیەتی وەدەست گرتنی دەسەڵات لە نێو حیزبە سیاسییەکاندا هەیە، زۆر حیزبی سیاسی، ئێستاش لە نێو وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکایی عادەتی بەوە نەگرتوە کە ڕێبەرەکەی ژن بێ. مەبەستم ئەوەیە نەفسی دێموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا بە مانای ئەوە نییە بە شێوەی بەرابەر لە هەموو بەشەکانی ئیدارەی وڵاتدا بەشدار دەبن. بەڵام دێموکڕاسی ئەوە تەزمین دەکا کە مافی ژن و پیاو لە وڵاتدا وەک یەک بێ، یانی دوو مەرحەلەیە. بۆیە لەو خانەیەدا کاتێک لە وڵاتێکدا، ماف بەو جۆرەی حەقی ئینسانە و{ هەروەها} عەدالەت دامەزرا و هەموو بنەماکانی حەق نەهادینە بوو، ڕەنگە هیچ گرینگ نەبێ کە سەرکۆمار یا سەروک وەزیر یا ڕێبەری حیزبی ئەو وڵاتە ژنە یا پیاوە. گرینگ ئەوەیە لەوێدا ژن وەک پیاو مافی یەکسانی هەبێ.

بۆچوونێکی دیکە کە دێتە سەر مەوزووعی بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگە واتە چۆنیەتی هێنانە گۆڕی میکانیزمێک بۆوەی کە ژن باشتر دیار بێ و دەوری هەبێ، دەگەڕێتەوە سەر پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی کۆمەڵگە. بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە لە پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی. بە باوەڕێ ئێمە لە کۆمەڵگەکانی ئێستادا ئێمە ناتوانین مافی ژنان بەوە پێناسە بکەین کە ژن چ لیباسێک لەبەر دەکا و یا حیجاب لەسەر دەنێ و یا سەری رووتە. ئەوە باسێکی زۆری لە دنیای دەرەوە لەسەرە، بۆیە من لێرەدا هێنامە گۆڕێ، نەفسی ئەوەی کە ژن حیجابی لەسەرە دەلیلی ئەوە نییە کە ئەو ژنە دواکەوتووە، یا ئەوەی کە ژن سەری رووتە دەلیل بەر ئەوەش نیە کە ئەو ژنە پێشکەوتووە. یانی لیباس لەبەر کردن بە هیچ جۆر بە مەعنای ئەوە نییە کە لەو کۆمەڵگایە نیشانەیەک بێ بۆوەی ژنێک پاشکەوتوو بێ و یا پێشکەوتووە. لیباس لەبەر کردن کە ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر لەو شوێنانەی کە بەداخەوە مەسائیلی مەزهەبی لە چۆنیەتی قانوونی ئیدارەی وڵات دا دەخالەت دەکا، بووە بە مەوزووعێک. دەنا چۆنییەتی لیباس لەبەر کردن نابێ تێکەڵاوی ئەوە بکرێ کە ئەوە شێوەیەکە لە پێشکەوتن یا پاشکەوتن لەسەر ماسائیلی ژنان.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە دەبێ ئێمە تێبکۆشین باس لەسەر مەسەلەی ژنان زۆرتر بێنینە گۆڕێ. مەوزووعێکی دیکە کە جێگای سەرنجە بۆ ئێمە و ئێمە دەبێ تەئکیدی لەسەر بکەین، گۆڕانی فەرهەنگە. فەرهەنگ لە کۆمەڵگادا بەتایبەت لە نێو ئێمە وەک جەمعی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بەژن و پیاوەوە بە یەکەوە کار دەکەین، زەمانێک دەگۆڕدرێ کە ئەو فەرهەنگە نەهادینە بکرێ و هەر دوو بەشی کۆمەڵ وەک ژن و پیاو لەوێدا ئیعترافی پێ بکەن و تەبیعەتەن دەبێ پیاوان پێشقەدەم بن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فەرهەنگە.

بە خۆشییەوە لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا، یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و لەو سەردەمەوە لە حیزبی ئێمەدا بۆ بەرابەریی ژن و پیاو کار کراوە. لانیکەم حیزبی ئێمە مێژوویەکی دوورو درێژی زیاتر لە ٦٥ ساڵی لەو پێناوەدا هەیە.

هیوادارین کە ژنان لە نێو حیزبی دێموکراتدا هەمیشە ئاوا چاو لە چارەسەری کێشەی خۆیان بکەن کە بە بەشداریی خۆیان تێبکۆشن ئەو فەرهەنگە بگۆڕن. ئێمە لەنێو حیزبی دێموکڕاتدا لانیکەم بە هەموو گیرو گرفتێک کە هەمانە، حیزبی شوێنێکین کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو لەو ناوچەیەدا بە زۆر فاکتۆڕ و دەلیل، ئێستا ژنان ئەو مەوقەعییەتەیان بۆ نەڕەخساوە کە لە هەموو بەشەکانی ئیدارەی کۆمەڵ و حیزبایەتی دا بەشدار بن. بەڵام با وجودی ئەوە، ئێمە میکانیزمێکمان هێناوەتە گۆڕێ کە لە ڕادەی توانای خۆمان و لە رادەی حوزووری ژنان دا، بەشێکی بەرچاو لە ژنان لە ڕێبەری و لە ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبدا کار بکەن. من دڵنیام لە داهاتوودا حوزووری ئەو جەمعە دەتوانێ کۆمەک بکا بە عەداڵەتی زۆرتر لە ڕەعایەتی حوقووقی ژن لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە پیرۆزبایی ڕۆژی ژن لە هەموو ژنان و پیاوانی کوردستان دەکەم و هیوادارم ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا کۆمەڵانی خەڵک بە شێوەیەکی بەربەرین لە دژی کۆماری ئیسلامی کار دەکەن، بە باوەڕێکی زۆرتر بە خۆیانەوە زۆرتر بەشداری جموجۆڵەکان و فەعالییەت و خەباتی مەدەنی بکەن، چون لە ئێراندا قەتعەن یەکێک لە وەزیفەکانی ژنانی کورد لە کوردستاندا ئەوەیە، بە شێوازی جۆراوجۆر لە سازمان و ڕێکخراوەکانی کۆڕو کۆمەڵی مەدەنی دا، ئاڵقەیەکی بەهێز بەینی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران هەبێ. بەهێز کردنی ئەو ئاڵقەیە دەکرێ کۆمەک بکا بەو عەقڵییەتەی کە لەسەر مەسائیلی ژنان لە ئێران بە گشتی و لە تاران بەتایبەتی و لە نێو جووڵانەوەکانی ئێرانی لە دەرەوەی کوردستان لە گۆڕێدا هەیە، بە مرووری زەمان لە کوردستانیش نەهادینە بکرێ و ئەو پەیوەندییە دڵنیام کۆمەک دەکا بە هێنانە گۆڕی زۆرتری مەسەلەی کورد لە دەرەوەی کوردستان و لەنێو ژنانی غەیرە کورد ژنانی غەیرە کورد دەتوانن زەمینەیەکی باش بن بۆ تێگەیشتن لە مەسائیلی کوردستان و لە ماڵی خۆیان و لە شوێنی خوێندن و لە حەددی خۆیاندا ئەوانیش بە تەبیعەتی ئەوەی کە ژن دەبێ زۆرتر لایەنگری عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بێ، دیفاع



سەرچاوە
Serchawe

لە مەسەلەی نەتەوایەتی و ئازادی بکا، زۆرتر کاری بۆ بکا و بەو شێوەیە تەئسیر دابنێ لەسەر کۆمەڵگەیەک کە پیاو لەوێدا زیاتر تەئسیری هەیە لەسەر سیاسەت و خەت دان و لەسەر چۆنیەتیی قانوونی داهاتوو.

هیوادارم ٨ی مارس ببێ بە رۆژێک کە ئێمە هەموو بە یەکەوە ژنان و پیاوانی حیزبی دێموکڕات، کار بکەین بۆ عەدالەت و یەکسانی لە نێو حیزبی دێموکراتدا. وە هەموو ژنان و پیاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکەوە کار بکەین کە ناعەدالەتی نەمێنێ. یەکسانی لەنێو بنەماڵە و کۆمەڵگا و قانوون بۆ ئیدارەی وڵات نەهادینە بێ، هیوادارم هەموو لایەکمان بە یەکەوە کار بکەین لە حەددی خۆمان دا و ئەو عەقڵییەتە لەنێو خۆماندا بەهێز بکەین کە لە داهاتووی ئێراندا بەشێکی زۆری ئەو مەینەتی و بەدبەختییەی کە ژنان لەسەر شانیان بووە نەمێنێ و ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک مافی هەموو لایەکمان بە یەکەوە بپارێزێ.

هەر سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئەپریلی ٢٠١١

## وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لە جێژنی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٥ دا

هاونیشتمانانی بەڕێز!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

بە بۆنەی تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی، دۆستان و ئەندامانی حیزب دەکەم.کۆنگرەی ١٥ی حیزب بە پێی پێڕەوی نێوخۆ لە کاتی دیاریکراودا و لە ماوەی نزیک بە حەوتوویەکدا، بە بەشداریی نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان، ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات واتە ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیا و وڵاتانی ئورووپایی بەڕێوەچوو. دیارە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی نێوخۆی وڵات بە تایبەتی ئەندامانی حیزب بە ناردنی تێبینی و ڕێنوێنی خۆیان لە ڕێگەی ئیمەیل و هتد بەشدارییان لە کۆنگرەدا کردبوو. کۆنگرەی ١٥ی حیزب کۆنگرەیەکی زیندوو و دەوڵەمەند بوو، بەو واتایە کە چین و توێژ و بیروبۆچوونی جۆراوجۆر تێیدا بەشدار بوون و باس و لێکدانەوەیەکی یەکجار زۆر هاتە گۆڕێ. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنەکانی باشووری کوردستان، لایەنە ئێرانییەکان، کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی بە تێبینی و پەیامەکانی خۆیان کۆنگرەیان دەوڵەمەند کردبوو.

کۆنگرەی ١٥ی حیزب بە شێوەیەکی بەرفراوان راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی خستە بەرباس و بەو دەرئەنجامە گەیشت کە ئێمە هەوڵماندواوە مەجالی گونجاو برەخسێنین تا لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا وەک نەتەوەیەک رۆڵ بگێرین.

لە سەردەمی ئێستادا رۆژبەرۆژ ژمارەی حکوومەتە سەرەڕۆکان کەم دەبێتەوە، بابەتی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ و داخوازی حکوومەتی وەڵامدەر زیاتر جێ دەگرێ. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پشتگیریی لە گۆران لە وڵاتانێک دا کردوە کە پەرەئەستاندنی دێموکراسی و مافی مرۆڤی لێ بکەوێتەوە. ئێمەش هەر لە چوارچێوەی ئەو بۆچووونەدا هەوڵمان داوە کە مەسەلەکانی کوردستان و ئێران لە چوارچێوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی جیهانی دا زیاتر بێنینە بەرباس.

لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی نێوەراست دا لەو بڕوایەداین کە خەڵک لە دژی سەرەڕۆیی و لە پێناوی دەستەبەر بوونی دیموکراسی و ژیانێکی باشتر خەباتی کردوە. دیارە پەرەئەستاندنی دێموکراسی لە ناوچەدا رۆژبەرۆژ گوشاری زیاتر دەخاتە سەر حکوومەتە سەرەڕۆکان و وزە و یارمەتیی رۆحی دەبەخشێ بە خەڵکی ئازادیخواز. بەم هۆیەوە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە گشتی هەڵگری پەیامێکی گەش بۆ خەڵکی دێموکراسیخواز و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران بوون.

دیارە یەکێک لە کێشە گرنگ و چارەسەر نەکراوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست کێشەی کوردە کە ئێمە لەو بڕوایە داین گەشەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ناوچە، لە خزمەت بەرەوپێشچوونی پرسی کورد دایە. کۆنگرەی 15ی حیزب بۆ جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردوە کە پرسی کورد لە ئێران پرسێکی نەتەوەییە و پێویستە حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەباری دیپلۆماسی، تەبلیغاتی و تەشکیلاتییەوە بۆ جێگرتن و بەرەوپێشچوونی مەسئەلەی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی دا هەوڵ بدا. ئێمە لەو بڕوایە داین کە پێویستە هەر پارچەیەک لە کوردستان بە پێی هەلومەرجی خۆی، بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا. هەر لەو پێوەندییەدا ئاڵوگۆڕەکانی تورکیە بەرەو ئەوە دەڕوات کە هێزی ئەرتەش پاشەکشە بکا و لە جێگای ئەودا عەقڵانیەتی دیموکراسی و بەیەکەوە ژیان بەهێز بێ. هەروەها بە نیسبەت رەوشی رۆژئاوای کوردستان و سەرهەڵدانی نارەزایەتیی بەرفراوان لە سووریە، دەرفەتێکی باش لە پێناو دەستەبەر بوونی مافی کورد لەو وڵاتەدا دەبینین کە هیوادارم لایەنە سیاسییەکانی کورد لە سووریە بتوانن بە باشی کەڵکی لێوەربگرن.

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان پێی وایە کە ئەو دەستکەوتە نەتەوەییانە پێویستە بپارێزرێن. ئێمە بە پێی توانا لە پێناوی سەرخستنی زیاتری ئەزموونی باشووری کوردستان هەوڵ دەدەین. بە نیسبەت گرفتەکانی چارەسەرنەکراوی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندیی عێراق، دیالۆگ بە باشترین رێگای چارەسەر دەزانین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی گرتوە و مەیدانی تێکۆشانی خۆی بە ئەوەی پێناسە کردوە، زۆربەی باس و لێکدانەوەکانی کۆنگرە بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... ئەو بەشە تەرخان کرابوو. پۆختەی سەرجەمی لێکدانەوەکان ئەوە بوو کە تێگەیشتنی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حاڵی گەشەدایە و پێویستە کە بەهێز کردنی یەکیەتیی نەتەوەیی سنووری هەموو زاراوە و مەزهەبەکان ببرێ. لە ڕاستیدا تەنیا بە مەرجی یەکڕیزیی نەتەوەییە کە دەتوانین لە داهاتووی ئێراندا بە باشترین شێوە ڕۆڵ بگێڕین. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێک کە چین و توێژو زاراوە و ئایینی جۆراوجۆری لە خۆ گرتوە، تێدەکۆشێ چەشنێک لە گوتار و سیاسەت ڕەچاو بکات کە لە خزمەت یەکیەتیی نەتەوەیی دا بێت.

خوێندنەوەی کۆنگرەی ١٥ لە هەمبەر ڕەوشی نێوخۆی ئێران بەم شێوەیە بوو کە ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی خەڵک لە حاڵی گەشە کردن دایە و حکوومەت نەیتوانیوە لەباری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... وەڵامدەر بێ.

دیارە ڕێژیم لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام هەوڵی داوە کێشەکانی ناوخۆی بشارێتەوە و لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی قەیران دروست بکات. لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا جووڵانەوەیەکی بەربەرین بە دژی ڕێژیم هاتە ئاراوە هەرچەند ئێستاکە توانایی بە دەست گرتنی فەزای شەقامی نیە بەڵام ئەم جووڵانەوە نارەزایەتییە لە زۆر شوێن بە شێوەیەکی تر هەروا بەردەوامە. ئێمە لەو بڕوایە داین کە جووڵانەوەی سەوز جووڵانەوەیەکی فرە ڕەنگ و پلۆراڵە. دیارە بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێران سروشتییە کە مەجالی جوڵانەوەیەکی فرەچەشن لە ئارا دابێت و ئێمەش بە حوکمی دژایەتی کردنی ئەو جووڵانەوەیە لەگەڵ ڕێژیم و پلۆرال بوونەکەی بە پێویستی دەزانین کە پشتگیریی لێبکەین.

دیارە ئێمە بە شوناسی نەتەوەیی خۆمان بەشداری لە جووڵانەوەی سەوزدا دەکەین و پێویستە ئەو ڕاستییە بۆ تێکڕای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دووبارە بکەینەوە کە کورد خاوەنی ڕابردوویەکی دوور و درێژ لە پێناوی دەستەبەر کردنی دیموکڕاسی دایە.

هەروەها ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. بەم پێیە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ئاسایش و حکوومەتی یاسا جێگیر نابێت مەگەر ویست و داخوازییەکانی نەتەوەکان لە هەموو پرۆژە سیاسییەکان لەبەر چاو بگیرێت. بەم پێیە ئێمە هەوڵمانداوە لایەنەکانی ئێرانی تێبگەیەنین کە داهاتوویەکی گەش بۆ ئێران بە بێ چارەسەری پرسی نەتەوەکان پێک نایەت.

لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا لێکدانەوەیەکی سیاسی تێروتەسەل بە تێبینیی جۆراوجۆری سیاسی، ئاماری، کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە و هەروەها هەڵسەنگاندنی پێگەی ڕێژیم لە جیهان و ناوچەکەدا ئەنجام درا. دەرەنجام ئێمە لەو

بڕوایەداین کە قەیرانی نێو دەسەڵاتی ڕێژیم ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵقەی خودی (خۆمانە)کان بەرتەسکتر دەکات و هیوا و ئومێدی خەڵک بۆ لاچوونی ڕێژیم زیاد دەکات. ڕاستە کە کێشەی نێو ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ دێموکڕاسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان و... دا نیە بەڵام ئەم قەیرانەی نێو دەسەڵات لە تەواویەتی خۆیدا، ئەو ڕاستییە بۆ خەڵک دەردەخات کە ڕێژیم لە ئیدارەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران دا داماو و بێ توانایە.

باسێکی دیکەی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بوو کە لە پێناو هاوسەنگ کردنی ئاستی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەکاتی کوردستان دا تێبکۆشین. بەم مەبەستە کۆنگرە باسێکی تایبەتی لەسەر پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام هێنایە گۆڕێ تا بە دانی قورساییەکی زۆر بەو پارێزگایانە بتوانێ جوغرافیای خەباتی نەتەوەیی بەرفراوان بکات و توانایی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرچی زیاتر بباتە سەرێ. کۆنگرە بۆ جارێکی تر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە گوتار و بەرنامەی حیزب دا نابێ نەتەوەی کورد بەسەر شیعە و سوننی دابەش بکرێت. دیارە لەمێژە لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا فرەچەشنێکی فیکری و ئایینی جێی گرتوە. ئێمە هیواداریین حیزبی دێموکڕات پەرە بەو ئەڤلانیەتە بدات کە فرەچەشنیی کۆمەڵگەی کوردستان مایەی بەهێزبوونی شوناسی نەتەوەیی یە. ئێمە لە پێناوی کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکان و ڕێککەوتنیان لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشین. کۆنگرە لەو بڕوایە دابوو کە ئێمە توانیومانە لە زۆر بارەوە تەمومژەکان بڕەوێنینەوە و شوێنەواری لەت بوونەکان کەم بکەینەوە. دیارە یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی کورد پەیامێکی ڕۆحیی گەورە بە خەڵک دەدات و توانایی بزووتنەوەی کورد لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەباتە سەرێ. بەم پێیە لەسەر ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی 15، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داهاتوودا لە سەر هەوڵدان لە پێناوی یەکگرتوویی نەتەوەیی دا بەردەوام دەبێت و تێدەکۆشێ لەو پێناوەدا شێوازی جۆراوجۆری لێک نزیک بوونەوە موتالا بکات.

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەڵسەنگاندنی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا، دانی بەو ڕاستییە دا ناوە کە هۆکاری سەرەکیی سەرنەکەوتنی خەڵکی ناڕازی بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا، نەبوونی یەکگرتوویی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. لەم پێوەندییەدا کۆنگرەی ١٥ی حیزب دوای باسێکی زۆر بەو ئامانجە گەیشت کە پێویستە کۆمیتەی ناوەندی لە پێناوی یەکگرتوویی هێزە دێموکرات و مافخوازەکان دا، مکانیزمی جۆراوجۆری لێکنزیکبوونەوە موتالا بکات.

هاووڵاتانی بەڕێز! دۆستان! تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

ئەرک و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٥ی کە باسیان لێوە کرا تەنیا کاتێک جێبەجێ دەبن کە سەرجەم دۆستان و ئەندامانی حیزب بە هاوبەشیی یەکتر کاریان بۆ بکەن. هیوادارم کۆنگرەی داهاتووی حیزب لە نێوخۆی وڵات بگیرێ و لەوێدا بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و تێکڕای ئەوانەی لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشاون



سەرچاوە
Serchawe

تێیدا بەشدار بن. بۆ جارێكی دیكە هیوادارم ئاوات و ئامانجەكانی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی كوردستان، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی بە تایبەت ئامانجەكانی سێ ڕێبەری شەهیدمان قازی و قاسملوو و شەرەفكەندی، بێتەدی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١١

## بەیانییە بە بۆنەی كۆچی دوایی موهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی یەوە

بە داخێكی گران و بەو پەڕی خەم و پەژارەوە هەواڵی كۆچی دوایی كەسایەتیی ناوداری ئێرانی، موهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی یەكێك لە دیارترین ڕێبەرانی نێهزەتی ئازادی و لە خەباتكارانی نەسرەوتووی ڕێگای ئازادی و دێموكراسیی ئێرانم پێ گەیشت.

موهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی لە سەردەمی خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە "تاوان" ی هەوڵدان و خەبات لە پێناو ئازادی و دێموكراسی دا قۆڵبەست و ساڵگارێكی دوور و درێژ لە باشترین هەرەتی تەمەنی خۆی لە زیندان و سیاچاڵەكانی ڕێژیمی پەهلەویدا تێپەڕ كرد.

موهەندیس عیزەتووڵڵا سەحابی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەركاری كۆماری ئیسلامی وەک یەكێكی لە كەسایەتییە سیاسییەكانی ئێران لە سەرەتادا كەوتە بەر سەرنجی ڕێبەرانی ڕێژیمی بەدەسەڵات گەیشتوو و بەرپرسایەتیی گرینگ و جۆراوجۆر و یەک لەوان ئەندامەتی لە هەیئەتی دەوڵەت بۆ وتوویژ لە گەڵ ڕێبەرانی كورد بۆ چارەسەریی كێشەی كوردی پێ سپێردرا. بە شایەتیدانی ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی كورد، موهەندیس عیزەتووڵڵا سەحابی هەموو هەوڵ و توانای خۆی بەكار هێنا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وتوویژەوە كێشەی كوردستان چارەسەر بكرێ و شەڕ و پێكدادان لە

نێوان خەباتکارانی کورد و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ببڕێتەوە، کەچی بەداخەوە بە هۆی دژایەتیی دەسەڵاتبەدەستانی ئەو کاتی ڕێژیم هەموو هەوڵەکانی موهەندیس عیزەتووڵڵا سەحابی بێ ئاکام مایەوە و کوردستان ئەوەی بە سەر هات کە هەموومان دەیزانین و بینیمان.

بەڵێ موهەندیس عیزەتووڵڵا سەحابی کە هەموو ژیانی لاوەتیی خۆی لە پێناو ئازادیدا تەرخانی خەبات دژی دیکتاتۆریی پاشایەتی کردبوو، لە بەرامبەر ئاکار و کردەوە نادێموکراتیک و سەرەڕۆیانەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەنگی نارەزایەتی هەڵ بڕی و، هەر لەو سۆنگەیەشەوە کەوتە بەر تووڕەیی و غەزەبی ڕێبەرانی ڕێژیم و بۆ چەند ساڵێکی دیکەش ژیان لە پشتی میلەکانی زیندان و سیاچاڵەکانی ڕێژیمی پێ برا.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تەنانەت زەندەقیان لە تەرمی کوژراوانی ڕێی ئازادیش دەچێ، دوای کۆچی دوایی مەهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە، ١٠ی جۆزەردانادا ڕیگەیان نەدا تەرمی ئەو خەباتکارە جۆرێک کە شایانی کەسێتیی ناوبراو بوو بە خاک بسپێردرێ. بە هۆی ئەو ستەمەی کە دەرحەق بەو کەسایەتییە مێژوویی یە و بنەماڵەکەی و کەسوکار و ئازیزانی کرا، بەداخەوە بینیمان کە خاتوو هالە سەحابی، کچی بەڕیزیشیان لە کاتی بەڕێکردن و ئەسپەردەکردنی تەرمی باوکیدا گیانی لە دەست دا و بەو جۆرە باری گرانی خەم و پەژارەی لە دەستدانی موهوندیس سەحابی ئەوەندەی دیکەش قورستر کرد.

ئەمن وێڕای ناردنی سڵاو و ڕێز بۆ رووحی پاکی بەڕێز مەهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی سەرەخۆشیی ئەو کارەساتە تاڵە لە بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی بەڕیزیان دەکەم و سەبر و خۆڕاگرییان بۆ بە ئاوات دەخوازم. دڵنیاشم کە ناوی مەهەندیس عیزەتوڵڵا سەحابی لە مێژووی خەباتی خەڵکی ئێراندا هەرمان دەبێ و خەباتکارانی کوردیش بۆ هەمیشە بەڕێزەوە یادی دەکەن. رووحی شاد بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی : ١٢ / ٣ / ١٣٩٠

٢ی جوونی ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: ئەگەر ئێرانی داهاتوو بۆکورد سەرنجڕاکێش نەبێ بەحەقی خۆمانی دەزانین بیرلەڕێگاچارەی دیکە بکەینەوە

کوردستان و کوردنیوز: سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوە لە گەڵ ئەندامانی حیزبدا رایگەیاند کە لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ئێران دا هەڵوێستی ئەکتیو دەگرنە بەر.

لە درێژەی کۆبوونەوەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە شارو ناوچەکانی باشووری کوردستان، دوانیوەرۆی رۆژی هەینی، ١١ی سەرماوەز، کاک خالید عەزیزی لە گەڵ ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە شاری هەولێر کۆبۆوە.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا برایم زێوەیی، نوینەری حیزب لە شاری هەولێر، بە خێرهاتنی سکرتێری حیزب و سەرجەم بەشدارانی کۆبوونەوەکەی کردو دوای راگەیاندنی ساتێک بێ دەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردو کوردستان، بەرێز کاک خالید عەزیزی قسەی بۆ بەشداران کرد.

بەرێز سکرتێری حیزب لە سەرەتای قسەکانی وێرای بە خیرهێنانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە، باسی لە گرینگیی رووداوەکانی ناوخۆی ئێران بۆ کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان کردو لە پێوەندی لە گەڵ روانگەی حیزبی دێموکرات بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو شوێنەواریان لە سەر مەسەلەی دێموکراسیخوازی و خەباتی گەلان قسەی بۆ بەشداران کرد.

هەر لەم پێوەندییەدا بەرێز کاک خالید عەزیزی، راشکاوانە رایگەیاند کە ناکرێ لە لایەک بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی تارانەوە کەمتەرخەم بین و لە لایەکی دیکەشەوە بیر لە دابین کردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لەم وڵاتەدا بکەینەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا باسی لە لاوازیی پێگەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگای جیهانی دا کرد و بە ئاماژەدان بە دوایین نمونە لە هەڵسووکەوتی نادیپلۆماسییانەی ئەم رێژیمە واتە (هێرش بۆ سەر سەفارەتی بریتانیا لە تاران) دەسەڵاتدارانی تارانی بە قەیرانخوڵقێن و نادەرووەست ناوزەد کرد.

بەرێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا لە کۆڕی ئەندامانی حیزب لە شاری هەولیر بە هیواوە باسی لە داهاتووی خەباتی خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەباتی خەڵکی کوردستان دژ بە دەسەڵاتی

دیکتاتۆرییەت کردو لە پێوەندی لە گەڵ ڕێکارەکانی خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران رایگەیاند کە: چ وەک حیزبی دێموکرات و چ وەک خەڵکی کوردستان هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوایەتییەکانمان دا هەم دەرفەت دروست بکەین هەم لە دەرفەت و ئەگەرەکان بە باشی کەڵک وەرگرین.

هەر لەم پێوەندییەدا کاک خالید عەزیزی، کەمتەرخەمیی بە نسبەت ڕووداوەکانەوە بە شتێکی نەرێنی ناو هێناو وتی: ئەگەر ئێمە نەتوانین خوێندنەوەیەکی درووست بۆ ڕووداوەکان بکەین و بە نسبەتیانەوە بێ تەفاوەت بین، ناتوانین بەرژەوەندی نەتەوەکەمان دابین بکەین. کەوابوو لە لایەک نابێ بە نسبەت ڕووداوەکانەوە کەمتەرخەم بین و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ ئەوە بزانین کە تا یەکگرتوو نەبین ناتوانین دەرفەتەکان بقۆزینەوەو بە قازانجی خۆمان کەڵکیان لێ وەرگرین.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا سکرتێری حیزب وێڕای پێناسە کردنەوەی ئێران تەنیا بە "واحیدێکی جوغرافیایی" ،باسی لە داهاتووی ئێران و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەم واحیدە جوغرافیایە کردو زۆر ڕاشکاوانە رایگەیاند کە: کاتێک کە دەسەڵات و سامانی ئەم وڵاتە تەنیا لە ژێر دەستی گرووپێکی ئێتنیکی یان ئایینی دا بێ، ئەو کاتە ئێران و ژیان لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا هیچ جەزابییەتێکی بۆ پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەم واحیدە جوغرافیاییە نابێ و ئەو کاتە خەڵک حەقی خۆیانە بیر لە ڕێچارەیەکی دیکە بکەنەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا کاک خالید عەزیزی بە وەبیر هێنانەوەی بەیاننامەی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ کورد، ئاماژەی بە رەخنەی هێندێک کەس و لایەنی ئێرانی کرد کە تۆمەتی جیاییخوازییان داوەتە پاڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: بۆ سەد جاری دیکەشی دووپات دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە داوای پشتیوانی نێونەتەوەیی بکەن و ئەوە هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێرانی داهاتوو ساز ناکات.

کاک خالید عەزیزی لە بەشیکی دیکە لە قسەکانی دا سەبارەت بە روانگەی هێندێک کەس و لایەنی ئێرانی لە سەر مەسەلەی کورد قسەی بۆ بەشداران کردو پرسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پێکەوە ژیان لە ئێران بە دەرفەتێک زانی بۆ ئەم وڵاتە و لەم پێوەندییەدا وتی: ئەزموونی هەرێمی باشووری کوردستان کە دەبێ ئێرانییەکان دەرسی لێوەرگرن، سەلماندی کە مەسەلەی کورد بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتەو نابێ بە چاوی تەهدیدو هەڕەشەوە سەیری بکرێ.

مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پارلمانی لە ئێران تەوەرێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی بوو. بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا رایگەیاند کە: هەرچەند تا ئێستا ڕێبەری حیزب لە

پێوەندیی لە گەڵ چۆنیەتی هەڵوێست گرتن بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکانی پارلمان هیچ بڕیارێکی نەداوە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان چ ئەم هەڵبژاردنانە بایکۆت بکا چ نەیکا، هەڵوێستی فەعال و ئەکتیو دەگرێتە پێش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١١

## خالید عەزیزی: دەبێ شەڕی خۆبەخۆ حەرام رابگەیەندرێ...

رۆژهەلات تایمز ـ ناوەندی هەواڵ: خەڵکی پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنەو ورمێ لە رۆژهەلاتی کوردستان بە هەموو جۆراوجۆرییەکانیانەوە دەبێ ئەو راستییەیان هەمیشە لە یاد بێ کە ئێمە وەک نەتەوەی کورد بە ویست و داخوازیی نەتەوەییەوە بەشداریی لە پرۆسە سیاسییەکان دا دەکەین، ئەمانە وتەی خالید عەزیزی بوون کە روو بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کردیی و پێداگری کرد لە سەر یەکریزیی خەڵکی کوردستان و بە ئاماژەدان بە پانتایی رۆژهەلاتی کوردستان لە رووی لەهجەو ئایینی جۆراوجۆرەوە.

خالید عەزیزی (سکرتێری حدک) ئەم وتانەی لە کۆبوونەوەیەکی ئەندامان ولایەنگرانی حدک لە دەڤەری سۆران هێنانەیە بەرباس و بۆ بەشدارانی شیکردەوە لە بەشێکی تری قسەکانی دا, پرژایە سەر ئەرک و وەزیفەکانی کورد لە ئێستای بارودۆخی ئێران داو لەم پێوەندییەدا رایگەیاند کە لە وەها وەزعێک دا کورد نابێ کەمتەرخەم بێ و خۆی دوور لە ئاڵوگۆڕەکان رابگرێ. ئێمە دەبێ لە دەرفەتەکان بە قازانجی پرسی نەتەوەکەمان کەڵک وەرگرین و لە ئاڵوگۆڕەکان دا دەگەڵ بکەوین. ئەگەر ئەمرۆ خۆمان لەگەڵ گۆڕانەکان نەخەین و بەشداریی پرۆسەکە نەکەین لە دوارۆژی ئێران دا ناتوانین ئیدیعای دابەشکردنی دەسەڵات لە ناوەند بکەین و داخوازی نەتەوەییمان دەستەبەر بکەین.

عەزیزی بە ئاماژەدان بە ئەزموونەکانی عێراقی فیدراڵ و دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، پێیان وابوو کە کورد بۆ داهاتووی ئێران دەبێ وەک دەرفەتێک بۆ پێکەوە ژیان و سەقامگیریی ئاسایش و ئەمنییەت سەیری بکرێ.

" خالید عەزیزی: ئەگەر ئەمرۆ خۆمان لەگەڵ گۆڕانەکان نەخەین و بەشداریی پرۆسەکە نەکەین لە دوارۆژی ئێران دا ناتوانین ئیدیعای دابەشکردنی دەسەڵات لە ناوەند بکەین و داخوازی نەتەوەییمان دەستەبەر بکەین. "



سەرچاوە
Serchawe

لە بەشێکی تری قسەکانیدا خالید عەزیزی بۆ جارێکی دیکەش ڕەخنەی لەو لایەن و کەسایەتییە ئێرانیانە گرت کە بە هەڵە تێگەیشتن لە داوا نەتەوەییەکانی کورد، پرسی کورد لە ئێران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر داهاتووی ئێران پێناسە دەکەن و لەم پێوەندییەدا وتی: تا ئەوکاتەی لە داهاتووی ئێران دا کورد دیسان پەراوێز بخرێ و هەر تەنیا گرووپ و نەتەوەیەک دەسەڵات وسامانی وڵاتیان بە دەست بێ، کورد مافی خۆیەتی بیر لە ڕێگا چارەی دیکەش بکاتەوە. بەڵام بە ڕوانین لە ئەزموونی کورد لە باشووری کوردستان و بەشدارییان لە بنیاتنانەوەی ئەم وڵاتەدا، دەبێ وەک دەرفەت چاو لە مەسەلەی کورد لە ئێرانیش بکرێ نەک وەک تەهدید و هەڕەشە.

خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پەرژایە سەر پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و سەرەتا وێڕای بەرز نرخاندنی خەباتی کورد لە باکووری کوردستان، پێداگریی لە سەر درێژەدان بە خەباتی مەدەنی و پارلمانی لەم بەشە لە کوردستان دا کردو بە نیسبەت خەباتی کورد لە ڕۆژاوای کوردستانیش پێیان وابوو کە کورد دەبێ لە ئێستای بارودۆخی سووریەدا خۆی دورەپەرێز نەگرێ و شان بەشانی سەرهەڵدانی گشتی لەم وڵاتە، لەگەڵ ڕووداوەکان بکەوێ و داوا نەتەوەییەکانی خۆی دیارتر بێنیتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتووی نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی وڵاتی سووریەدا بەشدار بێ.

" دەبێ کورد لە ئێستای بارودۆخی سووریەدا خۆی دورەپەرێز نەگرێ و شان بەشانی سەرهەڵدانی گشتی لەم وڵاتە، لەگەڵ ڕووداوەکان بکەوێ و داوا نەتەوەییەکانی خۆی دیارتر بێنیتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتووی نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی وڵاتی سووریەدا بەشدار بێ. "

لە دوایین بەشی قسەکانی سکرتێری حدک بۆ جارێکی دیکەش باسی لە داهاتووی ئێران و ڕۆڵی خەڵکی کوردستان لەم پێوەندییەدا کرد. بەڕێزیان وەک هەمیشە پێیان وابوو کە تەنیا یەکریزی و یەکیەتیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانە کە دەبێتە زامنی قورسایی کورد لە داهاتووی ئێران دا، لەم پێوەندییەدا وتی: بە نیسبەت هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە دەبێ ئەو ڕاستییە دەرک بکەین و ئێعترافی پێ بکەین کە ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەتوانن یەکگرتوو بن زەرەرێکی گەورەمان کردوە. ئێمە ئەو کاتە دەتوانین لە ئاڵوگۆڕەکان دا ڕۆڵ بگێڕین و دیار بین کە یەکگرتوو بین. ئەگەر هێزە سیاسییەکان یەکگرتوو نەبن لە داهاتووی ئێرانیش دا ئێمە وەک کورد ناتوانین قورسایی بین.

" ئێستا کە بەرەو پیری ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەچین، هیواداری چیدیکە ڕۆڵەی کورد بە دەستی یەکتری نەکوژرێ و شەڕی خۆ بە خۆ حەرام ڕابگەیەندرێ. "

لە پێوەندی لە گەڵ یەکنەگرتوویی هێزەکانی کوردستان عەزیزی نیگەرانیی خۆی لە داهاتووی کوردستان و ئەگەری هەر جۆرە ئاژاوە بشێوییەک و کەوتنەوەی شەڕی ناوخۆیی دەربڕی و بە دزێو پێناسەکردنی شەڕی کورد بە کورد وتی: ئێستا کە

بەرەو پیری 26ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەچین، هیواداری چیدیکە ڕۆڵەی کورد بە دەستی یەکتری نەکوژرێ و شەڕی خۆ بە خۆ حەرام رابگەیەندرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١١

## خالید عەزیزی:هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەو لایەنە ئیسلامیانە نیەکە بەپێی ویستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراون

**کۆبونەوەی سکرتێری گشتیی حدک لە گەڵ خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری هەولێر**

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە ئێمە هیچ کێشەیەکمان لە گەڵ ئەو لایەنە ئیسلامیانە نیە کە بەپێی ویستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراون و سەر بە خەڵکی کوردستانن و بەرانبەر خاک و نیشتمانی کوردستان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن. جێی خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاستییە بکەینەوە کە خەڵکی کوردستان چ ئێستا چ لە داهاتوودا هیچ ڕەوتێکی دەسکردی دەرەوەی ئیرادەی خۆیان قبووڵ ناکەن.

کاک خالید عەزیزی لە کۆبوونەوە لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە دەڤەرەکانی بتوێن و پشتدەر، پێداگری لە سەر پێوەندیی زیندووی نێوان خەڵک و حیزب کردو ڕایگەیاند کە هەر حیزبێک لە بەرانبەر بیروڕای گشتی خەڵکدا کەمتەرخەم بێ، زۆر ناخایەنێت کە لە بیر دەکرێ.

بەرێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە درێژەی کۆبوونەوەکانیدا لە گەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشتەجێ لە شارو ناوچەکانی باشووری کوردستان، دوانیوەڕۆی هەینی، ٢٥ی سەرماوەز لە شاری رانیە لە گەڵ بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە دەڤەرەکانی پشتدەرو بتوێن کۆبووە.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا جەعفەر تووژەڵی بە نوینەرایەتی کۆمیتەکانی حیزب لەم دوو ناوچەیە بە خێرهاتنی سکرتێری حیزب و هەیئەتی هاوڕێی کرد و پاشان کاک خالید عەزیزی قسەی بۆ بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کرد.

بەرێزیان لە سەرەتای قسەکانی باسی لە پێوەندی خەڵک و حیزب کرد لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد.

لەم پێوەندییەدا کاک خالید پێوەندیی نێوان حیزبێکی سیاسی و خەڵکی بە ئەسڵێکی گرینگ و جێی بایەخ ناوبردو ڕەنگدانەوەی بیروڕای گشتیی خەڵک لە کارو چالاکیی حیزبێکی سیاسی دا بە پێویستییەکی لە بیر نەکراوە وەسف کرد.

سکرتێری حیزبی دێموکرات لە درێژەی قسەکانی دا لە پێوەندی لە گەڵ خوێندنەوەی بیروڕای خەڵک لە لایەن حیزبەوە وتی: ئەو کاتە حیزبێک دەتوانێ چاوەڕوانی ئەوەی هەبێ کە سیاسەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دا ڕەنگ بداتەوە کە قودرەتی ئەوەی هەبێ بیروڕای خەڵکەکەی بە هێند بگرێ. ئەگەر حیزبێکی سیاسی لە بەرانبەر بیروڕای گشتیی خەڵک دا بێ تەفاوەت بێ، زۆر ناخایەنێ کە لە بیر دەکرێ.

هەر لەم پێوەندییەدا بە نیسبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، سکرتێری حیزب وتی: حیزبی ئێمە هەوڵی داوە لە گەڵ خەڵک ڕاستگۆ بێت و کێشەو گرفتەکان ئینکار نەکات. حیزبی دێموکرات نە تەنیا لە ڕەخنەی خەڵک ناترسێ، بەڵکوو بۆ خۆی کردۆتە وەزیفە کە گوێ لە ڕەخنەی خەڵک بگرێ و هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکان بدات کە بە خۆشیەوە خەڵک ئەم فەرهەنگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەست پێکردووە دەرکی دەکا.
لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێز خالید عەزیزی بە باسکردن لە بارودۆخی ئێستای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و داهاتووی ئەم وڵاتە، وەک هەمیشە جارێکی دیکەش بە پەرۆشەوە باسی لە ڕۆڵ و داهاتووی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

بەڕێزیان بە هێنانەوە بەر باسی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی و چۆنیەتی بەشداریی کورد لە داهاتووی ئێران دا وتی: بە سەرنجدان بە دوارۆژی ئێران ئەو سناریو ناڕوونانەی کە لەم پێوەندییەدا لە ئارادان ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە وەزن و قورسایی قەزیەی میللەتەکەمانە. ئێمە نابێ ئیزن بدەین بۆ جارێکی دیکەش ئینکار بکرێین و، بۆ ئەوەش دەبێ ڕاشکاوانە و بە شەهامەتەوە لە گەڵ لایەنە ئێرانییەکان ویستەکانی خۆمان بێنینە گۆڕێ.

لەم پێوەندییەدا سکرتێری حیزبی دێموکرات بە ئاماژەدان بە خوێندنەوەی هێندێک لایەنی ئێرانی کە بە دروشم و شوعار وەعدەیان داوە کە پرسی کورد چارەسەر دەکەن وتی: زۆر لە لایەنە ئێرانیانەی کە بە دانی شوعار، ٣٠ ساڵە وەعدەی چارەسەر کردنی پرسی کوردیان داوە، هەر بە چاوی هەڕەشەوە لە قەزیەی کورد دەڕوانن و تۆمەتی جیاییخوازیمان دەخەنە پاڵ. ئێمە دەبێ شەڕی ئیستدلال و قانوونیان لە گەڵ بکەین و ڕاشکاوانەو بە شەهامەتەوە لە گەڵ مەترح کردنی داواکانی تا ئێستامان، پێیان بڵێین کە ئەگەر قەرار بێ کورد هەر وەک پێشوو بخوێندرێتەوە و وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیری بکرێ، ئەوا ئێمە مافی خۆمانە بیر لە ڕێگا چارەی دیکەش بکەینەوە.



سەرچاوە
Serchawe

هەر لەم کۆبوونەوەیە دا بەڕێز خالید عەزیزی لێبڕاوانەتر لە جاران یەکگرتوویی و پێکەوە کارکردنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە گەڵ یەکتری بە زامنی ئاشتەوایی و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان زانی و بە ئاماژەدان بە خەسارەکانی پێشووی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتی کە چیدیکە نابێ ئەو قۆناخانە دووپات بینەوە.

لەم پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاشکاوانە ئاماژەی بە چەند ئەزموونێکی تاڵ لە دیاردەی براکوژی نێوان هێزو لایەنەکانی کوردستان کردو پێی وابوو کە وشیاری و تێگەیشتوویی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی سیاسیی کورد ناخوازێ چیدیکە ئەم ئەزموونە دووبارە بێتەوە.

لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان وتی: هەر کەس و لایەنێک دژایەتی لە گەڵ ئەفکاری شەڕی ناوخۆیی و براکوژی نەکات، لە گەڵ خەڵک بەرەوڕوویە.

لە دوایین بەشی قسەکانی دا لە وڵامی یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکەدا لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هێزو لایەنە ئیسلامیانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەن، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی وتی: ئێمە هیچ کێشەیەکمان لە گەڵ ئەو لایەنە ئیسلامیانە نیە کە بە پێی ویستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراون و سە بە خەڵکی کوردستانن و پێشمان وایە کە خەڵکی کوردستان چ ئێستا چ لە داهاتوودا هیچ ڕەوتێکی دەسکردی دەرەوەی ئیرادەی خۆیان قبوول ناکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١١

# ساڵی: ٢٠١٢

---

## قسەکانی کاک خالیدی عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی یادی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەولێر

جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

میوانانی بەڕێز!

خوشک و برایانی خۆشەویست!

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، بە بۆنەی ئەو یادە، ئەو ڕۆژە پیرۆزە پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

فەلسەفەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە ئاوڕدانەوەیەکی سیاسی و لێکۆڵینەوە، یەک ڕاستی بۆ ئێمە لە سەرەتاوە دەست نیشان دەکا ئەویش کۆماری کوردستان کە دامەزرا بەرهەمی شەڕێک نەبوو، بەرهەمی جووجۆڵ و چالاکیەکی نیزامی نەبوو. بەڵکە بەرهەمی ئەقڵیەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو بە هەموو چین و توێژەکانییەوە، کە لەو سەردەمدا دەرفەتێک هەڵ کەوت بە شێوەیەکی ژیرانە ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و کۆماری کوردستانیان دامەزراند.

فەلسەفەی کۆماری کوردستان، فەلسەفەیەکی سڤیل، مەدەنی، ڕێگا چارەیەکی دێموکراتیک و ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد بوو ٦٦ساڵ پێش ئەوڕۆ. فەلسەفەیەکی بە قوەتی دیکەی کۆماری کوردستان دامەزراندنی هێماو هۆویەتێکی نەتەوەیی بوو کە بە بەشداری نەمر بارزانی لە تەنیشت پێشەوا قازی محەمەد، بۆ جارێکی دیکە سەنەدیەتیان دا بە یەکگرتوویی نەتەوەی کورد کە فرسەتێک هەڵ دەکەوێ و هەموو لایەک بە یەکەوە بیقۆزنەوە بە بەشداری خۆیان بتوانن ئەو سەنەدە سەبت بکەن. وە لە هەمان کاتیشدا سەرەتایەک بێ بۆ پەرە پێدانی ڕووحیەی نەتەوایەتی لە ئیدامەی خۆیدا.

دیاردەیەکی بە هێزی کۆماری کوردستان کە ڕەنگە ئێستا بە تەواوی سەنەدییەتی پێ نەدرابێ، بەڵام لە هەموو ئاماژەکانی مێژوویی و سیاسیی و ئاوڕدانەوە ئیشارەی پێ دەکرێ و ناکرێ ئینکاری بکەین، ئەویش ئەوەیە کۆنتراکتێکی نەتەوەیی، قەراردادێکی نەتەوەیی لە لایەن کۆماری کوردستان دامەزرا.

ئەو قەراردادە نەتەوەییە ٦٦ ساڵ دوای کۆماری کوردستان ئێستاش لە نێو هەموو چین و توێژێکی نەتەوەی کورد لە هەموو ماڵەکان لە هەموو مەیدانێکی سیاسی دا ناکرێ حاشای لێ بکرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ نهادینە دەبێ و دەبێ بە فەرهەنگ. ئاڵای کوردستان، مێژووی کوردستان و هەروەها لە تەنیشت ئەوانەدا سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب. لە هەموو دنیا دا نەتەوەکان بە ڕابردوویان پێناسە دەکرێن. ڕابردووی ئێمەش ئاڵای کوردستان، مێژووی هەموو چالاکی و تێکۆشانی نەتەوەیی کوردو سرودی نەتەوایی ئەی ڕەقیبە و ئەوەیە دەست بداتە دەستی یەک و ٦٦ ساڵ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە سەردەمێک دا کە ئاڵووگۆڕەکان لە دنیادا لە حاڵی پەرە ئەستاندندان دەتوانێ سیاسەت گوزارێکی باش بۆ



سەرچاوە Serchawe

داهاتوو بکا. بۆیە ئەو کۆنتراکتە نەتەوەیەی کە پێشەوا قازی محەممەد بە بەشداری بارزانی نەمر و هەموو لایەک هێنایانە گۆڕێ دەبێ ئێمە تێ بکۆشین لە کۆمەڵگای کورد بێ تەعارف نەهادیینەی بکەین و بیکەیین بە ئیفتخاری نەتەوەیی وە ئیفتخارکردن بە ئالاو سروودی نەتەوایەتی و بە مێژووی خۆمان .

میوانانی خۆشەویست!

لە سەردەمێک دا ئێمە ئاوڕدانەوەیەک بۆ کۆماری کوردستان دەکەین کە بە خۆشیەوە لە هەرێمی کوردستان ئێمە شایدی دەسەڵاتێکی نەتەوەیین دەسەڵاتێک لە سەر بنەمای ئاشتی و دیالۆگ و گفتوگۆ ڕێگا چارەی دێموکراتیک تێدەکۆشێ ئەو پەیامە بدا بە هەموو دراوسێکانی لە چارەسەری قەزیەی کورد دا ئەوە وەک فەرهەنگ جێ بکەوێ کە فەرهەنگی کۆماری کوردستان بوو کە مەسەلەی کوردو پەیامی نەتەوەی کوردو چۆنیەتی قەزیەی کورد فرسەتە بۆ خودی نەتەوەی کورد، بۆ دراوسێکان وە بۆ ناوچە لە پەرەپێدانی دێموکراسی و ئاشتی و ژیانی بە یەکەوە. کێشەی کورد و مەسەلەی کورد بۆ هیچ کەس تەهدید نیە. بەڵکە کێشەی کوردو مەسەلەی کورد فورسەتێکە بۆ بە هێز کردنی ئەو ڕووحیاتە لە سەردەمانێک دا کە ئێمە دەبینین ڕادەی دێموکراسیەکان لە دنیا دا پەرە دەستێنێ و لە سەردەمانێک دا کە دەبینین ڕێگا چارەی دێموکراتیک و ئاشتیانەی هەموو نەتەوەکان و کێشەکانی کۆمەڵایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ نەهادینە تر دەبێت.

بۆیە لە کۆتایی دا بۆ جارێکی دیکە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە دەکەم و هیوادارم کە هەموومان کە کاتی خۆی بەو توانا کەمەی کە بوومان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا هەوڵی هەموو لایەکمان ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان وەک چاوی خۆمان بپارێزین ئێستاش ئەرک و وەزیفەی هەموو ئێمە وەک تاک تاکی نەتەوەیی کورد و هەموو پارچەکان ئەوەیە کە تێ بکۆشین تەجرووبەی هەرێمی کوردستان بپارێزین، کۆمەکی پێ بکەین، سەرکەوتوو بێت. تەجروبەیەکی دێموکراتیکە، تەجروبەیەکی سڤیلە، تەجروبەیەکە بە دوای دێموکراسی دا دەگەڕێ و من دڵنیام پاراستنی ئەو تەجروبەیە دوای ٦٦ ساڵ دوای کۆماری کوردستان دەتوانێ لە ئیدامەی ئەو ئیلهام و پەیامەی کە پێشەوا قازی محەممەد و بارزانی نەمر دایان بۆ نەوەکانی داهاتوو ببێ بە ئیدامەیەکی باش لە پێناو ڕزگاری نەتەوەی کورد.

پیرۆزبایی لە هەموو لایەکتان دەکەم و هەر هیوادارم ساغ و سلامەت و سەرکەوتوو بن و هەروەها بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢١ی فێبریوری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## قسەکانی سکرتێری گشتیی حدک بەڕێز خالید عەزیزی لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیونال سۆسیالیستدا

بەڕێز ئاغای جاکوب زووما، سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا و سەرکۆماری ئافریقای باشوور!

بەڕێز جۆرج پاپاندرۆ، سەرۆکی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال!

بەڕێز لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال!

بەشدارانی کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال!

بە شانازیی دەزانم کە ئەمڕۆ لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنالدا لەگەڵ ئێوەم هەتا تیشک بخەمە سەر جووڵانەوەی کورد لە ئێران بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجانەی کە باوەڕەکانی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنالیشن وەک دێمۆکراسیی جەماوەری، مافی مرۆڤ، لایەنە جۆراوجۆرەکانی یەکسانی وەک دادپەروەری، پشتگیری و گەشە پێدانی ئاشتی و بەرگری لە بایەخەکانی مرۆڤایەتی .

چاخی کولتوری نوێی هاوپێوەندی و بە نێونەتەوەیی بوون، پێویستی بە هاوکاری و پێوەندیی گەرم و گوڕتر لە نێوان ئێمە دا هەیە.

وەک ئاگادارن هەر ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای دامەزرانی هێندێک دێمۆکراسیی نوێ لەو ناوچە ستراتێژیکییەی دنیا دا، بە دەورانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیدا تێپەر دەبێ. ئێمە بڕوامان وایە کە سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال توانا و ئیمکانی ئەوەی هەیە و پێویستە کە دەورێکی بناغەیی تر لەم ناوچەیە دا بگێڕێ.

حیزبە سیاسییە سەرەکییەکانی کورد، مێژوویەکی دوور و درێژی خۆشەویستی و پێوەندییان لەگەڵ سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال دا هەیە و لە هەمان کاتدا وەفادارن بە بەهاکانی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال و زەمینە و توانای ئەوەیان هەیە کە هاوپەیمان و هاوکارێکی ئەمین بن بۆ S.I لە ناوچەدا.

کورد وەک نەتەوەیەکی وشیار، تێکەڵ لەگەڵ سیاسەت، ئۆرگانیزە کراو و چالاک ،فاکتۆرێکی بەهێزە بۆ گەشەپێدانی سەقامگیری، ئەمنییەت، ئاشتی، ئازادی و دێمۆکراسی نەک تەنیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەڵکوو لە ڕادەی نێونەتەوەییش دا.

نوێنەرانی خەبات و تێکۆشانی کورد ماوەی چارەگە سەدەیەکە بەردەوام هەوڵیان داوە کە لە تریبوونی سۆسیال ئەنتێرناسیۆناڵ بۆ بردنە سەری ڕادەی زانیاری لە بارەی نەتەوەی کورد و گواستنەوەی ویست و داخوازەکانیان بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان کەڵک وەربگرن.

من دڵنیام کە خاڵە بناغەییەکانی ویستی گەلی کورد لە ئێوە وەک بنەماڵەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال شاراوە نین.
کوردەکان بێگومان گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیان کە وڵاتەکەیان دوو جار بە بێ ئیزن و ئاگاداریی خۆیان دابەش کراوە، جارێک لە ١٥١٤ و جارێکیش لە ڕەوتی کێشەکانی دوای شەری جیهانیی یەکەم دا.

کورد لە ئێران بە تایبەتی، سێ چارەگە سەدە مێژووی خەباتی ڕێکخراوەیی و بەربەرەکانی لە گەڵ پێشێلکرانی مافە بناغەییەکانی خۆی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوەی، هەیە.

حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام یاسا و ڕێسای نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بە زیندانی کردن، لێپرسینەوە و سزادانی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد دەخاتەژێر پێ. لە ڕاستی دا زیاتر لە سێ دەیەیە پلان و بەرنامەی تایبەتی بۆ سەرکوتی چالاکانی کورد و کپ کردنی دەنگی کورد سەرپەرستیی کردوە و بەڕیوە بردوە.

لەو هەمووە نموونە بێ ئەژمارانەی ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی کورد و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، ڕێگام بدەن باسی نموونەی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بکەم، کە هەر ئێستا لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئێران دایە و تەنیا بە تاوانی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و پێوەندی گرتن بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم دراوە، .

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە شێوەی سەرەکی گرینگی دەدا بە مەسەلەی چەکی ناوکی و حکومەتی ئێرانیش هەوڵ دەدا یاری بەو پێداگرییەوە بکا بۆ ئەوەی سەرپۆش بخاتە سەر پێشێلکردنی بنەرەتی و بەردەوامی مافی مرۆڤ لە ئێراندا. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بنەماڵەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال پێویستە بە خەڵکی کوردستان و ئێران نیشان بدەن کە جەوهەری هاوکاری و سەردەمی نوێی بە نیونەتەوەیی بوون لەوە دایە کە دەنگی خۆیان هەڵبڕن و لە سەر کورد وەجواب بێن.

لەم ساتەدا کە لێرە ڕاوەستاوم، لە کۆنگرەی ٢٤ی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال بەشدارم و ئاوڕ لە مێژوو دەدەمەوە، مێژوویی تێکەڵاویمان(گەڵ ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە) وەبیرم دێتەوە، کاتێک ٢٠ ساڵ لەمەوبەر ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نرخێکی یەکجار گەورەی دا بۆ بەشداری لە نۆزدەیەمین کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال لە سێپتامبری ١٩٩٢ لە بێرلێن.
ئەو، ئامادە بوو وەک داکۆکیکارێکی وەفادار بە ئامانجەکانی سۆسیال دێمۆکراسی، گیانی خۆی لەو ڕیگایەدا بەخت بکا .



سەرچاوە
Serchawe

تێرۆر کرانی ئەو سەرکردەیە لە ماوەی کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال دا پێوەندییەکی قووڵی لە نێوان حیزبی ئێمە و سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆناڵ دا پێک هێنا.

من لە بیستەمین سالیادی تێرۆری جینایەتکارانەی دوکتور سادق شەرەفکەندیدا لەسەر ئەم بڕوایەم کە تێرۆری ئەو لە ماوەی کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێر ناسیۆنال لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ دا نەک تەنیا دژی ئازادی، دێمۆکراسی و مافە بناغەییەکانی مرۆڤ ، بەڵکو تەنانەت دژی پرەنسیپەکانی S.I یش بووە. هەر بۆیە جێگای خۆیەتی هەمیشە لە لایەن ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیستەوە یادی بکرێتەوە.

زۆر سوپاس

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٢

## خالید عەزیزی لە ٢٣ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوودا: تێرۆری د. قاسملوو لە راستیدا تێرۆری بیر و ئەندیشەی قاسملوو بوو

خوشک و برایانی ئازیز!

میوانانی بەڕێز!

ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات!

پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ٢٣ ساڵەی بیرەوەریی یادی دوکتور قاسملوو. بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و ئەزموونی خەباتی حیزبی دێموکرات بەتایبەت ئەو سەردەمەی کە دوکتور قاسملوو ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی دەکرد و لە کوردستان و لە ئێران بوو بە کەسایەتییەکی ناودار تەبیعەتەن کۆمەڵێک ئەندیشە و بیر و باوەڕی لە پاش خۆی بە جێهێشتوە کە شیاوی یادکردنەوەن.

حیزبی دێموکرات هەرچەند دوکتور قاسملوو ڕێبەری ئەو حیزبە نەماوە و لەباری فیزیکی یەوە لە نێومان دا نییە، بەڵام تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لەوەدا کە بەشێکی زۆر لەو بیر و ئەندیشانە لە نێو خۆی دا نەهادینە بکا و لە حەدی توانای خۆی دا بیانکا بە فەرهەنگ. لە روانگەی منەوە باشترین بیرەوەری و یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو، یادو بیرەوەریی

ئەندیشەکانی ئەوە. ئەو بیر و بۆچوونانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران و لە عەقڵیەتی سیاسیی نەتەوەی کورد لە کوردستان ئێران دا رۆژ بە رۆژ پتر جێ دەکەون. جێی خۆیەتی هەر لەم رۆژەدا یادی هەمووی زیندانیانی سیاسی لە کوردستانی ئێران دا بکەینەوە کە لەسەر دێموکراسی و مافپەروەری و مافە نەتەوایەتییەکان دا کە زۆر بە قووڵی و قورسی بیر و ئەندیشەی قاسملوو بوون ئێستا لە زیندان دان. جێگەی خۆیەتی رێز و سڵاویش بنێرین بۆ بنەماڵەی شەهیدان کە شەهیدەکانیان لە رێبازی دێموکراسی و ماف و هەروەها کوردایەتی کە قاسملوو کاری بۆ کرد گیانیان بەخت کردوە. هەروەها دەستخۆشییش لە هەمووی ئەو تێکۆشەرانە بە پێشمەرگە و کادر و ئەندامانی حیزب و چالاکانی سیاسی لە نێوخۆی وڵات بکەین کە دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش لەسەر چالاکی و تێکۆشانی سیاسیی خۆیان لە پێناوی ئەو بیر و ئەندیشەیەی کە قاسملوو هێناوینە گۆڕێ و وەک بیر و بەرنامەی حیزبی دێموکرات جێ کەوتوون و نەهادینە بوون و، بەردەوامن. هەروەها جێی خۆشیەتی لێرەدا هەم یادێک لە کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و دوکتور فازل رەسووڵ بکەینەوە کە لەگەڵ د. قاسملوودا لە ڤییەن شەهید کران و هەم یادێک لە کاک سەلامی عەزیزی بکەینەوە ئەندامی دەفتەری سیاسی کە ١٠ ساڵ دواتر لە ٢٤ی مانگی پووشپەڕدا کۆچی دوایی کرد. یادیان بەرێز بێ.

بەشدارانی هێژا!

تێرۆری دوکتور قاسملوو لە راستیدا تێرۆری بیر و ئەندیشە و فکری قاسملوو بوو. تێرۆری دێموکراسی بوو لە ئێران، تێرۆری ئەو بیرکردنەوە و ئەو بۆچوونە بوو کە لە رێگای دیالۆگ و گفتوگۆ دوای شۆڕشی ئێران دەیویست کێشەی کورد چارەسەر بکا. تێرۆری بیر و بۆچوونێک بوو کە بە شێوەیەکی مۆدێرن ئەقڵیەتی حیزبایەتی و تەعامول لەگەڵ گیر و گرفتە سیاسییەکانی لە کۆمەڵگەی ئێران دا نەهادینە کرد بوو. کۆماری ئیسلامی باش تەشخیسی دابوو کە بەو تێرۆرە لانیکەم لە باری فیزیکی رێبەرێکی کارامە و بە توانای جووڵانەوەی کورد لە ئێران و سەحنەی سیاسیی ئێران لە نێو دەبا. ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەدیش راست بە مەبەستی تێرۆر و لە نێو بردنی بیرو فکری کوردایەتی و بیرۆکەی کۆماری کوردستان بوو، بەڵام خەباتی دوای پێشەوا و خەباتی بەربەرین و زۆرتری دوای قاسملوو نیشانی دا ناکرێ بیر و ئەندیشە و دێموکراسیخوازی و تێکۆشان و چالاکی بە رێگای دێموکراتیک دا و هەروەها لە سەردەمێک دا کە شعووری نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران زۆر لە پەرەئەستاندن دایە وا بە راحەتی تێرۆر بکرێ. بەداخەوە دیکتاتۆرەکان و ئیستبدادەکان لەو ناسەرکەوتوو بوونی ئەو مێتۆد و تێئۆرییانەی خۆیان هەر دەرسیان وەرنەگرت و هەر دەرسیان وەرنەگرتوە. لە هەمووی ئەو تێرۆرانە دا ئەگەر بە لەحازی فیزیکی رێبەرەکان لە نێو ئێمەدا نەمان بەڵام بە لەحازی ئەوەی کە رێبوارانیان زۆر بووە و مەیدانی خەباتی کوردایەتی و دێموکراسیخوازی رۆژ بە رۆژ لە حاڵی پەرەئەستاندن دایە بۆخۆی بۆتەوە دژکردەوەیەکی بەتوانا لە دژی دەسەڵاتەکان لە تاران بەتایبەت لە دژی کۆماری ئیسلامی. بۆیە هیواداریین رۆژبە رۆژ کە تەمەنی دیکتاتورو ئیسبدادەکان لە دنیادا کەم دەبێتەوە و ژمارەیان کەم دەبێتەوە زۆرتر بەوە بگەن کە ویست و داخوازی دێموکراتیک و مافخوازی ناکرێ بە تێرۆرو شکەنجە و زیندان وڵام بدرێتەوە.



سەرچاوە Serchawe

جێی خۆیەتی لە بیرەوەریی یادی ٢٣ ساڵەی دوکتور قاسملوودا ئاماژە بە هێندێک ئەندیشەی ئەو بکەین کە لە راستیدا لە کۆمەڵگەی ئێمە دا بە خۆشییەوە تا رادەیەکی زۆر نەهادینە بوون. واقیعبینی لە سیاسەت دا، دوکتور قاسملوو لەو کەسانە بوو لە سەردەمێک دا پێی نا ناو سیاسەت کە لەو سەردەمە دنیا لە کێشەی دوو بەرە دابوو، بەرەی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها بەرەی ئەمریکا. بەڵام قاسملوو هەوڵی دەدا لەو کێشانەدا تێبکۆشێ بە واقیعبینییەوە بە دوای چارەسەرییەکان دا بگەڕێ. دوکتور قاسملوو ڕێگاچارەکانی بە سیفرو سەد دا نەدەدنا. پێی وابوو بەینی سفرو سەد رەقەمی دیکەش هەیە، دەکری فکری لێبکەیەوە و بیهێنیە گۆڕێ بۆ حەلی کێشەکان. ئەو کەسە بوو کاتێک کە بە تەمەنی لاوی بە باوەڕی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی تەنانەت لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی دا کاری دەکرد بە هۆی ئەوەی کە بە دوای ئاڵوگۆڕدا دەڕۆیی، وازی لێ هێنا و وردە وردە بۆچوونێکی لیبرالیستی واتا ئارامی لە سوسیالیزم لە نێو حیزبی دێموکرات دا جێ خست.

هەر دوای شۆڕشی ئێران هەموو هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە لە ڕێگای وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیی دوای شۆڕشی کێشەی کورد چارەسەر بکا. هەر لەو سەردەمیش دا دیسان یەکێک لە هونەرەکانی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە تێ بکۆشێ مەجال بقۆزێتەوە، تێ بکۆشێ فورسەت دروست بکا، تێ بکۆشێ وەختێک حکوومەتی مەرکەزی ڕێگاچارەیەک قبووڵ ناکا ڕێگاچارەی دیکەی لە موقابیل دا دابنێ و ئەوە یەکێک لەو مێتۆدانە بوو کە کاتی خۆی دوای ئینقلابی ئێران و سەردەمی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تا رادەیەک کۆمەکی کرد بە زەمانی وەدواخستنی شەر لە کوردستان. یەکێک لە قسە بە نرخەکانی قاسملوو ئەوە بوو دەیگوت ئەگەر رۆژێک شەڕ لە کوردستانی ئێران وەدرەنگی بکەوێ خەڵک یەک رۆژ زیاتر کەڵکیان لە دێموکراسی و ئازادی وەرگرتوە، دەقیقەن ئەو مێتۆدە و ئەو تاکتیکە بوو کە جارێک بە چەند مادە (٢٥ مادە، ٨ مادە، ٦ مادە) هەوڵی دەدا نەهێڵێ موزاکرات بە بۆنبەست بگا. ئەوە کە ئێمە زۆرتر لە نێو خەڵک دا بین بۆ ئەوەی کە حیزبایەتی ئێمە لە فەزایەکی ئازاددا باشتر بتوانێ کۆمەک بکا بە جێ خستنی بیرو هۆش و ئەندیشەی قاسملوو کە دوایە وردە وردە لە ژیانی حیزبایەتیی ئێمەدا نەهادینە بوو.

واقیعبینییەکی دیکەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کاتی خۆی کە پێڕەو و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دابەشکردنی دنیا بە سەر رۆژهەڵات و رۆژئاوا و بەرەی غەربی بە ئێمپریالیزم و بەرەیەکی دیکەی بە سوسیالیزم دادەنا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعیەتەش هەموو هەوڵی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو چۆن بتوانێ ڕێگەی عیلاقات و پێوەندییەک لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوە. رەنگە ئەو وەختە لەسەردەمی بیرکردنەوەی ئەوانەی کە چەپ و کۆمۆنیست و سوسیالیست بوون و کەسێک کە باوەڕی بە سوسیالیزم و کۆمۆنیزم و ئەو بەرەیە هەبووبێ، بڤە بووبێ، بەڵام هەر ئەو وەختیش لە گەرمەی ئەو عەقڵیەتی حیزبی دا ئەو بە دوای ئەوە دابوو کە تێ بکۆشێ مەجالێکی دیکە دروست بکا لە عیلاقاتی نێونەتەوەییش دا ئەو واقیعبینییەی خۆی پتر جێ بخا.

سەربەخۆیی حیزبی بۆ حیزبی دێموکرات کە سەردەمێک بەتایبەت دوای کۆماری کوردستان حیزبی تودەی ئێران هەوڵی دەدا وەک بەشێکی کوردستانی خۆی چاوی لێ بکا لە سەردەمێک دا کە لەسەر بنەمای باوەڕی چەپی ئەو وەخت تێدەکۆشان، سەربەخۆیی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە نێو بەرن. دوکتور قاسملوو لەو کەسانە بوو هەوڵی دا بۆوەی کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات ساغ بێتەوەو دروست بکرێتەوەو سەربەخۆ بێ. لە تەواوی تەعامول لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچە تەنانەت لە عیلاقات و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکان یەک شت لە حیزبی دێموکرات دا و لە شەخسی قاسملوودا نەهادینە ببوو، ئەویش ئەوەیە لە پێوەندی و عیلاقات نەترسێی بەڵام لە سەر بنەمای سەربەخۆیی حیزبی و توانی ئەوەش جێ بخا. بۆیە هەر بە پێی ئەو تێئۆری و ئەو عەقڵیەتە بوو کاتێک دەگەیشتینە سەر کێشە و ئاڵۆزی مەسەلەی کوردو دابەشکردنی کوردستان بۆ ئەوەی کە لەو بەینە دا گرفت دروست نەبێ، ڕێگای دوکتور قاسملوو و حەلی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە هەر پارچەیەکی کوردستان بە دوای ڕێگاچارەی خۆی دا بڕوا. هیچ لایەنێکی سیاسی لە پارچەکانی دیکە دەخالەت لە بەشەکانی دیکەدا نەکەن و ئێستاش دەبینین کەم و زۆر ئەو گرفتە هەر لە گۆڕێ دا هەیە. بۆیە سەربەخۆیی سیاسی لە حیزبی دێموکرات دا بە خۆشییەوە نەهادینە بووە، وەها نەهادینە بووە کە حیزبی دێموکرات لە هەمووی ئەو تێکەڵاوییانەدا دەتوانێ لەسەر بنەمای ئەو سەربەخۆیی سیاسییە ئیدامە بە ژیانی خۆی بدا.

ئایا کاتێک قاسملوو خاوەنی بیرێکی بەربەرینی دێموکراسی بوو، دیپلۆماتێکی سەرکەوتوو، شارەزایەکی بواری چارەسەرکردنی کێشەکان و دروست کردنی مەجال و دەرفەت بۆ حیزبەکەی بوو و وەک ڕێگاچارە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورددا بۆچوونێکی عام و گشتگیری هەیە، ئایا قاسملوو هەر موڵکی دێموکراتە؟ نا. ئەگەر ئێمە پێمان وابێ قاسملوو هەر موڵکی دێموکراتە هەم ئێمە ئیشتبا دەکەین، هەم قاسملوومان چووکە کردۆتەوە. قاسملوو وەک کەسایەتییەکی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و وەک کەسێک کە توانی بەو بیرو بۆچوونە لە نێو دێموکرات دا ئەوە بکا بە فەرهەنگ ئەو سنوورەی شکاند کە هەر موڵکی دێموکرات بێ، بۆیە ئێستا لە کوردستانی ئێران لە زۆربەی زۆری شوێنەکان ئەوانەی چالاکوانی مافی مەدەنین، چالاکوانی بواری مەدەنین لە ڕێگای دێموکراسی دا کار دەکەن زۆرجار لە لێکدانەوەو بۆچوونەکانی خۆیان دا ئاماژە بە تێئۆری و بۆچوونەکانی قاسملوو دەکەن کە بەردی بناغەی ئەوە بوو ناکرێ کێشەی سیاسیی میللەتێک بە زۆر، بە چەک، بە شەڕ چارە بکەین. هەمیشە لە بۆچوونەکانی دا بنەمای مەدەنی و بنەمای ئاشتیخوازانە لە گۆڕێ دابوو.

میوانانی بەڕێز!

بەشدارانی خۆشەویست!

لەسەردەمێک دا ئێمە یادی ۲۳ ساڵەی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەم کە دوکتور قاسملوو تێیدا تیرۆر کرا، ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە دنیادا هاتۆتە گۆڕێ. بەشێک لە بۆچوونەکانی وی وەڕاست گەڕاون کە هەمیشە تەئکیدی لەسەر دێموکراسی دەکردەوەو هیچ جێگا و مەجالێکی بە حکوومەتی توتالیرو ئیستبداد و دیکتاتۆری نەدا. ئێستاش هەر وەکی ئاماژەم پێکرد ژمارەی ئیسبدادو دیکتاتۆرەکان ڕۆژ لە ڕۆژ لە کەمی دایە. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە قەزیەی

کوردەوە هەیە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو سەردەم، خۆشبینی و گەشبینیی قاسملوو تا رادەیەکی زۆر جێ کەوتوە و بە خۆشییەوە ئێمە لە سەردەمێک دا رووبەڕووی کێشەی کوردو ڕێگاچارەکان دەبینەوە کە هەم لە تورکیە و هەم لە سووریە و بەتایبەت و بە خۆشییەوە لە هەرێمی کوردستان کەش و هەوایەک هاتۆتە گۆڕێ کە هیوابەخشە. ئەگەر ئێمە ئاوڕێک وە ڕێگاچارەکان بدەینەوە تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە بیرو ئەندیشەی قاسملووە هەیە ئەوەی ئێستا لە تورکیە لە گۆڕێدا هەیە دەمێک بوو ئێمە لە ئێران بە دوایدا دەگەڕاین. هەر دوای شۆڕشی ئێرانیش ئێمە بە دوای ئەوەدا دەگەڕاین. بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کام لەو ڕێگاچارە دێموکراتیک و ئاشتیخوازانانەی ئێمە کە کارمان بۆ کردووە نەهادینەمان کردوە قبووڵی نەکرد. جێگای خۆشی و خۆشحاڵییە کە ئەو ئاڵوگۆڕە لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدا لە گۆڕێدا هەیە و بە خۆشییەوە کرانەوەیەکی دێموکراتیک بەرەورووی مەسەلەی کورد هەیە ئێمە هیواداربن هەموو لایەنەکانی بەشداری ئەو کێشەیە بە کوردو تورکەوە بە لایەنە سیاسییەکانەوە کۆمەک بکەن کە ئەو ڕەوتە لە بار نەچێ و لە ئیدامەی خۆی دا سەرکەوتوو بێ. لە سووریە کە لە سەردەمی تیرۆری دوکتور قاسملوودا ڕەنگە تۆ نەتوانیبا باسی کورد بکەی، و کورد نەیدەتوانی مافی شەهروەندیی خۆشی لەوێ دا تەنانەت بێنێتە گۆڕێ، ئێستا کورد لە مەوزووعی ئاڵوگۆڕەکان و چەندو چۆنی دروست کردنەوەی داهاتووی سووریە فاکتۆرێکەو ئەوانەی کە ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆ بیر لە داهاتووی سووریە دەکەنەوە ناتوانن بیر لە چەندو چۆنی مەوقعیەتی کورد نەکەنەوە. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەگەر لەو سەردەم دا کە شەڕی ئێران و عێراق تەواو دەبوو و لەو سەردەم دا دوکتور قاسملوو بۆ ڕێگاچارە لەگەڵ کاربەدەستانی جمهووریی ئیسلامی لە ویەن دا گفتوگۆی دەکرد، ئەگەر لەو سەردەم دا ڕووناکایی لە مەسەلەی کورددا لانیکەم لە کوردستانی عێراق زۆر کەم بوو، بەڵام ئێستا بە خۆشییەوە کورد لە باشووری کوردستان خاوەنی دەسەڵاتی خۆیەتی. ئێمە لەو باوەڕە داین بەردی بناغەی جێبەجێ بوون و چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری ئەو گرفتانە چ ئەوانەی کە لەگەڵیان ڕووبەڕووین لە هەرێمی کوردستان و چ ئەوانەی کە لە سووریە لە گۆڕێ دا هەیە و چ ئەوانەی کە کورد لە تورکیە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەوەیە وەحدەتی هێزە سیاسییەکان لەسەر بنەماو بنچینەی بەرژەوەندی نەتەوەیی. ئەگەر ئەوە دەستەبەر بکرێ و نەهادینە بکرێ دڵنیام کورد هەروەک نیشانی داوەو و مەدەری خستوە لە چەندو چۆنی ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکان لەو وڵاتانە تەنانەت لە سێناریۆی سیاسەتی گەورەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەتوانێ دەورێکی کارای هەبێ. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو شوێنەی کە دوکتور قاسملوو لێی لە دایک بوو و لەوێ فێری سیاسەت بوو، و لەوێ لەگەڵ کێشەکان ڕووبەڕوو دەبۆوە و هەر لەسەر مەسەلەکەی ئەوێش لە ویەنا تیرۆریان کرد، ئاڵوگۆڕێکی زۆر هاتۆتە گۆڕێ. هەرچەند حیزبەکەی قاسملوو ئێستا بە ئاشکرا لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا نییە و مەجالی قانوونیی تێکۆشانی سیاسیی نییە، بەڵام ڕێبوارانی ڕێگای دێموکراسی و مافپەروەری و چارەسەری بەو شێوەیەی کە قاسملوو هێنابوویە گۆڕێ ڕۆژ بە ڕۆژ لە کوردستانی ئێران لە پەرەئەستاندن دایە. ئەوەی کە خەڵک بە سەدان و بە هەزاران و بە میلیونها کەس ناتوانن لە شەقامەکان بێنە گۆڕێ و ویست و داخوازییەکانی خۆیان گەڵاڵە بکەن و تەرحی بکەن، بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەو بیرو هۆشە لە نێویان دا لاوازە لە نێویان دا نەماوە. تەواوی ڕێوڕەسمەکان کەم و زۆر لە پارێزگەکانی کوردنشینی ئێران، لە ئیلامەوە بگرە تا ئوستانی کرماشان، ئوستانی سنە و ئوستانی ورمێ و تەنانەت



سەرچاوە
Serchawe

لە نێو ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی کوردستان لە شوێنەکانی دیکە دەژین نیشانی داوە کە شعووری نەتەوایەتی و کوردایەتی و بیرو هەستی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەردەوام لە پەرەئەستاندن دایە. ئێمە دڵنیاین هەروەک لە خوێندنەوەی باوڕی قووڵی قاسملوو بە دێموکراسی دا دەرکەوت و دیکتاتۆرەکان و ئیسبدادەکان یەک بە دوای یەک دا تێک رووخان، ئێرانیش لەو پڕۆسەیە نەجاتی نابێ و هیوادارین بە یەکگرتوویی هەموو لایەک ئێمە بتوانین هەم کوردەکان و هەم ئێرانییەکان تەمەنی حکوومەتی جمهوری ئیسلامی کەم بکەینەوە.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگییەکی تایبەتی هەیە ئەو کاتە دێینە سەر لایەنی عەمەلیی، یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، دەمێکە رامانگەیاندوە و بڕیاری کۆنگرەی لەسەرە هەروەها بەدواداچوونەوەی کومیتەی ناوەندیی لەسەرە کە ئێمە لە هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆمان کەڵک وەردەگرین بۆ ئەوەی کۆمەک بکەین بە یەکریزیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت هەوڵ دەدەین لە سەر سیاسەتی ئوسوولی و مەسئولانەی خۆمان بچینە پێشێ بۆوەی کە عیلاقاتی دروستی هەردووک لای دێموکرات باشتر بێتەوە، عادی بێتەوە، لێک نزیک بینەوە و بتوانین گرفت و کێشەکانمان لەگەڵ یەکتر لە رێگای دانیشتن کە باوەڕی قاسملوو بوو بە گفتوگۆو دیالۆگ لەگەڵ یەکتر چارەسەر بکەین دڵنیام ئەگەر ئەو پرۆسانە بە باوەڕو ئیتمینانەوە ئێمە بچینە نێویان مەجال و دەرفەت و ئیمکانی ئەوەمان هەیە لە ئیدامەی خۆی دا کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران بکەوێتە قۆناغێکی باشترو مەوقعیەتێکی موناسبتری بۆ بێتە پێشێ لە چەندو چۆنی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سێناریۆ ناڕوونەکانی داهاتووی ئێران.

لە کۆتاییدا هەر بەرزو بەرێز بێ یادی د. قاسملوو وهاوڕێیانی،
هەر شەکاوە بێ ئەندیشەو بیرو باوەڕەکانی قاسملوو
هەر پتەو بێ یەکگرتوویی ریزەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان،
ئێوەش هەر ساغ و سلامەت بن و هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٢

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا

خوشک و برایانی بەڕێز !

میوانانی عازیز!

نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!

کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان!

دۆستانی خۆشەویست!

پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ یادی ٢٠ ساڵەی د. سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوڕێیانی، کە ٢٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ لە بێرلین بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران. بەشداریی ئێوە لەو ڕێورەسمەدا هاودەردییە لەگەڵ بیر و فکری د.سادقی شەرەفکەندی کە کاربوو، تێکۆشان بوو بۆ جێبەجێ کردنی ویستی نەتەوایەتی بیروباوەڕی دێموکراتیکی د.سادقی شەرەفکەندی، کە لە فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوە. و ئەرکی د. سادقی شەرەفکەندی کە هەوڵی دەدا و تێدەکۆشا یەکڕیزی لەنێو ڕیزەکانی کورد دا بەقووەت بکا.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت بەسەر ئەو سەردەم کە د. شەرەفکەندی تێیدا تیرۆر کرا، ڕەنگە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەربخا کە جمهوریی ئیسلامی بۆچی بەدوای ئەوەدا بوو، دوای تیرۆر کردنی د. قاسملوو، د. شەرەفکەندیش تیرۆر بکا. شەڕی ئێران و عێراق ماوەیەک بوو تەواو بووبوو، کۆماری ئیسلامی بەرەو ئەوە دەچوو کە پاڵ بداتەوە کێشەی شەڕی لەکۆڵ ببۆوە، هەوڵی دەدا لەنێوخۆی ئێران ئۆپۆزیسیۆن کە بەو جۆرەی چالاکییان هەبوو نەیانهێڵێ. کوردستانی ئێرانی تا ڕادەیەکی زۆر لە مەیدانی نیزامیدا گرتبۆوە. لەو کەش و هەوایەدا کە تا ڕادەیەکی زۆر کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا هەوڵی ئەوە بوو کە بە جۆرێکی دیکە دیسان جووڵانەوەی کورد مونزەوی بکا، وە ئەو مەجال و دەرفەتانەی کە لانیکەم بەهۆی حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێودەوڵەتی تا ڕادەیەکی زۆر لەگۆڕێ دابوو فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنێ، و ئەو مەجالەش لەوێش لەبەین بەرێ، بۆیە لە پلانی دابوو، بەرنامەی دارشت، کاتێک د.سادقی شەرەفکەندی لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال لە بێرلین بەشداربوو، و دەیویست لە کۆڕێکی ئاوا کە حیزب و سازمانە سیاسییەکانی بەشێکی زۆر لە وڵاتان تێیدا بەشدار بوون، بەشێک لەوانە لە دەسەڵات دابوون و بەشێکیش لە ئۆپۆزسیۆن دا لەو فورسەتە کەڵک وەربگرێ مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران مەسەلەی دیموکراسی مەسائلی نەتەوایەتی کورد بێنێتە گۆڕێ پاش ئەوەی کە لەو کۆبوونەوەیە تەواو بوو، هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە مێکۆنووس لە بێرلێن تێرۆر کرا.

تیرۆری د. شەرەفکەندی، لە ڕاستیدا ئیدامەی ئەو تێرۆرانە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی بەتایبەت ڕێبەرانی کورد دەستی پێکردبوو. ئەگەر کاتی خۆی لە تێرۆری ڤییەندا کە د.قاسملوو تیرۆر کرابوو، وڵاتی ئۆتریش و دادگای ئۆتریش بەو جۆرەی کە لە ئاڵمانیا، دادگای ئاڵمانیا بە ئیستقلالی تەواو لەسەر کەیسەکە کاری کردوو، پاش ماوەیەک لێکۆڵینەوە، بە ئەسنادێکی زۆر دەری خست کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بڕیاری ئەو تێرۆرەیان داوە و

سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئالمانیا کارسازی بۆ ئەو تیرۆرە کردوە، ئەگەر کاتی خۆی دەوڵەتی ئوتریش ئەوەی کردبایە، رەنگ بوو ئەو تیرۆری دووەم بەو جۆرە رووی نەدابایە. بۆیە بە دوای بڕیاری دادگای بێرلێن تا ماوەیەکی زۆر مەجالی جم و جۆڵی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە ئالمانیا و حەتا کە وڵاتانی ئورووپایی تەواو بوو.

بڕیاری دادگای بێرلێن، بووبە هۆی قەیرانێکی دێپلۆماتیک بەینی وڵاتانی ئورووپایی و ئێران کە چەند مانگێکی خایاند. بەڵام بەداخەوە، ئەوەی کە کەیسی د.قاسملوو تەوەجوهی پێنەکرا بووبە وەسیلەی سات و سەودای بازرگانی دەوڵەتی ئوتریش و ئێران بووبە هۆی ئەوەی کە ئەوەی دووەمیشی بەدوودا بێ.

ئاوڕێکی کورت بەسەر مێژووی شێوەو میکانیزمی بەرخوردی دەوڵەتە مەرکەزییەکان بە کەسایەتی و رێبەرانی سیاسیی کورد، بەتایبەت لە رۆژهەلاتی کوردستان، رەنگە زۆر بە کورتی ئەوەمان بۆ دەربخا کە تا ئێستا چ شێوازێکیان گرتۆتە بەر.

لەسەردەمی پەهلەویدا ئەگەر سمکۆ لە مەیدانێکی کەم توانی مەسەلەی نەتاوایەتی بێنێتە گۆڕێ، بە لەحازی جوغرافیایی مەجالەکەی کەم بوو، بەڵام دوایە تەنانەت ئەویش کووژرا و ئێعدام کرا. ئەگەر بە دوای سمکۆ، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد ئیدامەی پەیدا کردو لە کۆماری کوردستان بەشێوەیەکی مۆدێرن هاتە گۆڕێ، دەوڵەتی تاران لە جیاتی دیالۆگ و حقووقی بۆ ئەوەی کە کێشەی کورد چارەسەر بکا رێگا چارەکەی لە رووخاندنی کۆمار و ئێعدامی قازی محەمەد دا بینی، تەنانەت ئەو شێوە مێتۆدە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە دوای ئینقلابی ئێرانیشدا بەردەوام ئیدامەی دا. ئەوە لە حاڵێک دایە نە کووژرانی سمکۆ نە ئیعدامی قازی محەمەد، نە تێروری د.قاسملوو لە ڤییەن، وە نە تێروری د.سادق شەرەفکەندی لە بێرلین دەگەڵ هاوڕێیانی، هیچکام لەوانە نەبوون بەهۆی ئەوە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران تووشی شکست بێ... کێشەکە هەر لە جێگای خۆیەتی و تا ئێستاش هەر وەک خۆی ماوەتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژی دروست بوونیەوە تا ئێستا هەمیشە ئەوە بووە، بەدوای ئەوەدا گەڕاوە چونکە کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکی بن دەستە، کێشەیەکی مافخوازانەیە، کێشەیەکی دێموکراتیکە، باشترین رێگە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە گفتوگۆ و موزاکیرە، و ئێمە بەو جۆرەی کە هەین قبوڵ بکرێین، بکەوینە مەیدان و معاملەیەک بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، بەڵام بەداخەوە رێگا چارەی دەسەڵاتەکان لە تاران هەمیشە ئەوە بووە کە تا ئێستا بەردەوام بردوویانەتە پێشێ.

... ئیفتخاری ئەوەم پێ برا لە ئیدامەی رێبازی د.شەرەفکەندی کە ٢٠ ساڵ پێش ئەمرۆ لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال لە بێرلێن قسەی دەکرد، دەوری دوو حەوتوو پێش ئێستا هەر لەو کۆنگرەیە دا کە گیرابوو وەبیریان بێنمەوە وە بە حوزوری ئەو لایەنانەی کە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوو تأکید بکەمەوە کە ئێمەی کورد بە گشتی بەتایبەت کورد لە رۆژهەلاتی

کوردستان بە دوای دێموکراسی دا دەگەڕێ، بە دوای مافی خۆی دا دەگەڕێ، بە دوای حوقووقی بەشەر دا دەگەڕێ، بە دوای ئەوە دا دەگەڕێ وەکی هەموو ئێوە لێرەن ولاتەکەتان سەربەستە، ئیستقلالی خۆی هەیە حیزبەکانتان لە ئازادی دا فەعالیەت دەکەن ئێمەش ئارەزوومان دەکرد لە ولاتی خۆمان دا بە شێوەیەکی ئازاد فەعالییەتمان کردبایە و توانیبامان بیر و بۆچوونی شەرەفکەندی کە لە بێرلێن لەگەڵ ئێوە دیفاعی لێ دەکرد بیبەینەوە نێو دەیان و سەدان و میلیۆنها ئینسانی ئێرانی بە کورد و غیر کورد بنەماکانی دێموکراسی پێ سەقامگیر بکەین.

دۆستانی بەڕێز!

دقیقەن ٢٠ ساڵ دوای تێروری د.سادقی شەرەفکەندی لە کەش و هەوایەک دا ئێمە ئەو ئاوڕدانەوەیە دەکەین کە گۆڕانکارییەکی زۆر لە دنیا لە ناوچە و تەنانەت لە قەزییەی کوردیش دا هاتۆتە گۆڕێ. ئەگەر لە سەردەمی د.شەرەفکەندی تازە شەڕی سارد تەواو دەبوو بەرەو ئەوە دەچوو کە دێموکراسییەکان لە دنیادا پەرە بستێنن و وردە وردە ماف نەهادینە بێ، ئێستا بە خۆشییەوە رادەی دیکتاتۆرەکان لە کەمی دایەو ئیستبدادەکان دەڕوخێن و ماف و دێموکراسی و هەروەها حوقووقی نەتەوەکان رۆژ بە رۆژ دەبێ بە ئەمری واقع و نکۆڵی لێ ناکرێ. ئەگەر لە سەردەمی د.شەرەفکەندی دا تازە ماوەیەکی کورت بوو لە ئەنفال و هەڵەبجە و لە ئێعدامی دەستەجەمعی لە ئێران تێپەڕ دەبوو ئێستا بە خۆشییەوە بەشێک لەوانە بوونە بە مێژوو و عەقڵیەتی کوردی و وەحدەتی کوردی، و یەکریزیی کوردی ئیجازە نادا جارێکی دیکە ئەو کارەساتانە لە کۆمەڵگەی کوردی، لە سەحنەی سیاسیی کورد دا روو بدەنەوە. ئەگەر لە سەردەمی تێرۆر کردنی د.شەرەفکەندی دا کۆماری ئیسلامی دڵخۆش بووە کە رێبەرێکی بە توانای وەک د.شەرەفکەندی کە جێگەی هیواو هومێد بوو لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دا (نە تەنیا لە کوردستان) کە لە بەینی دەبا، ئێستا لەو مەیدانانەدا ئەو رێبوارانە بە سەدان و بە هەزاران هاتوونەتە گۆڕێ. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەو وەختی پێی وابوو بەوە بنەمای حکوومەتەکەی خۆی سەقامگیر دەکا، و تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە، ئێستا لەگەڵ گۆڕەپانێک رووبەرووە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا رۆژ بە رۆژ دۆستانی کەم دەبنەوە، دیکتاتۆرەکان دەروخێن، ئیستبدادەکان نامێنن، خەڵک بە دوای ماف دا دەروا ئاڵوگۆڕ ناوچەکەی داگرتوە، ئینقلابێکی بەربەرین رۆژ بە رۆژ لە گۆڕێدا هەیە، و دۆستانی کۆماری ئیسلامی بە دوو سێ ولات لە دنیایەدا مەحدود بوونەتەوە، یەکێک لە دۆستەکانی، دوڵەتی سوریەو حکوومەتی بەشار ئەسەدە کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە هەموو توانای نیزامی و ئابووری و دیپلۆماسی و مەزهەبیی خۆی نەهێڵێ ئەو حکوومەتە برووخێ، بەلام ئەو حکوومەتەش دەڕوخێ و دڵنیاین ئومێدی روخانی کۆماری ئیسلامی و گۆڕان لە ئێران دا نیزیک دەبێتەوە و تەمەنی کۆماری ئیسلامی کورت دەبێتەوە.

کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دیپلۆماتیدا تەنها شتێکی کە بە دەستەوەی بوو، کەڵکی لێوەربگرێ، کۆبوونەوەی ولاتانی «غیرمتعهد» بوو لە تاران کە ئەویش تەواو بە زەرەری خۆی تەواو بوو لە ئاستی دیپلۆماسییش رۆژ بە رۆژ پتر تەریک

دەبێتەوە. لە ئاستی کێشەیەک کە بۆخۆی دروستی کوردبوو بەردەوام دەچێتە پێشێ کێشەی وزەی ئەتۆمی ڕۆژ بە ڕۆژ ئیعتباری لە ئاستی نێودەوڵەتی دا لە دەست دەدا و لە ئاخرین بڕیاری ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی بۆ جارێکی دیکە زیاتر لە جاران کەوتۆتە بەر فشار. لە ناوچەکەدا خۆی خستۆتە نێو ڕقابەتێک کە مەجالی ئەو ڕقابەتەی بەهۆی ماهییەتی خۆی لە خۆی بڕیوە کە وەک سەرکەتوو بێتە دەرێ. لە هەموو ئەوانە گرینگتر لە نێوخۆی وڵات دا ئەگەر لەبەر دەسەڵاتی تاک ڕەوانە و حکوومەتی زوڵم و زۆر، کۆمەڵانی خەڵک ناتوانن بڕژێنە نێو خیابانەکان، بەڵام بە تەواوی دەرکەوتوە کە ئەو حکوومەتە لە باری ئابوورییەوە وەڵامدەر نییە، شکانی نرخی تمەنی ئێرانی لە موقابیل ئەرزەکانی ناوچەیی و قەیرانێکی قووڵ و بەربەرین کە کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە، هەمووی ئەو فاکتۆرانە دەست دەدەنە دەستی یەک کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وەڵامدەر نییە درەنگ یان زوو کە بەباوەڕی من زوو دەبێ لەناو بچێ و حکوومەتێکی دێموکراتیک جێی بگرێتەوە.

کێشەی ئێمە تەنها بە ڕوخانی کۆماری ئیسلامی تەواو نابێ، ڕەنگە ئینقلاب هاسان بێ و ڕووخانیش هاسان، بەڵام دروست کردنەوە و چۆن دروست بکرێتەوە، کورد لەو دروست کردنەوەیەدا لە کوێ قەرار دەگرێ، بۆ ئێمە گرینگترە. ئێمە هەر لە ئێستاوە دوای کۆماری ئیسلامییش لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و گرفت لەگەڵ ئێران دا ڕووبەڕوین. یەکێک لەو کێشانەی کە ئێمە لەگەڵی ڕووبەڕوو بووین، و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەوڵمان داوە کە لێک حاڵیبوونێک بەینی کێشەی کورد و قەزییەی کورد لەگەڵ میللییەتەکانی دیکە بەتایبەت میللەتی فارس دروست بکەین شتێکە ئینکار ناکرێ، موشکیلەیەکە کە بە تەواوی لەگۆڕێ دا هەیە. خوێندنەوەی ئێمە ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، و مادام لە ئێران دا لەسەر بنەمای موشارەکەت و بەشداریی هەموو لایەک جارێکی دیکە ئێران بە سیستم و بە قانوون و بە هەموو مۆسساتی ئیداری و وڵاتەکە دروست نەبێتەوە ئێران ناتوانێ لە داهاتوو دا وڵاتێکی دێموکراتیک بێ و کورد لە وڵاتێکی تەواو موتەمەرکز کە عەدەمی تەمەرکوز تێیدا بەرقەرار نەبووە لەسەر بەشداریی لایەنەکان مافەکانی مسۆگەر ناکرێ.

دژکردەوەی بەشێکی بەرچاو لە پانئێرانیستەکان یان لە شونیستەکان لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ قەزیەی کورد لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ئێمە زۆرجار تەجروبەمان کردوە، لانیکەم یەکێک لەو نموونانەی کە لەو دواییانەدا هاتۆتە گۆڕێ یەکیان ئەوە بوو ساڵێک پێش ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەک دا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای کرد لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو ئامادەگییەی هەبێ بۆ دەخالەتی بەشەردۆستانە لە پێوەندی لەگەڵ قەزیەی کورد حەتا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا. ئەو وەختە کۆمەڵێک گلەیی و گازندە ڕووبەڕووی حیزبی ئێمە ببۆوە. لەو دواییانەش دا کە دوو لایەنی سیاسیی کوردی بە یەکەوە ڕێکەوتننامەیەکیان بڵاو کردۆتەوە کە زۆرتر لەسەر تەوافوقی حیزبییە، چوارچێوەی هاوکاری حیزبییە، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە پانئێرانیستەکان و شووێنیستەکانی تووڕە کردوە.

دەمهەوێ ئەو حەقیقەتە لێرە رابگەیەنم ئەویش ئەوەیە لە ئێستاوە کە ئێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک سێناریۆی ناڕوون لە داهاتووی ئێران دا دەبینەوە. ئایا ئێران ئاڵوگۆڕی لە نێو خۆی دا پێک دێ ئیحتیمالێکە زەعیف یان قەوی لە جێگەی خۆی دایە، ئایا ئێران تووشی شەڕێکی نێودەوڵەتی دەبێ و لە نەتیجەی شەڕێک دا لە نێو دەچێ، ئایا ئێران لە نەتیجەی ئاڵوگۆڕ و ئینقلابێکی نێوخۆیی و جەماوەری دا لە نێو دەچێ، هەموو ئەوانە ڕەنگە بۆ ئێمەی کورد یەک سێناریۆ بێ ئەویش ئەوەیە ئێمە کورد بە گشتی چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو حاڵەتە ناڕوونانە دەکەین. تەجروبەی رابردووی ئێمە لە تەعامول لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی و ئەو تەجروبە زیندووەی کە لە هەرێمی کوردستان لە چەند و چۆنی تەعامول لەگەڵ چارەسەری کێشەکانی خۆیان هەیە تەنیا یەک ڕێگامان هەیە بۆ ئەوەی کە لەو کێشانەدا بتوانین بە جۆرێک تەعامول بکەین، بە جۆرێک ئەو سێناریۆیانە بە قازانجی خۆمان بقۆزینەوە کە وەحدەت و یەک ڕیزی لە نێو ڕیزەکانی کورددا بە گشتی هەبێ. لە کەش و هەوایەک دا من ئەوە دێنمە گۆڕێ بەداخەوە ئێمە ئێستاش لە خانەی ئینشعاب و لەتبوون و لێک ترازان و چەندین حیزبی دا دەژین کە بەو قەناعەتە نەگەیشتووینە میکانیزمێک ببینینەوە لەسەر زەروورەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاڵۆزیی کێشەی ئێمە لە داهاتووی ئێران دا قورساییەکی زۆرتر بە کاری خۆمان و بە موقعیەتی مەسەلەی کورد بدەین، بۆیە ئێمە جارێکی دیکە لێرە تەئکید دەکەینەوە و هیواداریـن کە هەموو لایەک بەیەکەوە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو واقعیەتە ئاوڕێک لە ڕابردووی هەڵس و کەوتی خۆیان لەگەڵ یەکتر بدەنەوە. تا پێم خۆشە لێرە ئاماژە بە حەقیقەتێکیش بکەم یەکێک لەو شتانەی کە کاتی خۆی دوکتور سادقی شەرەفکەندی زۆری پێوە ماندوو بوو ئەوە بوو کە ئەو وەختیش حیزبی دێموکرات تووشی لێک ترازانێک ببوو تووشی ئینشعابێکی نێوخۆیی ببوو، ببوو بە دوو بەش. من لە بیرمە لە ئورووپا دەقیقەن لە سەرو بەندی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالدا بوو کە فورسەتی بۆ هەڵکەوت بکرێ قسەی لەگەڵ بکەم بە تەلەفوون یەکێک لەو بابەتانەی کە بە خەمخۆرییەوە باسی دەکرد و بە ڕاستی بە نیگەرانییەوە باسی دەکرد دەی گوت ئێمەی کورد دەبێ لە نێو خۆمان دا ئەوەڵ وەحدەتمان هەبێ جا دوایە دەتوانین لەگەڵ حیزبەکانی ئێرانی و لایەنەکانی ئێرانی لەسەر مەسەلەی کورد بە تەوافوقێکی مەسئولانە و مەعقولانە بگەین کە وڵامدەر بێ بۆ قەزیەکەی ئێمە. دەقیقەن بە دوای هەردووکی ئەوانەوە بوو، هەر ئەو وەختە لە ئورووپا لە فکری ئەوە دا بوو کاتێک دەگەڕێتەوە کێشەی ناکۆکی هەردوو لای دێموکرات چارەسەر بکا و بە جۆرێک بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بخاتەوە سەریەک بەڵام بەداخەوە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی ئەو مەجالەی دروست نەکرد، دوایە ڕێبوارانی ڕێگەی شەرەفکەندی لە هەر دوو لای دێموکرات کاریان لە سەر ئەو قەزیە کرد و ئەو کێشەیە کاتی خۆی چارەسەر کرا.

شتێکی دیکە کە پێوەی ماندوو ببوو و دەکرێ بڵێین هەر لەو پێوەندییەش دا گیانی خۆی فیدا کرد کار کردن بۆ دروست کردنی پردێکی پێوەندی لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی و حیزبەکانی ئێرانی بوو. دوکتور شەرەفکەندی کە لە میکۆنووس تیرۆر کرا، لە کۆبوونەوە دابوو لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی بۆ ئەوەی کە لێک حاڵی بوونێک بەینی لایەنەکانی ئێرانی دروست بکا و کاتێک ئەو لێک حاڵی بوونە دروست بکا لەسەر بنەمای ئیعتراف بە مەسەلەی کورد بێ. ئەوە هەمیشە هەوڵی ڕێبەرانی ئێمە بۆوە کە دەچنە نێو بازنەی چەند و چۆنی تەعامول لەگەڵ ئەحزابی ئێرانی تێدەکۆشن لەوێ دا قەزیەی

کورد و مەسەلەی کورد بکەن بە فەرهەنگ و جێی بخەن بۆ ئەوەی کە لە سەحنەی سیاسیی ئێران دا پتر قابیلی قبووڵ بێ و کاتێک دێنە نێو ڕێگاچارەکان هەڵبەزینەوەی لەسەر نەبێ. بۆیە ئەو دوو پرۆژەیەی کە دوکتور شەرەفکەندی باوەڕی پێی بوو دەستی پێ کرد کاری بۆ دەکرد، ئەوەی یەکەمیان کە دوایە جێبەجێ بوو، ئەوەی دووهەمیان کە دیتنەوەی میکانیزمێکی وەحدەت و لێک حاڵی بوون لەگەڵ ئێرانییەکان بێ ئێستاش لە جێگەی خۆی دایە بۆیە ئەو کارەی ئەو دەستی پێ کرد و ناتەواوە ئەرکی ئێمەیە و وەزیفەی ئێمەیە بە حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە هەموومان کاری لەسەر بکەین بچێتە پێشێ. لە پێوەندی لەگەڵ ئێمە و لایەکەی دیکەی دێموکرات واتا دێموکراتەکان بە خۆشییەوە لەو دوایانەدا کرانەوەیەک لە گۆڕێ دا هەیە ئاڵوگۆڕێک لە گۆڕێ دا هەیە، ئێمە دانیشتنێکمان بووە و لەو دانیشتنەدا لە هەوڵ داین کە ڕێگاچارەی دیکەش ببێنینەوە و پێمان وایە باشترین میکانیزم بۆ ئەوەی کە کۆمەک بکەین وەحدەتێکی گشتگیر بەینی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جێ بکەوێ ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەم دا دێموکراتەکان لێک حاڵی بن، لێک نزیک ببنەوە، میکانیزمێک ببیننەوە لە هەنگاوی یەکەم دا بۆ یەکگرتنەوە و ئەگەر ئەوە عەمەلی نەبوو کار لەسەر ئەوەش بکەن و وەلای نەنێن و لە ئیدامەی خۆی دا بۆ ئەوەی کە چۆن وەک دوو حیزب ئێمە بتوانین کار بکەین، ئەوە دەتوانێ ئاواڵەییەکی باش بێ بۆ کار کردن لە سەر پرۆژەیەکی گەورەتری حیزبەکانی ئێرانی.

دۆستانی خۆشەویست!

بەشدارانی بەڕێز!

لە بیستەمین ساڵرۆژی بیرەوەریی دوکتور سادقی شەرەفکەندی پێم خۆش بوو ئاماژە بەوە بکەم کە بیرو هزری دوکتور شەرەفکەندی وەک بیری نەتەوایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بە خۆشییەوە لە کوردستانی ئێران پتر نەهادینە دەبێ، و ڕۆژ بە ڕۆژ بە خۆشییەوە پتر لە سەحنەی سیاسیی لە کوردستانی ئێران دەبێ بە گوتاری زاڵ. ئەگەر لەو سەردەم دا بەداخەوە بڵێین لە کوردستانی ئێران بە هۆی ئەوەی کە مەجالی ئەوە نەبووە تەنەوعاتی میللی تەنەوعاتی مەزهەبی و لەهجەکانی جۆراو جۆر لە چوارچێوەی گوتارێکی واحیددا پێناسەیەکی واحیدیان هەبێ و لەسەر ئەساسی ئەو گوتار و پێناسە و زمانە واحیدە لەگەڵ چەند و چۆنی کێشەکان تەعامول بکەن، ئێستا ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر نوخبەکانی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەت سازمان و حیزبە سیاسییەکان کە چۆن بتوانین ئەوە پەرە پێبدەین و چۆن بتوانین ئەوە بە هێز بکەین حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئەو جێیەی پێوەندی بە قەزیەی کورد لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا هەیە لە هەمووی ئەو مەجال و دەرفەتانەی کە بۆی هەڵکەوتوە تێکۆشاوە ئەرکی نەتەوایەتیی خۆی لەو پێوەندییە دا جێبەجێ بکا و لەو شوێنانەی کە موناسب بووە و بەتایبەت ئەو کۆبوونەوەی سۆسیالیست ئەنتەرناسیوناڵ کە جێگایەکە لانیکەم حیزبی ئێمە لە کەش و هەوای ئێستا دا ئەو مەجالەی بۆ هەڵدەکەوێ لەگەڵ لایەنەکان چ حکوومەتی و چ غەیرە حکوومەتی ئەو مەسەلەیە بێنێتە گۆڕێ یەکێک لەو حیزبانە بووە کە کاری کردووە لەسەر ئەوەی بیسەلمێنێ کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد مافی ئەو میللەتەیە و ئەو میللەتە حەقی خۆیەتی لە هەموو شوێن و لە هەموو جێگایەک بەتایبەت کە ئێستا لە

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو ئاڵوگۆڕانە لە گۆڕێ دا هەیە، ئەو مەوزوعانە لە حەدی توانای خۆی دا و لەو شوێنانەی کە لە باری عەمەلییەوە بۆی دەگونجێ تەرحی بکا. بۆیە بۆ جارێکی دیکەش لەسەر ئەو بنەما بەهێزە نەتەوەییانەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی ئێمە ڕێبورانی ڕێگای دوکتور شەرەفکەندی، دوکتور شەرەفکەندی دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو ڕێبازە ئیدامە دەدەین و دڵنیاین ڕێبازی نەتەوەیی دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە بە لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان نەهادینە بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەچێتە پێشێ و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێبواری زیاتر دەبێ، هیواداریین ئەو ڕێبوارانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بن، دۆستان زۆر و پشتیوانی ئەوبیرە هەر زۆر بن و بە هیمەت و تێکۆشانی هەموو لایەک بتوانین لە داهاتوودا بیرەووەریی دوکتور قاسملوو، بیرەوەریی و یادی دوکتور شەرەفکەندی و یادی پێشەوا قازی محەممەد، بیرەوەریی و یادی هەمووی ئەو شەهیدانە کە لە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەیان دا گیانیان بەخت کردوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو بنەماڵەی شەهیدان و لە نێو کوڕ و کۆمەڵانی خەڵک بکەینەوە و ڕێزنان بگرین، بە هیوای ئەو ڕۆژە و ئێوەش هەر سەرکەوتوو بن.

لە ژمارە ٥٩٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## خالید عەزیزی: میللەتێک کە چەندین کێشەی هەڵپەسێراوی نەتەوەیی هەیە، پێویستی بە گەرەنتی و قەراردادێکی نەتەوەیی هەیە

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سیمینارێکی سیاسی دا لە وڵاتی دانمارک وێڕای گەشبینانە تەحلیل کردنی شۆڕشەکانی دوو ساڵی ڕابردوو لە وڵاتانی عەرەبی، گۆڕانکارییەکانی لە ناوچەکەدا بە قازانجی پرسی نەتەوەیی کورد لە قەڵەم دا.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەر، بەرانبەر بە ١٠ی نوامبری ٢٠١٢ ، سیمینارێکی سیاسی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری "برۆندب"ی وڵاتی دانمارک پێکهات.

سەرەتای سیمینارەکە کە بە دەیان کەس لە کەسایەتی سیاسیی کورد، نوێنەری حیزب و لایەنە کوردستانییەکان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات تێیدا بەشدار بوون، بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لە لایەن گروپی سروودی یەکێتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکرد.

دواتر وێڕای پێشکەش کردنی ڕیزی بەرنامەکان لە لایەن خالید ڕەواندوست، ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری و بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی حیزب لە وڵاتی دانمارک، حوسێن حەسەنزادە لە لایەن کۆمیتە و بە نوێنەرایەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی دانمارک، بەخێرهاتنی کاک خالیدی عزیزی و نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسیەکان و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی کرد.

پاشان بەڕێز خالید عەزیز، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات قسەی بۆ بەشدارانی سمینارەکە کردو سەرەتا خۆشحالی خۆی بە بۆنەی بەشداریی لەو سمینارەو دیدار نوێکردنەوە لە گەڵ بەشداران دەربڕی.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەسپێکی قسەکانی دا باسی لە دوایین شۆڕشەکانی ناوچەکە کردو وتی: "کاتێک ئاور لە گۆڕانکارییەکان دەدەینەوە دەبێ بزانین چۆنیان بەکاری دێنین و لە گۆڕانەکان بە چ شێوەیەک بە قازانجی مەسەلەکەی خۆمان کە مەسەلەی نەتەوەییە کەڵکیان لێ وەردەگرین."

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانی دا وتی: "بۆ ئێمە کە ساڵانێکە بۆ دیمۆکراسی و ئازادی خەبات دەکەین و لە کاتێکدا حکوومەتە دیکتاتۆرەکان دەگۆردرێن، شێوازی گۆڕانەکان جێگای باس و پرسیارە. ئێمە لە بایەخی ئەو گۆڕانکاریانە کەم ناکەینەوە. ئێمە لە ناوچەیەکدا شاهیدی ئالۆگۆڕین کە دێمۆکراسی بە خۆیەوە نەدیوە، بۆیە لە وڵاتێکدا کە دێمۆکراسی بەخۆیەوە نەدیوە لەوانەیە لەسەرەتای هەر ئینقلابێکدا کێشەی زۆری لێ بکەوێتەوە، بەڵام خۆشبینم بەوەیکە؛ لە ناوچەیەکەدا شاهێدی ئالوگۆڕین کە شعووری کۆمەڵانی خەڵک بە هاوکاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەرزیی شعوری سیاسی، ئەو پەیامە دەدا کە هیواداربین کە جارێکی دیکە لە وڵاتاندا شاهیدی دەسەڵاتەکانی وەک تاڵەبان و شێوازی کۆماری ئیسلامی نابین.

لە درێژیی وتەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزب باسی لە کاریگەرییەکانی ئەم شۆڕشانە لە سەر وڵاتانی دیکەی دیکتاتۆر لێدراوی وەک ئێران کرد کە پێی وابوو، "ئەو ناوچانەی کە گۆڕانکارییان تێدا دەچێتە پێش، جێگە و پێگەی کۆمەڵێک ڕێژیمی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخەنە مەترسییەوە.

بەڕێز خالیدی عەزیزی لەم بەشە لە قسەکانی دا باسی خوێندنەوەی هەڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ شۆڕشەکانی یەک دوو ساڵی ڕابردوو کردو وتی: "ئێران دەیهەوێ وا لە خەڵک بگەیەنێ کە بەهۆی ئەوەیکە خۆی بەرهەمی ئینقلابە، خاڵی هاوبەشی لە گەڵ ئینقلابەکانی ناوچەکەدا هەیە، بەڕای ئێمە ئەوە هەڵەیە و وانییە. ئەوەی لە سوریە هاتۆتە گۆڕێ بە دلنیایەوە دەسەڵاتی بنەماڵەی بەشار ئەسەد لاوازو نابوود دەکاو چاوەڕوانیی هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک لە ناوچەکەدا دەکرێ."

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات باسی لە شوێنەواری ئەم گۆڕانانە لە سەر مەسەلەی کورد کورد کرد وتی: "بە پێی ئەو گۆڕانانە دوو سێناریۆ بۆ کورد دەبینین؛ لەولاتێکی وەک سوریە کە کورد بە بێ ناسنامە مابووەوە، ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەمەش بەرهەمی ئەو شەپۆلە گۆڕانەیە کە لە ناوچەکەدا لە ئارادایە. ئەوەی لە تورکیە لە ئارادایە، مەسەلەیەکی دیکەیە. بە باوەڕی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، کورد لەم بەشە لە خاکی کوردستان دا توانیویەتی لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی دا ئالترناتیڤ بێنێتە ئاراوە. ئەوەی ئێستا لە تورکیە لە ئارادایە، سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، بە شتێکی باشی دەزانین. باشترین ڕێگە چارە بۆ پرسی کورد لە تورکیە ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیە بە ڕێگە چارەی دێموکراسی و لەبەر چاوگرتنی مافی مرۆڤ هەڵسوکەوت لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی و دۆزەکەیان دا بکات. ئەوە هەم بۆ خەڵکی تورکیە و هەم بۆ دەوڵەتی تورکیە دەبێتە مایەی شانازی."

لەم بەشە لە قسەکانی دا بەڕێز عەزیزی وتی: "بە ڕای ئێمە ئەوەی لە عێراق لە ئارادایە دوای ڕووخانی دەسەلاتی بەعس، دەرفەتێکی دیکە بۆ کورد ڕەخساوە. بەخۆشیەوە ئەزموونی کوردی باشوور ئەوەی سەلماند کە کوردستان وەک نمونەیەک چاو لێبکرێ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکە. بۆیە لە هەڵسوکەوتی سیاسیماندا پێویستە پاراستنی ئەو ئەزموونە لەبەر چاو بگرین."

لە پێوەندی لە گەڵ داهاتووی ئێران و چۆنیەتی بنیاتنانی دەسەلاتێکی گەلی لەم ولاتە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جێبەجێ کردنی بەرنامەی حیزبەکەی بۆ ئێرانێکی فرە نەتەوەیی بە ڕێگە چارە زانی. لەم پێوەندییەدا ناوبراو بە باسکردنی لە ڕێگەچارەی "فیدرالیزم" وەک درووشم و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێناسە کردنی ئێران بە واحیدێکی سیاسی - جوغرافیایی کە چەند نەتەوەی جیاواز لە یەکی تێدا دەژین، پێداگریی لە بەڕێوەبردنی ئێران بە شێوەی فیدرالی کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کردو لەم پێوەندییەدا بە بایخەوە پێداگریی لە سەر لێک نزیک بوونەوەی هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات کردەوەو ئاماژەی بەو هەوڵانە کرد کە لەم پێوەندییانەدا، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرتوویەتە پێش.

بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا وتی: "تا ئەو جێیەی پێوەندی بە ئێمەوە بووە هەوڵمان داوە هێزە سیاسییەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لیک نیزیک بکەینەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە گۆڕانەکاندا زەرەرمەند نەبین، کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێویستی بە وەحدەتی نەتەوەی هەیە.

لەم بەشە لە وتەکانی دا بەڕێز کاک خالید عەزیزی وتی: بە باوەری من هونەری حیزبێکی سیاسی ئەوەیە پرۆژەی بۆ داهاتوو هەبێ و بیر لە سبەینێ بکاتەوە ، بۆیە بۆ ئەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا زەرەرمەند نەبێ، دەبێ خەڵک هان بدەین وەحدەت و یەکگرتوویی نەتەوەییان هەبێ. ئێمە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە باس لە یەکگرتووی دەکەین باسی بەرژەوەندی گشتی دەکەین. ئێمە لە نێوخۆی خۆمان پێویستیمان بە قەرادادێکی نەتەوەیی هەیە، بۆ نەتەوەیەک کە کێشەی هەڵپەسێراوی نەتەوەیی هەیە، دەبێ ئیلزاماتی نەتەوەیی و قەراردادێکی نەتەوەیی هەبێ.

کۆتایی سمینارەکەی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بە پرسیار و تێبینی بەشداربووان و وەلامی پرسیارەکان لە لایەن بەڕێزیانەوە کۆتایی پێ هات.
شایانی ئاماژە پێکردنە کە هەر لەم سمینارەدا چەپکە گوڵی رێزلێنان لە لایەن خوشکە خەیاڵ قادری، بە نوێنەرایەتی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و مهناز محەممەدزادە بە نوێنەرایەتی یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە بەرێز کاک خالید عەزیزی کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## وتاری بەریز خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا

خوشک و برایانی ئازیز!

میوانە بەڕێزەکان!

دۆستان! و لایەنگران! و ئەندامانی حیزبی دیموکرات! و هاوڕێیانی پێشمەرگە!

بە بۆنەی شێست و شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە ئێوە و هەروەها پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەکەم.

٦٦ ساڵ رەنگە لە تەمەنی ئینسانێک دا زۆر بێ، بەڵام لە تەمەنی میللەتێک دا کە لە پێناوی گەیشتن بە مافەکانی خۆی دا خەبات دەکا و قوربانی دەدا و ئیفتخارات بۆ خۆی دەخوڵقێنێ، تەمەنێکی زۆر نییە. ٦٦ ساڵ پێش ئەمرۆ کۆماری کوردستان کە دامەزرا پێناسەی کوردی و هوویەتی کوردی لە چوارچێوەی یەکەمین حکوومەتی کوردی دا نەهادینە کرد، بە

ئالآ و بە سەرۆک کۆمار و بە کابینەی وەزیران کەوتە نێو موعادلاتێک کە هەم بۆ نەتەوەی کورد جێگای شانازی بوو هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئیعترافی دۆستان و دوژمنانی لە ناوچەکەدا بەرەو لای خۆی ڕاکێشا.

لە مێژووی کێشە سیاسییەکان دا ئیدئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان یەک بە دوای یەک دا هاتوونەتە گۆڕێ و ڕۆیشتوون، لە کۆمۆنیزمەوە بگرە تا لیبرالیزم و تا کۆنزێرواتیزم و تا دەیان بۆچوونی دیکەی کۆمەڵایەتی، لە دژی یەک ڕەقابەتییان بووە و بە گوێرەی زەمان لایەنێک سەرکەوتوە و لایەنێک تێک شکاوە ، لایەنێک لە کێشەکانی کۆمەڵایەتی دا دەنگی نەهێناوەتەوە و لایەنێک دەنگی هێناوەتەوە، بەڵام کەسایەتی و هۆوییەتی کۆماری کوردستان لەبەر ئەوەی کە کەسایەتی و هۆوییەتی نەتەوەی کورد بوو، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نە لە کەمی داوە نە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا کەم ڕەنگ بۆتەوە، نە بە شکان و تێکچوونی، کۆماری کوردستان لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستان دا سڕاوەتەوە، بەڵکە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێگەی ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان، ڕێگەی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد، بە هۆی بایەخدان بە هۆوییەتی کوردایەتی لە پەرەئەستاندن دا بووە. کاتێک کۆماری کوردستان ڕووخا، یەکەمین لێکدانەوەی دوژمنانی کورد ئەوە بوو کە بە ئێعدامی سەرۆک کۆمار و ڕووخانی کۆمار لەمەو بەدوا ئەو مەجال و دەرفەتەی کە کۆمار بۆ نەتەوەی کوردی لە بەشێک لە کوردستان دا خوڵقاندبوو ڕەنگە نەتوانێ ئیدامەی حەیات بدا و لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. بەڵام زیندانیکرانی ڕێبەرانی کورد و ئەشکەنجە و دەربەدەری و ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە کوردستانی ئێران بەرەورووی ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی قازی محەممەد کرایەوە، دەری خست کە ئەو خەباتە بەردەوام دەچێتە پێشێ و بە ئەشکەنجە و زیندان و ئێعدام بە هیچ جۆر تێدا ناچێ. ئەگەر ئەو وەختە کۆماری کوردستان سنووری جوغرافیاییەکەی، ناوچەی موکریان بە پێیتەختیی مەهاباد بوو، ئێستا دەبینین شعوری نەتەوایەتیی کورد و هەست و داخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لە شیمالی کوردستانی ئێرانەوە بگرە هەتا خوارەوە لای ئیلامیشی داگرتوە. ئەم ڕاستییە، بۆ جارێکی دیکە دەری دەخا کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان لەو مەیدانەدا هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن کە ئەقڵیەتی کۆماری کوردستان لە تەواوی کوردستانی ئێران و لە هەموو ئوستانەکان جێ بخەن.

ئێمە لە سەردەمێک دا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە بە خۆشییەوە شعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک و شعووری نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەئەستاندن دایە و توانیوتی بە شێوازی جۆراوجۆر لە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانە جیاوازەکاندا خۆ نیشان بدا و بێتە گۆڕێ. فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند مانگ دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک حیزبێکی جەماوەری (و دەسەڵاتێکی جەماوەری) ئەوە بوو کە بێ جیاوازیدانان لە بەینی چین و توێژەکانی کۆمەڵ _ بێ ئەوەی کە جیاوازی لە بەینی ژن و پیاو دا دابنێ، بێ ئەوەی کە تاکی کۆمەڵی کوردەواری بە دەلیلی بەستراوەیی دینی و ئاییني یا بە دەلیلی بەستراوەیی لەهجە و زاراوە هەڵاوێردرێن_ هەموو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێیان ببێتەوە، بیرۆکەیەک ئێستاش کۆن نەبووە و تا دێ پتر لە جێگای خۆی دایە.

ڕەمزی مانەوەی یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەوە تا ڕووخانی حکوومەتی پەهلەوی و تا ئێستا ئەوەیە کە کاتی خۆی توانیویە نوێنەرایەتیی زۆربەی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵ بکا. لە خەڵکی شارەوە بگرە تا هی گوند، لە بازاری و خوێندەوارەوە تا مەلا و مەزهەبی، هەموو چین و توێژەکان بە گشتی (بە هی خۆیان زانیوە). ئێستاش لە جووڵانەوەی کوردستان و بەتایبەت لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بێ ئەوەی هەڵاواردنێکی تێدا بێ، توانیویانە جێ بگرن و تێیدا کۆ ببنەوە.

ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوەی لەو وڵاتانەدا هاتۆتە گۆڕێ لە یەک کەلام دا بۆ ئێمە ئەو پەیامە دەنێرێ کە ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە دژی دیکتاتۆری و ئیستبداد دا لە گۆڕێ دا بوون و حکوومەتە ئیستبدادی و دیکتاتۆرییەکان یەک بە دوای یەک دا دەڕووخێن و لە هێندێک لەو وڵاتانەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو مەزهەب بۆتە وەسیلەیەک یا بۆتە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی کە خەڵک لە دژی دیکتاتۆرەکان ڕابوەستن. بە خۆشییەوە لە کوردستانی ئێران و هەموو پارچەکانی کوردستان هۆوییەتی میللی و هۆوییەتی کوردایەتیی ئێمە سەمبولی بەربەرەکانی و دژایەتیی ئێمەیە لە گەڵ حکوومەتە داگیرکەرەکان و حکوومەتە مەرکەزییەکان. بۆیە لە کوردستانی ئێران تا ڕۆژێک مەسەلەی ئێمە و کێشەی نەتەوایەتیی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی چارەسەر نەکراوە و کورد بە مافە نەتەوایەتییە کانی خۆی نەگەیشتوە، مەسەلەی سەرەکی و سەمبولی سەرەکی و هۆوییەتی سەرەکی لە کێشەکانی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا مەسەلەی نەتەوایەتیی ئێمەیە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە هەر ئایینێک کە هەیانە لەو هۆوییەت و پێناسەیەدا دەتوانن جێ بگرن . ئەوە ئەساسی بەربەرەکانی و کێشەی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزییە. لەگەڵ ڕێز و ئیحترامی ئێمە بۆ هەموو بیر و باوەڕێکی مەزهەبی لە کۆمەڵگەی کوردستان کێشەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی تاران چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و چ لە سەردەمی جمهوریی ئیسلامی دا کێشەیەکی میللی و نەتەوایەتییە و کێشەی نەتەوایەتی و میلیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی زەمانێک بە باشترین شێوە دەچێتە پێش و زەمانێک دەتوانێ دەسکەوتی باشی هەبێ و سەرکەوتنی هەبێ کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە خۆی دا جێ بکاتەوە. بۆیە مادام ئێمە لە کێشەیەکی نەتەوەیی دا هەین لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو چین و توێژانە جیاواز لە عیلاقات و تەعەللوقاتی مەزهەبی بتوانن تێیدا جێی خۆیان بکەنەوە، پێویستیمان بە قەراردادێکی نەتەوەیی هەیە.

ئەگەر لە وڵاتانێک کە ڕزگاریی خۆیان وەدەست هێناوە و ئێستا بە شێوەی حکوومەتی واحید یا حکوومەتێکی قانوونی و بە هەر ناوێک کە هەیانە دەسەڵات و سەروەریی خۆیان هەیە، ڕێبازی جۆراوجۆری کێشە لەگەڵ دیکتاتۆرییەکان و ئیستیبدادەکان شتێکی ڕەوایە و حەقی تەبیعی کۆمەڵانی خەڵکە، بەڵام مادام لە کوردستان تا ئێستا ڕزگاریی نەتەوایەتیی ئێمە مسۆگەر نەبووە و ئێمە لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکان لە کێشە داین، مەسەلەی میحوەری و ڕەمزی یەکگرتوویی ئێمە تەعەللوقاتی نەتەوایەتی و کوردایەتیی ئێمەیە. بۆیە لەگەڵ ڕێز و ئیحترام بۆ هەموو بیر و بۆچوون و ئیدئۆلۆژییەک لە

نێو کۆمەڵگە و خەڵک دا، دەبێ تێبکۆشین لە کوردستانی ئێران لە ئێستا و لە داهاتوودا ئەو بنەمایە و ئەو قەراردادە بە قووەت بکەین، قەراردادی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە دژی حکوومەتی مەرکەزی، تا کاتێک ئێمە رزگار نەبووین ئەوەیە دەتوانێ وەک مەسەلەیەکی میحوەری هەموو چین و توێژەکان لە نێو خۆی دا کۆ بکاتەوە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئێمە لەسەردەمێک دا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە که ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە مەنتەقەکە و لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە گۆڕێ دا هەیە. جمهووریی ئیسلامی لە چەندین ناحیەوە کەوتۆتە بەر فشاری کۆمەڵانی خەڵک. لە نێوخۆی وڵات(لە گەڵ نارەزایەتیی خەڵک بەرەوڕووە)، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئیعتبار و ئیعتماد بەو رێژیمە نەماوە و سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکن کە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا هیچ متمانەیان پێناکرێ. ئابووریی ئێران لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی سەروەت و داهاتی کۆمەڵانی خەڵک لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی دا خەرج دەکا و مەجالێکی بۆ کۆمەڵانی خەڵک نەهێشتۆتەوە، رۆژ بە رۆژ لە وەزعێکی خەراپتر دایە، لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە سەرتاسەری ئێران کۆمەڵێک گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دا هەیە کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا رێگاچارەیەکی بۆ نەدیتوونەوە. لە باری دیپلۆماسییەوەش (ئەم رێژیمە) ئیحترام بۆ قانوون و رێساکانی نێو دەوڵەتی دانانێ. لەسەر یەک هەمووی ئەو فاکتۆرانە دەستیان داوەتە دەستی یەک کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی وڵامدەر نییە بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک، حکوومەتێکی مەسئوول نییە لە سەتحی ناوچەکەدا حکوومەتێک نییە کە بەرامبەر بە قانوونەکانی نێودەوڵەتی، کەتەنانەت بۆخۆشی ئیمزای کردوون بەڕێوەیان بەرێ. بۆیە هەمووی ئەوانە ئەو پەیامە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی درەنگ یا زوو دەبێ بڕوا.

ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەش بە تێکڕایی ئەو نەتیجەیە دەدەن بە ئێمە کە رێژیمەدیکتاتۆڕ و ئیستبدادییەکان رۆژ بە رۆژ لە کەمی دەدەن و ژمارەیان کەم دەبێتەوە و کۆمەڵانی خەڵک لەو وڵاتانە تێدەکۆشن کە بە عەقڵیەتێکی دیکە سیستمێک لە حکوومەت دابمەزرێنن کە لەمەو بە دوا وڵامدەر بێ بەرامبەر بە خۆیان. بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەبێ ئەو واقیعیەتە لەبەرچاو بگرین لەو وڵاتانە کە دەورانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی ئیستبداد و دیکتاتۆری دا بوون دێموکراسی و ماف نەهادینە نەکراون تەبیعەتەن دەورانێک دەکێشێ، زەمانێک دەگرێ تاکوو عەقڵیەتی یەکتر قەبووڵکردن و چۆنیەتیی دێموکراسی و تەحەممولی یەکتر و جێکەوتنی حکوومەتی قانوون لەو وڵاتانە دابمەزرێ. بە هەر حاڵ ئاڵوگۆڕەکان کە دەستیان پێ کردوە پەیامێک دەدەن بە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لەو چارەنووسانە بەدەر بێ. یەکێک لەو لایەنانەی کە راستەوخۆ هەم لەسەر کۆماری ئیسلامی تەئسیری هەیە و هەم لەسەر مەسەلەی کورد بە گشتی بۆ ئێمە سووریەیە. پێمان وایە رووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە لایەک بۆ ئێمەی کورد دەسکەوتێکی بەرچاوی دەبێ بەتایبەت کە ئێستا هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریە کەوتوونەتە نێو بازنەی هاوکاری و پێوەندی و عیلاقات

لەگەڵ هێزە عەرەبەکانەوە، دەتوانێ سەرەتایەکی باش بێ بۆ تەعامولی باش و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە کە بکرێ مافی کوردیش لەسووریە دەستەبەر بکرێ.

لایەنێکی دیکەی قەزیەکە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ئاخیری تەمەنی خۆی دا تێدەکۆشێ بە خوڵقاندنی بوحران لە دەرەوەی خۆی دا بەتایبەت لە عێراق و لوبنان و هەروەها پشتیوانی کردن لە سووریە و مەشغول کردنی کۆمەڵانی خەڵک و ناوچەکە بەو بوحرانانە بوحران لەسەر خۆی وەلا بەرێ. بەڵام لێکدانەوەی ئێمە بە تێکڕایی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی چی دیکە ناتوانێ ئەو یارییانە ئیدامە بدا، چونکە یارییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و لە ناوچەکەو لە دنیای دەرەوە پتر لە ماهییەتی ئەو حکوومەتە دەگەیەنێ و ڕۆژ بە ڕۆژ مەجالی لێ بەرتەسکتر دەبێتەوە. هەمووی ئەو کێشانە ئێمە کاتێک لێکیان دەدەینەوە و هەڵیان دەسەنگێنین و تەحلیلیان دەکەین و نموونە دێنینەوە ئاماژە بە ئەم و ئەو تەجروبە دەکەین ئەویش ئەوەیە کە بۆ ئێمەی کورد سەرجەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە چیان تێدا دەبێ. کاتێک ئێمە باسی کێشە لە وڵاتێکی وەک میسر، تونێس، لیبی و سووریە دەکەین زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە چۆن دەتوانین لەو تەجروبە و لەو دەسکەوتانەی ئەوان کەڵک وەرگرین و ئەو تەجروبانە لە ئێران بەکار بێنین و لە هەمان کاتیش دا ئێمە بۆ خۆمان وەک کورد بتوانین لە داهاتووی ئێران دا کەڵکیان لێ وەربگرین. یەکێک لەو فاکتۆڕانەی کە دەکرێ لە داهاتووی حاڵەتە ناڕوونەکانی ئێران دا ئێمەی کورد زەرەر نەکەین و بتوانین بە یەکگرتوویی و یەک دەنگی لەو مەیدانەدا مافەکانی خۆمان بچەسپێنین ئەوەیە کە لە نێوماڵی کورد یەکدەنگی هەبێ، نێوماڵی کورد ڕێک بخرێتەوە و حیزب و لایەنە سیاسییەکان بتوانن بە لێکحاڵی بوون و تەفاهومێک و جۆرێک لە ڕێککەوتنی نەتەوەیی بەرەنگاری ئەو حاڵەتە ناڕوونانە بینەوە. ئێمە نازانین داهاتووی ئێران چۆن دەبێ؟ ئێران بە شەڕ دەگۆڕێ؟ ئێران بە سوڵح دەگۆڕێ، ئێران لە نێوخۆیدا ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ؟ بەڵام لە هەر حاڵ دا شتێک کە بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە ئێمە وەک کورد لە هەمووی ئەو حاڵەتە ناڕوونانەدا چۆن ڕووبەڕووی ئەو سێناریۆیانە دەبینەوە. بۆ ئەوەی کە لەو مەیدانەدا ئێمە بتوانین باش بچینە پێشێ، یەکگرتوویی و لێک نزیک بوونەوەو جۆرێک کۆدەنگی لە نێو لایەنە سیاسییەکان دا پێویستە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لەو مەیدانە دا بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی داوە. ئێستاش کە بەتایبەتی لە حاڵەتێک داین ئەو زەرووڕەتە زۆرترە ، تێدەکۆشێ کۆمەک بەو لێک حاڵیبوون و بەو لێک نزیکبوونەوەیە بکا. ئێمە لەمەو بەدواش ئەو سیاسەتە ئیدامە دەدەین، چونکە پێمان وایە لە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیدا کە تەنەووعاتی سیاسی و تەنەووعاتی دیکەی تێدا هەیە، یەکگرتوویی و لێک نزیکبوونەوە و پەیامێکی واحید و قەراردادێکی نەتەوەیی یەکێک لە فاکتۆڕە سەرەکییەکانی چەند و چۆنی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئەو جووڵانەوەیەیە.

بابەتێکی دیکە کە پێویستە هەر لە خانەی یەکگرتوویی نەتەوەیی و هێنانە گۆڕی قەراردادێکی نەتەوەییدا لێرە من ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە هەمووی ئەو حاڵەتانەدا کورد لە داهاتووی ئێران دا زەرەرمەند نەبێ، ئەوەیە کە تێبکۆشین ئەو عەقڵیەتە جێ بخەین، ئەو فەرهەنگە جێ بخەین کە پرۆتۆکۆڵێک یا تەوافوقێک یا قەراردادێکمان هەبێ



سەرچاوە Serchawe

لەمەوبەدوا کورد بە هیچ جورهیچ لایەنێکی سیاسی لە چەک دژی لایەنەکەی دیکە کەکەلک وەرنەگرێ. ئێمە لە سەردەمێک دا باسی ئەو بابەتە دەکەین کە دەبێ هەمووی ئینێرژی و توانا و عەقلیەت و تێگەیشتنەکانی لایەنە سیاسییەکان و ئێمەی کورد بە گشتی لە یەک مەسیر دا کەڵکی لێ وەرگیرێ، ئەویش مەسیری کەم کردنەوەی گیر و گرفت و ئاستەنگەکانی ڕێگای رزگاریی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران لە ڕەوتی خەبات و چالاکیی خۆی دژی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی کە ئەو نیگەرانی و دڵەراوکێیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا بڕەوێندرێتەوە، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەک لە رابردووش دا ئامادە بووین ئێستاش ئامادەین کە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە پرۆتۆکۆڵێک یا قەراردادێکمان هەبێ بۆ ئەوەی کە هیچ کەس دەست بۆ چەک نەبا. هیوادارم هەموو لایەنەکان چ لایەنە سیاسییەکان چ خەڵکی ئەهلی قەڵەم چ خەڵکی ئەهلی لێکدانەوە، چ هەمووی ئەوانەی بە هەر جۆرێک بە پەرۆشن بۆ داهاتووی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، لەو پێناوەدا هەوڵ بدەن و ئەوە بکرێ بە ئیلزاماتێکی کۆمەڵایەتی بە تەعەهوداتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ئینسانی کە بۆ هەمیشە لە مێژووی خۆمان لە داهاتووی کوردستان دا دیاردەیەکمان بە ناوی دیاردەی نیگەرانیی شەڕی کورد لەگەڵ کورد نەمێنێ.

مەوزوعێکی دیکە کە من پێم خۆش بوو ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە بەرەبەرەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران دا یەکێک لەو کێشانەی کە کۆماری ئیسلامی دەقیقەن لەگەڵیان رووبەڕوو بۆتەوە ئەوەیە کە تێدەکۆشێ هەوڵ بدا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژی هەڵبژاردن دا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، ئەویش لە سەردەمێک دا کە فشارێکی زۆری نێودەوڵەتیی لەسەرە، لە سەردەمێک دا کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک رۆژ بە رۆژ لە دژی کۆماری ئیسلامی پتر ناڕازی دەبن و لە فورسەت و دەرفەت دەگەڕێن کە کەڵکی لێ وەربگرن لە دژی ئەو ڕێژیمە، لە سەردەمێک دا کە لە ناوچەکەدا رۆژ بە رۆژ دێموکراسی بەرەو ئەوە دەچێ کە جێ بکەوێ و ببێ بە فەرهەنگ. لە سەردەمێک دا بەتایبەت لە عێراق کە لایەنەکان تێدەکۆشن کە بە تەنەووعاتێک کە لە عێراق هەیە و لەسەر بنەمای فیدرالیزم و لێک حاڵیبوون، عێراق بە یەکەوە دروست بکەنەوە، لە سەردەمێک دا کە لە کێشەی ناوچەکەدا تورکیە دەورێکی زۆر دەگێڕێ لە ئاڵوگۆڕەکان دا و ئێران بە دەلیلی سیاسەتەکانی خۆی لە پەراوێز کەوتوە، تێدەکۆشێ بە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن دا هەمووی ئەو کەمبودانە کە هەیەتی، هەموو ئەو سیاسەتە غەڵەتانەی کە هەیەتی، هەمووی ئەو ناخۆشەویستییە لە نێوخۆی وڵات و ناوچەکەدا کە هەیەتی بە جۆرێک قەرەبووی بکاتەوە. بۆیە ئێمە لە هەمان کات دا کە پێمان وایە هەڵبژاردن فورسەت و مەجالێکی باشە بۆ حیزبێکی سیاسی کە لەو رۆژەدا بتوانێ راستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک قسە بکا و پرۆژە و بەرنامەکانی خۆی بخاتە بەر قەزاوەتی خەڵک، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات مەجالی ئەوەمان نەبووە و جمهووریی ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی غەیرە قانوونی ئێعلان کردوە، بۆیە هیچ ڕێگایەکی بۆ نەهێشتووینەوە یا هیچ ڕێگایەکمان بۆ نەماوەتەوە بە غەیری ئەوەی کە هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە لە ١٢ی رەشەمە دا دەکرێ بایکۆت بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

نەفسی بایکۆت کردن رەنگە بە دانی بەیاننامەیەک یا بە راگەیاندنی هەڵوێستی حیزبێکی سیاسی لەکاتی خۆی دا تەنیا وەک سەنەدێک جێبەجێ ببێ، بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئێمە چۆن تێبکۆشین هەموو لایەکمان لە کوردستان بەتایبەتی رۆژی هەڵبژاردن بکەین بە رۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی. من هیوادارم و ئەگەر هەموو لایەکمان (لایەنە سیاسییەکان) بەیەکەوە کاری بۆ بکەین و رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ئینێرژیی هەموو لایەک لەم مەیدانە دا وەگەڕ بکەوێ، دڵنیام تا رادەیەکی بەرچاو دەتوانین لەو رۆژەدا وێڕای تەئکید کردنەوە لەسەر هەڵوێستی هەمەلایەنەی بایکۆت لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هەڵبژاردنەدا، بە جۆرێک یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێرانیش دژی کۆماری ئیسلامی لەم بۆنەیەشدا نیشان بدەین. بۆیە هیوادارم ئەو مەجالەش بکەین بە فورسەتێک بۆ ئەوەی کە لەلایەک کوردایەتییەکی بەقووەتی تێدا بکرێ لە دژی حکوومەتی مەرکەزی، لە لایەکیش پەیامی سیاسیی ئێمە کە بایکۆت کردن هەڵوێستێکی گشتییە لە سەرتاسەری ئێران، هیوادارم هەمووی ئەو لایەنانەی کە لە دژی کۆماری ئیسلامی کار دەکەن و هەڵبژاردن بە هەڵبژاردنێکی نادێموکراتیک دەزانن لەو مەیدانەدا کاری بۆ بکەن.

لە کۆتایی دا بۆ جارێکی دیکە هیوادارم لەو فورسەتەی کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە بۆ ئێمەی هێناوەتە پێشێ ، بەباشی کەلک وەربگرین. کورد لە مەجال و مەوقعیەتێکی باش دایە کە بتوانێ (پرسی) خۆی بێنێتە گۆڕێ بەتایبەت ئێمە لەگەڵ حکوومەتە مەرکەزییەکان دەبێ ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیانە بێنینە پێشێ لەگەڵ تاران، لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ دێمەشق، لەگەڵ ئانکارا کە مەسەلەی کورد وەک تەهدید چاو لێ نەکەن. مەسەلەی کورد بەداخەوە هەمیشە بە چاوی تەهدید و ئەمنیەتی چاوی لێکراوە، مەسەلەی کورد وەک فورسەت چاو لێ بکەن. بڕواننە تەجروبەی کوردستانی عێراق. هەرێمی کوردستان بە خۆشییەوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا سەرەڕای کۆمەڵێک گیر و گرفت و موشکیلات، سەرەڕای دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ شوێنەوارەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و وێرانی و لە بەین چوونی دێهاتەکان، سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست هێناوە و تێدەکۆشێ رۆژ بە رۆژ دەسەڵاتدارەتی، قانوونمەند بکرێ، ئازادی نەهادینە بکرێ، مافەکان سەقامگیر ببن. تێدەکۆشێ رۆژ بە رۆژ عەقڵییەتی بەیەکەوە حاوانەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە عێراقدا جێ بخا و یەکێک لە پایەکانی، جێ خستنی فیدرالیزم و لەگەڵیەک حاوانەوە بووە. دەبێ حکوومەتەکانی تاران، ئانکارا، دێمەشق لە داهاتوودا تەجروبەی عێراق و تەجروبەی هەرێمی کوردستان وەک فورسەت چاو لێبکەن. ئاوای چاولێبکەن کە لە داهاتووی ئێرانیش دا(ئەزموونیان لێوەربگرن). هیوادارم لایەنە ئێرانییەکان چ ئەوانەی کە لە نێو دەسەڵات دان و دژی کۆماری ئیسلامییشن، چ ئەوانەی کە بە گشتی لە دەرەوەی دەسەڵات دان و دژی کۆماری ئیسلامین و خەبات دەکەن بەو چاوە چاو لە قەزیەی کورد بکەن، ئەو دیدی ئەمنیەتی و بە چاوی تەهدید چاولێکردنە وەلا بنێن و کورد بۆ داهاتووی ئێران و لە دروست کردنەوەی ئێراندا بە فورسەت دا بنێن و ئەگەر تەجروبەی کوردستانی عێراق و عەقڵییەت و بۆچوونی ئێمە وەک فورسەت چاوی لێ بکرێ و لە ئێران نەهادینە بکرێ. دڵنیام ئەو وەختی عەقڵییەتی ئیدارەی ئێران لە لایەن هەموو لایەکمانەوە بە یەکەوە دەتوانێ جێ بکەوێ و جێگای خۆشێەتی لێرە ئێمە ئەو تەئکیدە بکەینەوە کێشەی کورد لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک نییە. ئێمە لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک چ نەتەوەی عەرەب، چ نەتەوەی تورک، چ نەتەوەی فارس، چ نەتەوەی



سەرچاوە Serchawe

ئازەری شەڕ و کێشەمان نەبووە. لانیکەم لە ئێران کێشەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتە مەرکەزییەکان بووە. کێشەی کۆماری کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی حکوومەتی شایەتی بوو کە حکوومەتی کۆماری کوردستانی قبووڵ نەکرد و تەنانەت لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆش حازر نەبوو ئیحترام بۆ داواکانی دابنێ و قسەی لەسەر بکا.

کێشەی ئێمە لە ئێران لەگەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی و عەقڵییەتی جمهووریی ئیسلامییە، لە گەڵ عەقڵییەتی ئەو کەسانەیە کە لە تاران حکوومەت دەکەن و خۆیان بە خودی دادەنێن و ئێمە بە غەیری خودی دادەنێن. بۆیە پەیامی ئێمە لێرەدا پەیامی یەکدەنگی و هاوڕێیەتی لەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی ئێرانە دژی کۆماری ئیسلامی و لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە هەمیشە تەئکیدمان لە سەر ئەو پەیامەمان کردۆتەوە. بۆیە وەک ڕێگاچارەش، ئێمە مادام باوەڕمان بە فیدرالیزمە، هەمیشە ئەو حەللەمان هێناوەتە گۆڕێ، گوتومانە ئێمە لە ڕێگای گفتوگۆ و لە ڕێگای دیالۆگ لە ڕێگای ئیعتراف بە مافەکانی ئێمە، ئامادەین لە داهاتووی ئێران دا لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە، ئێران ئیدارە بکەین. بەڵام ئەگەر کورد کە هەوڵ دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر مافەکانی لە ئێران دا جێ بکەوێ ئەگەر بە گفتوگۆ کێشەی ئێمە چارەسەر نەبێ ئەگەر حەدی ئەقەلی داواکانمانیان قبووڵ نەکرد، خودموختارییان قبووڵ نەکرد، فیدرالیزمیان قبووڵ نەکرد، ئەو میللەتە وەک هەموو میللەتانی دنیایە حەقی خۆیەتی مادام لە ئێران لەگەڵ خۆی ناخەن و مەجالی پێنادەن، ڕێگاچارەی دیکە هەڵ بژێرێ. بۆیە هیوادارم ئێمە هەموو لایەکمان تێ بکۆشین ئەو عەقڵییەتە لە نێو کۆمەڵگەی کورد لە کوردستانی ئێران دا جێ بخەین و هەروەها بیکەین بە عەقڵییەتێکی گشتگیر لە ئێران دا.

بۆ جارێکی دیکە لە ٦٦ ساڵەی کۆماری کوردستاندا هیوادارم کە ئەرک و وەزیفەکانی کۆمار بکەینە سەرمەشقی خۆمان. ئەو دیاردە نەتەوەییەی کە کۆمار بۆ ئێمەی بەجێ هێشتوە کە کاتی خۆی کە کۆمار دروست بوو، بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەمووی ئەو بەشە لە خەڵک لەو بەشەی کوردستان دروست بوو، لە هەمان کات دا بەداخەوە تێکشکانەکەشی هێندێک پێوەندیی بە ناکۆکیی نێوخۆییەوە هەبوو. ئەوەی دووەم لە نێو ئێمەدا نەمێنێ ئەوەی یەکەم بە قووەت بێ، واتا ڕۆژ بە ڕۆژ تێبکۆشین هاودەردی و هەماهەنگی و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێو ئێمەدا بە قووەت بێ. هیوادارم ئەو ئاواتە زوو وەدی بێت و ڕێز گرتن لە ساڵرۆژەکانی داهاتووی کۆماری کوردستان لە نێوخۆی وڵات لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداریی هەموو ئەو لایەنانە بێ کە لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوایەتی دا تێکۆشاون.

جارێکی دیکەش بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان و هەروەها یادی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد. بۆ ئێوەش هەر داوای ساغی سڵامەتی دەکەم و هەموو لایەکمان بەیەکەوە سەرکەتوو بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## وتەکانی بەڕێز خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حدک
## لە ڕێوڕەسمی دەست پێکردنی سێهەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا

میوانانی بەڕێز!

ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان!

لە لایەن ڕیبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە نیسبەت گرتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدە کەم.

هیوادارم کۆنگرەکەتان بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچە، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە بتوانێ کۆمەڵێک ئەرک و بڕیار بۆ داهاتوو دەستنیشان بکات. ئێوە کۆنگرەکەتان بە دروشمی هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ڕۆحی هاوکاری و یەکیەتی لە نێو ریزی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژناندا دەست پێکرد کە بە حەق دەسنیشانکردن و لێکدانەوەیەکی دروستە، بەڵام هاوکات ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر شانتان. دیارە ئێمە پێمان وایە ئەو ئەرکە بە کار و تێکۆشان دەستەبەر دەکرێ. ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ باروودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ئێوە ئاماژەتان پێکردوە. ئێران وڵاتێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە و جموجۆڵێکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵک لەوێدا لە ئارادایە کە ژنانیش شانبەشانی پیاوان، کچانیش هاوشانی کوڕان لە هەموو بوارەکاندا تێدەکوشن تا دێموکراسی و حکوومەتی وڵامدەر لە ئێراندا سەقامگیر بێ و ماف لە ئێراندا سەقامگیر بێ و ماف لە ئێراندا نەهادینە بێ، ئەو کاتەیە کە مافی ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان لە بەر چاو دەگیرێ و لە کۆمەڵگەیەکی بەمجورە دایە کە ژنان دەتوانن بەختەوەربن.

دیارە بە حوکمی فرەچەشنی ئایینی و نەتەوەیی وڵاتی ئێران سروشتییە کە چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانیش لەو چوارچێوەیەدا پێناسە بکرێ. پاش کۆنگرە ی ٢ ئێوە ئێران پتر لە جاران کەوتۆتە بەر سەرنجی جیهانی و ژنانیش پتر لە جاران بە شوێن مافەکانیان کەوتوون. دیارە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە یارمەتی دەدات تا لە داهاتوودا ژنان و پیاوان مافی یەکسانیان هەبێ ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەهێزتر بکرێ. چالاکییەکانی ژنان بەتایبەت ژنانی تاران لە ئاستی نێودەوڵەتی دا دەنگی داوەتەوە کە دەکرێ ئەو وزە و توانایە بە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ سەقامگیریی دێموکراسی کەڵکی لێوەربگیرێ. هیوادارم یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان مکانیزمی بەهێزترکردنی پێوەندی لەگەڵ ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستنیشان بکات. بەداخەوە یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی

سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە وەزاڵە هاتوە ئەوەیە کە نەتەوەکان و حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە لە سەر لانیکەمی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دوارۆژی ئێران ڕێک بکەون. هیوادارم یەکیەتیی ژنان هەر وەک لە دروشمەکەیان دەستنیشانیان کردوە، لە پێناو بەهێز کردنی روحی هاوکاری لە نێو ژنان و هێزەکانی دیکە پێشڕەو بن.

بۆ جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---

## خالید عەزیزی: پێکەوە مانەوەی جۆراوجۆرییەکانی وڵاتێکی وەک ئێران، بە پێناسە کردن و خوێندنەوەی یەک لایەنە و یەک ڕەهەندی مسۆگەر نابێ

لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە، روانگەو بۆچوونی حیزبەکەی لە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵێک پرسی گرنگی رۆژ دا خستە روو.

پێشنیوەڕۆی سێشەممە، ٢١ی خەرمانان لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز خالید عەزیزی لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی وڵاتی سووریە، پرسی نێوان هەردوو حیزبی دێموکرات و هێرشی ئەم دواییانەی ژمارەیەک لە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات بۆ سەر داخوازییەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی خەڵکی کوردستان قسەی کرد.

لە سەرەتای قسەکانی دا بەڕێز عەزیزی لە کورتە باسێک دا لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی وڵاتی سووریە، چووە سەر مەسەلەی ئاڵتەرناتیڤی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و وەزعییەتی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئەم وڵاتە. بەڕێزی پێی وابوو ئۆپۆزیسیۆنی سووریە بۆ ئەوەی وەک ئاڵتەرناتیڤێکی ئاکتیوچاوی لێ بکرێ، پێویستە زیاتر خۆی ڕێک بخات و ڕێککەوتنێکی بەرچاو لە نێو خۆی دا پێک بێنێ.

لە پێوەندی لە گەڵ پەرەگرتنی رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتری توندوتیژییە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتە، بەڕێز عەزیزی، ئاوڕی لە رۆڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشتگیریی سیاسی و نیزامیی ئەو ڕێژیمە لە دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد دایەوە.

ئاماژەشی بەوە کرد کە ئەو دیکتاتۆرییە سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ هێشتنەوەی،دەڕوا و نەمانیشی لە سەر پێگە و مەوقعییەتی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیە، و هاوسەنگیی هێزەکان کاریگەرییەکی زۆری دەبێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی باسی لە پرسی پێوەندیی نێوان هەر دوو لای دیموکرات کرد. بەڕێزی باسی دانیشتنی خۆی و بەڕێز مستەفا هیجری ، سکرتێری حدکا بە ئامادەبوون و خانەخوێیی کۆنسوڵی وڵاتی فەڕانسە، بەڕێز فریدریک تیسۆ لە شاری هەولێری کرد لەم پێوەندییەدا وتی: ئێمە لە دانیشتنەکەی هەولێر دا ساغ بووینەوە کە ڕۆژی ٢٩ی ئاگۆست هەیئەتێک لە ڕێبەریی هەر دوو حیزب بە سەرۆکایەتیی سکرتێرەکانیان و بە خانەخوێیی بەڕێز فرێدریک تیسۆ دابنیشین و لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ناکۆکیی دوو لایەن وتووێژ بکەین. بەڵام بەداخەوە چەند ڕۆژ پێش لە هاتنی ڕۆژی دیاریکراو، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن فرێدریک تیسۆ، کۆنسوڵی فەڕانسەوە ئاگادار کراینەوە کە هاوڕێیانی ڕێبەریی حدکا دانیشتنەکەیان بە ناوی سەرقاڵبوون بە کاروباری کۆنگرەوە هەڵوەشاندۆتەوە.لەم بارەیەوە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وتی من لە پێناوی ئەم دانیشتنە، سەفەری خۆم بۆ کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆناڵ، تێک دایەوە، بەڵام کاتێک، دۆستانی حدکا، ئەم دانیشتنەیان هەڵوەشاندەوە و هیچ ڕۆژێکی دیکەشیان لەم نزیکانە دا بۆ دانیشتن پێشنیار نەکرد،بڕیارم دا بەشداری بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ بم.

هەر لەم پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: دوای ماوەیەک کە ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئەوان سەرەڕای بڕیارێک کە لەم دوایانە دا داویانە،خۆیان لە دیالۆگ و دانیشتن دەدزنەوە و لە میدیاکان دا، دان بەو خۆ دزینەوەیە دانانێن، هەوڵمان دا ڕاشکاوانە لە ڕێگای میدیاکانەوە ڕاستیی تێکچوونەوەی دانیشتنەکە بۆ میدیاکان باس بکەین.

بەڕێز کاک خالید عەزیزی لە کۆتایی ئەم بەشە لە قسەکانی دا لە پێوەندی لە گەڵ سیاسەتی لەمەو دوای حیزبەکەی سەبارەت بە پرسی نێوان هەر دوو حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند کە سیاسەتی تا ئێستامان کە دیالۆگ و دانیشتنە بۆ چارەسەری کێشەکان، هەر لە جێی خۆی دایە و ئەو سیاسەتە دەبەینە پێشێ.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێز کاک خالید عەزیزی بە ئاوڕدانەوە لە ڕێکەوتننامەی نێوان حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،لە گەڵ ئەوەی ئێمە خوێندنەوە و تێبینی و لێکدانەوەی خۆمان لە سەر ڕێککەوتنامەکە و هاوکاریی ئەو دوو لایەنە هەیە، و فەلسەفە و جەوهەری ئەم یەکگرتنە سیاسییە، دەخوێنینەوە، بەڵام لە پێوەندیی دوو لایەنی سیاسیی دا، ئەم جۆرە هەنگاوانە بە شتێکی ئاسایی دەزانین. دوو لایەن ئازادن هاوکاری و پێوەندیی خۆیان چۆن ڕێک دەخەن و چ میکانیزمێکی بۆ دادەنێن. بەڵام کاتێک دێتە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و

نوێنەراتیکردنی ئەو پرسە، شتێکی سروشتییە کە لە سەحنەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێزی دیکەش هەن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو سەرجەم هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، لە دیارترین هێزەکانە و ڕێگەی ئینکار و پەڕاوێزخستنی ئەو هێزەش بە هیچ لایەنێک نادا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە هێرشی تەبلیغاتیی ئەم دواییانەی هێندێک لایەن و چالاکی سیاسی و میدیایی لە نێو ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات دا کرد کە بە بیانووی ئیمزاکرانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ئینکاری فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و دژایەتیی ویست و مافەڕەواکانی نەتەوەی کورد لە ئێران دا دەکەن. بەڕێزی باسی ئەوەی کرد کە ساڵی ڕابردووش، کاتێک حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتانی ناوچەدا بۆ سەر نەتەوەی کورد،داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی کرد، هێندێک لەو لایەنانە هێرشی تەبلیغاتی بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و داخواز و مافە رەواکانی نەتەوەی کوردیان دەست پێکرد. بە داخەوە زۆر لایەنیش لە بەرامبەر ئەم هێرشانە دا چوونکە ڕووی لەوان نەبوو، بێدەنگ بوون! ئێمە پێمان وایە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ پێکەوەحاوانەوەی جۆراوجۆرییەکانی ئێران لە داهاتوودا دەبێ بە دوور لە ئیحساساتی دەمارگرژانە و بە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانە بۆ جۆراوجۆرییەکانی ئێران و لە سەر بناغەی دانانی بەو جۆراوجۆرییانە و ڕێزگرتن لە مافەکانیان بێ. ئەو عەقڵییەتە خزمەتی پێکەوەژیانی دلخوازانە و بە تەبایی هاونیشتمانان لە چوارچێوەی ئێران دا دەکا. ئەوەشمان لە دانیشتنەکانمان و لە کۆنفرانسەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا بە ڕاشکاوی وتوە و لە داهاتووشدا، پێی لە سەر دادەگرینەوە. چارەسەرکردنی پێکەوەبوونی جۆراوجۆرییەکانی وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایینی وەک ئێران، بە پێناسە کردن و و خوێندنەوەی یەک لایەنە و یەک ڕەهەندی ناکرێ. ئێمە لە ڕۆژانی داهاتوو دا پتر تیشک دەخەینە سەر هەڵوێست و سیاسەتمان لەم پێوەندییەدا. سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر وەها وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی هەرجۆرە لێدوان و هەڵوێستێک، کە ئینکاری نەتەوەی کورد و مافەڕەواکانی بکا،لە سەر بەرەو پێشەوە بردنی پێناسەی نەتەوەیی خۆمان و بزووتنەوەکەمان بەردەوام دەبێن و هاوکاتیش دەبێ هەوڵ بدەین ئەو لایەن و هێزانەی هێرش دەکەنە سەر گوتاری نەتەوەییمان لە قەزییەکانمانیان تێ بگەیەنین.

لە تەوەرێکی دیکەی باسەکانیدا، سکرتێری گشتیی حیزب، ئاماژەی بە گوشارە نیونەتەوەییەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران کرد کە لە گەڵ گرفت و قەیرانی ئابووریی سەرچاوەگرتوو لە تەحریمە جیهانییەکان، دەستیان داوەتە دەستی یەک. لەم پیوەندییەدا، بەڕێز عەزیزی، بە ڕێزەوە باسی هەڵوێستی ئەم دوایانەی وڵاتی کانادا لە پێوەندی لە گەڵ ڕێژیمی ئێرانیدا کرد و دەرکردنی دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کانادای بە کردەوەیەکی سیاسی و دیپلۆماتیکی ئازایانە بەرامبەر بە ڕێژیمێکی تیرۆریست و یاغی ناوبرد و وتیشی حیزبی ئێمە ئەم هەنگاوە ئەویش لە بەرەبەری بیستەمین ساڵرۆژی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕییانی، بە هاوپێوەندی لە گەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دەزانێت. دوا تەوەر کە سکرتێری گشتی لە باسەکەی خۆی دا تیشکی خستە سەر، بەشداریی هەیئەتی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە

بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست لە ئەفریقای باشوور دا بوو. لەم پێوەندییەدا، بەڕێز عەزیزی، وێڕای ئاماژە بە چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی هەیئەتی حیزب لە گەڵ ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان، باسی لە ڕۆڵ و گوتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم کۆنگرەیە دا و بایەخدانی کۆنگرە بە پرسی کورد و هاوکاریی و هاوهەنگاویی حیزبە کوردەکانی بەشداری ئەم کۆنگرەیەی کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا دوای وتەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، چەند کەسێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە پێوەندی لە گەڵ باسەکانی ناوبراودا پرسیار و راو بۆچوونی خۆیان هێنایە گۆڕێ کە دواتر لە لایەن بەڕێز کاک خالید عەزیزییەوە وڵامیان درایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

# ساڵی: ٢٠١٣

---

## وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمیناری ٦٧ ساڵ بەردەوامیی ڕۆژنامەی « کوردستان»دا

میوانانی خۆشەویست! ستافی کارای ڕۆژنامەی کوردستان! میوانانی ئەهلی قەلەم و سیاسەت و ئەدەب! پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم. لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە کە ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی ئەو کۆمیتەیە زۆر خۆشحالم کە بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان دەرفەتێک ڕەخسا کە بتوانین ئاوڕێک لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بدەینەوە. لێرەدا جێگای خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەندا نەماون، بەڵام هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە

لە هەلومەرجی جیاجیا و دژواردا لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا دەوریان هەبووە و بەشێکی گەیشتنی ئەو ڕۆژنامەیە بەمرۆ قەرزدای ئەوانە. هەروەها جێگەی خۆیەتی یادێک هەموو ئەو دوست و هاوڕێیانەی دەرەوەی حیزب بکەین کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا دەوریان هەبووە و ڕەنگە ئێستا لە نێوخۆی وڵات یان لە هەندەراندا بن. هەروەها پێویستە یادی ئەو هاورێ و هاوکارانەی حیزبی دێموکرات و ڕۆژنامەی «کوردستان» لە باشووری کوردستان بکەین کە لەو هەلومەرجەدا کە حیزبی دێموکرات لە ژێر گوشاردا بووە و لە هەرێمی کوردستاندا گیرساوەتەوە هاوکاریی ڕۆژنامەی «کوردستان»یان کردوە.

ڕەنگە نەفسی ناوی ڕۆژنامە لە یەکەم خوێندنەوەدا ئێمە بخاتە ئەو فکرە کە ئامرازێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی هەواڵ بەڵام ڕۆژنامەی «کوردستان» شتێکی دیکە بوو. ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکرات، یادگاری کۆماری کوردستان و بەرهەمی ئەقڵییەتی سەردەمی کۆماری کوردستانە کە توانی لە زۆر بواردا زۆر بابەت لە خۆیدا نەهادینە بکا. ڕۆژنامەی «کوردستان» سەنەدێکی نەتەوایەتی بوو کە بیرو هوشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە لە پارچەکانی دیکەش بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە شوێن ڕێچکەی کوماری کوردستان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بن. لە کەشوهەوایەکدا کە حکوومەتی پێشوو هەوڵی دەدا زاراوەی جۆراوجۆر پەرەپێ بدا و بەو زاراوە جۆراوجۆرانە رادیۆ دابنێ و تەنانەت لەم دواییانەدا لە فیکری نووسینیشدا بوو، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕێگەی زمانی پاراوی خۆی هەوڵی دەدا خزمەت بە بنیاتنان و بەرەوپێشچوونی زمانی یەکگرتووی کوردی بکا. هەر بۆیە بە خۆشییەوە لە ئاکامی هەوڵی نووسەران و قەڵەم بە دەستان و زمانزانانی حیزبی دێموکرات و دوستانی، ڕۆژنامەی «کوردستان» بوو بە ئەو سەکۆیە کە تەنانە لە بەشی کرمانجی زمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دەگاتە بەشی خواروو، ناوچەی کەڵهور و کرماشان و ئیلام، ئەوانەی پێوەندییان بە خوێندنەوە و نووسین و سیاسەتەوە هەیە لەو زمانە تێبگەن.
ڕۆژنامەی «کوردستان» بە حوکمی ئەوەی ئورگانی حیزبی دێموکرات کوردستان بووە بە دوای بەشێک لە بەرنامەکانی کۆماری کوردستاندا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەرۆیشت کە ئەویش بابەتی دادپەروەیی کۆمەلایەتی و فرەچەشنی بووە کە تا ئەو جێگەیەی لەگەڵ بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات و ئاواتەکانی کۆماری کوردستان گونجاوە هەوڵی بۆ داوە و لەو پێوەندییەدا وتاری هەبووە و کاری کردوە. لە هەمووی ئەوانە ئەگەر گرینگتر نەبێ، بەڵام گرینگیی خۆی هەیە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کە لاوان و ژنان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیان دەوریان هەبووە، ڕۆژنامەی «کوردستان» بە نووسینەکانی هەوڵی داوە یەکسانی لە نێو ژنان و پیاواندا پەرە پێ بدا. هەر بۆیە یادی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ٦٠٠مین ژمارەیدا ئاوردانەوەیە بە سەر هەمووی ئەو بابەتانەدا.

جێگەی خۆیەتی یادی ئەو کەسانەش بکەین کە توانای خوێندن و نووسینیان نەبووە، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» دا دەوریان هەبووە. بەشێک لە ئێوە کە قەڵەم بە دەستن، لە زانکۆکان و لە کۆڕوکۆمەڵە خوێندکارییەکاندا کار دەکەن ڕەنگە لە ڕێگەی پۆست یان لە ڕێگەی پێوەندییەکەوە ڕۆژنامەی «کوردستان» بە دەستتان گەیشتبێ. منیش بیرەوەرییەکی خۆم لە ڕۆژنامەی کوردستان دەگێڕمەوە. من نە کەسێکی قەڵەم بە دەستم لە بواری ئەدەبی و نووسیندا نە

دەورێکی گرینگم لە رۆژنامەی «کوردستان» دا هەبووە، بەڵام تێدەگەم کاری نووسین و رۆژنامەگەری چەندە کارێکی دژوار و چەندە پێویستی بە تێبینی و وردبینی هەیە. دەوری ساڵی ٤٩ و ٥٠ی ئێرانی بوو، من منداڵێکی ٧ - ٨ ساڵانە بووم، تازە مامۆستایان بۆ دێیەکەمان هێنابوو و کەمێک فێری فارسی ببووم. لە دێهاتی لای ئێمە کە پاییز تەواو دەبوو چۆن خڵەوخەرمان تەواو دەبوو، بێستانیش کە دەرندران، شووتی و کاڵەکیان خڕدەکردەوە لە گۆشەی حەوشێکدا کە کا دادەنرا لەوێدا رایاندەگرت کە شەوی درێژی زستانی پێ تێپەر بکەن. لە بنەماڵەی ئێمەشدا هەموو ساڵێک ئەوە دەکرا. زۆر جار لەگەڵ خوشکەکەم دەچووین بزانین لە نێو ئەو کایەدا شووتی وکالەکێکمان وەگیردەکەوێ بۆ ئەوەی بیخوێن. ئەو سەردەمە بابم ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو، بە شێوەی نهێنی بۆ حیزبی دێموکرات کاری دەکرد. رۆژێک لە رۆژان کە دیسان بە شوێن کالەک وشووتیدا چووبووین کە دەستم دەنێو گوێزر و کایەکەدا را کرد کاغەزێک بە دەستمەوە هات کە لووڵ درابوو بە داوە بەنێک گرێ درابوو. رۆژنامەکەم هێنا دەرێ و تەماشام کرد، من کە تازە یەک دوو ساڵ بوو دەمخوێند و وشەکانم هەر بە فارسی وەردەگرت، هەستم دەکرد کە ئەوە وەک ئەوێدیکە نییە، بەڵام بە جۆرێک لەگەڵی نامۆ نەبووم و تا رادەیەک لێی تێدەگەیشتم. ئاشنایی من لەگەڵ رۆژنامەی «کوردستان» بەمجۆرە بوو. جێگای خۆیەتی یاد لە بەشێکی زۆر لەو ژن و پیاوانە بکەین کە چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا رۆژنامەی «کوردستان»یان دەست بە دەست دەگەراند و حەشاریان دەدا. هەر بۆیە ئەو بیرەوەرییەش ئەوە بە ئێمە دەڵێ کە زۆر کەس کە تەنانەت دەستی نووسینیشیان نەبووە، بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی «کوردستان» زەحمەتیان کێشاوە و تەنانەت لەو پێناوەدا گیانیشیان بەخت کردوە.

لە کۆتاییدا بۆ هەمووی ئێوە ساخی سەلامەتی و بۆ کارگێران و بەرێوەبەرانی رۆژنامەی «کوردستان» سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم. هەروەها هیوادارم هەمووی ئێمە بە تێکرایی تێبکۆشین کە تەمەنی رۆژنامەی «کوردستان» درێژتر بێتەوە و قەڵەم بە دەستان لەوێدا کار بکەن. هەروەها هیودارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بە تێکۆشانی هەمووومان یادی رۆژنامەی «کوردستان» لەو شوێنە بگرین کە لێی لە دایک بووە..

لە ژمارە ٦٠١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٥ی فێبریوری ٢٠١٣

## کۆبوونەوی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ هەر دوو ڕێکخراوی لاوان و خوێندکاران



سەرچاوە Serchawe

ڕۆژی هەینی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩١ی هەتاوی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی هەر دوو ڕێکخراوی یەکیە تیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەڕێوە برد.

لەو کۆبوونەوەیەدا خالید عەزیزی وێرای ئاماژە بە ئالوگورەکانی ناوچە، تەئکیدی لە سەر گرینگیی ئەرکی لاوان و خویندکاران بۆ مامەلە کردنی پێشهاتەکان کردو لە درێژەی وتەکانیدا جەختی لە سەر پێویستیی گەشەی هزری نەتەوەیی لە چوارێێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناساندن و ئاگادارکردنەوەی خەلکی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە مەینەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

خالید عەزیزی هەروەها لەسەر سەر گرینگیی دەوری ڕاگەیاندن و میدیا بۆ مۆبیلیزە کردنی پتانسێلی لاوان و خوێندکارانی کورد لە نێوخۆی وڵات لە دەوری یەکیە تیی لاوان و یەکیە تیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد پێداگری کرد و لە درێژەی وتەکانی دا جەختی لە سەر هاوکاری وهاوئاهەنگی زیاتر لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان وئەو دوو ڕێکخراوەیەدا کرد.

شایانی باسە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئالوگۆری بیروڕاو پێشنیارو ڕەخنەی بەشداران تەرخان کرابوو.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریواری ٢٠١٣

## قسەکانی بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی یادی ١١٣ ساڵەی دایکبوونی پێشەوا دا

**خالید عەزیزی لە یادی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا:**

قازی محەممەد لەسەردەمێکدا ئاماژە بە حقووقو مافو بەشێک لە بنەماکانی هۆوییەتو ماهیەتی ئینسانی دەکا کە هێشتا ئیعلامیەی حقووقی بەشەر لە جیهاندا بلاونەبیۆوەو ڕانەگەیەندرابوو.

خوشک وبرایانی ئازیز

مێوانانی بەڕێز

نوێنەرایەتیی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان

پـڕبەدڵ بەخێرهاتنتـان دەكەم بـۆ ڕێوڕەسـمی یـادی ١١٣سـاڵەی لەدایـكبوونی پێشـەوا قـازی محەمـمەد، رئـیس جمهـوری كوردستان، رێبەری حیزبی دیموكرات، دامەزرێنەری یەكەمین دامەزراوی كوردیو یەكێك لەو كەسانەی كە بەگیـانو بەدڵ « بۆگەل ژیاو بۆگەل مرد».

«ئێوە قـازی محەممەدێـك دەكوژن، بەڵام بـزانن لەهەر تنۆكەخوێنێكی من، قـازی محەممەدێك شین دەبێتەوە»، «داوا لە گەلی كورد دەكەم خەباتی خۆی لە پێناو رزگاریی كوردستان دا پەك نەخا، بژی كوردو بژی كوردستان»

داواكەی قازی محەممەد بە جێهاتو ئیعدامی قازی محەممەدو ئەو تنۆكە خوێنە بـوو بە بنەمایەك، بـوو بە هەوێنێك، بـوو بە سـەرەتایەك، بـۆ ئەوەی نەتەوەی كـورد بە هەموو دیقەتو تێبینـییەكەوە دوای رووخـانی كۆمـاری كوردسـتانیش دقیقەن پەیامەكەی قازی محەممەد بە جێ بگەیەنێ. ئەویش ئەوەبوو كە لە خەبـاتو تێكۆشان ماندوو نەبێو پشوو نەدا.

لە دنیای ئەمڕۆدا كەم نین ئەو وڵاتانەی كە سەرۆككۆماریان هەیە، سەرۆكوەزیریان هەیەو كەسایەتیی ناسراوی خۆیانیـان هەیە،و كاتێكیش ئەو كەسایەتییە ناسراوانە یادیان دەكرێتەوەو بە بۆنەی [یادی] لەدایكبوونیان لە پایتەختەكانو لەشـارە گەورەكانی وڵاتەكەی خۆیان ڕێزیان لێدەگیرێ، رەنگە زۆرتر باسی ئەوە بكرێ كە چۆن لەدایـك بـوونو چۆنیش تـا ئەمرۆ تەمەنیان تێپەڕاندوە. لەو وڵاتـانە ئەو سەرۆككۆمارو سەرۆكوەزیرانە لەسەردەمی ئێستادا خانووەكەی خۆیـان بە جـێدێڵینو دێن لە كۆشكی ریاسەتی جمهووریدا حكوومەت دەكەن. دێنە سەر نەغدو حازری، بەڵام پێشـەوا قـازی محەممەد حكوومەتێكی دامەزرانـد، هـۆوییەتو كەسـایەتییەكی دامەزرانـد، لە دایكبـوونێكی نـوێو ناسیونالیزمو كوردایەتی لە ناوەنـدێكی چـووكەی بەشێكی رۆژهەڵاتی كوردستان دامەزراند. بۆیە یادی قازی محەممەدو سەرۆككۆماری كوردستانو، دامەزرانـدنی ئەو رێورەسمە واتا وەبیرهێنانەوەی لە دایكبوونی، وەبیرهێنانەوەی لە دایكبوونی كەسێكە كە بە هیمەت و تواناو تێكۆشانی خۆی كۆمارێكی دامەزراندو لەپێناو ئەو كۆمارەو لە پێناو ویستو داخوازی كورددا گیانی لەدەست دا.

باشترین پێناسە بۆناساندنی كەسایەتیی قـازی محەمـمەد ئـاوڕدانەوەیەكی كـورتە لەو شـوێنەی كە لێـی لە دایـك بـووە، لەو شوێنەی كە خۆی پێگەیاندوە و لە شوێنەی كە بوو بە سـەرۆك كۆمـاری كوردسـتان و بـوو بە رئـیس جمهـووری نەتەوەیەك كە بـۆ یەكەمجـار ئەو مەجـالەیەی بـۆ خوڵقـا. قـازی محەمـمەد كەسـایەتییەك بـوو بە رابردوویەكـی فەرهەنگـیو بە زانسـتێكی حقووقیو فەزایی بەوە گەیشت كە بـۆئەوەی نەتەوەكەی رزگـار بـێ دەبـێ تـواناو هیمەتو شعووری خـۆی بخـاتە بـازنەیەكی سـازمانی، بـۆیە هەر لەو مەیـدانەدا كـۆمەڵەی (ژك)ی هەڵبـژارد، چـوون بـۆ نێـو كـۆمەڵەی (ژك) سـەردەمی پەروەردەكرنـی بیروهۆشی نەتەوایەتیی قازی محەممەد بـوو. قـازی محەمـمەد كە لەهەمانكـاتدا كە لەشـاری مەهابـاد لەبـاری بنەمـاڵەیی، لەباری زانست، لەباری فەرهەنگیو لەباری ئەوەكە قازی بوو، لەگەڵ كۆروكۆمەڵی جۆراجۆری كـوردەواری سـەروكاری هەبـوو، ئیحترامێكـی زۆری هەبـوو، بەڵام قەنـاعەتی وای هێنـا كە لە جەمعێكـی تێكۆشـەردا تـێبكۆشـێ كە ئوسـووڵو ئەندیشـەی

نەتەوایەتیی خۆی جێ بخا. بۆ ئەومەبەستەو بۆ ئەو بیروهۆشە لە کۆمەڵەی (ژک)دا خۆی ڕێکخست، قـازی محەممەد بەوە ڕانەوەستا، بـۆئەوەی کە ئەوفیکرە لەمەیدانی عەمەلـیدا بکـا بە هەوێنـی حکوومەتێـک لەداهـاتوودا، حیزبـی دیمـۆکراتی کوردستانی دامەزراندو دقیقەن دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوی بەرنـامەو پرۆژەکـانی قـازی محەممەددا بوو، کە چۆن بیری نەتەوایەتی‌وکوردایەتیی خۆی بکا بە دامەزراوە، بیکـا بە فەرهەنگـو بیبـاتە نێـو کۆمەڵگـاو کۆمەڵانی خەڵکی زۆر بە هەموو (تنوعات)ێک کە تێیدا بوو، بەشداری ئەوپرۆسەیە بکا. بـۆیە قـازی محەممەد لەسەر پـرۆژەی میللیی خۆی ساغ بۆوە کە چۆنی جێبەجێ بکات.

ڕاستە لە زۆر جووڵانەوەداو لە زۆر خەباتی ڕزگاریخوازیدا کاتێک ئاوڕیان لێ‌دەدەینەوە، جەمعێکی زۆر لە دەوریـان هەبـووەو تەبیعەتەن لە کۆمـاری کوردستانو پێشتر کۆمەڵەی «ژک»و پێشتریش لە ناوەندی فەرهەنگـیو شارستانییەتی مەهەبـاددا خەلکێکـی زۆری تێـدا بـووە، بەڵام بە ئیعترافـی هەمـوو دۆسـتان، هەمـوو ئەوبێگانـانەی کە کۆمـاری کوردسـتانیان بینیـوەو لەنـزیکەوە قـازی محەممەدیـان زیـارەت کـردووەو موتـالیعەو تەحقیقاتیـان لەسـەرکردووەو بە دوایدا چـوونە، قـازی محەممەد ئەستێرەیەکی زۆر گەشاوەی ئەو حکوومەتە بووە.

یادی قازی محەممەد لەسەردەمێکدا دەکەینەوە کە ١١٣ ساڵ بەسەر لەدایکبـوونی ئەودا تێپەڕ بـووەو دەوری ٦٧ سـاڵ بەسـەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕدەبێ کە قازی محەممەد ئەو بیروهۆشە دێنێتە گۆڕێ، ئەو وەختە زۆرێـک لە میللەتـان هێشـتا دەوڵەتـی خۆیان نەبوو، ئێستا نزیک دووسەد دەوڵەت لەدنیادا هەیە. قازی محەممەد لەسەردەمێکدا ئـامـاژە بە حقـووقو مـافو بەشێک لە بنەماکـانی هـۆوییەتو مـاهیەتی ئینسـانی دەکـا کە هێشـتا ئیعلامـیەی حقـووقی بەشـەر لە جیهانـدا بڵاونەبـۆوەو ڕانەگەیەندرابوو! قازی محەممەد لە شوێنێک باسی کەمایەتی‌یەکـانو مافیـان دەکـا، لە شـوێنێک بـاسی حقـووقی ژنـان دەکـا، باسی مافی لاوان دەکا، باسی خوێندن دەکا، باسی حکوومەتداری دەکـا، باسی دیمۆکراسی دەکـا، دەچێتە نێوخەڵـک، خەڵـک فێردەکا کە بۆخۆیـان، خۆیـان ئیدارە بکەن کە بەشی هەرەزۆری ئەو خەڵکە لە سیستمیکی عەشیرەتیو فیئودالیدا دەژیـا، شارسـتانیەتەکە لە جەمعێکـی مەحـدوودا بەرتەسـک بـۆوە. هـونەری قـازی محەمـمەد لەوەدایە لەسـەردەمێکدا بـوو بە کەسـایەتی کە لە دەوروبەرەکەی ئەو مەجـالو دەرفەتە بە هـۆی دواکەوتـوویی کـۆمەڵایەتیی یەکجـار زەعیـف بـوو، بۆقـازی محەممەد گەلێک گرنگ بوو کە یەکییەتیی نەتەوایەتـی بپـارێزێ، قـازی محەممەد لە ڕۆژی ڕاگەیـانـدنی کۆمـاری کوردسـتاندا تەکیەکەلامـی ئەوەیە کە «ئەم کۆمـارە زەمانێـک سـەردەکەوێت کە هەمـوو چـین وتـوێژەکـانی، بە ژنو بەپیـاو، بە هەمـوو عەشـایرو تـایفەکـان، بە هەمـوو تەنەوعەکـانی نێوکۆمەڵگـای کـوردەواری (وحـدت)یـان هەبـێ»، قـازی محەمـمەد لە وەسیەتەکەشیدا هەر ئەوە دەڵێتەوە. دەڵێ: زەمانێک ئەو میللەتە دەتـوانێ ڕزگـار بـێ، کە لە نێـو خـۆیدا وەحدەتی هەبـێ، قازی محەممەد سەمبوول بوو بۆ ڕاگرتنی ئەو وەحدەتە، دەبا لەگەڵ هەموو ئەو تەنەوعاتی عەشیرەتیو فیئۆدالیو تـایفەیی و نەخوێندەواریی ئەووەختدا موعامەلەی کردبـایەو هەمـووانی بەشداری حکوومەتەکەی کردبـایە، بـۆیە ئەوە هونەری قـازی محەممەد بوو. یەکێکی دیکە لەلایەنە هەرە گەشەکانو یەکیک لەو بنەمایـانە کە پەیوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکـانی

دیکە بەهێز دەکاو ئەو پەیامە دەدا کە نەتەوەی کورد لە هەرشوێنێک دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ‌و رزگار بێت، دەبێتە پشتوپەنا بۆ پارچەکانی دیکە، هەربۆیە کاتیک مەرحوومی مەلامستەفای بارزانی لەوسەردەمەدا مەجبوور بوون بڕۆن بۆ کوردستانی ئێران‌و لەوێ گیرسانەوە قازی محەممەد بۆخۆی لەمەهاباد نەبوو لەسەفەر بوو، پەیامی داوە بەهاوکارەکانی

کە «بارزانی‌یەکان کاتیک دێنە ئێرە ماڵی خۆیانەو میوان نین، خانەخوێن، بەشێک لەئێمەن، پاشان کە کۆمار دامەزرا بوون بە بەشێک لەئیدارەی حکوومەت و کۆماردا». بۆیە بارزانی‌و هاورێیەکانی لەهەموو ئەو شوێنانەی کە پێویست بوو کاریان لەدەست دەهات، لە کۆماری کوردستاندا بێ‌فەرق‌وجیاوازی کاریان پێ ئەسپاردبوون‌و کۆماری کوردستان مەجالێکی باش بوو بۆ مەرحوومی بارزانی‌و هاورێیەکانی کە دوای ئەو موشکیلات‌وگیروگرفتانەی کە لە کوردستانی عیراق بەسەریاندا هاتبوو، لەوێ خۆیان سازماندەهی بکەنەوەو خۆیان رێک بخەنەوەو، دوای کۆماریش کاتێک مەجبوور بوون ئەوێ بەجێ بێڵن‌و بەرەو رووسیا بڕۆن، ئەوەبوو بە هەوێنی ئەوەی کە لە داهاتوو چۆن ئەو ریگا دووردرێژە بە سازمان‌و بەو حەسانەوەی کە لەو ماوەیەدا هەیانبوو، جێبەجێ بکەن.

پێشەوا قازی محەممەد لەسەردەمێکدا کە کۆماری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەری، وڵاتێکی فەقیر بوو، بوودجەی کۆمار کەم بوو و رەنگە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەوروبەری، بە هیچ جۆر موقایسە نەکرێت، دیسان تێبینی‌و دیقەتو شعووری وردی کۆمەڵایەتیی خۆی هەبوو و، کاتێک لە شەقامەکانی مەهاباد دەگەڕێ، دەبینێ جەمعێک کوڕی گەنج قەرتاڵەیان لەسەر شانەو هاوار دەکەن: ئەری کەسێک باری شتێکی هەیە بماندا‌تێ‌و پارەیەکمان وەگیرکەوێ، بی‌بەینەوە بۆماڵیان»، قازی محەممەد دەستوور دەدا کە هەموو ئەو منداڵانە کە لە تەمەنێکی کەمدا مەجبوور بەکارکردنن، بەسەر بنەماڵە دەڵەمەندەکاندا بڵاو ببنەوەو بنەماڵە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ منالی خۆیان بیانێرن بۆ مەدرەسە، هەر لەوددەمەی کە کۆماری کۆردستان فەقیر دەبی، قازی محەممەد دەستوور دەدا «فەقیرخانە» دابندرێتو، فەقیرانی ژن‌و پیاو بە جیاواز سەعی دەکا کۆمەگیان بکاو بیان‌حاوێنێتەوە. ئەوەی کە دواتر لە سیستمی ئیدارەی زۆرێک لە وڵاتەکاندا بە نێوی سوسیالیزم‌و بە نێوی سوسیال دیموکراتیکو ... ئێستا نەهادینە بووەو مافێکی بۆ دانراوە، لە حکوومەتە ساواکەی قازی محەممەدو لەوسەردەمەدا، پێشەوای کورد فیکری لەوەیش کردبۆوەو ریگا چارەی بۆ دانابوو. هەموو ئاوڕدانەوەکان بەسەر کۆماری کوردستان‌و بە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەددا لەراستیدا ئاماژە بەوە دەدەن کە پێشەوا قازی محەممەد لەو کەسانە بوو لەساغبوونەوەی خۆیدا ئەرکێکی بەرێوە دەبرد، ئەویش دروستکردنی میللەتیک بەمانای سیاسی‌و بەمانای حقووقی‌و تەشکیلاتی موئەسسەساتی بوو، وە لەو پرۆژەیەیشدا هەموو ئامارەکان دەری‌دەخەن کە خۆی لە جوزئیاتی ئەو کاروبارەدا بووە، نەک ئەوەی کە دیخاڵەت بکا، بەڵکوو بەشێوەی سەرپەرستی، لەسەردەمێکدا کە هەر بەوشێوە کە ئاماژەم پێکرد نەخوێندەواری‌و دواکەوتوویی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو ئەو مەجالانەی زۆر مەحدوود دەکردەوە.

یادی پێشەوا قازی محەممەد یادی سەمبوولێکە، یادی کەسێکە کە بەدوای ئەودا کە خۆشی ئاماژەی پێ‌دەکا کە دوای ئەویش

خەبـاتی کـورد هەر درێـژەی هەیەو ئەوە بە ئـێمە دەڵـێ:کە لەنـاو میللەتەکـاندا زۆر کەس هەبـوون کە لە (شـرایطی)قـازی محەممەددا بوون بە سەمبوولی دروستکردنی نەتەوەکەی خۆیان، زمانو فەرهەنگو ڕابـردوو و شوناسی گشتی نەتەوەکەیـان، بەڵام تاکوو کەس یـان کەسانێک یـان پێشەوایەکو ڕێبەرێک نەبـێ کە ئەوە بەهەژێنـێو ئیدارەی نەکـاتو خەتـی پـێـنەدا و دروستی نەکـات ئەو خـاکو زمانو فەرهەنگی هاوبەشەدا لە خۆیدا نـابێتە ئەوەی کە تـۆ شتی لەسەر دابمەزرێنـی. قـازی محەممەد لە ئەوەڵین ڕۆژی دامەزراندنی کۆمارو لەو ڕۆژەی کە لەگەڵ هەموو ئەوانە سەروکاری هەبـوو ئەوەی بەتەواوی تێدا دەبیندرا.

لەوسـەردەمەدا ئەرزشـی ئەدەبیـاتو شـێعرو هـونەر بـۆ قـازی محەمـەد زۆر بەرز بـوو. زۆرن لەوبیرەوەرییـانەی کە ئـامـاژە بەوەدەکەن کە پەیوەندیو عیلاقـاتی خۆشی هەبـووە لە گەڵ دوو شاعیرو هونەرمەندی ئەوکات واتـا «مامۆستا هەژارو هێمنـی «مەهابادی،و چەندە ئەوانی تەشویق کردوە کە بە هونەری شیعری خۆیـان بنەمای کەسایەتیو پێناسەی نەتەوەیی خۆیـان دابمەزرێنن، قـازی محەممەد لەوکەسانە بووە کە زۆری بایەخ بە خوێندن داوە، زۆری بـایەخ بە مەدرەسەو قوتـابخانە داوە، بە تەواوی تێگەیشـتبوو ئەگەر خوێنـدەواری لە وڵاتەدا پەرە بسـتێنێو بەهێـز بـێ، ئەگەر خەڵـک خوێنـدەوار بـێ، ئەگەر خەڵک کەسایەتیی خۆیان پەیدا بکەنو بە تاکەکەس بڕوایان بەخویـان هەبـێ، یەک میللەت (اعتمـاد بەنفس)پەیدا دەکـاو ڕێگای خۆی دەبینێتەوەو ڕێگای ڕزگاریی خۆی ئاسان دەکاتەوە. تەنانەت لەو حقووقە کەمەی کە مانگانە لە لایەن کۆماری کوردستان دراوە بە قـازی محەمـەد بەشێکی دانـاوە بـۆ ئەوخەڵکـانەی کە بێسەرپەرستو کەم دەرامەد بـوونەو کە خەریکی دەرسخوێنـدن بـوون. کاتێـک دەچینـەوە لای سـەرچاوەکان بەتـایبەت ڕۆژنـامەی کوردسـتان، خێزانـی قـازی محەمـەد یەکەم کەسە کە یارمەتی ماڵیی داوە بە کۆڕ وکۆمەڵو ڕێکخراوەکانی کۆماری کوردستان.
قازی محەممەد لەوکەسانە بوو بۆخۆی پێشڕەو بـوو بـۆ ئەوەی کە ژنـان بەشداری کاروخەبـاتو خوێنـدن بـن، خێزانـی خۆیو هەمـوو ئەوکەسـانەی تەشـویق دەکـرد کە لەومەیـدانانەدا چالاکـانە هەڵسـووڕ بـن، قـازی محەمـەد جیـاواز لە کەسـایەتیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، میللی .. سیاسەتمەداریکی بەتواناو دیپلۆماتیکی ژیر بـوو. کاتێک حکوومەتی ئازەربایجان دادەمەزریو حکـوومەتی ئازەربایجـانو دەسـەڵاتی ئازەربایجـانی سـوڤیەتی پێشـوو تێدەکوشـن کە کۆمـاری کوردسـتان بە بەشـێک لە ئازەربایجان دابنێن، قـازی محەممەد بە مەنتیقی خۆیو بەموزاکەرەو دانوستان لەگەڵ تەوریزو لەگەڵ بـاکۆ، هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی سووڤیەتی پێشوو پێیـان دەسەلمێنـێ کە «نەخێر ئەوان حکوومەتی کۆماری کوردستان دادەنێن، ئەگەر قەرار بـێ بیـانکەن بە بەشـێک لە ئازەربایجـان، هەر دەبـنەوە بە بەشـێک لە حکـوومەتی تـاران». قـازی محەمـەد زۆر بە دیـقەتو ژیـرانەو بە گەمەیەکی دیپلۆماسی ئەوەی جـێ خست، حکوومەتی کۆمـاری کوردسـتانی وەک حکوومەتێکی واحیدی کـوردی لە چوارچێوەی ئێران بارتەقای حکوومەتی ئازەربایجان موستەنەدی کرد. هەر بە ژیریی خۆی لە سەرئەو شوێنانە کە بەینی ئازەریوکورد کێشەی لەسەر بوو دیسان بە موزاکەرەو دانوستان بـێئەوەی کە مەجبوور بەشەڕ ببن تـا ڕادەیەکی زۆر ئەو سنوورە شێواوانەی شەفافو روون کردەوە، قازی محەممەد هەمووهەولێکی دا سۆڤیەتیـیەکان قەناعەت پـێبێنـێ کە لەمەیدانی بـازی نـاوچەیی لە تەعـامول لەگەڵ ئێرانو لە سیاسەتی گەورەی نێو دەوڵەتیـدا گرینگیی کۆماری کوردستان تەنـانەت لە

پەیوەندی لەتەک بەرژەوەندیی خۆشیان دەرک بکەن. کاتیک سۆڤیەت پشتی تێکردو بەرژەوەندی تاران‌وموسکۆ ئەوە بوو کە پشت لە کۆمار بکا، قازی محەممەد بەرنامەیەکی دیکەی هەبوو هەوڵی دا لەگەڵ حکوومەتی تاران لە ڕێگای دانوستان‌و وتوویژ تێبکۆشێ کە ڕێگا چارەیەکی دیکە بێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕوژان کۆماری کوردستانیان قەبووڵ نەکرد لە چوار چێوەی ئێران دا، لە حەلێکی نێوخۆیی‌و ئیعترافاتێک بە مافی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بکرێ. سەرۆک‌کۆمارێک لە نزمایی بۆ لووتکە! لە لووتکە وەک دیپلۆمات بازی خۆی دەکرد بەڵام دەڵێ چی؟ بازیگەرێکی زیرەک بوو دیپلۆماتێکی کارا بوو، سیاسەتمەدارێکی بەتواناو خوێندەوارێکی بە فەرهەنگ بوو، قازیەکی عادڵ بوو، پێشڕەوێکی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو سەنگ‌وسووکیی دەسەڵات نەیهێشت یان مەجالی نەدا ئەو شەخسە بلیمەتە بتوانێ کۆماری کوردستان بکا بە بنەمایەک کە بۆ خۆی درێژە بە حکوومەتەکەی بدا .

میوانانی بەڕێز

خۆشکو برایانی ئازیز

لەسەردەمێکدا یادی لەدایکبوونی قازی محەممەد دەکەینەوە کە بەشێک لە ئاواتەکانی قازی محەممەد جێبەجێ بووە، لە پەیامی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەورانێک کە حکوومەتی ئیدارە دەکرد، لە کاتێکدا کە لە دادگا دیفاعی لەخۆی دەکرد، دیفاعیاتی قازی محەممەد زۆر بەرزە وەک دەڵێن: بۆگەل ژیا، بۆ گەلیش مرد.

دەی‌توانی بڕوات بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ، دەی‌توانی حەللی دیکە بیبینێتەوە بۆئەوەی کە ئیعدام نەکرێ، دەی‌توانی پاشگەز بێتەوە بۆ ئەوەی کە گیانی خۆی نەجات بدا، بەڵام وەسیەتی قازی محەممەدو ئەو دادگایەی کە ئەویان تێدا دادگایی کرد، دادگاکەی کرد بە دادگایی ئەوان!! ئەگەر دەسەڵاتی نەبوو ئەوان موحاکمە بکاتو بڕیاریان لەسەر بدا، بەڵام وەسیەتنامەو دیفاعیاتی قازی محەممەد بۆ ئێمە ئێستا بۆتە مانیفێستێک.

زۆر میللەت هەن لەدنیادا لە چوارچێوەی زۆر ئیدوئولۆژیدا مانیفێست بۆخۆیان دادەنێن، ڕێڕەو بۆ خۆیان دادەنێن ئەحزابی سیاسیو بیر بۆچوونی جیاوازی سیاسی ئاماژەیان پێدەکەن‌و پێیاندەکەن. بەشێک لەوان کوردیش نەبوونە، بەڵام دڵنیام قسەکانی قازی محەممەدو دیفاعیاتی قازی محەممەد، ئێستاش کە ئێستایە بۆ ئێمەی کورد لە هەموو پارچەکان لە هەموو مەیدانەکاندا دەبێ لە هەموو کارو سیاسەتدانانی خۆمان دا ئاماژەیان پێبکەین. دەکرێ وەک مانیفێستیک لە پێش چاوی بگرین، ئەو بەشە لە قسەکانی قازی محەممەد کە لە دیفاعیاتی خۆیدا دەڵێ: بژی کوردو بژی کوردستان ئێستاکە بەشێکی بەرچاوی بەدی هاتووە لە هەرێمی کوردستان لەو شوێنەی کاتێک قازی محەممەد حکوومەتی دەکرد بەشێک لە تێکۆشەرانی ئێرە بەسەرپەرستیی بارزانی ڕوویان کردە ئەوێ‌و ئێستا بە خۆشیەوە ئێمە حکوومەتێکی کوردیمان هەیە، لە تورکیا پاش دەیان ساڵ ئینکاری کوردو خەباتو چالاکیی مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵاتو فەعالییەتو چالاکیی چەکدارانەی کورد

لەشاخو کێوەکان هەموو دەستیان دا بەدەستی یەک کە ئێستا دەوڵەتی تورک بە خۆشی‌یەوە بەو قەناعەتە گەیشتوە کە لە ڕێگای گفتگۆو ئاشتی‌دا کێشەی کورد چارەسەر بکا. قازی محەممەدیش لەسەردەمی کۆماری کوردستان بە حکوومەتی تاران هەر ئەوەی دەگوت! دەیگوت: وەرن با کێشەی کورد لە ڕێگای وتووێژو دانیشتن چارەسەر بکەین، بەڵام وەڵامی ئەوان ئیعدام بوو. لە سووریا کە ئاڵۆگۆڕەکان لە گۆڕێدا هەیەو دڵنیاین حکوومەتی بەشار ئەسەد ئایەندەیەکی نابێو هەرکەسێک دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت ناتوانێ کورد وەلا بخا و دڵنیاترین. لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستان دامەزرا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوشارەی کە پێشەوای کورد، ڕئیس جمهووری کورد حکوومەتەکەی دامەزراند لەوشوێنەیش ئاڵوگۆڕەکان بەرەو ئەوە دەچن کە لە ئایەندەدا گەلی کورد لەو بەشە بەمافەکانی خۆی شاد بێت. وەسیەتی قازی محەممەدو هەروەها دەسپێکی قازی محەممەد دەڵێ دەبێ وەحدەتمان هەبێ، ئەویەکگرتنو وەحدەتە ئێستا لەسەردەمی قازی محەممەد گرنگترە.

ئەو نەتەوانەی کە ڕزگار بوونەو دەوڵەتی خۆیان هەیەو سنووریان هەیەو ئەرتەشیان هەیەو بودجەیان هەیەو پاسپۆڕتیان هەیەو تازە وەک دەوڵەت جێ کەوتوون کێشەی ئەحزاب ڕقابەتی ئەحزاب تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چۆن ئیدارەی وڵات بکەنو چۆن لە پاڕلەمان دا کورسی‌یان زۆربێو پرۆژەکانی خۆیان ببەنە پێشێ. بەڵام چارەنووسی کورد ئێستاش ڕەبتی بە چارەنووسی حیزبەکانەوە هەیە لە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە ئەگەر حیزبەکان وەحدەتیان نەبێو یەکگرتوویی‌یان نەبێ و لە پرۆژەکانی سیاسیو میللی خۆیان لە یەک نزیک نەبنەوە، ئێستاش کوردستان هەموو بەشەکانی مەترسی لەسەرە. لە بلژیک نزیک یەک ساڵ دەوڵەت نەبوو، ئەو وڵاتە ئیدارە کراو بەڕێوە چوو بەڵام لێرە کاتیک بەینی دووحیزبو سێ حیزبی سەرەکی کێشەو ناکۆکی دێتە گۆڕێ دڵەڕاوکێو نیگەرانی دەکەوێتە کۆمەڵگای کوردی... داخۆ چی دەبێ؟؟

بۆیە پەیامەکەی قازی محەممەد لەدەسپێکو وەسیەتەکەی قازی محەممەد لە کۆتایی‌دا کە باس لە وەحدەت دەکا ئێستا لە هەموو دەورانێک بۆ ئێمە گرینگترە، هیوادارم لە ڕۆژی یادکردنەوەی ١١٣ ساڵەی لەدایکبوونی قازی محەممەددا هەموو لایەکمان لەهەموو پارچەکانی کوردستان تێ‌بکۆشێن هەر ڕێگاچارەیەک کە هەمانە، هەرپرۆژەیەکی حیزبی هەمانە نەکەوێتە سەرەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌و بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێمە نەکەوێتە ژێر بەرژەوەندیی حیزبی ئێمە. بەو هیوایە بیرو ئاواتەکانی قازی محەممەد کە ڕۆژبەڕۆژ لە جێ‌کەوتنو سەرکەوتن زیاتر نزیک دەبنەوە هەموویان بەدی بێنو بەو هیوایە حیزبەکەی قازی محەممەد حیزبی دیموکراتی کوردستان لە داهاتوودا وێڕای حیزبوسازمانەکانی دیکە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لەو شوێنەی کە قازی محەممەدی لێ لەدایک بووە یادی قازی محەممەد بکاتەوە بە بەشداریی تێکۆشەرانی کوردو لایەنەکان لە هەمووپارچەکانی دیکەی کوردستان. باشترین پێزانینی ئێمە بۆ قازی محەممەد ئەوەیە کە پێی‌بڵێن:»ڕئیس جمهووری کوردستان تۆ بە ڕئیس‌جمهووری ئیعدام کرای» ئستیعفای نەدابوو، وەلا نەچووبوو، وەلا نەندرابوو بەڵکوو ڕئیس‌جمهووریان ئیعدام کرد. باشترین پێزانینو ئەمەگناسی ئێمە ئەمەیە بڵێین ڕئیس جمهووری کوردستان لە ١١٣ ساڵەی لەدایکبوونتدا دەتوانین ئەوە بکەین کە بیروئەندیشەی تۆ ئەوە بوو کە کورد بەمافی خۆی بگاو کارت بۆ کردو سەرت لە ڕێ دانا. هیچ تەوەقعاتێکیشت نەبوو. ئێمە ئەو پەیامەی تۆ دەبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، باشترین ڕێزنان لە قازی محەممەد ئەوەیە کە نەتەوەکەی ڕزگار ببێ، ئەو وەختە گەورەیی قازی محەممەدو گەورەیی هەموو لایەنێکی باشترو چاکتر جێ



سەرچاوە
Serchawe

دەکەوێت، قازی محەممەد لە ئیدارەی کۆماری کوردستانو لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتدا بەتایبەت خەتێکی دامەزراند یا بۆچوونێکی نەهادینە کرد کە فیداکاریوقوربانیدان لە نێو ئێمە وەک شانازیو ئیفتخار چاوی لێدەکریو بۆتە بەشێک لە حەماسەی مێژوویی ئێمە، حیزبی ئێمە لەومەیدانەدا سەربەرزە وەکوو زۆر لایەنی دیکە. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو رێبەرانەو لەو شاگردانەی پێشەوا قازی محەممەد بوو کە ئەویش لەمەیدانی دیپلوماسیو هەڵسوڕانو دیتنەوەی رێگا چارەیەکی واقع بینانە هەموو هەوڵێکی دا ئاواتەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەرچی زووتر وەدی بێ بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە باوەڕیان بە زمانی موزاکەرە نەبوو، وەڵامی ئاشتیخوازانەی حیزبی دیموکراتو دکتور قاسملوویان بە تیرۆر داوە، لە دوای ئەودا دکتور سادقی شەرەفکەندیش هەر لە رێرەوی پێشەوا قازی محەممەد بوو، بۆ ئەوەی تێبکۆشێ بۆ جارێکی دیکەش لەدرێژەی خەباتی لایەنگرانی قازی محەممەدو حیزبەکەی قازی محەممەدو رێبوارانی رێگای ئازادی زەرەرو زیان زۆرتر نەبێو رێگا چارەیەک ببینێتەوەو ئاڵقەی پەیوەندیی کوردەکانوئێران بەهێز بکاو مێتۆدی دیموکراتیک بۆ چارەسەری کێشەکان بێنێتە گۆڕێ، بە داخەوە ئەویش لەومەیدانەدا هەر تیرۆر کراو چووە ریزی کاروانی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان. لە کۆتاییدا بۆجارێکی دیکە یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد پیرۆز بێ. بۆئێمە زۆر گرنگە کە دەقی پەیامەکەی قازی محەممەد کە هەم لەکاتی دامەزراندنو هەم لەوەسیەت نامەکەیدا هاتوە یادی بکەین و بیبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک.

بۆ جارێکی دیکە رووحی قازی محەممەد رئیس جمهووری کوردستان، سەمبولی کوردایەتیوئازایەتی پیرۆز بێ، ئێوەش هەمووتان هەر ساغو سڵامەت بن.

لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٣

## قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە رێورەسمی یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا

خوشک و برایانی ئازیز!

میوانانی بەرێز!

نوێنەرایەتیی حیزبو رێکخراوو سازمانە سیاسییە کوردستانییەکان!

کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ رێورەسمی یادی شێستو هەشت ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد، حیزبی قاسملوو، حیزبی شەرەفکەندی، حیزبی دەیانو هەزاران شەهیدی رێگای رزگاری کوردستان. ئەو حیزبەی

کە لە ماوەیەکی کورتدا، ئیفتخاری دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردی، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە شاری مەهاباد پێبرا. حیزبێک کە لە ماوەیەکی کورتدا، لە هەلومەرجی ئەو وەخت دا ( سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی ) توانی بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردان، ئەو فورسەتە بقۆزێتەوەو وێرای دامەزرانی حیزبەکەی خۆیو ئەو حیزبە لەسەر بۆچوونێکی نوێی ڕێکخستن و گوفتمانێکی نێودەوڵەتیی سەردەم بتوانێ بخاتە بازنەی سیاسەت لە ئێرانو ناوچەکەو لەسەر ئەساسی ئەو بۆچوونەش دواتر کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ٦٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات لە زۆر بابەتەوە کۆمەڵێک دەرسو تەجروبەی بۆ ئێمە پێشمەرگەکانی دێموکراتو کورد بە گشتی تێدایە.

ڕاستە حیزبی دێموکرات لە تەمەنی ٦٨ ساڵەی خۆی دا سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی و فیداکارییە کە داویەتی، سەرەڕای ئەوەی کە ئیفتخاری دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستانی پێبرا، ماوەیەکی زۆر کەم بە ئاشکرا لە نێو کۆمەلانی خەڵک مەجالی فەعالییەتو کاری سیاسی بۆ هەڵکەوتووەو ئەو دەرفەتەی نەبووە بەرنامەکەی پێشەوا کە کاتی خۆی کۆماری لەسەر دامەزرا، دوایی لە مەیدانی پانو بەرینی ڕۆژهەلاتی کوردستان دیسان بیخاتەوە مەیدانی قەزاوەتو بڕیارو لێکدانەوەو پێداچوونەوەی کۆمەلانی خەڵک؛ ڕاستە تەمەنی فەعالیەتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ٦٧ ساڵ زۆر کەمە، بەلام ئەو حیزبە لە بواری ڕێکخستن، لە بواری دیپلۆماسی، لە بواری خزمەت بە دروستکردنی هێمای نەتەوایەتی بۆ کورد، لە بواری دروستکردنی گوفتمانو زمانێک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، خاوەنی تەجروبەیەکی دەوڵەمەندە. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەمین حیزبی کوردی بوو کە تێکۆشا عەقڵییەتی سیاسیی کورد بگۆڕیو لەچوارچێوەی حیزبایەتیدا سازمانی بدا. هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بە تایبەت شەخسی پێشەوا، لە هەموو مەیدانەکانی دیپلۆماسی و ڕێکخستنو تەبلیغاتو زۆر مەیدانی دیکەدا هەوڵی دەدا بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات بە [کەمترین] زەرەر و زیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو لە تەعامول لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی دا جێبەجێ بکا. بەداخەوە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان چارەنووسی حیزبی دێموکرات و چارەنووسی ڕێبەران و کادرەکانی بەشێکی زۆری زیندان تەبعید دەربەدەری و بۆ بەشێکی زۆریشیان پەناهێنان بۆ باشووری کوردستان بوو. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا تا ساڵی ١٩٧٩ کە ئینقلابی ئێران ڕوویداو حیزبی دێموکرات بە گوروتینێکی دیکەوە چووە نێو کۆمەلانی خەڵک، کاری ڕێکخستنو سازماندەیی خۆی دەس پێکردەوەو جارێکی دیکە بەرنامەی خۆی هێنایەوە نێو کۆمەلانی خەڵک، لە تەواوی ئەو دەورانە ناخۆشەدا کە فشارە لەسەر حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانو کادرەکانی بووە، خەڵکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە گیانو بە دڵ ئەو حیزبەیان پاراستوە. کەم شوێنو بنەماڵە هەیە لە شارو دێهاتەکانی کوردستان کە کادرەکانی حیزبی ڕێیان تێنەکەوتبێو تەحەممولی گیروگرفت و نائەمنیو موشکیلاتێکی زۆریان نەکردبێ، بۆ ئەوەی حیزبەکەیان بپارێزن.

پێش ئینقلابی ئێران کە حیزبی دێموکرات مەجالی فەعالییەتو تێکۆشانی ئاشکرای لەنێوخۆی ولات نەبوو، هەرچەند ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دەیانزانی لەو سەردەمدا جموجۆڵی نیزامی دژی حکوومەتی پەهلەوی ڕەنگە گرووپێکی حیزبی

دێموکرات لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی تووشی شەڕ و کێشە بن، بە لەحازی نیزامی دەسکەوتێکی ئەوتۆی نەبێ، بەڵام بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی سابیت بکەن لەو مەیدانەشدا دەتوانن کار بکەن و بە تەواوی حیزبی دێموکرات بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە ساڵی ٤٦ ـ ٤٧ گیانی خۆیان فیدا کردو خۆیان کرد بە قوربانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەو سەردەمەدا کە فشاری حکوومەتی پەهلەوی زۆر بوو، سلێمانی موعینی، شەریفزادە، ئاوارەکان و هاوڕێکانیان بە قوربانی کردنی گیانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو پەیامەیان بە خەڵک دا ، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای فشارێکی زۆر کە لە سەریەتی تێدەکۆشێ بەهەر قیمەتێک بێ، لە نێوخۆی وڵات بێ. هەموو لێکدانەوەیەک ئەوەی دەردەخست لەو کێشە نیزامییەدا بالانس لە گۆڕێ دانیە، بەڵام ئەوە نیشانەی فیداکاریی ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بوو جیاواز لە لێکدانەوەکەیان.

کاتێک ئینقلابی ئێران دەکرێ، دەقیقەن هەر لەسەر ئەو ئەساسە کە مەیدانێک بۆ حیزبی دێموکرات دێتەگۆڕێ، تێدەکۆشێ لەو فورسەتە کەڵک وەرگرێ و لە گۆڕەپانی ئێراندا لە ڕێگای گفتوگۆو موزاکرە چارەسەری کێشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا. قەزیەی کورد بە هیممەتی حیزبی دێموکراتو هەموو حیزبەکان بە تایبەت دوکتۆر قاسملوو لە مەیدانێکی پانوبەرینی قانوونی لە رادەی ریاسەت جمهوریو دەوڵەتی موەقەت و تەنانەت لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینیش هێنایەگۆڕێ. حیزبی ئێمە هەموو هەوڵێکی قانوونی مەسئولانە، موتەمەدینانە کە لە توانای دابوو، دای بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکەوێتە خانەی نیزامییەوە. بەڵام بەداخەوە پەیامی ئاشتی، پەیامی گفتوگۆ، پەیامی پێکەوە ژیانو لەگەڵ یەکدا بوون، پەیامی پێکەوە ئێران ئیدارەکردن لەلایەن دامودەزگای ئەوکاتەوە وەرنەگیراو شەڕ بەسەر کوردستانو پێشمەرگەکانی کوردستاندا تەحمیل کرا. لەو مەیدانەشدا حیزبی دێموکرات ئەوەی لە توانایدا بوو، هەوڵیدا مادام مەجبوور بە شەڕ بووە، دیفاعێکی جانانە بکاو لەو مەیدانەشدا قوربانیو شەهیدێکی زۆری داوە. ئێمە هەرگیز پێمان وانەبووە شەڕی چەکداریو خەباتی چەکداریو فەزای خشونەت چارەسەری کێشەکانی ئێمە دەکاو پەیامی حیزبی دێموکراتیش هەرگیز ئەوە نەبووە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو دیفاعەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبایە، ئەو شەڕەی کە بەسەریدا تەحمیل کرابوو، ئەو هەوڵ و تێکۆشانە نەبوایە، ڕەنگە زەرەر و زیانەکانەکانی لە زۆر باردا زیاتر لەوە بایە کە ئێمە پێشبینیمان دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی دیپلۆماسیدا بە تایبەت بە هیممەتی دوکتۆر قاسملوو کە دەورانێکی زۆر لە دەرەوە کاری کردبوو، ئەزموونێکی زۆری لە مەجالی دیپلۆماسیدا هەبوو، هەوڵی داوە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆی گونجاوە کەڵک وەربگرێ لە هەنگاوی یەکەم بۆ کورد بە گشتیو لە هەنگاوی دووەمدا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پرۆژەکانی حیزبی دێموکرات. حیزبی دێموکرات لە تەواوی ئەو دەورانەی کە لە تەبعید و دەربەدەریدا بووە سەرەڕای ژیانی ناخۆش و زەختێکی زۆر کە زۆر جار تووشی بووە، کە مەراحلێک کە ئەو فشارە زۆر گران بۆی تەواو بووە، بەڵام هەرگیز لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی باڵای نەتەوەیی کورد [لای] نەداوە. ئێمە هەوڵمان داوە لە هیچ پارچەیەکی کوردستان ئەگەر نەتوانین

راستەوخۆ، بە شێوازی جۆراوجۆر یارمەتی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو پارچەیە بدەین، هەرگیز دەخالەت لە کاروباری هیچ پارچەیەک نەکەینو بە هیچ شێوەیەک هەوڵ نەدەین سیاسەتی ئێمە ئەسبابی موشکیلات بۆ ئەو پارچەیە بێ. بۆیە تاو جێیەی کە پەیوەندیی بە ئەرکی نەتەوایەتیو چۆنیەتی تەعامولی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی کورد بە گشتییەوە هەیە، خۆمان لەو مەیدانەدا سەربەرز دەبینین. ئەوەش دەقیقەن ڕێگای پێشەوا قازی محەممەدو ئەو ڕێگایەیە کە یەکەمین حکوومەتی کوردی لەسەر دامەزراو لەسەر ئەساسی ئەو فەرهەنگە ئێمە هەوڵمان داوە سیاسەت بکەینو بەرنامەکانی خۆمان بەرینە پێشێ.

کاتێک لە نەوەدەکاندا کە دەکرێ بڵێم زۆربەی زۆری سنوورەکانو کێوە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق لە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا بوو، هەلومەرجێک بۆ هەرێمی کوردستان هاتە پێشێ، کێشەیەک لەو ناوچەیە هاتە پێشێ، زۆر بە نابەدڵییەوە دەمانزانی بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات گران تەواو دەبێ، بەڵام شوێنە شاخاوی و سنوورییەکانمان بەجێهێشتو لە دەشت موستەقەر بووین. ئەوەش نە بە ئیرادەی خۆمان بووە نەبە دڵخوازی خۆمان بووەو نە بە ویستی پێشمەرگەکانمان بووە نە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا بووە. تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی هەیە بە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە زۆر بە راشکاوی [بڵێم] لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا بووە. لەو سەردەمەدا کە تازە هەرێمی کوردستان دامودەزگای حکوومەتی خۆی دامەزراندووەو کۆمەڵێک کێشەو موشکیلاتی ناوچەییو دراوسێیەتیی هەبوونو لە فشاردا بوو. ئێمە تەجرووبەی کۆماری کوردستانمان وەبیر دەهاتەوە کە ئەو حکوومەتە ساوایە دەبێ نەجات بدرێ. ئەو حکوومەتە ساوایە دەبێ هەموو لایەک کۆمەگی بکەن لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و ببێ بە بنەماو هێمایەک بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی. ئەو کاتیش لە پێوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەر ئەو سیاسەتەمان پەیرەو کردوە. لە تەواوی ئەو پازدە بیست ساڵەی لەو شوێنەی ئێستا هەین، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بڕیاری ڕێبەریی حیزبەکەی خۆی لە فەعالییەتی نیزامیو چالاکیی نیزامی پاراستووە.

کاتێک بارزانییەکان بە ڕێبەریی مەرحومی بارزانی کوردستانی عێراقیان بەجێهێشتو هاتنە کوردستانی ئێران، لە کوردستانی ئێران میوان نەبوون، لە حکوومەتەکەی پێشەوا قازی محەممەددا میوان نەبوون، ئەفسەر بوون، دەسەڵاتدار بوون، کاربەدەست بوون. ئەو کات گرفتو کێشەو موشکیلاتی حکوومەتی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ دەوروبەر زۆر بوو، بەڵام ئێمە لە سەردەمێکدا لە هەرێمی کوردستانین کە مەسەلەی کوردستان بووە بە ناوچەیی، هەرێمی کوردستان بە خۆشییەوە یەکێک لە شوێنە دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچەیەیەو ڕۆژبەڕۆژ خۆی لە گەشەی ئابووریو ئیداری و قانوونیدا دەبینێ. هەر بەو دەلیلە ئینتزاراتی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کوردستانی ئێران و ئینتزاراتی حیزبی دێموکرات شتێکی دیکەیە. هەر بەو دەلیلە ئەگەر لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بڕۆینە پێشێ، ئێمە ڕەعایەتی ئەو بەرژەوەندییەمان کردوە، عەینی ئەو ئینتزارە دەبینین کە لە حەددی توانای خۆیدا هەموو پارچەکان بە تایبەت هەرێمی کوردستان لە حەددی توانای قانوونیی خۆیدا ئاوڕدانەوەیەکی وەسەر ئەو مێژوویە هەبێ. ئێمە زەمانێک دەتوانین قسە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەین کە یەک گوفتمانمان هەبێ، زەمانێک دەتوانین ئەو گوفتمانەمان هەبێ کە ئاوڕدانەوەیەکی زۆر خێرا بەسەر ژیانی

سیاسیی کورددا بکەین. مادام کورد نەبووە بە دەوڵەت، موئەسیساتی دەوڵەتیو قانوونیی خۆی دانەمەزراندوە، ئێستاش حیزبەکانن دەتوانن لەسەر چارەنووسی کورد بڕیار بدەن. ئێستاش وەحدەتی کورد لە هەر پارچەیەک دەستەبەری سەرکەوتنی کورد لەو پارچەیە دەکا. ئێستاش ناکۆکیو دووبەرەکی لە بەینی دوو لایەنو سێ لایەنی سەرەکی لە پارچەیەکی کوردستاندا دێتە پێشێ، خەڵک تووشی دڵەڕاوکەو نیگەرانی دەبن. ڕەنگە وڵاتی ئورووپایی هەبێ کە بۆ ماوەی چەند مانگیش حیزبەکانی نەتوانن دەوڵەت دابمەزرێنن، بەڵام ژیان و ئیدارەی وڵات نەهادینە بووە و گرفتێک دروست ناکا. لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەحدەتی حیزبی و حەوانە لەگەڵ یەکترو ڕەعایەتی وەزعی یەکتر دەتوانێ دەستەبەری ئەو بەرژەوەندییانە بکا.

میوانانی خۆشەویست! خوشک و برایانی ئازیز!

لە سەردەمێکدا ئێمە یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لە سەردەمێکدا یادی ٦٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە کورد لە مێژووی خۆیدا قەت هێندەی ئێستا شانسی ئەوەی نەبووە مەسەلەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێو بەدوای چارەسەرەکانیدا بڕوا. بۆیە ئەو سەردەم کە کۆمار دەڕووخاو دواتر کە هەڵەبجە و ئەنفال دەهاتە گۆڕێ، لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئێمە مێژووی ئێعدامو لەبەیەنچوونو قەلاچۆو شتی وامان بەخۆمانەوە دیوە. ئێستا لە قۆناغێکدا دەژین دەرفەتێکی زێڕین هەڵکەوتووە [ئەگەر] کورد بتوانێ کەڵکی لێوەربگرێ. دەرفەتەکان دەکرێ کەڵکیان لێوەربگیرێ، بەڵام جاری واش هەیە لە دەرفەتێک کەڵک وەرناگیردرێ. [هەرچەند] زەمان دەکێشێ هەتا ئەو دەرفەتە دێتەوە گۆڕێ.

بە نیسبەت سووریە ئەوەی ئێمە لێکمان داوەتەوە پێمان وایە وەحدەتی کوردی لەوێ زۆر گرینگەو وەحدەتی کوردی لەنێو ریزەکانی حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زەمانێک دەستەبەر دەبێ کە ئەو حیزبانەی کە بە جۆرێک دۆستایەتیان لەگەڵ لایەنەکان هەیە بە دڵو بە گیان کار بکەن بۆ ئەوەی کە ئەو فورسەتەی لە سووریە هاتۆتە پێشێ، بە ناکۆکی نێوخۆیی تێدا نەچێ. لە تورکیە کە وتووێژ لە بەینی لایەنی کوردی و دەوڵەتی ئەردۆغان لەگۆڕێدا هەیە، ئێمە بە شتێکی باشی دەزانین، سەرکەوتنی ئەو پرۆسێسە دەتوانی ئیلهامێکی باش بدا بۆ ئەو لایەنانەی کە بۆ چارەسەری کێشە کورد ئێستاش [هەر] زمانی شەڕ دەزانن، ئێستاش بە چاوی ئەمنییەتی چاو لێدەکەن، کە بەڵێ دەکرێ لەڕێگای وتووێژیش کێشەی کورد لەو شوێنانەش چارەسەر بکرێ. لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای دەسکەوتێکی زۆر لە بواری قانوونی، ئیداری، ئیقتیسادی و ئێعترافی نێودەوڵەتیو بوونی لایەنە جۆراوجۆرکان لە شکڵی کونسولخانە، بەڵام ئێستاشو ئێستاش داهاتووی هەرێمی کوردستان بەستە بە تەعەهوداتی حیزبە سەرەکییەکانو ڕەعایەتی پەیمانی ستراتیژیی بەینی ئەوانەوە هەیە. بۆیە بۆ جارێکی دیکەش وەحدەتی حیزبی لێرە موهیمە.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە لە کەشوهەوایەکدا یادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە، کە قسە لە دروستکردنی کۆنگرەی نەتەوەییە، ئامادەکارییەکی زۆر لەگۆڕێدا هەیە. لایەنە سیاسییەکانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدارنو تێدەکۆشن بە کۆبوونەوەی جۆراوجۆر بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ موشکیلاتو ئاستەنگو لایەنی تکنیکییەکان ئەو کۆنگرە لە فەزایەکی باشو موناسیبدا بەڕێوە بچێ. کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێ لە چەند بارەوە گرینگ بێ، یەکەم ئێمە زەمانێک دەتوانن وەک نەتەوەیەک لە تەعامول لەگەڵ خۆمانو لە تەعامول لەگەڵ تورکو فارسو عەرەب و لە تەعامول لەگەڵ دەوڵەتەکان و لە تەعامول لەگەڵ دنیای دەرەوە بێینە گۆڕێ کە لە پێناسەی نەتەوەیی خۆمان ساغ بکەینەوەو یەکدەست بین، یەک پەیام بین، یەک خوێندنەوەمان لێی هەبێ. ئەو پێناسەیە نەکەوێتە قالبی ناوچەگەریو بەرژەوەندیی حیزبیو هەر حیزبە بە گوێرەی لەهجە و ناوچەیەک کە هەیەتی، پێناسە بۆ ئەو هوییەتە بکا. ئەوەش بە حیزبەکان دەکرێ. زەمانێک ئەوە دەتوانێ شکڵ بگرێ کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا ئاوڕدانەوەیەکی مەسئوولانەو نەتەوەیی لە کاری حیزبیو ئەرکی خۆیان بکەن. زەمانێک دەتوانین ئەوە لە کۆمەڵگادا بکەین بە ئیلزام کە هەموو لایەک لە سەری ساغ بینەوە. هیچ نەتەوەیەک لە شکڵی سیاسیدا ناتوانێ دروست بێ ئەگەر کۆمەڵگاکەو حیزبەکانی ئیلزاماتو تەعەهوداتیان بەرامبەر بە هێماکانی نەبێ. سروود یەکێک لەو هێمایانە، ئاڵا یەکێکی دیکە لەو هێمایانە، مێژوو و چێهرە سیاسییەکانی لایەنی سێهەمی ئەو هێمایانەیە. میللەتێک ئەوانەی نەبێ وا بە ڕاحەتی نابێ بە میللەت. ئەوە دەبێ لە کۆمەڵگە، لە قوتابخانە، لە هەموو جێگایەک تەدریس بکرێو حیزبە سیاسییەکانی کورد لەسەر ئەساسێکی وا پێناسەی نەتەوەیی خۆیان تەعریف بکەن. ئەگەر ئەوە هاتە گۆڕێ ئەو وەختە دەتوانین پەیامێکی باشمان هەبێ. ڕاستە کۆنگرەی نەتەوەیی تەواوی پرۆژەکەی ئەوەیە کە پەیامی ئاشتی و ڕێگەچارەی سوڵح و دێموکراسیو دێموکراتیک و ڕێگاچارەی سیاسی وەک ڕێگاچارەی کێشەکەی بە بەغدا و ئانکارا و دێمەشق و تاران بداو پێمان وایە فەلسەفەی وجوودیی سیاسەتی کورد هەر ئەوە بووە.

پێشەوا قازی محەممەد لە گەرمەی دەسەڵاتەکەی خۆیدا، هەوڵی دەدا لەگەڵ تاران لە ڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکەی چارەسەر بکا. لە دوای ئینقلابی ئێران سەرەڕای هێزی پێشمەرگەی زۆرو خەڵکێکی زۆر کە لە مەیداندا بوو، هەموو هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە پەیامی ئاشتیو گفتوگۆ بەرینە تارانو بە موزاکرە کێشەکەمان چارەسەر بکرێ. ئەوە لەگەڵ کورد لە دایک بووە. بۆیە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە مانیفێستی کۆنگرەی نەتەوەیی، هەموو لایەک دەتوانین کاری بۆ بکەین. بەڵام جێگەی خۆیەتی من لێرەدا تەئکید لەسەر ئەوەش بکەم دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار وڵات، تەبیعەنی چوار پارچەیی کوردستان و ئەوەی کە هەر پارچەیەک شێوەو میتۆدو شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە لە چارەسەری کێشەکاندا، دەبێ ئەو مافە بۆ هەر پارچەیەک بهێشترێتەوە لە چۆنییەتی تەعامول لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا تایبەتییەکانی ئەو پارچەیە لەبەرچاو بگیرێ. [بە پێی] چەندوچۆنی فەرهەنگی ئەو وڵاتە کە کێشەی لەگەڵ کورد هەیە، ئەو پارچەیە دەستی ئاوەڵا بێ لە تەعامول کردن بۆ کێشەکەی خۆی. زۆرجار باسی خەباتی چەکداری دەکرێ، زۆرجار دەگوترێ وەختی شەڕی چەکدار نەماوە، زۆرجار دەگوترێ وەختی خەباتی پێشمەرگانە نەماوە، تەنانەت ئی واهەن خەبات دەبەنە نێو ئینتێرنێت و دنیای مەجازی. لە دنیای ئێستادا ئەبەرقودرەتترین زلهێزترین دەوڵەتەکان ناتوانن بەبێ دەسەڵاتی نیزامی باڵانسی خۆیانو

تەعامولی خۆیان لەگەڵ دنیای دەرەوە ڕابگرن. لە دەورانێکدا کە نزیک بە دووسەد دەوڵەت هەیە، هیچ دەوڵەتێک نیە کاتێک دادەمەزرێ ئەوەڵین کاری ئەوە نەبێ ئەرتەشی میللیی خۆی پێک نەهێنێ. میللەتێک لە دەورانێکدا خەباتەکەی ئێستا بە ئاکام نەگەیشتووەو نەگەیشتۆتە ئاخر مەنزڵی خۆی، هەقی خۆیەتی بۆ دیفاع لە خۆی لە هەموو میتۆدێک کەڵک وەربگرێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات هەرچەند قوربانی شەڕ بووینو دەزانین شەڕ چیە، ئەگەر لە داهاتووشدا بزانین شەڕی چەکداریو خەباتی پێشمەرگانە، تەنیا میتۆدێکە زۆر بە ڕاشکاوی ئەوە دەست پێدەکەینەوە و دەیبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام هیوادارم مەنتق و عەقڵو ڕێگای دیالۆگ قەت ئێمە بەرەو ئەوە نەباتەوە، چون دەزانین شەڕ بە غەیری وێرانکاریو بە غەیری ماڵوێرانی هیچی بەدواوە نیە. بەڵام مادام لە خەبات و تێکۆشان داین ئەو هەقە بە تەواوی بۆ خۆمان دێڵینەوە.

خوشک و برایانی ئازیز! میوانان و دۆستانی بەڕێز!

هەموو لایەکتان بە باشی ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەن، هەموولایەکتان بە باشی کەمو زۆر لە جەریانی فورسەت و دەرفەتەکانە دا هەم کە بۆ کورد لە هەموو پارچەکان دا هەڵکەوتووە. لە ئێراندا هەڵبژاردنێک کرا، لە هەڵبژاردنی ریاسەتی جمهووریدا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەگەر بە تێعدایکی زۆریش بەشداریان لەو هەڵبژاردنەدا کردووە سەرۆک کۆماری ئێران بە دەنگێکی زۆر بۆتە سەرۆک کۆمار. بەشی زۆری ئەو دەنگانە بە جۆرێک نارەزایەتییە، ئەو دەنگانە ئینتزاراتێکی زۆری لە نێو کۆمەڵگەی ئێران لە حکوومەتی داهاتوو و سەرۆک کۆمار دروست کردووە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باوەڕە داین دابین کردنی مافەکانی خۆمان لە ئێران، ئەگەر بە حەددی ئەقەلی زەرەر بگونجێ، بە باشترین شێوە دەبێ بیقۆزینەوە. لەو باوەڕە داین کە دەبێ لە دەرفەتەکانو لە مەجالەکان کە دێنە گۆڕێ، کەڵک وەربگرین. ڕووحانی لە دەسپێکردنی کارەکەی خۆیدا، لە سوخنرانییەکدا کۆمەڵێک بابەتو مەوزوعی هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە ئێستا ئینتزارێکی زۆر لە سەرۆک کۆماری ئێران دروست ناکەین، تازە دەست بەکار بووە. ئێستا بەرنامەکەی نەکەوتۆتە نێو بازاڕ، نەکەوتۆتە نێو قەزاوەتی خەڵک. بۆیە لەو باوەڕە داین ئێمە ئیحتیات بکەینو چاوەڕوان بین بزانین کاری سەرکۆماری داهاتووی ئێران چۆنە، چۆن ئاوڕ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە تایبەت کێشەی کورد دەداتەوە؟ بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەو باوەڕە داین کە کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، دەبێ لە هەموو مەجالو دەرفەتێک کەڵک وەربگرن، لە حەدی توانای خۆیاندا ئەوەی لە توانای خۆیاندایە، ئەوەی لە چوارچێوەی ئێران بۆیان عەمەلی دەبێو دەگونجێ، ئەوەی لە مەجالی قانوونیو تەنانەت لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیدا دەتوانن بیهێننە گۆڕێ، مەوزوعاتی کورد بهێننە گۆڕێ. ئێمە پەیامامان بۆ هاووڵاتییانی کورد لە نێوخۆی وڵات ئەوەیە [هەرچەند]حیزبی دێموکرات بەشی پێشمەرگەو بەشی عەلەنیو بەشی ئاشکرای لێرەیە، زۆربەی زۆری ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵاتن، جێگای حیزبی دێموکرات نێوخۆی وڵاتە. بۆیە ئەو خوێندنەوەیەی لە نێوخۆی وڵات لە چەندو چۆنی چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە، لەگەڵ خوێندنەوەیەک کە ئێمە هەمانە، نابێ جیاوازییەکی زۆری هەبێ. بەڵکە ئێمە لێرەو ئەوان لەوێ فەعالینو

چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە نێوخۆی وڵات هەموومان بەیەکەوە گوفتمانێکی واحید دروست بکەین. ئێمە لەو باوەڕە داین ئەوان دەبێ لە نێوخۆی وڵات گوفتمانێکی کوردی بێننە گۆڕێ. لە دانیشتن لەگەڵ لایەنەکانی دەسەڵات لە تاران، لەگەڵ کاربەدەستان، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە تەنانەت لە دەسەڵاتدا نین، بەڵام بە جۆرێک عەلاقەیان بە سیاسەت هەیەو لە ئۆپۆزیسیۆن دان، باسی مەسەلەی کوردیان لەگەڵ بکەن، گوفتمانی کوردییان لەگەڵ بێننە گۆڕێ. پێیان بڵێن لە کەشوهەوایەکدا کە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، لایەنەکانی دیکە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن، کۆمەڵگەی ئێران وەدوا دەکەوێ ئەگەر نەتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکا. بە ئێرانییەکان بگوترێ کە ئەگەر فشار بۆ حکوومەتەکەی خۆیان نەیەنن و ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر قەزیەی کورد نەبێ‌لەو کاروانە وەدوا دەکەون.

کێشەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی تاران کێشە لەسەر مافەکانی خۆمانە. ئێمە لەسەر مافەکانی خۆمان لەگەڵ حکوومەتی تاران ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی تەعامولو موزاکرە بین دەچینەوە نێو ئەو سیناریۆیە. کێشەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی تاران کێشە لەسەر کوردی سوونی نیە، کێشە لەسەر کوردی شیعە نیە، کێشە لەسەر کوردی یارسان نیە، کێشە لەسەر هەمووی کوردە بە سوونی و شیعە و یارسانەوە. بۆیە تەئکید لەوە دەکەمەوە لە کەشوهەوایەکدا ئەو باسە دێتە گۆڕێ کە لە سووریەو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە عێراقو لە پاکستان، لە ئەفغانستان و لە هەموو دەوروبەری ئێمە شەڕێکی نەخوازراوی مەزهەبی بەینی شیعە و سوننی لە گۆڕێدا هەیە. بۆیە هاووڵاتیانی ئێمە، چالاکانی سیاسی لە نێوخۆی وڵات، لە هەموو ئوستانە کوردنشینەکان لە ئیلامەوە بگرە هەتا سنە و مەهاباد و ورمێ و کرماشان [پێویستە] تێ‌بکۆشن نوێنەری ویستو داخوازییەکانی کورد بە هەموو ئایین و ئایینزاکانەوە بن و ئێمە نەچینە نێو کێشەیەکی مەزهەبی، خۆمان بە شیعە یان بە سوونی پێناسە بکەین. کورد شیعەیەو سوننی‌یەو تەنانەت ئایینەکانی دیکەشی لە نێودا هەیە.

لەکۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە وێڕای دەستخۆشی لە هەمووی ئەو ئەندامانو کادر و پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات دەکەم کە لە سەردەمانێکی زۆر سەختو ناخۆشدا تەحەمولی دنیایەک گیروگرفتو موشکیلاتیان کردوە، زۆرێک لە ڕێبەرانیان تیرۆر کراون بەتایبەت دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، تووشی ژیانێکی ناخۆش لە تەبعیددا بوون. بەڵام خۆمانو هەموو لایەک و کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات دڵنیا دەکەینەوە کە لە ژیانی ٦٨ ساڵەی حیزبی دێموکراتدا زۆر هەوراز و نشێو بووە، کۆمار دەڕووخێ و ڕێبەرانی زیندانیو تەبعید دەکرێن. ئینقلاب دەکرێو حیزبی دێموکرات دەبێتەوە بە دەسەڵات.

فەعالییەتو چالاکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە و لە ژووری و لە ئاستی دیپلۆماسیدا، سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا ئەو حیزبە لە پەراوێز بخا، بەڵام دیسانەکە [حیزب]لەو مەیدانەدا سەربەرز دێتەدەرێ. من دڵنیام حیزبێک هەمووی ئەوانەی تاقی کردبێتەوە، گوفتمانێکی مەسئوولانەی هەیەو بە لەحازی نەتەوەیی زۆر مەسئوولانە دەجووڵێتەوە، لە زۆر مەیدانی فەعالی ئەو بەشەدا ڕووسوورە، لە هەڵسوکەوتەکانی داهاتوو بە هیممەتی ئێوە و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتو هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیو هەمووی ئەوانەی کە لە حیزبەکەی

پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندی دا کاریان کردوە و فەعالەتیان کردووە، لە داهاتوودا ئێمە جێژنی لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات لە کوردستانێک دەگرین کە ئازادە، لەو شوێنەی دەگرین کە لێی لەدایک بووە و بەیادی هەمووی ئەو دەسکەوتانەی کە کورد لە پارچەکانی دیکە هێناویەتە گۆڕێ.

ئارەزووی خۆشیو خۆشبەختی بۆ هەمووی ئێوە دەکەم هیوادارم پڕۆژە نەتەوەییەکانی ئێمە بە بەشداریی‌و فەعالییەتی هەموو حیزبەکان سەرکەوتوو بێ، هیوادارام پەیامی سوڵح و ئاشتیو ڕێگاچارەی حیزبی دێموکرات لە نێوەخۆی ئێران گوێی پێبدرێ‌و ئەم مەجالو دەرفەتانەی کە دێتە گۆڕێ، لەدەستی نەدەن. هەموو لایەکمان بەیەکەوە لە ڕێگایەکی ئاشتی و هێمنانە چارەسەری کێشەی کورد بکەین و زۆر سپاس و هەر ماندوو نەبنەوە.

لە ژمارە ٦١٤ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## قسەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەدا

هاوڕێیانی پێشمەرگە، ئەندامان و دۆستان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات! بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان! بنەماڵەی پێشمەرگەکان! کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە، ئەو ڕۆژەی کە یەکەمین جار لە شاری مەهاباد، شارەوانی حکوومەتی پاشایەتی گیراو کورد دەسەڵاتی خۆی لەوێ بە هەڵکردنی ئاڵا سابیت کردو جێخست، پیرۆزباییتان لێدەکەم. لە کۆمار بەولاوە بە تایبەت لە دوو پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانو باشووری کوردستان کاتێک قسە لە خەباتو شۆڕشو فیداکاری کراوە، کاتێک

قسە لە جێخستنی هەوڵدان بۆ مافە نەتەوایەتییەکانمان کراوە، هەمیشە نێوی پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ. بە خۆشییەوە نێوی پێشمەرگە وەک کەسایەتی مێژوویی ئەو نەتەوەیە، بیروباوەڕی پێشمەرگە، هەوڵ و تێکۆشانو خۆ قوربانیکردن لە پێناو جێخستنی مافەکانمان لانیکەم لەو دوو پارچەیەی کوردستان نەهادینە بووە. ئەوە یەکێک لە دەسکەوتەکانی جووڵانەوەی ئێمەیە کە ئەو نێوەی کە لە کۆماری کوردستان، بە ئیفتحاراتی پێشەوا قازی محەممەدو دەمودەزگای حیزبی دێموکرات دامەزرا، ئێمە ئارەزوومان دەکرد ئەو نێوە کە بیرۆکەیەکی مێژووییە، مانادارە، کەسایەتیی تایبەتی خەباتکارێکی کوردی پێ پێناسە کراوە، لە باکووری کوردستانو لە ڕۆژئاوای کوردستانیش جێ کەوتبایە. ئێستاش هیوادارین کورد لەو دوو پارچەیە درەنگ نەبووە بۆ جێخستنی هەرچی باشتری کەسایەتی ڕابردووی خەباتو تێکۆشانی خۆمان، نێوی پێشمەرگە کە تایبەتی بە کوردە، تایبەتی بە خەباتکاری کوردە، بۆتە بەشێک لە هوییەت و کەسایەتی ئێمە، دیسان لەوێش هەر جێ بکەوێ.

ڕەنگە لە یەکەمین هەڵسەنگاندا ئێمە کە پێشمەرگە، بە ژنو بە پیاو لەو لیباسە خاکییەدا بینیومانە، چەک لە شان لە خەباتو تێکۆشانی نیزامیدا، لە دژی دوژمنانی نەتەوەی کورد خەباتی کردووە، پێناسە بکەین. لە مێژوودا زۆر نەتەوە هەبوون، لە پێناسەی زاهیری بۆ تێکۆشەرانی خۆیان لیباسی تایبەتییان بووەو ئەو لیباسەش بە خۆشییەوە ئەو پێناسەیە دەکا. بەڵام بۆ ئێمە گرنگتر ئەوەیە ئەوەی ئەو لیباسەی دەبەر کردووە، ئەوەی ئەو نێوەی هەیە بە نێوی پێشمەرگە، خاوەنی چیە؟ پێشمەرگەی کوردستان یان پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، کە وارسی بنەماکانی کۆماری کوردستان و دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانە، پێشمەرگەی بیروباوەڕێکە. پێشمەرگەی خەبات و تێکۆشان لە پێناو جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان دایە، پێشمەرگەی خەباتو تێکۆشان لە پێناو سابیت کردنی کەسایەتی کورد دایە، پێشمەرگەی خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئەوە دایە بە دەسەڵاتداران لەنێوخۆی ئێران بە کۆماری ئیسلامی بڵێ تا کورد بە مافەکانی نەگەیشتووە، خەبات بەردەوامەو ئیدامەی هەیەو کوردستان پێشمەرگە لێنابڕێ. پێشمەرگەی ڕێبازێکە کە نایهەوێ میللەتەکەی لە ئێران لەلایەن دەمودەزگای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەحقیر بکرێ. پێشمەرگەی ڕێبازێکە کە لە سەردەمێکدا ئەو خەباتی کردووە بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسیو مافەکانی خۆی و بە حەق بیروباوەڕی ئەو لە دونیادا ڕۆژبەڕۆژ لە گەشە دایە و ژمارەی دیکتاتۆر و ئیستبدادەکانی کەم دەبنەوە و ژمارەی دێموکراتەکان و حکوومەتەکانی وەڵامدەر زیاد دەبن، حەقیەتی بڵێ گەشبینم، خۆشبینم، بەرامبەر بە داهاتووی خۆم و خەباتەکەی خۆم. بۆیە جێگای خۆیەتی لەو ڕۆژەدا کە ئێمە یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، ڕۆژێک کە ٢٩ ساڵ پێش ئەمڕۆ، بە ئیحترامی شێست و هەشت ساڵ پێش ئێستا، حیزبی دێموکرات ئەو ڕۆژەی بە نێوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناساند.

هاوڕێیانی خۆشەویست! لە کاتێکدا ئێمە یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی، لە ئاڵوگۆڕ دایە. بە خۆشییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی ئیسبدادو دیکتاتۆرەکان کەمتر دەبێتەوەو ئێمە دڵنیاین و هیوادارین لە ئێرانیش ئەو ئاڵوگۆڕە بە مروری زەمان بەرەو ئەوە بچێ کە دەسەڵاتی خەڵک بتوانێ کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو



سەرچاوە Serchawe

قەناعەتە کە ناتوانێ وەڵامی ویستو داخوازییەکانیان نەداتەوە یان لە ئیدامەی خۆیدا دەمودەزگای کۆماری ئیسلامی هەڵپێچێو ئەو ڕێژیمە لەناو بەرێ.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشێ جیاواز لە مەیدانی خەباتی ڕۆژانە لە دژی ئەو میللەتە دیسان تێبکۆشێ بە لەحازی ڕەوانی وەزعییەتێک دروست بکا بە هەموو جۆرێک بەرگری لە وەحدەتی نەتەوەیی ئێمە بکا، بەرگری لەوە بکات کە ئێمە وەک نەتەوەیەک لە کوردستانی ئێران ویستو داخوازییەکانی خۆمان کاریان لەسەر بکەن و بیانهێنینە گۆڕێ.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چەند کێشە بەرەوڕوویەو پێمان وایە لە هەمووی ئەوانە گرنگتر کێشەی کۆمەڵانی خەڵکە لەگەڵ خۆی. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە کێشەی ئەتۆمییەوە هەیە، لەو باوەڕەداین هەرچەند ئەو کێشەیە ڕاستەوخۆ پێوەندییەکی زۆری بە کۆمەڵانی خەڵکەوە نیە، ئەو کێشەیە لە دەستووری کاری خەباتی ڕۆژانەی خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی زۆر جێنەکەوتووە. زۆرتر کێشەیەکە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی سازی کردووە و دەیهێنێ و دەیبا و پاشەکشەی پێدەکا و بە مروری زەمان وەک کارتی گەمە بازی پێدەکا، بەڵام دیسانەکە فشارێکە لەسەر کۆماری ئیسلامی. هەر لەو پەیوەندییەدا فشاری تەحریمەکان لە سەر ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە پاشەکشێیەک بێ. بەو شناختەی کە ئێمە لەو ڕێژیمە هەمانە، بەو دەلیلە کە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی ڕاست ناکا، بەو دەلیلە کە بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشێ وەڵامی ویستو داخوازییەکانی خەڵک نەداتەوە، بە هەمان شێوەش لەوە دەگەڕێ لەو فورسەتانە کەڵک وەرگرێ لەگەڵ دنیای دەرەوەش هەر ئاوا تەعامول بکا. ئێمە لە حیزبی دیموکرات پێمان خۆشە ئەو کێشەیە چارەسەر بێ نەک لەبەر ئەوەی کە ئەسپابی نەجاتی جمهوری ئیسلامی دەبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە مەوزوعاتی ڕۆژانەی خەڵک لە دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ژیان، بێکاری، گیروگرفتی ڕۆژانەی خەڵک، ئەو نەهامەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کە خەڵکی ئێران هەیانە، ئەوانە زۆرتر بێنە پێشێو لە دنیادا ببێ بە مەوزوع و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەوە خۆ مەشغوڵ بکەن و کۆماری ئیسلامی چی دیکە دنیای دەرەوە و دەوروبەر و نێوەخۆی وڵات بە کێشەی ئەتۆمی سەرگەرم و مەشغوڵ نەکا. بۆیە چارەسەربوونی ئەو کێشەیە بە هەر شێوەیەک بێ لە دەستووری کاری دنیای دەرەوە بێتەدەرێو لە مەوزوعی میدیا و ڕەسانەهای گرووهی دنیای دەرەوە بێتەدەرێ، لەو ناحیەوە کۆمەک دەکا بە تەرحی مەسەلەکە. بۆیە ئێمە پێمان وایە چارەسەری ئەو کێشەیە بەینی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرێ، دەنا چارەسەری کێشەی سەرەکی کە مەسەلەی مافە، ئازادییە، دیموکراسییە، خەڵک ویست و داخوازییان هەیە ئەوە هەر لە جێگەی خۆی دەبێ.

تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە هەڵبژاردنو حکومەتی زیاتر لە سەد ڕۆژی ڕوحانیەوە هەیە، ئێمە ناکەوینە نێو ئەو لێکدانەوەیە، ئایا رووحانی پیاوی چاکە یان خراپە، خاتەمی پیاوی چاکە یان خراپە، ئەو لە ئەحمەدی نژاد باشترە یان

یەکی دیکە لەوی باشترە. مەعیار بۆ ئێمە ئەوەیە هەرکام لەوانە چەندە وەڵامدەرن بەرامبەر بە مافو داواکانی نەتەوەی کورد لە ئێران، ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە قەزاوەت دەکەین. پێمان وایە لە هەمووی ئەو فورسەتانەی دێتە گۆڕێ بە جۆرێک لە کۆمەڵگەی ئێران باسو کێشە و ڕاوێژ و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و تەنانەت ڕەقابەت بەینی لایەنە جۆراوجۆرەکان دێتە پێشێ، ئێمەی کورد نابێ لێی بێتەفاوەت بین. بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆمان دەبێ کەڵکی لێوەربگرین، حیزبی دێموکرات تەشویقی ئەو جۆرە سیاسەتەی کردووە.

ئێمە پێمان وایە خەباتی ئێمە بۆ جێخستنی مافەکانی خۆمان لەنێوخۆی وڵاتە. پێمان وایە لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە تاران دێنە گۆڕێو لە ماوەی سی و چوار ساڵی ڕابردوودا، ڕەئیس جمهورو نخست وەزیرو کاربەدەستی جۆراوجۆر تاقی کراونەتەوە، هیچ شتێک لە هەوڵ و تێکۆشانو ئیدامەی خەباتی ئێمە بۆ جێخستنی مافەکانمان کەم ناکاتەوە. بۆیە ئەو سێناریۆیە ئەرک دەخاتە سەر ئێمە وەک حیزبی دێمەکرات، ئەرک دەخاتە سەر ئەندامان و پێشمەرگەکانی ئێمە لە هەمووی گرنگتر ئەرک دەخاتە سەر تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئوستانەکانی کوردستان لە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ، چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو وەزعە بکەن. ئێمە پێمان وایە باشترین حاڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەنێوخۆی خۆماندا پێناسەیەکی باشترو دەقیقترو ئەوڕۆیی لە کێشەکانی خۆمان بکەین. ئێمە پێمان وایە یەکێک لەو عامیلانەی کە کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لە دژی ئێمە، پڕۆژەی نیزامی، ئەمنییەتی خۆیو پڕۆژەی تەحقیرکردنی ئێمە بەرێتە پێشێ. وە بە شێوازی جۆراوجۆر قەول بدەن و وەعدە بدەن و ئینتزارات دروست بکەن، بەڵام وەڵامیان نەدەنەوە، ئەوەیە کە ئێمە لە نێوخۆی وڵات، نەمانتوانیوە بە یەکڕیزی، بە بەرنامە، بە یەکگرتوویی، بە هەڵسەنگاندێکی زۆر و ئەوڕۆیی زۆرترینی کۆمەڵانی خەڵک بێنینە ئەو مەیدانە و کۆماری ئیسلامی ڕوبەڕووی ئەو خەڵکە بێتەوە. ئێمە دەبێ بەرەو ئەوە بڕۆین ئەو پێناسەیەی کە کۆماری ئیسلامی لە کێشەی کوردی دەکا، کێشەی کورد بە کێشەی حیزبی دێموکرات و چەند حیزبی دیکە پێناسە دەکا، لە بەین بەرین. نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکرات، مێژووی خەباتو قوربانی حیزبی دێموکرات، ئیفتخاراتی حیزبی دێموکرات هەمووی سەرمایەن بۆ ئەو میللەتە، بەڵام کێشەی کۆماری ئیسلامی کێشەیەکە لەگەڵ ئەو میللەتە، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانو بە هەموو زاراوەکان کە هەیەتی. ئەوە بە چی دەکرێ، بەوە دەکرێ کە لەنێوخۆی وڵات هەر تاکێکی کورد بۆ خۆی ئەرک و وەزیفە بۆ خۆی دابنێ.

پێم خۆشە لێرەدا لەگەڵ نەسلی تازە کە تەمەنی لە دەوری بیست ساڵ کەمتر و زۆرترە، ڕەنگە لە نزیکەوە لەگەڵ پێشمەرگەی دێموکرات و پێشمەرگەکانی دیکەی کوردستان لە شارو گوندەکان کوردستان، کەمتر ئاشنا بن و ڕۆژانە لە فەعالییەتی ڕۆژانەدا نەیانبینیبێ، قسە بکەم. قسەی من ڕوو بەو نەسلە ئەوەیە ئێوە نەسلێکن ڕەنگە خەباتو تێکۆشانو فەعالییەتی ئێمە لە ڕێبەران پێشەوا قازی محەمەدو دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیو هەزاران پێشمەرگەی فیداکاری ئەو حیزبە بۆ ئێوە بەشێک لە بێ مێژوو، بەڵام مێژوویەکی دەوڵەمەند، مێژوویەکی پڕ ئیفتیخار. میللەتێک بە مێژووی خۆی ئیفتخار نەکا، بە کەسایەتییەکانی خۆی ئیفتیخار نەکا، بە ڕابردووی خۆی ئیفتخار نەکا، ناتوانێ لە موقابیل

بەرامبەرەکەیدا بە ئیستقامەت و بە ئیقتدارەوە عەمەل بکا. بۆیە ئەو نەسلە وەزیفەیەتی ئاوڕێک لە ڕابردوو بداتەوە، وەزیفەیەتی لە خۆی بپرسێ بۆ هەزاران پێشمەرگە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون؟ بۆ دەیان کادری ڕێبەریی ئەو حیزبە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون؟ ئەو نەسلەی کە شەهید بوو، خوێندەواری تێدابوو، کارگەری تێدابوو، ژنی تێدابوو، دەوڵەمەندی تێدابوو، فەقیری تێدابوو، خەڵکی پێگەیشتووی تێدا بوو. ئەو نەسلەی کە شەهید بوو، ئەو پێشمەرگانەی کە شەهید بوون، لە پێناو ڕزگارکردنی ئەو نەتەوەیە و جێخستنی مافەکانیاندا شەهید بوون. با ئێمە بەرەو ئەوە بڕۆین ئەرک بۆ خۆمان دابنێین لەنێوخۆی وڵات.

ڕەنگە لە سەردەمێکدا کە من باسی وەحدەت و یەکگرتوویی لەنێوخۆی وڵات دەکەم، ئەو گلەییە لە ئێمە و لە حیزبی دێموکرات بکرێ و ڕووبەڕوومان بێتەوە کە لەجێگەی خۆی دایە، باشە ئێمە چمان کردووە بۆ ئەوەی وەحدەتو یەکریزی لەنێو ڕیزەکانی کورددا لەگۆڕێ دابێ. زۆر بە ڕاشکاوی بە سەراحەتەوە ئێمە لە کۆمیتە مەرکەزی حیزبی دێموکراتو دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات لە تەواوی ئەو ماوەدا هەوڵو تێکۆشانمان ئەوە بووە کە کۆمەک بکەین یەکڕیزیو یەکگرتوویی لەنێو ئەحزابی کوردستانی ئێراندا بە هێز بێو پێمان وایە تا ڕۆژێک ئەوە نەبێ، ئەوە نەیەتە گۆڕێو عەمەلی نەبێ، ڕەنگە بەشێکی زۆر لە پرۆژە نەتەوەییەکانی خۆمان وا بە ڕاحەتی نەتوانین جێبەجێ بکەین. بۆیە ئەگەر ئێمە لێرە بە هەر دەلیلێک لەو مەیدانەدا زۆر نەچووینەتە پێشێ، ئێوە لەنێوخۆی وڵات لەگەڵ شتی ڕۆژانەی عەمەلی سەروکارتان هەیە، وەحدەتو یەکگرتوویی ئێوە زۆر کۆمەک دەکا. وجوودی ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر، زاراوەی جۆراوجۆر، تنوعاتی جوغرافیایی بۆ نەتەوەیەک، لە هەمان کاتدا کە سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئەو نەتەوەیە، نابێ ببێ بە مانیعی یەکگرتوویی. لە سەردەمی پاشایەتیدا لە هەمان کاتدا کە هەوڵیان دەدا ڕادیۆو تەلەویزیۆنو ڕەسانەهای گرووهی بە زمانێکی واحیدی فارسی لە ئێران جێ بخەنو هەموو کەس بەو زمانە پەروەردە بکەنو لەهجە جۆراوجۆرەکانی فارسی لە پێناو زمانە یەکگرتووە فارسییەکە لەبەین بەرن. تەوسیەی حکومەتی پاشایەتی ئەوە کە لە مەناتقی ئوستانەکانی کوردستان بە زاراوەی جۆراوجۆر ڕادیۆ بۆ کوردەکان دابنرێ. بە زاراوەی کرمانجی بگرە هەتا موکریانیو کەلهوڕو جاف و هەتا مەنتقەی کرماشان. ڕەنگە بە دوای خۆیدا زاراوەی هەورامیشیان هێنابا گۆڕێ. پرۆژەیەک بوو بە تەشویقو تەقوییەتی زاراوەی جۆراوجۆر لە کوردستانی ئێران لەسەر دەستورولعەمەلێک لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی بۆئەوە بوو کە نەهێڵن زمانێکی یەکگرتووی کوردی لەنێو تنوعاتی کوردی کە بەردی بناغەی دروستکردنی میللەتێکە، شکڵ بگرێ. لە حاڵێکدا بۆ خۆیان لە ئێراندا ئەوەیان دەکردو بە رادیۆو تەلەویزیۆنەکەیان زمانێکی واحیدی فارسییان دروست کرد. فارسەکان بە لەهجەی جۆراوجۆر کە لەوسەر ئەوسەری ئێران لێک حاڵی نەدەبوون، بەو زمانە بۆ خۆیان میللەتێکیان دروست کرد. بۆیە جێگای خۆیەتی ئێمە لانیکەم ئەوەی کاتی خۆی لە دژی ئێمە بەکار هێنراوە، بۆ ئەوەی خۆیانی پێبکەن بە میللەت، ئێستاش نەچووە، ئێمە دەتوانین بەسەر ئەو تنوعاتەدا زاڵ بینو ئەو تنوعاتە بکەین بە سەرمایەیەک بۆ ئەوەیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک میللەتێکی واحید تەعامول بکەین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. با ئێمە مەجال نەدەین کۆماری ئیسلامی کێشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کێشەی ئوستانی ئیلام، ئوستانی کرماشان، ئوستانی سنە و ئوستانی ورمێ پێناسە

بکا. با مەجالی پێنەدەین خوێندنەوەی کۆماری ئیسلامی لە چارەسەری کێشەی ئەقەلییەتەکان بەو جۆرەی کە بۆخۆیان دەڵێن بکەوێتە نێو خانەی بودجە بۆ ئەو ئوستانە و ئەو ئوستانە و شەش نوێنەری ئەم ئوستان یان لەگەڵ دە نوێنەری ئەو ئوستان بە شێوەی جیاوازو ئوستانی بچن کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن کە بە بەرنامە دەیهەوێ کێشەی نەتەوایەتی ئێمە دابەش بکا بەسەر کێشەی ئوستانەکان. هەوڵدان بۆ ئەوەیکە ئەندامانی مەجلیس، نوێنەرانی ئوستانەکان هەموو تێکۆشانێکیان ئەوە بێ بودجەی زۆرتر بێتە ئەو ئوستانانە، ئەو ئوستانانە بێ موشکیلەبن. ئەرکێکی ڕەوایەو وەزیفەی نوێنەرایەتیی خۆیان بەجێ دەگەێنن. بەڵام ئەرکی گرنگتر ئەوەیە هەمووی ئەوانەو هەموو فەعالینی سیاسی و تێکۆشەرانی خەباتی مەدەنیو چالاکوانانی سیاسی لە بیری ئەوەدا بن کە بەسەر ئەو تنوعاتەدا زاڵ بن، بە کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتن لەگەڵ یەکتر، بە کۆماری ئیسلامی لە تاران بڵێن لەگەڵ کێشەی یەک نەتەوە ڕووبەڕوویە نەک لەگەڵ کێشەی تنوعات. بە کۆماری ئیسلامی و ئەو کەسانەی نایانەوێ کورد لە ئێران وەک نەتەوەیەک عەمەل بکا، بڵێن کێشەی کوردستان بە ئوستانی کوردستان بەو جۆرەی کە ئەوان نێوی دێنن، پێناسە ناکرێ. هەمووی ئەوانە عەمەلییەو دەکرێ بە شەرتێک لە نێوخۆی وڵات یەکگرتوویی هەبێ. کۆماری ئیسلامی ستراتیژییەکەی ئەوەیە لە نێوخۆی وڵات وەحدەت و یەکڕیزی ئێوە بشێوێنێ، بە شێوازی جۆراوجۆر خەڵک لە گیانی یەکتر بەردا، تەقوییەت و تەشویقی ئەوە بکا لەسەر یەکتر شت بگوترێ.

بۆ جارێکی دیکەش ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە دەرکی ئەو واقعییەتەو تەجروبەی سیو چوار ساڵە لە کۆماری ئیسلامی داوامان لە ئێوە فەعالینی سیاسیو خەباتکارەکانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی مەدەنی ئەوەیە تێبکۆشن بە بەرنامەوە لە دەوری یەک کۆبنەوە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا وەلەو کەمیش بێ، شتەکانی خۆتان بێننە گۆڕێ، کاری سازمانی بکەن، خۆتان ڕێک بخەن و پەیامێک بدەن بە کۆماری ئیسلامی لە هەر حاڵدا ئێمە وەک نەتەوەیەک کێشەمان لەگەڵی هەیە.

هاوڕێیانی پێشمەرگە، ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکرات! هەر تاکێکی تێکۆشەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان! پێم خۆشە هەر کوردێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوستانی ئیلام، لە ئوستانی کرماشان، لە ئوستانی سنە، لە ورمێ، لە تاران لە دەرەوەی شارەکانی کوردستان ئەو پرسیارە لە خۆی بکا بڵێ: پێشەوا قازی محەممەد کەسێک جێکەوتوو، قابیلی ئیحترام لەنێو کۆمەڵانی خەڵک، دەوڵەمەند، خوێندەوار، تێگەیشتوو، هیچی کەم نەبوو بەڵام لە پێناو میللەتەکەیدا ئیعدامی قبووڵ کرد. دوکتۆر قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندەیو دەیان کادرو هەزاران پێشمەرگە لەو بوارەدا هیچیان کەم نەبوو. ژیان و خوێندن و مڵکو کارو دەوڵەمەندی بەجێیان هێشت تەنانەت لە ماڵو منداڵو ئازیزانی خۆیان مایە داناو خۆیان فیدا کرد. پێم خۆشە ئێوە لە خۆتان پرسیار بکەن تاکی کورد لەنێو خۆی وڵات لەگەڵ خۆتان قسە بکەن ئێوە بۆ میللەکەتان چ دەکەن. هەر کوردێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمێکدا کە هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان بەرەو ئەوە دەچێ مافەکانی خۆی پتر جێبخا، لە باکووری کوردستان وتوێژەو مەزاکرە بەرەو ئەوە دەچێ کێشەکە چارەسەر بکا، لە ڕۆژئاوای کوردستان هەر بەرەو ئەوە دەچێ کە ڕێگا حەللێک جێ بکەوێ. ئێمە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کوردستانی ئێران لە خۆمان بپرسین ئاوا یەک دەقە لەگەڵ خۆمان دابنیشین بڵێین ئێمە بۆ میللەتەکەی خۆمان چمان

کردووە؟ ئەگەر تاک تاکی ئێمە کە دادەنیشین ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین ئەوە بخەینە نێو خەڵک، تەعەهوداتی میللیو نەتەوایەتی بە قووەت بکەین، دڵنیام میلیۆنان دەنگ خڕ دەبێتەوە وە دڵنیام کۆماری ئیسلامی ناتوانێ چیدیکە کێشەی کورد نادیدە بگرێ، بە کێشەیەکی ئەمنییەتی پێناسە بکا، لە پەراوێزی بخاو بەو میلیۆنها دەنگانە لە دەرەوەی کوردستانیش کۆمەڵگەی ئێران لە عەزمەتو گەورەیی‌و ویست و داخوازییەکانی ئێمە تێدەگاو ناتوانێ ئەئاوا نادیدەی بگرێ. داوایەکی زۆر نیە، داوای من ئەوە نیە بڵێم ئێوە هەستن وەرن لێرە ببن بە پێشمەرگەو لیباسی پێشمەرگایەتی دەبەر بکەن، ئەگەر ڕۆژێک ئەوە بێتە گۆڕی‌و بەدوای ئەوەدا بڕۆین، دەبێ هەموومان بیکەین‌و ئێوەش بیکەن. داوایەکی زۆر کەمە، بەڵام ئەو داوا کەمە کە هەر تاکێکی کورد لە نێوخۆی وڵات لەخۆی بپرسێ من چم بۆ میللەتەکەم کردووە، ئەوانە کە کردوویانە، دڵنیام ئەو دەنگانە زۆر بە قووەت دەبن و ئێمە پێکەوە دەتوانن ئاستی قەزیەی خۆمان بەرینە سەتحێکی سەرەوە.

لە کۆتاییدا ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بۆ جارێکی دیکەش لەهەموو ئێوە پیرۆزبایی دەکەم، وە دڵنیام و گەشبینم بە کاری هەموو لایەکمان بە وەحدەتو یەکریزی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران ئێمە بە مافەکانی خۆمان دەگەین، بەڵام کاری دەوێ، حەوسەلەی دەوێ، زەمانی دەوێ. هەتا ئێمە هەبین و هەتا نەتەوەی کورد هەبێ، هەتا پێشمەرگە هەبێ خەباتو تێکۆشانی ئێمە بەردەوامە بۆ جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و کۆماری ئیسلامی درەنگ یان زوو ناتوانێ ئەوە نادیدە بگرێ. هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بین.

لە ژمارە ٦٢٢ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# ساڵی: ٢٠١٤

---

## خالید عەزیزی: ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی بەرزڕاگرتنی ئەندێشەو بیری بەرزی پێشەوا قازی محەممەدە

میوانانی بەڕێز!

خوشک و برایانی ئازیز!

نوێنەرایەنی ڕێکخراو و حیزبو سازمانە سیاسییەکان!

هەموو لایەکتان پڕ بە دڵ بەخێرهاتن دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لەسێدارەدانی ڕەئیسی جمهوری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان. هەروەها جێگای خۆیەتی لێرەوە لەو ڕۆژەدا کە یادی یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان دەکەینەوە، ڕێزو ئیحترامی خۆمان بە هەموو بنەماڵەی شەهیدان لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێشکەش بکەین، پێشکەش بە بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان، شەهیدانی هەڵەبجە، هەمووی ئەو کوردە تێکۆشەرانەی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە ڕێگاو ڕێبازی پێشەوای کوردان، سەرۆک کۆماری کوردستانو هەموو سەرکردە شەهیدەکان کە گیانی خۆیان بەخت کردووە.

هەروەها جێی خۆیەتی ڕێزو ئیحترامی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، ئەو بەشەی کوردستان کە ڕەئیس جمهوری کوردستانی تێدا لەسێدارە درا، ئەو بەشەی کە هەر ئێستا (ئازادیخوازان) لە زیندانەکان لەسەر ڕێبازی کوردایەتیو ڕێبازی پێشەواو هەموو سەرکردەکانی کورد لە زیندان دان. لەراستیدا یادکردنەوەی پێشەوا قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکراتو سەرکۆماری کوردستان کە لە سێدارە درا، ڕەنگە باشترین فورسەت بێ ئاورێک بدەینەوە سەر کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو پرۆژەی سیاسی قازی محەممەد.

ئەو دەوڵەتە مەرکەزییانەی کە کێشەیان لەگەڵ کورد بووەو مافی کوردیان بە ڕەسمی نەناسیوەو خەباتو تێکۆشان لە پێناو سەقامگیرکردنی مافەکانی خۆمانیان بەسەر ئێمەدا تەحمیل کرد، (بوون بە هۆی ئەوە) ڕێگایەکی دوورو درێژو کاروانێکی دوورو درێژ ببێ بە مێژووی ئێمە. لەو ڕێبازەدا ئەگەر بڵێین لە سەردەمی مۆدێرن بە پێشەوا قازی محەممەد دەستی پێکرد، لە ڕۆژی لەسێدارەدانی خۆیدا، پێشەوا مەجالی هەبوو هەڵ بژێرێ. دەیتوانی بە جۆرێک لەگەڵ حکوومەتی ئەوکات، تەعامول بکا کە گیانی خۆی بپارێزێ، بەڵام پێشەوا کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو، پێشەوا کە ئاڵاهەڵگری کوردایەتیو بووژانەوەی ناسۆنالیزمی کورد بە شێوەیەکی مۆدێرن بووو بە حەق لە کۆماری کوردستاندا نەهادینەی کرد، چۆن کۆمارەکەی یەکەم دەسکەوت بوو نەهادینەی کرد، بە شەهیدبوونی خۆی ڕێگایەکی بۆ تەواوی تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتیو ڕزگاریی کوردستان دامەزراند کە بەدوای ئەودا لە هەموو پارچەکاندا نەسلاونەسل بەدوای یەکدا ئەو ڕێگایە بەردەوام بچێتە پێشێ.

لە مێژووی پڕ تێکۆشانی نەتەوەی کورددا ئێمە زۆر سەرکردەمان هەبوون کە بە بەخت کردنی گیانی خۆیان یا بە قارەمانەتیو تێکۆشانی خۆیان، مێژوویان بۆ ئێمە دروست کرد. دڵنیام مێژووی ئێمە بە بێ ئاوڕدانەوە لەو کەسایەتییانە زۆر بەتاڵ دەبێ. بۆیە ئێمە بە ئیفتخارەوە ئاوڕ لە مێژووی خۆمان دەدەینەوە کە کەسانی وەک پێشەوا قازی محەممەد، مەلا مستەفای بارزانی، شێخ مەحموود، شێخ سەعید، سمکۆی شکاک، شیخ ڕەزا، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندیو دەیان سەرکردەی شەهید کە گیانی خۆیان بەخت کردووە، تێیدا بوون. هەر لە تەنیشت ئەوان، ئەو سەرکردانە، سەرکردەی دەیان

هەزار کادر و پێشمەرگە بوون کە لە خەباتو تێکۆشانی ئێمە بۆ ڕزگاریو مێژوویان بۆ تۆمار کردووین. ئێمە نازانین سبەینێ چ ڕوودەدا بەڵام دەزانین لە ڕابردوودا چ رووی داوە، پێناسەی ئێمە هەتا ئێستا بە ڕابردوومان پێناسە دەکرێ. کە ئاوڕ دەدەینەوە بەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان، دەقیقەن ئاماژە بەوانەیە. چێهرەکانی ئێمە جێگای ئیفتخاری ئێمەن. ئەوەی کە ئێستا بە خۆشییەوە لە هەرێمی کوردستان دەیبینین، کەمو زۆر حکوومەتی کوردی جێ کەوتووە، ئەوەیکە لە باکووری کوردستان لە نەتیجەی خەباتو تێکۆشانی هەموو لایەکدا ئەقلییەتی وتووێژ لەگەڵ یەکتر بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەبێ بە ئەمری واقع، ئەوەیکە لە سووریا ڕوو دەدا و کورد تێدەکۆشێو بەرەو ئەوە دەچێ‌مەجال نەدا مەوزوعی کورد لە پەراوێز بکەوێ، تێدەکۆشێ مەسەلەی خۆی بێنێتە گۆڕێ، ئەوە ئیدامەی ئەو کاروانەیە، ئیدامەی ئەو فیداکارییەیە کە ڕێبەرانو سەرکردەکانی ئێمە لە ڕابردوودا کاریان بۆ کردووەو گیانی خۆیان بۆ بەخت کردوە. ئەگەر کاتی خۆی کۆمار رووخاو هیواو هومێدی کوردان بۆ ماوەیەک لەژێر تەئسیراتی ڕووخانی کۆمار، سێبەری بەسەردا دێ، کاتێک قازی محەممەد ئێعدام دەکرێ، ئەوانەی بڕیاری ئێعدامی قازی محەممەدیان دا پێیان وابوو بە ئێعدامکردنی قازی محەممەدو ڕووخانی کۆمار ئەو جووڵانەوەیە کۆتایی پێدێ. لەدەستدانی قازی محەممەد، لەدەستدانی مەرحوومی بارزانی، شێخ ڕەزا، شێخ سەعید، شێخ مەحمود، سمکۆی شکاک، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی، هەموویان لە جێگای خۆیدا بەتاڵاییەکی گەورەیە لە جووڵانەوەی کورددا. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەوانە کە بوون بە سەمبول، بوون بە مێژوو، بە هێمای خۆیان، بە گیان بەختکردنی خۆیان، میلیۆنها کوردیان ڕژاندە نێوخەباتو تێکۆشانو شەقام. بۆیە میللەتێک خاوەنی ئەو ڕابردوویە بێ، خاوەنی ئەو ڕێبەرانە بێ، کە بەدوای ئەواندا ئەو کاروانە بەردەوام چۆتە پێشێ، دڵنیام لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە مرووری زەمان بە ئەقڵییەتێکی سەردەم، بە تەجرووبە وەرگرتن لە ڕابردوو، بە بەرچاوڕوونییەکی زۆرتر بۆ داهاتوو دەتوانێ بە مافەکانی خۆی بگا.

پێشەوا قازی محەممەد کە لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف دەست بەکار دەکاو دوایە بەوە دەگا کە کۆمەڵەی ژێکاف وەک جووڵانەوەیەکی فکری کە ئەرکی بووژاندنەوەی هۆوییەتی کوردییە، ڕەنگە لە مەیدانی سیاسیدا ئاوا بە ڕاحەتی وەڵامدەر نەبێ، بۆیە زۆر ژیرانە، زۆر زیرەکانە بە خوێندنەوەی وەزعی مەوجوود لە سەردەمی ئەو وەختی شەڕی دووی جیهانی، بە خوێندنەوەی وەزعی مەوجوود لە گۆڕەپانی ئێراندا حیزبی دیموکرات دادەمەزرێنێو حیزبی دیموکرات هەر بۆ حیزبایەتی دانامەزرێنێ، بۆیەی دامەزراند دەوڵەتی کوردیی لەسەر دروست بکا. ئەگەر ئێمە ئاوڕێکی کورت وەمێژووی چەند ساڵەی تێکۆشانی پێشەوای کوردان بدەینەوە، [بۆمان] دەردەکەوێ لە ماوەیەکی کورتدا زۆر کاری کرد. زۆر شتی هێنا گۆڕێ.

پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمێکدا بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتی میللیی کورد دێنێتە گۆڕێ کە لەو بەشەی کوردستان نەخوێندەواری لەوپەڕی خۆیدا بوو. کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی فیئۆداڵی بوو. بەڵام ئەو وەختی پێشەوا قسە لە تێئاتر دەکا، لە کتێبخانە ، لە دانانی سینەما، قسە لە دانانی [ڕێکخراو]ی یەکیەتیی لاوانو یەکەتیی ژنان دەکا، قسە لە دامەزراندنی مەدرەسە بە کوردی دەکا، لە ناردنی ئەفسەر بۆ دەرەوە و پەروەردەکردن دەکا، قسە لە پەروەردەکردنی

مامۆستای کوردی دەکا، ئەوە قسەی نزیک بە حەفتا ساڵ پێش ئێستایە. بەشێکی زۆری دامەزرانی حیزبی دێموکراتو دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد.

لە مێژوودا نە تەنیا مێژووی ئێمە، مێژووی میللەتانیش کەسێکو چەند کەس میللەتێکیان دروست کردەوە بە دامەزراندنی سەرەتایەکو دوایە ئیدامەی پەیدا کردووە و کاروانێک لەسەری بەردەوام چۆتە پێشێ. پێشەوا قازی محەممەد لە ماوەی سەرکردایەتی خۆی کە حیزبی دێموکراتی دامەزراندووە دوایە کۆماری کوردستانی ئیدارە کردوە، لەڕاستیدا لە چەند بواردا زۆر ژیرانە جووڵاوەتەوە. لە سەردەمێکدا کە نەخوێندەواری لەوپەڕی خۆیدا بووە. هونەری پێشەوا قازی محەممەد ئەوە بوو چۆن تنوعاتی کوردستان ڕێک بخا لەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دسەلاتی کۆماری کوردستان بوو بە عەشیرەت و بە فیئۆدالو بە گوندیو شاری، لە سەردەمێکدا کە شارستانییەت لەنێو کورددا زۆر زەعیف بوو. چۆن ژنان بەشدار بکا، لە سەردەمێکدا کە ژنی خوێندەوار ڕەنگە بە قەرای قامکی دەستان بان. چۆن ئیدارەی حکوومەت پێک بێنێ، لە سەردەمێکدا ڕەنگە بەدوای خوێندەوار گەڕابایەی، لەو حکوومەتەدا دیسانەکە زۆری بۆ وەگیر نەکەوتبایە. هونەری ئیدارەکردنو دامەزراندنی حکوومەت بەشێکە لە تکنیکەکانی پێشەوا قازی محەممەد.

پێشەوا قازی محەممەد لەسەر ئەساسی باوەڕ بە ڕوحی ڕزگاریی نەتەوەیی، کاتێک قسە لە هەڵدانی ئاڵا دەکرێ، کاتێک قسە لە دامەزراندنی کابینە دەکرێ، کاتێک تەعامول لەگەڵ حکوومەتی وەختی ئازەربایجان دەکا کە نایهەوێ کۆماری کوردستان وەک بەشێکی سەربەخۆ بێ، بەڵکە بەشێک لە ئازەربایجان بێ، کاتێک پێشەوا قازی محەممەد ئیستقباڵ لە مەرحوومی بارزانیو هاوڕێیانی دەکا کە ئەوان تەجرووبەی شەڕو شۆڕشیان هەبوو، دەرک دەکا کە وجوودی ئەوانو حزووری وان لە پاڵ ئەرتەشی کوردستانو هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستەو لە تەنیشت ئەوەشدا ڕوحی هاودەردیو هاوبەشیی نەتەوایەتی لەنێو کورددا کە لە پارچەیەکی دیکەدا لێیان قەومابوو، (بەهێز دەکا). هاتنە حکوومەتی کۆماری کوردستان، ئەوان کە لەوێ میوان نەبوون، لەوێ ژێنەراڵ بوون، ئەفسەر بوون، بڕیاردەر بوون، لە ئیدارەی وڵاتدا بوون. ئەوەش بەرزیی ڕووحی نەتەوایەتی پێشەوای کوردان قازی محەممەد نیشان دەدا لە ناوچەیەکی چووکە کە ئەو فورسەتەی بۆ هەڵکەوتبوو.

پێشەوا هەر لە سەرەتاوە بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خۆی لەگەڵ زۆر ئاستەنگی جیددی ڕووبەڕوو بوو، ئەوەی لە هەمووان ئەساسیترو گرنگتر بوو، ئەوە بوو کە چۆن ئازەربایجانیەکان لە باکۆو ئازەربایجانییەکان لە تەورێز، تێیان بگەیەنێ کە حکوومەتی کوردستان واحیدێکی سەربەخۆی کوردییە. لەوێدا دیپلۆماسییەکی زۆر بە هێزی بە خەرج دا. ئەو ناوچەیە ناوچەیەک بوو کێشەی زۆر لەسەر بوو. بە ژیریی خۆیو بە چۆنیەتیی تەعامول لەگەڵ ئازەرییەکان بەشێک لەو کێشانەی ئەو وەختی چارەسەر کردو کۆماری کوردستان توانی لەو مەنتەقەیە دامەزرێنێو ئازەربایجانییەکانیش هێندێک تێبگەیەنێ،

کە ئەگەر ڕووحی هەماهەنگیو هاوکارییان لەگەڵ حکوومەتی کوردستان هەبێ، ئەوانیش دەتوانن موشکیلاتی خۆیان جێبەجێ بکەن.

قازی محەممەد کاتێک سۆڤیەتی پێشوو بەدوای موعامەلە لەگەڵ تاران پشتی تێکردو کاتێک حکوومەتەکەی لەئاستی معادلاتی نێونەتەوەیی تاڕادەیەک تەنیا مابۆوە و کاتێک بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانو فیۆدالەکان بەداخەوە ڕەفیقی نیوەڕێی سەرۆک کۆماری کوردستان بوون، هەوڵیدا لەڕێگای وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی تاران، حکوومەتی تاران تێبگەیەنێ. ئەگەر بە کۆماری کوردستانیش ڕازی نین، دەکرێ حەللێکی دیکە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بدۆزرێتەوە. هەمووی ئەو هەوڵو تێکۆشانانەی قازی محەممەد دیفاع لە بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی کورد بووە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە تەعامولی خۆی لەگەڵ سۆڤیەتەکان، لە تەعامولی خۆی لەگەڵ ئازەرییەکان، لە تەعامولی خۆی لەگەڵ حکوومەتی قەوامولسەڵتەنە لە تاران.

بەداخەوە ئەوکات بەرەی غەرب لە ئەمریکاو ئینگلیس هەڵوێستێکی دۆستانەیان بەرامبەر قازی محەممەد نەبوو، دەنا هەموو ئەوانەیکە لە نزیکەوە قازی محەممەدیان بینیوە، ئاوا تاریفی قازی محەممەد دەکەن: پیاوێکی خوێندەوار لە ناوچەیەکی نەخوێندەوار، مامۆستایەکی ئایینیی لیبراڵ، لە شوێنێک کە دەبێ چۆن مەزهەبو ژیان تێکەڵ بکا لە ئیدارەی وڵاتدا، قازییەکی قابیلی ئیحترام لەنێو کۆمەلانی خەڵک، لە ژووری کارەکەی کتێب بە زمانی فەڕانسەوی، ئینگلیزی، ڕووسی، عەرەبی، فارسیو تورکی و ... دانراوە کە ئەو وەختی ڕەنگە کتێب خوێنو خەڵکێک کە بەدوای کتێبدا دەچوون لە کوردستان، زۆر کەم بایە. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر کاتێک لە بیرو بۆچوونەکانی قازی محەممەد دەکۆڵرێتەوە، نەتیجەگیری ئەوەیە ئینسانێکی دێموکرات بووە. قازی محەممەد هەموو تەعامولی لەگەڵ سۆڤیەتی سابیق بوو کە حکوومەتێکی کۆمۆنیستی بوو، هەموو تەعامولی لەگەڵ ئازەربایجان بوو کە دەسەلاتێکی کومونیستی بوو. موزاکراتەکەی لەگەڵ حکوومەتی تاران بوون کە دەسەلاتی شایەتی بوو. خەڵکی دەوروبەری بەشێکی فیئۆدال و عەشیرەت بوو، بەڵام قازی محەممەد دێموکرات بوو. هەر ئەقڵییەتی دێموکراتیی قازی محەممەد بوو کە حکوومەتەکەی وەها ڕەنگاوڕەنگو جوانو موتەنەوع کردبوو کە پیاو و ژن و عەشیرەت و فیئۆدالو خوێندەوار و شاریو دێهاتی بە هەموو چینو توێژەکانی لەوێدا جێیان دەبۆوە.

ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەدو دادگایی پێشەوا قازی محەممەد بۆ خۆی نوختەیەکە، ڕووداوێکە کە بۆ هەموو ئێمە جێگای وردبوونەوەو پێداچوونەوەیە. لە دادگای حکوومەتی پێشوودا کە دەنێردرێو محاکمەی دەکەن قازی محەممەد چۆن لە ئیدارە وڵاتدا بە شەهامەت بوو، چۆن بۆ دیفاع لە پێشکەوتن بە شەهامەت بوو، چۆن لەپاراستنی ڕوحی دێموکراسیو دێموکراتی حکوومەتەکەی بە شەهامەت بوو، چۆن لە وەرگرتنی کوردەکانی پارچەکانی دیکە بە شەهامەت بوو، لە زینداننیشدا بەشەهامەت بوو، لە دادگادا بە شەهامەت بوو. قازی محەممەد دادگای خۆی تەبدیل بە دادگای حکوومەتی پەهلەوی کرد،



سەرچاوە
Serchawe

تەبدیل بە دادگایی ئەو کەسانە کرد کە لەوێ ژێنەڕاڵ بوون، ئەفسەری حکوومەتی ئێران بوونو خڕ ببوونەوە محاکمەی بکەن. دیفاعیاتی قازی محەممەد زۆر بەرزە، زۆر پیرۆزە، زۆر ڕێگا نیشاندەرە.

جێی خۆیەتی لە ڕۆژێکی ئاوادا پەیاممان بۆ هەموو ئەو حکوومەتانەی کە کێشەیان لەگەڵ کورد هەیە، بە تارانو بە بەغداو بە دیمەشقو بە ئانکارا بڵێین: ئەشکەنجە، زیندان، ئێعدام، سێدارە، ئەنفال، کیمیابارانو کۆمەڵکوژیو (کارەساتی)هەڵەبجە و هەمووی ئەوانە لە جووڵانەوەی کورددا ڕاستە کەسایەتییەکانی ئێمەو ڕێبەرانی ئێمە و خەڵکێکی زۆری ئێمەی تێدا فیدا بووە بەڵام هەرگیز ڕێگاچارە نیەو ئەو میللەتە سابیتی کرد کە بەوانە بە چۆک دانایە. ڕێگاچارە هەر گوفتوگۆ، دیالۆگ، مەنتق، یەکتر قبووڵکردن، بەشداری پێدانی یەکتر لە جیاتی ئینکاری یەکتر و وەلانانی یەکترە. ئەوە دەقیقەن ئەقڵییەتی پێشەوا قازی محەممەدو بەدوای ئەودا ئەقڵییەتی هەموو سەرکردەکانی کورد بووە. لە دەورانی مەرحومی بارزانی‌یەوە بگرە هەتاکوو سەردەمی دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی.

جێگای خۆیەتی لە ڕۆژێکی ئاوادا ئەو پەیاممان هەبێ بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەری ئێمەن، بە تورکو فارسو عەرەب، بەوانەی لە مەرکەز دانیشتوونو قبووڵی واقعییات ناکەن، [ چی‌دیکە]، کێشەی کورد هەر وەک تەهدید بۆ خۆیان نەبینن، مەسەلەی کورد وەک فورسەتیش بۆ خۆیان ببینن. تەجروبەی عێراق [ پێمان دەڵێ] ئەگەر هەرێمی کوردستان سباتی زۆرتر پەیدا بکاو دەوری زۆرتری هەبێ، گەشەی هەرێمی کوردستانو ئەقڵییەتی لەگەڵ یەک حاوانەوە و میکانیزمی یاساو قانوون دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ بۆ دروستکردنەوەی عێراق لەسەر ئەو ئەساسە.

لە ئێران کورد بە درێژایی مێژوو هەوڵی داوە ئەگەر ئێعترافی پێبکەنو لەگەڵ خۆیانی بخەنو بەشێک بێ بۆ گەشەی ئێران. سیاسەتی قازی محەممەد لە سەردەمی کۆماردا کە لەگەڵ قەوامولسەڵتەنە واریدی موزاکرە بوو، دەقیقەن هێنانەگۆڕی ئەوە بوو و دوای ئینقلابیش ئێمە هەر ئەوەمان هێنا گۆڕێو ئێستاش هەر لەو باوەڕە داین. کێشەی نەتەوایەتیی میللەتێک کێشەیەکی سیاسییە. بە شەڕو شۆڕش و ئێعدامو ئەشکەنجە و بۆمباران، چارەسەر ناکرێ. ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ڕۆژە هەر دێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا دوای ٦٧ ساڵ دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، ئەو بیرۆکەی کە پێشەوا قازی محەممەد لە ناوچەی موکریان بە پایتەختی مەهاباد هێنایە گۆڕێ، زۆر لەوێ تێپەڕیوە، زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتووە، زۆرێک لە شارو دێیەکانی کوردستانی ئێرانی داگرتوە. ئەگەر ئەووەختی لە سەردەمی ژیانی پێشەوا قازی محەممەد لە ئیلامو کرماشانو بەشێک لە سنە نەیاندەزانی کۆمار چیە هەرچەند خەڵک لەوێ پێوەندییان پێوە دەگرت، ئێستا بیرۆکەی کۆمارو ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەدو سیمای سەرکۆماری کوردستان، لە بیرو هۆشو ئەندێشەی دەیان هەزار کوڕو کچی شەیدای کوردایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ لە حاڵی گەشە دایە. ئەوەش تەجروبەیەکی دیکەیە کە مافی میللەتێک، داوای میللەتێک بە ئێعدامو شەهیدکردنی ڕێبەرانی ئەو میللەتە ناکرێ لەبەین بەری.



سەرچاوە
Serchawe

١٠ی خاکەلێوە هەرچەند  کە لەلایەن حیزبی دێموکرات بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دانراوە، ڕۆژی بەرزڕاگرتنی ئەندێشەو بیری بەرزی پێشەوا قازی محەممەدە، ڕۆژی یادی پێشەوا قازی محەممەدە، پێشەوایەک هەروەک ئاماژەم پێکرد بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە بەشداریی بارزانییەکان لەو جووڵانەوەیە، زۆر سنووری تێپەڕاند و تەنەووعێکی گەورەی بەخۆ دا. بۆیە ئێمە ئارەزوو دەکەین ئەو ڕۆژە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، وەک ڕۆژی ڕێزگرتن لە پێشەواو هەموو سەرکردەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردو هەموو شەهیدانی ئەو ڕێبازە، بە ڕۆژی شەهیدان پێناسە بکرێ. ئەو ڕۆژە دەکرێ ببێ بە ڕۆژێک هەموو بنەماڵەی شەهیدان لە هەموو بەشەکانی کوردستان خۆی تێدا ببیننەوەو ببێ بەو ڕۆژە ئێمە هەموو لایەکمان بەیەکەوە، بە ئاوڕدانەوەیەک بە ڕابردوو، بە ئاوڕدانەوەیەک بە ڕۆژی شەهیدانمان نوقتەی وەسڵ بەینی نەسڵی ئێستا و نەسڵی ڕابردوو دروست بکەین و ئەوە دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ بۆ داهاتووی بەهێزکردنی هەموو هێما و پێناسەکانی نەتەوایەتیی خۆمان. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی یادکردنەوەی پێشەوا قازی محەممەدو هەموو سەرکردەکانی جوڵانەوەی کورد بۆ جارێکی دیکە تەئکید دەکاتەوە لەسەر هەنگاونانەوە و کاری بەکۆمەڵ و هەموو لایەک بۆ یەکریزیی بنەماڵەی کوردی. کورتە ئاوڕدانەوەیەک لە هێندێک لە بیرۆکە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکا کاتێک چاو لە کۆماری کوردستانو قازی محەممەد دەکەی، چۆن هێندێک لە نێو ڕیزەکانی کۆماردا بەداخەوە ئەمەگناس نەبوون بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆماریو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێمەو ئەوە زەرەر و زیانێک بوو. ڕاستە ئێستا ٦٧ ساڵ دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد ئێمە زۆر قۆناغی ناخۆشمان تێپەڕاندوەو زۆر دەسکەوتی گەورەمان وەدەست هێناوە، بەڵام بە مانای ئەوە نیە لەوپەڕی گەشبینیو خۆشبینی کە هەموو لایەک هەمانە کە ئێستا نیازمان بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی خۆمان نەبێ. هەر لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای دەسەڵاتی حکوومەتو پارلەمانو هەڵبژاردنی ئازادو بەشداریی هەموو لایەک، دیسانەکە یەکگرتوویی هەموو لایەک، تەزمین دەکا کە هەرێم چۆن تەعامول بکا لەگەڵ مەرکەز و چۆن گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەر بکا.

لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەو دەسەڵاتەی کە پێک هاتووە، هیوادارین ببێ بە دەسەڵاتێکی واقعیی نەتەوەیی. هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن و بە بەشداریی هەموو لایەک ئەو مەترسییە کەم بێتەوە. لە باکووری کوردستانیش هەر هیوایەکی وا دەخوازین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە سڵاوو ڕێز بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەدو هەموو ڕێبەرانی جووڵانەوەی کوردو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانو بۆ جارێکی دیکەش ڕێزو ئیحترامی تایبەتی بۆ بنەماڵەی شەهیدان لە هەر جێگایەکن. هیوادارم لە داهاتوودا، ئێمە شەهیدمان نەبێ بەڵام ئەگەر شەهیدیشمان بوو، ئێمە نیشانمانمان داوە دەتوانین بە خەباتو تێکۆشانی خۆمان ڕێز لە شەهیدانمان بگرین و ڕێگایان بەردەوام بچێتە پێشێ. ئێوە هەر ساغ و سلامەت بن، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هەر سەربەرز بن، بۆ هەموو لایەکتان هیوای تەندروستی و بۆ دۆزی کورد لە هەموو پارچەکان هیوای سەرکەوتن دەخوازم.



سەرچاوە
Serchawe

هەر خۆش بن.

میللەتێک بە مێژوو و کەسایەتییەکانی خۆی ئیفتیخار نەکا، ناتوانێ لە موقابیل بەرامبەرەکەیدا بە ئیستقامەت و بە ئیقتدارەوە عەمەل بکا

له ژماره ٦٢٩ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٤

## خالید عەزیزی: گوتارێک دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ کە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خۆیانی تێدا ببیننەوە

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نێو کۆڕی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتدا جەختی کردەوە کە مەیدانی سەرەکیی کارو تێکۆشانو هەڵسووڕانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو ئەوەی لە ئێران دەتوانێ ببێتە فاکتەری سەرەکیی گۆڕان یان نەمانی ئەوە حاکمییەتە، دیتنەوەی گوفتومانێکە کە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خۆی تیدا ببینێتەوە، چ ئەوانەی دژبەری کۆماری ئیسلامین، چ ئەوانەی لە نێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی لیبراڵو گۆڕانخواز پێناسە دەکەن.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی جۆزەردان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبو بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای شیکردنەوەی باسو ڕاسپاردەکانی دەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، سیاسەتو ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی بە نیسبەت ئاڵوگۆڕە سیاسییە نوێیەکان لە ناوچە خستە ڕوو.

کاک خالید عەزیزی سەرەتا باسی کاریگەریی جەمسەرە بەهێزە جیهانییەکانی لە سەر ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچە بە تایبەت سووریە کردو لە نێو شیکردنەوە سیاسییەکەیدا باسی لەو گرووپو دەستەو تاقمانە کرد کە بەپێی بەرژەوەندیی زلهێزە ناوچەییەکان دروست کراون و ڕەوتی شۆڕشو سەرهەڵدانی ئەو وڵاتەیان گۆڕی. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو

بەشەی باسەکەیدا باسی ڕۆڵی ئێرانی کردو گوتی لە هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەرێکی ئەو کێشەیە جا چ لە نێوان فەلەستینو ئیسرائیل، چ لە نێوان حیزبوڵلاو دەوڵەتی لوبنان، چ لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی سووریەو عێراقو وڵاتانی دیکەی ناوچەش دەگاتەوە تارانو، تاران هەروا فاکتۆرێکی کاریگەرو ئەکتەری دروستکردنی نائەمنی لە ناوچەکە دایە.

کاک خالید باسی جۆراوجۆرییەکانی نێو حاکمییەت بۆ گەمەی سیاسیی خۆیانی کرد کە ئەگەر لەلایەک حەسەن ڕوحانی بە گوتاری هەڵکردن لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیو کەمکردنەوی بارگرژییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە دەیەوێ وا نیشان بدا ئێران نەخشی بنیاتنەری لە ڕووداوەکاندا هەیە، بەڵام خامنەییو حاکمییەتو سوپای پاسداران ئەکتەرەکانی دیکەی ئەو مەیدانەن کە یارییەکانی خۆیان دەکەنو ئەوەش جاری وایە سەری لە کۆمەڵگای جیهانیش شێواندوە، قسە ئەوەیە کە سوپای قودسو سیاسەتی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیو ڕوانگەی ڕێژیم بۆ هاوکێشەکان هەر لە جێی خۆیەتی؛ بەڵام ڕوخساری گوفتومانی ئێران بە نیسبەت دنیای دەرەوەو قسەکانی ڕوحانی بە نیسبەت ئەحمەدینژاد گۆڕاوەو ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە تێبکۆشین لە پێوەندییەکانمانولە نێو بیروڕای گشتیدا ئەو بۆچوونە بەهێز بکەین کە نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ متمانە ناشێ، لە هەمان کاتدا لە نێوخۆی وڵاتیشدا هانی گۆڕانخوازەکان بدەین هاوپشتو هاریکاریان بین.

سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆبەندی ئەو بەشەی باسەکەیدا گوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستاش پارەیەکی زۆر بۆ قەیران خوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەکا لە حاڵێکدا خەڵک لە ئێران لە بواری ئابووری لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا دەژین.
کاک خالید عەزیزی بە خوێندنەوەیەک بۆ ئەو کێشانەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە تایبەت لە وڵاتانی سووریەو عێراق لە ئارا دایە، ئاماژە بەوە کرد کە ئەوەی بەرهەستە دەبینین کە ئەوە جۆرێک کێشەی ئایینزاکان لە نێوان شێعەو سووننە دایە کە هۆکارو بەستێنەکانی بۆ دەیان ساڵ ڕابردوو دەگەڕێتەوەو ئەگەری ئەوە هەیە کە لە سنوورەکانی ئێرانیش بێتە ژوورێ، بەڵام لەو پێوەندییەدا سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە کە کێشەی کورد بە کێشەی سووننیو شیعە پێناسە نەکا. لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرنجدان بەوەی ئەو گرووپانە لە دژایەتیی کورددا دروست نەبوونو بۆ لێدان لە شوناسو هۆوییەتی کوردی نەهاتوونەتە گۆڕەپان، بەڵکوو لە سەر ئەو پێناسە مەزهەبییە دروست بوون کە بۆ خۆیان لێکدانەوەی بۆ دەکەن، ئێمە لەگەڵ ئەوەی خۆشحاڵ نین بە گرتنەبەری ئەو جۆرە ڕەفتاو ڕێوشوێنو خوێندنەوەی توندو تیژ لە مەزهەب جا چ سوننی بیکا یان شیعە، بەڵام دەڵێین ئەوە لە تەواوەتیی خۆیدا بە زیانی کوردەو کورد نابێ ئەو کێشەیە بێنێتە نێو ماڵی خۆیو بیکا بە ئی خۆیو بە لایەکدا بکەوێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بەوەی کە ئەگەرچی ئێران لە ناوچەدا بە دەستێوەردانو خەرجکردنی پارەو ئیمکاناتی زۆر دەوری حاشاهەڵنەگری لە ڕەوتی ڕووداوکاندا هەیە، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا بە دەست کۆمەڵە کێشەیەکیش عاسێ بووە کە هەر ئەو کێشانەن لە درێژخایەندا لە نێوی دەبەن یان ناچار بە گۆڕینی دەکەن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جەختی لە سەر ئەوە کردوە کە ئەوەی لە ئێران دەتوانێ ببێتە فاکتەری سەرەکیی گۆڕان یان نەمانی ئەوە حاکمییەت دیتنەوەی گوفتومانێکە کە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خۆی تێدا ببینێتەوە، چ ئەوانەی دژبەری کۆماری ئیسلامین، چ ئەوانەی لە نێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی لیبراڵو گۆرانخواز پێناسە دەکەنو لەو مەیدانەیەدا کە حیزبی دێموکرات قسەی هەیە، لە نێوخۆی وڵاتدا خەڵکی هەیەو لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییشدا گوێی لێ دەگیرێ.

کاک خالید عەزیزی بەشێکی دیکە باسەکەی بۆ تاوتوێی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان تەرخان کردو لە پێوەندی لەگەڵ سووریەدا بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەو وڵاتەی لەلایەن کانتۆنەکانی خۆراوای کوردستانەوە بەرزنرخاندو بە سەرەتایەکی باشی بە بەخشینی شوناسی کوردی بە پرسەکان لەو بەشەی کوردستان دانا.
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی باشووری کوردستانیش ڕاسپاردەی پلینۆمی بیر هێنایەوە کە بە ئاراستەی قۆستنەوەی هەلو دەرفەتەکانو پێویستیی پاراستنی یەکریزیو هاوپێوەندیی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا باسی کراوە. لە پێوەندی لەگەڵ باکووری کوردستانیش تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پرۆسەی ئاشتی لەو بەشەی کوردستان ڕێگەیەکی زۆرو بەبایەخی بڕیوەو نابێ ڕێگە بە توندڕەوەکان لە هەر دوولا بدرێ کۆسپ بخەنە بەردەم بەردەوامیی ئەو پرۆسەیە.

باسکردن لە دۆخی تەپیوی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی ئێران لە دەرەوەی وڵات، تیشک خستنەوە سەر قورسایی کاری تێکۆشانی سیاسیو ریکخستنەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو سیاسەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو پێناخۆشبوونی حیزب بە نیسبەت ڕاوەستانی وتووێژەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو هاوڕێیانی پێشوومان لە حدکاو دەست پێکردنەوە بەو وتووێژانەو، باسێک لە سەر چۆنیەتیی کارو تێکۆشانی ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکڕات چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆبوونەوەیە بوون.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی جوونی ٢٠١٤

## خالید عەزیزی: پەیامی خومەینی و گوتاری دوکتور قاسملوو دوو بیرکردنەوەی تەواو لێک جیاواز بوون

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی بۆ کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکان پێکهاتبوو، تیشکی خستە سەر ئەوەی بڕیاری خومەینی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان‌و گوتاری دوکتور قاسملوو لەسەر دیالۆگو چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە دوو عەقڵیەتی بیرکردنەوەی تەواو جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتبوو.

کاک خالید عەزیزی لەو کۆبوونەوەیەدا بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی ٣٥ ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌و ڕووداوەکانی شەڕ لە کوردستان دوای شۆڕش، باسی لە سیاسەتی دروستو حەکیمانەی حیزبی دێموکڕات بۆ هێنانە بەرباسی داخوازی نەتەوەیی‌و بەڕێوەبەریی خەباتو بەرگری لە خاکو شوناس‌و مافی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی لەو ٣٥ ساڵە ئەوەی حیزبی دێموکرات دەبوو بیکردبا جێی شانازین‌و بست بە بستی خاکی کوردستان شوێنی حەماسەو قارەمانەتیی ڕۆڵەکانی دێموکڕات لە پێناو بەرگری لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن‌و ئەو سەرمایە گەورەو پاشخانە زێڕینە لە خەباتو تێکۆشان ئەرکی زیاتری خستۆتە سەرشانی حیزبی دێموکڕات تاکوو بە هاوپێوەندیی زیاتر لەگەڵ یەک مودیرییەتی خەباتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران بکەین.

کاک خالید عەزیزی بەشێکی دیکەی باسەکەی بۆ شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جیاوازی لەگەڵ تایبەتمەندیی دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان تەرخان کردو لەو بەشەدا جەختی کردەوە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەمیشە دەرووەستی پرەنسیپە نەتەوەییەکان بووەو لەو بارەوە کارنامەیەکی پڕ لە شانازی هەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاشان پەرژایە سەر کۆمەڵێک باسی تەشکیلاتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژو کاریگەرییان لە سەر کارو تێکۆشانی حیزبو ئەرکو بەرپرسایەتییەکان‌و بەرچاوڕوونییەکان بۆ باشتر ئیدارەکردنی کاروباری حیزبی‌و؛ لەو بەشەدا کۆمەڵێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕاو سەرنجو تێبینیی خۆیان لەسەر ئەو باسانە خستەڕوو، کە دواتر لەلایەن کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕوونکردنەوەی زیاتریان لەسەر درا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٤

## وتەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەرێوڕەسمی ۶۹ ساڵەی دامەرزانی حیزبدا

هاوڕێیانی خۆشەویست! پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات! سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خۆیی وڵات، لە باشووری کوردستانو لە هەندەران!

بە بۆنەی ٦٩یەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هەروەها پیرۆزبایی لە بنەماڵەی شەهیدان، لە زیندانیانی سیاسی و لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، کە لە ٦٩ ساڵی ڕابردوودا یارو پشتیوانو پارێزەری حیزبەکەیان حیزبی دێموکرات بوون. حیزبێک سەرەڕای هەورازو نشێو، لە لووتکەوە تا ئیفتخاری ئەوەی پێ بڕا کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ هەتا ئێستا بەردەوام لە مەیدانی خەباتو تێکۆشان ئەرکی خۆیی بەڕێوە بردووە. هەروەها لەو ڕۆژە پیرۆزەی حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاو خەمیو هاودەردی خۆمان، هاوخەمیو هاودەردی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کوردانی ئێزەدی دەردەبڕین کە بە داخەوە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تیرۆریستانی داعشو ئەوانەی کە چاوییان بڕوا نادا هەرێمی کوردستان ئەم دەسکەوتە مەزنەیی کە هەیەتی سەقامگیری بکاو بە مافەکانی خۆیی بگاو بەدوایی ئەودا دەسکەوتی گەورەتریشی وەدەست بێ. هەروەها لێرەوە پشتیوانی خۆمان بۆ هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دەردەبڕیین کە لە بەرەکانی شەڕدا بۆ پارێزگاری لە هەرێمی کوردستانو دەسکەوتە نەتەوایەتییەکانی هەموو لایەکمان، لە دژی تیرۆریستان لە خەباتو تێکۆشاندانو شەڕ دەکەن، دڵنیایان دەکەینەوە کۆمەڵانی خەڵک لە بەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو شۆێنەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ٦٩ ساڵ پێش ئێستا لێی لەدایک بوو لەگەڵیان دان، پشتیوانیانو پشتیوانیان دەکەن.

هاوڕێیانی خۆشەویست! کورتە ئاوڕدانەوەیەک وەسەر مێژوویی ٦٩ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆمان دەردەخا ئێمە نزیک بە دوو ٣٥ ساڵ تێکۆشانمان بووە. ٣٥ ساڵی یەکەم بەدوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتیو کۆماری کوردستان لە لووتکەوە کە ئیفتخاری ئەوەمان پێ بڕا کۆماری کوردستان دابمەزرێنین بە سەرۆکایەتی پێشەوایی حیزبی دێموکراتو سەرۆکی کۆماری کوردستان تا ئینقلابی ئێران. نیزیک ٣٥ساڵ خەباتو تێکۆشان، زیندانو دەربەدەریو تەبعید، تێکۆشانێکی زۆر لە هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆردستان لە دژی حکوومەتی پەهلەوی. بە دوای ئینقلابی ئێراندا دەقیقەن دوای

ئینقلاب بۆ جارێكی دیكەش كۆمەلانی خەلك لە ڕۆژهەلاتی كوردستان لە دەوری حیزبی دێموكرات كۆبوونەوە و ئەو متمانەیان پێدان وەك حیزبی خۆیان دیسان لە بەشێكی بەرچاوی ڕۆژهەلاتی كوردستان دەسەلاتێك دابمزرێنێو كۆمەلانی خەلك لەو دەسەلاتە كە بۆخۆیان تێیدا بەشدار بوون لەزەتی لێبەرن دەسەلاتی كوردی بۆ جارێكی دیكە دوای كۆماری كوردستان ببیننەوە.

لە ماوەی ٣٥ سالی ڕابردووی خەباتو تێكۆشانی ئێمە لە پێناو مافەكانماندا لە دژی كۆماری ئیسلامی هەروەكی پێشوو هەورازو نشیوی بووە، حیزبی دێموكرات بە دوای ئینقلابی ئێران، ئینقلابێك كە كۆمەلانی خەلكی ئێران لە دژی ئیستبدادوو دیكتاتۆری كردیان و چاوەڕوانی ئەوەیان دەكرد لەژێر سێبەری دێموكراسیدا بە مافەكانیان بگەن و خەلكی ئێمەش لە ڕۆژهەلاتی كوردستان بۆ جارێكی دیكە بە مافەكانی خۆی بگا، بە داخەوە پەیامی ئاشتیو گفتوگۆ و موزاكرەو ڕێگا چارەی دێموكراتیكی قەزیەی كورد لە ڕۆژهەلاتی كوردستان بە هێرشی نیزامی لە لایەن كۆماری ئیسلامی ولامی درایەوە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا نیزیك ٣٥ سال خەباتی ئێمە لە دژی كۆماری ئیسلامی بەردەوام چۆتە پێشێ. لە هەموو مەیدانەكانی تەبلیغاتی، تەشكیلاتی، دیپلۆماسی، سازماندەهی خەلك لە نێوخۆی ولات، هەولمان داوە پەیامو بۆچوونەكانی حیزبی دێموكرات بە جەماوەریتر بكەینو كۆمەلانی خەلك سەرەڕای فشارو زەختو زۆرێك كە لە لایەن كۆماری ئیسلامییەوە لەسەریان بووە بە شێوازی جۆراوجۆر لە بەرنامەو فەعالییەتو تێكۆشانەكانی حیزبی دێموكرات بەشدارییان كردوە، نەیانهێشتووە حیزبەكەیان تەنیا بمێنێتەوە، بە ڕێبازی شەهیدانو ڕێبازی ڕێبەرانی حیزبی دێموكرات وەفادار بوونەوە، ئەوە سەرەڕای ئیستبدادو دیكتاتۆری كۆماری ئیسلامیو دەسەلاتێكی ڕەشی ئەمنییەتی كە لە ڕۆژهەلاتی كوردستان دایمەزراندوە. لە تەواوی ئەو ئالوگۆڕانەی كە لەو ماوە لە ئێران هاتۆتە گۆڕێو لە نێوخۆی ولات كێشەی سیاسی بە مناسبەتی جۆراوجۆر بووە بە مەوزوع، حیزبی دێموكرات سەرەڕای پرۆژەی سەرەكی خۆی كە هەولدانە بۆ ئەوەی كە هەمووی كۆمەلانی خەلك لە ڕۆژهەلاتی كوردستان ڕێك بخا، بە هاوكاری گەلانی ئێرانو هەموو تێكۆشەرانی ئێران، ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئاداری لەسەر پاداری نەمێنێو حكوومەتێكی دێموكراتیك دابمەزرێ، بەلام دیسان لە تەنیشت ئەوەدا ئێمە تێكۆشاوین لە فورسەتەكانیش كەلك وەربگرین. بۆیە هەركاتێك لە ئێران باسێك هاتۆتە گۆڕێ بە جۆرێك لە پێوەندی لەگەل هەلبژاردنەكاندا، فەزایەك هاتۆتە گۆڕێ، ئێمە بێ تەفاوت نەبووین، هەولمان داوە بەو شێوەیەش كۆمەلانی خەلك بچنە نێو گۆڕەپانەكە. دوای ماوەیەك كە ئاغای ڕوحانی دەسەلاتی بەدەستەوە گرتو بوو بە ڕەئیس جمهور، لە دەورانی هەلبژاردنی ئینتخاباتی بە تەبیعەتی كەشو هەوای ئەو وەخت كە كۆمەلانی خەلكیش ئینتزاراتێكان دروست كردبوو و چاوەڕوانی ئەوەیان دەكرد داواكانیان، مافەكانیان، ویستو نیازەكانیان، هەمووی ئەوانە كە حەقی خۆیان بوو [سەرنجی پێبدرێ] و بەشێكی ئەوە لە موبارزەی ئینتخاباتییەكەیدا هاتە پێشێ، تەنانەت دواتریش كەموزۆر ئاماژەی پێدەكرد، بەلام بە داخەوە تا ئێستا ئاوڕێكی مەسئوولانەی بە تەواوی ئەو بەلێنانەی كە دابووی نەداوەتەوە. دەولەتی ئاغای ڕوحانی تا ئێستا كە ئەو وەختە خەلك بە ئینتزاراتێكەوە چوونە نێوە گۆڕەپانەكە، ئەوشتانەی كە باسی كردبوو ئەو ئینتزاراتو بەلێنانەی دابووی، نەی توانیوە بە جۆرێك بیخاتە نێو دەستووری كاری ڕۆژانەی خۆی. دەولەتی ئاغای ڕوحانی



سەرچاوە Serchawe

و ئاغای ڕوحانی ئەگەر دەزانن کێشەیان لەگەڵ ڕەقیبەکانی خۆیانو خەڵک دەورووبەری وەلی فەقیەو ئەو جەماعەتەی کۆماری ئیسلامیو سپاسی پاسداران هەیە، دەبێ لەگەڵ کۆمەلانی خەڵک باسی بکەن، دەنا کۆمەلانی خەڵک لە ئێران بەردەوام لە خوێندنەوەی لێکدانەوەی خۆیان بەو قەناعەتە دەگەن کە ئاغای ڕوحانیو هەمووی ئەوانەی دیکە کە بەجۆرێک هەوڵیان داوە جیاوازییەک لە نێوان خۆیانو توندڕەوەکان بێنە گۆڕێو بە جۆرێک هیواو هومێدێک بلاو بکەنەوە، دەکەونە یەک خانەی قەزاوەت و یەک جۆر قەزاوەتیان لەسەر دەکرێ. سیاسەتی دەوڵەتی ڕوحانی کە هەوڵ دەدا بە چارەسەری کێشەی ناوکی ئێران دەگەڵ دنیای دەرەوە تەواوی فکرەکان «متوجه» حەلی ئەو کێشەیە بکا و تێبکۆشێ لەو مەیدانەدا ئەو فشارانە لەسەر خۆی وەلا بەرێ، سیاسەتێکی تەواو نیە، سیاسەتێکی کامیلەن دروست نیە، ئەو سیاسەتە ناتوانێ وڵامدەربێ بۆ خەڵک لە شەقامی ئێرانێ کە ڕۆژانە بێکاری گیرو گرفتی ژیان، گرفتی کۆمەلایەتی، گرفتی خانەوادەگی، بێهۆویەتی ئینسان وەک تاک وەک خانەوادە، وەک کۆمەڵ، کۆمەڵگای ئێرانی خراپ کردوە، چارەسەری ئەو کێشانە بکا. تا ئێران پێ نەنێتە کۆمەڵگایەکی ساڵمو وڵامدەر، تا حکوومەت بەرامبەر بە خەڵکەکەی خۆی وڵامدەر نەبێ، تا بەرامبەر بە چارەسەری کێشەکانی تاکو بنەماڵەو کۆمەڵگا وڵامدەر نەبێ، ناتوانێ سیاسەتێکی دروستو مەسئوولانەی لە ئاستی نێودەولەتیشدا هەبێ.

کۆماری ئیسلامی لە هەمان کاتدا تێدەکۆشێ بە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە کە لە کێشەی ئەتۆمی بە جۆرێک پاشەکشە دەکاو لەگەڵ دنیای دەرەوە پێک دێ، هەوڵی داوە لە ماوەی ڕابردوودا سەرنجی دنیای دەرەوە بۆسەر مافی مرۆڤو وەزعی زیندانیانی سیاسیو وەزعی خراپی باری ژیانی سیاسیی زیندانیانو هەروەها مافی مرۆڤ کۆمەڵگای دەرێ تا ڕادەیەکی زۆر لە پەراوێز بکەوێ. لە تەنیشت ئەوەدا کۆماری ئیسلامی کە تێدەکۆشێ وا نیشان بدا کە کێشەی ئەتۆمی دەگەڵ دنیای دەرەوە چارەسەر دەکا و تێدەکۆشێ تەسویرێک لە خۆی دروست بکا کە بەڵێ حکوومەتێکە ئیحترام بۆ قانوونی نێودەوڵەتی دادەنێو دەچێتە نێو خانەی ئاشتی میللیو ئیحساسی مەسئوولییەت لە ئەمنییەتی نێو دەوڵەتیدا، بەڵام لە غەزەوە بگرە هەتا لوبنانو سووریەو عێراق، کۆماری ئیسلامی سەرچاوەو ماکەی کێشەکانو نانەوەی ئاژاوەو هەروەها دروست کردنی زەمینەیە بۆ دروست بوونی گرووپەکانی توندڕەوە لەو ناوچەیە ئەگەر وایە کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا وەک حکوومەتێک تەعاوولی لەگەڵ وەزعی ناوچەکە، لەگەڵ خەڵک لە نێو خۆی وڵات، لەگەڵ ئینتزاراتی خەڵک کردووە کە هەمووی نیشان دەدا وەکی سابق وەک حکوومەتێکی نامەسئوول بەرامبەر بە ویستو داخوازییەکانی خەڵک لەو ماوەیەدا عەمەلی کردووە. وەزعی خراپی ژیانی خەڵک، کێشەی کۆمەلایەتی، کێشەی خانەوادە، کێشەی بێکاری، بەداخەوە لە ئێرانێک کە زۆر دەوڵەمەندە بە مەرحەمەتی داهاتی نەوت، بۆ ئێرانێک کە داهاتی کشاورزی زۆرە، تەولیداتی زۆرە، مەجالی ئەوەی کە ئەو کێشانە چارەسەربن یەگجار زۆرە، بۆ کۆماری ئیسلامی وەک گەمەیەکی لێهاتووە. ئەوە لە حالێک دایە کە میلیاردها میلیارد دۆلار سەرفی ماجراجووییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، لە عێراقەوە بگرە تا سووریەو لوبنانو غەزەو هەمووی ئەو شوێنانە دەبێ کە لە کاروانی ئەو کێبڕکێیە وەدوا نەکەوێ. بەڵام ئێمە بە تەجروبەی ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستو بە تەجروبەیەک کە لە دونیاو ئاڵوگۆڕەکان هەمانە، کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کۆماری

ئیسلامی بە دەم ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەو ناوچەیە دەستی پێ کردووە، ئەو ئیحتمالاتەی کە پەیتا پەیتا بەدوای یەکدا دێنە گۆڕێ و ڕۆژ بە ڕۆژ دەبن بە مەوزوع و لە بەشێکی زۆری ئەوانە کۆماری ئیسلامی دەستی هەیە، وا بە ئاسانی ڕزگار نابێ. دڵنیام کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە هەمووی ئێران درەنگ یان زوو بە یەکەوە ئەو ئاڵوگۆڕانە وای لێ دەکەن کە کۆماری ئیسلامی یان مەجبوور بە پاشەکشە بێ یا تەواوی دەمو دەزگاکەی تێدا بچێ.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئێمە لە سەردەمێکدا یادی ٦٩ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە کە لە باشووری کوردستان و هەرێمی کوردستان کە بەخۆشیەوە بەرەو ئەوە دەچوو ڕۆژ بە ڕۆژ مافەکانی خۆیان زۆرتر سەقامگیر بکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ ئێعترافی نێوخۆییو پشتیوانی نێوخۆیی زۆرتر لەسەر بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئاستی ناوچەکەدا لە مەوقەعییەتی باشتر قەراریان دەگرت و، ڕۆژ بە ڕۆژ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەو ئێعترافە زۆرتر شکڵی قانوونی بەخۆیەوە دەگرت، لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا ئەو هەرێمە کەوتۆتە بەر هێرشی تێرۆریستەکانی داعش. جێگای خۆیەتی زۆر بە کورتی ئاماژە بەوە بکەین کە داعش وەک هێزێکی نیزامی بەرهەمی کۆمەڵێک کێشەو پێچیدەگی، بەرهەمی کۆمەڵێک کێشەی هەڵاوەسراوو حەل نەکراوە لە سووریەو لە عێراق کە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریەو لە عێراق کەڵکی لێ وردەگرنو بژیوی لێوەردەگرن، ئەویش ئەوەیە  لە سووریە کە حکوومەتی بەشار ئەسەد حکوومەتی ئەقەلییەتێک بوو، سوننەکانو کوردەکانی لە پەراوێز خستبوو، هەر وەکی دوای ڕووخانی حکوومەتی سەدام حوسێن بەداخەوە حکوومەتی پێشوویی عێراق، واتە دەوڵەتی پێشووی عێراق پێش چەند حەوتوو، ئەویش سوونەکانی لە پەراوێز خستبوو، نەتیجەی ئەو لە پەراوێز خستنە لە دوو پایتەختی دیمشقو بەغداد بە نیسبەت سوننەکان و لەگەڵ نەخستنی ئەوان لە ئیدارەی وڵات، بوو بە هۆی ئەوە کە جەریانێکی توندڕەوو تیرۆریستو ئینسان کوژی وەک داعش سوئیستفادە لەو بنەمایە بکاو بیکا بە بەستەرێک بۆ خۆی سەردەمێک لە دژی دیمشق دواتر لە دژی بەغدا بەڵام لەو دواییانەدا کە سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانو ئاسۆی ڕوونی چارەسەری قەزیەی کوردیان نەدەتوانی ببینن، ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردەوە. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە دەقیقەن ئەوەی لە دیمشق لە بەرانبەر موخالفینی بەشار ئەسەد دەکرا، دەقیقەن ئەوەی لە بەغدا تەنانەت دوای ڕووخانی حکوومەتی سەدام حوسێن لایەنەکانی دیکەیان بەشداری نەدەدا بۆئەوەی کە خۆیان لە دەسەڵات ببیننەوەو دوایە پەنا نەبەن لە داعش ئیستفادە بکەن، دەقیقەن ئەوەیە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئێران کەس بەشداری نادا لە دەسەڵات بە دەرەجەی یەکەم کورد وەک نەتەوەیەک لە هەموو بارێکەوە مەحروومە لە بەشداریی دەسەڵات و دوایە لە ئێران لایەنەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت سوننەکانیش لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە بە چاوی غەییر چاویان لێدەکرێو خۆیان لەو سیستەمەدا نابیننەوە. بەڵام بۆ ئێمە وەک کورد بە شیعەو سوننی و بە ئایینەکانی دیکە وەک کورد خۆمان لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا نەدیتۆتەوە و سیاسەتی ئینکاری کۆماری ئیسلامی و لە پەراوێز خستنی خەڵکی دیکە دەقیقەن  ئەو ئیحتمالاتەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە گۆڕێ دایە لە ئێرانیشدا دەیهێنێتە پێشێ،  ئەوە کۆماری ئیسلامی تێیدا

مەسئوولە. ئالوگۆڕەکانو ئیحتمالەکان لەو ناوچەیە بە جۆرێکە خاریج لە تەحلیلو لێکدانەوەی تەنانەت زل هێزەکانیشە. سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق تا ١٠ ڕۆژ پێش ئێستا شتێکی دیکە بوو، بەڵام چەند ڕۆژە لە پێوەندی دەگەڵ هەرێمی کوردستانو مەوقەعیەتی کوردو ئەو فەرهەنگە موتەمەدینانەی کە هەرێمی کوردستان کە باوەڕی بە دێموکراسی هەیە، کە باوەری بە یەکەوە ژیان هەیە، کە لێرە سوننیو شیعەو مەسیحیو ئیزەدیو جوولەکەو هەموو لایەک وەک ئینسان لە مافەکانی دێموکراتیکی خۆیان بەهرەمەندن، ئەوە بوو بە ئیمتیازێکی باش بۆ هەرێمی کوردستان کە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتیوانی بۆ دروست بێ. لەبیرمان نەچێتەوە کە دوای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر تێکۆشەرانی ئێرانی لە ئێران، ڕۆژهەلاتی کوردستان دەقیقەن بوو بە پشتو پەنایەک بۆ هەمووی ئەوانەی کە لە تارانو شارەکانی دیکە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە فشاریان بۆ دەهاتو تەهدید دەکران، بە سوننیو شیعەو بە مەسیحیو بە ئایینەکانی دیکەو بە حیزبە سیاسیەکانو بە ژنو پیاوو کە بە ناوی موحارب یا خوداو بەو شێوە تەحتی تەعقیب بوونو لە ترسی ئێعدام ڕوویان دەکردە کوردستان، کوردستانی ئێمەش ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەو سەردەم ئەو شوێنە بوو کە لایەنەکان بە هەموو بیرو باوەڕێکی سیاسی بە هەموو تەنەوەعاتی مەزهەبی تێیدا دەحاوانەوە و دەقیقەن ئەوە بەشیەکی دارێژراوی سیاسەتی حیزبی دێموکرات بووە بە خۆشییەوە لە کۆماری کوردستان، لە عەقلیەتی حیزبی دێموکراتدا سەرچاوەی گرتووە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

خەڵکی خەباتکارو ئەمەگناسی ڕۆژهەلاتی کوردستان!

ئەو هەلومەرجەی کە هەرێمی کوردستان تێی کەوتووە، بێگومان هەمووی ئێوە دڵتان لەگەڵ داهاتووی هەرێمی کوردستانە، هەمووی ئێوە بە پەرۆشەوە چاو لە داهاتووی ئێوە دەکەنو بەو پەیامانەی کە لە شاروو دێهاتەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ئێمە گەیشتووە، بە بەشی تەشکیلاتی حیزب، بە بەشی میدیایی حیزب، بە کادرو مەسئوولینی حیزب، پەیتا پەیتا لە ئێمە دەپرسن کە هەڵوێستی حیزبی دێموکرات چۆن دەبێتو لە هەمان کاتدا بە شێوازی جۆراوجۆر ئامادەیی خۆتان دەربڕیوە بەشێوازی جۆراوجۆر بەشداری بکەن لە پاراستنی باشووری کوردستانو بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە نەتەوایەتییە کە کاتی خۆی حیزبی دێموکراتی لەسەر دامەزراوەو بیرۆکەی کۆماری کوردستان بوو. پێم خۆشە لێرە یەکەم سپاسو قەدردانی خۆمان لە لایەن سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتو ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە خەڵکی تێکۆشەرو خەباتکارو خۆڕاگری ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕابگەیەنم کە سەرەڕای فشارو زەختی کۆماری ئیسلامیو حکوومەتی ئەمنییەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دیسان ئیحساسو عاتفەو هاودەردی خۆتان لەگەڵ ئێرە [باشووری کوردستان] دەربڕیوە، ئێمە لەسەر ئەساسی داواکانی ئێوەو باوەڕی ئێوە باوەڕی قووڵی حیزبی دێموکرات، بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی نەتەوایەتی خۆمان داواکانی ئێوەمان لەگەڵ کاربەدەستانو بەڕێوەبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو لایەنەکانی بەرپرس لەو پێوەندیەدا دەربڕیوە. ئێمە ڕامانگەیاندوە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ئامادەیە وەک پێشمەرگەیەکی نەتەوەیی، وەک میراتگری کۆماری کوردستان، لەو فورسەتەی کە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەڵکەوتووەو خستراوەتە بەر هێرشی تیرۆریستان لە

بەرەکانی شەڕ بۆ دیفاع لە هەرێمی کوردستان لە دژی تیرۆریستان خەبات بکەنو تێبکۆشنو شەڕ بکەنو بەشدار بن. کاربەدستانو لایەنەکانی بەڕێوەبەر وێڕای سپاسو پێزانینی خۆیان لە ئیحساسو عاتفەی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەت هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایانگەیاندوە زۆر سپاستان دەکەین، بەلام بە خۆشییەوە هەرێمی کوردستان پێشمەرگەی زۆرە، هەرێمی کوردستان پشتیوانی کۆمەلانی خەڵکی زۆرەو لە هەمووی ئەوانە گرینگتر لەو کەشو هەوایەدا دیپلۆماسی کورد، دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان، لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، توانی زۆر بە باشی عەمەل بکاو بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بلێ ئەگەر پارتنەرو دەوێ، ئەگەر دۆستودەوێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئەوە کوردە بە ڕابردووی خەباتو تێکۆشانی خۆی، بە چۆنیەتی تەعامولی خۆی لەگەڵ ئایینو ئایینزاکانی دیکە، نەتەوەکانی دیکە و بە نوسخە خۆی لە شێوەی ئیدارەی وڵاتو چارەسەری کێشەکان دەتوانێ مەیدانێکی باش بێ، دۆستێکی باش بێ بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی لێرە [باشوور]، هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی باش بە هانای هەرێمی کوردستانەوە بێن. ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەگی خۆی دەربڕیوە پشتیوانیی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بکا، دەقیقەن لەبەر ئەوپە ئەرکی نەتەوایەتی خۆی بەجێ بگەیەنێ. ئێمە لەو باوەڕەدابن هەموو پارچەکانی کوردستان تایبەتمەندیی خۆیی هەیەو لەو باوەڕە داین وەک حیزبێکی سیاسی دەخالەت لە هیچ پارچەیەکی کوردستان نەکەینو ناردنی هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ موزاییدەی سیاسی نیە، بۆ تەبلیغو ڕێکلام نیە، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆمانە. بەلام بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی وەزعیەتی ئێرە حەساسیەتی ناوچەکە، کۆمەڵێک معادلاتو لەبەرچاو گرتنی کۆمەڵێک فاکتەر، بەرژەوەندی خۆیان لەو سەردەمەدا گرینگە، ئەگەر بە هەر دەلیلێکیش وێڕای سپاسو پێزانین بۆ هەڵوێستی حیزبی دێموکرات، ئێستا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە بەرەکانی شەڕدا نین، دەلیل بەر ئەوە نیە ئێمە لێیان ناڕاحەت بین. ئێمە دەرکی حەساسیەتەکان دەکەین، ئێمە دەرکی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئێمە دەرکی ئەوە دەکەین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان حکوومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵکە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان خەڵک هەڵیبژاردوە، ئەنجومەنی وەزیران خەڵک هەڵیبژاردوە، پارلەمان خەڵک هەڵیبژاردوە، بۆ دەسەلاتێک کە خەڵک هەڵیبژاردوە، دەبێ پشتیوانی خەڵکی هەبێ. بۆیە ئەگەر ڕاستەوخۆ بە لەحازی نیزامیو پێشمەرگانە بەهەر دەلیلێک بێ نەمانتوانیوە لە بەرەکانی شەڕدا بەشدار بین، داوای سەرجەم کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو ئەندامانی حیزبی دێموکراتو حیزبی ئێمە لە تەواوی موئەسەساتی هەرێمی کوردستان، تەواوی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە وەحدەتو یەکڕیزیو یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن. سەرکەوتن لە یەکڕیزیو یەکگرتوویی دایە. لە هەمانکاتدا کە پشتیوانییەکی بەهێزی نێودەوڵەتی لە گۆڕێدا هەیە، ئیحساسو عاتیقەی تەواوی بەشەکانی دیکەی کوردستانولەگەڵدایە، بەلام دڵنیا بن ئەوە یەکگرتووی هەموو حیزبە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان بەتایبەت پارتی دێموکراتو یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانو لایەنەکانی دیکە، لە ژێر بڕیاری واحیدی سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانو پارلەمانی کوردستانە، ئەوە ئەسڵە، ئەگەر ئەوە لەگۆڕێدا هەبێ ئەوانەی لە ناوچەکەدا تێدەکۆشن لە کەلێنو کولێنەکان سوئیستفادە بکەن، ناکۆکی بخەنە نێو ڕیزەکانی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان، کە بەخۆشییەوە ئێستا باش عەمەل دەکا، ئەو پیلانەش لە دژی کورد سەر ناگرێ. بۆیە هیواداریین



سەرچاوە Serchawe

بەرەکانی شەڕی هەرێمی کوردستان بەرەو دیفاع لە کوردستانە، مزائیدەی سیاسی حیزبی تێدا ناکرێ، پێشمەرگەکانی شەڕ، پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانن، لەوێ وەک پێشمەرگەی کوردستان عەمەل دەکەن، وەک پێشمەرگەی هیچ حیزبێک عەمەل ناکەن، ئیفتخارات ئیفتخاراتی کوردستانە، ئەگەر خوادی نەخواستە هیوادارم ڕۆژێک شکەست نەهێنێ، ئەگەر شتێکی واش هەبێ، لە جیبهەیەکیدا جیاواز لەوەی کە پێشمەرگەی کێهە لا لەو جبهەیە هەبێ سەرکەوتنەکەو تێکشکانەکە ئی هەمووی کوردستانە. بۆیە لێرە دەنگی واحیدو هاودەنگی یەکدەنگیو یەکڕیزی، زامینی سەرکەوتنی ئێمەیە و فاکتەرێکی سەرەکیە لە تەعامولی ئێمە لە ناوچەیەکدا کە پڕ کێشەیە و ئیحتمالاتی زۆر تێدا هەیە.

هاوڕێیانی خۆشەویست! پێشمەرگەکانی دێموکرات! تێکۆشەرانی نێوخۆیی وڵات! کە بە شێوازی جۆراوجۆر لەو ماوەیەدا بەهەر شێوەیەک کە بۆتان گونجابێ هەوڵتان داوە لە دژی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە فورسەتەکان کەڵک وەربگرن و تێبکۆشن ئاواتەکانی حیزبی دێموکراتو ئاواتەکانی کۆماری کوردستانو ئەو دەسکەوتانەی کە لێرەو لە شوێنەکانی دیکە هەمانە، درەنگ یان زوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ئێمەش پێیان بگەین. ڕاستە هەمووی ئێوە لە نێو خۆی وڵات چ ئەوانەی بە نووسین، چ ئەوانەی بە قسە کردن، چ ئەوانەی بە هونەرو بە هۆنینەوەی شێعرو ئەدەبیات، چ ئەوانە بە دیپلۆماسی، چ ئەوانەی لە کۆڕو کۆمەڵی مەدەنی لە نێوخۆیی وڵات بە شێوازی جۆراوجۆر دڵتان لەگەڵ هەرێمی کوردستانە، ئێمەش دڵمان لەگەڵ ئێرەیە، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە کارو تێکۆشانو چالاکی هەموو لایەکی ئێمە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە خۆشییەوە هەرێمی کوردستان لە زۆر بوردا ئەوەندە چۆتە پێشێ ئەوەندە خۆی پەروەردە کردوە، ئەوەندە خۆی پێگەیاندوە کە لە زۆر بابەتەوە گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەر بکا. بۆیە هەمووی ئێمە دەبێ تێبکۆشین لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو ئیحتمالاتەی کە دێتە گۆڕێ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێز نەکەوێ. هەموو چالاکییەکو فەعالیەتێکمان بۆ ئەوێ بێ، ئەگەر لە دیپلۆماسی دەزانینو دەنگ بە شوێنەکانی دیکە دەگەیەنین، وەزعی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو وەزعی نالەباری کورد کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شوێنە بگەیەنین. ئەگەر قەلەمان کار دەکاو دەتوانین بنووسین هەر لەو بووارەدا کاری بۆ بکەین. لەسەریەک لە ئینترنێت، لە فەیسبووک، لە دنیای مەجازی، لە هەموو شوێنێک ئێمە دەبێ تێبکۆشین ئەرکی سەرەکی خۆمان بەرانبەر بەم شوێنەی کە حیزبی دێموکراتی لێ دامەزراوە و لەو شوێنەی کە ئەقلو بیروباوەڕی کوردایەتی نەهادینە بوو و بە خۆشییەوە بەشەکانی دیکەش تەئسیریان لێوەرگرتووە، ئێستاش نەتیجەکەی دەبینین، هەموو شتێکمان بۆ ئەوێ بێ. هیوادارم بە کارو هیمەتی هەموو لایەکمان بە تێکۆشانی هەموو لایەکمان ئەو سەرکەوتنەی کە لە هەرێمی کوردستان وەدەست هاتووە لە بەرەکانی شەڕ تیرۆریستەکان تێک دەشکێنو سەرکەوتنی گەورەتری بەدوادا دێ و دڵنیام قەزیەی کورد لە تورکیە بۆ دواوە چوونەوەی نیە، بەرەو چارەسەری دەچێ. لە سووریەش ئەگەر باشتر نەبێ خراپتر نابێ. ئەگەر وایە ئەوە ئێمەین، هەموو تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات، هەموو خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەمووی ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەبێ ئیهتمامو کارەکەمان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ، هیوادارم ئەندامانی حیزبی دێموکراتو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە ئێستا ٦٩ ساڵی تەمەنی خۆمان تێپەر دەکەین، بەرەو جێژنی ٧٠ ساڵەی خۆمان دەڕۆین، ساڵێکی دیکە لە ٧٠ ساڵیدا شاهیدی زۆر سەرکەوتنی دیکە بین لە

باشووری کوردستان، لە باکووری کوردستان زۆر دەسکەوت لە ڕۆژئاوایی کوردستان و زۆر گۆڕان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتو یادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، زۆر ئەرک لەبەردەم خۆمانو لەبەردەم ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دابنێین. سەرکەوتن ئی ئێمەیە، داهاتوو ئی ئێمەیە و بە گەشبینیو خۆشبینیەوە بەرەو جێژنی ٧٠ ساڵە حیزبی دێموکراتو کاروانی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دەبەینە پێشێ هەورازو نشیوەکان، پیلانی تیرۆریستەکان ئینکاری ئێمە، تیرۆری ڕێبەرانمان، بە کۆمەڵکوژی ئێمە، ئێمە سوورتر دەکا لەسەر ئەو ڕێبازەی کە دەیان شەهیدو ڕێبەری شەهیدو هەزاران پێشمەرگەو کادرمان بۆ فیدا کردووە.

هەموو لایەکمان ساغو سڵامەت بین. بە هیوای سەرکەوتن. بژی حیزبی دێموکرات! سەرکەوتوو بێ خەباتو تێکۆشانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان! هیوای گەشە بۆ خەباتێکی زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەر شادو سەرکەوتوو بین.

لە ژمارە ٦٣٨ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---

## خالید عەزیزی: کێشەی سیاسیو ماف بە وتووێژو لێکحاڵیبوون چارەسەر دەکرێ

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی کادرو پێشمەرگەکاندا تیشکی خستەسەر باسەکانی نوێترین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لێکدانەوەو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە هەمبەر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران، کوردستانو ناوچەی خستە بەرباس.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٩ی خەزەڵوەر بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم تەوەری باسەکەی بۆ لێکدانەوەی وتووێژی هەستیاری کۆمەڵگای جیهانی لەگەڵ ئێران لە سەر پرسی ئەتومیی ئەو وڵاتە تەرخان کرد.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوەی کە کێشەی ئەتومیی ئێرانو ئەو قەیرانەی ئێران لەو پێوەندییەدا دروستی کردوە سێبەری خستۆتە سەر زۆربەی پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگای ئێران، پێی وابوو چارەسەربوونی قەیرانی ئەتومیی ئێرانو ساغبوونەوەی جیهانی لەسەر ئەو بابەتە بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە، لەبەر ئەوەی بەهۆی قەیرانی ئەتومییەوە بۆ نموونە پرسی نەتەوەکان، پرسی ئازادیی سیاسی، پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، پرسی بەشداریو بەشداری پێنەکردنی خەڵک لە سیاسەتو بەڕێوەبەری، پرسی ژنان، زیندانیانی سیاسی، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان هەر هەموو خراونەتە پەراوێزەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو قەیرانە لە نێوخۆی وڵات بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنو شاردنەوەی قەیرانەکانی دیکەو لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کەڵەوەکێشیو وەرگرتنی باج لە وڵاتانی بچووکی دراوسێی کەلک وەردەگرێو تەنیا کاتێک پاشەکشە دەکا کە فشاری بۆ هاتبێو گەمارۆ ئابوورییەکانو دابەزینی نرخی نەوت لەوەدا کاریگەریی خۆی بووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ئەو پرسە گوتی: ئێمە لە دانیشتنو کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ لایەنە بیانییەکان پێمان گوتون کە نابێ متمانە بە ئێران بکرێو ناکرێ هەموو هێلکەکانتان لە سەبەتەیەک دابنێن، چونکی ئێران ژانەسەری دیکەتان لە شوێنێکی دیکە لە یەمەن ڕا تا تا دەگاتە لوبنان بۆ دروست دەکا.

کاک خالید عەزیزی لەو بەشە لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە سەردانەکەی بۆ ئەمریکا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە بەلایەنی ئەمریکای گوتوە کە نابێ کورد لە گێڕەنی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەتەنیا بێڵنەوە. هەروەها جەختی کردوەوە کە ڕەخنەی لە سیاسەتو ڕوانگەی ئەمریکا بە نیسبەت پرسی کورد لە ئێران گرتوە کە بە نیسبەت کێشەی کوردو قورسایی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشەکانی ئێرانو ناوچەدا کەمتەرخەم بوون.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بەوەی لەو ماوەیەدا زۆر باس لە وتووێژی نێوان دەوڵەتو حیزبی دێموکرات کراوە، گوتی لە ڕوانگەی ئێمەوە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کێشەی سیاسیو ماف لە ڕێگەی وتووێژو دانوستانەوە چارەسەر دەکرێو لە ڕابردووشدا کە ئێمە دەستمان بۆ چەک بردوە، ناچاریان کردووین.

کاک خالید عەزیزی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە باشترین ڕێگای چارەسەری پرسی کورد لە ئێران دانوستانو وتوویژەو لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بنەمای وتوویژ بۆ چارەسەری کێشەکان قەت ڕەت نەکراوەتەوە.
باس لە هێنانەگۆڕێی چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەری تەوەرێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا بوو.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بە پێویستیی هێنانەبەرباسو بەڕۆژەڤکردنی چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەریو چۆنیەتیی نهادینەکردنو چەسپاندنی ئەو گوتارە لەسەر کاردکردی حیزبو کۆمەڵگاو نوخبەی وڵات باسێکی تێرو تەسەلی پێشکێش کرد.
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای باس لەوەی کە بەشێوەیەکی سروشتی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە پلەی یەکەم ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو ئەساسەن حیزبی دێموکراتی کوردستان بەر بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە، باسی لە کۆمەڵێک هۆکاری نێوخۆییو دەرەکی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو دروشمە کردو گۆتی مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەوڵێک بووە کە بۆ لە پەراوێز خستنی هەرچی زیاتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ڕووبەری بزوتنەوەی کوردو نەخشەی ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەدا تێدەکۆشێ.

کاک خالید جەختی کردەوە کە سیاسەتو گرتنەبەری ڕۆژهەڵات مێحوەری بە هیچ جۆرێک دژایەتیی لەگەڵ بەرپرسایەتییە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بە مانای ئەوەیە کە تێبکۆشین لە ڕێگەی هێنانەوە نێو ڕۆژەڤی پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەری گشتیی کوردی بەهێزتر و کاملتر و کاراتر بکرێ.

شایانی باسە کاک خالید لە بەشی کۆتایی باسەکەیدا پرژایە سەر کۆمەڵێک باسی تەشکیلاتیو ڕێنوێنی پێویستی بۆ بردنە پێشێ کاروباری حیزبی لەو بوارانەدا بە بەشە پێوەندیدارەکان دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# ساڵی ٢٠١٥

---

## خالید عەزیزی: یەکگرتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە هەمووان لە حیزبی یەکگرتوودا دا هەست بە ئاسوودەیی و بوونی خۆیان بکەن.



سەرچاوە Serchawe

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی دا بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب، پرسی "یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان" تاوتوێ دەکات.

پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٣و لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی دا بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پرسی نێوان هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵدان بۆ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتی هێنایە بەر باس.

لە سەرەتای قسەکانی بەڕێز خالیدی عەزیزی بە ئاوڕدانەوە لە بەشێک لەو هۆکارانەی کە چەند جار حیزبی دێموکراتی کوردستانی تووشی قەیرانی تەشکیلاتی کردوە، باسی لە گرینگیی یەکریزی و یەکگرتوویی لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا کرد.

لە درێژەی قسەکانی دا بەرێزیان ئاماژەی بەو هەوڵانە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا بە نیسبەت ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی نێوان هەردوولای دێموکرات و کارکردن بۆ لیک نزیککردنەوەی دێموکراتەکان کردوونی. لەم پێوەندییەدا بەریز عەزیزی وتی: لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناغ بە قۆناغ، دەروەستانە هەوڵی کەمکردنەوەی گرژیی و ئاڵۆزییەکانی داوەو، بۆ پێکەوەدانیشتن و لە کۆتایی دا وەسەریەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات پلان و گەڵاڵەی روونی پێشکەش کردوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی قسەکانی دا وتی: " خۆشبەختانە گرتنەپێشی سیاسەتی درووست و مەنتقیی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی رۆڵێکی بەرچاوی هەبێ لە درووست بوونی قۆناغێکی دڵخۆشکەر کە ئەمرۆ هەردوو لای حیزبی دێموکرات، پێکەوە لە دانووستان دان و بیر لە ئاکامی ئەم هەوڵانە- کە هەمان یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانە- دەکەنەوە.

بەرێز کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پێداگریی لە سەر بەشداریی هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا کردو روو بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە و گشت ئەندامانی حیزب وتی: " ئێوە دەبێ بە تێبینی و بۆچوونەکانتان یارمەتی بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکرات بدەن و هەوڵ بدەن یەکگرتووانە و بە هەستکردنی بە ئاسوودەیی، حیزبی دێموکرات زۆر لەوە گەورەتر بکەنەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی ڕایگەیاند کە: "یەکگرتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە هەموان لە حیزبی یەکگرتوودا هەست بە ئاسوودەیی و بوونی خۆیان بکەن".

لە کۆتایی قسەکانی دا کاک خالید عەزیزی سەبارەت بەو هەوڵانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا و بە شێوەی جۆراوجۆر دێنە ئاراوە، وتی: "ئێمە بە چاوی ڕێزو پێزانینەوە دەڕوانینە ئەو هەوڵانەو، هەموویان بە هەوڵدانێکی دڵسۆزانە دەزانین".

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەدا بەشێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە تێبینی و پێشنیارو پرسیارەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەند کردو بە کارێکی درووست و پێویستیان زانی کە ڕێبەری حیزب و لە سەرروو هەمووانەوە بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ پرسێکی گرینگی ئەوتۆدا لە گەڵیان کۆدەبێتەوەو بەشداریی باسەکان دەکەن.

جێی ئاماژەپێدانە کە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی ڕایگەیاند کە هەر هاوڕێیەکی حیزبی لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا، باس و بابەتێکی تایبەتی هەبێ، دەتوانێ داوا لە کۆمیسیۆنی ناوبراو بکات کە کۆڕو سمیناری بۆ پێک بێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێویری ٢٠١٥

## خالید عەزیزی: بە بایەخەوە لە چالاکیو جموجۆڵی چالاکانی سیاسیو مەدەنیی نێوخۆ دەڕوانین

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووە حیزبەکەی بەبایەخەوە لە چالاکیو جموجۆڵی چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کورد لە نێوخۆی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوانێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەویەکدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ ی خاکەلێوە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتبوو، تیشکی خستەسەر باسەکانی پلینۆمی ١٢ ی حیزبی دێموکڕاتو باسی لە خوێندنەوەو تێڕوانینی حیزبی دیموکڕات لە هەمبەر پرسە ڕۆژەڤەکانی کورد لە ئێرانو کوردستان کرد.

کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ لێحاڵێبوونی وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ ئێران لەسەر کێشەی ئەتومیی ئەو وڵاتە گوتی لە ڕوانگەی ئێمە ساغبوونەوە لەسەر ئەو لێکحاڵێبوونە کۆتایی کار نییەو هێشتا ڕوون نییە کە دەروەستیی لایەنەکان بەو لێحاڵێبوونە چۆن دەکرێ ببێتە بنەمای ڕێککەوتنو چ گەرەنتیەک بۆ پێبەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنەکان لە ئارادا دەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو بەشەی قسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە کێشەی ئێرانو دنیای دەرەوە لەسەر کەیسی ئەتومی پێوەندیی بە دێموکراسییەوە نییە، پێوەندی بە مافی مرۆڤەوە نییە، پێوەندی بە مافی کوردەوە نییەو پێوەندیی بە داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان وەک کێشەی ژیانو مافو ئازادییەکانیانەوە نییە، بۆیە سیاسەتو بڕیارەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەند نییە بە دەرەنجامی ئەو ڕێککەوتنە، بەڵام ئەگەر لە دەرەنجامی ئەو ڕێککەوتنەدا ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی بزووتنەوەو کۆمەڵانی خەڵک بێتە پێشی، ئەوا حیزبی دێموکرات دەستی بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتانە ئاوەڵایە.

خالید عەزیزی لەو بەشەی باسەکەیدا گوتی ئەوە بە ئەرکی خۆمان دادەنێین کە لە پێوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانو لایەنەکانی بەرامبەری ئێران پێیان بڵێین کە ئەزموونی حاکمییەتو ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەری دەدا ئەو ڕێژیمە جێی متمانە نییەو لە عەقڵییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا پاشگەزبوونەوە، تێهەڵچوونەوە، کارشکێنێ، فرتو فێڵو پێبەند نەبوون بە دەروەستییەکان بەشێکە لە فەرهەنگی سیاسیی کۆماری ئیسلامی.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەرژایە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە دروستکردنی قەیران لە وڵاتانی دیکە دەیەوێ لەلایەک ڕۆڵی خۆی لە هاوکێشە ناوچەییەکان هەم وەک کێشەخوڵقێنو هەم وەک بەشێک لە چارەسەری قەیرانەکان بەسەر کۆمەڵگای جیهانیدا بسەپێنێو؛ هەم بەو جۆرە کێشەو قەیرانە نێوخۆییەکانی پێ پەردەپۆش بکا.

خالید عەزیزی لە درێژەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی ئیستێعدادی ئەوەی لە خۆی نیشان نەداوە کە بیەوێ لە ڕێگەی دانوستانەوە ئاوڕ لە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بداتەوە، بۆیەش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شێلگیرییەوە خەباتو تێکۆشانی خۆی لە هەموو بوارو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان لە پێناو بردنە پێشێی بزووتنەوەی کورددا درێژە پێدەدا.



سەرچاوە
Serchawe

لەو بەشەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بایەخەوە باسی لە ئەرک وەخۆگری، تێکۆشانو چالاکیی هەڵسووڕاوانی سیاسیو مەدەنیی کورد کردو جەختی لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تێکۆشانی چالاکانی کورد لە هەموو بوارەکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبیو ژینگەپارێزیدا کردەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا کۆمەڵێک پرسی تەشکیلاتیی هێنایە بەرباس کە لە پلینۆمی ١٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تاوتوێ کراونو بڕیاریان لەسەر دراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٥

## بەڕیوەچوونی سمینارێکی گشتی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حدک بە بەشداری سەدان کەس لە وڵاتی سوید

بەڕیوەچوونی سمینارێکی گشتی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حدک بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوید کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، سمینارێکی گشتی بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزب پێک هێنا. لەو سمینارە دا کە نوێنەرایەتی بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان، سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوید و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان، دۆست و لایانگرانی حیزب لەو وڵاتە و هەروەها پەیامنێری چەندین ڕاگەیاندنی کوردستانی و جیهانی ئامادە بوون، بەڕێز خالید عەزیزی بە شێوەیەکی گشتی تیشکی خستە سەر ڕووداو و گۆڕانگارییەکانی جیهان، ناوچەی خۆرهەڵاتی نیوەڕاست، ئێران وکوردستان و هاوکات سیاسەتە ڕوون و ئاشکراکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە سەر ڕووداو و پێشهاتەکان خستە ڕوو.

سمینارەکە کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆ بە کاتی سوید، بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و یەک خولەک ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی حیزب و نەتەوەکەمان دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێیان حەمەدەمین ڕەشیدی و شلێر حەسەنپوور، ئەندامانی کومیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی سوید، وتەیەکی کورتیان سەبارەت بە باس و بابەتەکانی سمینارەکە پێشکەش کرد.

بە دوای ئەواندا هاوڕێ خالید عەزیزی وێڕای بەخێرهێنانی هەموو میوانان، خۆشحاڵی خۆی لە ئامادە بوونی ئەو بەشە زۆرە لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوید دەربڕی و وتی بۆ من جێگەی خۆشحاڵییە کە لە نزیکەوە و پاش کۆتایی قسەکانم گوێم لە پشنیار و تێبینییەکانی ئێوەی ئازیز و خۆشەویست بێت، چونکا سوید یەکێک لەو وڵاتانەیە کە کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی خاوەن ڕابردوو و خاوەن تەجروبە، خەمخۆر بە نیسبەت قەزییەی کوردەوەی تێیدا نیشتەجێیە و لەو بابەتەوە هەموو کات توانیویەتی کەیفییەتێکی بە هێزی هەبێت لە چۆنیەتی بە قووەت کردنی دەنگی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی کورد.

عادەتەن دەڵێن ئەو وەزعییەتەی کە ئێستا تێیداین زۆر هەستیارە و ناسکە، بەڵام بە بڕوای من بۆ نەتەوەیەک و بۆ حیزبێکی سیاسی کە لە حاڵی تێکۆشان دایە و بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، هەمو ڕۆژەکانی وایە. بەڵام ڕەنگە زۆر هەستیاری و ناسکی هەلوو مەرجێک فەراغێک درووست بکات بۆ بەرچاو ڕوونی بۆ سیاسەتی گەورە بۆ داهاتوو. بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانی دا گوتی: من زۆرتر تێدەکۆشم کە قسەکانم لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان کوردستانی ئێران دا چڕ بکەمەوە، چونکا ئەندامی حیزبێکم کە مەیدانی تێکشانی لەو بەشەی کوردستانە، لە هەمان کاتیشیدا بە مەسئوولییەتەوە تەنزیمی عەلاقاتی سیاسی خۆی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان کردووە و هەرواش چاوەڕوان ئەکرێ لە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنی پێناسە دەکەین؟ ئەو وڵاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدایە چۆن پێناسە کراوە؟ ڕەنگە بۆ زۆربەی ئێمە، کە لێرە دانیشتووین و چالاکی سیاسیی بووین، پرسیار ئەوە بێت کە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێ دەنێتە ٧٠ ساڵی، خەبات و تێکۆشان لە لایەک، قوربانی فیداکاری لە لایەک، ئیفتخاری کۆماری کوردستان و یەکەم پێناسەی کوردی، بە ئاڵا و سروود و پێشمەرگە، بە موئەسسەیەکی دەوڵەتی لە لایەک، دەربەریەکی زۆر بۆ ئەندامان و ڕێبەرانیشی تێکەڵ بەوە، تیرۆر و شەهید کرانی کۆمەڵێک زۆر لە ئەندامان و ڕێبەرانیشی، بۆ حیزبێک کە ئەو پاشخانە بە قووەتەی لە خەبات و تێکۆشان هەبوو، قەتعان بێ هەڵە و پەلە نەبووە بۆ حیزبێکی سیاسی، ئیعتراف بە هەڵە و پەلەکانی بەرچاو ڕوونییەکی زۆری بۆ پێک دێنێ کە چۆن لەگەڵ ئەو سیناریۆ نارۆونانە بەرەوڕوو بێتەوە کە ئەگەر لە بەشەکانی دیکە کوردستان پێچیدە بوون، بێگومان لە ئێران پیچیدە تریشە. کارنامەی درووست بوونی ئێران، یەکەم وەک ئیمپراتووری ئێرانی و دواییش ئەوەی کە ئایین تێکەڵاو بە سیاسەت بوو، پێناسەیەکی دوو لایەنەی داوە بە ئێران، کە یەکیان ئایینی و ئەوەی دیکەیان ئێرانیزمە، کە ئەو جۆرە پێناسەیە نە لە سووریە، نە لە عێراق و نە لە تورکیە هەبوو. بەڕێز عەزیزی لەو بڕوایە دا بوو کە بە پێی ئەو فاکتەرانە، چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو بەشەی کوردستان، لەگەڵ ئەو سیناریۆ نارۆونانەی کە لە داهاتوو دا دێنە پێش، بێگوومان کارەکان قوورستر دەکات. بەڕێز سکرتێری گشتی حدک پێی وابوو کە سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و کێشانەی کە بەدرێژایی مێژوو بەرەورووی ڕۆژهەڵاتی کورستان بووەتەوە، بەڵام هاوکات کۆمەڵێک شانس و دەرفەتیش دێنە پێش و دەبێ بزانین چۆن لە داهاتوو دا بزانین مودیرییەتیان

بکەین. ئێران تایبەتییەکی خۆی هەیە کە دەبێ بە خوێندنەوەی تەواوەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، چونکا ئەو خۆی لە هەموو کێشەکانی ناوچەکە و جیهان هەڵدەقوورتێنێ و خۆی دەخاتە ڕیزی زلهێزەکانەوە، ٥+١ دێت لەگەڵی دادەنیشێت و ئەوش ١٠ ساڵ یارییان پێ دەکات. ئێران هێندە خۆی بە زل دەزانێ، کە ئەگەر لای زۆرت فاکتەری یەکەم نەبێ، ڕازی نییە بە فاکتەری دووهەم بوون لە ناوچەکە دا. ئێران بە شێوەی جیاواز مامەڵە لەگەڵ قەزیە کرد لە ناوچەکە دا دەکات. خۆ بە دۆستی کورد لە سوریە و عێرا ق و تورکیە دەزانێ، بەڵام لە هەموو شێوەیەکی سەرکوت و گرتن و کوشتار دژ بە کوردی وڵاتەکەی خۆی کەڵک وەردەگرێ. ئێمە دژی پەیوەندی ئێران لەگەڵ پارچەکانی دیکە کوردستان نین و پێمان خۆشە ئەو پەیوەندییە دا پەرە بستێنێ، بەڵام ئێران لە سۆنگەی بەرژەوەنییەکانی خۆی مامەلە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان دا دەکات و بە قازانجی خۆی نازانێ کێشەیان بۆ دروست بکات.

بەڕێز عەزیزی پێی وابوو کە ئێران لەو پشتیوانییەی پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ پەراوێز خستنی کورد لە ئێراندا کەڵکی وەرگرتووە و هەموو کات وای نیشانداوە کە کورد لە ئێراندا کێشەیەکی نیە. لە ئاستی نێودەوڵەتی دا و بە تایبەت کێشەی ناوەکی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا دا لەو بڕوایە دان کە هیچ پوەندییەکی بە قەزیەی کوردەوە نیە و لەوانەیە کە تا دەیان ساڵی دیکە درێژەی هەبێ. ئەو پێی وابوو کە ئێران دەیەوێت لە هەموو فاکتەرەکان بۆ زەق کردن و نیشاندانی تواناکانی خۆی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دا کەڵک وەرگرێ و تەنانەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیمتیاز وەرگرێ، ئەوە جگە لەوەی کە دەیەوێت بە جیهانی بسەلمێنێت کە توندرەوی سوونە کێشەیەکی جیهانی و ناوچەیییە کە لە ئیستا و داهاتوو دا دەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکە قسەکانی دا هاتە سەر باسی ڕۆژهەڵات مێحوەری کە ماوەیەکە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هاتووەتە ڕۆژەڤ و لەو بڕوایە دا بوو کە دەبێ ئەو هەستە لە هەمووان دا بەهێز بکرێ چونکا بە هیز بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێتە هۆی بە هێز بوونی پارچەکانی دیکەش. بەڵام لەتبوون و پارچە پارچە بوونی حیزبەکانی بە کێشەی سەرەکی گەشە نەکردنی ئەو بەشەی کوردستان زانی کە بەشی هەرەزۆری ئەو کێشانە، لە ٧٠ ساڵ تەمەنی حیزبی دیموکرات دا بەر ئەو حیزبە کەتووە. هەرچەندە پێی وابوو کە ڕۆژهەڵات مێحوەری بووتە کێشەیەک بۆ حیزبەکەمان، بەڵام بەو حاڵەش پێی لەسەر ئەو سیاسەتەی حیزبەکەی داگرتەوە کە دەبێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان بەو ئاقارە دا ڕێکخەن و گوفتمانی خۆیان بۆ جارێکی دیکە بووژانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شۆڕشە ڕواکەی. حێزبی دیموکراتی کوردستان بە هۆی ئەو ڕابردووە پڕ لە سەرەوەری و هاوکات پاشخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە بە درێژایی چەندین ساڵ خەباتی خۆی بە دەستی هێنابوو چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کە لە ساڵانی زووەوە ڕێبەری ئەو ڕەوتە بگرێتە دەست، بەڵا بە داخەوە ناکۆکی نێوخۆیی و لەتبوونە نەیتوانی ئەو ئەرکە قوورسە بگرێتەئە ئەستۆ.



سەرچاوە
Serchawe

لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا بەڕێز خالید عەزیزی هاتە سەر باسی فیدرالیزم و لەو پەیوەندییە دا ووتی: چەمکی فیدرالیزم لە ئێستا دا تا رادەیەکی زۆر باوی نەماوە و قەزیەی کورد زۆر لە فیدرالیزم مەترەحترە لە ئێراندا. هۆکارەکەشی بۆ دۆخی ناوچەکە و نەوعی ئەو سیستەمانەوە گێڕایەوە کە لە ناوچەی ئێمە دا دەسەلات دارن، نموونەشی بۆ ئەوەی سەرنەکەوتنی فیدرالیزم لە عێراق هێنایەوە.

شعوری سیاسی و نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە چوونە سەرەوە دایە، ئەوەش سانسێکە. خەلک خەریکی دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەل و بنیاتی مەدەنی و کاری بە کۆمەلن. هەرچەندە لەو بوارە دا زۆر جاریش تووشی گیران و ئەزیەت و ئازاری رژیمی دەبنەوە.

پەرەسەندنی ئیمکان و هەلی پەیوەندی گرتنی خەلک بە یەکتری و بوونی دنیای مەجازی بە هەلێکی باش زانی بۆ گەشە سەند و توند و تۆل کردنی پەیوەندی خەلک لە ناو خۆ و دەرەوە ولات و پێی وابوو کە ئەوە کارتێکەری باشی دەبێ لە سەر حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانیش. هاوکات پێی وابوو کە کوردستانی ئێران لە کێشەکانی جیهان و رۆژهەلاتی ناوەراست و ئێراندا زۆر شانشی باشی هەیە، بەلام پیویستی بە مودیرییەت و رێبەرێیەکی باش هەیە. هەر بۆیە دەبێ حیزب و رێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان لە هەول خەباتی داهاتوویان دا زیاتر خۆیان بە کێشەی کوردەوە خەریک کەن و خۆیان لە درووشن گەلێکی وەک فیدرالیزم بۆ ئێران خۆ بپارێزن، چونکا لە ولاتێکی فرە نەتەوە دا دەستەبەر کردنی ئەو چەمکە کارێکی ئاستەمە.

بە دوای وتەکانی بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، چەندین پرسیار ئاراستەی بەڕێزیان کرا کە زۆر بە وردی ولامی دانەوە.

ئەو سمینارە پاش نزیکەی ٤ کاتژمێر کۆتایی هات.

کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان- سوید

سەرچاوە: مالپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠١٥

## خالید عەزیزی: بەهۆی دووربوون لە کۆمەلگە، کەوتووینەتە نێو حەماسەتێکی ناخۆش

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە حیزبە ڕۆژهەلاتییەکان، بەهۆی دوور بوون لە کۆمەلگە، کەوتوونە ناو "حەساسیەتێکی ناخۆش" بەلام جەختی لەوەش کردووە کە کۆمەلێک دەرفەت بۆ کورد ڕەخساوە کە "دەبێ مودیریەت بکرێن".

لە کۆڕێکدا کە ئەمڕۆ [شەممە ٣٠ مانگی مای] لە ستۆکهۆڵم بۆی ڕێکخرا، خالید عەزیزی، وێڕای باسکردن لەوەی ئەو بە "سیاسەتی ڕۆژهەڵات میحوەری" بەناوی کرد، ئاماژەی بە ئاستەنگییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ناوبراو، وێڕای باسکردن لە هەڵسوکەوتی حیزبەکان لەگەڵ ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردوودا، ڕەخنەی لە خۆی و حیزبەکەی گرت کە نەیانتوانیوە "ڕێگەچارەیەک" ببیننەوە بۆ لێک کۆبوونەوە بدۆزنەوە و هۆکارەی ئەمەشی بۆ "کێشەی شەخسی" گەڕاندەوە.

عەزیزی گوتی: "ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لەوەدا کە ڕێگەچارەیێک بدۆزینەوە کە لە دەوری یەک کۆبینەوە، هۆکارەکەشی هیچ سیاسیی نییە [بەڵکوو] هەمووی شەخسییە... ئەو حیزب ئەوی قبووڵ نییە ڕەقیبیەتی، ئەوی دیکە ئەوی قبووڵ نییە، کە دادەنیشین هەموومان کۆببینەوە، ئەم لایەکەی دێموکرات ئەوی دیکە بە حیزب نازانێ و تەحەمولی ناکا، لەنێو کۆمەڵەشدا ئەو کێشەیە هەیە، بۆیەش ئێمە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووین ئەو ئادرێسە بە ئیقتدارەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەین ".

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوونی کردەوە کە حیزبەکەی، هەرچەند لەو بارەوە ڕەخنەشی لێگیراوە، بەڵام هەوڵ دەدا چالاکانی ناوخۆی وڵات لە ڕێگەی قانوونییەوە بە دوای مافەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بکەون و وەک ئەو گوتی "لەسەر حیزبەکان ڕانەوەستن داخوا بەرەو کوێ دەچن".

ـ ئارەزووی من ئەوە بوو کە ئەگەر مەجال هەبوایە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبێک دروست بایە کە ئەو حیزبانەی ئێمەیان بە چاڵش کێشابا، خەڵک لەگەڵیدابایە و گوتبایان دێموکرات، کە خەریکی ئەو کێشانەن لەگەڵ یەکتر، لایەنەکانی دیکە ئەوە ئێمە لێرە هەین؛ عەزیزی وای گوت و دەستنیشانیشی کرد "دەبێ ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمە بەرەو ئەوە بڕوا کە بە چاڵش کێشانەکە لە شێوەی تەسفیە حیساب و کێشەی شەخسی بێتە دەرێ".
ناوبراو ئاماژەی بەو دیاردەیەک کرد لەناو حیزبەکاندا کە ئەو بە "غروور" وەسفی کرد و گوتی "تا ئێمە حیزبەکان لەنێو کۆمەڵگای خۆمان نەبینین کە لە هەڵبژاردندا نمرەی حیزبەکەی ئێمە چەند بووە و هی ئەوی دیکە چەندەیە [حیزبەکان] لەو غرووره نایەینە خوارێ."

خالید عەزیزی هەروەها دەستنیشانی کرد کە حیزبەکان، "بەهۆی دووربوون لە کۆمەڵگە و لە ژیانی ڕۆژانەدا، کەوتوونەتە نێو حەماسەتێکی ناخۆش کە تێیدا تەنانەت تاکەکەسەکانیش لێی بێبەش نەبوون" و ئەوەشی ڕوون کردەوە "ئەزموونی ڕووداوەکانی مهاباد دەریخست کە حیزبەکان لە ڕێبەریکردنی گوتارێکی یەکدەنگدا چەندە کێشەیان هەیە."

ناوبراو دەستنیشانی کرد "کوردەکانی ناوخۆی وڵات کە لەوێ دەژین و ڕۆژانە دەبێ بچنە سەر کارەکانی خۆیان، بە تەبیعەتی وەزعی ئەوێ چالاکی دەکەن و هەوڵ دەدەن مەجالێک بۆخۆی دروست بکا بەڵامزۆر بە هاسانی یەکێک هەرای بۆ دەکا [کە ئەمە] 'جاشە، خائینە، خۆفرۆشە و ئیسلاحتەڵەبە'، بەشێک لە خەڵکی ئێمە لەوێیە، بۆ وا بە هاسانی وایان پێ بڵێین؟"

ئەو هەروەها، وێرای دەربڕینی هیواداریی بۆ بەهێزبوونی "ڕووحی ئینتیقاد" لەناو حیزبەکاندا، ڕەتی کردەوە کە لە کۆمەڵگەدا "شتێک بەناوی ڕووناکبیر و غەیرە ڕووناکبیر" لە گۆڕێدا بێ و گوتی "بە باوەڕی من ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبەکاندان تاکی سیاسی و بە تەجروبەن، خەمخۆری میللەتی خۆیانن ... دەتوانن یارمەتی حیزبەکان بکەن، بەڵام نابێ وای لێبێ کە قشرێک دابنێین بڵێین ئەوانە ڕووناکبیرن و حیزبەکان تاریکبرن، ئەوە یارمەتیی ئێمە ناکا."

ناوبراو دانی بە "وەزعیەتی خراپی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"دا نا و دەستنیشانی کرد کە ئەمە "کارێکی کردووە کە تاکەکان هەر کەسەو بەجۆرێک حیزب نەقد بکاتەوە".

وەک ئەو گوتی "لە هەموو جیهان وڵات هەر بە حیزب ئیدارە دەکرێ، سیاسەت بە حیزبایەتی دەکرێ" و بۆیەش بە پێویستی زانی "پردێکی لێک حاڵیبوون" لە نێوان تاکەکەسە چالاکەکان و حیزبەکاندا دروست بکرێ بۆ دروستبوونی هاوئاهەنگی و لێک تێگەیشتن.

عەزیزی ئاماژەی بەو ڕووداوە تراژیکانە کرد کە لە ئەنجامیاندا کورد لە ڕای گشتیی نێونەتەوەییدا جێگەی کراوەتەوە بەڵام ڕەخنەی لە حیزبەکان و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی گرت کە "سەرکەوتوو نەبوون لە مودیریەتی ڕووداوەکان"دا و پێشنیاری کرد ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە.

## جیهان هەمووی بە ئاستەنگ پێناسە ناکرێ

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوەدا ئاستەنگەکان زۆرن و دەبێ چارەسەر بکرێن بەڵام وەک ئەو گوتی "کۆمەڵێک دەرفەتیش بۆ کورد ڕەخساوە، خۆ جیهانیش هەموو بە ئاستەنگ پێناسە ناکرێ".

ناوبراو باسی لە بەرنامەی هەشت ساڵی ڕابردووی حیزبەکەی کرد بۆ چارەسەریی پرسی نەتەوەکان لە ئێران و کوردستان و گوتی "حیزبی ئێمە مەسەلەی فیدراڵیی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندووە، کەچی لە ڕاستیدا چارەسەری فیدراڵیزم زۆر مەوزووع نییە ئێستا، بەڵام پرسی کورد زۆر گەورەتر لە فیدراڵی لە ئێراندا مەترەحە."

. لەو ناوچەیەدا فیدراڵیزم ئەوە نییە کە زۆر جار لە تیۆرییەکاندا ئێمە ئاماژەی پێدەکەین و دەڵێین ئەوەتا لە سویس هەیە، لە ئەمریکا هەیە، بەڵام ئێمە لە ناوچەیەکدا باسی فیدراڵیزم دەکەین کە زۆر تایبەتە و بەو تیرۆیانەی ئەورووپا تەحلیل ناکرێ، بە دێموکراسیی تەجروبەی ئەورووپی تەحلیل ناکرێ، ئەوە نییە فیدراڵیزمی عێراق سەرناکەوێ؛ عەزیزی وای گوت و جەختی لەوەش کردەوە کە "بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێمە دەبێ تەرکیزمان لەسەر قەزیەی کورد بێ، کێشەی کورد و تاران، جا لە تاران ئیسلامییە، کۆمۆنیستییە، دیکتاتۆریەتە، هەرچییەک هەیە ئێمە کێشەمان لەسەر قەزیەی خۆمان لەگەڵ تاران دەبێ".

ناوبراو ڕوونی کردەوە کە کورد[ی ئێران] کاتێک پێناسەی فیدراڵیزم دەکا، "نازانین گەلانی دیکە لە کوێ قەراریان گرتووە" و ئاماژەی بەوەدا کە ڕوون نییە داخوا "ئەوانیش [گەلانی دیکە] وەک ئێمە لە شتەکە دەڕوانن؟"

وەک عەزیزی دەڵێ ئازەرییەکان لە جغزەکانی دەستەڵاتدا جێی خۆیان کردۆتەوە، کەواتە "بۆ لە خۆیانی تێک دەدەن و دێن لەسەر فێدراڵیزمێکی خەیاڵی کە ئێمە بە چاولێکردن لەولای ڕا هێناوماننە، کێشە لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی ساز دەکەن"؟ بە باوەڕی ناوبراو گەلانی ئێران لەوانەیە نەیانەوێ ڕاست ئەو ڕێگەچارەیە هەڵبژێرن کە کورد پێی باشە و بۆیەش بە باشی زانی کە کورد قورسایی بخاتە سەر کێشەی خۆی و تاران.

عەزیزی باوەڕی وایە "شعووری سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەرە ئەستاندندایە" و ئەوەشی بە "شانسێکی باش" زانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ئەوەی ئەو بە "وەحدەتی شیعە و سوننە" بەناوی کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها فراژۆتنی تەکنۆلۆژیا و تۆڕەکانی پەیوەندیی بە "فورسەتێکی باش" لە قەڵەمدا کە "تازە ڕژیم ناتوانێ پێشی پێبگرێ" و جەختی لەوە کردەوە کە "ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران، لە گەمەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر شانس و مەجالی هەیە"، بەڵام وەک ئەو گوتی "ئەگەر مودیریەت نەکرێ ئەو مەجالانە ئیستیفادەیان لێ ناکرێ".

. دەڵێن ئێران ئۆپۆزیسیۆنی هەیە، بەڵام بە ئۆپۆزیسیۆن حکوومەت ناڕووخێ، حکوومەت دەبێ ئاڵتەرناتیڤی هەبێ. ئەگەر هەموو ئێرانیش ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بێ، مادام بەدیلێک نەبێ، ئادرێسەکەی بۆ خەڵکی ئێران و بۆ جیهان مەعلووم نەبێ سەرناگرێ؛ عەزیزی وای گوت و ڕوونی کردەوە کە "تا ئێستا، دوای شووڕای میلیی موقاوەمەت، کە دوای ماوەیەک هەڵوەشاوە، هیچ ئۆپۆزیسیۆنێک نەبووە کە بتوانێ بەدیل بێ، ئێرانی سەرنەکەوتوون لە دروستکردنی بەدیل" بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

خالید عەزیزی دەستنیشانی کرد کە "ئێمەش وەک کورد، لەناو خۆماندا ناموەفەق بووین، بۆیەش کە ئێستا لەگەڵ هەر کەس دادەنیشین لێمان دەپرسن بەدیل کێیە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی بڕووخێ کێ جێی دەگرێتەوە".

ئەو ئاماژەی بە ئەزموونەکانی سووریا، عێراق و باقیی وڵاتانی ناوچەکە کرد کە وەک ئەو گوتی "وێران بوونە" و پرسی: "ئایا ئێرانییەکانیش ئەزموونێکی ئاوا دووبارە دەکەنەوە؟ ئەگەر دەیکەن ئەمە چۆن مودیریەت دەکرێ؟ ئایا ئوسووڵەن فەرهەنگی ئێران و کۆمەڵگەی ئێران وەک سووریا و عێراق و یەمەنە؟ وڵاتێک بەو پاشخانە مێژوویە و بەو سیستەمەوە کە بۆ ئیدارەی وڵات و خۆشگوزەرانی و ... هەیەتی وا بە هاسانی دەچێتە ناو ئەو بازییەوە؟"

بە باوەڕی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، "ئێرانییەکان بۆ حاڵی خۆیان زیرەکن، زۆر وردبینن و هەموو ڕیسکێک ناکەن، بۆیەش پڕیشکی کێشەکانی ئەو ناوچەیە وا بە هاسانی ناکەوێتە ناو ئێران". کەواتە "ئێمە چۆن دەتوانین ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە کە قەزیەی کوردی ئێران لەو بازنەیەدا چۆن بێتە گۆڕێ" چوونکا وەک ئەو گوتی "کۆماری ئیسلامی ناڕووخێ".

ک. م

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠١٥

## هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حدک دا

**میوانانی خۆشەویست، خوشک و برایانی ئازیز!**

**پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەروەها پیرۆزبایی دەکەم لە سەرجەم ئەندامان و پێشمەرگەکان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات،**

**پیرۆزباییەکی زۆر تایبەتی لە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە درێژایی تەمەنی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکرات لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا پشت و پەنای حیزبی دێموکرات بوون.**

**....جێگەی خۆیەتی هەموو لایەکمان ڕێز و پێزانینی خۆمان بۆ دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات، ڕەئیس جەمهوری کوردستان، پێشەوای حیزبی دێموکرات، قازی محەممەد بنێرین. هەروەها لە هەمان کاتدا ئەمەگناسیی و پێزانینی خۆمان، بۆ تەواوی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە ماوەی حەفتا ساڵدا، بەشداری ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات بوون، کاتی خۆی بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات وکۆماری کوردستان، و جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لوتکە گەیاند.**

**....فەلسەفە و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی یەکەمەوە دوای ماوەیەکی کورت، بە دامەزرانی کۆماری کوردستان دەریخست کە حیزبی دێموکرات بۆ ئیدارەی وڵات دروست بووە، حیزبی دێموکرات بۆیە دروست بووە لە پرۆسەی قانوونی ژیانی مەدەنی و بەهێزکردنی ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان، بە قانوونکردنی ماف، چارەسەری قانوونی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو مەجال و دەرفەتەی بۆی هەڵکەوتووە قەزیەی کورد لە ئێراندا بخاتە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی قانوونی ومەدەنی و، فەلسەفەی وجوودی حیزبی دێموکرات هەر بۆ ئەوە بووە.**

### پەیامی سیاسی حیزبی دیموکرات

**حیزبی دێموکرات لە ماوەی حەفتا ساڵ ژیانیدا، هەوراز و نیشێوی زۆر بینیوە، بێگومان ئیفتخاراتی مێژوویيشی زۆر بووە، دەسکەوتیشی بووە و لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی جەماوەرێکی زۆر لە حیزبی دێموکراتدا بوون، ئینتزاراتێکی زۆریشی لە خۆی دروست کردووە. هەر ئەوە بووە کاتێک کۆمار دەڕووخێ، دیسان ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکرات، تێدەکۆشن شوێنەواری کۆمار و ئەرزشەکانی کۆمار لە مەیدانی جۆراوجۆری خەباتدا بەرز ڕابگرن. بە دیفاع لە بنەما نەتەوایەتییەکانی خۆیان و بنەماکانی حیزبی دێموکرات و کۆمار هەوڵیان دا ژیانی سیاسیی ئەو حیزبە ئیدامە بدەن.**



سەرچاوە
Serchawe

خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، لە دژی دوو حکوومەت، یەکەم حکوومەتی پەهلەوی کە کۆماری کوردستانی رووخاند و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی زیندانی کرد و کوردستانی ئێرانی بەجۆرێک ئیدارە دەکرد کە مەجال و دەرفەت بۆ تێکۆشانی ئێمە نەمابوو، دەوری ٣٢ ساڵ بوو. لە ئێران، ئینقلاب دەکرێ و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دادەمەزرێ، هەر لەسەر بنەمای چارەسەری ئاشتییانە و دێموکراتیک لەرێگای وتووێژ لە کوردستانی ئێران، هەر ئەوە کە بیرۆکەی قازی محەمەد بوو لەو پەڕی دەسەڵاتی خۆیدا کە ڕەئیس جەمهوری کوردستان بوو، هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی ئەوە بوو کە ئەو کێشەیە لەڕێگەی گفتوگۆ و موزاکرە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی چارەسەر بکرێ، دیسان دوای ئینقلابی ئێران، پەیامی حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کێشەی سیاسیی میللەتێک، مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتێک، مافە دێموکراتیکییەکانی میللەتێک، ناکرێ لەڕێگای شەڕ و خوێنڕشتن چارەسەر بکرێ، بۆیە حیزبی دێموکرات، لەسەر ئەو بنەمایە دوای ئینقلابی [٥٧]یش هەموو هەوڵێکی خۆی دا کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای ئینقلابدا ژیانێکی ئارام و مەدەنی و دوور لە شەڕ و کێشەیان هەبێ و بۆ جارێکی دیکە دەسەڵاتی میللی و دێموکراتیکی خۆیان کە بۆ ئێمە بە میرات مابۆوە و ڕەئیس جەمهورەکەی ئێمە دایمەزراندبوو، لە کوردستانی ئێران بەرپای بکەینەوە، بەجۆرێک خەڵک لە ئیدارەی ژیانی سیاسی و مەدەنی و قانوونی خۆیان بەشدار بن. بەو جۆرە لەئارامیشدا بتوانن ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی خۆیان بەرنە پێشێ، هەروەکی ئەوە هەمیشە جەوهەری سیاسەتی حیزبی دێموکرات بووە.

بەداخەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی پەیامی ئاشتی و دیموکراتیک و مافخوازانەی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی وەرنەگرت، لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەرێگای موزاکرە ئەو کێشەیەی چارەسەر نەکرد. بۆیە بۆ جارێکی دیکە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێچەوانەی مەیلی خۆیان شەڕیان بەسەردا تەحمیل کرا. بۆیە جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە، مەجبوور بە دیفاع لە خۆیان بوونەوە. دەورێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان دوای ئینقلابی ئێران، بۆ حیزبی دێموکرات دەستی پێکردەوە و ئێمە موتەحەممیلی قوربانی و شەهادەتێکی زۆر بووین و فیداکارییەکی زۆریشمان هەر لەو ڕێگایە دا.

ئێمە لە ژیانی سیاسیی خۆماندا هەمیشە هەوڵمان ئەوە بووە ئەو پەیامە کە پەیامێکی سیاسیی بۆ ئیدارەی وڵات، نە تەنیا بەگوێی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بگەیەنین، نەتەنیا ئێرانییەکان لە دەرەوەی کوردستان ئاگادار بکەینەوە، بەڵکە لە کۆڕ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا هەمیشە ئەو پەیامەمان داوە. هەمیشە گوتومانە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان قسە لە ئێران و چارەسەری داهاتووی ئێران دەکرێ، ناکرێ لە ئێران نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کارنامەیەکی دوور و درێژ و تەجرووبەیەکی درێژخایەن و ڕەنگینی لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ کێشەکان و چارەسەرییەکان هەیە، لە پەراوێز بخرێ. لە پەراوێزخستنی حیزبی دێموکرات بە مەعنای لە پەراوێزخستنی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە درێژایی حەفتا ساڵی ڕابردوو هەوڵی داوە و بۆ مافەکانی خۆی خەبات دەکا. پەیامی نەتەوەیی ئێمە هەمیشە بە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کێشەی کوردیان هەبووە، بە جۆرێک عەمەل



سەرچاوە
Serchawe

بکەین کە لە ڕەوابیت و عیلاقاتی خۆماندا هەرگیز نەبین بە ئەسبابی کێشە بۆ پارچەکانی دیکە و هەمیشە بە ئیفتخاراتەوە دیفاع لە ڕابردووی عیلاقاتی خۆمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکەین کە بە جۆرێک عیلاقە و پێوەندیمان لەگەڵیان هەبووە.

## حیزبی دیموکرات و پێوەندیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان

لە پێوەندیی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی پارچەکانی دیکەدا، هەروەکی بەشداری بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان دەقیقەن ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەر شوێنێک فورسەتێک بۆ کورد هەڵکەوێ، بەشەکانی دیکە دەتوانن لە تەواوی دەسکەوتەکانی بەهرەمەند بن، ئەو تەجروبەیە بە جۆرێک بۆ بەشەکانی دیکەش کەڵکی لێ وەربگرێ. ئێمە لەسەر ئەساسی باوەڕ بەوە کە باشترین دۆستایەتی و باشترین پشتیوانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوەیە کە وەک حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیفاعیان لێ بکەین، لەنێو خۆیاندا کۆمەک بکەین بە یەکڕیزی و تەبایی و برایەتی و، لە عیلاقاتی خۆماندا هەمیشە کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران وا پەروەردە بکەین لەو بوارانەی بۆیان دەگونجێ، هاوبەستەگی نەتەوەیی خۆیان لەگەڵ پارچەکانی دیکە بەجێ بگەیەنن و، هەمیشەش هەر ئەوەمان لە پارچەکانی دیکە ئینتزار هەبوە لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ڕۆژهەلاتی کوردستان. هەرگیز ئیجازەمان بە خۆمان نەداوە لە کاروباری نێوخۆیی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان دەخالەت بکەین. پێمان وایە کوردی هەر پارچەیەک بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکانی خۆیان پاشخانێکی دەوڵەمەند و مێژوویەکی دەوڵەمەند و بەرچاوڕوونییەکی ڕێکوپێکیان لەو بوارەدا هەیە. هەر لەو پێوەندییەدا پێوەندیی لەمێژینە و تاریخی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ باشووری کوردستان ناکرێ ئاماژەی پێنەکرێ. لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەشداریی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێراق لە کۆماری کوردستان، بناغەی دۆستایەتی و ڕەوابیت و عیلاقەیەکی نیزیک دامەزرا. بیرەوەریی ئەفسەرە کوردەکانی عێراق، لە کۆماری کوردستان، بیرەوەریی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستان بناغەی ئەو دۆستایەتیەی بەهێزتر کرد. پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبەکانیان دەگەڕێتەوە دەیان ساڵ پێش ئێستا. بۆیە بەشێکی زۆر لە دۆستانی ئێمە لەوانەی کە لە نزیکەوە لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات پشتیوانیان کردووە و لەگەڵیان بوون و کاتێک حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان بووە، لە عیلاقات و دۆستایەتی خۆی لەگەڵیان دابووە، بەشێک لەوانە خەمخۆری حیزبی دێموکرات بوون و پشتیان گرتووە و لە ڕۆژەکانی تەنگانەدا بە هانای هاتوون ، جێی خۆیەتی لێرە ڕێز و سپاسی خۆمانیان بۆ بنێرین و ئەمەگناسیی خۆمانیان پێشکەش بکەین و بە ئیحترامەوە چاو لە خەبات و تێکۆشان و دۆستایەتی هەموو لایەکیان دەکەین.

## مێژووی تێکۆشانی حیزب



سەرچاوە
Serchawe

بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکرات بەپێچەوانەی مەیلی ئێمە و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەبێ لەنێوخۆی وڵات بێ و فەعالییەتێکی ئاشکرا و عەلەنی هەبێ، لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا بەشدار بێ، بەداخەوە ئێمە لە تەبعید بووین. لە مێژووی سیاسیی ئێمەدا بە غەیری سەردەمی کۆماری کوردستان و ماوەیەکی کورت دوای ئینقلاب، زۆربەی زۆری ژیانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە تاراوگە و تەبعید و دوورەوڵاتیدا بووە.

...لە هەمان کاتدا کە قوربانییەکی زۆری داوە، ئیفتخاراتێکی زۆری کەسب کردووە، دامەزرێنەری حیزبەکەی ئێمە، پێشەوا قازی محەممەد، دوای ڕووخانی کۆمار لە سێدارە درا، دوو ڕێبەری ئێمە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی تیرۆر کران، سەدان کادر و هەزاران پێشمەرگەمان لەو ڕێبازەدا شەهید بووە، بەڵام هەرگیز لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان لەپێناو بەرزراگرتنی ئەرزش و بنەماکانی حیزبی دێموکرات، نەوەستاوین. لە خەبات و تێکۆشانی خۆماندا ئەوەی لە تواناماندا بووە بە نیسبەت خەڵکی خۆمان کە ئەمەگناس بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەجێمان گەیاندووە. ئەرکی نەتەوایەتی خۆمان بەرامبەر پارچەکانی دیکە جێبەجێ کردووە. لە پێوەندیی خۆماندا لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکە هەوڵمان داوە لانیکەمی گیروگرفتمان هەبێ و هەوڵمان داوە مەسئولانە بجوڵێینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە موازاتی هەموو ئەو سیاسەتە دروستانە و تێکۆشان و فیداکاریی و قوربانیانە، حیزبی ئێمە لە ئیدارە نێوخۆییدا بێموشکیلە نەبووە، حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی جەماوەری کە خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا بووە، وەک حیزبێک کە پابەند بووە بە پرەنسیپەکانی دێموکراسی لە چۆنییەتی گرتنی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی، هەوڵی داوە ئەندامانی خۆی لە ژیانی حیزبەکەیدا بەشدار بن، هەمیشە تێکۆشاوە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسییەکان، نەتەوەییەکان، مەسائیلی ئیستراتیژی، هەمووی ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە ژیانی حیزب و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لەنێو حیزبی ئێمەدا بە گەرمی بێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

دێموکراسی نێو حیزبی ئێمە هیوا و هومێدێکی بۆ خەڵکێکی زۆر لە ئەندامانی خۆمان و هەروەها بۆ کۆمەڵانی نێو کوردستان دروست کردبوو، تەمرینی دێموکراسیی لەنێو حیزبی ئێمەدا ئەو پەیامە بوو بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە ئیدارەی وڵاتی خۆمان بکەین، دەبێ لە خۆمانەوە دەست پێبکەین بۆ بەشداری پێدانی خەڵک، بۆ خوێندنەوەی خەڵک، بۆ ئەوەی عادەت بگرین چۆن جەمعێک لەگەڵ یەک کار بکا و بەیەکەوە ئیدارەی وڵات بکەین. ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی حەقیانە ئەو گلەییە لە لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرانی شەهید و ڕێبەرانی زیندووشەوە بکەن کە ئێمە لە ئیدارەی حیزبەکەی خۆمان ڕەنگە لەگەڵ یەک بە ئینساف نەبووبین، ئێمە بۆ فیداکاری دژی کۆماری ئیسلامی ئامادە بووین ڕێبەرانیشمان دانێین، ئامادە بووین زیاتر لە پێنج هەزار قوربانی بدەین، لەپێناو بەرژەوەندیی پارچەکانی دیکە لە زۆر بار گوزەشتمان بووە، لە زۆر بار بەرژەوەندیی حیزبیی خۆمان وەلاناوە، لە زۆر بار هەوڵمان داوە ددان بە جەرگی خۆماندا بگرین، هەولمان داوە ئەرکی نەتەوایەتی خۆمان بەجێ بگەیەنین، بەڵام لە ئیدارەی حیزبی خۆمان و بۆ حاوانەوە لەگەڵ یەکتر ڕەخنەمان لەسەرە. لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا زۆر بە باشی



سەرچاوە
Serchawe

نەمانتوانیوە وا کار بکەین، حیزبی دێموکرات، لەو گیروگرفتانە نەجات بدەین. ئەوە چاوەڕوانی خەڵک بوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کاتێک حیزبەکەی ئێمە کۆمار دادەمەزرێنێ و سەرۆک کۆمار دادەمەزرێنێ و سەرۆک کۆمار هەمووی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی حەفتا ساڵ پێش ئێستای کوردستان کە بەشی زۆری نەخوێندەوار بووە، لەگەڵ یەک کۆی کردنەوە، قانوونی پێ دادەنان، ئیدارەی حکوومەتی پێدەکردن، سەری بەرز بوو لەنێو سەران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، ئێمە دەبا ئەو حیزبەمان باشتر ئیدارە کردبایە، ئێمە دەبا حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممدمان لە ئیدامەی ژیان و کاری سیاسیی خۆمان ئەو کاروانەمان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر بردبا پێشێ، گلەیی خۆمان لە خۆمان لە حزووری ئێوە، لە حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە فیداکاری و قوربانییان بۆ ئەو حیزبە داوە، دەقیقەن بۆ ئەوەیە لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، هەموو لایەکمان، کە بەشمان بەو حیزبەوە هەیە، هەموو لایەکمان کە بەیەکەوە ئیفتخاراتەکانیمان دروست کردووە، هەموو لایەکمان دیسانەکە بەیەکەوە دروستی بکەینەوە و وای ئیدارە بکەین و وای بەرینەوە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، کە چاو لە حیزبێکی یەکگرتوو بکەن و هیوا و هومێد و ئاواتەکانیان کە هیوا و هومێدی پێشەوای حیزب و ڕەئیس جەمهوری کوردستان بوو، لە گۆڕەپانی سیاسیی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بۆمان مەعلوم نیە لەگەڵ دەیان و سەدان سیناریۆی ناڕوون بەرەورووە، لەو حاڵەتەدا بەو حیزبەوە بچینە نێو ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێران.

### لەکاتێک دا یادی ٧٠ ساڵەی حیزب دەکەینەوە فرسەتەکان بۆ کورد زۆرن

ئێمە لە سەردەمێکدا یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە، کەلە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە هەتاکو ئێستا ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ئێران، لە ناوچەکە، لە مەوزووعاتی پێوەندیدار بە کورد گەلێک زۆر بووە. ئەگەر کۆمار ڕووخا و هیوای کۆمار، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و خەڵک لە ماڵەکانی خۆیان و لە پارچەکانی دیکە بە خەباتی جۆراوجۆر بەردەوام ئیدامەیان دەدا، ئەگەر هەڵەبجە و ئەنفال و قەتڵوعامی کوردان لە باشووری کوردستان، ئەگەر ئینکاری کورد لە تورکیا، ئەگەر قەبوولنەکردنی کورد لە سووریا، هەرگیز نەیتوانی کورد بە چۆک دابێنێ و ئێستا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە هەموو پارچەکانی دیکە لەگەڵ سێناریۆیەک کە جێگای خۆشبینیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو شوێنەی حیزبی دیموکراتی تێدا دامەزرا، سیاسەتی جەمهوری ئیسلامی ئەوەیە کە نەهێڵێ حیزبی دێموکرات دەنگی بێت و ڕەنگی دیار بێت و لەنێو کۆمەڵانی خەڵک ببێتەوە جێگای هیوا و هومێد. بەڵام ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی ئێمە، شکەست و هەستانەوەکانی ئێمە، فیداکاریی و قوربانییەکانی ئێمە، کارنامەی ئێمە لە خەبات و تێکۆشاندا ئەوە دەڵێ حەفتا ساڵ خەبات و تێکۆشان کە ئێمە لەبەرامبەر حکوومەتی پەهلەوی و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا نەهاتووین، بەو شێوەیەش هەرگیزاوهەرگیز لە داهاتوشدا بەچۆک دانایەن، ئەو حیزبە خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خەونەکەی پێشەوا قازی محەممد و هەزاران

تێکۆشەری ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەزاران قوربانیی ئەو حیزبە، بەردەوام دەچێتە پێشێ و ئێمە لەو مەیدانەدا گەشبین و خۆشبینین.

حیزبی ئێمە زۆر بە باشی دەرکی بەوە کردوە کە زۆرجار فورسەت بۆ کورد هەڵکەوتووە لە مێژوودا و ئێستاش فورسەتی باش بۆ کورد هەڵکەوتووە، تەنانەت فاکتۆرەکانی ناوچەییش ناتوانن ئینکاری ئەو فورسەتە بکەن، زلهێزەکانی نێودەوڵەتیش بەجۆرێک تەعامول دەگەڵ ئەو فاکتۆرانە دەکەن کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، نەتەنیا ناتوانن ئینکاری بکەن بەڵکە بەجۆرێک دێنە نێو گەمەکە. لە کەشوهەوایەکی ئاوادا، کە ئێمە پێمان وایە بەشێک لەو فورسەتانەی بۆ کورد هەڵکەوتووە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە، ڕێبەرانی کورد چۆن ئەو فورسەتە بقۆزنەوە. تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە بەشێک لە چارەسەرییەکەمان لەوەدا دەدی کە هەردوولای حیزبی دێموکرات بەرەو یەکگرتنەوە بچن. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی خۆمان دا، گەشبین و خۆشبین بووین، بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە تێکۆشاین کە لە بەرەبەرەی یادی حەفتا ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، موژدە و پەیامی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیش بە کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕابگەیەنین. ئەگەر لەو بوارەدا سەرەڕای ئیحساسی مەسئولیەتێکی زۆر و خەمخۆری ئێمە و بە پەرۆشبوون بۆ داهاتووی ئەو قەزیە تا ئێستا سەرکەوتنێکمان وەدەست نەهێناوە، بەڵام دیسان ئێمە بە هیوا و هومێدەوە کار لەسەر ئەوە دەکەین و تێدەکۆشین لە داهاتوودا یاریدەدەری یەکڕیزی کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان بین، وە پەیامی یەکڕیزی بکەینە ڕێکخراوەیەکی واحید کە لە داهاتوودا بتوانێ ئەو مەسئولییەتە بەرێتە پێش.

## هەلومەرجی هەستیار لەباشووری کوردستان و پەیامی ئێمە

...لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەک بە هەلومەرجێکی زۆر حەساسی باشووری کوردستان بکەین. ئەو دەسکەوتە کە لە باشووری کوردستان هەیە، ڕێک حەفتا ساڵ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، چۆن کۆمار بوو بە قیبلەگای هیوا و هومێدی هەموو پارچەکان و بەرەو ئەوە دەچوو نموونەی حکوومەتێکی کوردی دابمەزرێنێ و لە ئیدامەی خۆیدا دەسکەوتی زۆری بەدوادا بێ، حەفتا ساڵ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات، هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان، دەقیقەن لەو مەوقعییەتەدایە. سەرکەوتنی ئەو دەسکەوتە لە باشووری کوردستان نەتەنیا دەسکەوتێکی گەورەیە، جێگای هیوا و هومێدە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، بگرە لە نەوعی خۆی و لە ئیدامەی خۆیدا دەتوانێ کاری گەورە بکا، کە لە پرۆژەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تا ئەو جێی پەیوەندی بە سەرکەوتنی کورد هەیە، بۆ جارێکی دیکە هەرگیز لە پەراوێز نەخسترێتەوە. ئێمە بە دەرک کردنی ئەو وەزعییەتە حەساسەی کە لە باشووری کوردستان هاتۆتە پێشێ، تەنیا داوامان ئەوەیە حیزبەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان، با لە گیانی خۆیان مایە دانەنێن، بەڵام تەنازول بۆ یەک بکەن، بۆوەی ئەو هەلومەرجەی لە باشووری کوردستان هاتۆتەگۆڕێ، لەدەست نەچێ. چاوەڕانی ئێمە لە یادی حەفتا ساڵەی حیزبی

دێموکرات ئەوەیە کە ئەو پەیامە وا وەربگیرێ کە ئێمەش بەقەرای ئێوە لە باشووری کوردستان هیوا و هومێدمان پێی هەیە. بۆیە خوای نەخواستە زەرەر و زیان گەیاندن بەو دەسکەوتە، خەڵکی باشووری کوردستان و خەڵکی پارچەکانی دیکەش وا بە ئاسانی نایانبەخشێ. خەڵک فیداکاری کردوە تا ئەو فورسەتەی دروست کردووە. بۆیە ئەرکی ئێمە ڕێبەرانی سیاسی و کاربەدەستانی سیاسیی و موسئوولینە بە ئاوڕدانەوەیەک بەو هەموو فیداکارییە بە بەرچاوڕوونییەکی مەسئولانە، داهاتووی باشووری کوردستان دروست بکەن کە ئێمەش ئەو ئینتزارەمان هەیە.

## پەیامی سیاسیی حیزبی دیموکرات بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات پەیامی سیاسیی ئێمە بۆ خەڵک لەنێوخۆی وڵات دەقاودەق ئەو پەیامە سیاسییەی پێشەوای حیزبی دێموکرات و ڕەئیس جەمهووری کوردستانە کە ئێمە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو جێخستنی مافەکانی خۆمان، لە هەموو بوارەکانی خەبات، لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشان کەڵک وەردەگرین. هەموو فورسەتەکانی دەقۆزینەوە، خەباتی ئێمە خەباتێکی فرەڕەهەندییە، کۆماری ئیسلامی ئێمەی مەجبوور بە شەڕ کرد و شەڕی بەسەر ئێمەدا تەحمیل کردو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە بە قارەمانیی خۆیان دیفاعیان لە کوردستان کرد بەڵام مەیدانی خەبات و جێبەجێکردن و جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەربەرینە، هەموو تاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک دەتوانن باشترین ڕێز لە حیزبی دێموکرات بگرن و باشترین ڕێز لە پێشەوا قازی محەمەد بگرن، ئەوەیە کە لە هەموو بوارەکانی خەبات لەنێوخۆی وڵات بێتەفاوەت نەبن. ئێمە خەبات و چالاکیی فەعالیی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات بەرز دەنرخێنین، بۆ هەمووی ئەو کەسانەی کە لە بوارەکانی جۆراوجۆری فەرهەنگی، ئەدەبی، قانوونی، پاراستنی ژینگەی کوردستان، دیفاع لە خاکی کوردستان، لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، لە هەموو مەیدانان، لە دانیشگاکان، لە هەر شوێنێک کە بۆیان دەکرێ، دیفاع لە خواست و ویستی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، پشتوانیان لێ دەکەین. جێگای ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات هەر ئەوێیە و خەڵکی زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەنێوخۆی وڵاتە. زۆرن ئەو سەبازە ونانەی کە نێویان دیار نیە و لە مەیدانەکانی جۆراوجۆردا بۆ حیزبی دێموکرات کار و خەباتیان کردووە، ئێستا ناتوانن لێرە بن و ناتوانن لە ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕێزیان لێ بگرین، ئەوانە زۆرن. ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە موکریان بوون، دواتر لە خوارەوەتر بوون. وە دوای ئینقلابی ئێران زۆرن ئەوانەی کە لە ئوستانی ئیلام، بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیان، دەیانەوێ پردی ئێستا لەگەڵ ڕابردووی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد و لەگەڵ بیرۆکەکەی قازی محەمەد و دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەقووەت بکەن. زۆرن ئەوانە لە ئوستانی کرماشان کە بە هەست و ئیحساسی نەتەوایەتی خۆیان، بە ئاوڕدانەوە بە مێژوو و خەبات و تێکۆشانی خۆیان ئێستا پێشەنگن لەو بوارەدا، زۆرن ئەوانەی لە هەموو ئوستانەکانی کوردستان بە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ، لە دەرەوەی کوردستانی ئێران لە بەشەکانی دیکە ئاوڕ وە ڕابردووی حیزبی دێموکرات و حەفتاساڵە و هەروەها یادی پێشەوا قازی محەمەد دەدەنەوە، جێگای خۆشبینی و گەشبینین بۆ داهاتووی ئێمە و بۆ



سەرچاوە
Serchawe

داهاتووی کوردستان. بۆیە حیزبێک کە لە نێو ئەو میللەتەدا دامەزرا بێ و تنوعاتی کۆمەڵگەی کوردستان بە ژن و پیاو و بە هەموو چین و توێژەکان دروستیان کردبێ دڵنیام نەتەنیا حەفتا ساڵ بگرە چەندین حەفتا ساڵی دیکە ئەگەر لە خەبات و تێکۆشان دابێ، بەردەوام دەبێ و هەرگیز کۆڵ نادا. بۆیەش کۆڵ نادا خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەمیشە لە ڕۆژە سەختەکاندا لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوون و لەمەوبەدواش دڵنیاین پەیامی سیاسیی حیزبی دێموکرات، لەنێوخۆی وڵاتدا بە قووەت و بەهێزتر دەکەن.

## لەپێوەندیی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە و دەسەڵاتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان

...ڕێگاچارەی کێشەی کورد لە تورکیا تەنیا بە موزاکرە و گفتوگۆ و خەباتی مەدەنی و کاری سیاسی و فەعالییەتی سیاسی دەزانین. حیزبی ئێمە هەمیشە بە پەرۆشەوە و بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە هەوڵی داوە تێبکۆشێ، پەیامی خۆی بەو کەسانە لە تورکیە بگەیەنێ کە لایەنگری ئەو بیرۆکەن و بە کۆمەڵگەی کوردی تورکیەش بگەیەنێ کە ئەو فورسەتەی ئێستا هەڵکەوتووە، لەدەستی نەدەن. زۆری کێشا، دەیان ساڵ قوربانی و فیداکاری و زیندان و خەبات و تێکۆشان، تا ئەو فورسەتە هەڵکەوت و کورد و تورک بەوە گەیشتن کێشەکەیان لە ڕێگەی موزاکرە و گفتوگۆ چارەسەر بکەن. هیوادارین لایەنەکان بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە بەرخورد بکەن و ڕێگا نەدەن ئەو فورسەتەی هەڵکەوتووە، تێک بچێ و جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر خاڵی سیفر.

لە پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا ئەو دەسکەوتەی کە لەوێ هەیە و کورد توانیویەتی خاوەنی دەسەڵاتێکی خۆی بێ، زەمانێک ئەو دەسەڵاتە دەتوانێ لە ئیدامەی خۆیدا سەرکەوتوو بێ، هەمووی کۆمەڵگەی کوردی سووریە بە ئی خۆی بزانێ، هەموو تنوعات حیزبی و سیاسی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی سووریە بەیەکەوە لە ئیدارەی وڵاتدا بن. هیوادارم هەموو لایەک لەسەر وەلانانی ئەقلییەتی ئینکار و نادیدەگرتنی لایەنەکانی دیکە زەمینە خۆش کەن بۆ موشارەکەت و ئەو موشارەکەتەش بتوانێ هیوایەکی زۆرتر بدا بە قەزیەی کورد بە گشتی.

## حیزبی دیموکرات و ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی

لە پێوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە حیزبی دێموکرات چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستاش لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینێ، کارنامەی حیزبی دێموکرات هەمیشە ئەوە بووە دۆست بۆ خۆی زیاد بکا، دوژمن کەم کاتەوە، هەتا ئێمە لەنێو ئێرانییە غەیرە کوردەکاندا بە هەموو بیروبۆچوونێکی جیاواز کە هەیانە، دۆست بۆ خۆمان زیاتر بکەین، مەجالی زۆرتر دروست دەکەین کە لە قەزیەی ئێمە حاڵی بن و بەم جۆرە قەزیەی ئێمە بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا پتر ڕەنگ بداتەوە. ئێستاش ئێمە تێدەکۆشین لەگەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوانەی کە بە جۆرێک قەزیەی



سەرچاوە
Serchawe

ئـێمە قەبـووڵ دەکەن، ئێعتـراف بە مەسـەلەی کـورد دەکەن، تێدەکۆشـین ئەو تنوعـاتە لە شـوێنێکدا یەک بگـرین کە ئاڵتەرناتیوێکی موناسیب دروست بێ بۆ ئیدارەی داهـاتووی ئێران کە تێیدا بە هیچ جۆر فاکتۆری کوردی نە تەنیـا ئینکار نەکرێ، بەڵکە بەشێک لە چارەسەرییەکە بێ.

لە پێوەنـدیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کـوردی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کە دەبـێ بڵـێم بەداخەوە تـا ئێسـتا ئـێمە بە نەتـیجەیەک نەگەیشـتووین، بەڵام لە هەمـان کاتـدا خۆشبینم و ئـێمە لە حیزبـی دێموکرات بە خۆشبینییەوە چاو لە داهـاتوو دەکەیـن. ئەوەی کە تـا ئێسـتا بەوە نەگەیشـتووین بەرەیەک یـام جۆرێـک کـۆدەنگی و لێـک حـاڵیبون لەگەڵ یەک دروست بکەیـن، بە مەعنای ئەوە نیە کە ئێمە بە خەتی کۆتایی گەیشتووین. بۆیە بۆ جارێکی دیکە ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەسەر پرسی هاوبەش، لەسەر دروستکردنی گوفتمـانێکی واحیـد، یەکڕیزی و یەکدەنگی بـۆ داهـاتووی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان کار بکەین و ئەوە بە قووەت بکەین. ...

لە کۆتایی دا هیوادارم هەموو لایەکمان کۆمەک بە لێک حـاڵیبوون و تەبـایی و یەکڕیزی بکەیـن. بـۆ جـارێکی دامەزرانـدنی حیزبـی دێمـوکرات لە هەمـوو ئێـوە پیـرۆز دەکەم و بە حـورمەت و ئیحتـرامەوە یـادی پێشـەوا قـازی محەممەد یەکەم ڕەئـیس جەمهوری کوردستان و هەموو تێکۆشەران و فیداکارانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی حیزبـی دێموکرات لە مـاوەی حەفتـا سـاڵدا دەکەین. هەموو لایەکتان سەرکەوتوو بن ، شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان ، بژی کورد و کوردستان.

لە ژمارە ٦٦٢ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ ئاگوستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: بە بێ دابەشبوون بە سەر جەمسەرەکاندا، پێویستە وەک کورد زیاتر لە جاران لە سەر خەت بین.

لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی تەشکیلاتی دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان راوبۆچوونی حیزبەکەی لە پێوەندی لە گەڵ رووداوەکانی ناوچەدا هێنایە بەر باس.

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پینجشەممە، رێکەوتی ٣٠ی رەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی و لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لە گەڵ چەند پرسێکی سیاسیی رۆژدا، سیاسەت و هەڵویستی حیزبەکەی هێنایە بەر باس.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا کە بە سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات تیایدا بەشداربوون، بەڕێز سکرتێری حیزبی دێموکرات بە ئاوڕدانەوە لە رووداوە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئاڵۆزییەکانی سووریە، باسی لە رۆڵی زلهێزە جیهانییەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو رووسیە لە رووداوەکاندا کرد.

لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان وتی: ئەمڕۆژانە ئاڵوگۆڕو رووداوەکان زۆر خێراتر لەوە دەچنە پێش کە پێشبینی دەکران. بەتایبەت هاتنی رووسیە بە کردەوە بۆ نێو گۆڕەپانەکە هێندەی دیکە رووداوەکانی ئاڵۆزتر کردوە. هەر بۆیە خوێندنەوەی رووداوەکانی دیقەتی زیاتریان پێویستە.

لە درێژەی ئەم تەوەرە لە باسەکەیدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی ئاماژەی بە رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە رووداوەکانی ناوچەکەدا کردوە وتی: ئێران لە ژێر تیشکی دوورکردنەوەی مەترسییەکان لە خۆی، بە شێوەی مەیدانی رۆڵی لە بشێوییەکانی ناوچەکەدا هەیەو وێدەچی حزووری رووسیە لە ناوچەکە قوەتی قەلبێک بێت بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام لە کۆتایی دا زۆر زەحمەت دەبێ کە ئێران بتوانێ بە ئاسانی لەو بشێوییانە بە بێ خەسار رزگاری بێت.

لە درێژەی قسەکانی دا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە رۆڵ و کاریگەریی کورد لە هاوکێشە ناوچەیەکان دا کردو پێش هەمووستێک سەبارەت بە هەڵوێستی کورد بەرانبەر بە حزووری قودرەتە جیاوازە جیهانییەکان لە ناوچەکەدا وتی کە، پێویستە کورد لانیکەم لە کورتخایەن دا تەنیا خۆی بە بەرەیەکەوە نەبەستێتەوە. بەڕێزیان وتی ئێمە وەک کورد دەبێ هەوڵ بدەین زیاتر لە جاران لە سەر خەت بین و بە وردبینییەکی تایبەتەوە بەدواداچوونی رووداوەکان بکەین و بە پێچەوانەی رەوتی رووداوەکانی چەن دەیەی رابردوو، ئێستا کورد لە رووداوەکانی ناوچەکەدا فاکتەرێکی بەرچاو و کاریگەرە.

سەبارەت بە هەڵوێست و ئەرکەکانی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەداو بەرانبەر بە ڕووداوەکانی ناوچەکە، خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتی: لەوانەیە هاتنی ڕووسیە بۆ ناو ڕووداوەکان و ناوچەکە بە پێی خوێندنەوەی کە لە سەر کورد هەیەتی، بە خراپ نەزانین. لە گەڵ ئەوەیکە دیسان پێداگرین لە سەر ئەوەیکە نابی کورد بەسەر جەمسەربەندییەکان دا دابەش بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وردی بەدواداچوونی ڕووداوەکان دەکاو لە نەهایەت دا ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە گرینگە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتە.

لە پێوەندی لە گەڵ هەرێمی باشووری کوردستان و ڕۆلی ئەم بەشە لە کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسیی خاوەن دەسەڵات لە ناوچەکەدا، بەرێز خالید عەزیزی وتی: کارتی بەرەندەی هەرێمی باشووری کوردستان شەر لە گەڵ بەرەی تێرۆرەو ئەمەیش مەوقعیەتی هەرێمی لە ئاستێکی بەرز دا پێناسە کردوە. بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە، ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ناوخۆی باشووری کوردستانە. هێزە سیاسییەکانی هەرێم نابێ ئیزن بدەن کێشە ناوخۆییەکانیان لە قورساییان لە سەر ئاستی ڕووداوەکانی ناوچەو شەر بە دژی داعش کەم بکاتەوە.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ کیشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان دا سکرتێری حیزبی دێموکرات وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دەخاڵەت لە کاروباری باشووری کوردستان دا ناکەین و تەنیا هیواداریین کە کێشە ناوخۆییەکانیان نەبێتە هۆی دابەزینی قورسایی ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووداوەکانی دەورووبەردا. بەرێز عەزیزی وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانیشتمان لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا هەوڵمان داوە باس لە مەترسییەکانی ئەم کێشە ناوخۆییانە بکەین و بە چاوی هیواو هومێدەوە ڕوانیومانەتە دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان.

لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی تورکیەو کێشەی کورد لەم بەشە لە کوردستاندا بەرێز عەزیزی بە ئاوڕدانەوە لە هەوڵ و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و جەماوەریی کورد لە باکووری کوردستان، پێی وابوو کورد لەم بەشە لە کوردستان زۆر باش توانیویەتی لە مەجالەکان کەڵک وەربگرێت و بەرەوپێش بچێت. بەڵام بەرێزیان نیگەرانیی خۆی لە ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی لە تورکیەو باکووری کوردستان دەربڕێ و وتی: لە دوایین هەڵبژاردنەکانی پارلمانی لە تورکیەدا کورد توانی دەسکەوتێکی باش وەدەست بێنێ کە بەداخەوە بە هۆی باش عەمەڵ نەکردنی دەوڵەتی ئەردۆغان و هێندێک لایەنی کوردی کە دەیانتوانی دان بە جەرگی خۆیان دا بگرن و بیانوو بەدەستەوە نەدەن، ئێستا وەزعەکە باش نیە. بەڵام ئەوەی بۆ کورد لە باکوور گرینگە و پێویستە کاری لە سەر بکرێ گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی دانووستان و بەرەوپێشبردنی پرۆژەی ئاشتەوایی لە تورکیە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا کاک خالید عەزیزی باسی لە بارودۆخی ئەمڕۆ ئێران کردو بە ئاماژەدان بە سازانی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژاوا لە سەر پرسی ناوکی، پێیان وابوو ئێران لە سەر ئاستی دەرەکی دا توانیویەتی کرانەوەیەک لە خۆی



سەرچاوە
Serchawe

نیشان بدات و بۆ جاریکی دیکە سەرنجی کۆمەڵگای نیونەتەوەیی بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەڵام لە سەر ئاستی ناوخۆیی دا رێژیم بێ بەرنامەیەو شتێکی وا نەکراوە کە خەڵک هەست بە گۆڕان بکەن و پێی هیوادار بن.

لە چەند بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەرێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە چەند پرسێکی ناوخۆیی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات کرد کە لە لایەن تێکۆشەرانی بەشداری کۆبوونەوەکەوە بە گەرمی یەوە پێشوازییان لێ کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتوبەری ٢٠١٥

---

# ساڵی: ٢٠١٦

---------------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: سیاسەتمان ئەوەیە خەڵک بێ تەفاوت نەبێ لە رەوتی چارەنووسو مافەکانی

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک یادو بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بەرز ڕاگرت. لەو ڕێوڕەسمەدا کە کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتاری حیزبی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد، لەگەڵ یادو بیرەوەریی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستانو لە سەروو هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەدو ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکڕاتو کۆماری کوردستانو؛ ئامانجو هیواکانیان بەڵێن نوێ کرایەوە.

یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ١ی ڕێبەندانو، بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب، لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بۆنەو ڕێوڕەسمەکاندداو بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاوەستانو ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان دەستی پێکرد.

پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات وتاری حیزبی بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرد.

كاك خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەكانیدا باسێكی لە دۆخی كاتی دامەزرانی كۆماری كوردستان لەگەڵ ئێستادا كردو گوتی بەراوردی ئەو دوو هەلەمەرجەو دەركەوتەكانی ئەو دوو دۆخەیە كە گرینگیی كۆماری كوردستانو ژیریی ڕێبەرانی حیزبی دێموكراتو لە سەروو هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەدمان پتر بۆ دەردەخا.

سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان لەو بەشەی قسەكانیدا گوتی ئەو كاتیش ناوچەكە ئاڵۆز بـوو، بۆشایی دەسەڵات پێكهاتبوو، دەرفەتێك بۆ كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەڵكەوتبوو؛ قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتەش ژیریو تێگەیشتوویی سیاسی دەویستو ڕێبەرانی حیزبی دێموكراتو پێشەوا قازی محەممەد دەرفەتەكەیان قۆستەوەو كۆماری كوردستانیان دامەزراند. ئێستاش دوای ٧٠ ساڵ وەها هەلو دەرفەتێكی مێژوویی بۆ كورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت لە هەرێمی كوردستان هاتۆتە پێشێو كورد بە ئیعتباری خەباتی دوورو درێژی لە هاوكێشە سیاسییە ناوچەییو جیهانییەكان دایەو هیوادارم كە بە تێگەیشتوویی سیاسی ئەو هەلە بقۆزێتەوەو ئەزموونو عەقڵییەتی سیاسیی پێشەوا قازی محەممەدو چۆنیەتیی ئیدارەی كۆماری كوردستان بكاتە هەوێنی چارەسەرو پێش خستنی دۆزی كورد لە ئێستادا.

كاك خالید عەزیزی لە بەشێكی دیكەی قسەكانیدا ئاماژەی بە ٧٠ ساڵ خەباتی حیزبی دێموكرات دوای دامەزرانی كۆمار كردو گوتی: ئەگەر ئەو كۆمارە شانازییەكە بۆ حیزبی دێموكراتی كوردستان، ئەوا نەتەوەی كوردیشی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەكانی خۆی ئەركدار كرد؛ جۆرێك ئەركداربوون كە لەو كاتەوە هیچ سەركوتو ئەشكەنجەو گرتنو تۆقاندنێك كۆڵی بە كورد نەداوەو ئەو خەباتە تا سەركەوتنی یەكجاری درێژەی دەبێ.

سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە بەشێكی دیكەی قسەكانیدا باسی لە فەلسەفەی دامەزرانی كۆماری كوردستان لە لایەن حیزبی دێموكراتی كردو گوتی ئەو فەلسەفەیە بۆ شەڕ نەبوو، بەڵام شەڕیان بەسەردا سەپاند؛ فەلسەفەی سیاسیو مەدەنیی كۆماری كوردستان بەشداری لە ئیدارەی وڵاتو وەرگرتنی مافی ئیدارەی ناوچەكانی خۆی بوو. ئەو فەلسەفەیە ئێستاش پاش ٧٠ ساڵ فەلسەفە، تایبەتمەندییو نێوەڕۆكی خەباتی حیزبی دێموكراتی كوردستانە.

كاك خالید عەزیزی هەر لەو بەشەی قسەكانیدا ڕوو بە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان داوای كرد كە كەلك لە دەرفەتەكان وەربگیرێو كورد هیچ هەلو دەرفەتێك بۆ هێنانە بەرباسی ویستو داواكانیو وەدیهێنانی مافەكانی بەفیڕۆ نەدا. بەڕێزیان گوتی: خەڵكی كوردستان نابێ لەهەمبەر چارەنووسو مافەكانی بێتەفاوت بنو لەو پێوەندییەشدا دەكرێ شێوازی جۆراوجۆر تاقی بكرێتەوە.

سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە بەشێكی دیكەی قسەكانیدا باسی لە هەڵبژاردنەكانی داهاتووی مەجلیس لە ئێرانی كردو گوتی: كێشەی لەگەڵ كۆماری ئیسلامی وا چارەسەر نابێ كە ئێمە بكەوینە خانەی قەزاوەت لەسەر ئەوەی

ماهییەتی کۆماری ئیسلامی باشە یان خراپە، بە دڵنیاییە کە ماهییەتەکەی خراپە؛ وەنابێ حیزبە سیاسی‌یەکان لە کێشە لەگەڵ یەکتردا ئەوە بۆ یەکتر سابیت بکەن کە کۆماری ئیسلامی خراپەو لایەنێک پێی باشە؛ دڵنیام هیچ لایەک لە ئێمە پێمان باش نییەو هیچمان لەوەدا تەوەهوممان نییە؛ بەڵام ئەوە بەشێکی بابەتەکەو بەشی سەرەکیی باسەکەو هونەرەکە لەوەدایە کە چۆن حیزبێکی سیاسی مەیدانەکە بۆ کۆماری ئیسلامی جێ نەهێڵێ.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە قسەکانیدا گوتی هەڵبژاردن لە ڕوانگەی ئێمەوە بە مانای ئەوە نییە بچینە تەفسیرو تەعبیری ئەوەی کە ئاخۆ دێموکراتیکەو لەگەڵ پرەنسیپە جیهانی‌یەکان دێتەوە یان نا؛ وەڵامەکەی ڕوونە کە هەڵبژاردن لە ئێران نادێموکڕاتیکە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمەو خەڵکەکەمان لێی بێ تەفاوت بین. بەڵکوو دەبێ تێبکۆشین لەو فەزایەدا کە دروست دەبێ خەڵک ویستو داواو پرسەکانی خۆیان بێننە گۆڕێو خەڵک لە کوردستان عادەت بگرن بە هێنانە گۆڕێی پرسەکانی خۆیانو لە ئێرانیش بزانن کە کوردستان پرسو داوای تایبەتیی خۆی هەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە تەوەرێکی دیکەی وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بە شوناسی نەتەوەیی‌و کوردی وەک یەکێک لە بنەماکانی دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردو بە ئاماژە بە ئاڵۆزی‌یەکان لە ناوچەکەو، شەڕی شیعەو سوننەو ناکۆکیی ئایینزاکان لەگەڵ یەکتری؛ بە سەرنجدان بە جۆراوجۆریی ئایینو ئایینزاکان لە نێو کورددا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لە گەرمەی ئەو کێشەو ئاڵۆزییەدا باشترین خزمەت بە ئامانجەکانمان ئەوەیە جۆراوجۆرییەکان دابەشمان نەکەنو یەکیەتی‌و یەکبوونو شوناسی نەتەوەیی خۆمان بپارێزینو ئەوەیە یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمە بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی کۆماری کوردستانە.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە قسەکانیدا ئاماژەی بە بابەتی پرسی کوردو ئازەری‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوچانەدا کرد کە کوردو ئازەری پێکەوە دەژین. کاک خالید عەزیزی پێداگری کرد کە تەنیا قەبووڵی واقعییەتەکانە ئێمە بە چارەسەر دەگەیەنێو لە مێژووشدا نموونەی ئەو لێکتێگەیشتنو قەبوڵکردنی ڕاستی‌یەکان هەیەو ئەویش ئەزموونی هاوپەیمانیی کۆماری کوردستانو فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجانە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات گوتی پەیامی ئێمە هەمیشە ئاشتی، دانوستانو چارەسەری کێشەکان لەسەر بنەمای وتووێژو ڕێزگرتنو ویکهەڵکردنە؛ بەڵام جێگای خۆیەتی ڕوو لە ئازەری‌یەکان بکەینو پێیان بڵێین کە ئەگەر ئەوانیش وەک ئێمە بە دووی مافەکانی خۆیاندا دەڕۆن، نابێ لەو شوێنانەی کوردو ئازەری پێکەوە دەژین بیانەوێ کوردەکان بێ ماف بکەن. کاک خالید عەزیزی گوتی ئازەری‌یەکان بە حاشاکردن لە مافەکانی کورد بە مافەکانی خۆیان ناگەن، بەڵکوو بە دانان بە مافی کوردەکانە دەتوانن مافەکانی خۆیان سەقامگیر بکەنو داواشمان لە خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە لە سەر بنەماکانی ڕێزو حورمەتگرتنی یەکتر، هەرگیز بێمافیی خۆیان لە هیچ کەسو لایەنێک قەبووڵ نەکەن؛ ئەوە دەرسەکانی کۆماری

کوردستانەو ئەوە مێژووی خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتە.

خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو هەروەها کێشەی دێموکڕاتەکان چەند تەوەرێکی دیکەی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی دێموکراتەکان کاک خالید عەزیزی باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر تا ئێستا ئەو دوو لایەنە لە پرسی یەکخستنەوەی حیزبی دێموکڕاتدا بە ئاکام نەگەیشتوون، ئەوە بەو مانایە نییە لە داهاتوودا کاری لەسەر ناکەین، بەڵکوو هیوادارین ئەزموونی ئەو چەند ساڵ دانیشتنو وتووێژە بەرچاوڕوونیی زیاترمان لە بابەت یەکخستنەوەی حیزبی دێموکڕات بداتێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو یادەدا کاک حەسەن دانشفەر شێعرێکی حەماسی بۆ یادی کۆماری کوردستان خوێندەوەو لە درێژەدا خاتوو شیرین شەریفی، گۆرانییەکی پێشکێش بە ئامادەبووانی یادەکە کرد.

خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن سۆهەیلا قادری، سکرتێری یەکیەتیی ژنانو؛ هەروەها چەند گۆرانییەک بە دەنگی سەرکەوت مرادیو سەردار کرماشانی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە پیرۆزبایی ئامادەبووان لە یەکترو شادیو شایی ئەوان بەو بۆنەیەو لەگەڵ گۆرانییە شادەکانی پێشمەرگەی هونەرمەند سەلاح هەورامی تا کاتی تەواوبوونی درێژەی پێدرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١٦

## خالید عەزیزی: حیزبی دێموکڕات حیزبی دۆێنێ، ئەمڕۆو حیزبی سبەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک کۆتایی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٦ی خۆی ڕاگەیاند.



سەرچاوە Serchawe

کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، "کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان" بە دروشمی "خەبات بۆ گشتگیرکردنی گوتاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتبەستن بە یەکگرتنو هاوپێوەندی" ڕۆژی شەممە، ١٧ی ڕێبەندان دەستی بە کارەکانی کردو، شەوی چوارشەممە، ٢١ ی ڕێبەندان کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی کۆنگرەشدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ی ڕێبەندان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد.

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای قسەکانیدا سلاوی بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی، تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی، چالاکانی سیاسیو مەدەنیو؛ بنەماڵەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی بەتایبەتی ناردو، ڕوو بە بنەماڵەی شەهیدان گوتی پەیامی ئێوە بۆ یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتو لە کۆنگرەدا بوو بەباسو کۆنگرەی ١٦، ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی ڕاسپاردوە کە وەک جاران بە هەست بە بەرپرسایەتیی زیاتر لەو پێناوەدا تێبکۆشێ؛ ڕوو بە زیندانیانی سیاسیش گوتی: ئێمە ئێوەمان لەبیر بوو، ئێوە لە زیندانو ئێمە لە کۆنگرەو هەر دوو ئەو مەیدانە تەواوکەری ئەو خەباتەن کە بە هەموومانەوە بەڕێوەی دەبەین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە گرتنی ١٦ کۆنگرە لە مێژووی ٧٠ ساڵەی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا ڕوو بە خەڵکی کوردستان گوتی: کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕات زۆر بڕیار و ئەرکی بۆ سەرخستنی خەبات دەستنیشان کردووە هەمووانی لە پێناودا ئەرکدار کردوە، بەڵام ئەوە هەر بە ئێمە جێبەجێ نابێ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕات حیزبی خەڵکی کوردستانەو هەر بە جەماوەری کوردستانیشە دەتوانێ ئەرکو بەرنامەکانی بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژەیە بباتە پێشێ کە لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئێمە بەجێ ماوە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە دروشمێکی کۆنگرە، واتە؛ " حیزبی دێموکرات حیزبی دوێنێ، ئەمڕۆ و حیزبی سبەی خەڵکی کوردستان" کردو لەو پێوەندییەدا گوتی: ئێمە بە داهاتووی حیزبەکەمان، بە داهاتووی خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشبینین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە پێداگری لەسەر ڕۆڵی لاوانو خوێندکاران لە بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران باسی لە فرەڕەهەندیی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کردو تەئکیدی ئێمە لە سەر سیاسەتی ئەو ماوەیەمان ئی ئەوە نییە کە هیچ گومانو دوودڵییەکمان لەسەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامی هەبێ، ئێمە ئەزموونی ٣٧ ساڵ هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیمان هەیە، ئێمە لە زۆر بواردا ئەو حکومەتەمان تاقی کردۆتەوە؛

بۆیە ئێمە هەموو لایەنەکانی خەبات دەگرینە بەر بۆیەوەی مەیدانی خەباتی خۆمان لە دژی ئەو ڕێژیمە بەرینتر بکەینەوەو بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەوڕووی بینەوە.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەی باسەکەیدا گوتی پرۆژەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەیە کە لە کوردستان خەڵک لە بەرامبەر وێژمانو سیاسەتی حیزبەکەیان، واتە حیزبی دێموکڕات بێ تەفاوت ڕابگرێو هەروەها لە گەمەی ناوچەییدا جۆرێک بجووڵێتەوە پرسی کورد لە ئێران لە پەراوێز بخا؛ ئێمە نابێ ڕێگە بەوە بدەین و ئەوە ئێمەین کە دەبێ کە بابەتەکانی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنینە گۆڕێ.

کۆنگرەی ئێمەش بە بایەخدان بەو بابەتانە کۆمەڵە بڕیارو ڕاسپاردەی دەستنیشان کردوە تا بە هاوکاریی هەموومان بەڕێوەی ببەین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە درێژەی باسەکەیدا باسی لە بابەتی "ڕاپرسی"ی لە کوردستانی ئێرانو هاتنە بەرباسی ئەو بابەتە لە کۆنگرەشدا کردو گوتی: ئێمە ئارەزوومان دەکرد حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک حیزبێکی قانوونی لە ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیکدا بە ئاشکرا تێکۆشانمان هەبا و لە دروستکردنەوەی ئێران و کوردستاندا دەوری خۆمان گێڕابا، هەروەها ئارەزوومان دەکرد ئەو حیزبە کە بۆ ئیدارەی وڵات دروست بووە، ڕێبەریی ئەو ئیدارەو بەڕێوەبەرییەی لە کوردستان کردبا؛ ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە بە ئاشکرا لە کوردستان حزوورمان نییە، بەڵام گوتارو قسەو سیاسەتی ئێمە لە نێو کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا لایەنگری هەیەو خەڵکی کوردستان خۆی تێدا دەبیننەوە. بیرۆکەی ڕێفراندۆمیش بەو مانایە نییە کە ئێستا بە کردەوە جێبەجێی بکەین، بەڵام ئەو بیرۆکەیە پاشخانێکی دەوڵەمەندی هەیە کە ٧٠ ساڵ تێکۆشان بۆ خەباتی نەتەوەیی و تاقیکردنەوەی هەمو شێوازەکانی خەباتە.

جا بۆیە مادام کۆماری ئیسلامی ئێستاش حاشا لە پرسی کورد دەکا، ئیدارەی کوردستان بە خەڵکی خۆی ناسپێرێ، سیاسەتی سەرکوتو زەبرو زەنگی گرتۆتە بەر، لە کوردستان بەشێکی خەڵک بە هۆی نەتەوەیی وەڵا دەنێ، بەشێکی بەهۆی دینیو بەشێکی هەم بەهۆی دینیو هەم بە هۆی نەتەوەیی پەراوێز دەخا، ئەوە مافی خۆمانە کە لە نێو خۆی وڵاتدا، لە نێو کۆڕو کۆمەڵەکاندا، بە نووسین و لە مێدیادا بڵێین کە مادام هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەهێشتووینەتەوە جیا لەوەی باسی ڕێفراندۆم بێنینە گۆڕێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بە پرسی دێموکڕاتەکان کردو گوتی کۆنگرەی ١٦ی حیزب بە گرینگیی زۆرەوە سەرنجی داوەتە داوای کۆمەڵانی خەڵک بۆ یەکگرتنەوەو هەر لەو پێوەندییەشدا کۆمیتەی ناوندیی ڕاسپاردوە کە لەوە بەدوایەش تێبکۆشی لە بەر ڕووناکایی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕات پرسی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی

دێموکرات بباتە پێشێ.

کاک خالید عەزیزی گوتی بۆ ئێمە ئەوە گرینگە کە لە حیزبێکدا بەیەکەوە کار بکەین کە ئەو حیزبە حیزبی هەموومان بێ، هەمومان هەست بەوە بکەین کە ئەندامی حیزبێکین کە بەبێ فەرق و جیاوازی هەست بە ئەمنیەتی سیاسی، حقوقیو فەردی بکەینو کاتێک دەتوانین ئەو پرۆسەیە سەربخەین کە لە هەر دوولای دێموکرات بەو چەشنە بیر بکەینەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو رێورەسمەدا مامۆستا ئاشق شێعرێکی بەسۆزی بۆ بەشداران خوێندەوەو هونەرمەند ئاوات بۆکانی مەقامێکی پێشکێش بە بەشداران کرد. پێشکێشکردنی چەپکەگوڵی یەکیەتیی ژنان لەلایەن سۆیلا قادری، سکرتێری ئەو ریکخراوەیەو؛ چەپکە گوڵی بنەماڵەی شەهیدان لەلایەن سەیدزادە هەدیە حوسێنی؛ خوێندنەوەی شێعر لەلایەن ئەحمەد قادریو سەردار زەنگەنە، دوو شاعیری خاوەن هەستی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات چەند برگەیەکی دیکەی ئەو رێورەسمە بوون.
هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەریی کۆنگرەی ١٦ی حیزبەوە خەلاتی ڕێزلێنان بەسەر کۆمەڵێک هاوڕێیانی حیزبیدا دابەش کرا کە لە سەرخستنی کاروباری کۆنگرەدا ئەرکیان وەئەستۆ گرتبوو.

جێژنی کۆتایی کۆنگرەی ١٦ بە شاییو شادیی بەشدارانو دەنگی خۆشو گۆرانییەکانی ئاوات بۆکانی تا کاتی دیاریکراوی خۆی درێژەی پێدرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریویری ٢٠١٦

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزب

لە کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستاندا، کاک خالید عەزیزی تیشکی خستەسەر باسو ئاکامو بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکڕات.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی ڕەشەممە بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات باسی لە دەسکەوتەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبو رێنوێنیو ڕاسپاردەکانی



سەرچاوە
Serchawe

کۆنگرەی بۆ کارو تێکۆشانی ئەندامانی حیزب کرد.

کاک خالید عەزیزی لە قسەکانیدا باسی لە گرینگیپێدانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبو میدیاکانی باشووری کوردستان بە کۆنگرەی ١٦ی حیزبی کردو تیشکی خستە سەر ئەو پەیامو ڕاسپاردانەی کۆنگرە بەرەوڕووی خەڵک بە گشتی، چالاکانی سیاسیو مەدەنی، حیزبە سیاسییەکانو هەروەها ئەندامانی حیزب بڵاوی کردوونەتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا بە کورتی باسێکی لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٦ کرد کە تیشکی خستبووە سەر بابەتەکانی بنەماو ناسنامەی دەسەڵات لە ئێران، کۆماری ئیسلامی لە گەمەی نێودەوڵەتیو ناوچەییدا، پرسی ناوکی، کاریگەریی باروودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتی لە بەستێنی سیاسیدا، فەزای سیاسیو جووڵەی مەدەنی لە نێوخۆی ئێرانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی.

کاک خالید تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی ١٦دا ڕوانینە بنچینەییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی پرسی کورد بە گشتیو پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیی باس کراوە لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی ئەم حیزبە بۆ پێگەی کورد لە ئێران، پێوەندیی کوردو تورکی ئازەری، باسی ئایین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەوژمی باری ئابووریو کۆمەڵایەتی، فەزای سیاسیو جموجۆڵی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کراوە. هەروەها لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیدا ئامانجی سیاسیی حیزبو ئاقاری خەباتو شێوەکانی یەکێک لەو باسانە بووە کە زۆر بە وردی قسەی لێکراوەو گرینگیی پێدراوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا چەند بابەتێکی نێوخۆی تەشکیلاتی باس کردو دواتر کۆمەڵێک لە بەشداران سەرنجو تێبینیی خۆیان لەسەر باسەکەی سکرتێر هێنایە بەر باس

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# گوڵبژێرێک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## حەفتا ساڵ تێکۆشان و ئەرکەکانمان

با ئەو ڕێکەوتە هاندەرمان بێ بۆ ئەوەی لە بڵێندایی حەفتا ساڵ تەمەنی حیزبەکەمان ڕا ئاوڕ بدەینەوە سەر ئەو ڕێگا دوور و درێژە کە تا ئێستا حیزبەکەمان بڕیویەتی و سەرباری هەموو سەختی و کەموکوڕییەکان شانازی بەوەوە بکەین کە ئەمڕۆ ئێمە میراتگر و هەڵگری ئەو ئەمانەتە مێژووییەین. هەر لەو کاتەدا پێویستە ئەو بۆنەیە هانمان بدا بۆ ئەوەی بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو فاکتەرانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بە هێندێکیان کرد، ئازایانە و سەختگیرانە کارکردی تا ئێستای خۆمان و خەباتەکەمان بدەینە بەر زەرەبینی هەڵسەنگاندن. پێویستە بەوپەڕی هەستی بەرپرسیارییەوە خۆمان لە جارانیش ئەرکدارتر بکەین و باشتر حیزبەکەمان بۆ دەرچوون لە هەلومەرجی ئێستا تەیار بکەین. تەیاربوونێک کە بەپێی فرەڕەهەندیی خەباتەکەمان کەرەستەی پوخت و تۆکمەشی لە هەموو بوارەکاندا پێویستە، هەم ئەزموونی ڕابردووی دەوێ، هەم فیکری نوێ.

هەوڵی بە دوو جەمسەری کردنەوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئەوەی سەردەمی شەڕی سارد لەمێژە کۆتایی پێ هاتوە و ساڵانێکە فرە جەمسەری جێی دوو جەمسەریی گرتۆتەوە، دیاردەیەک کە لەم ساڵانەی دواییدا بەدی دەکرێ و هەتا دێ قووڵتر دەبێتەوە ئەوەیە کە ڕووسیە بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی لاوازیی پێگەی ساڵانی ڕابردووی، جیا لە کێشەکانی پێوەندیدار بە حەوزەی نفووزی سوننەتیی خۆی کە بەرچاوترینیان قەیرانی ئۆکراین بوو، هەوڵی داوەکۆمەڵێک کێشەی دیکەش لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا و لەنێو واندا قەیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوو بەرەیی شیعە و سوننە بۆ ئەوە بەکار ببا کە جێپێیەکی پتەوتر و بەرفرەوانتر لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نفووز لە ناوچەدا بۆخۆی بکاتەوە. وەک دەرەنجامێکی ئەو ململانێ گەورانەش بە جۆرێک دوو جەمسەرییەکەی پێشوو بە شێوازگەلی دیکە و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەری نوێ (کە چیدیکە ئیدئۆلۆژیک و یەکدەست نین) زیندوو بۆتەوە.

## تێرۆریزم و داعش

دیاردەی تێرۆریزم بەتایبەتی ئەو جۆرە لە توندوتیژیی کوێر کە لەسەر بەستێنی بنئاژۆیی ئیسلامی دروست بووە و لەو چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەکی زۆر بەربڵاوتر لە پێشوو بەرۆکی مرۆڤایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر گۆشە و کەناری دیکەی جیهان گرتوە، ئەمڕۆ وەک بابەتی هەرە مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی نێودەوڵەتیدێتە بەرچاو. هەر ئەوەشە کە پرۆژەی داعشی بەرەورووی ئەو دژکردەوە بەربەرین و بێوێنە نێودەوڵەتییە کردۆتەوە. بەڵام حاشای لێناکرێ کە نە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەلکێشانی ئەو دیاردە مەترسیدارە تەنیا ئیدئۆلۆژین و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە داڕشتنی



سەرچاوە
Serchawe

ئامانج و شێوازەکانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا یەکدەنگ و یەکگرتوویە. لەڕاستیدا ئامانج و ئاجێنداکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا زۆر لێک جیاوازن و قەیرانی سووریە و شەڕی داعش بوونەتە تێئاتری بردنەپێش و یەکلاکردنەوەی کۆمەڵێک ململانەی زۆر فراوانتری نێودەوڵەتی و هەرێمی.

## دوورەدیمەنی دێموکڕاتیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

نالێکی و نالەباریی ئەم میراتە ئیستعمارییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەروەها کاریگەریی خراپی لەسەر چۆنیەتیی حوکمڕانی و هاوکێشەی نێوان خەلک و حکوومەتەکانیش بەجێ هێشتوە. لەو شوێنەدا کە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و شەپۆلە یەک لەدوای یەکەکانی دێموکڕاسی لە زۆر وەڵات و ناوچەی دیکەی جیهاندا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە و ژمارەی دیکتاتۆرەکان هەر هاتوە و کەمتر بۆتەوە، هەروەک لە ڕووداوەکانی بەناو "بەهاری عەرەبی"دا سەرلەنوێ سەرنجمان دا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شۆڕش و ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دێموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییان لێنەکەوتۆتەوە. بەپێچەوانەوە، وێکهەڵنەکردن و شەڕی فیرقەیی و تیرۆر لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکاندا بوون بە ئەمری واقیع و فەرهەنگی زاڵ بەسەر ژیانی سیاسیی ناوچەدا.

## پرسی ناوکی و خەباتی ئێمە

خەباتی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی مافەنەتەوەییەکانو بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی لە ئێراندا زۆر بەر لە سەرهەڵدانی کێشەی ناوکیی ئێرانو ڕۆژئاوا و تەنانەت زۆر زووتر لە هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە دەستی پێکردوە. ئەگەرچی گوشاری دەرەکیو هەڵوێستی لێبڕاوانەی کۆمەڵگەی جیهانی لەئاست لاسارییەکانی ئەوڕێژیمەمان هەمووکات بەفاکتەرێکی ئەرێنی بۆخەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران لەدژی ئەو ڕێژیمە زانیوەو دەزانین، بەڵام باوەڕمان وایە ئەوە کە وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەباتی خەڵکی ئێمە دەخاتە گرەوی خۆیەوە پێش هەموو شتێک بەردەوامیی ئەو خەباتە بە هاوکاری و یەکگرتوویی هەموو هێز و لایەنەکان و هەموو بەستێنەکانی خەباتە، نەک جۆری ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پێوەندییەکانی ئەو ڕێژیمەو دنیای دەرەوەدا دێن.

## فاکتەری کورد لە هەلومەرجی نوێی ناوچەدا

ئەو هەلومەرجە نوێیەی ناوچە جیا لەوە کە دەتوانێ سەرچاوەی کۆمەڵێک مەترسیی نوێش بۆ سەر کورد بێ، لە خوردکردنەوەی جێگە و پێگەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان و لەپێوەندی لەگەڵ پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردیشدا هەڵگری کۆمەڵێک کەموکوڕییە. جیا لەوە کە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک یەک لەو پانۆڕاما نوێیەی ناوچەدا چالاک و دانپێدانراو نین و بەشی سەرەکیی ئەو بایەخ دانە بە ڕۆڵی کورد بەپلەی یەکەم باشووری کوردستان دەگرێتەوە،

دابەشبوونە هەرێمی و جیهانییەکان لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بە سیاسەت و ئاقاری بەشێک لە هێزە کوردییەکانیشەوە دیارە. ئەمڕۆ هەر لەو کاتەدا کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر هەل و دەرفەتی لەبار بۆ بردنەپێشی پرسی کورد لەگۆڕێدایە، بەڵام نیگەرانییش لە دابەشبوونی هێز و لایەنە کوردییەکان لە پەراوێزی ململانەی نێوان هێزە ناوچەییەکاندا و بەردەوامیی زێهنیەتی یەکترقبووڵنەکردن و هێژمۆنیخوازیی ئەم لایەن و ئەو لایەن زیادی کردووە.

## سنووری جوغرافیایی ڕۆژهەڵات

سیاسەتی دێموگرافی و ڕاگواستن و لێکدانی قەومی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای لە بارودۆخەکە کردوە کە تا ئێستاش دیاریکردنی سنووری جۆغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی ئاسان نەبێ. نەک هەر حیزب و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات نەیانتوانیوە لەپێوەندی لەگەڵ سنوورەکانی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرچاوڕوونی و ڕێنوێنیی هاوبەشیان هەبێ، بەڵکوو ئەم پرسە هەتا ئێستا بە جیددی بیریشی لێ نەکراوەتەوە. ئەمە لە چەشنی ئەو پرسە گرینگ و درێژخایەنانەیە کە پێویستە لایەن و بژاردەکانی کورد پێکەوە کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی هەم بە بەرچاوڕوونییەکی باشترەوە لە ئێستای سیاسەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی پیلان و گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە سەرزەمینی کوردستان بینەوە و هەم بۆ دواڕۆژی ساغکردنەوەی سنووری کوردستانیش ئامادەیی باشتریان هەبێ. شتێکی دیکەش کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە نەهێڵین ئەم دابەشکردنە ئوستانییەی ئێستا شوێنەواری خراپ لەسەر ڕووحی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات دابنێ و بە پەرەپێدانی ڕووحی ناوچەگەری و ئوستانی ببێتە هۆی لاواز بوونی پێناسەی هاوبەشی کورد لە ئێراندا. هەر لەو کاتەدا بژاردە و لایەنە سیاسییەکان پێویستە لەسەر پێناسەی سیاسی-جوغرافیایی کوردستانی ئێران وەک واحیدێکی یەکگرتوو بەردەوام و شێلگیر بن.

## ئایین لە ڕۆژهەڵات و یەکگرتوویی نەتەوەیی

هۆشیاریی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورەترین لەمپەرە لە بەرامبەر ئەوەدا کە کێشەی ئایینی کۆمەڵگەی ئێمە دابەش بکا. حیزبی ئێمەش لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە ڕێک لە چوارچێوەی ستراتیژیی بەهێزکردنی ئەو هەستە نەتەوەییە و پێشگیری لەوە کە جیاوازیی مەزهەبی لە ڕووی سیاسییشەوە کوردی ڕۆژهەلات لە یەکتر جیا بکاتەوە، بچێتە پێشێ. فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە وەک دەوڵەمەندییەک و بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیر بکرێن. بەڵام هەر لەو کاتەدا پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سوننی و شیعە و یارسان و هی دیکەوە لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیاندا یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد بپارێزن و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدەن کە بە مانۆڕە فێڵبازانەکانی خۆی لەو جۆرە فرەچەشنییانە بۆ درزخستنەنێو

ریزەکانی خەڵکی کوردستان و بە لاڕێدا بردن و گۆڕینی سروشت و جەوهەری مەسەلەی کورد لە ئێران کەڵکی خراپ وەربگرێ.

## پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد

حاشای لێ ناکرێ کە دابەشبوونی کوردستان بەرژەوەندیی جۆراوجۆری لەنێو خودی کورددا دروست کردوە و هەر پارچەیەکی کوردستان یان تەنانەت هەرکام لە هێزە سەرەکییەکانی ئەو پارچانە خوێندنەوەی خۆیان لەو بەرژەوەندییانە و بەگشتی لە ئایندەی مەسەلەی کورد هەیە. بەڵام هەر لەو کاتەدا کە دەبێ هەر پارچەیەکی کوردستان بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیەکانی خۆی بکا و بۆخۆیشی ئاجێندای خەباتی خۆی تەنزیم بکا، هەق وایە هەموو کورد پێکەوە ئەو قابلیەتە لە خۆیدا پێک بێنێ کە لەسەر هێندێک رێکار یان لانیکەم پرەنسیپ هەم لەبواری پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و هەم لەبارەی چۆنیەتیی بردنەپێشی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی یەکدەست لە ئاستی دەرەکیدا رێک بکەون.

پێوەندی و بردنەپێشی پرسی هیچ پارچەیەکی کوردستان نابێ لەسەر حیساب و بە قیمەتی خەواندنی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان تەواو بێ. زەروورەت و ریساڵەتی یەکیەتی و رووحی نەتەوەیی کورد و تەنانەت بەرژەوەندیی جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێ کە بەرپرسانی ئەم پارچەیەی کوردستانیش بە چاوی حورمەتەوە بڕواننە رابردووی پڕشنگداری کوردەکانی رۆژهەڵات چلەبواری خەبات و فیداکاری بۆمافە رەواکانی خۆیان و چلەبواری هاوپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا لە گوتار و سیاسەتیاندا پرسی رۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەکەی نادیدە نەگرن.

## فیدرالیخوازی و تایبەتمەندیی پرسی کورد لە ئێران

خەباتی کورد لە ئێران زۆر بەر لە فیدرالیخوازی جەوهەر و شکڵی ئەمڕۆی بە خۆوە گرتوە و ئەو جەوهەر و شکڵە لە داهاتووشدا هەروا درێژەی دەبێ. هەربۆیە زۆر سروشتی و بەجێیە کە وێڕای کارکردن بۆ جێگیرکردنی فیدرالیزم وەک مێکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی هاوبەشی وڵات و وەک دەستەبەرێک بۆ ستاتووسی کورد، حیزبی ئێمە و گەلەکەمان بەگشتی لە هەموو قۆناغەکاندا دەستئاوەڵایی بۆخۆیان بێڵنەوە و لە گەڕان بەشوێن ڕێگاچارەکاندا قورسایی کار و بەرنامەکەیان پێشدا بخەنە سەر جێگیرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد. بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە کە وەک کورد لە تەنیشت پرۆژەی فیدراڵیدا، بەردەوام لە فکری ئەوەشدا بین کە بەپێی دەرفەت و هەلومەرجی خەبات تێکۆشین ئەگەر بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاویش بێ، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆمان کار بکەین. ئەمە نە لەگەڵ فیدرالیخوازی بۆ سەرجەم ئێران و نە لەگەڵ حاکمیەتخوازیی خودی کورد (کە لە بەرنامەی ئێمەدا لە زیندووکردنەوەی چەمکی کۆماری کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە) لە



سەرچاوە Serchawe

دژایەتیدا نیە.

## "کۆمار" لە دروشمی حیزبدا

زیندووکردنەوەی چەمکی کۆمار و جێکردنەوەی لە دروشمی ستراتژیکی حیزبدا، بەپێچەوانەی ئەوە کە هێندێ جار دەگوترێ، کەمترین ناتەبایی لەگەڵ ویستی فیدرالیزم و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا نیە. چونکە جیا لەوە کە لە ئەزموونی پێشووی کۆماری کوردستاندا (١٩٤٦) تەعامول لەگەڵ تاران و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا لە بەرنامە و دەستووری کاری ڕێبەرانی کۆماردا هەبوو، لەڕووی حقووقی و ئەزموونی وڵاتانی دیکەشەوە پێکەوەهێنانی هەردوو چەمکی فیدرالیزم و کۆمار شتێکی باو و ئاساییە و زۆر قەوارەی نیمچەسەربەست هەن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بەرفرەوانتردا لەژێر ناوی کۆماردا دانیان پێدا نراوە.

## ڕۆژهەڵات تەوەری

لە فەزایەکی ئاوادا حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ سەرنجی خۆمان و خەڵک و لایەنەکانی دیکەش بۆ ئەو زەروورەتە رابکێشین کە وزە و توانای سیاسی و خەباتگێڕیی ڕۆژهەڵات پێش هەموو شتێک بۆ بەهێزکردنی ئەو پارچەیەی کوردستان تەرخان بکرێ و نابێ دەربڕینی هاوپێوەندیی نەتەوەیی ببێتە بەستێنێک کە لەودا لەژێر ناوی پشتیوانی لە پارچەکانی دیکە بەشەکەی خۆمان لەبیربکەین. ئەوە بە مانای غافڵبوون لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی و پێویستیی هاوهەنگاویی نێوان پارچەکانی کوردستان نیە، بەڵکوو بە مانای پێداچوونەوە بە جێگە و پێگەی ڕۆژهەڵات لەسەر نەخشەی گشتیی بزووتنەوەی کورد و فاکتەری کوردی لە ناوچەداو نیشاندانی ئەو چاوەڕوانییەیە کە ئەگەر قەرار بێ هاوپێوەندی و مایەلەخۆدانان لەنێوان کوردی ڕۆژهەڵات و کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێ، پێویستە ئەو هاوپێوەندی و مایەلەخۆدانانە دوولایەنە بێ. نە ڕەوایە و نە تەنانەت بە بەرژەوەندیی چوونەپێشی مەسەلەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستانیشە کە مەسەلەی کورد لە پارچەیەک بخەوێندرێ یان ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی کوردستاندا لەرادەبەدەر بکەوێتە ژێرکاریگەریی بارودۆخ و ئاجێندای خەبات لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا.

## چالاکیی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات

لە فەزایەکی وەهادا کە بەداخەوە هەموو شتێک بە چاوی ڕەش و سپی سەیر دەکرێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەی لە هیچ لایەنێک کەمتر ئاگاداری ماهیەتی کۆماری ئیسلامی و سنوورداربوونی زەرفیەتەکانی فەزای ناوخۆ نیین و لەحاڵێکدا لە ساڵانی رابردوودا بەتەنیا بەقەرا هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵات پێشمەرگەمان لە نێوخۆی وڵاتدا چالاک بووە، هەمیشە پشتیوانیمان لە هەوڵ و ئیبتکارە مەدەنییەکانی نیشتمانپەروەرانی کورد لە نێوخۆی وڵات کردوە و تەنانەت هاندەریان بووین بۆئەوەی لە

هەوڵی دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراویشدا بن. ئەوەش لەباوەڕمان بە خەباتی فرەڕەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ و پێمان وایە بە مەبەستی چالاککردنی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و بە جەماوەریکردنی خەبات پێویستە پاڵپشتی بەکردەوەی ئەو بەستێنە گرینگەی تێکۆشان بین. هەرلەوکاتەدا، لەو باوەڕەداین کە پێویستە چالاکانی نێوخۆ بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەنگاوڕەنگییەکانیان بەشێوەی یەکگرتوو و هەمەلایەن پێکەوە کار بکەن، هەوڵ بدەن کار و بەرنامەکانیان زۆرتر لە خانەی نەتەوەییدا بن و وێڕای کارکردن لەسەر ئەو بوار و بابەتانەی لە ژیانی خەڵک نزیکترن، هەمیشە جەوهەری پرسی کوردیان وەک پرسێکی سیاسی لەبەر چاو بێ.

## چالاکیی پێشمەرگە و خەباتی مەدەنی

ئێمە خۆڕاگری و خەباتی چەکدارانە بۆ خۆمان وەک گەلێکی خاوەنمافی چارەنووس و لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە لەجیاتی پێکهێنانی دەرفەتی چارەسەری سیاسی بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتی دەکا، بە مافی ڕەوا و تەنانەت ئەرکی خۆمان دەزانین. بەو حاڵەش حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات و جێگیربوونی هێزەکانمان لەسەر سنوورەکان زۆرتر بەمەبەستی حزووری سیاسی و تەشکیلاتی و پێوەندی لەگەڵ خەڵکی خۆمان بووە. ئەگەریش لەو ڕێگایەدا تێکهەڵچوونێک لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیمدا ڕووی دابێ، دەستکردنەوەی پێشمەرگە تەنیا بۆ دیفاع لە خۆیان بووە. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە هێزەکانی ڕێژیم بەتایبەتی بەکرێگیراوەکان سەرینی خاترجەمی بخەنە ژێر سەری خۆیان و لەسەر ڕەفتاری نائینسانی و دژی گەلییانەی خۆیان دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بەردەوام بن. حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی ئێمە دەبێ وەک بەشێک لە خەباتی فرەڕەهەندی حیزبەکەمان چاو لێبکرێ. بۆ حیزبێک کە ژیانی سیاسیی خۆی لە پێشدا بە بەڕێوەبردنی وڵات و بنیاتنانی دامودەزگاکان دەست پێ کردوە و دوایە ناچار بووە ڕێگای بەربەرەکانی بگرێتە بەر، بە هیچ جۆر نابێ بەستێنی خەباتی چەکدارانە بە ئەلترناتیڤی بەستێنی تێکۆشانی مەدەنی چاو لێبکرێ. ئێمە خەباتی شاخ و خەباتی شار لە بەرامبەر یەکتر دانانێین و بە تەواوکەری یەکتریان دەزانین. ئەو کاتەی پێشمەرگە لە شار و گوندەکان لە گەڕاندا بوون، بەشی تەشکیلاتی و لایەنگرانی حیزب لە تێکۆشان و چالاکی لە بەستێنی مەدەنیدا بەردەوام بوون و ڕاگەیاندنی حیزبیش دەنگ و ڕەنگی هەردووکیان بوو.

## کورد و دەوڵەتی مەرکەزی

لەحاڵێکدا کە ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار لە تاران نە بە بەشداریی کورد دروست بوون و نە کوردیش ئیدیعای ئەوەی کردوە کە بە تەنیا دەتوانێ بیانڕووخێنێ، جووڵانەوەی ئێمە لە ئێران لەسەر بنەمای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم و بەهۆی چەکداربوونی بە جووڵانەوەیەکی "برانداز" ناسراوە. ئەو جۆرە خوێندنەوەیە لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ تاران بەرهەمی ڕەفتار و کرداری ڕێژیم لە دژی ئێمە و لەڕاستیدا دژکردەوەی ئێمە بەرامبەر بە تاران بووە. دەگەڵ ئەوەی ویستی ڕووخانی

ڕێژیمێک بەو سروشت و ماهیەت و کارکردەوە کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی بەتەواوی مەنتقی و ڕەوایە، هیچ بە بەرژەوەندی نیە کە ئەوە تەواوی کایەی سیاسیی ئێمە لە ئێراندا لە قالب بدا. دروست نیە لەجیاتی مانۆڕدان و مەیدانداری دەگەڵ ڕێـژیم، هـەموو ئیبتکـار و خەللاقیـەتی سیاسـی و خـەباتگێڕیی ئێمـە تـەنیا لـە دروشـمی ڕووخـانی ڕێـژیم و بـایکۆتی هەڵبژاردنەکاندا خولاسە بێتەوە. سەرنجراکێشە کە کۆمەڵێک مانۆڕی وەک بەشداری لە هەڵبژاردن و وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم کە حیزبی دێموکرات لەوپەڕی دڕندەیی ڕێژیمدا تاقیی دەکردنەوە، بیست سی ساڵ دواتر بە تەواوی لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمەدا دەبن بە تابوو. لێرەدا قسە لەوە نیە کە ماهیەت یا نیەتی کۆماری ئیسلامی چیە و باسەکە نابێ لەسەر ئەوە بێ کە ڕێژیمێک بەو کارنامەیەوە کە هەیەتی چەندە دەکرێ ئومێدی پێ ببەسترێ کە هەنگاوێک بەرەو کرانەوە یان بەرەو چارەسەری پرسی کورد هەڵێنێتەوە. بەڵکوو قسە لەوەیە کە لەو خوێندنەوە لە قالبدراوەدا بەهۆی کورتبوونەوەی یاریی سیاسی لە پرۆسەیەکی نەگۆڕ و بێ بەرهەمدا سەنگ و تواناکانی کورد بە گشتی و حیزبەکانی بەتایبەتی وەدەر ناکەوێ و لە ئاکامدا نە ڕێژیم لەسەر مەسەلەی کوردستان لە دەرەوەی خانەی ئەمنیەتی و چەکداری گیروگرفتی بۆ دروست دەبێ و نە سەرنجی بیروڕای نێونەتەوەییش بۆ لای پۆتانسیەلێکی جەماوەری رادەکێشرێ کە وێڕای شوناسخوازییەکەی دەیتوانی و دەتوانێ سەرمایەیەکی بەهێزی ڕەوتی ئازادیخوازی بۆ هەموو ئێرانیش بێ.

## لەپێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا

حیزبی ئێمە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا قەت بە شێوەی موتڵەق و یەکدەست چاوی لە هەڵبژاردنـەکانی ژێـر حاکمیـەتی ئـەو ڕێژیمـە نـەکردوە. ئەگـەر ڕاسـتە کـە کۆمـەڵێک ئاسـتەنگی سیسـتمی لـە هـەموو هەڵبژاردنەکانـدا بـەدی دەکـرێن، ئارایشـی هێزەکـان و سروشـتی هەڵبژاردنـەکان دەکـرێ جیاوازییـان پێکـەوە هـەبێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە سروشت و وەزعیەتی هەر هەڵبژاردنێک جیاوازە، ئێمە خۆمان لەوە دەبوێرین کە نوسخەی پێشـوەخت و یەکدەسـتمان بـۆ مامەڵـە لەگـەڵ پرسـی هـەڵبژاردن لـە کۆمـاری ئیسـلامیدا هـەبێ و زۆر جـار بۆخۆشـمان هەڵبژاردنمان تەحریم کردوە. لەهەرحاڵدا ئەسڵی ئێمە ئەوە نیە کە تەنیا لەبەر خاتری ئارگومێنتی شەرعیەتدان بە ڕێژیم (کە ئارگومێنتێکی بێجێیە) پێشگیری لەوە بکەین کە خەڵک هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نێوەرۆکی ویست و داواکانیان و قورسایی دیمۆگرافیی قەومی و بەربەرەکانی دەگەڵ ڕێژیم بەکار بەرن.

## ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

بە باوەڕی ئێمە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دەرچوون لەو وەزعە کە پێشتر باسمان کرد، پێویستە مشوور و ئازایەتیی بەخۆداچوونەوە و خەسارناسییەکی جیددیی کارکردی دەیان ساڵەی خۆی هەبێ و بە ڕاشکاوی دان بە هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆیدا بنێ. پێش هەموو شتێک لایەنەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن لەجیاتی ئەوەی بە هۆکاری مێژوویی و فیکری

یەکتر حەزف بکەن و لە پەراوێز بخەن، پێویستە فەرهەنگی یەکترقبووڵکردن و لەگەڵیەکتر حاوانەوە لەنێو خۆیاندا جێگیر بکەن. ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە هەروەها پێویستە لە خەڵکی ئێران و مەیدانی ئەسڵیی خەبات کە نێوخۆی ئێرانە نزیک بێتەوە. ئەوەش کاتێک دەکرێ کە ئۆپۆزیسیۆن تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی لە کۆمەڵگەی ئێران هەبێ و ڕاستییەکانی وەزعی ئێران بەو جۆرە کە هەیە ببینێ، نەک ئەوە کە لە خەیاڵ و ئارەزوودا بخولێتەوە. لە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەشدا لەجیاتی ئارمانگەرایی و گیرکردن لە مەسایل و مەفاهیمی ئیدئۆلۆژیک و فیکری پێویستە لە هەوڵی دۆزینەوە و دەکارخستنی ڕێکارەکانی بەمەیدانیکردن و نامەجازیکردنی خەباتدا بێ. لە هەمووی گرینگتر بۆ ئێمە، پێویستە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تەرسیمی ئایندەی سیاسیی ئێراندا لەسەر ڕێگاچارەیەک ساغ ببنەوە کە هەموو خەڵکی وڵات خۆی تێدا ببیننەوە. لەو نێوەشدا، جیا لەلایەنی سیاسی و مێژوویی قەزیەی کورد لە ئێران، پێویستە ئەوە وەبەرچاو بگرن کە ئەمڕۆ کورد سەنگ و پێگەیەکی بەهێزی لە ناوچەکەدا بۆخۆی پێکهیناوە. هەربۆیە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانیش بە ژوورەوە و دەرەوە ناتوانێ کورد وەک خۆی و لەسەر بنەمای ویست و داواکانی تایبەت بە خۆی وەبەرچاو نەگرێ.

## کۆنگرەی نەتەوەیی

سیاسەتی ئێمە پێشوازی لە هەر چەشنە هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی فۆرۆم یان هەر دامەزراوەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی کە بە دوور لە هێژێمۆنی خوازیی لایەنێک یان پارچەیەک بەسەر لایەن و پارچەکانی دیکەدا یارمەتی بەوە بکا کە کوردەکان هەم بۆ پێوەندییە نێوخۆییەکانیان و هەم بۆ کارکردن لەسەر مەسەلەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا لەسەر هێندێک پرەنسیپ ڕێک بکەون و کاریان پێبکەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئاستەنگانە کە لە کورتخایەندا لەسەر ڕێگای وەدیهێنانی ئەو پرۆژەیە هەن، لەو باوەڕەداین کە پێش ئەوەی لەسەر ئاستی هەموو پارچەکان بە ئەنجامی هاوبەش بگەین، پێویستە لایەنەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لەنێو خۆیاندا بگەنە جۆرێک لێکتێگەیشتن و کۆدەنگیی مایەدار. لەو سۆنگەیەشەوە، ئەولەوییەتی ئێمە ڕێکخستنی نێوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

## هاوکاریی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵات

ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا کاتێک دەتوانن لە هاوکێشەکانی ناوچە و وڵاتی خۆیاندا شوێندانەر بن و حیسابیان بۆ بکرێ کە پەرە بە سەنگی تایبەت بە خۆیان بدەن. بۆ ئەوەش پێویستە هەوڵ بدەن بە ساغبوونەوە لەسەر گوتار و ڕێکاری هاوبەش و هەمەلاگیر زۆرترین پۆتانسیەلی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە هەموو بەستێنەکاندا لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی جێگە و پێگە و شوێندانەریی"دێموکرات" لەنێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێمان وا بووە کە هەتا کێشەی نێوان دوو حیزبی دێموکرات چارەسەر نەبێ، دەرەتانی دروستکردنی بەرە یان هەر شتێکی لەو بابەتە لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا نارەخسێ، مەگەر ئەوە کە

حازر بین هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بکەین (شتێک کە هەرگیز لە سیاسەتی ئێمەدا نەبووە). هەر بۆیە ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا قورسایی زۆرتری هەوڵەکانمان خستبووە سەر چارەسەری پرسی نێوان دێموکراتەکان. بەڵام ئەگەر لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئاکامی دڵخوازیش نەگەین، زۆر زەرووره کە بۆ ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و سیناریۆکانی داهاتوو پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە لانیکەمی بنەمای لێکتێگەیشتن و مێکانیزمی کاری هاوبەش بگەن، جا لە هەر ڕادە و سیغەیەکدا بێ.

## کەموکوڕییەکانی خەبات

لایەنێکی دیکەی کەموکوڕیی خەبات و تێکۆشانی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی سیاسیی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات. جیا لەو دابەشبوون و دڕدۆنگییانە کە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە چەندین ساڵە پێیەوە گرفتارە، بەپێچەوانەی ئەوە کە لەلای بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی دیکەی دنیا باوە و تەنانەت بەپێچەوانەی ئەوە کە زۆر جار لە ڕابردووی بزووتنەوەی خۆشماندا ڕووی داوە، ئەمڕۆ بنەماکانی سیاسەت و مێتۆدەکانی خەبات لەڕادەبەدەر بوونەتە بارمتەی کۆمەڵێک تێبینیی بەهاگەرایانە (ئەرزشی). بەمجۆرەیە کە ئامانجە بچووک و کورتخایەنەکان بە ناهەق لە بەرامبەر ئامانجە گەورە و درێژخایەنەکان دادەنرێن یان شێوازێکی خەبات بە ناهەق بە نەفیکەرەوەی شێوازێکی دیکەی خەبات لە قەڵەم دەدرێ. بەم چەشنە زۆر ئیبتکار و مانۆڕی سیاسی کە دەکرێ یارمەتی بە خوڵقاندنی سیناریۆی نوێ بکەن یان لانیکەم سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای پرسی ڕەوای گەلەکەمان ڕابکێشن، ئاکامی دڵخوازیان لێوەرناگیرێ. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەین کە بەهۆی ڕەفتار و ماهیەتی دژمنانی کورد و سروشت و خەسڵەتی خەبات و خەڵکەکەمان، دەروونناسیی سیاسیی ئێمە ئەوەندەی لەگەڵ هەلومەرجی خەباتی چەکدارانە و هەوڵدان بۆ گۆڕانی یەکسانە سازگارە ئەوەندە قابلیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ و هەوڵدان بۆ بنیاتنانی هەنگاو بە هەنگاوی لەنێو ئێمەدا دروست نەکردوە. ئەمە هەم لە ساختاری تەشکیلاتیی ئێمەدا ڕەنگی داوەتەوە کە زۆرتر وەڵامدەری پێویستییەکانی سەردەمی خەباتی چەکداری بووە و بارستاییەکی ئیداریی بۆ ئەمڕۆ لە حیزبدا بەجێ هێشتوە، هەم کاریگەریی لەسەر توانا و خەللاقیەتمان لە بەکارهێنانی ئامراز و کاناڵە مۆدێرنەکانی تێکۆشان و ڕاکێشانی هێزی پسپۆڕ و بژاردەکانی دەرەوەی خۆمان و ژێرخانسازیی فیکری و زانستی لەو بوارانەدا کە بۆ قەزیەکەمان پێویستن و...هتد داناوە.

## پرسی نێوان دوو دێموکرات

ڕێبەری و بەدەنەی حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لەپێناوی یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینەدا کە دەستەبەری بەهێزی و یەکگرتوویی دوارۆژی حیزبی دێموکرات بێ، پێویستە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ لێکدابڕان چیە) ئێستا وەک هەن یەکتر قبووڵ بکەن و ڕەوتی وەسەریەککەوتنەوە بە جۆرێک مودیرییەت بکەن کە بەیەکەوە خاوەنداری لەو

ڕەوتە و لە ئیدارەی داهاتووی حیزب بکەن. ڕەوتێک کە لەودا لایەنێک خۆی بە ئەسڵ و لایەنەکەی دیکە بە فەرع بزانێ یا لایەنێک لە هەوڵی ئەوەدا بێ کە خۆی بە براوە و لایەنەکەی دیکە بە دۆڕاو لە قەڵەم بدرێ، بێگومان ئەو ئەنجامەی نابێ کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی دەکەن. واتە حیزبی دێموکراتێکی بەهێز و یەکگرتوو کە چیدیکە لە کێشەکانی رابردوودا گیر نەکا و ڕێزگرتن و سازکردنی سەنتێز لە رابردوو و روانین و وزەی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بکاتە دەسمایەی ئیدارەی خۆی و مودیریەتی سیاسەت و خەبات لە کۆمەڵگەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦

---

## پێکهێنانی سمینارێکی تەشکیلاتی لەو وڵاتی سوید، بۆ بەڕیز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### خالید عەزیزی: ئادرەسی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران حیزبی دێموکراتە

ناوەندی هەواڵ- سوید: بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ئاوریلی ٢٠١٦ی زایینی، سمینارێکی تەشکیلاتی بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنرا. لەو سمینارە دا کە زیاتر لە ٥ کاتژمێری خایاند، چەندین تەوەری گرینگ هاتنە بەر باس.

سمینارەکە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و پاراستنی خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد وپاشان لە لایەن حەمەرەسووڵ کەریمی ئەندامی ڕێبەری حیزب و بەرپرسی کۆمیتەی سوئێد لە سەر پێکهێنانی سمینارەکە و لە سەر شێوەی بەشداری و هەروەها گرینگیدان بە باسەکانی کاک خالید عەزیزی لە سەر مەسەلە سیاسی و تەشکیلاتی و دیپلۆماتی و خەباتی فرە ڕەهەندی چەند وتەیەکی وەک بەرچاو ڕوونی بۆ بەشدارنی سمینارەکە باس کرد و دواتر لە لایەن بەڕێز نەبەز عەلیدووست، بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە وڵاتی سوید، بەخێر هاتنی بەشدارن کرا و باسێکی کورتی سەبارەت بە سمینارەکە و باس و بابەتەکانی پێشکەش کرد. بە دوای ئەو دا هاوڕێی نۆبە گەشتە بەڕیز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.



سەرچاوە Serchawe

بەڕێز کاک خالید لە سەرەتای قسەکانی بە باس لە سەر سیاسەتی حیزب سەبارەت بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد و ووتی: ئەگەر لێرە دا قەرارە باس لە سیاسەتی کەلان و سیاسەتی گشتی بکرێ، هەمووی بۆ ئەوەی کە چۆن مەسەلە حەیاتییەکان، یان مەسائیلی زۆر گەورەی نیوخۆیی حیزبیش باسیان لە سەر بکرێ، چونکا سیاسەت بە حیزب دەکرێ و حیزبیش بە کار و تێکۆشانی هەموو لایکمانە کە قووەت بە سیاسەت دەدا، بە تایبەت حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات کە بۆتە جێی سەرنجی دۆست و دوژمن. تەبیعەتی سیاسەت وایە کە ئەگەر مەترەح بووی، نفووزت هەبوو، لە معادلات دا بوویی، چاوەڕوانییەکانیشت زۆر زیاتر دەبن لە سەرت. خەڵکاینی جۆراوجۆر، بەشێک بەرژەوەندییەکانیان لە وجودی و پێگەی تۆ دا دەبینن و ڕەنگە بەشێکیش وا هەست بکەن کە بە گەورە بوونەوە و مەترەح بوون و حزووری تۆ بەرژەوەندییەکەیان دەکەوێتە مەترسییەوە. جا بۆیە هەرچەندی قسە و باس چ لە میدیای کوردی، چ لە میدیاکانی کوردی ئێران و چ لە مێدیاکانی ئێرانی دا و چ لە نیو خۆماندا لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی ئیمە دا هەبێ، زۆر ئاساییە و دەبی بە دڵێکی فراوانەوە وەریگرین و پێشوازی لێ بکەین. حیزبێکی سیاسی دەبی قسە و باسی لە بارەوە بکرێ. حیزب زۆرن بەڵام کەم حیزب لە کوردستانی ئێران و ئێران، بە قەدەر حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە سەرە. من ئەوە نەک بە خراپ دانانێم، بەڵکوو بە باشیشی دەزانم.

بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا سەبارەت بە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات گووتی: ئەگەر من بمەوێ لێرە دا حیزبی دێموکرات پێناسە بکەم، کە هەرچەندە پێم وایە ئەوە تەنیا بۆ وەبیر هێنانیەوە، بەڵام لەو بڕوایە دام کە حیزبی دێموکرات ئاوا بە ئاسانی ئینکار ناکرێ. کۆماری ئیسلامی زۆری حەول دا نەیتوانی وا ئاسانی لە پەراوێزی بخا. ڕێکخراوی دیکە لە دەوروبەری درووست بوون بەڵام ئەوانیش نەیاتوانی جێگای حیزبی دێموکرات بگرنەوە. تەنانەت لە پارچەکانی دیکە هەبوو، کە حیزبێک بە هەر هۆکارێک کە خۆی پێ باشبووە، ویستوویەتی لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەیدان داری بکا، بەڵام هەر نەیانتوانیوە جێی حیزبی دێموکرات بگرنەوە. ڕەنگە ئەو پرسیارەش بێتە پێش، باش ئەو حیزبە کە وا ئەو هەموو مەیدانداریی‌یەی لە دژی کراوە، بە نەیار و بە دوژمن و بە هێندێک دۆست، ئەی بۆ هەروا لە مەوقعییەتی خۆی دا ماوەتەوە؟ باشە ئەو حیزبە کە نزیکە ٥٠ ساڵە ئەو هەموو کێشە نێوخۆییانەی هەبوو، لێکدابڕان و لێک جیا بوونەوە و تێکەڵ بوونەوە، کە وزەیەکی زۆری ئێمەی بە خۆیەوە بردووە و ئێستاشی لەگەڵ دا بێ هەر وزەیەکی باشمان دەبا، بەڵام خەڵک ئەو حیزبە هەر بە هی خۆی دەزانی و شەڕی لە سەر دەکا، هەر دێتە ڕیزەکانی و پێی مولحەق دەبێ و کەسی واش هەیە کە ئەگەر بە هەر هۆکارێکەوە وازی لێ بێنێ، بە ناڕەحەتی و دڵگرانییەوە وازی لێ دێنێ و لەوانەیە لە دەروونی خۆی دا زۆر ئاسوودە نەبێ، بەڵام بەو قەناعەتە گەشتبێ کە نەتوانی کاری تێدا بکات. دابڕانی کەسەکان لە هەردووک لای حیزب دێموکرات دەکرێ بڵێم بە قەدەر پەنجەکانی دەستێێکن، لە چاو ئەو لایەنانەی کە ئەو لەگەڵ دەبن و چاوەڕوانییان لێی هەیە و شەڕی لە سەر دەکەن، بە تایبەت لە نیوخۆی وڵات، بە هەر دەلیلێک بێ سەرمایە گوزاری لە سەر دەکەن، بە هەزاران و بە میلیۆنانن. جا ئەگەر وایە تای تەرازووەکە زۆر عەجایەب فەرقی هەیە و پێکەوە ناشۆبهێندرێن، ئەوە سەرەرای ژیانی دەربەدەری و ئاواریی و کێشەی



سەرچاوە
Serchawe

نیوخۆیی و کۆمەڵێک کێشە کە هەمانە، بەڵام هێشتا حیزبی دێموکرات بە گشتی، ئەو حیزبەیە کە خەڵک سەرمایەگوزاری لە سەر دەکەن و چاوەڕوانییان لێی هەیە. ئەو حیزبە سێ مەیدانی هەیە بۆ کاروتێکۆشان و هەمووشمان باش دەزانین کە دوو مەیدان یان دوو شوێن، گۆڕەپانی ئەسڵی تێکۆشانی حیزبە. شوێنی ئەسڵی خەبات و تێکۆشانی حیزبی ئێمە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆربەی زۆری خەڵکی ئێمە لەوێیە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەتوانین زۆرتر مەیداندراری بکەین، بۆیە حیزبی ئێمە لە چەند ساڵی رابردوو دا هەوڵی داوە کە بە کەڵک وەرگرتن لەو هێزەی کە لە باشووری کوردستان و لە دەرەوەی ولات، بە تایبەت لە سکاندیناوڤی هەیەتی و ئەزموونێکی یەکجار زۆری لە سیاسەت و شەڕ و حیزبایەتی دا هەیە، بۆ بردنە پێشی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی کەڵک وەرگرێ و لەو جێیەی کە پێویستە بە قازانجی خۆی بەکاری بێنێ. بەڵام باشترین شوێن بۆ بە دەست هێنانی دەستکەوتی باش ناوخۆی ولاتە، حزووری ئێمە لە باشووری کوردستان بۆ ئەوە نیە کە بەرهەمی دەسکەوتەکانمان لەوێ وەرگرینەوە، یان ببینە بەشیک لە کێشەکانی ئەوێ، ئێمە مەجبوور بووین لە باشووری بەو شێوەی ئیستا بمێنینەوە. لە دەررەوەی ولات هەوڵ و خەباتمان بۆ گەیاندنی دەنگی کوردە بە جیهان، بەڵام هاوکات دەبێ لە ناوخۆ ئێران و کوردستان چاوەڕێی دەستکەوتەکانی هەوڵ و تێکۆشانمان بین.

عەقڵییەتی سیاسی لە کوردستانی ئێران کە لە چەند ساڵی رابردوو دا لە چوارچێوەی حیزبەکاندا جێ کەوتبوو، عەقڵییەتێکی یەک بوعدی بوو. بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا و بە کار و هیممەت و عەقڵییەتی هەمووماں، هەوڵمان داوە کە کێشە سیاسییەکان تەنیا لە گۆشەیەکەوە نەبینن. هەوڵمانداوە کە هیندێک پارامێکسی دیکە بە سیاسەت کردنی خۆمان لەوی زیاد بکەین و هەوڵمانداوە کاتێک قسە دەکەین و هەڵویست دەگرین داییرە و مەیدانی موخاتیبی خۆمان گەورە کەینەوە. ئێمە سەعیمان کردووە سیاسەت تێکەڵاو بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بکەین. سیاسەت لە شتێکی وشک و نیو کتێب و کلوبی بەحس بێنینە دەرێ، هەر بۆیە ئێمە کە مەوزووعاتمان هێناوەتە گۆڕێ، پەیام و گوفتمانەکەمان بەحسی زۆری لە سەر درووست بوو، بەڵام دیسان ئێمە ئیدامەمان داوە. ئەو کات کە ئێمە قسەمان لە سەر ئەوە دەکرد، کە ئەو گۆڕەپانەی لە کوردستانی ئێران هەیە، ئەو پۆتانسییەلەی کە لەوێدا هەیە، ئەو ئالوگۆڕانەی کە لە عەقڵییەتی سیاسی، فەرهەنگی، مەدەنی، ژیان و سیستەم کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درووست بووە، با ئەوە تەنیا بە لێکدانەوەکانمان لە سەر کۆماری ئیسلامی تێکەڵ نەکەین.

گرفتی گەورەی گۆڕەپانی سیاسی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوە دایە کە کەس ناوێرێ باسێکی نوێ بێنێتە گۆڕێ، یەکسەر تۆمەتباری دەکەن و تاوانێکی دەخەنە پاڵ. زۆر کەس پێیان خۆش نیە کە باسێکی نوێ بینیتە گۆڕێ، چونکا هێنانە بەرباسی شتی نوێ پرسیار دەرووست دەکات و کە پرسیاریش درووست بوو خەڵکی تیوە دەئاڵێ، بەدواداچوون بۆ باسەکە دەکرێ و لەوانەیە هەر ئەوە پرسە بەرۆکی خۆشمان بگرێتەوە و ڕابردووی ٣٧ ساڵ هەڵسوکەوت و تەعامولیشت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەوێتە بەر ڕەخنە. زۆر لایەن دەیانەوێ لە جێی خۆماندا بمێنینەوە و هەر یەک بوعدی چاو لە کێشەکان بکەین. خۆ لە باس وبابەتە نوێکان نەدەین، ئەوەش دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی گرفتێکی زۆر و ئەگەر سبەی

ڕۆژێ دۆخێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە ئاراوە، ئێمە هیچمان پێ نەبێ بۆ باس کرد و تەعامول لەگەڵ دۆخی ناوخۆ دا. ئێمە دەبێ بە هێنانە بەرباسی پرسیاری نوێ، خەڵکی بە هێمنی بێنینە نێو باسەکان و لە کێشەکاندا هاوبەشیان بکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هێنانە بەر باسی پرسی نوێ، تابۆی یەک لایەنە بوونی سیاسەتی شکاند. شکاندنی ئەو تابۆیە و هێنانە ئارای شکڵێکی دیکە لە سیاسەت، وڵامێکی بە ئێمە دایەوە و شوێنی ئەو وڵامە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە نێوخۆی کوردستانی ئێران ئەو بۆچوونی ئێمەی بوو ئێعتماد بە نەفسی لە نێو هێندێک خەڵک دا درووست کرد کە نیگەران نەبن و بچنە نێو چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکان و بەو جۆرە تێبکۆشن کە خۆیان پێیان باشە و دڵنیا بن لەوەی کە ئەگەر هاتنە ناو کێشە سیاسییەکانەوە، کەس تاوانباریان نەکات و پێیان نەڵێ خائین و خۆفرۆش و لایەنێک هەیە بە جۆرێک دیفاعیان لێ دەکات.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ کۆمەک بەو گوفتمانە بکەین کە هێناومانەتە ئاراوە، کۆمەک بەوە بکەین کە خەڵک بە بەرچاوڕوونییەکی زۆرتر بکەونە نێو بازنە ڕێگاچارەکان، ناچارین ئاوڕ لە هێندێک شتی خۆمان بدەینەوە. دەبی ئاوڕ لە توانا و پێتانسیۆلەکانی خۆمان بدەینەوە، ئاوڕ لە هەڵەکانی خۆمان دەینەوە، بە ئاوڕدانەوەش لەو بابەتانە دەبی بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن دەکرێ مودیریەتی بارودۆخەکە بکرێ لە نێوخۆی ولات. ئەوە جگە لەوەی کە دەبی بیر لەوەش بکەینەوە کە خۆمان وەک حیزب و ئەندامانی ئەو حیزبە چۆن دەتوانین سازماندەهی دۆخەکە بکەین. ئێمە دەبێ خۆمان باش بناسین و بە پێی پێناسەیەکی قووڵ کە لە سەر دوژمنەکەمان بە دەستی دێنین، ڕێگە لە مانۆڕەکانی ئەو بگرین.

لە نێوخۆی ولات خەڵکێکی زۆر هەیە کە دەیەوێ خەبات و تێکۆشان بکات، ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە ئەو خەڵکە بەشداری تێکۆشان بکەین. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو کارەمان کرد. ئێمە دەبێ خەڵک ئەرکدار بکەین و هەوڵ بدەین بە ئاوەلا کردنی مەیدانی خەبات، بیانهێننە ناو خۆمان. زۆر کەس و لایەن هەن کە لەو گوتارە سیاسییەی ئێمە سڵ دەکەنەوە، لێ دەدەن و دەیانوێ ئێمە واز لەو سیاسەتەی خۆمان بێنین، بەڵام ئێمە بێ ترس درێژە بە سیاسەتی خەڵک پەسندی خۆمان دەدەین. ئێمە سیاسەت دەکەین و سیاسەت کردنی لەو جۆرەی ئێمەش دەبێ باجی قورسی بۆ بدرێ.

بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بەشێکی دیکە قسەکانی دا هاتە سەر باسی کێشەی نێوان هەردووک لایەنی دێموکرات و ووتی: ئێمە دەبێ هەوڵی بدەین کە کێشەکانی نێوانمان بە دیالۆگ و دانیشتن چارەسەر بکەین. نابێ ڕێگە بدەین کە دژبەرانی یەکگرتنەوە لە هەردووک لا، کێشەکان قووڵتر بکەنەوە و ناکۆکییەکان بکەنە ناکۆکی سیاسی. ئێمە ناکۆکی سیاسیمان نیە و هەر لە سەرتاشەوە لە سەر ئیدارە کردنی حیزب گرفتمان کەوتە نێوان. کێشەی نێوان دوو لایەنی دێموکرات بە تەوافق حەل دەبێ. ئێمە دەبێ تەوافوق بکەینە بەردی بناخەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات. من بە نیازم پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان، لەگەڵ هاوڕێیانی ڕێبەری حیزب بۆ جارێکی دیکە بکەوینەوە هەوڵ بۆ وەگەر

خستنەوە دانیشتنەکانی نێوان دوو لایەنی دیموکرات. چارەسەری کێشەی نێوان دوو لایەنی دێموکرات لە ئەولەوییەتی کاری ئێمە دایە. ئەگەر ڕۆژێک هەردووک لا بگەینە ئەو قەناعەتەی کە دان بە یەکتری دا بنێین و هەر لایەنە و بە ناوی خۆیەوە کاری خۆی بکا، دیسانەوە کێشەکان کۆتاییان پێ نایە، چونکا تەبیعەتی لێک جیابوونەوەکە بە جۆرێکە کە کێشەی نێوانمان بەو جۆرەش کۆتایی پێ نایە. ڕابردووی کێشەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە جۆرێکە کە بووتە هۆی قووڵتر بوونەوەی لێکدا برانەکە، هەر بۆیە ئەگەر هێورییەکی تەواویش بکەوێتە نێوان هەردووک لامان و تەنانەت بە یەکیشەوە لە مەیدانێک دا خەبات بکەین، هێشتا کێشەکان هەر دەمێنن و بۆ داهاتوو سەرهەڵدەدەنەوە، بۆیە دەبێ گرینگی تەواو بە هەوڵەکانی تێکەڵ بوونەوە بدەین.

لە کۆتایی وتەکانی دا و ڕوو بە ئەندام، لایەنگر و دۆستانی حیزبەکەمان، بەڕیز خالید عەزیزی ووتی: حیزبی دێموکراتی کوردستان بووتە ئالا هەڵگری گۆڕانکاری، بۆ حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە سکرتێر و ڕێبەرییەکەی خۆ لە هەموو کایە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهان وەردەدات، ئاوا ئاسان نیە کە بێ کێشە لە مەیدانی خەبات دا بچێتە پێش، بەلاّم سەرەرای هەموو ئەوانەش دڵسۆزی و تێکۆشانی بێ وچانی ئەندامانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی ولات، دەبی زامنی سەرکەوتنی زیاتری ئێمە لە خەبات و تێکۆشانماندا. من دەمەوێ بە خەڵک لە ناو ئێران و لە ڕۆژهەلاّتی کوردستانیش بڵێم کە ئادرەسی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران حیزبی دێموکراتە.

بەشی دووهەمی ئەو سمینارە تەرخان کرا بۆ پرسیار و وەلاّمی هاوڕێیانی بەشدار، پێشەکی ئەم بەشە کاک سەعید بەگزادە ئەندامی ڕێبەری حیزب و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات باسێکی لە سەر وەزعیەتی حیزب و هەڵسوکەوتی ئەندامان کرد و هەروەها تیشکی خستە سەر بەشێک لە قسەکانی سکرتێری گشتی حیزب و بە ئاماژە کردن بە هەندێک مەسەلەی پەیوەندیدار بە کاری حیزب و ئاکامەکانی کۆنگرە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و یەکریزی و یەکگرتووی نێومالّی کورد و دێموکرات قسەی کرد و دواتر لەو بەشەش دا کۆمەڵێکی یەکجار زۆر لە هاوڕێیان بە چڕوپڕی و بە خەمخۆرییەوە بەشدارییان لە باسەکانی سکرتێری گشتی دا کرد و پاشان بەڕیز کاک خالید عەزیزی بە حەوسەلەوە وەلاّمی پرسیاری و داواکاری هاوڕێیانی دایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## خالید عەزیزی: ئەوەی کۆماری ئیسلامی زۆری لێ نیگەرانە بە هێز بوونی خەباتێکی بەربەرینی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتە

ناوەندی هەواڵ- فینلاند: سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ کوردانی نیشتەجێی فینلاند کۆ بووە و لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە تایبەت سیاسەت و بۆچوونەکەنی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و گرنگیی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئامادەبووان ئاخاوت. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئێوارەی ڕۆژی شەممە،٢٢ی جۆزەردان لە شاری تورکوی وڵاتی فینلاند و بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و کۆمەڵێک میوان و کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە بەڕێوەچوو، سەرەتا ڕەحمان خالید نەژاد بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی فینلاند بەخێرهاتنی میوانانی کرد و مەبەست لە پێکهێنانی کۆبوونەوکەی بۆ بەشدران شیکردەوە. پاشان بەڕێز خالید عەزیزی لەسەرەتای باسەکەی‌دا بە ئاماژە بە سەردانی بۆ وڵاتی فینلاند و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ لایەنە حیزبی و حکومەتیەکان لەو وڵاتە ڕایگەیاند؛ کاتێک لەگەڵ هێندێک لایەنی فینلاندی و بە گشتی وڵاتانی دەرەوە، وەک وەزارەتی دەرەوە، پارلمان، لایەنە سیاسییەکان یا ئەو دامودەزگایانەی بە جۆرێک وەسڵن بە سیاسەتی کەلان لەو وڵاتانە کۆ دەبینەوە، بە تایبەت ئەوەندەی ئاوڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدرێتەوە، بە خۆشحالییەوە و بە شانازیەوە دەڵێی من کوردم و هاتووم لە سەر مەسەی کورد لەگەڵ ئێوە قسە بکەم و هەڵوێستی واقعیینانەی کورد بە گشتی و دەوری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لایەنەکانی دیکە بە گشتیی لە پاراستنی خاکی کوردستان، ستاتووسێک یا هەلومەرجی باشی بۆ ئێمە لە دنیادا ڕەخساندووە و ئێمەش وەک حیزبی دێمۆکرات و کوردی ڕۆژهەڵات لێی بێ بەهرە نابین. بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیاندا بە کورت باسی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کرد و پێی وابوو درێژەی کێشەیەکە کە بەردەوام لە گۆڕێدا بووە، ناوچەیەکە سێ مەزهەبی سەرەکی دنیا لەوێدا لە دایک بوون، ئیسلام، مەسیحی و یەهودیەت، هەموو ئەوانە خوێندنەوەی جیاوازیان هەبووە، ناوچەیەکە بە هۆی هەڵکەوتی جۆغرافیایی سەردەمانێک کێشەی شەرق و غەرب بووە، ئێستا ئەوەی لە باشووری کوردستان هاتۆتەگۆڕێ فەزیەی کوردی کردۆتە فاکتۆرێک کە ئینکار ناکرێ، بۆیە خاوەرمیانە چیدی بە کێشەی ئیسرایل و فەلەستین پێناسە ناکرێ. خالید عەزیزی لە درێژەی وتەکانی‌دا باسی لە ئێران و پرسی سیاسی لە ئێران و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد و وتی، کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی زیندووە، کورد لە ئێران سەرەرای ئەو زوڵم و زۆرەی کۆماری ئیسلامی دەیکا، خەڵک هەیە بە زیندانی دوور درێژ مەحکوم بووە، لەم دوایە کەیسی کەبوودوەند نمونەیەک بوو، کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ مەوزوعەکە بشارێتەوە، لە پەراوێزی بخا، بێ دەنگی بکا و نەهێڵێ دەنگی بگاتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەهێڵی دەنگی کوردی ڕۆژهەڵات تێکەڵی دەنگی کورد بە گشتی بێت، بەڵام خەڵک لە نێوخۆی وڵات هەر وا بە ئاسانی قبووڵ ناکەن، تێکۆشاون لە هەموو ئەو مەجال و فورسەتانە کەڵک وەربگرن و بە باوەری ئێمە ئەوەی کۆماری ئیسلامی زۆری لێ نیگەرانە و زۆری پێ ماندووە بە هێز بوونی خەباتێکی بەربەرینی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتە. بەڕێزیان لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە وەک کورد و لە سۆنگەی مافەکانی



سەرچاوە
Serchawe

خەڵکی کوردستاندا داوامان هەیە و هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین ئەگەر کێشەکانی ئێمە لە ڕێگای وتوویژ چارەسەر بکرێ هەرگیز پەنا بۆ چەک نابەین، لە ئێران هەوڵیان داوە وا نیشان بدەن کە کورد ئاشقە چەکە، سەردەمانێک بە ئێمەی کوردیان دەگووت مەرز پارێزن و دوای ئینقلابی ئێران دەیانگوت کوردستان سەنگەری ئازادی ئێرانە، بۆ خۆشمان گوتومانە و منیش زۆر جار ئەوەم گوتووە، چۆنیەتی ڕەفتاری دەوڵەت و بەشێکی بەربڵاو لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئێمەی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە با ئێمە کوردستان نەیکەینە سەنگەری ئازادیی هیچ وڵاتێک. بەڵام دوژمنی هیچ وڵاتێک و نەتەوەیەکیش نابین. ئەگەر لە تاران و مەشهەد و ئیسفەهان هەستانەوە و سەبارەت بە کورد نارەزایەتیان دەربڕی وتیان کورد داوای مافی خۆیان دەکەن، بۆ وایان لێدەکەن، ئەگەر دوای ئەوەیان کرد کۆڵبەرانی کورد بۆ ژیانی خۆیان بار هەڵدەگرن و لە کۆڵیان دەنێن بۆ ئاوا ڕەفتاریان لە گەڵ دەکەن، ئەگەر لەو شارانە هەستان و وتیان بۆ وا بە ئاسانی حوکمی سێدارە بە سەر کوردا دەسەپێنن، ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەستان بە راشکاوی وتیان حیزبی دێموکرات ٧٠ ساڵە دامەزراوە و داوای حەقی کورد دەکا و ئەو نەتەوە حەقی ئەوەی هەیە پەنا بۆ ڕێفراندۆم بەرێ، ئەو کات ئێمە دەڵێین کوردستان سەنگەری ئازادی ئێرانە، ئەگینا هیچ کات ئەوە نالێم. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران بە هێنانە بەرباسی ڕاو سەرنجی خۆیان بەشدارییان لە باسەکەدا کردو پاشان سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی سەرنجو پرسیاری بەشدارانی دایەوە. . شایانی باسە لەو سەفەرەدا بەڕێز عەزیزی زنجیرەیەک دیدار و چاوپێکەوتنی لە گەڵ لایەنەکانی فینلاند هەبوو. هەروەها بە جیا و بۆ باس لە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، تەشکیلاتی و ناوخۆیی، لە گەڵ ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە کۆبۆوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٦

## بەڕێوەچوونی سیمینارێکی سیاسی بۆ سکرتێری گشتیی ح د ک لە کۆڵن، وڵاتی ئاڵمان

ناوەندی هەواڵ- ئاڵمان: ڕۆژی شەممە ١٨ی ژوئەنی ٢٠١٦ی زایینی سیمینارێک لە ژێر ناوی "چاو خشاندنێک بە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچە و جیهان"، لە شاری کۆڵن،ی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو. سیمینارەکە بە خولەکێ بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد. لەو سیمینارە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادەی بوون، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر دوایین گۆڕانکارییەکانی کوردستان، ناوچە و جیهان بە گشتی پێشکەش کرد. ناوبراو بە چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر سەردەمی شەڕی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و زاڵبوونی کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، کە باڵی بە سەر فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی

نیوەڕاستدا کێشابوو، وتی: سەرهەڵدانی گۆڕانکارییەکانی چەند دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بوو بە هۆی ئەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە هەوڵ بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و مەزهەبی خۆیان بدەن. ڕەوتی سەرهەڵدانی ئەم گۆڕانکارییانە بە جۆرێک بوو کە هیوایەکی لە لای نەتەوەی کورد درووست کرد کە بیهەوێ کێشەی نەتەوەیی خۆی چارەسەر بکات. دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد وەک یەکەمین کۆماری کوردی، هەوڵێک بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی بوو. بەداخەوە تەمەنی ئەو کۆمارە ئێجگار کورت بوو. عەزیزی لە پیوەندی لەگەڵ کێشەی نەتەوی کورد لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە گووتی: بەخۆشییەوە دەتوانم بڵێم تا رادەیەکی زۆر باش کورد لە باشووری کوردستان توانیویەتی بۆ خۆی سەنگ و قورساییەک دەستەبەر بکات و تا ڕادەیەک بە مافە رەواکانی خۆی بگات و سەربەخۆیی کوردستان وەک ستراتیژییەک بۆ خۆی دەست نیشان بکات. لە باکووری کوردستان کورد توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر باش بە خەباتی پەرلەمانی و مەدەنی، چ لە ناوخۆی تورکیە و چ لە دونیای دەرەوە، کێشەی کورد زیاتر بناسێنێت. لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا دەتوانم بڵێم چ دەوڵەتی بەشار ئەسەد یان هەر دەوڵەتێکی تر لە سووریە بێتە سەر کار، چیتر ناتوانێ کێشەی کورد پشت گوێ بخات. سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە باس کردن لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی رایگەیاند: کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایەی بۆی کرابێت هەوڵی داوە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەراوێز بخات و وەکوو هەڕەشە و مەترسی سەیری بکات. ئەگەرچی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات هەوڵی زۆریان داوە لە ڕێگای وتوویژ و گرتنەبەری ڕێگای ئاشتییانە کێشەی نەتەوی کورد لەگەڵ ئێراندا چارەسەر بکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی وتوێژی بە بنبەست گەیاندووە و شەڕی چەکداریی بە سەر حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورددا سەپاندووە. ئێمەش بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆمان شەڕی چەکداریمان کردووە. ئەگەر حیزبی ئێمە ئێستا باس لەوە دەکا کە رووخانی رژیمی ئێران کاری ئێمە نیە، بەو مانایە نیە کە سیاسەتی حیزب لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا گۆڕابێت، یان ماهییەتی رژیم گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، بەڵکوو دەمانهەوێت بە گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانووستان و بەشداری پێ کردنی خەڵک لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و کەمتەرخەم نەبوونیان لە ئاستی پرسە نەتەوەییەکاندا و هەروەها خەباتی دیپلۆماسی لە دەرەوە، کۆماری ئیسلامی مەجبوور بکەین بۆ چارەسەریی کێشەکان هەنگاو بنێت و هەروەها هەوڵمان داوە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر بە دونیای دەرەوە بناسێنین.

بۆیە دەتوانم بڵێم کە حیزبی ئێمە لەو پەیوەندییەدا هەوڵی داوە لە ڕێگای دروشمی "ڕۆژهەڵات تەوەری"یەوە ئادرەسێکی بەهێز بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دەستێوەردان لە کار و باری وڵاتانی ناوچەکە و بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵی داوە بە جۆرێک کێشە ناوخۆییەکانی ئێران و کێشەی کورد لە چاوی میدیا و وڵاتانی دەرەوە بشارێتەوە و پەراوێزی بخات و بەم شێوەیە بتوانێ سیاسەتەکانی خۆی بباتە سەر. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێفراندۆم وەک مافی رەوای گەلی کورد و ڕێکارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت و وەک هەمیشە پشتگیری لە خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکات و سەرکەوتنی ئەوان بە سەرکەوتنی هەموو گەلی کورد دەزانێت. ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ سەردانی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ پارێزگای

ورمی وتی: سەرۆک کۆماری ئێران لە ڕێگای راوێژکاری خۆیەوە بەڵێنیی خوێندن بە زمانی زگماکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە، لە کاتێکدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی بە خوێندن بە زمانی یەکگرتووی کوردییە. ئامانجی رژێم لەو بەڵێنە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان خەڵکدایە.

لە کۆتایی سیمینارەکەدا بەشدارن بیر و بۆچوون و پرسیارەکانی خۆیانیان ئاراستەی سکرتێری گشتیی حیزب کرد و بەڕێزیشیان وەڵامی دانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠١٦

## خالید عەزیزی: دەبێ کۆماری ئیسلامی ناچار بکەین چیدی پرسی کورد نەخاتە پەراوێزەوە

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمینارێکدا لە واشنگتۆن، پێتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سیاسەتو هەڵویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستانو ئێرانو ناوچە شی کردەوە.

ئەو سمینارە ڕۆژی دووشەممە،٧ی پووشپەڕ ( ٢٧ ی جوونی٢٠١٦ ی زایینی) بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر سیاسەتو خوێندەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبەشداریی ئەندامانی حیزبو نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان گیرا.

لە سەرەتای سمینارەکەدا کامران باڵنوور، بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە ئەمریکا مەبەست لە گرتنی ئەو سمینارەو تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکەی کاک خالیدی شی کردەوە کە بەشێکی بریتی بوون لە: چەند و چۆنیی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆچوونی حیزبی دێموکرات لەسەر ئاڵوگۆڕەکان لە ژێر ڕووناکایی کۆنگرەی ١٦ی ئەو حیزبە، مێتودو شیوازەکانی جۆراوجۆری خەبات لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، پرسی کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتانەی لە ئێران دێنە پێش بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کوردو هەروەها پرسی پێویستیی بۆ پێکهێنانی کۆدەنگیو هاوکاریی زیاتر لە نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەگژداچوونەوەی کۆماری ئیسلامیو نەخشە ڕێگای خەباتی مەدەنی لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە برگەی سەرەکیی کۆنفرانسدا کاک خالید باسەکەی بەوە دەست پێکرد کە بۆ کورد تا ئێستا بە مافەکانی نەگەیشتوە؟ بۆ خەسارناسیی ئەو بابەتە ڕەخنەی لەو مێتۆدە گرت کە بەردەوام باس لە هۆکاری دەرەکی بۆ دواکەوتنی ئەو پرسەی کورد لە مێژوودا دەکاو سیلە لە دوژمن دەگرێ. بەڕێزیان کاتو سەردەمی بەستنی پەیماننامەی سایکس - پیکۆ، بەستنی پەیماننامەی سێڤر، دروستبوونی کۆماری کوردستانو ڕووداوەکانی عێراق لە دوای ساڵی ١٩٩١ی بە چەند وێستگەیەکی مێژوویی بۆ ئەو باسە هێنایەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەخنەی لەو جۆرە لێکدانەوەیە گرت کە خەتای هەموو پاشکەوتنەکانو بەفیڕۆدانی دەرفەتەکان دەخاتە ئەستۆی لایەنەکانی دیکە وەک دراوسێکان، وڵاتانی ناوچەو هاوکێشە جیهانییەکان.
کاک خالید پێی وابوو کە بەپێچەوانە بەشی زۆری خەتاکان ڕێک دەکەوێتە سەرشانی حیزبە سیاسییەکانو لایەنەکانی دەسەڵات، بەڵام بەداخەوە ژیانی سیاسیی کورد ئەو دەرفەتەی بە ئێمە نەداوە کە داواکانی ئێمەو ئەدەبیاتی سیاسی ئێمەو ڕێکارەکانی ئێمە نەهادینە ببێ‌و ڕێکخراو و موئەسسیاتی مەدەنیی تێدا دروست ببێ‌و ئێستاش هەموو ئەو بابەتانە تەنیا بە حیزبە سیاسییەکان پێناسە دەکرێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پەرژایە سەر ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو پێی وابوو ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بە جۆرێکن کە ئەگەر کورد باش دەرفەتەکان ببینێ دەتوانێ جێگەو پێگەی خۆی بەهێز بکاو قەڵەمبازێک بۆ پێشەوە بدا.

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا تیشکی خستە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە هەرێمی باشووری کوردستانو مامەڵەی باشی ڕێبەرانی کورد لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوکێشە ناوچەیی‌و جیهانییەکانو ئەو دەسکەوتە بەرهەستانەی تا ئێستا لەو بەشەی کوردستان وەدیهاتوون.

کاک خالید لەو بەشەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بارەیەوە بەهەست بە بەرپرسایەتی‌و دەروەستییەک کە چارەسەری پرسی کورد هەیەتی، یارمەتیدەرێکی باش بۆ هاتنە ئارای دۆخی ئێستای باشووری کوردستان بووە.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا تیشکی خستەسەر بڕیارو پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبو یەک لەوان پرسی ڕێفڕاندۆم.

بەڕێزیان گوتی: خستنە بەرباسی پرسی ڕێفراندۆم بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتۆر، کە لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە خراوەتە بەرباسو هیواداریین کە ئەوە وەک چارەسەرێک بخرێتە نێو باسو خواسە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڵ حیزبەکانی دیکەش باس بکرێ.

کاک خالید لە درێژەدا باسی لە پاشخانی فیکریی ئەو پرسە کردو لە ڕوانگەی مافتەوەری باسی لە هەموو ئەو قۆناغە مێژووییانە کرد کە کورد لە ئێران بۆ گەیشتن بە مافەکانی لە ڕێگای ئاشتیو مەدەنی بڕیویەتی، بەڵام هەموو کاتێ لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە بە زمانی شەڕو سەرکوت وەڵامی دراوەتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئاماژە بە هەموو ئەو مێتۆدانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتی خۆی بۆ گەیشتن بە مافەکانی گرتوویە بەر، ئەوەی بە مافی کورد زانی کە لە درێژەی حاشای دەوڵەتی ناوەندیدا پرسی ڕێفراندۆم لە نێوخۆی وڵاتو کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکاندا بێنێتە بەرباس.

باس لە دۆخی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ژێر ڕووناکایی هاوکێشە ناوچەییەکان تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک خالید عەزیزی لەو سمینارە بوو و بەڕێزیان لەو بەشە لە قسەکانیدا بە بەراوردکردنی دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵات لەچاو بەشەکانی دیکەی کوردستان تیشکی خستە سەر جیاوازییەکانی واقعی کورد لە ئێرانو پێی وابوو قەبووڵی ئەو جیاوازییانە یارمەتیمان دەدا بۆ گەڕان بە دوای ڕێگەچارەیەکی گونجاودا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو بەشە لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژڤ دایەو لە بازاڕی بۆرسی سیاسەتدا دیارە، هۆیەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ناڕوونیی داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتانە، بەڵام ئێران لە هەموو بەشانە جیاوازترە، هەر بۆیە ئەرکی کورد لە ئێران و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قوورسترە.
کاک خالید عەزیزی گوتی: ئێمە دەبێ ئێران ناچار بکەین کە کێشەی کورد نەخاتە پەراوێزەوەو نادیدەی نەگرێ، ئەوەش بەوە دەکرێ کە شێوازو مێتودی خەباتمان بە جۆرێک بێ کە ئێران بێنینە دەنگ. لەو نێوەدا وەک یەک نەبوونو فرە نەتەوەیی لە ئێراندا وایکردوە کە چارەسەری کێشەی کورد ئاستەمتر بێت، هەر بۆیەشە کە کورد دەبێ مێتودی کاری خۆی بۆ بدۆزێتەوە.

کاک خالید بە ڕاشکاوی گوتی: ئۆپۆزێسیۆن بوون نابێتە نان و ئاو. لە سیاسەت دا ئەوە گرینگە کە ببێتە ئادرەس، ئەوەش لەو کێبڕکێیەدا درووست دەبێ کە لە نێوان ئێمە وکۆماری ئیسلامی دا هەیە؛ بەڵام بە داخەوە بە هۆی ناکۆکی لە نێوان حیزبەکاندا هێشتا نەماتوانیوە ئادرەسێکی دەقیق بۆ شۆڕشی ڕۆژهەڵات دەستنیشان بکەین.

باس لە شێوازەکانی چۆنیەتی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک خالید عەزیزی بوو، لە بڕگەی کۆتاییشدا کە بۆ پرسیارو وەڵام تەرخان کرابوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارەکاندا زیاتر سیاسەتو بۆچوونی حیزبی دێموکڕاتی لەسەر باسەکان شی کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٦

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی خۆی کردەوە

لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، یاد و بیرەوەریی ٧١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢٥ی گەلاوێژ، بەبەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی پێشکێش کرد و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مێژووییەی لە خەڵکی کوردستان کرد.

یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکڕات و، ڕێزلێنان لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد و بە وتاری سکرتێری گشتیی حیزب درێژەی پێدرا.

کاک خالید عەزیزی قسەکانی بە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و ناردنی سڵاو بۆ پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان و دامەزرێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕێبەرانی شەهید دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی دەست پێکرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای قسەکانیدا بە ئاماژە بە فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دیموکڕات کە وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کورد و ئیدارەی مەدەنیی نیشتمانی کوردستان لەسەر دەستی قازی محەممەد بوو، گوتی: "پێشەوا قازی محەممەد لەو سیاسەتمەدارە بلیمەتانەی کورد بوو کە خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی بۆ دۆخی کورد کردبوو.

ئەو دەیزانی کە ویست و داخوازییەکانی کورد لە چوارچێوەی ڕێژیمی پاشایەتیدا جێبەجێ نابێ، بەلام خەونی گەورەی پێشەوا ئەوە بوو بنەمایەک و شوناسێک و پێناسەیەک بە پرسی کورد ببەخشێ کە نیشان بدا ئێمەش دەتوانین خۆمان ئیدارە بکەین و لەگەڵ یەکتریدا ولات بەڕێوە ببەین، ئێمەش دەتوانین بچینە نێو پرۆسەی بە نەتەوەکردنی خۆمان و خاوەنی کیان و ولاتی خۆمان بین.

کاک خالید عەزیزی لەو بەشە لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کاتێک پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئەو مەبەستە بە کردەوە دێتە مەیدانەکە، یەکەم شت بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن هەل و دەرفەتەکان بقۆزێتەوە، لەو کاتدا کە کۆمەڵەی ژ کاف، کە ناوەندی فیکری و شوێنی خەملان و پێگەیاندنی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، پێشەوا بیری کوردایەتی لەو کانوونە فیکرییە سنووردارە دێنێتە دەرێ و دەیخاتە نێو گۆرەپانە گشتییەکە و زۆر زوو حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو ژێرخانە فیکرییە دادەمەزرێنێ. ئەو حیزبی دێموکراتی بۆ ئەوە دانەمەزراند کە حیزبایەتی پێخۆش بێ، بەڵکوو حیزبی دێموکراتی بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئیدارەی ولات بوو، هەر ئەوەشە بناغە و فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا هاتە سەر باسی دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە کوردستان و بە ئاماژە بە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بۆ زیاتر ئەمنیەتیترکردنی کوردستان، گوتی: کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە پرسی کورد لە ئێران چارەسەر بکا و ئەو چارەسەرانەی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش بە دوویدا دەڕوا هەر خۆی لە چوارچێوەی سەرکوت، ئێعدام، گرتن و پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکدا دیوەتەوە و، لە ئێستاشدا بە نائەمنکردنی سنوورەکان لە هەرێمی کوردستانیش دەیەوێ تاوانی ئەوانە بخاتە سەر جموجۆڵی هێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، بۆیە ڕادەگەیەنین کە بەرپرسایەتیی هەموو ئەو نائەمنی و ڕووداوانەی لە کوردستان بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ڕوو دەدەن لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و هیچ کام لەوانەش ئێمە لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو مافەکانمان سارد ناکاتەوە.

کاک خالید عەزیزی لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە بوونی فیکر و بۆچوونی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگای کوردستاندا کرد و ئەو جۆراوجۆریی بیر و بۆچوونەی بە دەرفەت زانی.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بەشە لە قسەکانیدا گوتی: خوێندنەوەی جیاواز لە ڕابردوو و دروستکردنی بەرچاوڕوونیی زیاتر بۆ داهاتوو، خوێندنەوەی جیاواز لەوەی کە چۆن ئێمە بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی بینەوە، چۆن سیاسەتەکانی کەلان زۆربەی زۆری کۆمەلانی خەڵک تێیدا بەشدار بن و بەشدار بکرێن، ئەوانە بەپێی خەسڵەت و پێکهاتەی حیزبی دێموکرات هەمیشە بەشێک بووە لە مێژووی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەگەر ئەو بۆچوونە جیاوازانە لەلایەن ئەو حیزبانەی دیکە کە لە گۆڕەپانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیدان بۆچوونی جیاوازی

لێدەکەوێتە، ئەرکی هەموو لایەکمانە جۆرێک هەڵسوکەت لەگەڵ بۆچوونی جیاوازی یەکتر بکەین کە ڕێز و حورمەتی یەکتریمان پاراستبێ و لەسەر جیاوازیی بیر و بۆچوون هێرش نەکەینە سەر یەکتر و بەیاننامە لە دژی یەکتر نەدەین و بتوانین لە خانەی دیالۆگ و قسەکردندا بیانکەین بە دەرفەت.

کاک خالید عەزیزی قسەکانی بەوە کۆتایی پێهێنا کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان دژی کۆماری ئیسلامیدا لە هیچ چەشنە فیداکاری و قوربانیدانێک تەنەخی نەکردوە و لەمەودواش لە هەموو شێواز و ڕەهەندەکانی خەبات کەلک وەردەگرێ، بەڵام بەردی بناغەی ئەو بۆچوونە فرە ڕەهەندە ئەوەیە کە لە نێوخۆی وڵات، خەڵک لە مەیداندا بن و بە نیسبەت بارودۆخ و چارەنووسیان بێ تەفاوت و خەمسارد نەبن.

دوابەدوای قسەکانی کاک خالید عەزیزی سروودی "من ئەستێرە گەلاوێژم" لە لایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبەوە پێشکێش کرا و پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن پێشوا عەلیپوور، سکرتێری لاوانەوە خوێندرایەوە.

گەشتێکی گۆرانیی فۆلکلۆر لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەری، گۆرانییەکی هاوبەشی هونەرمەندان شیرین شەریفی و حەمەدەمین کەریمی، چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی گرووپی باران و دوو گۆرانیی و مەقام لەلایەن هونەرمەندان ئاوات بۆکانی و ڕێبوار حەسەنی بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

ڕێوڕەسمی ٧١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات بە شایی و شادیی بەشداران کۆتایی پێهات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## خالید عەزیزی: پێشمەرگە نێو خەڵکی دەوێ و خەڵکیش بەبێ پێشمەرگە ناژی

کاک خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانیدا ڕایگەیاند ڕێگای شەهیدانمان درێژەی هەیە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی شەهیدبوونی ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی کە لە تێکهەڵچوونەکەی ڕۆژی سێشەممە،

١٦ی خەرمانان لە ناوچەی سەردەشت لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا چوونە کاروانی نەمرانەوە، ڕێوڕەسمێکی پێکهێنا. لەو ڕێوڕەسمەدا کە ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە، ١٨ی خەرمانان بە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، لە نیزیکەوە لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی تازەی حیزب هاوخەمی کرا و یاد و بیرەوەریی ئەو شەهیدانە بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی شەهیدان" دەستی پێکرد، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد و لە سەرەتای قسەکانیدا بە ئاماژە بە مێژووی قوربانیدانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کاروانی دوور و درێژی شەهیدانی حیزب گوتی: هەر وەک ڕێبەرانی شەهید و لەسەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد هیوای دەخواست کە ئێمە بە شێوەیەکی دیموکڕاتیک و بێ خوێنڕشتن و خوێنڕژان بە مافەکانمان بگەین، ئێستاش من ئارەزوو دەکەم هەرگیز شەهیدمان نەبێ، بەڵام کاروانی خەبات و تێکۆشانی ئێمە بۆ جێخستنی مافەکانمان و شەڕ و کێشەمان لەگەڵ ڕێژیمێکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامییە و بەداخەوە ڕەنگبێ لە داهاتووشدا ئەو کاروانە درێژەی هەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ڕێگای شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی درێژەی دەبێ، بەڵام ڕێبوارانی ڕێگای ئەو دوو شەهیدە تازەیەمان هەر هاوسەنگەرانیان لە نێو حیزبی دێموکڕات نین کە جموجۆڵی نیزامییان دەبێ یان لە نێوخۆی وڵاتدا حزووریان دەبێ و شەهید دەبن، ڕێبوارانی ئەو شەهیدانە لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان دان، هەموو ئەوانەی ڕۆژانە لە نێو خۆی وڵات خەبات و چالاکیی مەدەنی دەکەن و مل بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دانانەوێنن، لە زیندانەکاندا لە بەرامبەر فشار و ئەشکەنجەدا خۆڕاگرن و سەربەرزانە بەرگری لە حیزبەکەی پێشوا و ماف و داوای نەتەوەکەیان دەکەن، هەموو ئەو تێکۆشەرانەی وڵات کە هەوڵ دەدەن لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرن و لە کۆماری ئیسلامیی قەبووڵ نەکەن؛ هەموو ئەوانە ڕێبوارانی ڕێگای ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی و شەهیدانی دیکەی کوردستانن.

کاک خالید عەزیزی گوتی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان فرە چەشن و فرە ڕەهەندە، ئێمە دەتوانین پێکەوە بە چالاکیی پێشمەرگانەمان تێکەڵ بە چالاکیی مەدەنی و ڕێکخراوەیی لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئەو تێکۆشەرانەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبنە دەنگی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بە هەموومان کاروانی خەباتمان بەهێزتر بکەین و بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵێین هەتا زوڵم لە دژی ئێمە مابێ خەباتی ئێمەش بەردەوامە.

بەڕێزیان گوتی دەتوانین بە هاوکاری و هاوپێوەندیی هەموومان زیانەکانی ئەو تێچووە کەم بکەینەوە و هەموو ئەوانە بکەین بە وزەیەکی لە بن نەهاتوو لە خەباتێکی جەماوەریی بەهێز لە نێوخۆی وڵات، بۆ ئەوەی لە نێوخۆی وڵاتدا کۆماری

ئیسلامی بەچۆکدا بێنین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پەرژایە سەر چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو ناو و ناتۆرانەی لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی دەدەن. کاک خالید عەزیزی گوتی دەمێک ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ خەڵک و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەک دابڕێ، بەڵام کاتێ دەبینێ خەڵکی کوردستان هەموو کاتێ پێشمەرگەیان دەوێ و پێشمەرگەش بەبێ خەڵکەکەی ناژی، هەوڵی داوە خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات چەواشە بکا.

کاک خالید عەزیزی گوتی ڕێژیم لە زوودا حیزبی دێموکراتی سەر بە ئەمریکا و سەر بە ڕۆژاوا دەناساند، ئێستاش کە پێشمەرگەکانی دێموکرات بە حزووری خۆیان لە نێو خەڵکدا کۆماری ئیسلامییان نیگەران کردوە و هیوا و هۆمێدیان لە دڵی خەڵک هاویشتۆتەوە، تۆمەتی بەسراوەیی بە عەرەبستان و ئێرە و ئەوێمان لێدەدا.

بەڕێزیان لە درێژەدا گوتی هۆی سەرەکیی خەبات و حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات ڕاست کۆماری ئیسلامییە، نەک عەرەبستان و ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە بارودۆخێک پێکدێنێ کە خەڵک خەبات و تێکۆشانیان هەبێ و تێچووی قورسی چالاکییەکانیان بە دژی ئەو ڕێژیمە بدەن، نەک دەوڵەتانی دەرەوە. خەباتی کورد لە ئێران بۆ مافەکانی و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان مێژوویەکی ٧١ ساڵەی هەیە و ئەو ڕۆژەی کە حیزبی دێموکرات دامەزرا هەندێ لەو وڵاتانەی ناوچە هەر بوونیشیان نەبوو، بۆیە مێژووی حیزبی دێموکڕات، نفووزی ئەو حیزبە و جێگە و پێگەی لە کۆمەڵگای جیهانیدا هەمیشە بۆ کۆماری ئیسلامی جێی نیگەرانی بووە.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە قسەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە هەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران بمێنێ و ئەو سیاسەتانەی لە کوردستان بباتە پێش و ئێمەی کورد لە مافەکانمان بێبەش بکا و بیهەوێ لە پەراوێزمان بخا، خەباتی ئێمە و حزووری پێشمەرگانەکان و تێکۆشانی مەدەنیمان دەمێنن و هەموو ئەوانەش لە سەر کۆماری ئیسلامی دەبن بە ماڵ.
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی ئێمە بەپێی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە نێو ئێمەدا بوونەتە بنەما، بایەخ و باوەڕ؛ بە نیسبەتی هەرێمی کوردستان هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی دەکەین، سەرکەوتنی خەبات لێرە و گەیشتنی هەرێی کوردستان بە لوتکەی جێخستنی مافەکانیان بەشێکە لە پرۆژە و بەرنامەی حیزبی دێموکڕات و پێی توانای خۆی کاری بۆ کردوە و کاری بۆ دەکا، بۆیە بۆ جارێکی دیکەش پێداگری دەکەینەوە کە هۆکاری سەرەکیی هەموو کێشەکان لە نێوخۆی وڵات و لە سنوورەکان کۆماری ئیسلامییە نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

کاک خالید گوتی: ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە دووی ئەوەدا دەگەڕێ کە ئەو کێشانەی لەسەر نەمێنێ، تەنیا ڕێگای ئەوەیە گوێ بداتە داخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەو پێوەندییەدا پڕۆژەکانی حیزبی دێموکرات ببینێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە سەرکەوتنی دوژمنانی ئێمە، سەرکەوتنی پڕۆژەکانی ئەوان لە دژی کورد لە نەبوونی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و هەروەها نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردە. بۆیە دڵنیام ئێمە حیزبە سیاسییەکان ئەگەر هەماهەنگی و هاودەنگی و هاوخەباتیمان لەگەڵ یەکتر هەبێ، دەتوانین ئادرەسێکی بەهێز لە پرسی کورد لە ئێراندا دروست بکەین.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک حەسەن خۆشکەلام ژیاننامەی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانیی خوێندەوە و کاک ئەحمەد قادری، پێشمەرگەی شاعیر لە وەسفی پێشمەرگەدا شێعرێکی پێشکێشی بەشداربووان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

---

## دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی پرسەی شەهیدانی شەوی یەڵدا



خوشک و برایانی ئازیز!

نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە سیاسیەکان!

ئەندامان و کادرەکان و پێیشمەرگەکانی دێموکرات!

زۆر بەخێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کۆمەڵێک تێکۆشەری ڕێگای کوردایەتی کە شەوی رابردوو بە دوای

ڕێورەسمی حیزبی دێموكرات لە پەیوەندی لەگەڵ شەوی یەڵدا و هەروەها شەوی لە دایكبوونی دوكتور قاسملوو گیانیان لەدەست دا.

بەو بۆنەیەوە لە هەموو بنەماڵەی شەهیدان، شەهیدانی دێموكرات و شەهیدانی ئاسایش سەرەخۆشی دەكەم و هەروەها بۆ بریندارەكان هیوا و ئارەزووم ئەوەیە باش بنەوە.

كۆبوونەوەی شەوی رابردووی ئێمە دوو پەیامی تێدابوو پەیامی یەكەم ئەوە بوو شەوی یەڵدا لە نێو ئێرانییەكان وەک رەسم و عادەتێک دۆستان و خەڵكانی نیزیک بە یەک خڕ دەبنەوە شەوی درێژی ساڵ بەیەكەوە تێپەڕ دەكەن. لەو شەوە دا قسە لە خۆشی و شادییە، قسە لە بیرەوەرییەكانە، زۆریش دەچنە نێو داڕشتنی بیر و بۆچوون بۆ داهاتوو، شەوی یەڵدا شەوی لە دەوری یەک كۆبوونەوەیە، بەڵام بۆ ئێمە دێموكراتەكان شەوی یەڵدا مەعنایەكی دیكەشی هەیە، لەو شەوەدا دوكتور قاسملوو لەدایک بوو، كەسێک لەدایک بوو بە درێژایی ژیانی سیاسیی خۆی هەمیشە پێشتاز بوو لە داهێنانی بیر و بۆچوون بە گوێرەی زەمان لەپێناو ئەوەی كە كوردی ئێران بە مافەكانی نەتەوایەتیی خۆی بگا.

دوكتور قاسملوو كە شەوی رابردوو ئێمە جێژنی لەدایكبوونی ئەومان دەكردەوە و یادی تێكۆشانی ئەومان دەكردەوە و لەنێو خۆماندا بیر و بۆچوون و هزری قاسملوومان وەبیر دەهاتەوە، هەڵگری پەیامێک بوو، پەیامی قاسملوو هەوڵ و تێكۆشان لەپێناو ئەوەی كە ئێمە بە مافەكانی خۆمان بگەین، پەیامی قاسملوو ئەوە بوو لەو رۆژەوە كە حیزبی دێموكرات بە دوای ئینقلابی ئێران خەبات و تێكۆشانی هەبووە لەنێو كۆمەڵانی خەڵک كە كێشەی نەتەوەیەک، كێشەی میللەتێک كە حەقی خۆیەتی بە گوێرەی هەموو جاڕنامەكانی نێونەتەوەیی بە دوای مافەكانی خۆیدا دەگەڕێ بە شەڕ، بە تیرۆر، بە كوشتن، بە قەتڵوعام، بە ئیعدام كردن چارەسەر نابێ ئەوە هەر ئەوە پەیامە بوو كە بیرۆكەی حیزبی دێموكراتی لەسەر دامەزرا هەر ئەو پەیامە بوو فەلسەفەی وجوودی حیزبی دێموكرات بوو كە پێشەوای نەمر دایمەزراند.

قاسملوو لە ئیدامەی ئەو سیاسەتەدا توانی فۆرمۆڵێک لەنێو حیزبی دێموكرات و كۆمەڵانی خەڵكدا جێبخا ئەویش ئەوەیە ئێمە لە خەبات و تێكۆشانی خۆمان لەپێناو گەیشتن بە مافەكانمان كۆڵ نادەین، حیزبی دێموكرات لە ناوچەكەدا كێشەی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک نییە، حیزبی دێموكرات لەو ناوچەیە كێشەی لەگەڵ هیچ ئایین و گرووپێكی سیاسی و بۆچوونێک نییە، حیزبی دێموكرات كێشەی لەگەڵ هیچ لایەنێكی سیاسی بەو مەعنایە نییە، حیزبی دێموكرات تەنیا كیشەی لەگەڵ كۆماری ئیسلامی هەیە.

شەڕی دوو عەقلییەتە؛ لە لایەک كۆماری ئیسلامی تەحەمولی عەقڵییەت و مەنتق و عەقڵانییەتی حیزبی دێموكرات ناكا كە پێشەوای نەمر دایمەزراند و دوكتور قاسملوو ئیدامەی دا، لە لایەكی دیكە هەوڵ و تێكۆشانی ئێمەیە كە تێبكۆشین

لەپێناو مافەکانمان خەباتی خۆمان ئیدامە بدەین بۆیە ئادرەسی تیرۆری دوێنێ شەوێ بە تەبیعەتی ئەو پێناسەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی و کۆماری ئیسلامی هەیەتی، جمهوری ئیسلامی ئێرانە.

ئێمە دەمێکە لەگەڵ حکوومەتێک ڕووبەڕووین کە پەیامی ئاشتی ئێمە، پەیامی ئیحساسی مەسئولییەتی ئێمە لەپێناو گەیشتن بە مافەکانمان بە تیرۆر و قەتڵوعام و ئیعدام جواب دەداتەوە. لە ڕابردووش کەسایەتییەکانی ئێمە تیرۆر کراون، ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە شوێنی موزاکرە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراوە، دوکتور شەرەفکەندی کە بە دوای حەلێکدا بوو تیرۆر کرا، دەیان کادری تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە ساڵانی ڕابردوو تا ئێستا تیرۆر کراون، بەڵام حیزبی دێموکرات هەرگیز تیرۆر بە تیرۆر وڵام نەداتەوە، حیزبی دێموکرات هەرگیز سەرەڕای هەمووی ئەو نەهامەتییانەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەریدا تەحمیل کردووە، پەنای بۆ خشوونەت نەبردووە. بۆیە تیرۆر، خشوونەت، لە ناوچەکەدا و لە دژی کوردی ئێران و لە دژی حیزبی دێموکرات و لە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد بە گشتی بە بەژن و باڵای جمهوری ئیسلامی و داعش بڕاوە. کورد لە ماوەی کێشەی خۆی لەگەڵ داعش، کوردی ئێران بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە درێژایی ٣٧ ساڵ کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەلماندیان و سابیتیان کرد ئێمە ئیحترامیمان بۆ جاڕنامەکانی نێودەوڵەتی لە پەیوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا هەیە، ئێمە سنووری قەتعی و جیدیمان داناوە لەگەڵ خشوونەت و تیرۆر.

کۆماری ئیسلامی لە سەردەمێکدا کە ناوچەکە لە شێواندایە و جێ پێی خراپکاری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە زۆر زەق و بەرچاوە و لە ئیدامەی ئەو کێشانە ئەو ناوچەیە بەرەو ئەوە دەچێ نەقشەی سیاسی داهاتووی بکێشرێتەوە و بێگومان ڕوو لە کۆماری ئیسلامی دەکرێ، تێدەکۆشێ بەپێی بەرژەوەندیی خۆی هەروەک لە چەند ساڵی ڕابردوودا ستراتیژییەکەی ئەوە بووە نائەمنی و کێشە لە ناوچەکەدا دروست بکا بۆ ئەوەی کە بە قەولی خۆی، بۆخۆی ئەمن بێ و لە ئیدامەی ئەو سیاسەتە بە شێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ حیزبی دێموکراتی کردە هەدەف. جیاواز لە هەمووی ئەوانە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دوای حزووری پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ماوەی ساڵی ڕابردوو و ساڵانی پێشوو زۆر بە ئاشکرا و بە شێوازی جۆراوجۆر هەڕەشەیان لە تێکۆشەرانی کوردی ئێران کردووە و ڕووداوەکەی دوێنێ شەوێ دەقیقەن هەر جێبەجێ کردنی ئەو هەڕەشەیە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

بۆیە ئێمە بۆ جارێکی دیکە لێرە تەئکید دەکەینەوە کە باشترین شێوەکار و باشترین میکانیزم و باشترین خەبات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سناریۆ ناڕوونەکانی داهاتوو لە ئایندەدا یەکریزی نێو ماڵی کوردییە تا ئەو جێیەی کە پەیوەندی بە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هەیە یەکریزی حیزبەکانی سیاسییە و هیوادارین ئەهەمییەتی یەکریزی نێوماڵی کوردی لە باشووری کوردستانیش کە لە قۆناغێکی زۆر ئەستەم دایە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بڕاردە لە داهاتوودا دەبێ بە قووەتی خۆی بچێتە پێشێ و بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە جێبەجێ بێ.



سەرچاوە Serchawe

بۆ جارێکی دیکە ئێمە لەگەڵ خەڵکی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە خەبات و تێکۆشانی ئێمە بەردەوام دەچێتە پێشێ. پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کە بەسەر حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کوردی ئێرانیدا تەحمیل کردووە و ساڵهای ساڵ درێژەی پێداوە هەرگیز تەئسیر لەسەر ئێمە دانانێ کە لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان سڵ بکەینەوە. کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە تیرۆر جەوێکی نائەمنی دروست بکا بەو جۆرە مەجالی جموجۆڵ و فەعالییەت و تێکۆشانی مەدەنی و ئارام لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بشێوێنێ. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ میتۆد و شێوەی خۆی تەحمیل بکا لە هەموو مەیدانەکانی خەبات، شێواندن، تیرۆر، دروست کردنی نائەمنی، بۆ ئەوەی کە هەر ئەوە بکا بە حەل و حەلەکەش لای ئەو هەر ئەوەیە کە ئیدامەی بدا و حەلەکە لای ئێمە ئەوەیە کە ئەوە قەبووڵ ناکەین و خەبات و تێکۆشانی خۆمان بە شێوازی جۆراوجۆر ئیدامە دەدەین.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا تەحەمولی زۆر خەسارەت بووە، تەنانەت ڕەهبەرانیشی لەدست داوە بەڵام حیزبی دێموکرات حیزبێکە ڕیشەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئێمە ئەگە ڕێبەرانمان تیرۆر دەکرێن و هاوڕێیانمان تیرۆر دەکرێن و لە نێوخۆی وڵات هاوڕێیانمان شەهید دەبن بە دەیان و بە سەدان و بە هەزاران جێیان دەگرنەوە و هەر ئەوەیە و هەر ئەو نفووزە جەماوەرییە، ئەو ئیعتیبارەی حیزبی دێموکراتە لە نێوخۆی وڵات و لە ناوچەکە و لە ئاستی نێودەوڵەتی کە کۆماری ئیسلامی نیگەران کردووە و کۆماری ئیسلامی لە کار و فەعالییەتی خۆی دژی جووڵانەوەی کورد، حیزبی دێموکرات بە شێوازی جۆراوجۆر دەکا بە هەدەف. حیزبێک کە پشتئەستوورە بە کۆمەڵانی خەڵک، حیزبێک کە پشتئەستوورە بە ڕابردووی، حیزبێک کە لەپێناو ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و کورد بەگشتی، تەنانەت ڕێبەرانیشی فیدا کردووە هەرگیز لەوانە ناسڵەمێتەوە و خەبات و تێکۆشانی، بە هیممەتی هەموو لایەکمان و بە بەشداری و چالاکیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەردەوام دەچێتە پێشێ.

بۆ جارێکی دیکە پێمخۆشە لێرەوە سپاس و پێزانیی خۆمان بۆ سەرجەم خەڵکی تێکۆشەری کۆیە کە لە ماوەی شەوی ڕابردوو تا ئەورۆ بە شێوازی جۆراوجۆر لە پرسەی ئێمەدا بەشدارییان کردووە، بکەین. هەروەها زۆر سپاس بۆ لایەنە سیاسییەکان بۆ کەسایەتییەکانی باشووری کوردستان کە لە شەوی ڕابردوو تا ئێستا بەشداریی خۆیان لێرە بە پەیام ناردن، بە تەلەیفوون کردن، هاودەردی خۆیان لەگەڵ ئێمە دەربڕیوە و جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە کاتێک ناخۆشییەکی ئاوا بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە پێشێ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو قەت هەستمان بە تەنیایی نەکردووە، هەمیشە خەڵکی باشووری کوردستان خەڵکی کوردستانی عێراق کە عیلاقات و پەیوەندییەکی خۆش و لەمێژینەیان لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بووە، لە ڕۆژانی ئاوادا لەگەڵمان بوونە. بیرۆکە و مێژووی تێکەڵاوی هاودەردی و هاوخەباتیی خەڵکی کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق لەو ڕۆژەوە دامەزرا کە لە کۆماری کوردستان تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق تێیدا پێشمەرگە و ئەفسەر و ژنراڵ بوون؛ بناغەیەک کە ئاوا دامەزراوە و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتیش بەردەوام لەسەر ئەو ئەساسە چۆتە پێشێ و دەچێتە پێشێ، دڵنیام لە داهاتوودا هیوادارم ناخۆشی وامان نەیەتەوە پێشێ ئێمە پشت

ئەستوور دەبین بە بەشداری و غەمخۆری ئێوە و دڵنیام بەشداری وغەمخۆری ئێوە بۆ پرسەکەی ئێمە و پشتیوانی و هاوەردی ئێوە خەڵکی باشووری کوردستان قووەتی قەلبێکی گەورەیە بۆ ئێمە.

بۆ جارێکی دیکە وێرای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان لە پێشمەرگەکانی دێموکرات و ئاسایش جێی خۆیەتی لێرە سڵاو و ڕێز بنێرم بۆ هەمووی پێشمەرگەکانی کوردستان کە لە جبهەیەکی دوور و درێژ لە شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش توانیویانە کوردستان بپارێزن و ئەوەی کە دوێنێ شەوێ لێرە ڕوویدا ئیقدامی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دێموکرات دڵنیام لە ئیدامەی خەباتی ئێمە چۆن پێشمەرگەکانی کوردستان لە بەرەکانی شەڕ پاشەکشەیان بە داعش کردوە ئێمە تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ئەو چارەنووسە نسیبی کۆماری ئیسلامی دەکەین. بۆ جارێکی دیکەش زۆر سپاس بۆ هەموو لایەکتان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---

## یەلدای خوێناویی دێموکرات، حیزبەکانی چوارپارچەی کوردستانی لەدەوری یەک کۆکردەوە



چەند ڕۆژ دوای تەقینەوەی شەوی یەلدا لە بنکەیەکی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شەهیدبوونی ٧ تێکۆشەری کوردی لێکەوتەوە، کۆبوونەوەی بەرینی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو.

ئەو کۆبوونەوەیە، کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی بەفرانبار بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە ئامانجی هاودەنگی و یەکگرتوویی لە مەحکومکردنی تاوانی تێرۆریستیدا گیرا، شاندی زۆربەی هەرە زۆری حیزبە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان بەشدار بوون.

ئەو كۆبوونەوەيە بە قسەكانى كاك حەسەن قادرزادە، ئەندامى دەفتەرى سياسيى حيزبى دێموكڕاتى كوردستان دەستى پێكرد.

بەڕێزيان لە قسەكانيدا بە ئاماژە بە چۆنيەتيى تێرۆرە خوێناوييەكەى شەوى يەلدا و، كاردانەوەى لە ميدياكان و شەپۆلى بەرينى هاوخەمييەكان لەگەڵ حيزبى دێموكڕاتى كوردستان، مەبەست لە كۆبوونەوەكەى بۆ بەشداران شى كردەوە.

لە بڕگەيەكى ديكەى بەرنامەكەدا كاك خاليد عەزيزى، سكرتێرى گشتيى حيزبى دێموكڕاتى كوردستان وتارێكى پێشكەش كرد.

سكرتێرى گشتيى حيزبى دێموكڕاتى كوردستان قسەكانى بەوە دەست پێكرد كە حيزبى دێموكڕاتى كوردستان لە سەرەتاى دامەزرانييەوە تا ئێستا سياسەت و ئامانجى ئەوە بووە كە بە شێوازى ئاشتيخوازانە، مەدەنى و ڕێكارى سياسى مافە نەتەوايەتييەكانى گەلى كورد لە ڕۆژهەڵاتى كوردستان وەديبێنێ.

كاك خاليد عەزيزى لەو پێوەندييەدا ئاماژەى بە هەوڵەكانى حيزبى دێموكڕاتى كوردستان لە سەردەمى سەركەوتنى شۆڕشى گەلانى ئێران لەگەڵ دەوڵەتى ناوەندى، بە تايبەت دەور و نەخشى دوكتور قاسملوو لەو پێوەندييەدا كرد و، گوتى : ئەگەر ئايەتوڵڵا خومەينى و ڕێبەرانى ديكەى كۆمارى ئيسلامى وەڵامى پەيامى ئاشتى و چارەسەرى سياسيى دۆزى كورد لە ئێرانيان بدابايەوە، نە ئەو شەڕە هەڵدەگيرسا، نە ئەو هەمووە زيانە گيانييە بەر دوولايەن دەكەوت؛ بەڵام ئەوان سياسەتى ناكارامەى زەبر و زەنگيان هەڵبژارد و شەهيد دوكتور قاسملوويان لەسەر مێزى وتووێژ تێرۆر كرد، بەوەش نەوەستان و دەيان كادر و پێشمەرگەى حيزبى دێموكڕاتيان لە باشوورى كوردستان تێرۆر كرد.

سكرتێرى گشتيى حيزبى دێموكڕاتى كوردستان لە بەشێكى ديكەى قسەكانيدا گوتى كۆبوونەوەى پێش تەقينەوەكەش هەر بۆ ڕێزگرتن لە پەيامى ئاشتيخوازانەى دوكتور قاسملوو و بۆ ڕێزگرتن لە ياد و بيرەوەريى بەڕێزيان بوو.

كاك خاليد عەزيزى لە تەوەرێكى ديكەى باسەكەيدا تيشكى خستە سەر سياسەتى ناكارامەى تێرۆر و گوتى: ئەگەر كۆمارى ئيسلامى بە مەبەستى وەستاندنى خەبات و تێكۆشانى حيزبى دێموكراتى كوردستان چەكى تێرۆر بەكار دێنێ، دەبێ باش بزانێ كە تێرۆر كۆڵمان پێ نادا و نامانوەستێنێ.

سكرتێرى گشتيى حيزبى دێموكڕاتى كوردستان پێداگرى لەسەر ئەوە كرد كە پرسى نەتەوەيەك كە داواى مافەكانى خۆى دەكا، ئەو پرسە بە تێرۆر نە چارەسەر دەكرێ و نە لەبار دەبرێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا گوتی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان بۆ ئەوەیە یەکدەنگ بین لە مەحکومکردنی تێرۆر و هەموومان هەست بە بەرپرسایەتی بکەین لە پێوەندی لەگەڵ ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان و ئەوە پەیامە بدەین بە دراوسێکانمان کە هەرێمی کوردستان بە دەرفەت دابنێن نەک هەڕەشە.

لە بڕگەیی سەرەکیی کۆبوونەوەکەشدا نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی بەشدار وێرای دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان و مەحکومکردنی پەلامارە تیرۆریستییەکی شەوی یەلدا بۆ سەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؛ ڕاو بۆچوون و پێشنیاری خۆیان هێنایە بەر باس، ئەو حیزبانە وێڕای پێداگری لەسەر پێویستیی یەکریزیی ماڵی کورد و هاوپێوەندیی نیشتمانی داوایان لە ناوەندە بەرپرسیارە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە لەو ڕووداوە بکۆڵنەوە و لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی لە پێناو پاراستنی ئەمنیەتی هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان تێبکۆشن.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر پەیامی هاوبەشی کۆبوونەوەکە قسەی کرد و، دوای وەرگرتنی ڕاو سەرنج و پێشنیاری نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان، بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوکە بە تێکڕای دەنگی بەشداران پەسند کرا.

دوابڕگەی ئەو کۆبوونەوەیە پرێس کۆنفرانسێک بە بەشداریی میدیاکان بوو کە لەو بڕگەیەشدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەڵامی پرسیاری میدیا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی دایەوە.

ئەو حیزبانەی بەشداری ئەو کۆبوونەوەیەبوون بریتی بوون لە:

پارتی دێموکراتی کوردستان ، پەیەدە ،کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ، ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان، بزوتنەوەی دێموکراتیکی گەلی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆماجڤاکێن کوردستان(کەجەکە)، پارتی دێموکراتیکی گەلان (هەدەپە)، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە، ئەنەکەسە (کە پێکهاتوو لە ١٣ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژاوای کوردستانە)، حیزبی شیوعیی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریی دێموکراتی کوردستان، پارتی کرێکاران و ڕەنجەدەرانی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان؛ کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد لە سووریە، پارتی دێموکراتی نیشتمانیی کورد لە سووریە، یەکیەتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی پێشکەوتخوازی کوردی سووریە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# نامە و پەیامەکان

-------------------------------------------------------------

## ساڵی: ٢٠١٠

-------------------------------------------------------------

### پەیامی بەرێز خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حدک بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا KNC !

سڵاوێکی گەرم

پڕبەدڵ پیرۆزبایی بستنی کۆنگرەکەتان لێ دەکەین و وێڕای ئەوەش سوپاستان دەکەین کە بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەکەتان دا بانگهێشتنتان کردووین بە پێویست دەزانم لەوە کە سەرەڕای ئۆگرییەکی زۆر بە بەشداربوون لەو کۆنگرەیە دا نەمتوانی بێم و لە گەڵتان لە دانیشتنەکانی کۆنگرە دا بم، داوای لێبووردن بکەم. هەروەها پێمخۆشە سەبارەت بە بارودۆخی خەبات و مەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەمان لە هەلومەرجی ئێستا دا، کە بێگومان نێوەرۆکی باسەکانی کۆنگرەی ئێوەش پێکدێنێ، سەرنجتان بۆ ئەو چەند خاڵەی خوارەوە ڕابکێشم:

هەموومان دەزانین کە کورد گەورەترین نەتەوەی ئەم جیهانەیە کە تا ئێستاش لە دەوڵەتی نەتەوایەتیی خۆی بێبەشە و هەروا بە ژێردەستی ماوەتەوە. سەرەڕای خەبات، تێکۆشان و خۆبەختکردنی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە لە سەرانسەری سەدەی رابردوو دا ئاوات و ئامانجەکان وەدی نەهاتوون، بەڵام ئەو خەباتە درێژەی هەبووە و گومانیشی تێدانیە کە سەرڕای کەند و کۆسپ و هەوراز و نشێوی سەر ڕێگا، تا گەیشتن بە قۆناخی سەرکەوتنی یەکجاری نابڕێتەوە.بە خۆشییەوە لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیست و بە تایبەت لەم ساڵانەی دوایی دا کە سەدەیەکی نوێ دەستی پێکردوە، مەسەلەی کورد و خەباتە ڕەواکەشی گوێزراوەتەوە بۆ قۆناخێکی نوێ و گەشە کردنێکی گەورەی بە خۆیەوە دیوە. لە باشووری کوردستان قەوارەی

دەسەڵاتێکی نەتەوایەتیی کوردی شکڵی گرتوە و لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش خەباتی کورد و کێشەی کورد گەشەکردنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیتوە. لە ڕاستی دا مێژووی کورد لە سەردەمی زانست و گلوبالیزم دا ئاسۆیەکی نوێی بە سەر دا کراوەتەوە و ئێستا ئیدی کورد لە مەیدانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ئەو فاکتۆرە لەبیرکراوە نیە کە سەرنجی نەدرێتێ و لە هاوسەنگییەکان دا لانیکەم لەقەددەر هەڵکەوت و بارۆدۆخی جوغرافی و سیاسیی خۆی حیسابی بۆ نەکرێ. هاوکات لە گەڵ ئەوەش هەستی نەتەوایەتی و تێگەیشتنی نەتەوایەتی بە ڕادەیەکی دیار و بەرچاو گەشەی کردوە و هەمووی ئەوانەش نیشانەی موسبەتن و ئەوە دەخەنە پێش چاو کە هەم هەلومەرجی خەباتێکی هەمەلایەنە لەبارترە و هەم ڕۆڵەکانی کورد لە ئایندە دا پتەوتر و وشیارانەتر لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای خۆیان هەنگاو هەڵدێننەوە و لە کەرەسە و ئامرازە نوێیەکان بە تایبەت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا کەلک وەردەگرن. دیارە لە مەیدانی نێونەتەوەیی و لەو بار و دۆخە نوێیە دا کورد بەردەوام پێویستیی بە ڕاکێشانی سەرنجی بیر و ڕای گشتیی جیهانی، ڕێبەرانی وڵاتە گەورەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ لای مەسەلەی خۆی هەیە و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە لە وڵاتی ئەمریکا و لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە پێکهاتوە، دەتوانێ دەورێکی هەڵسووڕاوانە لەو پێوەندییە دا بگێڕێ.

سەبارەت بە وەزعی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە مەیدانی سەرەکیی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە، وەک هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان هەلومەرجێکی تایبەتیی دەگۆڕێ دایە. لەو بەشەش هەستی نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی بە شێوەکی بەرین هاتۆتە روو و سەرەڕای زەبروزەنگێکی کەم وێنە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە خەڵک و تێکۆشەرانی سیاسی کورد، هەر لە سەرتای هاتنە سەر کارییەوە، بەکاری هێناوە و ئێستاش هەر درێژەی هەیە، خەڵک نیشانیان داوە کە لە داواکردنی مافی ڕەوای نەتەوایەتیی خۆیان دەست ناکێشنەوە و تەنانەت بە گوڕتر و لێبراوانەتر خەباتی بۆ دەکەن. هەرچەند بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان پێشتر لە شێوەی جۆراوجۆری خەبات و بۆ وێنە خەباتی چەکدارانە کەلکی وەرگرتوە، ئێستا و بە تایبەت لەم ساڵانەی دوایی دا خەڵک خوازیاری ئەوەن کە لە ڕێگای خەباتێکی مەدەنی و شارستانییانەوە داخوازە ڕەواکانیان بێننە گۆڕێ و بۆ دەستەبەر کردنیان هەوڵ بدەن. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر بە " دیدی ئەمنیەتی" و لە ڕوانگەی دەسەڵاتێکی ستەمکاری سەرکوتکەرەوە دەڕوانێتە کوردستان و ئامادە نیە دەرفەتی هیچ چەشنە تێکۆشانێکی شارستانییانە چ لە بواری مافی نەتەوایەتی و چ لە کاناڵی هێنانە گۆڕی مەسەلەی مافی مرۆڤ دا بدا و ئێستا بە دەیان ژن و پیاوی تێکۆشەری کوردی بواری مافی مرۆڤ، مافی ژنان و لە سەریەک خەباتکاری ڕێگای تێکۆشانی مەدەنی، لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم دا بەندین، ئەشکەنجە دەکرێن و تەنانەت هێندێکیان بڕیاری مەرگیشیان بە سەر دا سەپاوە.

مەسەلەیەکی جێگای سەرنجی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران دا مەسەلەی قەیرانی ئەتۆمیی ئەو وڵاتەیە کە لەمێژە وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا، ڕۆژاوا و کۆمەڵی نێونەتەوەیی بەخۆیەوە خەریک کردوە و شووڕای هێمنایەتیی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێستا لە چەند بڕیارنامەش دا داوی لەو ڕێژیمە کردووە کە دەست لە پێتاندنی ئۆرانیۆم هەڵبگرێ. بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەر ئەو بەرنامەیەیان سوور بوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران پێبەندی یاسا و ڕێوشوێنە نێونەتەوەیییەکان نیە و خۆی لە بەرامبەریان دا بە بەرپرس نازانێ. دیارە ئەو ڕێژیمە بایەخێک بۆ مافی مرۆڤیش دانانێ و وەک دەزانێن تا ئێستا بە دەیان جار لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانەوە مەحکووم کراوە. بە بڕوای ئێمە تا ئەو ڕێژیمە لە سەر کار بێ، نە بواری تێکۆشانی مەدەنی دەکرێتەوە، نە مافی مرۆڤ دەرفەتی خۆنواندنی پێدەدرێ، نە مافی نەتەوەکان دێتە دی و نە قەیرانی ئەتۆمیش چارەسەر دەکرێ . ئەو شتانە و لە سەریەک چاوەڕوانیی دامەزرانی سیستمێک کە بەرەو دێمۆکراسی هەنگاو بنێ، تەنیا کاتێک دێتە دی کە سیستیمی ویلایەتی فەقیهی هەڵبوەشێتەوە. پێمانوایە لەو بوارە دا، بۆ تێگەیاندنی کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ ئەو ڕاستییانە، تێکۆشەرانی کۆنگرەکەتان دەتوانن دەوری شیاوی خۆیان هەبێ.

لە کۆتایی دا جارێکی دیکەش پیرۆزباییتان لێ دەکەین و سەرکەوتنتان لە پێناوی خزمەت بە نەتەوە چەوساوەکەمان دا بە ئاوات دەخوازین.

خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتە ی ناوە ندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠٠٩

## نامەی هاودەردیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ باڵویزخانەی لەهێستان لە ئیسپانیا بەرێز باڵیۆزخانەی لەهێستان لە مادرید

لەسەفەری ئوروپایی ساڵی ڕابردوودا، ئیسپانیا یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە سەفەرم بۆ کرد و لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و بەرپرسانی سیاسی و دیپلۆماتیکی ئیسپانیایی و غەیری ئیسپانیایی و یەکێک لەوان باڵیۆزی لەهێستان دانیشتن و چاوپێکەوتنم هەبوو. هەر دوو لا لەسەر دامەزراندنی پەیوەندیی بەردەوام و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون لەسەر ئێران و کوردستان هاودەنگ بووین.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو هەلومەرجە ناسکە، لەو تراژدییە دا کە وڵاتەکەتان و خەڵکی لەهێستان تووشی هاتووە،

خۆ بە شەریکی خەم و پەژارەتان دەزانێ و سەرەخۆشیتان لێ دەکا.

حیزبەکەم دڵنیایە کە ئێوە دەتوانن هەرچی زووتر ئەو بۆشاییەی کە ئەم ڕووداوە تاڵە پێکی هێناوە قەرەبوو بکەنەوە.

بەڕێزەوە

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠١٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## نامەی سەرئاوەڵای سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزەری ئەمنییەت و مافەکانی مرۆڤ

ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ

حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕات و ئازادیخوازەکان

کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی و ئازادیخوازەکان

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران سەدان ساڵە لە ژێر چەپۆکیی دا بەسەردەبا و لە پێناوی بەدەست هێنانی سەرەتاییترین مافەکانی، هەزاران قوربانی داوە. هەم لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەکانی پێش کۆماری ئیسلامی و هەم لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا هەمیشە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە وەک هاونیشتمانی دەرەجە دوو چاوی لێکراوە، پەلامار دراوە، هەمو مافێکی لێ زەوت کراوە و وەڵامی بچوکترین داخوازەکانی بە ئاگر و ئاسن دراوەتەوە.

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا ڕادەی زوڵم و زۆرەکە بە ئەوجی خۆی گەیشتووە. کوردستان میلیتاریزە کراوە، نیزامی ئەمنییەتی بەسەر دا سەپاوە و هەر جوڵەیەکی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگی بە پێوانەی نیزامی و ئەمنییەتی هەڵدەسەنگێندرێ و بچوکترین نارەزایەتی لە ڕژیم، بە قورسترین سزا وەڵامی دەدرێتەوە. تا ئێستا بە سەدان ژن و پیاوی کورد لەسەر چالاکی زۆر ئاسایی کە لە دنیای دێموکڕات و ئازاد دا دەکەونە خانەی ئازادییە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە، شکەنجە کراون، سزای زیندانیی دوور و درێژ و تەنانەت ئیعدامیان بەسەر دا سەپاوە.

نمونەی هەرە تازە ئیعدامی چوار کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد و ئێرانییەکی دیکە لە زیندانی ئێوین لە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٩ دا بوو. فەرزاد کەمانگەر مامۆستای قوتابخانەکانی کامیاران، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەم هولیو مەهدی ئیسلامیان کە لەو ڕۆژەدا لە لایەن جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیەوە ئیعدام کران، هیچ تاوانێکیان نەکردبوو. ئەوان ئەگەر لە وەڵاتێکی ئازاد دا بونایە، تەنانەت یەک ڕۆژیش زیندانی نەدەکران، بەڵام بێ وەکیل و دادگاییەکی عادڵانە و بێ ئەوەی بتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن، لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە، حوکمی ئیعدامیان بەسەر دا سەپا و بەداخێکی گرانەوە حوکمەکەش جێبەجێ کرا.

ڕژیمی ئێران، کوردستانی کردووەتە کوشتارگای ئینسانەکان تا خەڵکی ناوچەکانی دیکەی پێ چاوترسێن بکا. هەرکاتێک لە تاران و شارە گەورەکانی دیکە بە چالش دەکێشرێ، کۆمەڵێک لە لاوانی کورد کە بێ تاوان لە زیندانەکانی دا ڕاگرتون، لە سێدارە دەدا. هەر ئێستاش ١٧ چالاکی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگیی دیکە لە ژێر حوکمی ئیعدام دان و مەترسی ئەوە دەکرێ کە بۆ چاوترسێن کردن، ئەوانیش لە سێدارە بدرێن. تەنانەت دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەممەد سەدیقی کەبودوەندیش لە زیندان دایە.

ئێمە داوا لە هەموو لایەنگرانی مافی مرۆڤ، لە هەموو دەوڵەت، ڕێکخراوو ئینسانە ئازادیخوازەکانی دنیا دەکەین کە بە هانای لاوانی کور و کچی کوردەوە بێن و ڕێگا نەدەن ببنە قوربانیی دەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی و بۆ چاوترسێن کردن ملیان بە پەتی سێدارەوە بکرێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

# نامەیەکی پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان



زۆر بەڕێز جەنابی مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

بە سڵاوێکی گەرمەوە:

دەست پێشخەری ئەم دوایی یانەی بەڕێزتان بە مەبەستی لێک کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی عیراق لە هەولێر و بەغداو، گفتوگۆیان لە پێناوی دیاریکردنی سەرۆکایەتییەکانی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی ئەو وڵاتەدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە یەکلاکردنەوە و چارەسەری ناکۆکییە سیاسییەکانی ٨ مانگی ڕابردووی عیراق دا هەبوو. گومانیشی تێدا نییە کە دەسکەوتی کورد لەم ڕێککەوتنانە کە هەڵبژێرانەوەی سەرۆک مام جەلال بە سەر کۆماری عێراق، بەشێکییەتی، بەرهەمی پێداگرتنەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بە تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر پشکی ئەم نەتەوەیە لە بەڕێوەبەری و دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق دایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێزو پیرۆزباییەوە ئەم ڕۆڵە گرنگەی جەنابتان لە یەکخستنی هەڵوێستی کورد و ڕێککەوتنی عێراقییەکاندا دەنرخێنێ و هیوادارە بە هەوڵی سەر کردایەتیی سیاسیی کوردو هەموو پێکهاتەکانی عێراق، کوردو سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی یەکانی ئەو وڵاتە، قۆناغێکی نوێ لە پێکەوە ژیان لە سێبەری ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی دا تێپەر بکەن.

لەگەڵ ڕێزی زۆرم دا:

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## پەیامی پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ سەرکۆماری عێراق بەرێز مام جەلال



زۆر بەرێز جەنابی مام جەلال , سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرال!

لەگەڵ رێز و سڵاوی گەرم:

بە بۆنەی هەڵبژێرانەوەتان بە سەرۆک کۆماری عێراق، لە لایەن خۆمەوە و بە ناوی رێبەری و سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆز باییت پیشکەش دەکەم.

هەڵبژێرانەوەی بەرێزتان بە سەرۆک کۆماری عێراق، هەر لەو کاتە دا کە متمانە و رەزامەندیی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق لە رۆلی مێژوویی و سەرکەوتووانەی جەنابت لە بەرێوەبردنی عێراقی فیدرال لە قۆناغێکی ئاستەم دا دەردەخا، سەنگی کوردو هاوبەشیی ئەو نەتەوەیە لە بەرێوە بردنی دەسەلاتی عیراقی نوێ دا دەسەلمێنێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هیواداره عێراقی نوێ لە سێبەری سەرۆکایەتیی ژیرانەی بەرێزتان لە دەوری دووهەمی سەرکۆماری دا، هەنگاوی زیاتر بەرەو جێگیر کردنی دیموکراسی و ئاشتی و پتەو کردنی بناغەکانی فیدرالێییەت بنێ. بەو هیوایەی بە سەرکردایەتیی بەرێزتان و پشتگەرم بە پشتیوانیی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق، ئەم وڵاتە جێگەوپێگەی شیاوی خۆی لە ناوچە و لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بە دەست بێنێت وپرسی کوردیش لە وڵاتانی دراوسێ دا بە هەوڵی جەنابت و هاندانی لایەنە پێوەندیدارەکان، لە رێگای هێمنانە و دیالۆگەوە بەرەو پێش بچێت.

بۆ بەرێزتان لەدەوری دووهەمی سەرکۆماریی عێراقدا، سەرکەوتنی زیاتر و بۆ گەلی کوردو سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق، دەسکەوت و پێشکەوتنی پتر لە سێبەری تەبایی و لێک تێگەیشتن و ئاشتی دا، بە ئاوات دەخوازم.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەزەوە



خوێندکارانی خۆشەویست!

لە سەرەتادا پیرۆزبایی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکارتان لێ دەکەم. هەموومان دەزانین کە ڕۆژانێکی سەختمان لە بەردەم دایە. دەزانین کە ڕێبەرانی ڕێژیم و کاربەدەستانی امنیتی و نیزامی زۆر لە مێژە بەرنامەیان داڕشتوە تا بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بکرێ ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز خوێندکاران کۆنترۆڵ بکەن و دەست بە سەر زانکۆکاندا بگرن. کەسمان بێ گومان هێرشی وەحشیانەی هێزە سەرەڕۆییەکانی سەربە بەیتی ڕێبەری ڕێژیمان لە مانگەکان و ساڵانی ڕابردوودا بۆ سەر خوێندکاران لە بیر نەکردوە، کە چۆن شەوانە بەوپەڕی وەحشیگەرییەوە هێرشیان دەکردە سەر شوێنی حەسانەوەی خوێندکاران. بەڵام ئێستا گرینگ ئەوەیە کە ئایا کوشت و بڕ کردنی خوێندکارانی ناڕازی و ڕەخنەگران لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا چ دەسکەوتێکی بۆ ڕێژیم هەبووە؟ ئایا ماشینی سەرکوتی ڕێژیم توانیویەتی سەرەڕای ئەو هەموو پرۆژەیەی کە بۆ سەرکووت و کپ کردنی خوێندکاران بەڕێوەی بردووە توانیەیەتی بۆ ساتێکیش دووڈڵی و ڕاڕایی لە بیر ئازادیخوازانەی ئێوەدا دروست بکا؟ ئایا توانیویانە تۆسقاڵێک ئیرادەی خەباتکارانەی ئێوە لاواز بکەن؟ بە دڵنیاییەوە نەیتوانیوە و ناتوانێ بە هیچکام لە مەبەستەکانی بگا و خوێندکاران هەرگیز بۆ ساتێکیش دەست لە داخوازییە دێموکراتیک و ڕەواکانی خۆیان هەڵناگرن و لەم پێناوەشدا خەڵک و هەموو هێزە حیزب و هێزە ئازادیخواز و دێموکراتیکەکان پشتیوانیان لێ دەکەن.

بەڕێزان!

ئەم هەڵوێستەی ئێوە بە راستی شیاوی رێز و پێزانینە كە لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا لە رێگای جۆراوجۆر و بە بڵاوكردنەوەی بەیاننامە و راگەیەنراو بڕیارتان داوە كە بە هەر شێوەیەک كە بۆتان بكرێ ناڕوزایەتی خۆتان دەربڕن و داخوازییەكانی خۆتان و كۆمەڵگاكەتان بێننە ئاراوە. بەڵام لێرەدا پێویستە هەمیشە ئەوەمان لە بیر بێ و لە بەرچاومان بێ كە هێزی ئێوەی خوێندكار لە حەرەكەتی ناڕەزایەتی بە دوور لە توندوتیژییە و هەر بەو رادەیەش خاڵی لاوازی رێژیمیش لەو تایبەتمەندییە و لەو شێوە ناڕەزایەتیی دەربڕینەدایە، هەر بۆیە لە خۆڕا نیە كە هێزەكانی رێژیم بەردەوام لە كاتی ئاوادا هەولأ دەدەن ناڕەزایەتتیەكان بە ئاقارێكی توندوتیژیدا ببەن. هەمووەمان ئەزموونی ئەوەمان هەیە و لەبیرمانە كە لە مانگەكان و ساڵەكانی رابردوودا لە رەوتی خۆپیشاندانە هێمنانەكان لە شوێنە جیاجیاكانی ئێران و بە تایبەت كوردستان، هێزەكانی رێژیم چۆن هەوڵیان داوە و پیلانیان گێڕاوە تا بە شێوازی جۆراوجۆر وەكوو دزەكردنە نێو رێزی ناڕازییانەوە، رەوتی ناڕەزایەتییەكان بە لاڕێدا ببەن و بە توندوتیژی بكێشن. ئەوان دەیانەوێ بەو شێوەیە لەلایەک یەكڕیزی و هاوهەڵوێستیتان لاواز بكەن و لەلایەكی دیكەشەوە ناڕەزایەتییەكان بە توندوتیژی بكێشن. دیارە بە دڵنیاییەوە خوێندكاران لەوە ژیرترن و دەرک بەم مەسەلەیە دەكەن، بەڵام مەبەستم لەم وەبیرهێنانەوەیە تەنیا ئەوەیە كە لەو كاتانەدا ئاگاداری حەرەكەتی دەست و پێوەندەكانی رێژیم بن.

دۆستانی خۆشەویست لەم بۆنەیەدا بە باشم زانی بابەتێكتان لەگەڵ بێنمە گۆڕێ. ئێوەی خوێندكار زیاتر لە هەر توێژێكی دیكەی كۆمەڵ توانا و ئیستعدادی وتووێژ و دیالۆگی بنیاتنەر و راستەقینەتان لەبارەی قەیران و كێشە و بابەتە سیاسیی و كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە. ئاستی تەحەمولكردن و گوێگرتن لە بیر و بۆچوونی جیاواز لە ئێوەدا لە هەموو كەس زیاترە و لە راستیشدا هەر دەبێ ئاوابێ. بە دڵنیاییەوە درەنگ و زوو داهاتووی كۆمەڵگای ئێران دەكەوێتە دەستی ئێوە و ئەو هەموو كێشە و گرفتە مێژووییە كەڵەكە بووانە كە لە راستیشدا لە كۆسپە سەرەكییەكانی بەردەم دێموكراسین لە ئێراندا، لە داهاتوودا هەر دەبێ بە دەستی ئێوە و بە بەشداری ئێوە چارەسەر بكرێ. ئێوە دەتوانن گرێ كوێرەی ئەو مەسەلە مێژووییانە بكەنەوە. هەر بۆیە پێویستە جۆرێكی دیكە بیر بكەنەوە و هەر لە ئێستاوە خۆتانی بۆ ئامادە بكەن. هەر چەشنە بیر و بۆچوونێكتان هەیە پێویستە لەگەڵ یەكتر بكەونە دیالۆگەوە و لە سەر رێكارە مەنتیقی و عەقڵانییەكانی چارەسەری ئەم مەسەلانە باس و دیالۆگ بكەن و لە ئاستێكی بەربڵاودا ئەو بابەتانە لە نێو زانكۆ و كۆمەڵگادا بورووژێنن و بواری دیالۆگی بنیتنەر بڕەخسێنن. چوونكە دیالۆگ كردن لە سەر ئەو بابەتانە نە تەنیا بوار بۆ چارەسەری خۆش دەكا، بەڵكوو خۆی قۆناخێكە لە چارەسەری و درەنگ یان زوو دەبێ ئەو قۆناخە تێپەڕ بكەین.

بەڕێزان یەكێک لەو بابەتە مێژووییانەی كە بە چارەسەرنەكراوەیی ماوەتەوە، چارەسەری كێشەی نەتەوەكانە، كە بێ گومان جێگیركردنی دێموكراسی لە ئێران بەبێ چارەسەری دێموكراتیكانەی كێشەی نەتەوەكان و بە رەسمی ناسینی مافەكانیان

ئیمکانە نیە. ئێوە خوێندکاران و بە تایبەت خوێندکارانی فارس زمان پێویستە لە سەرتان کە گرینگی بەم بابەتە بدەن و مێژووی ئەو نەتەوانە بخوێننەوە تا هەست بەو ستەمە چەند قاتەی بکەن کە لە حەقی ئەو نەتەوانە دەکرێ. دواتر دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری دێموکراتیک و عەقڵانی بکەونە دیالۆگەوە. هەروەک وتم ئێستا ئێوە زیاتر لە هەمووان ئیستعدادی هێنانەئارای ئەو باسەتان لە نێو کۆمەڵگادا هەیە و پێویستە لەم بارەیەوە رۆشنگەری بکەن تا بۆ جارێکی دیکە و لە داهاتوودا هەرگیز دەسەڵاتداران نەتوانن وەک رابردوو لە هەستی مەزهەبی و نەتەوەیی خەڵک کەڵکی خراپ وەربگرن و بە ناوی درۆیینی وەک بەربەرەکانی لەگەڵ جیاییخوازی خەڵکانێک بۆ سەرکوتی دەنگی مافخوازانەی نەتەوە بێ مافەکان هان بدەن، کارێک کە هەم لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی و هەم لە سەردەمی رێژیمی ویلایەتیی فەقیە بە دژی دەنگی مافخوازانەی خەڵکی کورد کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئێوە دەبێ و تەنانەت یەکێک لە ئەرکەکانی ئێوە ئەوەیە کە لە سەر ئەم بابەتە کار بکەن و لە ئاستێکی بەربڵاودا رۆشنگەری بکەن. ئێوە دەبێ ئەوەتان لە بەرچاوبێ کە تا کاتێک کە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی خەڵکی ئێران دان بە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێراندا نەنێ و ئەو مافانە بە رەسمی نەناسێ، بە کردەوە یەکیەتیی و هاوپێوەندی درووست نابێ و ئەو بارودۆخەش ئاشکرایە کە لە بەرژەوەندی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دایە.

خوێندکارانی خۆشەویست پرۆژەی ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان و زۆربەی هەرە زۆری هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکان، دامەزراندنی سیستمێکی فدراتیو و دێموکراتیکە. دەزانین کە هێشتا خەڵکێکی زۆر لە ئێران دژی بیرۆکەی فیدرالیزمن و هۆکاری سەرەکی دژایەتییەکانیشیان بۆ تێگەیشتنی هەڵەیان لە چەمکی فیدرالیزم و کێشەی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران دەگەڕێتەوە. دیارە بەشێکی دیکەی دژبەرانی پرۆژەی فیدرالیزم بە ئانقەست و ئاگایانە رای گشتی دژی فیدرالیزم هان دەدەن، ئەوانە روانگەیەکی شۆوێنیستیان بۆ نەتەوەکان هەیە و لە هیچ چوارچێوەیەکدا ئامادە نین دان بە مافی نەتەوەکاندا بێنن.

ئێستا و لەم قۆناغەدا تەنیا رێگاچارە هێنانە بەرباسی ئەو بابەتە لە ئاستێکی بەربڵاودایە و لەو پێوەندییەشدا ئەرکی خوێندکارانی کورد لە هەمووان زیاترە. دیارە خوێندکارانی کورد بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا لەم پێوەندییەدا زۆریان هەوڵ داوە و هەزینەیان داوە، کە ئەمە بە راستی شیاوی دەستخۆشی و رێزلێنانە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە دەبێ زۆر زیاتر لەوە هەوڵ بدەین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەو رۆژە لە هەموو خوێندکاران و بە تایبەت خوێندکارانی کورد دەکەم و سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی بزووتنەوەی خوێندکاری دەنێرم و دڵنیاین کە مێژوو هەرگیز یاد و بیرەوەری کەسانێکی وەک کیانووش ئاسا و ئیبراهیم لووتفوڵڵاهی و هەموو شەهیدانی دیکەی رێگای ئازادی لە بیر ناکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

خالید عەزیزی

ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٠ - ١٤ی سەرماوەزی ١٣٨٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان!



وێرای ڕێز وسڵاو؛

بە بۆنەی بەڕێوەچوون و کۆتایی هاتنی سەرکەتوانەی کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان وهەروەها بە بۆنەی هەڵبژیرانەوەی بەڕێزتان بە سەرۆکی پارتی دیموکرات، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

هەروەک چاوەڕوان دەکرا کۆنگرەی سێزدەیەم نوێنگەی پێداگرتنەوەی بەڕێزتان لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەڵی کورد و پشتیوانیتان لە چارەسەری پرسی کورد لە وڵاتانی ناوچە بە ڕێگای هێمنانەو دیالۆگ دا بوو. کۆمیتەی ناوەندی و سەرجەم ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێرای خۆشحالی دەربرین لە هەڵوێستی نەتەوەیی بەڕێزتان و تەواو بوونی سەرکەوتوانەی کۆنگرەکەتان، هیوادارن بڕیارو ئاکامەکانی ئەو کۆنگرەیە، هاندەری یەکیەتی و هاوپێوەندی لە ئاستی نەتەوەیی دا و، هۆکاری قووڵبوونەوەی گیانی یەکڕیزی و هاوکاری لە نێو هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دا بێت.

بۆ بەڕێزتان سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانت دا بە ئاوات دەخوازم.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

سکرتێری گشتی

خالید عەزیزی

ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٠ - ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاک نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان!



لەگەڵ سڵاو وڕێز:

بە بۆنەی تەواو بوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر وەها بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێزتان بە جێگری سەرۆکی پارتی دێموکرات، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم و هاوڕێیانم لە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانتان پێشکەش دەکەم. هەر لە ڕێگای بەڕێزیشتانەوە، پیرۆزبایی لە سەرکردایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم.

بۆ جەنابت لە پۆست و بەرپرسایەتیی نوێ دا و بۆ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە جێبەجیکردنی ئەرک و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێزدەیەم دا سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

سکرتێری گشتی

خالید عەزیزی

ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٠ - ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

# ساڵی: ٢٠١١

---

## داواکاری سکرتێری گشتیی حدک لە عەبدولکەریمی لاهیجی بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند



ئەوەی خوارەوە دەقی نامەیەی کاک خالید عەزیزی بۆ عەبدولکەریمی لاهیجی، بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤە:

ڕێزدار ئاغای دوکتۆر لاهیجی

بە سڵاوێکی گەرم

هەروەها کە ئاگادارن هاونیشتمانانی کورد لە ئێران ئەم جارە بۆ گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی ئەم خەڵکە ستەملێکراوە و هەروەها ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە حوکمی نادادپەروەرانەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران، چالاکی مافەکانی مرۆڤ بەڕێز محەممەد سدیق کەبوودوەندیان بۆ کاندیداتۆریی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١ لە بەرچاو گرتوە و بۆ هەرچی باشتر و کاریگەر بوونی ئەم هەوڵە پێویستییان بە یارمەتی و هاوڕێیەتی هاونیشتمانانی خۆیانە.

ئاغای کەبوودوەند وەکوو تێکۆشەرێک کە هیچ پێوەندیەکی تەشکیلاتیی لە گەڵ هیچ یەک لە حیزبەکانی کوردستانی و ئێرانی نیە و تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان زیاتر لە ۱۰ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە، بەسەرهاتی ژیانی زۆر لە "لیوخیابۆ" براوەی خەلاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ۲۰۱۰ دەچێ.

هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ئێوەی بەڕێز وەکوو مافناسێکی بەرچاو کە ساڵەهایە بۆ پێشوەچوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و جیهان تێدەکۆشن چاوەڕوانی دەکرێ کە بە شێوەیەکی ڕەسمی یارمەتیدەر و هاوڕێی کوردەکانی ئێران بن کە بێ گومان ئەم شێوە مەدەنی و بە کەڵکە ڕێگایەکە بۆ پێشوەچوونی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەمان ئێران و ڕیسوایی هەرچی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

پێشەکی بە گەرمی سپاسی هاوکاری و هاوڕێیتان دەکەم.

خالد عەزیزی

سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ۱۷ی جانێویری ۲۰۱۱

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## نامەی سکرتێری گشتی حدک بۆ کۆمیتەی هەموو پارتەکانی پارلمانی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا



سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە کاندیداتۆری محەمەد سەدیقی کەبودوەند بۆ

خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ نامەیەکی بۆ کۆمیتەی هەموو پارتەکانی پارلمانی مافی مرۆڤی پارلمانی بریتانیا بەرێکردوە.

لە درێژەی ئەو هەوڵە دیپلۆماسیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بۆ کاندیداتۆری محەمەد سەدیقی کەبودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ گرتوویەتەبەر، لەم پەیوەندیەدا سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلەمانی بەریتانیاو هەروەها لۆردەکان کرد.

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نامەکەیدا کە ئاراستەی ئەندامانی پارلەمانی بەریتانیاو لۆردەکانی بەریتانیا و هەروەها کۆمیتەی هەموو پارتەکانی پارلمانی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا کردوە و نووسیویەتی کە کەبوودوەند هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتی بە هێزە سیاسییەکانەوە نییە و تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و چالاکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سە پێندراوە.

لەکۆتایی نامەکە سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان داوای لە پەرلەمانتاران کردوە کە هاوکار و هاوهەڵوێستیان بن لە کاندیداکردنی محەمەد سەدیقی کەبوودەوند، داواشی کردوە بتوانن لە توانا دیپلۆماسیەکانی خۆیان بۆ پاڵپشتی میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی بەشداربن.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ناوەندە دیپلۆماسیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەروەی وڵات لە هەوڵێکی چڕو پڕدان تا بتوانن بۆ کاندیداتۆری محەمەد سەدیقی کەبودوەند سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ مسۆگەر بکەن، هەر لەم پەیوەندیەشدا سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتر نامەیەکی ئاراستەی عەبدولکەیم لاهیجی بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ کردبوو کە داوای لە ناوبراو کردبوو پاڵپشتی میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی بکەن.

ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی کۆنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە پارلمانی بریتانیا



دۆستانی خۆشەویست، جێرێمی کوربین و ئیحسان قادر!

زۆر بەداخم کە ناتوانم ئەمڕۆ لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی هەموو حیزبە کوردستانییەکان لە ژووری لۆردەکان لەگەڵتان بم.

ئەگەرچی لەوێ نیم، بەڵام خۆم و حیزبەکەم بەتەواوی پشتیوانی لە پرۆژەی دامەزراندنی کۆمیتەیەکی دائیمی بۆ کۆکردنەوەی هەموو حیزبەکانی کوردستان لەژێر چەترێکدا دەکەین.

ئەم ڕۆژانە زوومی مێدیاکان و سەرنجی بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی لەو ڕاپەڕینە خەڵکییانە چەقیوە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بەدژی دیکتاتۆرییە کۆن باو و حکومەتە گەندەڵەکان وەڕێ کەوتوون.

لەکاتی ناڕەزایەتییەکانی پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێرانیش شاهیدی هەمان سەرنجی مێدیا و بیروڕای گشتی بووین. سەرەڕای ترساندنی خەڵک و هەڕەشەی زیندان و ئێعدام لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و سەرجەم ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە بەو ڕووداوانەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا دڵگەرم و هیوادارن.

خەڵکی کوردستانی ئێران لە خۆپێشاندانەکانی شار و دەڤەرەکانی کوردستان و ئێراندا بەشدار بوون بۆ ئەوەی داوای ژیانێکی باشتر و دێموکراسی و ئازادی بکەن. ئەوەی ئەوان داوای دەکەن بریتییە لە حکومەتێک کە هی خۆیان بێ و لەسەر بنەمای ئایینی و نەژادی و جینسی جیاوازی لەنێوان هاووڵاتییان دانەنێ. ڕێژیمی ئێران لەبەر ئەوە خەڵکی کوردستان دەچەوسێنێتەوە کە کوردن و ویستی نەتەوایەتیی خۆیان هەیە.

ئێمە ئێستا گەیشتوونەتە خاڵێکی گرینگی وەرچەرخان. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان یەک لەدوای یەک بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکییەوە دەڕووخێن. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان شێلگیرانە لەگەڵ بزوتنەوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی بەرەیەک دروست بکەین کە بتوانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی ڕێژیمی ئێراندا دیفاع لە خەڵکەکەمان بکا و ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەی جەماوەریی خەڵک بکا.

ئێمە بەهەست کردن بەو بەرپرسیارێتییە قورسە کە مێژووی گەلەکەمان خستوویەتە سەر شانمان، لەمەودوا بۆ ئەوە هەنگاو هەڵدێنینەوە کە بە یەکگرتوویی‌یەوە بەرەورووی داهاتوو ببینەوە. ئێمە تەنیا لە ڕێگای هاوخەباتی و هاوپێوەندی لەگەڵ دۆستەکانمان لە ئێران و لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەتوانین بە ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵ کە لەودا مافی هەمووان یەکسان بێ و مافی کوردەکان وەدی هاتبێ بگەین. نەخشی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ یارمەتیدان بە ڕوودانی ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە یەکجار زۆر گرینگە. هیوادارم لەو بارەوە بتوانین لەسەر پشتیوانی و هاوپێوەندیی ئێوە حیساب بکەین.

بژی کوردستان و بژی هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## نامەی سكرتێری گشتیی حدک بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریكا

سکرتێری گشتیی حدک: پشتیوانی لە پێشنیاری دیاریکردنی چاوەدێرێک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەکەین , بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە دوو نامەی جیاواز دا بۆ وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سوئێد، پشتیوانیی خۆی و حیزبەکەی لە پێشنیاری دیاریکرانی چاوەدێرێکی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ڕاگەیاند.دەقی نەمەکان بەم جۆرەیە:

بەڕێز خانمی هیلاری کلینتۆن ، وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا!

هەروەک بەڕێزتان ئاگادارن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژانە بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر و بە پێچەوانەی ب مەنشووره نێودەوڵەتییەکان مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. ئێستا کە لە شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس لەوە دەکرێ کە چاوەدێرێک بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری بکرێ، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو هەوڵی خۆی بەکار بێنێ بۆ جێبەجێبوونی ئەو کارە بۆ ئەوەی ڕێژیمی ئێران هەروا بێ لێپرسینەوە نەتوانێ چیتر درێژە بەو پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ بدات.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت،

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١١

---

## نامەی سکرتێری گشتیی حدک بۆ وەزیری دەرەوەی سوئێد

## بەڕێز کارل بیلد، وەزیری دەرەوەی سوئێد!

پیشنیاری وڵاتی سوئێد لە شووڕای بەرگری لە مافی مرۆڤی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ دیاری کردنی چاوەدێریکی تایبەت، سەبارەت بە پێ شێل کردنی مافی مروڤ لە ئێران ، هەنگاوێکی زۆر بەجێیە لە پێناو بەرگری لە مافی مروڤی کۆمەلانی خەلکی ئێران کە ڕۆژانە لە لایەن کۆماری ئیسلامی پێ شێل دەکرێ، بەم بۆنەیەوە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سپاستان دەکەین و هیواداریین کۆمەلگەی نێودەولەتی پێشوازی لەو هەنگاوە مروڤدۆستانەیەسی ئێوە بکەن.

لەگەڵ ڕێز و حورمەتدا،

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١١

---



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی پەیامی هاودەردیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سەرۆک وەزیرانی نۆرویژ

ڕێزدار یەنس ستۆلتێنبەرگ،

سەرۆک وەزیرانی نۆرویژ و سەرۆکی حیزبی کاری نۆرویژ!

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەوالی دلتەزێنی دوو ڕووداوە تیرۆریستییەکەی ڕۆژی هەینی ٢٢ی جولای ٢٠١١ لە شاری ئۆسلۆ و کەمپی ڕێکخراوی لاوانی سەر بە حیزبەکەتان لە دوورگەی ئوتۆیام بیست. بەم بۆنەوە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە لایەن خۆمەوە هاودەردی و هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی ئێوە بەڕێوە بەرانی حکوومەت و خەلکی نۆرویژو بە تایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی کار لە نۆرویژ دەکەم.

ئەم ڕووداوەی ڕۆژی هەینی کە ولاتی نۆرویژی هەژاند بە کردەوەیەکی تیرۆریستی بە ئەژمار دێت کە بە داخەوە لەم سالانەی دواییدا ئەم جۆرە ڕووداوانە زۆر هاتوونەتە پێش. من دلنیام کە خەلکی نۆرویژ بە ڕێبەریی ئێوە و هاوکارانتان بە سەر ئەم تراژێدییەدا سەرکەوتوودەبن و هەستی یەکگرتوویی ، پاراستنی ئاشتی و بنەما دێموکراتییەکانی نێو کۆمەلگای ئێوە، هەولی بەرەنگار بوونەوە لە گەل تیرۆریستان بە شێوەیەکی شارستانی، کۆمەلگای مرۆڤایەتی دەپارێزێت. حیزبی ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە، سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی سەرجەم خەلکی نۆرویژ بە تایبەت بنەمالەی قوربانییەکان دەکات و هەستی ئێش و ئازارەکانی ئێوە لەم تراژێدییە نەتەوەییەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێت و ساریژ بوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێت.

هیوام سەرکەوتنتانە

خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەرچاوە: مالپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جولای ٢٠١١



سەرچاوە Serchawe

## پەیامی سەرەخۆشیی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان

زۆر بەڕێز جەنابی کاک مەسعوود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

لەگەڵ سڵاو و رێزی زۆرمدا،

له لایەن خۆمەوە و بەناوی ئەندامانی رێبەری و سەرجەم ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان، لە قووڵایی دڵەوە، سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەتان دەکەم.

حەمایل خان ئەو ژنە سەربەرز و رووسوورە بوو کە لە قۆناغە سەختەکان و هەورازونشێوەکانی ژیانی شۆڕشگێڕانە و پڕبەرخۆدانی بارزانیی نەمردا، وەک هاوسەر و پشتیوانی ئەو سەرکردە مێژووییە، رۆڵی خۆی بینیوە و کەسایەتییەکی وەک بەڕێزتانی لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردووە. هەر بۆیە هەموو شارەزایان و ئۆگرانی خەبات و قوربانیدانی ئەو بنەماڵە سەربەرزە، بە ماڵاوایی ئەو، هەست بە لەدەستدانی دایکێک و خۆشەویستێک دەکەن.

جارێکی دیکە هاوبەشی خەمتانم و سەری ئێوە و سەرجەم رۆڵەکان و ئازیزانی سڵامەت

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خالید عەزیزی

٢٨ی جوولای ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## هێرش بۆ سەر سەفارەتی بریتانیا لە تاران مەحكووم دەكەین



دوانیوەڕۆی سێشەممە، ٢٩ی نوامبری ٢٠١١، لە پەراوێزی خۆپێشاندانێكی ڕێكخراو كۆمەڵێك بەناو خوێندكاری بەسیجی، هێرشیان كردە سەر سەفارەتی بریتانیا لە تاران. ئەوان وێڕای داگیركردنی شوێنەكە و بێڕێزی بە هێماكانی سەروەریی ئەو وڵاتە،شەش كەس لە كارمەندانی سەفارەتەكەیان بۆ ماوەیەک بە بارمتە گرت و بەپێی ئیدیعای خۆیان دەستیان بەسەر كۆمەڵێک ئەسنادیش داگرت.

ئەو هێرشە پاش ئەوە دێ كە حكومەتی بریتانیا لە زمان وتەبێژی سەرۆكایەتیی وەزیرانی خۆیەوە ڕایگەیاندبوو كە وێڕای بەداخبوونی بۆ بڕیاری ئێران بۆ كەمكردنەوەی پێوەندییەكانی خۆی لەگەڵ بریتانیا، بیر لە وڵامێكی شیاو بۆ ئەو بڕیارەی كۆماری ئیسلامی دەكاتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا كە كۆماری ئیسلامی وا نیشان دەدا كە سەفارەتی بریتانیای لە چنگی هێرشبەران دەرهێناوە و تەنانەت چەند كەس لەوانیشی دەستگیر كردووە، بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لەو هێرشەدا وەک ڕۆژ ڕوونە. لە حاڵێكدا بەپێی قانوونی دیپلۆماتیک دەوڵەتی خانەخوێ لەسەریەتی بەشێوەی بەردەوام پارێزگاری لە حەریم و پێرسۆنێل و دارایی و ئەرشیڤی دیپلۆماسیی دەوڵەتی میوان بكا، بە هەموو نیشانەكان ڕا دیارە كە ئەو كردەوە ناشارستانی و پێچەوانەیەی عورفی نێودەوڵەتی بەرنامەیەكی لەپێشدا دارێژراوی خودی كاربەدەستانی ڕێژیم بووە. جیا لەوە كە كار و كردەوەی لەو چەشنە هەر لە دەسپێكی كارنامەی كۆماری ئیسلامیدا تۆمار كراوە، ماوەیەكیش بوو كاربەدەستانی ڕێژیم بەگوڕتر لە پێشوو لایەنگرانی خۆیان بە جۆرێک دنە دەدا كە هەڵسوكەوتی لەم چەشنەی لێ بكەوێتەوە.

كاتێک لە سەرەتای ئینقلابدا گرووپی ناسراو بە "خوێندكارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام" سەفارەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە تارانیان داگیر كرد، حیزبی دێموكرات لە هەنگاوێكدا كە بۆ كەش و هەوای سیاسیی ئەودەم زۆر ئازایانە بوو، ئەو كارەی مەحكووم كرد. ئێستاش كە هەمان سیناریۆ بە شێوەیەكی دیكە دووبارە بۆتەوە، ئێمە سەرلەنوێ ئەو كارەی

کۆماری ئیسلامی بۆ پێشێلکردنی بەرزترین بایەخەکانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان مەحکووم دەکەین. هەر لەو کاتەدا لەو باوەڕەداین کە مامەڵەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ مانۆڕەکانی لەو چەشنەی ئەو ڕێژیمە دەبێ لە ئاست بێ پرەنسیپیی سنووورنەناسانەی ئەو ڕێژیمەدا بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

# ساڵی: ٢٠١٢

---------------------------------------------------------------

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بۆ سەرکۆماری ئەمریکا بە بۆنەی دەست پێکردنی دەوری دووهەمی سەرکۆماریی ئەو وڵاتە



بەڕێز باراک ئۆباما، سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

سڵاو و ڕێز

بە بۆنەی دەست پێکردنی دەوری دووەمی سەرکۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیرۆزبایت لێدەکەم.

جەنابی سەرکۆمار!

بەڕێزت لە قسەکانت دا لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی سەرکۆماری دا جارێکی دیکە پێداگریت لە سەر بنەماکانی مافی مرۆڤ

و بـەهاکانی دێموکراسـی کـردەوە و ئـاماژەت بـەوە کـرد پەرەپێـدانی دیموکراسـی لـە جیهانـدا بەشێکی بـەرچاوی دەسـتوری کارەکەتـان پێک دێنێ. خەڵکی ئێران بە گشتی و بە تایبەت گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە دەیـان سـاڵە بـۆ ئـەو مافە سەرەتاییانە خەبات دەکەن، کە بە خۆشێوە زیاتر لە سەدەیەکە لە وڵاتەکەی جەنابتـدا چەسپاوە، سروشتییە چاوەڕوان بـن کە لـە هەوڵـەکانی جەنابت لـە پۆستی سـەرکۆماریی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا بۆ پەرەپێـدانی دێموکراسی و مـافی مرۆڤ بێ بەهرە نەبن.

لەگەڵ ڕێز دا

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێویری ٢٠١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی ١٣٩٢ەو



هاونیشتمانانی بەڕێز!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

هۆگرانی نەورۆز و بەهار و نوێبوونەوە!

لەم ساتە دا کە خەریکین ماڵاوایی لە ساڵی ١٣٩١ دەکەین و باوەش بۆ نەورۆز و بەهار دەکەینەوە و پی دەنێینە نێو

ساڵێکی نوێی کوردی و هەتاوییەوە، بە ناوی خۆم و لە لایەن ڕێبەری و سەرجەم ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە گەرمی پیرۆزبایی نەورۆز و سالی نوێتان لێ دەکەم.

جارێکی دیکە سەرما و تەڕوتووشی، سەخڵەتی و ناخۆشی و چەقبەستوویی لە بەرامبەر ئیرادەی گۆڕان دا، چۆکیان دادا و، ژیان و بەردەوامی و جوانی و نوێبوونەوە، لە نیشتمانی خۆشەویستی ئێمە، لە کوردستان و هەموو ئەو وڵاتانەی هۆگر و ئەویندارى نەورۆزن، ئالای سەرکەوتنیان هەڵداوە.

ساڵێک کە تێپەڕ بوو بۆ خەڵکی ئێران و بۆ نەتەوەی کورد ساڵێکی پڕ لە ڕووداو بوو. خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە حاڵێک دا، وەک ڕابردوو و تەنانەت زیاتریش، بوونەوە بە ئامانجی سەرکوت و پێشێلکرانی سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان، لە گەڵ بارودۆخێکی ئابووری ناخۆشتر لە ساڵانی پێشتر، دەستوپەنجەیان نەرم کرد. شوێنەواری گەمارۆی ئابووری ڕۆژاوا لە سەر ژیانی خەڵک، کە بەرهەمی سیاسەتە غەلەتەکانی کۆماری ئیسلامین،لە ساڵی ١٣٩١ دا هەتا رادەیەکی زۆر خۆیان نواند. گرانیی سەرەکیترین پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک، نەبوون و نایابیی شتومەک و کاڵای جۆراوجۆر، دابەزینی بایەخی دراوی ئیران و هاتنەخواری توانای کڕینی زۆربەی زۆری توێژەکان و کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگی دیکە، لەو ساڵەدا تەنگیان بە خەڵک هەڵچنی. شوێنەواری ئەم بارودۆخە بە ژیانی خەڵکەکەمانەوە و تەنانەت بە پێشوازیی ئەوان لە نەورۆزەوە، دیارە.

لە ساڵی تێپەڕبوودا، گرتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و ئێعدام نەک هەر بەردەوام بوو، بەڵکوو بەرەوژوورتر چوو.کۆماری ئیسلامی، کە سەبارەت بە کارنامەی ڕەشی لە بواری مافی مرۆڤ دا، لە مێژە لە گەڵ ڕەخنە و مەحکومییەتی جیهانی بەرەوروویە، هەر وا ڕێگریی لە هاتنی نوینەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران و لیکۆڵینەوەی مەیدانی لە وەزعی مافی مرۆڤ کرد ئەم ڕێژیمە کە هیچ سەرکەوتن و پێشڤەچوونێکی لە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی خۆی لە گەڵ کۆمەڵگەی جیهانیی دا نەبوو، زیادکردنی سەرکوت و توند و تیژی لە نیوخۆی ولات و بەرگرتن بە تەقینەوەی نارەزایەتیی خەڵکی، بە تاقەڕێگای مانەوەی خۆی زانی. یەکێک لە دیارترین جیلوەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە، کوشتنی ڕۆژانە و بێپەروایانەی کاسبکاران وخەڵکی هەژار لە ناوچەسنوورییەکانی کوردستان بوو. هەر لەو سالە دا بە سەدان کەس لە چالاکانی بواری میدیایی و خەباتی مەدەنی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، بە ناو و بیانووی وەک بەستراوەیی بە بێگانە و جاسووسی و دژایەتیی هیمنایەتیی نیزام و وڵات، ڕەوانەی بەندیخانەکان کران. دوایین شەپۆل لەو گرتنانە، ئەو دەیان ڕۆژنامەنووس وچالاکە مەدەنییە بوون کە لەم چەند حەوتووەی دوایی و لە بەرەبەری نەورۆز دا، لە شارەکانی کوردستانەوە، ڕەوانەی بەندیخانە کران و بە داخەوە هەتا ئێستاش لە زیندانن.

ساڵی تێپەڕبوو، لە دووبارەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵێکی تاڵ بوو. لە مەیدانی ململانێیە ناوچەیی و جیهانییەکاندا، ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ڕژیمە پتر لە پێشوو تووشی شکست و تەریک مانەوە بوو. ڕاپەڕین و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، بە پێچەوانەی ئەو قسانەی سەرانی ئەو ڕژیمە پێشتر دەیانکرد، لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامیدا نەبوون و لە هەموو نیشانەکان ڕا دیارە لە جیاتی زیادکردنی دۆست و هاوپەیمان بۆ کۆماری ئیسلامییان دا لێ بکەویتەوە، کورتکردنەوەی دەستی ئەو ڕژیمە لە ناوچەکە و بێداهاتوویی هاوپەیمانە ستراتیژیکەکانی کۆماری ئیسلامیان بە دواوەیە.

کۆماری ئیسلامی لە نیوخۆی نیزامیشدا،لە ساڵی تێپەڕبوودا پێی نایە قۆناغێکی نوێ لە ململانێ و چەندبەرەکی و لێک لەهەڵلادان، بە جۆرێک کە دەردەکەوێ جڵەوی کاروبار لە دەستی ڕیبەری نیزام خامنەیەییش ترازاوە. بێگومان بە نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ یەکتر، شکڵ و شیوەیەکی ئاشکراتر بە خۆوە دەگرێ. ئەم ڕاستییەش دەتوانێ دەرفەت بۆ خەباتی جیددیتری خەلکی ولاتەکەمان لە گەڵ ئەو ریژیمە لە ساڵی نوی دا، برەخسێنی.

لە ساڵێکدا کە رابرد، لە گەڵ ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ بە سەر هەلومەرجی خەباتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا نەهات ، بەلام حیزبی ئێمە لە گەیاندنی دەنگی ئیوە بە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکان، لە کاروتیکۆشان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا و لە هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هیزولایەنە کوردستانی و ئێرانییەکان بۆ لای پیویستیی یەکگرتن وهاوخەباتی، غافڵ نەبوو.ئیمە، بە پشتیوانیی ئیوە لە ساڵی نوێشدا بە شێلگیری و هیوایەکی زیاترەوە، ئەم ئەرکانەمان درێژە دەدەین.

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

تینوانی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان و ئێران!

هۆگرانی نەورۆز و نوێبوونەوە و ڕزگاری!

ئێمە لە حاڵێک دا باوەش بە نەورۆز دا دەکەین و پێ دەنێینە نێو ساڵێکی نوێ، کە لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد بە گشتی دا، بە هیواوە دەڕوانینە داهاتوو. ڕاستە کە بە داخەوە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا،کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە هەر وا لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان بێبەشن، بەلام کورد لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست دا، ئێستا بووە بە فاکتەرێک کە دەولەتان چی دیکە ناتوانن بە حاشاکردن، بەرەورووی ببنەوە. لە عێراق، کورد، پێگە و جێگەیەکی دانپیدانراو و قانوونیی هەیە کە لە هەوڵی سەقامگیرکردن و پەرەپێدانی زیاتری دەسکەوتەکانی دایە. لە سووریە، ئاسۆیەکی نوێ هاتۆتە بەردەم پرسی کورد، و ئەگەر لایەنە کوردەکان یەکگرتووانە و بەرپرسانە بەرەورووی ئالوگۆڕەکان ببنەوە، بە رووخانی چاوەروانکراوی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد، دەتوانین شایەدی سەردەمێکی نوێ لە ژیانی کورد لەو ولاتەدا بین. لە دراوسێیەتیی ئێران و لە تورکیاش، سیاسەتێکی نوێ لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد دا

هاتۆتە کایەوە. چارەسەری ئاشتیخوازانە، ئەو ڕێگایەیە کە بە خۆشییەوە دەولەتی تورکیە و نوێنەرانی پرسی کورد، گرتوویانەتە بەر. ئارەزووی ئیمە ئەوەیە وتویژەکان بگەنە ئاکامی باش و ڕێگا بۆ پیکەوە ژیانی بە تەبایی لەمەودوای ڕۆڵەکانی دوو نەتەوەی کورد و تورک، خۆش بکەن.

هاونیشتمانە بەڕیزەکان!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

لە بەرەبەری دەسپێکی ساڵی نوێدا، بە گەرمی پیرۆزبایی نەورۆزتان لێ دەکەم. بۆ ئێمە خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی و دیموکراسی، بۆ نەتەوە بندەستەکانی ئێران و و خەڵکی لە ماف وئازادی بیبەشی وڵاتەکەمان، نەورۆزهەر تەنیا جێژنی نوێبوونەوەی ساڵ نییە، کاتی دارشتنی پلان و بەرنامەی تێکۆشان بۆ ساڵێ نوێ و نوێکردنەوەی بڕیار و پەیمان بۆ بردنە پێشی خەباتی ئازادیخوازیمانە. مەوسمی وەبیرهێنانەوەی ئەرکەکانمان لە ئاست هەزاران ڕۆڵەی بەندکراو و دەیان هەزار بنەماڵەی ئازیزلەدەستداوە. با لەم ساتەدا ، هەموومان پێکەوە بەڵێن بدەین لە ساڵی نوێدا، کار لە پیناوی تەبایی و یەکگرتوویی و هاوخەباتی و هەوڵدان بۆ ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمانی خۆمان لە ستەم و دیکتاتۆری، بکەینە سەرلەوحەی بەرنامەکانی خۆمان.

بە هیوای نەورۆز و بەهار و ساڵێکی خۆش و پڕ دەسکەوت بۆ هەمووسان،

خالید عەزیزی

سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٢ / ٣٠ی گەلاوێژی ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەيامی پيرۆزبايی سكرتێری گشتی حيزبی دێموكراتی كوردستان بۆ بەرێز مامۆستا محەممەد فەرەج



بەڕێز مامۆستا محەممەد فەرەج

ئەميندارى گشتيی يەكگرتووى ئيسلاميی كوردستان!

سڵاو و ريز،

وێڕای خۆشحاڵيم لە تەواوبوونی سەركەوتوانەی كۆنگرەی شەشەمی يەكگرتووی ئيسلاميی كوردستان، بە بۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێزتان بە ئەميندارى گشتيی يەكگرتووی ئيسلاميی كوردستان لەم كۆنگرەيە دا، بە گەرمی پيرۆزباييتان لی دەكەم.

ڕێبەری حيزبی ديموكراتی كوردستان، بۆ بەڕێزتان لەم ئەرك و پۆستە نوێيەتاندا و بۆ سەركردايەتيی هەڵبژێراوی كۆنگرەی شەشەمی يەكگرتوو، سەركەوتن لە جێبەجێكردنی ئەركە نەتەوەيی و ئازاديخوازانەكاندا، بە ئاوات دەخوازێ.

بە هيوای سەركەوتنتان،

خاليد عەزيزی

سكرتێری گشتيی

حيزبی ديموكراتی كوردستان

ڕێكەوتی: ٧ی مای ٢٠١٢

سەرچاوە: ماڵپەری كوردستان و كورد



سەرچاوە Serchawe

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حدک بە بۆنەی ٣٧ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،

بە بۆنەی یادی ٣٧ ساڵەی دامەزرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، لە لایەن خۆم و بە ناوی ڕێبەری و سەرجەم ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەم. ئەم یادە لە ئێوە و پێش هەمووان لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانی و لە سەرووشیانەوە جەنابی مام جەلال، لە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی، لە ئەنجومەنی ناوەندی وتێکۆشەرە دیرین و نوێیەکان و تێکڕای ریزەکانتان پیرۆز بێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێزەوە دەڕوانێتە رابردووی پڕ لە خەبات و قوربانیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رۆڵی ئەم هێزە سیاسییە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و لە بەرەوپێشبردنی خەباتی ئازادیخوازی و دژ بە دیکتاتۆری لە ئاستی عیراق دا بەرز دەنرخێنێ. خۆشحاڵیشین بە رابڕدووی دوور و درێژی پێوەندیی دۆستانەی یەکێتیی نیشتمانی و حیزبی دیموکرات.

ئێمە هیوادار و دڵنیاین کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی دەسکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی هاوپەیمانەتیی ستراتیژیک لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و بایەخدان بە تەبایی و یەکگرتوویی ماڵی کورد، هەر وەها لە ڕێگای هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەلایەتی لە نێو کۆمەڵدا و گرنگیدان بە دۆستایەتی و هاوکاریی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ساڵی نوێی خەبات و تێکۆشانیشیدا دەور و رۆڵی شیاوی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، عێراق و ناوچە دا دەبێت.

جاریکی دیکە پیرۆزبایی ئەم یادەتان لێ دەکەین.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ۱ی جوونی ۲۰۱۲ - ۱۲ی جۆزەردانی ۱۳۹۱

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## بانگەوازێکی بە پەلە (گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە، دەبێ بە پەلە فریای بکەوین)



بۆ:

- سکرتیری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڕیز بانکیمۆن!
- شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لێکۆلەری تایبەتیی ئەو شووڕایە بۆ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، بەڕێز ئەحمەد شەهید!
- ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون!
- ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست!
- سەرجەم ناوەند و دامەزراوە و کەسایەتییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!

بەڕێزان!

زیاتر لە ٥٠ ڕۆژ بە سەر مانگرتنی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە بەندیخانە دا ڕابردوە. ئەو کەسایەتییە مرۆڤدۆستە کە بە تاوانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و پێکهێنانی ڕێکخراوی مەدەنی بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە، زیاتر لە ٥ ساڵە لە بەندیخانە دایە، لە ڕۆژی ٦ی جۆزەردان)( ٢٦ی مای)ەوە وەک نارەزایەتی دەربڕین لە بارودۆخی خۆی لە بەندیخانە دا، مانی لە خواردن گرتوە. جگە لەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ڕێگای ئەوەیان پێنەداوە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی خۆی بچێتە دەرەوەی زیندان، تەنانەت بۆ ڕاگەیشتن بە نەخۆشیی لاعیلاجی کوڕەکەی، پەژمان، نەیانهێشتوە وەک مەرەخەسی لە زیندان بچێتە دەر. بەڕێز کەبوودوەند ئەمڕۆ یەکشەممە لە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ هاوسەرەکەی لە بەندیخانەی ئێویندا، ڕای گەیاندوە کە لەکاتژمێر ٢٢ی شەوی ڕابردووە، مانی لە خواردنی وشکیش گرتوە و جیاوازیدانان لە نێوان بەندییەکانی سەربەکەمایەتییەکان و بەندییەکانی دیکەی وەک هۆی مانگرتن لە خواردنی وشک ناوبردوە.

بە گوێرەی زانیارییەکان و بە سەرنجدان بە مانگرتنی ٥٠ ڕۆژەی، باودۆخی جەستەیی و دەروونیی ئەو بەندییە، لەو پەڕی خراپی دایە و ئەگەر هەنگاوی بەپەلە بۆ دەرهێنانی لەم بارودۆخە هەڵ نەگیرێ، مەترسیی لە نێوچوونی هەیە.

هەر بۆیە داوا لە ئێوە ڕێکخراو و کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکان و هەموو ناوەند ولایەنێکی خاوەن نفووز دەکەم هەنگاوی بە پەلە هەڵ بگرن و هەموو هەوڵی خۆتان بۆ گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران بە کار بێنن، بۆ ئەوەی ڕێز لە داواکانی کەبوودوەند بگرێ و نەک هەر هەلومەرجێکی باشتر بۆ ڕاگرتنی لە بەندیخانە دا پێک بێنێ، بەڵکوو لە زیندان ئازادی بکا و لەمەش زیاتر چاو بە سەرجەم  سزا وبڕیارەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەندکراو  دا، بخشێنێتەوە.

هەر لەم دەرفەتە کەلک وەردەگرم و لە ڕێگای بنەماڵە و هەر کەسێک پێوەندیی بە بەڕێز کەبوودوەندەوە هەیە  ئەم پەیامەی خۆم و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەڕیزیان ڕادەگەیەنم کە بۆ ئەوەی ویستی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیەتە دی و بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان و ئێران ئەو ڕۆڵە تێکۆشەر و مرۆڤدۆستەی خۆیان بە هاسانی لە دەست نەدەن، مانگرتنەکەی بشکێنێ.چونکە بە دڵنیاییەوە پەیامی مانگرتنەکەی کە نارەزایەتیدەربڕین لە ستەم و بێدادی کۆماری ئیسلامییە، بە گوێی بیروڕای گشتیی گەیشتوە. ئێستا دەمێنێتەوە سەر خەڵکی کوردستان و ئێران و ویژدانە زیندووەکان  لە ڕادەی جیهانی دا، ئەرکی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی کەبوودوەند و داوا ڕەواکانی دا جێبەجێ بکەن.

من بە دەرفەتی دەزانم بۆ ئەوەی داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکانی کوردستان و ئێران بکەم  هەر چی زووتر پێکەوە بە هاودەنگی وهاوهەنگاوی حەرەکەتێکی گشتی و سەراسەری لە ڕادەی کوردستان، ئێران و دەرەوەی وڵات دا، بە پشتیوانی لە بەڕێز کەبوود وەند و بە مەبەستی گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامی وەڕێ بخەین.

جارێکی دیکە سەرنجی هەموو لایەکتان بۆ لای پێویستیی هەڵگرتنی هەنگاوی بە پەلە بە مەبەستی نەجاتدانی گیانی بەڕێز کەبوودوەند رادەکێشم.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی یەکشەمە

ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٢ - ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩١

---

## پەیام بۆ دوکتور کەمال شاکر بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی شیوعیی کوردستان

بڕای بەڕێز کاک کەمال شاکر!

سڵاو و ڕێز؛

بە بۆنەی تەواو بوونی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی شیوعی کوردستان و هەروەها هەڵبژاردنەوەی جەنابت بۆ پۆستی سکرتێری کۆمیتە ناوەندی، وێرای پیرۆزبایی لە جەنابت و سەرجەم ئەندامانی ڕێبەری حیزبی شیوعی کوردستان، ئارەزوی سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی

حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٢

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد

## پەیامی سەرەخۆشیی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕێزدار د. بەرهەم ساڵح



زۆر بەڕێز کاک د. بەرهەم ساڵح!

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،

هەواڵی ناخۆشی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانم بیست. خاتوو ڕووناک، هەر تەنیا دایکی دۆستێکی بەنرخ و لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شەخسی خۆت کاک د. بەرهەم نەبوو، بەڵکوو ژنێکی تێکۆشەر و کەسایەتییەکی دیاری نێو خەباتی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری ویەکسانیخوازیی کوردستانیش بوو. بۆیە مەرگی ئەو خاتوونە بەڕێزە بە خەسارێک بۆ هەموومان دەزانم.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو ڕووناک ڕەئووف، لە لایەن خۆم و بە ناوی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پڕ بە دڵ سەرەخۆشیتان لێ دەکەم. خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و بۆ بەڕێزتان و سەرجەم

ئەندامانی بنەماڵە و کەسوکار و خزمان و هەموو هۆگران و خۆشەویستانی خوالێخۆشبوو، سەبر و خۆڕاگری بە ئاوات دەخوازین. جێگای ڕەحمەتی بەهەشتی بەرین بێت.

بە ڕێزەوە:

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی

حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٢ / ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد

---

## پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانەوە



بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو هاونیشتمانانی بەڕێزو موسوڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەم. هیوادارم ئەو جێژنە ببێتە مایەی خێرو خۆشی و لێبووردەیی و هاوپێوەندیی هەرچی زیاتر لە نێوان هاونیشتمانانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا. لەم بۆنە پیرۆزەدا بە پێویستی دەزانم داوا لە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم، هەر وەک بۆنە نەتەوەیی و ئایینیەکانی دیکە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیان و پێشمەرگەکانی کوردستان لە بیر نەکەن و بەسەریان بکەنەوە.

بە هیوای جێژنێکی پڕ لە شادی و تەبایی

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣ - ١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## نامەی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەڕێز جان بەیرد وەزیری دەرەوەی کانادا



بەڕێز جەنابی جان بەیرد !

وەزیری دەرەوەی کانادا؛

سڵاو و ڕێز؛

بڕیاری دەوڵەتی کانادا لەبارەی بەستنی سەفارەتی ئێران و دەرکردنی دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەتان، هاوپێوەندیی ئێوە لەگەڵ خەباتکاران وچالاکوانانی دێموکراسی ومافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی و کوردی ئێران بە تایبەت نیشان دەدات.

هەر لەم ڕۆژانە دا حیزبی دیموکراتی کوردستان یادی دوکتور سادق شەرەفکەندی ڕێبەری ئەو حیزبە و هاوڕێیانی دەکاتەوە کە بیست ساڵ پێش ئێستا (١٧ی سپتامبری ١٩٩٢) لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بێرلین تیرۆر کران.

لێکۆلینەوە و دەرئەنجامەکانی دادگای بێرلین لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ دەریخست کە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە رادەی هەرە سەرەوەی ئەو رێژیمەدا بریاری ئەو تیرۆرەیان دابوو و سەفارەتی ئێران لە ئاڵمان کارئاسانیی بۆ جێبەجێکردنی ئەم تیرۆرە کردبوو.

بریاری دەولەتی کانادا هاوکات لەگەڵ بیرەوەریی ٢٠ ساڵەی، ئەم تیرۆرە بۆ ئێمەی کوردی ئێران جێگەی خۆشحالی و پێزانینە.

هیواداریین هەماهەنگی و هاوکاریی کۆمەلگای نێودەولەتی لە دژی ئەو ریژیمە رۆژ بە رۆژ لە پەرەستاندندابێ.

لەگەل رێزم

خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە



هاونیشتمانانی بەڕێز!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەکانی کوردستان!

بە بۆنەی هاتنی جێژنی قوربان لەلایەن خۆم و ئەندامانی رێبەری و سەرجەم ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتەوە بەگەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەم. هیوادارم ئەو جێژنە و باقیی جێژن و بۆنە ئایینیو نەتەوەییەکان ببێتە مایەی تەبایی و خێرو خۆشیی کۆمەڵگەی کوردستان.

ئەو جێژنە ئایینیە دەرفەتێکە بۆ پتەوکردنی پێوەندیی نەتەوەیی و نواندنی هاوپێوەندیی مرۆڤانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا. هیوادارم لە رۆژانی جێژن دا بە ئیلهام وەرگرتن لە رۆحی مرۆڤگەرایانەی ئایین و داب و نەریتی کۆنی کوردەواری و رۆحی نیشتمانپەروەری سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەکانی کوردستان بکەن.

چالاکانی سیاسی، تێکۆشەرانی بواری مافەکانی مرۆڤ!

جێژنی قوربان دەرفەتێکە کە لەودا داوای ئازادیی زیندانیانی سیاسی و بیرو باوەڕ بێننە گۆڕێ و لە دەوڵەتی تازە بخوازن کۆتایی بە زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی بێنێ و زەمینە خۆش بکرێ لەم جێژنەدا زیندانیانی سیاسی و بیروباوەڕ بگەڕێنەوە بۆ نێو ئامێزی بنەماڵەکانیان.

بە هیوای جێژنێکی پڕ لە خۆشی و تەبایی

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

رێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ / ٢٢ی رەزبەری ١٣٩٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی مەولوود

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی خاوەنکارەوە، پیرۆزبایی لە یارسانییەکان دەکا.

لە دەقی پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی جیژنی خاوەنکارەوە هاتووە:

خوشک و برا یارسانییەکان و پەیرەوانی ئایینی یاری!

بە بۆنەی جێژنی خاوەنکارەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوادارم ئەو جێژنەو هەموو جێژنەکانی دیکەی نەتەوەکەمان، رۆحی برایەتی و یەکگرتوویی نێو ریزەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەهێزو پتەوتر بکات.

هەرشادو سەرکەوتووبن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ - ١٠ی رەزبەری ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی جێژنی خاوەنکار لە پەیرەوانی ئایینی یاری دەکا

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی خاوەنکارەوە، پیرۆزبایی لە یارسانییەکان دەکا.

لە دەقی پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی جیژنی خاوەنکارەوە هاتووە:



سەرچاوە Serchawe

خوشک و برا یارسانییەکان و پەیڕەوانی ئایینی یاری!

بە بۆنەی جێژنی خاوەنکارەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوادارم ئەو جێژنەو هەموو جێژنەکانی دیکەی نەتەوەکەمان، ڕۆحی برایەتی و یەکگرتوویی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەهێزو پتەوتر بکات.

هەرشادو سەرکەوتووبن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ - ١٠ی ڕەزبەری ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە



بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە، بە ناوی خۆم و لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە،پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانانی جیهان بە گشتی و موسوڵمانانی کوردستان و ئێران بە تایبەتی، دەکەم. ئاواتم ئەوەیە ئەم بۆنە و جێژنە ئایینییە، لە کوردستان و سەرانسەری جیهان بە خۆشی و شادی بەڕێوە بچێت و جارێکی دیکە ببێتەوە هۆی تەبایی ریزە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکەمان و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی دانیشتووی کوردستان.

دووبارە جێژنتان پیرۆز

خالید عەزیزی
سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ - ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆکی فەلەستین



سەرۆکی دەوڵەتی فەلەستین، جەنابی مەحموود عەباس!

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،

پێم خۆشە لە لایەن خۆم و بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی بەرزبوونەوەی پلە و جێگە و پێگەی وڵاتەکەتان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی ئێوە و لە ڕێگای ئێوە پێشکەشی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین وسەرجەم خەڵکی خۆراگر و مەینەتچێشتووی وڵاتەکەتان بکەم.

نەتەوەی کورد بە گشتی، و گەلی کورد لە ئێران بە تایبەتی، کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، لە گەڵ هێرش و لەشکرکێشیی داگیرکەران و زەوتکەرانی مافە نەتەوەییەکانیان، بەرەوروو بوون و وەک نەتەوەیەک لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەش کراون، زۆر بە باشی هەست بە ئازار و تاڵییەکانی خەڵکی ئێوە دەکەن. بۆیە بەم سەرکەوتنە سیاسی ودیپلۆماتیکیە نوێیەی دەوڵەت و وڵاتی فەلەستین، کە لە گەڵ پشتیوانی و پێشوازیی جیهانی بەرەوروو بووە،

خۆشحاڵن. حیزبی دیموکراتی کوردستان، هیواداره مەوقعیەتی تازەی فەلەستین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، هاندەر و یارمەتیدەری ئیوە ودەولەت و خەلکی ئیسرائیل و کۆمەڵگەی جیهانی بێت بۆ ئەوەی دوو نەتەوە و دوو وڵاتی فەلەستین و ئیسرائیل،لە تەنیشت یەکتر لە سێبەری ئاشتییەکی دادپەروەرانەدا،بژین.

بە هیوای بەرەوپێشچوونی ئیرادەی پێکەوەژیانی بە ئاشتی ودادپەروەرانە لە ڕۆژهەلاتی نیوەراست و بە ئاواتی سەرکەوتنی زیاتر بۆ سەرجەم نەتەوە بندەست و دابەشکراوەکانی ناوچە.

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٢ - ١٢ی سەرماوەزی ١٣٩١

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشی بە بۆنەی مەرگی دووکەس لە قوربانییەکانی کارەساتی ئاگرکەوتنەوەی قوتابخانەی شیناوێ



چەند ڕۆژە خەڵکی کوردستان و لە گەڵ خەڵکی کوردستان دا هەموو ویژدانێکی ئاگادار لە ئێران و جیهان، نوقمی ماتەمی گوڵە هەڵپرووکاوەکانی ئاگر کەوتنەوەکەی قوتابخانەی کچانەی گوندی شێناوێی پیرانشارن.

نزیکەی حەوتوویەکە،هەمووماڼ بە بۆنەی ئەو کارەساتەوە تاساوین و لە دڵەوە ئارەزوو دەکەین، خونچە هەڵپرووزاوەکانی ئەم ئاگرە بێئەمانە، بگەڕێنەوە باوەشی ژیان.

ڕووداوی دڵتەزێنی ئاگرکەوتنەوە لە نێو نزیکەی ٤٠ قوتابیی پۆلی چواری سەرەتایی قوتابخانەی کچانەی گوندی شیناوێ، هەر لەو کاتە دا کە شەپۆلی ماتەم و نیگەرانیی لە نێو خەڵکی کوردستان و مرۆڤدۆستان لەدەرەوە و ژوورەوەی وڵاتدا بڵاو کردەوە، تووڕەیی و نارەزایەتیی بە حەقیشی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوکۆمەڵانی

خەڵک وچالاکانی مەدەنیی بوارە جۆراوجۆرەکانی نیوخۆی وڵات دا ورووژاندوە.

لە گەڵ هەموو ڕووداو و کارەساتێکی لەم چەشنە دا، جارێکی دیکە کەمتەرخەمی وبێموبالاتیی کۆماری ئیسلامی لە ئاست نەتەوە بندەستەکانی وڵات و لە پێشەوەی هەمووان خەڵکی کوردستان، خۆی دەردەخاتەوە. جارێکی دیکە ئاکامەکانی سیاسەتی هەڵاواردنی نەتەوەیی و تەرخانکردنی هەموو ئیمکاناتیک بۆ میلیتاریزەکردنی کوردستان و سەرکوتی گەلی کورد و لە بەرامبەر دا پشتگوێخستنی دابینکردنی سەرەتاییترین ستانداردەکانی خویندنگە و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگاوبان و هتد،بە زەقترین شێوە خۆیان پێشان دەدەنەوە. لە گەڵ هەر کارەساتێکی ئینسانی دا کە لە کوردستان و ناوچە بێبەشەکانی دیکەی ئێران ڕوو دەدەن، ئەم زەنگە لە ناخی هەر مرۆڤێکی تێگەیشتوو و خاوەن ویژدان دا دەزرینگێتەوە کە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، شایانی ئەو ژیانە پڕ لە نەهامەتی و بێبەشییە نین کە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێران، بە سەریان دا سەپاندوون.

بە بۆنەی ئەو کارەساتە خەمهێنەرە بە گشتی و بە تایبەتی مەرگی دڵتەزێنی دوو کیژۆڵەی قوتابی "سەیران یەگانە" و "ئیلهام ئیسماعیلپوور"، لە سووتاو و برینداەرکانی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی قوتابخانەی شیناوێ،

لە لایەن خۆم و تێکڕای ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، هاوخەمی و سەرەخۆشی بە خەڵکی شیناوێ و پیرانشار وهەموو خەڵکی کوردستان، ڕادەگەیەنم. بە وتەی پزیشکەکان، بە داخەوە هێشتا سێبەری مۆتەکەی مردن لە سەر هێندێک لە برینداەرکان لانەچووە. ئارەزوو دەکەم هەوڵ و ماندوو بوونی دلسۆزانەی پزیشکەکان و کادری دەرمانی، سەرجەم زیانپێگەیشتوانی ئەم کارەساتە لە مردن و نەقوستانی بگێڕێتەوە و بنەماڵەکانیان ودایکی نیشتمان بە چاکبوونەوە و گەڕانەوەی ئەم جگەرگۆشانە بۆ ژیانی ئاسایی،بگەشێنەوە.

داواش لە کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی و بە تایبەتی توێژە پێشڕەوکانی کۆمەڵ دەکەم ئەو هاوپیوەندی و یەکیەتییە نەتەوەیی و ئینسانییەی بە دوای ئەم کارەساتە دا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێک هاتوە، بپارێزن و شانبەشانی هاوخەمی و هاوپیوەندی و پشتگیریی بنەماڵەی قوربانییەکان، چالاکانە لە هەموو حەرەکەتێکی مەدەنی و هێمنانە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە دەسەڵاتداران و کاربەدەستان و دامودەزگاکانی ڕێژیمی نامەسئولی کۆماری ئیسلامی دا بەشدار بن. هەر لەم پێوەندییە دا پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بانگەوازی ڕاگەیاندنی ماتەمینی گشتی لە لایەن چالاکانی



سەرچاوە
Serchawe

مەدەنیی نێوخۆی ولاتەوە بۆ ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو(٢٣ی سەرماوەز) رادەگەیەنین.

سڵاو لە گیانی پاکی دووخونچەی وەریو،دوو کیژۆڵەی قوتابی سەیران یەگانە و "ئیلهام ئیسماعیلپوور"،
بە ئاواتی چاکبوونەوەی هەر چی زووتری سووتاو و برینداەکان،
ڕێز و ئافەرین بۆ یەکدڵی و یەکگرتوویی و هاوخەمیی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانەیان.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٢ - ٢١ی سەرماوەزی ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## لە پەیامیک دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان: بە هیوای چاکبوونەوەی هەر چی زووتری مام جەلال



زۆر بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!
لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،

ئێمەش وەک هەموو ئەو کەس و لایەنانە کە شارەزای مێژووی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی مام جەلال و ڕۆڵی مێژوویی ئەو

کەسایەتییە لە شۆڕشی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتیی عێراقدا هەن، بە هەواڵی نەخۆشیی مام جەلال نیگەران بووین. خۆشحاڵین کە سەرچاوە پزیشکییە پێوەندیدارەکان، باس لە جێگیر بوونی تەندروستیی مام جەلال و باشتر بوونی نەخۆشییەکەی دەکەن.

لەم ساتە دا لە لایەن خۆم و بە ناوی رێبەری و سەرجەم ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، هیوای چاکبوونەوەی هەر چی زووتر بۆ مام جەلال سەرکۆماری عێراق و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی دەخوازم.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٢ - ٢٩ی سەرماوەزی ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## ساڵی: ٢٠١٣

------------------------------------------------------------------------

### پەیامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی سالی نویی زایینی




بە بۆنەی ساڵی نوێی زایینی، وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم پێڕەوانی ئەو ئایینە لە کوردستان و ئێران، هیوادارم لە ساڵی

نوێی زایینیدا کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بە هەموو ئایینەکانەوە بە مافەکانی ئینسانی و دێموکراتیکی خۆیان بگەن.

ساڵێکی پڕ لە خۆشی و ئاشتی بۆ هەمو لایەک ئارەزو دەکەم.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١ی جانێویری ٢٠١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بۆ سەرکۆماری ئەمریکا بە بۆنەی دەست پێکردنی دەوری دووهەمی سەرکۆماریی ئەو وڵاتە



بەڕێز باراک ئۆباما، سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

سڵاو و ڕێز

بە بۆنەی دەست پێکردنی دەوری دووەمی سەرکۆماریی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پیرۆزبایت لێدەکەم.

جەنابی سەرکۆمار!

بەڕێزت لە قسەکانت دا لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی سەرکۆماری دا جارێکی دیکە پێداگریت لە سەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەهاکانی دێموکراسی کردەوە و ئاماژەت بەوە کرد پەرەپێدانی دیموکراسی لە جیهاندا بەشێکی بەرچاوی دەستوری

کارەکەتان پێک دێنێ. خەڵکی ئێران بە گشتی و بە تایبەت گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە دەیان ساڵە بۆ ئەو مافە سەرەتاییانە خەبات دەکەن، کە بە خۆشیێوە زیاتر لە سەدەیەکە لە وڵاتەکەی جەنابتدا چەسپاوە، سروشتییە چاوەڕوان بن کە لە هەوڵەکانی جەنابت لە پۆستی سەرکۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بێ بەهرە نەبن.

لەگەڵ ڕێز دا

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێویری ٢٠١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنی رەمەزانەوە



بە بۆنەی جێژنی رەمەزانی پیرۆزەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو هاونیشتمانانی بەڕێزو موسوڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەم. هیوادارم ئەو جێژنە ببێتە مایەی خێرو خۆشی و لێبوردەیی و هاوپێوەندیی هەرچی زیاتر لە نێوان هاونیشتمانانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا. لەم بۆنە پیرۆزەدا بە پێویستی دەزانم داوا لە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم، هەر وەک بۆنە نەتەوەیی و ئایینیەکانی دیکە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیان و پێشمەرگەکانی کوردستان لە بیر نەکەن و بەسەریان بکەنەوە.

**بە هیوای جێژنێکی پڕ لە شادی و تەبایی**

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان**

**ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣ - ١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٢**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە



**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەکانی کوردستان!**

**بە بۆنەی هاتنی جێژنی قوربان لەلایەن خۆم و ئەندامانی ڕێبەری و سەرجەم ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتەوە بەگەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەم. هیوادارم ئەو جێژنە و باقیی جێژن و بۆنە ئایینیو نەتەوەییەکان ببێتە مایەی تەبایی و خێرو خۆشیی کۆمەڵگەی کوردستان.**

**ئەو جێژنە ئایینیە دەرفەتێکە بۆ پتەوکردنی پێوەندیی نەتەوەیی و نواندنی هاوپێوەندیی مرۆڤانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا. هیوادارم لە ڕۆژانی جێژن دا بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕۆحی مرۆڤگەرایانەی ئایین و داب و نەریتی کۆنی کوردەواری و ڕۆحی نیشتمانپەروەری سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەکانی کوردستان**

بکەن.

چالاکانی سیاسی، تێکۆشەرانی بواری مافەکانی مرۆڤ!

جێژنی قوربان دەرفەتێکە کە لەودا داوای ئازادیی زیندانیانی سیاسی و بیرو باوەڕ بێننە گۆڕێ و لە دەوڵەتی تازە بخوازن کۆتایی بە زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی بێنێ و زەمینە خۆش بکرێ لەم جێژنەدا زیندانیانی سیاسی و بیروباوەڕ بگەڕێنەوە بۆ نێو ئامێزی بنەماڵەکانیان.

به هیوای جێژنێکی پڕ لە خۆشی و تەبایی

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ - ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٢

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد



سەرچاوە Serchawe

# پیرۆزبایی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیرەوانی ئاینی یاری بە بۆنەی جێژنی خاوەنکار



پیرۆزبایی جێژنی خاوەنکار!

بە بۆنەی هاتنی جێژنی خاونکار، جێژنی خۆشک و براکانی کوردی یارسانیمانەوە، پر بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

ئێوە کوردەکانی یارسانی کە هەڵگری کۆمەڵێک بنەماو بایەخی مێژوویی‌و نەتەوەیی گەلی کوردن، لە لایەکەوە وەک هەموو کوردێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆڵمتان لێ کراوە. لە لایەکی دیکەوە خاوەن ئایین‌و رێبازێکن کە لەگەڵ بنەماکانی ئایدیولۆژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناتەبایەو دانی پێدا نەندراوە.

بەم هۆیانەو زۆر هۆکاری دیکەشەوە، لە کار و بەشداری لە دامو دەزگاکانی دەوڵەتیش دوور خراونەتەوەو لێیان بێبەش کراون. بێحورمەتی بە خۆتان و بیر و باوەڕەکەتان دەکرێ‌و لە دوایین رووداوەکانیشدا نیشانتان دا کە دەتوانن بە شێوەی جۆراوجۆر بەرهەڵەستی دەسەڵاتداران ببنەوەو داوای مافە رەواکانتان بکەن. بێگومان یەکرێزی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەمو پێکهاتەو ئایین ئایینزاکانیەوە بە یارسان و شیعە و سوننە پێداویستێکی گرینکی کار و تێکۆشانی ئیمەی کوردە لە پێناو مسۆگەر کردنی ویست و داخوازێکانماندا.

جارێکی دیکەش پیرۆزبایی جێژنی خاوەنکارتان لێ دەکەم و رۆژ و رۆژگارێکی خۆشتان بۆ بە ئاوات دەخوازم .

خالید عەزیزی

رێکەوتی: ١٨ی نەڤەمبەری ٢٠١٣ - ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٢

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ سەرکۆماری ئەفریقای باشوور بە بۆنەی مەرگی نێلسۆن ماندێلا



بەڕێز جەنابی ژاکۆب زووما،

سەرکۆماری ئەفریقای باشوور و سەرۆکی ئای ئێن سی!

بە بۆنەی مەرگی نێلسۆن ماندیلا، لەلایەن سەرجەم ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە جەنابت، ڕێبەریو ئەندامانی ئای ئێن سی دەکەمو خۆمان بە بەشداری خەمی ئێوە دەزانین. نێلسۆن ماندیلا، تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و زیندانییە بە ناوبانگەکەکەی دژی ئاپارتایدو سەرکۆمارە مافپەروەرەکەی ئێوە لای ئێمە تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران کە ڕۆژانە لەگەڵ هەلاواردنو سیاسەتە دژی دیموکراتیکو سەرکوتکەرانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو دەبینەوە، زۆر جێگای ڕێزە.

جەنابی سەرکۆمار! لە پەراوێزی کۆنگرەی ئینترناسیۆنال لە مانگی سێپتامبری ساڵی ڕابردودا لە ئەفریقای باشوور، کاتێک باسی ساغی و سلامەتیی نێلسۆن ماندیلام لە جەنابت پرسی، لە وڵامدا گوتت، ماندیلا هەستێکی بە هێزی هاودەردی لەگەڵ ئێوە کوردەکانی هەیە و ئاواتی ڕزگاریی نەتەوەکەی ئێوەیە. هەر بەم بۆنەیەوە منیش هاودەردیی خۆم بە ئێوە ڕادەگەیەنم و هیوادارم ئێوەش وەک ڕێبوارانی ڕێگای ماندیلا بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد بە پەرۆش بن.

لەگەڵ ڕیزمدا:

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٣ - ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



سەرچاوە
Serchawe

# ساڵی: ٢٠١٤

---

## پەیامی نەورۆزیی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان




هاووڵاتانی خۆشەویست!

خوشکانو برایانی ئازیز!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

کەسو کاری زیندانیانی سیاسیو بنەماڵەی پێشمەرگەکان!

بە بۆنەی جەژنی نەورۆز دەسپێکی ساڵی تازەی کوردی پڕبەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم. هیوادارم هەموو لایەکمان بە یەکەوە بتوانین لە ساڵی داهاتوودا زەمینەو بەستێنێک دروست بکەین کە تاکی کوردی، بنەماڵەی کوردی، کۆمەڵگەی کوردیو نەتەوەی کورد بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیممەتو کاری هەموولایەکمان فورسەتو مەجالێکی باش بۆ نەورۆزەکانی داهاتوو دروست بکەینو بەوجۆرە بتوانین بە مافەکانی خۆمان بگەین. بۆ ئەوەی باشترو بە بەرچاو روونییەکی زۆرترەوە بتوانین ساڵی تازە دەست پێبکەینو ئەرک بۆخۆمان دیاری بکەین، ئاوڕدانەوەیەک بۆ یەک ساڵی رابردوو لەجێگای خۆی دایە.

لە یەک ساڵی رابردوودا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو وڵاتانەی کە کەمو زۆر مەوزوعی کوردیان هەیەو یا لە کوردستان نزیکن، ئاڵوگۆڕەکان بە خۆشییەوە ئەوەیان دەرخستوە کە هەر ئاڵوگۆڕێک لە داهاتوودا بێتە گۆڕێ، ناکرێ مەسەلەی کورد نادیدە بگرێو خودی کوردیش بە خۆشییە توانیویەتی ئەو مجالە بۆ خۆی پێک بێنێ کە لە مەوزووعەکاندا بێ تەفاوەت نەبێو بچێتە نێو کێشەکان، بۆیە لەو بابەتەوە جێگای هیوایە.

لە یەک ساڵی رابردوودا لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، سەرەڕای ساڵانێکی زۆر زوڵمو زۆری کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە چاوی ئەمنییەتی چاو لە کوردستان دەکا، بەڵام دیسانیش (دیتمان) لە ڕەوتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا، کۆمەڵگەی زیندووی نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکانی سیاسی، چالاکوانانی مەدەنی بە ژنو پیاوەوە سەرەڕای هەمووی ئەو فشارو زەختەی لە سەریانە، بە خۆشیەوە توانیویانە تا رادەیەکی زۆر لە بوارەکانی جۆراوجۆردا هێزو ئێنێرژییەکی باشو مناسب بە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەنو کۆمەڵگەیەکی زیندوو دروست بکەن. دڵنیام لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە کارو تێکۆشانو فەعالیەتی هەموو لایەک ئێمە دەتوانین لە ساڵی داهاتوودا مەجالێکی باشتر بۆ هێنانەگۆری ویستو داخوازەکانی نەتەوایەتیی خۆمان برەخسێنینو بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە بە چاوی ئەمنییەتی چاو لە کوردستان دەکا، مەجبوور بکەین لە بەرامبەر ویستو داواکانی ئێمە هەرئاوا بێ تەفاوەت نەبێ. زەمانێک ئێمە دەتوانین لە نێوخۆی ولات لە زیندوویەتیی کۆمەڵگەی خۆمان، لە زیندویەتیی خەڵکەکەی خۆمان، لە فیداکاریو ئامادەیی ئێوە کەڵک وەربگرین کە لە نێو ریزەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەموو لایەکمان یەکگرتوو بین. چونکە هەموو لایەکمان دەزانین کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی موتەنەوویعە، ئایینو ئایینزای جۆراوجۆری تێدا هەیە، زاراوەی جۆراوجۆری تێدا هەیە. زەمانێک کە هەمووی ئەو تەنەووعاتە یەکگرتوو بێ، لەسەر وەحدەتی نەتەوەیی دەتوانین وڵامی کۆماری ئیسلامیمان دابێتەوەو چیدیکە مەجال بە کۆماری ئیسلامی نەدەین کە ئێمە وەک نەتەوەیەک لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەحقیر بکا، بەڵکو بە یەکگرتوویی خۆمانو قۆستنەوەی مەجالو فورسەتەکانو ئیستفادە کردن لە هەمووی ئەم دەرفەتانە دەتوانین بە کۆمەڵگەی ئێران بلێین کە ئێمەی کورد بە دوای مافەکانی خۆمانەوەینو ئاوڕدانەوە لە مافەکانی ئێمە فورسەتێکە بۆ کۆمەڵگەی ئێران کە وردە وردە بەرەو دێموکراسی بچێ. هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا هەموو لایەکمان بە یەکەوە، ئەو خەڵکانەی کە غەیری کوردن لە ئێران، تێیان بگەیەنینو "متوجە"ی داخوازییەکانی خۆمانیان بکەیین، (بەڵکوو) بەوجۆرە لە
نێو خەڵکی غەیرە کوردیش دۆستانێکی زۆر بۆخۆمان پەیدا بکەین.

لە یەک ساڵی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی دا لە مەیدانە جۆراوجۆرەکان دا ویستو داواکانی ئێوە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەنێ. هەوڵی داوە بە نیسبەت بەهێزکردنو پشتیوانی کردن لە خەباتو چالاکیی ئێوە لە نێوخۆی ولات بێتەفاوەت نەبێو لەو مەیدانەدا پیشتوانی ئێوە بێ. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە ئێستا کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە مەشغوڵ کردنی دنیای دەرەوە بە کێشەی ئەتۆمی، مەسەلەی مافی مرۆڤ لە پەراوێز بخا، مەسەلەی ویستو داخوازییەکانی نەتەوایەتی ئێمە لە پەراوێز بخا، ئێمە هەڵمانداوە کە ئەو مەوزوعاتە لە جێگای خۆی بێنینە گۆڕێ.

خەباتو چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆ (و دەرەوەی ولات) چ لە ئاستی نهێنیو چ لە ئاستی ئاشکرا، هەمیشە پشتوانێک بووە بۆ چالاکیو فەعالیەتی ئێوە. هەمیشە هەوڵمان داوە لەم مەجالو دەرفەتانە کە ئیمکانی هەیە وبۆ ئێوە بگونجێ، فورسەت دروست بکەین. ئێمە لە ساڵی داهاتووشدا تێدەکۆشین بە بایەخو ئەهمییەتێکی زۆرەوە چاو لە کارو

تێکۆشانو چالاکیی ئێوە لە نێوخۆی وڵات بکەین. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە بەشی ڕاگەیاندنەوە هەیە ئێمە تێکۆشاوین بە ڕاگەیاندنی خۆمان چ بە فارسی چ بە کوردیو چ بە زمانەکانی دیکە بۆ جارێکی دیکە مەوزوعاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەینە نێو باسەکانی پێوەندیدار بە ئێرانو بیخەینە نێو باسەکانی پێوەندیدار بە قەزیەی کورد بە گشتییەوە.

هاووڵاتانی خۆشەویست! ئێمە لە حالێکدا کە دەبینین پارچەکانی دیکە بەخۆشیەوە کەمو زۆر مەوزوعاتیان لە گۆڕیدا هەیە، مەسەلەی کورد لە پارچەیەک لە ڕێگای گفتوگۆو وتوێژەوە بەرەو چارەسەر بوونە، لە پارچەیەکی دیکە بە تەواوی بەرەو جێبەجێ بوونە، لە پارچەیەک کە ئینکار ناکرێ بەڵام کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە هەموو هەوڵو تێکۆشانی دیپلۆماسیو میدیاییو ناوچەیی خۆی قەزیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێز بخا. ئەوە ئەرکی ئێمەیە، ئەرکی تاک تاکی چالاکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ژنان،لاوانو خوێندکاران لە هەموو مەیدانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێرانو هەموو کوردستانو هەر شوێنێک کە هەن کە کار بکەن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی کە قەزیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە وا بە ڕاحەتی لە پەراوێز نەخرێ. ئەوە ئەرکی ئێمەیە وەک حیزبە سیاسییەکان بە لێک نیزیک بوونەوە لە یەکتر، بە چارەسەرکردنی کێشەکانمان، بە هاوخەباتی، بە کۆدەنگی، بە یەک دەنگی، ئینرژییەکو وزەیەکی تازە لە ساڵی داهاتوودا بە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەین. بەو جورە قەزیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شوێنێک کە کۆماری کوردستانی تێدا لە دایک بوو، شوێنێک کە کوردایەتی بە شێوەیەکی زۆر مۆدێرنو موتەمەددین جێ کەوت، بێتەوە جێگای خۆیو بەم جۆرە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەینەوە نێو دەستووری کاری ڕۆژانەی خەڵکی ئێران، خەڵکی کوردستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ماس مێدیاو ڕاگەیەنە گشتییەکان و هەموو لایەک. لەو پێوەندیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەوڵی داوە گوفتمانێکو بۆچوونێکوسیاسەتێک بەرێتە پێشێ کە کۆمەک بە تەباییو یەکریزیو لێک نیزیک بوونەوەی هەمووی ئەوانە دەکا. ئێمە بەڵێنتان پێ دەدەین کە لە ساڵی نوێشدا هەر ئەو سیاسەتە دەبەینە پێشێ. لە ساڵی ڕابردوودا هەر وەکی هەموولایەکتان ئاگادارن بەخۆشیەوە دانیشتن بەینی دێموکراتەکان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، کارکردن بۆ یەکریزی لە نێوان دێموکراتەکانو یەکگرتنەوە،(درێژەی هەبوو). تا ئەو جێیەی پێوەندی بە حیزبی ئێمەوە هەیە لەسەر ویستو داخوازی ئێوە کە دەزانم زۆرتان پێخۆشە، کاری بۆ دەکەن،لە لەتبوونی حیزبی دێموکرات ناڕاحەتنو هەوڵ دەدەن حیزبی دێموکرات ببێتەوە بە حیزبێکی یەکگرتوو- ئێمە کارمان بۆ کردووە. هەر لەو پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندیی ئێمەو ئەندامانی ئێمە بە لەبەر چاوگرتنی بیرو بۆچوونی ئێوە، گەڵاڵەیەکی هێنایە گۆڕێ کە لەو گەڵالەیەدا لەسەر ئەساسی ئیعتراف بە یەکترو بە ڕووحی هاوبەش، پێشنیارمان کردوە لەگەڵ یەکتر کار بکەین، بە شێوەی تەوافوقی بەرەو کۆنگرێکی هاوبەش بچین، بەو جۆرە لە نێو ڕیزەکانی خۆماندا مەسەلەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانو وەسەریەک خستنەوەی دێموکراتەکان(دەبەینە پێشێ)، هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا کاری بۆ بکەینو ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی باش پچێتە پێش. حەتمەن لە داهاتوویەکی نیزیکدا دەقی گەڵاڵەکەی ئێمەو نێوەرۆکی گەڵاڵەکەی ئێمە، ئێوەش لێی ئاگادار دەبنەوە و ئێمەش هەروا چاوەڕوان دەکەین کە هەموو لایەک لەو پێوەندیەدا کار بکەن بۆئەوەی کە ئەم پرۆسەیە بە باشی پچێتە پێشێ.



سەرچاوە
Serchawe

خۆشکو برایانی ئازیز!

ئێمە لە کاتێکدا ساڵی تازەی کوردی دەستپێدەکەین کە ئاڵوگۆڕەکانی نێودەوڵەتی، ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، داهاتووی قەزیەی کورد، داهاتووی ئاڵوگۆر لە ئێران زۆر بە گەشبینییەوە چاو لێدەکەین. ئێمە پێمانوایە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لە موقابیل ویستو داخوازی کۆمەلانی خەلک( ئابووری،کۆمەلایەتی، سیاسی، فەرهەنگی)دا بە داخەوە ولامێکی نەبووە. هەرچەند ئاغای رووحانیو دەولەتەکەی بە جۆرێک قسە دەکەن کە بەرامبەر بە ویستو داخوازەکانی کۆمەلانی خەلک ئەو بەلێنانەی کە دابوویان، ئەو ئینتزاراتەی کە لەنێو کۆمەلگەی ئێرانو کوردستان دروستیان کردبوو بێ تەفاوەت نابن، ئەگەرچی تا ئێستا لەو پێوەندیەدا هەنگاوێکیان هەڵنەهێناوەتەوە،ئێمە هەروا چاوەڕوان دەکەین کە کۆمەلگەی ئێران بە گشتیو رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی هەوڵ بدەن، فشار بێنن، ویستو داخوازیەکانیان تەرح بکەن، لە مەجالەکان کەلک وەربگرن، لەسەر داواکانی خۆیان سووربن بۆ ئەوەی کە بەو داوایانە کۆمەلگەی ئێران متوجە بێو گوێی لێبێ، چ دەسەلاتدارانو چ ئەوانەی لە تەنیشت دەسەلات هەن، هەمیشە گوێیان لێبێ کە کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وەک نەتەوەیەک ویستو داخوازی خۆی هەیەو لە هیچ حالەتێک دا واز لە داخوازەکانی خۆی ناهێنێو خەباتو تێکۆشان لە پێناو جێبەجێ بوونی ئەو ویستو داخوازییانە بەردوام دەباتە پێشێ. بۆ ئەوەی کە ئەو گەشبینیو خۆشبینیە هەمووی جێ بکەوێو لە مەیداندا ، ببێت بە ئەمری واقع، بۆ جارێکی دیکەش پێویستی بە هاوخەباتیو هاودەنگی هەیە، پێویستی بە کارو تێکۆشان هەیە. بۆیە لە ساڵی داهاتوودا هەموو لایەکمان دەبێ ئەو ئینتزارەمان لە یەکتر هەبێ کە تەواوی کێشەکانی رابردوو وەلا بنێین، خاڵە ناخۆشییەکان وەلا بنێین، ئەو شوێنانەی کە هەڵەمان لێکردوە دەرسیان لێوەرگرین، ئەو شوێنانەی کە کەلکیان هەبووە، بۆ جارێکی دیکە سوودیان لێ وەرگرینو لەژێر رووناکایی ئەو ئاڵوگۆڕانەو دەرس وەرگرتنانەو ئەو تەجروبانە ساڵێکی باشو بە پیتو بەرەکەت، بە خێرو خۆشی بۆ هەموولایەک دەستپێبکەین کە لەو ساڵەدا بە هەموو لایەکمان بتوانین زەمینەیەکی باشتر بۆ هێنانەگۆری ویستو داخوازەکانمان جێبەجێ بکەین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە جەژنی نەورۆزتان هەر پیرۆزبێ. لە هەمووی لاوەکان بە کچو کوڕەوە، لە هەموو خەڵکی کوردستان (بەو هیوایە)کە بەهار بە خۆشیو شادی دەستپێ دەکەن. هیوادارم ئێمە لەو رۆژەدا بە لیباسی کوردییەوە لە رۆژانی یەکەمی نەورۆزو تەواوی ساڵ بە ئاهەنگی کوردیو تەئکید کردن لەسەر قسە کردن بە زمانی کوردی، ئەو زمانەی کە نەتەوەی ئێمەی پێ دەناسرێتەوەو شوناسی ئێمەیە، لەسەر ئەساسی وەحدەتی هەموو لایەک، ئەو ساڵە دەستپێ بکەینو وەکی ساڵانی پێشوو ئیدامە بدەین بە دەسکەوتێکی زیاترەوە. بۆیە بۆ جارێکی دیکەش پیرۆزبایتان لێدەکەمو بۆ هەموو لایەکتان داوای ساغیو سلامەتی دەکەمو هیوادارم نەورۆزێکی خۆشمان هەبێ و لەو ساڵینوێدا،هەموو لایەکمان خۆمان لە پێناو جێخستنی مافە نەتەوایەتییەکانمان ئەرکدار ببینین.



سەرچاوە
Serchawe

هەر ساغ و سلامەت بن .

ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پێزانینو سوپاسی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان




بەدوای کۆچی ناوەختی سەعیدی برام لە ڕووداوێکی دڵتەزێن دا، خەڵکی کوردستان بە گشتیو بە تایبەتی دانیشتووانی شارو گوندەکانی نەغەدە، شنۆ، ورمێ، مەهاباد، پیرانشار، سەردەشتو بۆکان بە بەشداربوون لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنو ئامادەبوون لە مەجلیسی پرسەو سەرەخۆشی دا، هەروەها دووراودوورو بە تەلەفۆن، ئەو پەڕی هاودەردیو هاوخەمیان لەگەڵ ئێمەو حیزبی دیموکراتی کوردستان، نواند.

لە هەرێمی کوردستانیش، سەرکردایەتیو نوێنەرایەتی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان، کاربەدەستانی حیزبیو حکوومی، کەسایەتیو چالاکانی بواری سیاسی، ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی، بە هاتن بۆ بنکەی دەفتەری سیاسیو سکرتاریای حیزبو بەشداریی ڕاستەوخۆ لە ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیدا، گەرمترین هاوخەمو هاودەردیتان لەگەڵ منو بنەماڵەکەمانو حیزبی دیموکراتی کوردستان نیشان دا.

دیارە ڕێبەریو سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتو بنەماڵەکانیانو هەڵسووڕاوانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە هەرێمی کوردستان، لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە دەرەوەی وڵات لەمن زیاتر خۆیان بە خاوەنی ئەم خەمو خەسارە زانیو لە هیچ هاودەردیو هاوخەمیو هاوکارییەک درێغیان نەکرد.

بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم لەلایەن خۆمو بنەماڵەکەمەوە پێزانینو سوپاسی گەرمی خۆمان بە هەموو ئەو کەسو لایەنانە ڕابگەیەنین کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، لە دوورو نزیکەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هاوخەمو هاوکارمان بوون. گومانی تێدا نییە کە هاودەردیی بەرینی ئێوە لەگەڵ بنەماڵەکەمان، قەدرزانیو ئەمەگێکە بۆ ئەو بنەماڵانەی کە لە ڕیزی نیشتمانپەروەران دان.

من و بنەماڵەکەمو حیزبی دیموکراتی کوردستان، شانازی بەو هاودەردیو هاوپێوەندییەتانەوە دەکەینو ئەم هاوخەمییەتان بەرز دەنرخێنین.

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٤ - ١ی بانەمەڕی ١٣٩٣**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

---

## بەیاننامە: لەبارەی نوێترین قسەکانی دوکتور ئیسماعیل بێشکچی لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



( بۆ ئاگاداریی بیروڕای گشتی و سەرجەم هێز و لایەن و تاکەکانی نەتەوەی کورد!)

لە چەند رۆژی ڕابردوو دا، دۆستی لەمێژینەو بەنرخی نەتەوەی کورد، دوکتور ئیسماعیل بێشکچی، چەند جار باسی لە سیاسەتو هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە پرسی کورد لەو وڵاتەو لە تەواوەتیی خۆی دا کرد. هەر لەم پێوەندییەش دا وێرای ئاماژە بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، د.قاسملووو د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە، داواکار بوو ڕۆلەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە ئاگاداری لە نێوەرۆکی دژە کوردی ئەم ڕێژیمە، هەڵوێستێکی یەکگرتووانەیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو کات بە چاوی ڕێزو ئەمەگناسییەوە، ڕوانین و هەڵوێستی بوێرانەی بەڕێز بێشکچیی بەرامبەر بە پرسی کوردو نەتەوەی کورد هەڵسەنگاندووەو بە پێزانینەوە ئاوڕی لەو چەرمەسەریو تێچووانە داوەتەوە کە ئەم کەسایەتییە گەورەیە لە سۆنگەی داکۆکی لە نەتەوەی کورد تووشیان بووە.

نوێترین لێدوانو پەیامی بێشکچی لە پێوەندی لە گەڵ سیاسەتی سەرکوتکەرانەو تێکەڵ بە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کورد وتیرۆری ڕێبەرانی خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بە هۆی ئەم ڕێژیمەوە، بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سوپاسو پیزانینی خۆمان لە ئاست هەلوێستو ڕوانگەکانی ئەم دۆستە بە نرخەی نەتەوەکەمان دووپات بکەینەوە. هەر لەو کاتە دا سەرنجی ڕۆلەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ لای پەیامی دڵسۆزانەو یەکیەتییخوازانەی بێشکچی ڕادەکیشینو پشتیوانیی خۆمان لە داوای بەڕێزیان لە بارەی پێویستیی یەکگرتوویی‌و یەکهەڵوێستیی نەتەوەی کورد لە ئاست سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕادەگەیەنین.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٤ / ١٤ی جۆزەردانی ١٣٩٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



سەرچاوە
Serchawe

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکایەتیی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نارد.



بۆ سەرۆکایەتیی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!

بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!
لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم!

بە بۆنەی پێکهاتنی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو دەستبەکاربوونەوەی ئێوەی بەڕێز لە پۆستی سەرۆک وەزیریدا، لە لایەن خۆمەوەو بە ناوی هەموو ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پربە دڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم. لە ڕێگای ئێوەشەوە پیرۆزبایی لە هەموو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەینو بۆ ئێوەو یەک بە یەکی ئەندامانی کابینەو حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بە گشتی سەرکەوتنو سەربەرزی لە ئەرکە پێسپێردراوەکانتان دا بە ئاوات دەخوازین.
کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان،لە هەلومەرجێکی هەستیاردا، شانازیی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی کوردستانی کەوتووەتە ئەستۆ. ئەوەی جێگای خۆشحاڵیو هیواداریيە، بنکەفراوانیی کابینەکەو هاوبەشیی هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی باشووری کوردستان لە حکوومەتو پارلمانی کوردستان داو پشتیوانیی بەرینی خەڵک لە کابینەی نوێیە. لە لایەکی دیکەوە بە خۆشییەوە شانسو ئاسۆی نوێ لە بەر دەم پرسی کورد بە گشتیو بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان دا هەن. هیوای ئێمە ئەوەیە کابینەی هەشتەم دڵگەرم بە پشتیوانیی یەکگرتووانەی خەڵکو سەرجەم لایەنە سیاسییەکانو پشت ئەستوور بە گیانی تەباییو هەستکردن بە بەرپرسیارەتیی ئەندامانی، لە جێبەجێکردنی ئەرکە پێسپێردراوەکانو وەدیهێنانی چاوەڕوانییەکانی پارلمانو خەڵکی کوردستان دا سەرکەوتوو بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی و بەخێرهاتنەوە بە بۆنەی گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان



بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی دۆستانە!

لە لایەن خۆمەوە و بە ناوی دەفتەری سیاسی و ڕێبەریی حیزب و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی سەرۆک مام جەلال بۆ کوردستان دەکەم. هەر لەم پێوەندییە دا لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی و چاوو دڵ ڕوونی لە ئێوە و بنەماڵە تێکۆشەرەکەی و سەرجەم هۆگرانو خۆشەویستانی مامی بەڕێز لە نێو یەکیەتیی نیشتمانی ، لە نێو نەتەوەی کوردو لە نێو خەڵکی عێراق دا دەکەین. هیوای منو هەموو هاوڕێیانم لە نێو ڕێبەریو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، سڵامەتیی ڕۆژبەڕۆژ زیاترو تەمەندرێژیی مام جەلالی خۆشەویستە. بەوهیوایەی گەڕانەوەی مام جەلال بۆ کوردستان، هاندەری تەباییو یەکگرتوویی خەڵکو هێزە سیاسییەکانی کوردستانو یارمەتیدەری چارەسەری هێمنانە و بە ئاشتیی قەیرانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندیو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بێت.

شەریکی شادی و خۆشیتانین.

خالید عەزیزی

سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١٤ - ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٩٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی بۆ ڕێزدار د.فواد مەعسووم سەرکۆماری نوێی عێراق



زۆر بەڕێز جەنابی د.فواد مەعسووم، سەرۆک کۆماری عێراق!
لە گەڵ ڕێزو سڵاوی گەرم!

خۆشحاڵم کە لە لایەن خۆمەوەو بە ناوی ڕێبەرایەتیو سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی هەڵبژێرانت بە سەرۆک کۆماری عیراق گەرمترین پیرۆزباییت پێشکەش بکەم.

جێی خۆیەتی هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو نوینەرانی خەڵکی کوردستان لە بەغداو پێکهاتەکانی دیکەی نێو پارلمانی عیراق بکەم کە سەرەڕای تەنگوچەڵەمە جۆراوجۆرەکان، توانیان سەرۆک کۆمارێکی نوێ بۆ عێراق،هەڵبژێرن. هیوادارین ئەم هەنگاوە سەرەتاو ڕێخۆشکەر بێت بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشە و ئاستەنگانەی لە لایەن دەولەتی ناوەندیی عیراقەوە بەرەورووی هەرێمی کوردستان کراونەوە.

ئێمە بۆ بەڕێزتان سەرکەوتن لە بەجێگەیاندنی ئەرکی قورسی سەرشانتان دا بە ئاوات دەخوازین. ئارەزووشمان ئەوەیە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دوو دەورە سەرکۆماریی بەڕێز مام جەلال بە تایبەتی نەریتی ڕێزگرتن لە جۆراوجۆرییەکانو داکۆکی لە مافەکانیان، یارمەتیدەری بەڕێزتان لە پێکەوەژیاندنی بە ئاشتیی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دا بێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

سکرتێری گشتی خالید عەزیزی

ڕێکەوتی: ٢٥ی جووڵای ٢٠١٤ - ٣ی گەلاوێژی ١٣٩٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانەوە



بە بۆنەی هاتنی جێژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە، لە لایەن خۆمو ڕێبەریو سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی موسوڵمانانی جیهان بە گشتیو کوردستانوئێران بە تایبەتی دەکەم.

ئەمساڵ لە کاتێک دا کۆتاییهاتنی مانگی ڕەمەزان دەکەینە جێژن،کە بە داخەوە دەیان هەزار ئاوارەی تازە بە ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان زیاد بوون. لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە خۆراوای کوردستانو لە بەشێکی باشووری کوردستان،لە سەنگەری وڵاتپارێزیو داکۆکی لە خەڵکی کوردستاندا بەرەورووی هەرەشەو هێرشی هێزێکی چەکداری توندڕەو وەستاونەوە کە بە ناوی دینو ئایینەوە خەڵک قەڵاچۆ دەکەن،شوێنە پیرۆزەکان دەرووخێننو دەیانەوێ تاریکترین سەردەم بە سەرمرۆڤی سەدەی ٢١ دا زاڵ بکەن. بە داخەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو ئێرانیش،هەر بە ناوی دینو ئایینەوە،سەرکوتو بێبەش هێشتنەوەی هاونیشتمانان لە سەرەتاییترین مافەکانیان،وەک سیو پێنج ساڵی ڕابردوو،درێژەی هەیە. بەڵام جێگای خۆشحاڵییە کە تێگەیشتنو خوێندنەوەی خەڵکی کوردستان لە پەیامی ئایینی ئیسلام،لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە تاقمو دەسەڵاتانە جیاوازە. لە خۆڕا نییە کە وێکهەڵکردنی پەیڕەوانی دینو ئایینە جۆراوجۆرەکان لە هەموو

بەشەکانی کوردستان، کەمترین کێشەی تێدایە. ئەوەش کە جێژنو بۆنە ئایینییەکانی وەک ڕەمەزانو قوربانو مەولوود، لەلایەن خەلکی کوردستانەوە بۆ پەرەپێدانی چاکەو ئێحسان،ئاوڕدانەوە لە لێقەوماوانو نوێکردنەوەو بە هێزکردنی پیوەندییە ئینسانیو کۆمەڵایەتییەکان دەقۆزرێتەوە،لەو حاڵیبوونو تێگەیشتنە باشەوە سەرچاوە دەگرێ.

هیوادارم ئەمجاریش،جێژنی ڕەمەزان ببێتەوە هاندەری لێکنزیکبوونەوەی دڵەکانو، گیانی وێکهەڵکردنو پشتی یەکترگرتن لە بەرامبەردەستدرێژی، ستەمو زۆرداریو نەهامەتی،لە نێو خەڵکی کوردستانو وڵاتانی ئیسلامی دا، بە هێز بکا.

دووبارە پیرۆزبایی جێژنی ڕەمەزانتان لێ دەکەم.

خالید عەزیزی

سکرتیری گشتیی

حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٨ی جوولای ٢٠١٤ - ٦ی گەلاوێژی ١٣٩٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەڕیز ئۆردوغان بە بۆنەی هەڵبژێرانی بە سەرکۆماری تورکیا



بەڕێز جەنابی رەجەب تەییب ئۆردوغان!

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،

بە بۆنەی هەڵبژێرانتان بە سەرکۆماری خەڵکی تورکیە، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هاوکات بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی پرۆسەی هەڵبژاردن، پیرۆزبایی لە خەڵکی وڵاتەکەتان بە کورد و تورک و هەموو پێکهاتەکانی دیکەوە، دەکەین.

حیزبی ئێمە،رۆڵی حیزبی دادو گەشەپیدانو بەتایبەتی رۆڵی بەڕێزتان لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی تورکیا لە پرۆسەی چارەسەری بە ئاشتیی پرسی کورد لەو وڵاتەدا، بەرز دەنرخێنێ. هەربە سەرنجدان بەو راستییەشە کە هەڵبژێرانی ئەمجارەتان بە سەرۆک کۆمار،بە رووداوێکی گرنگ لە رەوتی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیەو پێکهاتنی گۆرانی ئەرێنی لە سیاسەتی ئەو وڵاتە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و پرسی کورد بە گشتیدا، دەزانین. ئێستا کە بەڕێزتان لەمەودوا بە دەسەڵات و ئیختیاراتێکی زیاتر لە سەرکۆمارەکانی پێشوو، وڵاتی تورکیە بەڕێوە دەبەن، هیوای ئێمەو هەموو خوازیارانی چارەسەری بە ئاشتیانەی پرسی کورد ئەوەیە هەنگاوی ئازایانەترو گەورەتر بۆچارەسەری پرسی لە مێژینەی کورد لە تورکیە هەڵ بگرن.

ئاواتمان ئەوەیە لە سەردەمی سەرکۆماریی بەڕێزتاندا،دوو نەتەوەی کوردو تورک لە تورکیە،قۆناغێکی نوێ لە پێکەوە ژیان و تەبایی و ئاشتی دەست پێ بکەن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



سەرچاوە Serchawe

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربان



بە بۆنەی هاتنەوەی جێژنی قوربان، پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانان بە گشتی و موسوڵمانانی کوردستان بە تایبەتی دەکەم و هیوام ئەوەیە لەم هەلومەرجە هەستیارە دا کە هەموو پارچەکانی کوردستان پێی دا تێپەڕ دەبن، جێژنی قوربان بۆنەیەک بێ بۆ بە هێزبوونەوەی هاودڵی و هاوپێوەندیی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بۆ سەرکەوتن بە سەر ئەو شەڕ و نەهامەتی و کێشانەی بەرەورووویان بووەتەوە. جێژنتان پیرۆز و ژیانتان پڕ لە سەربەرزی و سەرکەوتن بێت.

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی مەولوود



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی مەولوود، جێژنی لە دایکبوونی حەزرەتی محەممەد پەیامێکی ڕوو بە موسوڵمانان بڵاو کردەوە.

لەو پەیامەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بە ئاماژە بەوەی کە پەیامی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، پەیامی ئاشتی، تەبایی، یەکسانیو خۆشەویستییە، دەڵێ هیوادارم ئەو بۆنەیە هاندەری ڕووحی بەیەکەوە ژیانو لێبوردنو ئاشتیی نێوان گەلانو ئایینەکانی کۆمەڵگا بێ.

ئەوە دەقی پەیامی کاک خالید عەزیزی بەو بۆنەیەیە:

بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی محەممەد لە هەموو موسوڵمانان بە گشتیو موسوڵمانەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەتی پیرۆزبایی دەکەمو هیوادارم ئەو بۆنەیە هاندەری ڕووحی بەیەکەوە ژیانو لێبوردنو ئاشتیی نێوان گەلانو ئایینەکانی کۆمەڵگا بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## سەرەخۆشیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاک حەمەی حاجی مەحموود



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی شەهیدبوونی عەتای حاجی مەحموود، کوڕی کاک حەمەی حاجی مەحموود لەبەرەکانی شەڕ دژی داعشدا سەرەخۆشیی لە بەڕێزیان کردوە.

دەقی نامەی سەرەخۆشیی کاک خالید عەزیزی لە کاک حەمەی حاجی مەحموود

برای بەڕێز کاک حەمەی حاجی مەحموود!

لەگەڵ ڕێزو سڵاوی گەرم،

هەواڵی شەهید بوونی کاک عەتا، کورە گەورەی بەڕێزتان و ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست دێموکراتی کوردستان، لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان دا، بووە مایەی خەم و بەداخبوونی هەمووولایەکمان.

دیارە دەزانین بۆ بەڕێزتان و بنەماڵەکەتان کە ڕابردوویەکی دوور و درێژتان لە خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان دا هەیە، هەر وەها بۆ هەموو تێکۆشەرێکی کورد گیانبەخشینی لە پێناوی ئازادی و سەربەرزیی نەتەوەکەمان دا، جێگای شانازییە.

بەبۆنەی شەهید بوونی کاک عەتای کورتان کە ئێستا ئیدی بووە بە شەهیدی هەموو نەتەوەی کورد، لە لایەن خۆم و هاورێیانم لە ڕێبەری و هەموو ئاستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، گەرمترین سەرەخۆشی و هاودەردی پێشکەشی خۆت و بنەماڵەکەتان و حیزبی سۆسیالیست دێموکراتی کوردستان دەکەم.

بە هیوای تێک شکانی تیرۆریستان و سەرجەم دوژمنانی ئازادی و رزگاری نەتەوەکەمان.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٧ی نوامبەری ٢٠١٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی



بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی بە هەموو مەسیحییەکانی ئێران بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەڵێم.

هیوادارم ساڵی ٢٠١٥ی زایینی ساڵی ئاشتیو برایەتیو پێکەوەژیانی سەرجەم پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٣١ی دێسامبری ٢٠١٤ - ١٠ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

# ساڵی: ٢٠١٥

-----------------------------------------------------------

## پەیامی هاوخەمیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ فرانسوا ئۆلاند، سەرۆک کۆماری فەرانسە



بەڕێز فرانسوا ئۆلاند، سەرۆک کۆماری فەرانسە

هەواڵی هێرشی تێرۆریستان لە پاریس و گیان لەدەستدانو برینداری بوونی ژمارەیەک خەڵکی بێ تاوان هەموو ئێمەی خەمبار کرد.

ئێمەی کوردی ئێران بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی، کە دەیان ساڵە کەوتوینەتە بەر هێرشی تێرۆریزمو تەنانەت ڕێبەرانیشمان بوونەتە قوربانی ئەو دیاردە دژە مرۆڤایەتییە، باش لە قووڵایی ئەو برینو کارەساتە تێدەگەین کە لە سەر دڵی ئێوە قورسایی دەکا، بۆیەش هاوخەمی و هاودەردیی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتو خەڵکی فەرانسە دەردەبڕین.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢ی جانێویری ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بەبۆنەی جێژنی مەولوود



بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی محەممەد پیرۆزبایی بە هەموو موسوڵمانان بە گشتیو موسوڵمانەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەڵێم. پەیامی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، پەیامی ئاشتی، دادپەروەری، تەبایی، یەکسانیو خۆشەویستییەو، هەر بۆیەش هیوادارم ئەو بۆنەیە هاندەری ڕووحی بەیەکەوە ژیانو لێبوردنو ئاشتیی نێوان گەلانو هەموو پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ڕێکەوتی: ١٠ی جانێویری ٢٠١٥ - ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان



بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی ڕەمەزان لە قوڵایی دڵەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەت خوشکو برا موسوڵمانەکان دەکەم. هیوادارم کە ئەو جێژنە ببێتە هۆی هاودڵیو هاوپێوەندیی زیاتری کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ یەکتر.

لەو بۆنەیەدا جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە پەیامی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام؛ ئاشتی، دادپەروەری، هاودڵیو پێکەوەژیان بە تەبایيو خۆشەویستییە. بەو هیوایەی ئەو بۆنە ئاینییە زیاتر هاندەری ڕوحی لێبوردییو ئاشتیی نێوان پێکهاتە ئاینییە جۆراوجۆرەکانی کوردستانو پشتگیریی ئەوان لە یەکتری بێ.

جێژنتان پیرۆزو ژیانتان پڕ شادیو سەرفەرازی بێ.

**خالید عەزیزی**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

ڕێکەوتی: ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی - ١٧ی جوولای ٢٠١٥

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## پەیامی سپاسو پێزانینی خالید عەزیزی بەبۆنەی هاوخەمیی خەڵک لە پرسەو سەرەخۆشیی باوکیدا



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک سپاسو پێزانینی خۆی سەبارەت بە هاوخەمیی بەرینی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکی دەربڕیوە.

دەقی پەیامی سپاسو پێزانینی خالید عەزیزی بەبۆنەی مەرگی مام ڕەحمان عەزیزی

لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا کە هەوالی کۆچی دوایی بابم، ڕەحمان عەزیزی ناسراو بە "ڕەحمان هەمزەیی" بڵاو بۆوە. شەپۆلێک لە هاودەردیو هاوخەمی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو دەرەوەی وڵات ڕووی لە منو بنەماڵەکەم کرد.

لە شاری نەغەدە لە مزگەوتی "ئەمیر حوسینی" لەماوەی دوو ڕۆژ پرسەگیران خەڵکی بە وفاو دڵسۆزی کوردایەتیو ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەتی ناوچەکانی شنۆو نەغەدەو پیرانشار بە بەشداریی خۆیان لە سەرەخۆشیو ماتەمینیی لەدەستدانی بابمان، خەمیان لەسەر بنەماڵەو کەسوکارم سووک کرد. لە هەمان کاتدا لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژدا بە ئامادەبوونی کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی ڕێبەریو بنەماڵەکانیانو نوێنەرانی حیزبو لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوخەمیان لەگەڵ من کرد و لە ڕێورەسمی سەرەخۆشیەکەدا بەشداربوون و ئەو بەشدارییە بەربەرینە نیشانی وەفایە بۆ کەسێک کە لە هەلومەرجی دژوار دا وەک ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکڕات کارو چالاکی سیاسی و تەشکیلاتی بووەو لە هەمان حاڵدا بۆ منو بنەماڵەکەشم بوو بە مایەی دڵگەرمی زیاترو ڕەواندنەوەی تەمی خەمو پەژارەی لە دەستدانی باوکم.

بە پێویستی دەزانم لە ڕێگەی ئەو نووسراوەیەوە سوپاس و قەدرزانی خۆم پێشکەشی هەموو ئەوانە بکەم کە لە ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانو هەموو ئەو کەسانەش کە نەیانتوانیبووە ڕاستەوخۆ بەشداری ڕێورەسمەکە بن؛ بەڵام لە ڕێگای ئیمێل و تەلەفوونو نامەو پەیامەوە هاودەردیو هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ منو بنەماڵەکەم دەربڕیوەو بوونە هۆی سەبووری زیاتری ئێمەو؛ خەمی لەدەست دانی باوکمیان لەگەڵ بەش کردووین.

بەحورمەتەوە خالید عەزیزی

ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥ - ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جێرمی کۆربین



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوای هەڵبژاردنی جێرمی کۆربین بە سەرۆکایەتیی حیزبی کارگەری بریتانیا پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ ناردوە.

ئەوەی خوارەوە دەقی ئەو پەیامەیە

دۆست و برای خۆشەویستم کاک جێرمی کۆربین!

لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایتان لێ دەکەم بەبۆنەی هەلبژاردنتان بە سەرۆکی حیزبی کارگەری بریتانیا.
هیوادارم کە حیزبی کارگەر لەژێر ڕێبەری جەنابتاندا نەخش و ڕۆلی باشتر بگێڕێ لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بەگشتیو مافی دێموکراتیکی نەتەوەکانی دیکەو کوردستانی ئێران بەتایبەتی.

داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لە ڕۆل و بەرپرسایەتی تازەتاندا.

لەگەل ڕێزمدا

خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی قوربان




بە بۆنەی هاتنەوەی جێژنی قوربان، پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی خوشکو برا موسوڵمانەکان دەکەمو هیواخوازم جێژنی قوربان و هەموو جێژنە ئاینیە جیاوازەکانی کوردستان ببنە هۆکارێک بۆ ئاشتیو تەبایی لە نێو خەڵکی کوردستاندا.

ئەو ساڵ لە حاڵێکدا نەتەوەی کورد لە کوردستانی بەشبەش کراودا جێژنی قوربان دەگرێ کە بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی بە هۆی شەڕو ئاژاوەی حکومەتە خۆسەپێنەکانو تاقمو گروپی بناژۆخوازی ئاینی بە ئاقارێکی گەلێک ناخۆشو دڵتەزێنو گەلێکجار تیراژدیدا تێپەر دەبێو هەتا ئێستای لەگەڵ دابێ گەلی کورد بۆ وەدەست خستنەوەی مافو ئازادیەکانی خۆی هەر قوربانی بە رۆڵەکانی دەدا.

هیواخوازم نەتەوەی کورد بە گشتی و کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی بە هەوڵ و هیمەتی هەموو لایانە بتوانین ئاشتیو ئارامیو تەباییو یەکڕیزی لەنێو ماڵی کورددا دەستبەر بکەین.

بۆ جارێکی دیکە پیرۆزبایی جێژنی قوربان لە هەموو خوشک و برا موسوڵمانەکان لە رۆژهەلاتی کوردستان دەکەم.

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

خالید عەزیزی

ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٥ / ١ی ڕەزبەری ٩٤ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

# پەیامی هاودەردیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ دەوڵەتو گەلی فەڕانسە سەبارەت بە هێرشە تێرۆریستییەکانی پاریس



بەڕێز فرانسوا هۆلاند سەرۆک کۆماری فەڕانسە!

جەنابی سەرۆک!

بەناوی خۆمو هاوڕێیانم لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە سەبارەت بە هێرشە تێرۆریستییەکانی ئێوارەی ١٣ ی نۆڤامبری ٢٠١٥ لە پاریس و "سەن دۆنی" کە کوژرانو برینداربوونی سەدان هاووڵاتیی سیڤیلی ئێوەی لێ کەوتەوە، هاوخەمیتان لەگەڵ دەکەینو لەو کاتو ساتە سەختو ناخۆشەدا کە گەلو حکومەتی فەڕانسەی پێدا تێدەپەڕن، خۆمان بە پشتیوانتان دەزانین.

ئەوە یەکەم جار نیە کە گەلی فەڕانسە بەهۆی مۆدێلێک لە ئیدەئالە دێموکراتیکو شارستانییەکان کە بە جیهانی نیشان دەداو، بەهۆی خەباتی شێلگیرانەی بەدژی توندڕەویو تاریکپەرستی بەم شێوە دڕندانەیە هێرشی دەکرێتە سەر.

ئێمە وەک کوردو وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە هەم خۆمان بە دۆستی ئێوە دەزانینو هەم زۆر جار بۆخۆشمان بووینەتە قوربانیی تێرۆریزم، زۆر باش هەست بە ئازاری ئەو بەربەرییە دەکەین کە دوێنێ لە پاریس ئەنجام دراوە.

بەو هیوایە کە ئێوە لەو تاقیکردنەوە قورسە نوێیەدا سەربەرزو سەرکەتوو بێنە دەرو ئێوەو هاوپەیمانانتان شێلگیرتر لە جاران بەرەورووی ڕیشەکانی تێرۆریزمو توندڕەوی ببنەوە.

جارێکی دیکە، جەنابی سەرۆک، هاوخەمی و هاوپێوەندیمان قبووڵ بکەن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## سپاسنامەی سکرتێری گشتیی حدک بۆ لوئیس ئەیالا لە پێوەندی لەگەڵ وەرگیرانی حیزب وەک ئەندامی ئەسلیی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیت



بەڕێز ئاغای لوویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست!

لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم.

وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی ئەسڵیی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە کۆبوونەوەی ٢٧و ٢٨ی نوڤابری ٢٠١٥ی شووڕای ئەم ڕێکخراوەدا لە شاری لواندا، بوو بە مایەی خۆشحاڵیو دڵگەرمیی منو ئەندامانی ڕێبەریو تێکڕای ئەندامانی حیزبەکەمان.

گومان لەوەدا نیە کە ئەو ڕووداوە ئەگەر بەشێکی بەرهەمی خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانەو پێوەندیی گەرمو لەمێژینەی ئەم حیزبە دەگەڵ ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستە، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵو تەقەلاو هاوکاریی دۆستانەو هاوڕێیانەی جەنابت.

بۆیە بە پێویستی دەزانم لە لایەن خۆم و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، وێڕای پێزانینو قەدرزانی لە هاوکارییەکانی جەنابت، دڵنیاتان بکەم کە وەرگیرانی حیزبی دێموکڕات بە ئەندامی تەواوهەقی ئەنتەر ناسیۆنالی سۆسیالیست هەم دەبێتە مایەی دڵگەرمی بۆ تێکۆشەرانی حیزبو هەم پێوەندیی حیزبەکەمانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەڵ ئەنتەرنالی سۆسیالیستو خەبات لە پێناوی بایەخەکانیدا چالاکتر دەکا.

هەر وەک بەڕێزت لە قسەکانت لەم کۆبوونەوەیە دا بە دروستی ئاماژەت پێ دابوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژساڵە لە پێناوی بایەخەکانی وەک ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی،دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤدا، خەبات دەکا و نرخ و تێچووی گەورەی لەو ڕێگایەدا بەخت کردوون. بە دڵنیایی، وەرگیرانیشی بە ئەندامی ئەسڵیی ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە جیهانیيە، زیاتر هاندەری ئەم حیزبە و تێکۆشەرانی بۆ خەبات لە پێناوی بایەخو ئامانجە هاوبەشە جیهانییەکاندا دەبێ.

جەنابی سکرتێری گشتی!

حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ڕێزەوە دەڕوانێتە بایەخدانی ئێوە بە پرسی ڕەوای کورد و پشتیوانیتان لە بەرزبوونەوەی جێگە و پێگەی ئەم حیزبە لە ئەنترناسیۆنالی سوسیالیستدا. بە پێویستی دەزانین هەر لە ڕێگای بەڕێزتانەوە، پێزانینی خۆمان بە هەموو ئەو دۆستانەش ڕابگەیەنین کە لەم پێوەندییە دا هاوکارو ڕێخۆشکەر بوون.

لە گەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزتان و هاوکارانتان لە بەرەوپێشبردنی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستدا.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٤ی دێسەمبەری ٢٠١٥ - ١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی مەولوود



بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی مەلوود، یادی لە دایکبوونی حەزرەتی محەممەد ( د. خ) پیرۆزبایی بە هەموو موسوڵمانی ئێرانو کوردستان دەڵێم.

بەو هیوایەی ئەو جێژنە ئایینییە ببێتە هۆی لێکنیزیکیی دڵەکانو ڕەوینەوەی دووبەرەکیو ناتەبایی لە کۆمەڵگای کوردستاندا. هەروەها ببێتە هاندان بۆ چەسپانی بایەخە بەرزە مرۆیییەکانی وەک ئاشتی، تەباییو دادپەروەری، یەکسانیو هاودڵی.

بەو هیوایەی بە سەرکەوتنی هێزە دێموکڕاتو پێشکەوتنخوازەکان لە ئاڵوگۆڕە هەستیارەکانی ناوچەکەداو شکانی تێرۆریستانو نەیارانی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانو ناوچە، تەباییو ئارامی باڵ بەسەر ناوچەکەو بە تایبەت کوردستاندا بکێشێو؛ جێژنی مەلوودیش هاندەری ڕووحی بەیەکەوە ژیانو ئاشتیی نێوان هەموو پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٥ - ٢ی بەفرانباری ٩٤ی هەتاوی

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی ٢٠١۶




بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران بەتایبەت کورد و ئێرانیی‌یەکان لەو وڵاتانە دەکەم کە سەری ساڵی زایینی جێژن دەگرن و هیوادارم کە ساڵی نوێیان ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشی و دوورلە شەڕ و نەهامەتیی بێت.

ساڵی ٢٠١٥ لە حاڵێکدا بە جێ دەهێڵین و پێ دەنینە ساڵێکی تازە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی نەتەوەی کورد لەچوارپارچەی کوردستان وێڕای گەلانی ناوچەکە گەلێک ئەزموونی تاڵیان بەڕێ کرد . هیوادارم ساڵی نوێی زایینی ٢٠١٦ساڵێکی پڕ خێر و بەرەکەت بێت و هەموو خەباتکارانینەتەوەی کوردبە تێکۆشانی زیاتر ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە مافە نەتەوەیی و ئینسانیەکانی گەلەکەمان لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان نزیکتر ببینەوە.

خالد عەزیزی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان

٣١ی دیسەمبەری ٢٠١٥ - ١٠ی بەفرانباری ١٣٩٤

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

# ساڵی: ٢٠١٦

-----------------------------------------------------------------

## پەیامی سەرەخۆشیی کاک خالید عەزیزی لە مام جەلال بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ جەنگی تاڵەبانی



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بۆ مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە کۆچی دوایی شێخ جەنگی سەرەخۆشیی لە بەڕێزیان کردوە.

دەقی پەیامی کاک خالید عەزیزی:

برای گەورەو بەڕێزم، جەنابی مام جەلال؛ سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!
لەگەڵ سڵاوێکی گەرم!

لە دەستچوونی برای گەورەمان کاک شێخ جەنگی خەسارێکی گەورە بۆ ئێوە و ئێمە و بنەماڵە بەڕێزەکەتان و شاری کۆیە بە گشتی بوو. وێڕای دەربڕینی داخو کەسەر لەو خەسارە گەورەیە پڕ بە دڵ سەرەخۆشی لە ئێوەو لە ڕێگای ئێوەوە لە یەک یەکی ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکەتان دەکەم.

بۆ ئێوە تەمەنی درێژ و لەشساغی و بۆ خوالێخۆشبوو باوەشی لوتفو بەزەیی خوا بە ئاوات دەخوازم. ڕووحی شادو جێگای بەهەشتی بەرین بێو ئێوەش هەر ساغو سلامەت بن.

به حورمەتی دووبارە

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

٠٦/ ٠٢/ ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریویری ٢٠١٦

## پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

وێڕای سڵاوی هاوڕێیانە!

پەیامەکەتان بۆ کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەبوانی کۆنگرە و سەرجەم خوازیارانی یەکبوون و یەکگرتنی ناو ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت دڵسۆزان و خەمخۆرانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتی خۆشحاڵ کرد.

لەم هەلومەرجەدا کە بە سەرنجدان بە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە، کورد زیاتر لە هەر کات پێویستیی بە ڕێکخستنی هێزی خۆیەتی، لە دۆخێکدا کە کوردستانی ئێران لە لایەن زیاتر لە یەک لایەنەوە کەوتۆتە بەر تەوژمی پشتگوێ خستن، ئەرکی

ئێمەیە کە نەهێڵین لە پەراوێز بخرێ و پێویستە یارمەتی بکەین کە لە سەر هێڵی دروستی سەرکەوتن، بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەنگاو بنێ. بە داخەوە ناکۆکی و لەتبوون و ناتەباییەکانی چەند ساڵی رابردووی حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێک کە ٧٠ ساڵە باری قورسی خەبات لە پێناو گەیشتنی گەلی کورد بە ماف و ئازادیەکانی هەڵگرتوە، زیانی زۆری بە بەرژەوەندیەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان گەیاندوە. وەک لە پەیامی ئێوەشدا هاتوە، دوژمنانی کوردو لە سەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاترین قازانجی لەم ناکۆکی و لەتبوونی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات چنیوەتەوە.

بە سەرنجدان بەو راستیانەیە کە گوتاری یەکگرتنخوازی، هەردەم گوتاری بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو کۆنگرەکانی خۆیدا و دوا جار لە کۆنگرەی ١٦ش دا جەختی لە سەر پێویستیی یەکگرتنەوەی حیزب کردەوە. یەکگرتنەوەیەک کە هەموو لایەکمان هەست بە براوەیی بکەین و لە دوارۆژی یەکگرتنەوەشدا هەموومان حیزبەکە بە هی خۆمان و خۆمان بە خاوەنی ئەم حیزبە بزانین.

لەو راستایە دایە کە ئێمە پەیامەکەی ئێوە بە پەیامێکی ئەرێنی دەبینین. پێشمان وایە یارمەتی بە لێک نیزیک بوونەوەی زیاتری دوو لایەن دەکا. کۆنگرەش رێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی ١٦ی راسپاردەوە هەوڵی خۆی بۆ یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات درێژە پێ بدا. وەک چۆن لە پەیامەکەی ئێوەشدا هاتووە، هیوا دەخوازین بە یەکەوە بۆ سەر لە نوێ بە دەستهێنانەوەی یەکیەتیی ریزەکانی حیزبی دێموکرات زیاتر لە جاران هاوکار و هاوهەنگاو بین.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٣ی فێبریویری ٢٠١٦

## پەیامی نەورۆزیی خالید عەزیزی ، سکرتێری گیشتی حیزبی دێموکراتی کورستان



هاووڵاتیانی خۆشەویست!

خەڵکی تێکۆشەر و ماندوویی نەناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ئەندامان و پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بە بۆنەی نەورۆز، نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ لە هەموو لایەکتان پیرۆزبایی دەکەم و هیوادارم ساڵی تازە بە دەرس وەرگرتن و ئەزموون وەرگرتن لە ساڵی پێشوو و ساڵانی رابردوو، بە بەشداری و هیمەت و تێکۆشانی هەموو لایەکمان ساڵێکی پڕ نەتیجە بێ بۆ نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەمووی ئێمە وەک تاک و بنەماڵەی هەموو لایەک. بۆیە من بۆ جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هەروەها هیوادارم هەموو لایەکتان لەشساغ بن و هیوادارم هەموولایەکمان بەیەکەوە بەرەوپیری نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ بڕۆین.

ئێمە سەرەڕای زۆر نەهامەتی و ناخۆشی کە بەسەرمان هاتووە، بەڵام هەمیشە نەورۆزمان کە مێژوویەکی کۆنی کوردەواریە، جێژن گرتوەو نەورۆزمان کردوە بە مەیدانێک بۆ دەربڕینی خۆمان و بۆ جێخستنی خواست و داخوازەکانی نەتەوایەتی خۆمان و، بۆ ئەوە کە نیشان بدەین ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، سەرەڕای زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی هەرگیز کۆڵ نادەین و بە خۆشیەکانی خۆمان هیوابەخش دەبین بۆ خۆشی زۆرتر بۆ نەوەی داهاتوو.

هەروەها جێگای خۆیەتی بە بۆنەی یەک ساڵ لە خەبات و تێکۆشان و هەوڵی هەموو لایەکمان، ماندوونەبوونی لە ئێوە بکەم؛ لە تێکۆشەرانی سیاسی، مەدەنی، هەمووی ئێوە کە لە بواری جۆراوجۆردا لە نێوخۆی وڵات سەرەڕای زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی تەحەممولی کۆڵێک موشکیلاتتان کردوە، بەڵام هەوڵتان داوە بە حەق لە هەموو فورسەتەکان کەڵک وەرگرن بۆ ئەوەی کە لە هەر گۆشەیەک و لە هەر جێگایەک فورسەت دێتە گۆڕێ، لە پێناو مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان و مافەکانی سیاسی و دێموکراتیکی خۆمان کەڵکیان لێ وەربگرن.

ئێمە لە حیزبی دێموکرات زۆر بە بایەخەوە دەڕوانینە ئەوە و، پێمان وایە نەتەوەیەک کە ئاوا بە شێوازی جۆراوجۆر و بە شێوەی فرەڕەهەندی هەم شاخی هەیە و هەم مەیدانی دیپلۆماسی هەیە و هەم خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتی هەیە و لە هەموو بوارەکان کەڵک وەردەگرێ، نەتەوەیەکی زیندوو و سەریحاڵە و، ئێمە ئیفتخار و شانازی دەکەین بە زیندوویی و سەریحاڵ بوونی ئێوە لە نێوخۆی وڵات و، دڵنیام لە نەتیجەی خەبات و تێکۆشانی ئێوەدا کۆماری ئیسلامی هەرگیز ناتوانێ ئەو پیلانەی خۆی جێبەجێ بکا کە دەیهەوێ قەزییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کوردستانی ئێران) لە پەراوێز بخا. یەک ساڵ خەبات و تێکۆشان لە ساڵی ڕابردوودا ئەوەی درخست.

جێگای خۆیەتی هەموو لایەکمان بۆخۆمان و بۆ یەکتر ئەرک و وەزیفە دابنێین. حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزبی دێموکرات لە ژێر رووناکایی خەباتی فرەڕەهەندیدا تێدەکۆشن لە ساڵی داهاتووشدا ئەرک و وەزیفەی خۆیان بە جێبگەیێنن. ئەرک و وەزیفەی ئێمە زەمانێک نەتیجە دەدات کە هەموومان بە یەکەوە بە وەحدەتی میللی، جیاواز لەوەی کە ئێمە ئایینی جۆراوجۆرمان هەیە، زاراوەی جۆراوجۆرمان هەیە، ناوچەی جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام دەبێ لە بیرمان بێ زەمانێک بەهێز و بەقەوەتین کە ئێمە وەک یەک نەتەوە، نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بینەیە. وەک یەک نەتەوە وەک نەتەوەی کورد سەرەرای هەموو ئەو جیاوازیانە یەک خواست و ویستمان هەبێ ئەویش جێخستنی مافەکانی خۆمانە، کار کردن بۆ مافەکانی خۆمان.

لەو پیناوەدا بێگومان مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی قوتابخانەکان، فەعالینی سیاسی، فەعالینی مەدەنی، ژینگە پارێزان، هونەرمەندان، فەعالینی ئەدەبی، فەعالینی هونەری هەروەها فەعالینی دیفاع لە مافی مرۆڤ، بە گشتی سەرجەم تێکۆشەرانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، بە ژن و بە پیاو، بە لاو، بەخوێندکاران لە هەر شوێنێک هەن، ئەرک و وەزیفەمان هەیە. دڵنیام ئێمە هەموومان بە یەکەوە ئەو ئەرک و وەزیفانە کە بۆ یەکتری دادەنێین و بە یەکەوە بۆخۆمانی دادەنێین لە ئیدامەی خۆی دا، دەتوانین کاری زۆرتریش بکەین.

هەڵبژاردنی رابردوو دەریخست هەموو ئەو جیاوازی و تەنەوعاتی سیاسی کە لە کوردستاندا هەمانە، لە پیناو و لە خزمەت بەهێزکردنی ماف و داواکانی خۆمانە. بۆیە هیوادارم لە داهاتووش دا ئێمە ئەوە بکەین بە مەبنا، بیکەین بە بنەما کە هەرگیز بەرامبەر بەو شتانەی لە دەور و بەری خۆمان تێپەر دەبێ بێتەفاوت نەبین. هەوڵدانی ئێمە و جێخستنی لانیکەمی مافەکانمان، بۆخۆی دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ شتی باشتر لە داهاتوودا.

هەروەها ئەرک دەخرێتە سەر شۆرای شارەکان، سەر نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران کە لەوێ نوێنەرایەتی ناوچەکانی خۆیان دەکەن، ئاوردانەوەیەکیان لە ناوچەکەی خۆیان هەبێ، ئەگەر ئەوان لەوێ هەن، لە نەتیجەی دەنگی خەڵکی ناوچەکانی خۆیان لەوێ هەن. سەرەڕای تەعەهوداتی ناوچەیی، تەعەهوداتی میللیشیان هەیە، تەعەهوداتی میللی ئەوان ئەوەیە کە دیفاع لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بکەن.

هەروەها جێگای خۆیەتی بەبۆنەی نەورۆز و ساڵی تازە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ جارێکی دیکە داوا لە هەموو لایەک بکەین کە یەکریزی و وەحدەتی میللی خۆیان بپارێزن. وەحدەت و یەکریزی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا، ئەوەی کە هەموو ئوستانە کوردنشینەکان بەیەکەوە کۆدەبنەوە و لەسەر ویست و داخوازەکانیان بە قەناعەت و تەوافوق دەگەن، دەتوانێ سیگناڵێکی باش بێ و، ئادرسێکی بە قوەت بدەین بە هەموو ئەوانەی لە تاران بە شێوازی خۆیان سەیری مەسەلەی

کورد دەکەن. ئەگەر ئێمە نەتوانین بە هەموو مافەکانیشمان بگەین، لانی کەم دەتوانین پێیان بڵێین ئێمە یەک نەتەوەین، لەسەر داواکانی خۆمان یەکگرتووین و لە سەر داواکانی خۆمان بەردەوام دەچینە پێشێ.

ئێمە لە کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب بەولاوە، جیاواز لەوە کە لە سەر زۆر بابەت ساغ بوونەوەمان بوە و هەوڵ دەدەین بە خەباتێکی فرەڕەهەندی و هەمەلایەنە تێبکۆشین هەموو تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات و ئەو تێکۆشەرانەی کە لە هەرێمی کوردستانیشن، بەشداری پرۆژەی جێخستنی مافەکانی خۆمان بین، لە تەنیشت ئەوەش دا مەسەلەی ڕێفراندۆم واتە ڕاپرسیمان هێنایە گۆڕێ. ڕاپرسی بۆ کوردستانی ئێران یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان ڕێفراندۆم ئەوەیە ئیمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ئەو مافە بۆخۆمان بێڵینەوە و هەم بە ئێرانییەکان چ ئەوانەی دۆستمانن و چ ئەوانەی باش لە قەزییەی ئیمە تێناگەن و چ ئەوانەی لێی تێدەگەن، بەڵام گوێمان نادەنێ بڵێین کە لە ماوەی نزیک بە سی و حەوت ساڵ خەبات و تێکۆشان دا هەموو شێوازێکمان لە دژی حکومەتی مەرکەزی ئێستا و تەنانەت حکومەتی پێشووش لە رابردوودا بە تاقیکردۆتەوە.

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەمووی ئەو ویست و داخوازیانەی خۆمان بە شێوازی موختەلیف کە هێناومانە و حکومەتە مەرکەزییەکان جواب نادەنەوە بە نەتیجە نەگەن، خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران حەقی خۆیەتی ئەو مافە بۆخۆی بێڵێتەوە، کە لە چوارچێوەی مەیدانی نێودەوڵەتیش دا قەبووڵ کراو ئیعترافی پێکراوە شتێکی ئینسانی و قانوونییە، موراجعە بە رەئی خەڵکەکەی خۆی بکا، ریفراندوم بکا، ڕاپرسی بکا، ریفراندوم کردن و ڕاپرسی واتا راگرتنی ئەو ئیدەیە لە نێو خەڵک دا ئەو حەقە بۆ ئیمە دێڵێتەوە هەر زەمانیک فورسەتێکی باش بۆ ئیمە هەڵکەوت ئێمەش بتوانین لەسەر چارەنووسی خۆمان تەسمیم بگرین، لە هەمان کاتیش دا سیگناڵێکی جیددیە بۆ ئەو لایانەی کە تەوجوە بە مافەکانی ئێمە ناکەن کە کورد لە کوردستانی ئێران دەتوانێ فکر لە ڕێگاچارەی دیکەش بکاتەوە. دڵنیام ئێمە بە هیمەتی هەموو لایەکمان دەتوانین ئەو ئیدەیە، ئەو پرۆژەیە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بێنینیە پێشێ.

یەکێک لە ڕێگاکانی خۆشویستنی خاک و نیشتمان و وڵات ئەوەیە کە وڵات بە پاک و خاوێنی رابگرین، پاک و خاوێنی وڵات فەزایەکی باش دروست دەکا بۆ فکرکردنەوەیەکی خۆش. ئێستا کە ئێوە بەرەو نەورۆز و بەهارێکی خۆش دەچن، لەو تەبیعەت و سروشتە کەڵک وەردەگرن و تێیدادەبن، هیوادارم تەبیعەت و سروشت زۆر پاک و خاوێن ڕابگرن، بۆیە لێرە ئەرکی فەعالینی ژینگە پارێزە کە هەر نەمامێک کە دەیچێنن وا فکر بکەنەوە کە ئەو نەمامانە لە داهاتوودا دەبن بە دارێکی بەقوەت و بەر و بۆمیان بۆ نەوەکانی داهاتوو دەبێ. ژینگەیەک کە پاک و خاوێن بێ، دڵنیام فکری باش و ڕێک و پێکیشی تێدا جێ دەکەوێ.

بۆیە هیوادارم هەموولایەکمان بە خۆشی‌یەوە بەرەو نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ بڕۆین و هەموو لایەکمان بە دەربڕینی خۆشی و نەورۆزی کوردەواری، بە لیباسی کوردەواری و بە ئاهەنگ و هەروەها گۆرانی کوردی، بە دەوری یەک بوون لە هەموو ئوستانەکانی کوردنشین، تەنانەت لە نێو کوردەکانی تاران و خوراسانیش بۆ جارێکی دیکە نیشان بدەین ئێمە رۆڵەی میللەتێکین کە سەرەڕای هەموو خۆشی وناخۆشی‌یەکانی، تێدەکۆشێ لە رۆژە خۆشەکاندا پەیامی نەتەوایەتی خۆی بگەیەنێ و تێدەکۆشێ لە رۆژی نەورۆز و خۆشی‌یەکانی دەور و بەری نەورۆز، لەسەر وەحدەت و یەکریزی خۆی هەر ئاوا بەردەوام بێ.

بۆجارێکی دیکە نەورۆزتان پیرۆز و هەروەها هیوادارم هەموولایەکمان بە ساغی و سڵامەتی بەرەو پیری نەورۆز بچین و لە رۆژی نەورۆز و رۆژەکانی نەورۆز و بەهاردا وەحدەت و یەکریزی خۆمان بەقوەت بکەین، ناخۆشی‌یەکان بسپێرین بە ساڵی ڕابردوو، دڵەکان بە کراوەیی بێڵینەوە بۆ ئەوەی کە هەموو لایەکمان یەکترمان خۆش بوێ. وەحدەت و یەکگرتوویی ئێمە زامنی سەرکەوتوویی ئێمەیە.

هەر ساغ و سڵامەت بن و هیوادارم هەموولایەکمان هەر بەرەو پێش بچین. دڵنیام داهاتوو هی ئێمەیە. نەتەوەیەک کە لانیکەم لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات دا حەفتا ساڵ کۆڵی نەدابێ، هەموو ئەو خۆشی و ناخۆشی‌یانەی تێپەڕ کردبێ، هیوادارم لە داهاتوودا لاپەرەی زۆر خۆش بەیەکەوە بکەینەوە و هیوادارم ئێمە بە مافەکانی خۆمان بگەین و دڵنیام ئێمە کۆڵ نادەین، ئێوە کۆڵ نادەن و هەموو لایەکمان بەردەوام دەبین لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١٦

## پەیامی سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی سمایلاغای ئێلخانیزادەوە



برای بەڕێزم کاک عومەر ئێلخانیزادە!

لە گەڵ ڕێزو سڵاوی گەرم

بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان حاجی سمایلاغای ئێلخانیزادە، لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشیتان لێ دەکەمو خۆم بە هاوخەمتان دەزانم. لە ڕێگای بەڕێزیشتانەوە سەرەخۆشیی خۆمو ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەشی هەموو کچو کوڕەکانی ڕەوانشاد حاجی سمایلاغاو تێکڕای کەسوکارو ئازیزانتان دەکەم.

حاجی سمایلاغا، ڕاستە بۆ ئێوە باوکو گەورەی بنەماڵە بوو، بەڵام بە هۆی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەربوونیەوە، بە تایبەتی بە هۆی بەڕێوەبردنی پۆستی وەزارەت لە کابینەی دەوڵەتی جمهووریی کوردستانداو وەفاداریو شانازیکردنی بەو ڕابردووەوە، جێگای ڕێزو خۆشەویستی هەموو لایەکمان بوو. هەر بۆیە بە ماڵاوایی یەکجارییشی ماتەمبار بووین.

ئەگەر چی حاجی سمایلاغا وەدیهاتنی ئەو هیواو ئاواتانەی نەدیت کە زیاتر لە سی چارەگە چەرخ لە گەڵیان ژیابوو، بەڵام دڵنیام بە بەردەوامی هەموو لایەکمان لە سەر تێکۆشانو خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەمان لە بندەستی، سەرئەنجام ئاواتەکانی دێتە دی.

جارێکی دیکە هاوخەمیی خۆم لە گەڵ بەڕێزتان دووپات دەکەمەوە.

خالید عەزیزی

حیزبی دیموکراتی کوردستان

٣ / ٣ / ١٣٩٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠١٦

## نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ئەلکساندر واندێبێلن، سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی وڵاتی ئوتریش:





سەرچاوە
Serchawe

بەڕێز: ئەلکساندر واندێبێلن!

وێڕای سڵاو و ڕێز!

بە بۆنەی هەڵبژێرانت بە سەرکۆماری ئۆتریش پیرۆزباییت لێدەکەم، بەڕێزتان لە وڵاتێک متمانەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکت پێدراوە کە نزیک بە ٢٧ساڵ پێش ئێستا لە ڕێکەوتی ١٣ / ٧ / ١٩٨٩ د. قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڤییەن بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا.

بەڕێز واندێبێلن، د.قاسملوو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردی ئێران لە ڕێگای وتوویژ، وڵاتەکەی جەنابتی بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرد. بەڵام بەداخەوە پەیامی ئاشتیی دوکتور قاسملوو بە گوللەی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی وڵامی درایەوە و کاربەدەستانی ئەو کاتی ئۆتریش نەتەنیا تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییان ڕەوانەی ئێران کردەوە، بگرە هەرگیز نەیانهێشت کە دەزگای دادوەریی ئۆتریش بەدواداچوون بۆ ئەو پەروەندەیە بکا.

ئەگەر لە کاتی خۆیدا لێپرسینەوەو بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکەی ڤییەن کرابا، بێ گومان کۆماری ئیسلامی وابە ئاسانی نەیدەتوانی تیرۆری میکۆنووس لە بێرلینو دەیان تیرۆری دیکە لە ئورووپاو وڵاتانی دیکەدا بکا.

بەڕێز ئەلکساندر واندێبێلن، بۆ ئێمەی کوردی ئێران و حیزبی دێموکرات ئەم کەیسە دانەخراوە و هەرگیز تەواو نەبووە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییە لە جەنابەت هەیە کە بەدواداچوون و لێپرسینەوە لەو ڕووداوە دڵتەزێنە بکەی.

بە حورمەتەوە

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٥/ ٥/ ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠١٦

## نامەی سکرتێری گشتیی حدک بۆ ناوەندە جیهانیی‌ەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی کەبودوەندda



بەڕێزان!

بان کی مون، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!

شورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی!

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ!

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پاڕلمانی ئورووپا!

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ!

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور!

کۆڕو کۆمەڵە جیهانیی‌ەکانی دیکەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ!

محەممەد سدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ لە ئێران کە لە ڕۆژی ٨/ ٥/ ٢٠١٦ی زایینی‌یەوە مانی لە خواردن گرتوە، بەهۆی کۆمەڵە نەخۆشییەک کە لە ماوەی ٩ ساڵ بەندکرانی لە زینداندا تووشی هاتوە، لە بارودۆخێکی زۆر خراپی جەستەیی‌دا لە نەخۆشخانە کەوتووە و گیانی لە مەترسی دایە.

محەممەد سدیق کەبودوەند بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە وەزعییەتی بەندکرانی لە زینداندا مانی لە خواردن گرتوەو ڕایگەیاندوە مانگرنەکەی تا وەلامدانەوەی بەرپرسانی زیندانو دەزگای قەزایی بە داواکەی درێژەی دەبێ.

بەڕێزان!

محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "پیام مردم"و ئەندامی دامەزرێنەری "ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" ڕۆژی ٣٠/ ٦ / ٢٠٠٧ بە بڕیاری وەزارەتی ئیتلاعات دەسبەسەرو زیندانی کرا. ئەو لە دادگایەکی ناعادڵانەدا بەهۆی "دامەزراندنو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان"و چالاکییەکانی دیکەی لە بواری مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسیدا سەرجەم سزای ١٠ ساڵو ٦ مانگ زیندانیی بەسەردا سەپا. ئەو هەروەها بە تاوانی پێوەندیگرتن بە ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤو پێوەندیی ڕاستەوخۆو نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ بەڕێز کۆفی عەنان، سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو، وتوویژ لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان سزای یەک ساڵ زیندانیی دیکەی بەسەردا سەپاوە.

محەممەد سدیق کەبودوەند هەروەها لە زینداندا لەلایەن ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، " Human Rights Watch"ەوە خەلاتی هێلمەنی ئەو ڕێکخراوەیەی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دراوەتێ؛ هەمان ساڵ لە ڕێوڕەسمی خەلاتی چاپەمەنییەکانی بریتانیادا، خەلاتی "ڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتیی ساڵ" بە کەبودوەند دراوە. کەبودوەند لە هەموو ساڵانی هەڵسووڕانیدا لە پێناو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا تێکۆشاوەو قوربانیی داوە.

بەڕێزان!

محەممەد سدیق کەبودوەند، چالاکو هەڵسووڕێکی بەندکراوی کورد لە بواری مافی مرۆڤە. لە ئێران تێچووی چالاکیی سیاسیو مەدەنیو هەڵسووڕان لە بواری مافی مرۆڤ بۆ چالاکانی کورد زۆر قورستر لە چالاکانی ئەو بوارە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانە. ئەوە وایکردوە کە کەبودوەند لە ماوەی زیاتر لە ٩ ساڵ بەندکرانیدا لە زۆربەی هەرە زۆری مافی زیندانییەک بێبەش بێ.

ئەو لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەدا تەنیا یەکجار، ئەویش دوای مانگرتنێکی درێژماوە بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕەکەی کە نەخۆشییەکی زۆر سەختی هەبوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ مەرەخەسی دراوەتێ. لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەشدا کە لە بەندیدا بووە، تووشی زۆر نەخۆشی هاتووەو ئەوەش هەم مانەوە لە زیندانی بۆ ناوبراو سەخت کردوە، هەم ئێستا کە مانی لە خواردن گرتوە، بە قسەی پزیشکان ئەو نەخۆشییانە مەترسیی مردنیان لەسەر ناوبراو دروست کردوە.

بۆیە داوا لە هەموو ئێوە بەڕێزان دەکەم بە هانای ئەو چالاکەی مافی مرۆڤەوە بچنو بە فشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بوار بۆ پێڕاگەیشتنو چارەسەری پزیشکی بۆ کەبودوەند، وڵامدانەوە بە داواکەیو ئازادکردنی لە زینداندا خۆش بکەن.

لەگەڵ ڕێز

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٣٠/ ٥/ ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠١٦

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی کۆنگرەی ٧ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان



بەڕێز مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین!

لەگەڵ ڕێز و سڵاو!

بەبۆنەی کۆتایی کۆنگرەی ٧ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و هەڵبژێرانەوەی جەنابتان وەک ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بە ناوی خۆم و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی گرتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەکەتان لێدەکەم.

لە ڕێگای ئێوەشەوە پیرۆزبایی بە هەموو ئەندامانی کۆنگرەکەتان دەڵێم و بۆ ئێوە و یەک بە یەکی ئەندامی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتیی حیزبەکەتان سەرکەوتن لە ئەرکەکانتان بە ئاوات دەخوازم.

کۆنگرەی ٧ی ئێوە لە هەلومەرجێکی زۆر ناسک و هەستیاردا بەسترا. هیوادارم لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستادا بە هاوکاریی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و پشت ئەستوور بە گیانی تەبایی و یەکگرتوویی، لە پێناو سەرخستنی پرسی کورد لە باشووری کوردستان تێبکۆشن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢ / ٦/ ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٦

## پەیامی کاک خالید عەزیزی، بەبۆنەی ڕاگرتنی مانگرتنی کەبودوەند



چالاکانی سیاسی و مەدەنی

خەمخۆرانی مافی مرۆڤ

هاوڕێیانی تێکۆشەر

زیاتر لە یەک مانگ مانگرتنی کاک محەممەدسەدیق کەبوودوەند سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەرانبەر بە بڕیاری ناعادڵانەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆمەڵێک هەڵوێست و چالاکی و پشتگیری و پشتیوانی لە داخوازییەکانی ناوبراو و سەرجەم بەندکراوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا. کوردستانیان و خەمخۆرانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان و وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان، بوونە دەنگی کپکراوی

کەبوودوەندو دیکەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکانی ئێران، تەنانەت لە دوو وڵاتی ئاڵمان و نۆرویژ کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و هاوڕێیانی حیزبیمان مانیان لە خواردن گرتووە.

هەروەک ڕاگەیەندراوە، ئەمڕۆ کاک محەممەدسەدیق کەبوودوەند لەسەر ئەو قەول و بەڵێنییانەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بێبەریبوون لەو تۆمەتە هەڵبەستراوانەی کە دراوەتە پاڵی، پێیان داوە، مانگرتنەکەی هەتا دڵنیابوون لە بەڵێنییەکان، بە شێوەیەکی کاتی شکاندووە. هەر بۆیە، وێڕای سپاس و پێزانین لە سەرجەم چالاکانی سیاسیی و مەدەنی و مانگرتوو کە لەو ماوەدا ئەرکی کوردانە و مرۆڤدۆستانەی خۆیان بەجێ گەیاندووە، داوا دەکەم کە چالاکانی سیاسی و هاوڕێیانی حیزبیشمان لە وڵاتانی نۆرویژ و ئاڵمان هاوکات لەگەڵ کاک محەممەدسەدیق کەبوودوەند، مانگرتنەکەی خۆیان بشکێنن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢١ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠١٦

## پەیامی پیرۆزبایی کاک خالید عەزیزی بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی ڕەمەزان



بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی پیرۆزی ڕەمەزان لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی بە هەموو خەڵکی کوردستان، بە تایبەت خوشکو برا موسوڵمانەکانم دەڵێم. هەر لە قووڵایی دڵەوە ئاواتەخوازم کە ئەو جێژنە ببێتە هۆی هاودڵیو هاوپێوەندیی زیاتری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ یەکتری.

جێژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ لە حاڵێکدا پێکەوە دەکەینەوە کە کەشێکی پڕ لە داڵغەو نائارامی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوەو، خەڵکی کوردستان ئێستاش بۆ دەسخستنی مافەکانیان لە خەباتو تێکۆشانێکی سەختو دژوار دان. سەرکەوتن لەو خەباتەش لە گرەوی یەکڕیزیو هاوپێوەندیی هەموو هێزە دێموکڕاتو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان دایە.

هەر بۆیەش هیوادارم کە جێژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ زیاتر هاندەری ڕوحی لێبوردییو ئاشتیی نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و یەکیەتیی بەکردەوەی ئەوان لە پێناو سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٦

## پەیامی هاوخەمیی کاک خالید عەزیزی بۆ فرانسوا هۆلاند لە پێوەندی لەگەڵ هێرشە تێرۆریستییەکەی شاری " نیس"دا



بەڕێز فرانسوا هۆلاند، سەرۆک کۆماری فەڕانسە!

ڕووداوی هێرشە تێرۆریستییەکەی ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی ژوئییە لە "نیس" کە بەداخەوە کوژرانو بریندارბوونی زیاتر لە ٨٠ کەسی لێکەوتەوە، لە ناخی دڵەوە ئێمەی هەژاند.

وڵاتی فەڕانسە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوە چەندەمین جارە کە هێرشی تێرۆریستیی دەکرێتە سەر، هۆکاری سەرەکیی ئەوەش بۆ خەباتی شێلگیری خەڵک و دەوڵەتی فەڕانسە بە دژی تێرۆریسم و؛ تێکۆشان لە پێناو بەها مرۆییەکاندا دەگەڕێتەوە.

جەنابی سەرۆک کۆمار!

ئێمەش وەک کورد لە ئێران و وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گەلێ جار بوویەنیە قوربانیی دەستی ڕەشی تێرۆر و، دوو ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبەکەمان لە سەر مێزی وتووێژ و لە کاتی دانوستان لەسەر دێموکڕاسی و چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بەڕێگەی ئاشتییانە، لە دوو کردەوەی تێرۆریستیدا لە دەست دا؛ بۆیە باش هەست بەو برین و ژانە دەکەین کە ئێستا لەسەر دڵی ئێوە قورسایی دەکەن.

بەڕێز فرانسوا هۆلاند!

لەلایەن خۆم و هاوڕێیانم لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لە قووڵایی دڵەوە هاوخەمیتان لەگەڵ دەکەین، هەر وەک هەمیشەش خۆمان بە پشتیوان و هاوخەباتی ئێوە لە شەڕ بە دژی تێرۆریسم دەزانین. هیوادارین ئێوە و گەلی فەڕانسە لەو ئەزموونە نوێیە تاڵەشدا وەک جاران بە سەرکەوتوویی بێنە دەرێ و وەک هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی بەرەی جیهانیی خەبات لە دژی تێرۆردا بمێننەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

خالید عەزیزی

١٥/٧/٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٦

## پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ١٢ی ئاگۆست، ڕۆژی جیهانی لاوان.




سەرچاوە Serchawe

لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان

کچان و کوڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی لاوان پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوادارم لەم ڕۆژە جیهانییە دا بتوانن پەیامی ویست و داخوازییەکانتان بگەیەننە کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان و خواست و داخوازییەکانتان هەم بۆ توێژی لاو ، هەم بۆ کورد وەک مافەکانی و هەم بۆ کۆمەڵگا وەک دێموکراسی، لە گۆڕەپانی گەورەی نێودەوڵەتیدا ببیسرێ و کاری بۆ بکرێت.

لەسەردەمێکدا کە سەردەمی بەجیهانی بوونە، دیاری کرانی ڕۆژێکی جیهانی بۆ لاوان لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان بەو واتایە دێت کە لاوان بە تەبیعەتی تەمەنیان چالاکن و هێزێکی کاریگەرن لە گۆڕانکارییەکان و ئەمەش دەسکەوتێکە بۆ چالاکی لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە لاوان لە مافەکانیان بێ بەشن، ئەو ڕۆژە دەرفەتێکە کە بە چالاکی و تێکۆشان پەیامی خەباتی خۆیان بگەیەنن بە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی.

لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی، غائیب نەبوە لە بەشداری لاوان، سەردەمی کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان و پێشەوای حیزبی دێموکرات بە ڕێزەوە بیری لە داهاتووی لاوان دەکردەوە و لەسەردەمێکدا کە بیری عەشیرەیی زاڵ بوو و کۆمەڵگا زۆربەی بێ سەواد بوون، پێشەوا قازی زۆر وردبینانە لە فکری پەروەردەکردنی لاوان دابوو بۆ داهاتووی کۆمەڵ و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. هەر لەسەر ئەو بنەما فکری و فەلسەفییەی پێشەوا قازی یەکیەتیی لاوان کەوتە ناو جەریانی خەباتی حیزبی دێموکرات و هەر ئەمەش بوو بە هۆکار کە چارەنووسی سیاسی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵات یەکیەتیی لاوانیشی گرتەوە، هەر بۆیەش بیرۆکەی سیاسی یەکیەتیی لاوان و هێنانە گۆڕی پەیام بۆ داهاتووشیان بێ ڕەبت نییە بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات. تەنانەت یەکیەتیی لاوان لەسەردەمی بەرگری چەکدارانەی حیزبی دێموکرات کە هێزی پێشمەرگە بە شێوەی نیزامی دیفاعی لە کوردستان و نەتەوەی کورد و ویست و داخوازییەکانیان دەکرد،

ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە ریزی هێزی پێشمەرگەدا هەوڵیان داوە لاوان بە رێکخستن بکەن و پۆل پۆل ئاشنایان بکەن بە حیزبی دێموکرات و بەرنامە و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و یەکیەتیی لاوان.

کچان و کوڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان!

پێویستە لە سەردەمی ئیستادا کە سەردەمی مۆدێرنیزاسیۆنە، کەڵک وەرگرتن لە مێدیا، بەتایبەت سۆشیال میدیا و سۆشیال نێتوۆرک وەک گۆڕەپانێکی گشتیی بۆ هێنانە گۆڕی ماف و داخوازییەکانتان بەهێز بکەن و پەرەی پێ بدەن و بە چالاکیی ژینگە پارێزی و زمان پارێزی و پێک هێنانی گرووپی شاخەوانی و گرووپگەلی دیکەی مەدەنی، رۆژی جیهانی لاوان بکەنە دەرفەتێک بۆخۆتان کە لەو رۆژەدا بە شێوەی مەدەنیانە ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانتان مەترەح بکەن و لە فەزای داخراوی سیاسی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە بچوکترین دەرفەتەکان بۆ هێنانە گۆڕی ویست و داخوازیەکانتان کەڵک وەربگرن و هیچ هەلێک بۆ هێنانە گۆری ویست و داخوازیەکانتان لەدەست مەدەن.

لە کۆتاییدا هیوادارم لاوان وەک داینەمۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و هیوای دوارۆژی نەتەوەکەمان، ببنە هۆی ئاشتەوایی نیوان لایەنە سیاسییەکان و هەروەها ببنە ئاسۆی گەیشتنی کوردان بە ئاواتە دێرینەکەی نەتەوەی کورد واتا رزگاریی نەتەوەیی.

جارێکی تر بە بۆنەی رۆژی جیهانی لاوان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی بە هەموو لاوانی کوردستان بە گشتیی و رۆژهەڵات بە تایبەتی دەڵێم.

ساغ و سڵامەت و سەرکەوتوو بن

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١١ / ٨ / ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی قوربان



هاونیشتمانانی خۆشەویست!

خوشک و برا موسوڵمانەکانم!

بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی قوربان، پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە خەڵکی کوردستان، بە تایبەت خوشک و برا موسوڵمانەکان دەکەم و هیوادارم جێژنی قوربان و هەموو بۆنە ئایینییەکانی دیکە لە کوردستان، هاندەری ڕوحی ئاشتی و تەبایی لە نێو ئێمەدا بن.

ئەمساڵیش بە داخەوە لە کاتێکدا خەڵکەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێژنی قوربان دەگرن کە لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک پێشمەرگە و ڕۆڵەی ئێوە لە پێناو ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوونە قوربانی و گیانیان بەخت کرد. ئەوەش نیشان دەدا کە گەلی کورد لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان بۆ مافە ڕەواکانیان بەردەوامن؛ سەرکەوتن لەو خەباتەش یەکدڵی و یەکگرتوویی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی پێویستە.

هیوادارم نەتەوەی کورد بە گشتی و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بە هەوڵ و هیمەتی هەمووان بتوانین ئاشتی و تەبایی و یەکریزی لەنێو ماڵی کورددا دەستەبەر بکەین و شێلگیرانە لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانماندا تێبکۆشین.

بۆ جارێکی دیکەش جێژنی قوربان لە هەموو ئێوە خوشک و برا موسوڵمانەکانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆز بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢١ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:




بەڕێز ئانتۆنیۆ گوتیرێس! سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

لە گەل ڕێزوسڵاو!

بە بۆنەی هەڵبژێرانتان بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم وهاوڕێیانم لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانتان پێشکەش دەکەم.

هەڵبژیرانی ئێوەی بەڕێز بە سکرتێری گشتی گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، لە کاتێکدا کە جیهان بە قوناغێکی پڕکێشە و مەترسیدار تێپەڕ دەبێ، بە دەرفەتێک بۆ پەرەگرتنی ئاشتی، نەمانی بێ مافیی گەلانی بندەست و، کاڵبوونەوەی شەڕ و کوشتار و سەرکوت لە جیهاندا، دەزانین.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە پێشتریش شانسی ناسین و هاوکاری لە گەڵ ئێوەی بەڕێز لە چوارچێوەی ڕێکخراوی جیهانیی ئەنترناسیونالّ سۆسیالیستدا هەبووە، هیوادارە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر ڕیبەریی ئێوەدا هەوڵی زیاتر بۆ نەهێشتنی شەڕ، سڕینەوەی ناعەدالەتی، جێگرکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە جیهان و گەیشتنی نەتەوە ژێردەستەکان و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ئێران بە مافەکانی خۆیان، بدا.

بە هیوای سەرکەوتنی بەڕێزت لە بەرپرسایەتیی نوێدا و بەئاواتی بەرەو پێشچوونی زیاتری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکە جیهانییەکانیدا.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١٧ / ١٠ / ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نامەیەکدا ڕوو بە ئەندامانی حیزبەکەی، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سکرتێریی حیزبەکەی پشتڕاست کردەوە



بۆ هاوڕێیانی حیزبی

وێڕای سڵاو و ماندوو نەبوونی.

١- لە پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕێکەوتی ١٥ / ١٠ / ٢٠١٦ وازهێنانی خۆم لە پۆستی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیاند. دوای باس و موناقشەیەکی زۆر، پلینۆم دەفتەری سیاسی ڕاسپارد کە کار بکات بۆ ئەوەی لە ماوەی سی مانگدا کۆمیتەی ناوەندی کۆ بێتەوە و سکرتێری داهاتووی حیزب دیاری بکا.

٢- بۆ ئاگاداری ئێوە و بە شاهیدی سەرجەم ئەندامانی ڕێبەری، ساڵێک پێش گرتنی کۆنگرەی شازدەهەم ڕامگەیاندبوو کە نە بە تەمای پۆستی سکرتێریم و نە بە دروستیشی دەزانم پێرەوی نێوخۆیی حیزب بۆ ئەو مەبەستە بۆ من بگۆڕدرێ.

٣- لە کۆنگرەدا بەداخەوە کەش و هەوایەک دروست بوو و زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە ساڵۆنی کۆنگرەیان چۆلکرد و داوایان ئەوە بوو کە من لە پۆستی خۆمدا بمێنمەوە. بە پێچەوانەی مەیلی خۆم و تەنیا بۆ بەرگریکردن لە شێوانی کۆنگرە و لە ڕوی مەجبووری و هەست بە مەسئولییەت کردن، پێشنیارم کرد کە ڕێبەری وەک خۆی بمێنێتەوە.

٤- پێش کۆنگرە و دوای کۆنگرەش موافقین و موخالیفینی من بە تێکڕایی سکرتێری منیان قبوڵ بوو. بۆیە داوا لە ئەندامانی حیزب دەکەم لە تەفسیر و تەعبیری ناپێویست و سناریۆی جۆراوجۆر خۆبپارێزن. هەمووی ئێمە بەرانبەر بە یەکڕیزی حیزب و پاراستنی یەکتر و کەسایەتییەکانی حیزب بەرپرسیارین.

٥- من لە پۆستی سکرتێری حیزب وازم هێناوە و وەک تەعهودی حیزبی و ڕێز لێنان لە دەنگ و متمانەی هاوڕێیانی حیزبی و کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەمێنمەوە و بە پێی توانا و ئیمکان لە تێکۆشانی حیزبی بەردەوام دەبم.

٦- بە پێی پێرەوی نێوخۆیی حیزب، کۆمیتەی ناوەندی سکرتێر هەڵدەبژێرێ و لە پلینۆمی داهاتودا دەتوانین سکرتێری داهاتووی حیزب دیاری بکەین. بۆ ئەو مەبەستە حیزبی ئێمە پێویستی بە کۆنفرانس و کۆنگرەی پێش وەخت نییە. بۆیە داوا دەکەم لە کاتی ئێستا و بۆ دیاریکردنی سکرتێر، باسی کۆنفرانس و کۆنگرە نەکەین.

٧- ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شازدەهەم کە کۆمەڵێک ڕێکاری فرەڕەهەندیشی بۆ کار و تێکۆشان دەستنیشان کردووە، نیشاندەری عەقڵییەتێکی فرەچەشنی و واقیعبینانەی هەمووی ئێمەیە. بە وازهێنانی من ئەو گوتارەی حیزب کە بەرهەمی کار و تێکۆشانی هەمووماننە، بی گومان هەر لە جێگەی خۆیدا دەمێنێتەوە. من وەک سکرتێری حیزب تەنیا و تەبێژ و ئادرەسی ئەو گوتارەی حیزبەکەمان بوومە.

٨- لە سایەی هەوڵ و تێکۆشان و فیداکاری ئێوە، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە وەک سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزب کارم کردووە، هەستم بە شانازی و ئیفتخار کردووە. وێڕای پێزانین، سپاسی هەموو لایەکتان دەکەم. لە هەمان کاتیشدا بێ گومان کەسێکی بێ هەڵە و پەڵەش نەبوومە و لەو پێوەندییەدا ڕەخنەشم لێگیراوە و گلەییشم هاتووەتە سەر، کە لە کاری جەمعی و حیزبیدا بە شتێکی زۆر ئاسایی دەزانم.

بە ڕێز و حورمەتەوە، براتان - خالید عەزیزی



سەرچاوە
Serchawe

٧ - ١١ - ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی سەری ساڵی ٢٠١٧



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کریسمەس و هاتنی ساڵی نوێی ٢٠١٧ پەیامێکی بڵاو کردۆتەوە و پیرۆزبایی ئەو بۆنانەی لە مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران کردوە.

### دەقی پەیامەکە بەمجۆرەیە:

بەبۆنەی هاتنی کریسمەس و ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی لە هەموو مەسیحییەکانی کوردستان و ئێران و ئەو هاونیشتمانانە دەکەم کە سەری ساڵی زایینی جێژن دەگرن.

لە دوا ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٦دا جارێکی دیکەش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بووە قوربانیی تێرۆر و، بەهۆی تەقینەوەیەک کە کۆبوونەوەیەکی جێژن و خۆشیی ئێمەی کردبووە ئامانج، کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی حیزبەکەمان و ڕۆڵەکانی نیشتمان شەهید و بریندار بوون.

هیوادارم ساڵی نوێ ساڵێکی پڕ خۆشی بێ بۆ هەموو لایەک، بە تایبەت خەباتکارانی کورد و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانن بە یەکڕیزی و هاوپێوەندیی خۆیان وەڵامێکی شیاو بە تێرۆر بدەنەوە و یەکگرتووانە لە پێناو سەرخستنی پرسی کورد لە ئێراندا تێبکۆشن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٩ی دیسامبری ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦











لەسەریەک، دەسەڵات بلیتی چوونە ژووری نێو گەمەی نێودەوڵەتییە و تەنانەت لە ژوورەکەشدا هەر بەپێی دەسەڵات شوێنی دانیشتن دیاری دەکرێت. گەیشتن بە دەسەڵات خۆی هونەرە، بەڵام هونەر تر ئەوەیە چۆن دەسەڵات ڕابگری و بیپارێزی. پاراستن و ڕاگرتنی دەسەڵاتی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوە بە وەزعی نێو ماڵی کوردی و یەکگرتنەوەی ئیداری و نیزامی و یەکدەستکردنی ئەم دەسەڵاتە. کەمایەسییەکی مەزنی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکانی پێشوودا ئەوە بوو کە لە کاتی زۆر پێویست و ئەستەمدا لەبەر ناکۆکی نێوخۆیی نەیتوانیوە یەکدەنگ و یەکڕەنگ و بە پێناسەیەک بەهێزی نەتەوەیی سوود لەو دەرفەتە نێودەوڵەتییە وەربگرێت کە بۆی ڕەخسابوو. دەسەڵات بە هەموو فۆرمەکانی سیاسی و ئابووری و نیزامی و بە هەموو شێوەکانی دیموکراتیک و نادیموکراتیک، مادام لەژێر میکانیزمی کونترۆڵ و لێپرسینەوەدا نەبێت تووشی گەندەڵی دێت. گەندەڵی ئیداری لە کوردستانیش وەک هەمو کۆمەڵگەیەکی تر کەم و زۆر شتێکی سەیر نییە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی

تایبەتمەندی کوردستان ڕەنگە ئەم گەندەڵییە زەمینە و فەزای دەستتێوەردان بۆ دراوسێکان دروست بکات و ئاکامی ئاسایی و زیانباری لێ بکەوێتەوە.

لە وتەکانی خالید عەزیزی

وتاری کوردستان لە گەمەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

٢٠٠٦

**بەفرانباری ٢٧١٦ی کوردی - جانێویری ٢٠١٧ زایینی**